
# ئەفسانەی سلاڤ




# ئەفسانەی سلاڤی

نووسینی: پاڤۆل دۆبشینسکی

وەرگێڕانی: عەزیز گەردی

بابەت:چیرۆکی ئەفسانە

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: دینار

ژمارەی سپاردن: ١٩٥٤ی ٢٠٠٩

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩

کوردستان- سلێمانی

www.serdam.org

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە: kteb@serdam.org

سەرچاوە/ حکایات سلوفاکیە ، پاڤول دوبشینسکی ، دمشق ١٩٧٩

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

پاڤۆل دۆبشینسکی

# ئەفسانەی سلاڤ

وەرگێڕانی

**عەزیز گەردی**

سلێمانی ٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٥٣٣)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| ١-بازیل | ٧ |
| ٢-سێ سێوی زێڕ | ٢١ |
| ٣-لووتی درێژ | ٣١ |
| ٤- برای لێهاتوو | ٤٥ |
| ٥- ئەسپی رۆژ | ٥٣ |
| ٦-سێ قەڵەرەشی برا | ٦٥ |
| ٧-ئیکنشن و ئاکنشن | ٨١ |
| ٨-شای (با)یان | ٨٧ |
| ٩-دوازدە برا | ٩٣ |
| ١٠-خاتوو (ماهوولینا) | ١٠٥ |
| ١١-کۆشکی جادووبەند | ١٢١ |
| ١٢-جادووکەر | ١٢٩ |
| ١٣-شەیتان و دارکەر | ١٣٧ |
| ١٤-خوێ لە زێڕ بەنرخترە | ١٤٣ |
| ١٥-مانگەکانی ساڵ | ١٥٣ |
| ١٦- (بیرونا)ی نازدار | ١٦٣ |
| ١٧-ئاسنبەزێن | ١٧٣ |
| ١٨-سێ کۆتر | ١٨٥ |
| ١٩-کاکۆڵ زێڕین | ١٩٥ |

| | |
|---|---|
| ٢٠-منداڵی جادووبەند | ٢٠٣ |
| ٢١-راوکەر | ٢١١ |
| ٢٢-سێ درەخت | ٢١٧ |
| ٢٣-مانگای دار | ٢٢٥ |
| ٢٤-فاڵچی | ٢٣٥ |
| ٢٥-کچێکی بوغرا | ٢٤٣ |
| ٢٦-برای بچووک دەبێ بە شوور | ٢٦١ |
| ٢٧-سێ گوڵ | ٢٧١ |
| ٢٨-کچەی زێڕ ڕێس | ٢٧٩ |
| ٢٩- (رادۆز) و (رۆدمێللا) | ٢٨٧ |
| ٣٠-نیشانەشکێنی دەست راست | ٣٠١ |
| ٣١-مێرەمی زێڕین | ٣١٣ |
| ٣٢-شۆڕەسواری سەروەری دونیا | ٣٢٥ |

# ١ـ بازیل



هەبوو نەبوو،

لە چەرخ و رۆژگاری کۆن بازرگانێکی دەوڵەمەند هەبوو... ئەو بازرگانە کوڕێکی تاقانەی هەبوو. ئەو کوڕە هەرگیز نەیدەزانی ترس چییە؟ و لە هیچ شتێ نەدەترسا. (بازیل)ی تولاز هەرگیز لەو چیرۆک و هەقایەتانە نەدەترسا کە پیاو ئەگەر گوێی لێ بوایە، مووی لێ دەبوو بە نەشتەر. بە پێچەوانەوە، خۆی دەچووە شوێنی رووداوەکە بۆ ئەوەی راستییەکەی بۆ دەربکەوێ، بێ ئەوەی گوێ بە وەختەکە بدا داخۆ نیوەڕۆیە یان نیوەشەوە، بێ ئەوەی باکی بە شوێنەکە بێ داخۆ کۆشکە، یان کەنیسەیە، یان جێگای ئێسک و پرووسکی رزیوە، یان گۆڕستانی چۆل و هۆلە، یان ئاوەدانییە و خێوی تۆقێنەر و ترسناکی تێدایە.

رۆژێکیان، ئەو کوڕە ویستی بڕوا بۆ خۆی بە دونیادا بگەڕێ، لە دڵی خۆیدا گوتی:

–مادام، سەرباری ئەم هەموو هەرا و زەنایەش، لێرە هیچ شتێ نییە من لێی بترسم، دەبێ بچمە سەفەر و بگەڕێم بۆ ئەوەی بەڵکو منیش بزانم ترس چییە.

باوکی بەدبەختی ویستی بە شێوەیەکی راستەقینە ترس بخاتە بەر کوڕەکەی. هەموو جۆرە رێگا و شێوازێکی بەکار هێنا بۆ ئەوەی پەشیمانی بکاتەوە نەچێتە سەفەر و لە شوێنێکی نادیاری ئەم دونیایەدا بەرە و رووی مەرگ نەبێتەوە، بەڵام باوکە هیچی بە هیچ نەکرد. ناچار بوو وازی لە بازیل هێنا بۆ ئەوەی بڕوا و بکەوێتە ناو ئەم دونیا گەورەیەی خوا.

باوکە زرێیەک و ئەسپێک و پارەی پێویستی دایە. دایکیشی بە بۆنەی ماڵاوایی، گۆشت و چەلاوێکی بەتامی بۆ لێنا و هەموو کون و کەلێنی گیرفانەکانی پڕ کولیجە کرد. پەنیری شیری بزنیشی بۆ دانا. بازیل زۆری هەوەس پێهات. هەرچەند تاریک کەوتبووە عەردی، بەڵام خۆی کۆکردەوە و بەرە و دونیای گەورە و نائاشنا کەوتە رێ.

شەوێکی لە لێڕەوار بردە سەر. کەوتە ناو چغوردێکی وا چڕ مرۆڤ بە نوێژی نیوەڕۆ یەک هەنگاو بەر پێی خۆی نەدەدی. هیچ تیشکی رۆژی پێنەدەکەوت. پاشان تولە رێیەکی باریکی گرت و ملی نا رۆیشت:

هەندێ جار شۆڕ دەبووەوە ناو گەڵی و دۆڵی قووڵ و هەندێ جاریش بە هەورازی بەردەڵانی رک و تیژدا هەڵدەزنا. لە رێگادا، چیای وای بڕی تەنیا باڵندەیان بەسەردا

دەفڕی، بانی هەرا و و لەوەڕگای چیایی بەینی کاژستانانی بڕی. تا زیاتر پێی سووک دەکرد و دەچووە پێش، لێڕ چڕتر و زەلکا و زیاتر و سەختتر دەبوو. هیچ شوێنی دەست نەکەوت لێی پاڵ بداتەوە. توێشەی تەواو بوو، لە چەند دنکە توویەک، یان لە رەگی گیا و گوڵ زیاتر هیچی نەما پێی بژی. ئەسپەکەی لەناو مێرگ و مێرغوزاران دەلەوەڕاند.

چەندین حەفتە بەم جۆرە بەردەوام بوو، هەموو گیانی داهێزرابوو. لە برسان لاکەی لێوە دەهات. ئاخیری گەیشتە کۆشکێک. کۆشکێکی زۆر گەورە و خۆش و باسەفا !! بەڵام تۆ بێنە بەر چاو، ئەو کۆشکە زلە لەسەر بەردێکی گەورە و خڕی وەکوو هێلکە دروست کرابوو. سەرەڕای ئەمەش دوازدە خێو جادوویان لێکردبوو، بەڵام بازیل بەمەی نەدەزانی. بازیل بیری کردەوە چۆن بچێتە ناو ئەو کۆشکە، چونکە هەموو لایەکی کۆشکەکەی پشکنی هیچ دەرگای نەدۆزییەوە. بازیل، بەراستی خۆی لە هەڵوێستێکی ناخۆش بینی. ئەوەتا چەند هەنگاوێک لەم کۆشکە دوورە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرە و رووی ئەو هەڕەشەیە بۆتەوە کە ناچار بێ شەو لە چۆڵەوانی بباتە سەر. لەسەرمان دانەچۆقەی پێ کەوتبوو. ئێوارە داهات و هەر دەرگای لێ نەکرایەوە.

ئاخیری، بەکاری خوا توانی بچێتە ناو کۆشکەکە. یەکەم جار گەیشتە تەویلەیەک. هەموو پێویستییەکی ئەسپەکەی لە تەویلەدا هەبوو. پاشان چوو بەناو ژوورەکاندا گەڕا. هەموو شتێ کپ و کش و مات و بێدەنگ بوو. لە ژوورێک لە ژوورەکانی ئەو کۆشکە، مێزێکی جوان و نایاب ڕازابووەوە. نان و خوێدان و بادە و شەڕابی لەسەر بوو. لەسەری نووسرابوو: ئەم شەڕابە بۆ ئەو میوانانەیە کە لادەدەنە ئێرە.

باریل دانیشت و دەستی بەخواردن و خواردنەوە کرد. یەک لەدوای یەک قاپە خواردنی دەهاتە پێش و دەیخوارد. خۆیشی نەیدەزانی ئەم خواردنە لە کوێوە دێ و کێ دەینێرێ. دوای فراوین، خەوی هات، حەزی کرد تێر تێر بخەوێ. جێ و بالینگانێکی پاک و خاوێن و جوان لە ژووری تەنیشت هەبوو. چوو لەناو جێ و بالینگانەکە ڕاکشا و خەوێکی خۆشی لێکەوت.

نیوەشەو، لەدەنگەدەنگ و قرچ و هۆڕی شکانی شت بەئاگاهات. ئەو دەنگ و هەرایە لە هەموو لایەکی کۆشکەکەوە دەهات... لە خەو ڕاپەڕی. خێرا دەرگای کردەوە. لەپڕ چەند بوونەوەرێکی سەیری لەبەردەم پەیدابوو. ئەمانە دوازدە خێوبوون، جادوویان لەو کۆشکەکردبوو. یەکسەر داوەرانە سەری و هاواریان کرد:

– تۆ هی ئەوەی لەهیچ شتێ نەترسی؟ نەختێ سەبرت هەبێ. بزانە چۆن دەتتۆقێنین

و وات لێ دەکەین لە ترسان هەموو گیانت بلەرزێ. ئەوە چۆن بە دزی هاتیتە ناو ئەم کۆشکە؟ هەرگیز لە دەستمان دەرناچیت. بازیل هێشتا یەک وشەی لە دەم نەهاتبووە دەرێ، لەناو نوین ڕایانکێشایە دەرێ. بە قامچییان وەریگەڕانێ. وەکوو تۆپێکی قەسەر بەم لاو بەولادا تێیان هەڵدەدا بۆئەوەی پارچە پارچەی بکەن. لەپڕ سەعاتی دیوار لێیدا و یەکسەر خێوەکان بزربوون.

بازیل خۆی بۆ لای نوێنەکەی بە کێش کرد. لە خۆشبەختی خۆیەوە دیتی هەتوانێکی لەسەرە. برینەکانی پێ هەنوی، یەکسەر برینەکانی سارێژبوون و دەستبەجێ چاک بووەوە. ڕاکشا و نووست، بەڵام هێدم گرتوو ببوو لەوەی بەسەری هات. تا بەیانی لەخەو ڕانەبوو. کە هەستا و لەناو نوێن هاتە دەرەوە، جلەکانیان کردە بەر. تەماشای کرد دیتی شەڕابی تایبەت بە ڕێبواران لەسەر مێز حازر بوو، تێری خواردەوە و گوتی:

- بوەستن، هەی شەیتانی لەعنەتینە .... هەر دەتانبەزێنم. ئەگەر دوێنێ نەمتوانی یەک قسەبکەم، لەبەرئەوە بوو دارکاریتان کردم، بەڵام ئەمڕۆ، گفتوگۆی لەسەر دەکەین. پلانێکی بۆ ئەم مەبەستە دانا و سەراپای کۆشک بە دوای خێوەکاندا گەڕا. بەڵام هیچ گۆشەو کەنارێکی کۆشک نیشانەی ژیانی تێدا نەبوو. تەنیا یەک ئەسپ نەبێ کە چاوی بەولاوە کەوت، لە خۆشیان حیلاندی و بە شادی و خۆشی کەوتە سمکۆلڕ. لەم گەڕانەی بەناو کۆشکەدا، دەرگایەکی بچووکی لە دیوارێک کەوتە بەرچاو، ئەوەندە بچووک بوو دەبوایە سەرت دابنەوێنی بۆ ئەوەی پیا بچیتە ژوورەوە. بازیل ئەو دەرگایەی کردەوە، باخچەیەکی خۆش و باسەفای لەبەردەم خۆیەوە بینی. گۆمێکی شینی وەکوو چاوی شینی لە ناوەڕاست بوو. کچێکی گەنج و جوان لەناو گۆمەکە بوو تا شانی لە ئاو نقووم ببوو.

بازیل ڕووی پرسیاری کردە کچەکە و گوتی:

- کچی جوان ئەو لێرە چ دەکەی؟ بۆچی لەوێ نایەیتە دەرەوە؟

کچە وەڵامی دایەوە و گوتی:

- بەڕاستی خۆم دەمەوێ بێمە دەرەوە، بەڵام ناتوانم لە شوێنی خۆم بجوولێمەوە. جادووم لێکراوە.

بازیل گوتی:

- کێ جادووی لێکردووی؟

گوتی: دەپرسی کێ جادووی لێکردووم؟

کەواتە بزانە: کاتی خۆی چەند ڕۆژێک بە ئاشتی و خۆشی لێرە لەگەلڕ دایک و باوکم ژیام. ڕۆژێ دوازدە خێو هاتن، بەدایک و باوکم نەوێران و نەیانتوانی هیچیان لێبکەن چونکە فریشتە بوون. هەر ئەوەندەیان پێکرا لەم کۆشکە دەریان کردن. تەنیا من مامەوە، منیش ئەوە دوازدە ساڵە ئێش و ئازار دەکێشم. ئاوهام! نە دەتوانم بچمە بن ئاوو نە دەتوانم لەناو ئاو بێمە دەرەوە. تۆش ئەگەر پێشتر بە هۆی منەوە ئەشکەنجە نەدرابای، من نەمدەتوانی قسەت لەگەلڕ بکەم. دوێ شەو، تۆ لە پێناوی من ئەشکەنجەت کێشا. ڕزگاری من لە دەست تۆدایە. خێوە شەیتانەکان هەولڕ دەدەن تۆ ڕاکێشنە ڕیزی خۆیان. لێت دەدەن بۆ ئەوەی بە قسەت بێنن، با بە وشەیەکیش بێ. کە قسەت کرد، ئیتر لەناو دەچیت. هەر بۆ ئەمەشە ئاوەها دەتتۆقێنن و جەزرەبەت دەدەن. هەموویشی بۆ یەک مەبەست، ئەویش ئەوەیە کە بتترسێنن. تۆ ئەگەر خۆت ڕابگری، قسەنەکەیت و ترست لێ نەنیشێ، موعجیزەیەکی گەورە دەقەومێ.

بازیل کچەی دڵنیا کردو گوتی:

– تۆ هەقت نەبێ، هەموو شتێ بە سەلامەتی و بە ڕێک و پێکی دەڕوا.

ئیتر کچەکەی دڵنیا کرد کە سەبر و حەوسەڵەی دەبێ و پێی گوت خەمی بۆ نەخوا و نیگەران نەبێ.

ئێوارە هات و ئەم ئێوارەیەش وەکوو ڕۆژی پێشوو، شێوێکی نایابی بۆ خرابووە سەر مێز. بازیل تا مڕ بوو خواردی. تا پێی خۆش بوو شەڕابی خواردەوە. ئینجا ڕاکشا. بۆ ئەوەی بخەوێ بەڵام خەوی لە چاوان زڕا. هەر کەلەکەی وەردەگێڕا، هەستی دەکرد کونە مێرووی لەسەر پشتە.

وردە وردە شەو ڕاشکا و ساتەکە نزیک بووەوە. لەپڕ میوانە ئازیزەکان دەرکەوتن بەڵام ئەمجارەیان دەوریان داو هەوڵیان دا بە پرسیارو وەڵام بە دەنگی بێنن. جارێ بە قسەی خۆش و تاوێ بە هەڕەشە. هەر بۆ ئەوەی یەک وشەی لێدەربێنن. بەڵام ئەو وەکوو ماسییەکی لاڵ بێ دەنگ بوو. هەموو هەوڵەکەیان بە فیڕۆ چوو. ئیتر بە تووڕەیی پەلاماریان دا و گرتیان. فوویان پێدا کرد تا هەڵدەفا و وەکوو نەهەنگی لێ هات. هەر وەخت بوو بتەقێ. ئینجا بە قاشۆیان تێی بەربوون. وەکوو (گۆ) لەم گۆشەیەوە فڕێیان دەدایە ئەو گۆشەی ژوورێ. بەڵام بازیل نەبەزی. هەر بێ دەنگ بوو، ورتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە. کە سەعات یەک لێی دا، لەپڕ خێوەکان چۆن هاتن ئاوها بزر بوون و کەشێکی گرژیان لە دوای خۆیانەوە بەجێهێشت.

بازیل بە لاکەلاک خۆی گەیاندە ناو نوێنەکەی. هەموو گیانی داهێزرابوو. برینەکانی بە هەتوانی گۆرین هەنوو. یەکسەر چاک بووەوە. بە خاترجەمی نووست و خەوێکی وای لێکەوت دەتگوت لە ئاسمانی حەوتەمینە.

بۆ سبەینێ، چووە ناو باخچە، دیتی کچە گەنجەکە تا سەر سنگی جادووی لەسەر لاچووە. زۆر لە جاران جوانتر بووە. بازیل ئەو رۆژە تا ئێوارێ قسەی لەگەڵ کرد، ئینجا بەناو باخچەکەدا دەستی بە پیاسە کرد.

شەوی سێیەمیش، شێوێکی نایابی بۆ لەسەر مێز داندرابوو. تا رەپ راوەستا خواردی و خواردییەوە، بەڵام وەکوو جاری پێشوو تامی لێ نەکرد چونکە دڵتەنگ بوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (داخۆ ئەمشەو چیم بەسەر بێ؟) چاوی نەچووە خەو. نەختێ لەرزی پێ کەوت. لەپڕ خێوەکان دەرکەوتن. ئەوەی هەرە گەورەیان لەبەردەم چوار پای بازیل قیت راوەستا. تۆبزێکی ئاسنی قیت کردەوە. کەچی ئەوانیدی بە ڕێزو خۆشەویستی بڵاوبوونەوە. هەوڵیان دا بە هەر شێوەیەک بێ تەفرەی بدەن و یەک وشەی لێ دەربێنن. ئەوەبوو بەسەریان دا نەڕاند:

–ئەگەر تۆ هیچ خۆت لە گوورە نەبەی و قسە نەکەی، بزانە چیت لێ دەکەین. نەختێ بوەستە. کە پێستەمان هەموو داغ کردی، ئەوسا سەیر کە چۆن هات و هاوار دەکەی.

یەکسەر هەڵیان گرت و لەسەر ئاگر دایاننا بۆ ئەوەی بە ئاگر بیبرژێنن. گوتیان: ئەگەر ئەمەش دادی نەدای، هەر ئێستا شتی ترت لەگەڵ دەکەین. دەق لەو ساتەدا، سەعاتی دیوار لێی دا و خێوەکان بزر بوون.

بازیل، زۆر بە زەحمەت و مشەقەت خۆی گەیاندە ناو جێ و بالینگان و هەتوانی شیفابەخشی لە برینەکانی دا و خەوێکی وەکوو خەوی زستانەی جورجە کوێرەی لێکەوت. چۆن، پاشی ئەم هەموو ئەشکەنجە و ماندووبوونە ناخەوێ؟

بەیانی، چاوی هەڵگلۆفت، دیتی خزمەتکار لە دەوری چوار پاکەی دێن و دەچن. لەسەر پەنجەی پێ دەڕۆن بۆ ئەوەی بە خەبەر نەیە. ئەوپەڕی ئامادەن کە بە ئاگاهات خزمەتی بکەن.

کاتێ کە بازیل لە خەو رابوو، دەستە بەرگێکی زۆر پۆشتە و پەرداخیان بۆ هێنا.

کە جلی کردە بەر، کچەکە لە دووی نارد. بە جلی زۆر جوان و رازاوە لەناو کۆشکەکە پێشوازی لێکرد. سوپاسی کرد کە رزگاری کردووە و دیارییەکی باشی پێشکەش کرد. دەسەسرێکی نایابی بە دیاری دایە کە ناوی خۆی و دایک و باوکی لەسەر نووسرا بوو،

پێی گوت:

–ئەمە نیشانێکە لە منەوە بۆ تۆ، کە ئیتر من بووم بە هی تۆ، بەڵام ئەگەر نەمبەیتە لای باوکم، ئەمە هیچ نرخ و مانایەکی نییە. ئەگەر بەراستی منت دەوێ، وەرە بچینە لای باوکم و لەوێ ئاهەنگی زەماوەند بگێڕین.

زۆری هەوڵ لەگەڵ دا تا رازی کرد و بەڵێنی لێ وەرگرت. هەرچەندە وای دەزانی ئەو رووداوەی بەسەری هاتووە، شتێکە عەقڵ نایگرێ و زیاتر لە خەیاڵ دەکات.

کە پێویستی سەفەر ئامادە بوو، بازیل و شازادە خانم، بەوپەڕی خۆشی و شادی، بە سواری ئەسپ کەوتنە ڕێ.

ئێوارەیەک، ناچاربوون شەو لابدەنە خانێکی ناو جەرگەی لێڕەوار. خاوەنی خانەکە پیرەژنێکی جادووکەر بوو، کچێکی تاقانەی هەبوو. هەر هێندە چاوی بە بازیل کەوت، یەکسەر بڕیاری دا ئەو کچەی خۆی بداتێ. بەڵام ئەم ئیشە چۆن پێک بێنێ؟ زۆری پێوە ماندوو نەبوو، هەر زوو فێڵێکی باشی دۆزییەوە بۆ ئەوەی مەرامەکەی بێنێتە دی. دەرزییەکی هێنا و لە جلی بازیلی راکرد. بازیل یەکسەر بەربووەوە و مرد.

بۆ بەیانی، کە شازادە خانم ئەم خەبەرەی زانی، حەپەسا. ئەوەندەی خەم خوارد هەر وەخت بوو لە هەژمەتان ببورێتەوە. دەستەپاچە بوو، نەیدەتوانی هیچ لە مەسەلەکە بگۆڕێ. زۆر بە کول و کەسەر بۆ خۆشەویستی لەدەست چووی گریا. کە ڕێ و رەسمی ناشتنی بازیل تەواو بوو، شازادەخانم ملی رێی گرت بۆ ئەوەی بچێتەوە لای باوکی.

هەر هێندە شازادەخانم پێی لە کۆسپەی دەرگای خانەکە ئاواکرد، پیرەژن چوو بازیلی لەناو گۆڕ دەرهێنا و دەرزییەکەی لە جلی کردەوە. یەکسەر بازیل وەکوو جاران زیندوو بووەوە، بەڵام نەیتوانی یەک سەرنج لە کچی پیرەژن بدا، چونکە دڵی زۆر بە شازادە خانمی خۆشەویستییەوە بوو. بازیل بەناو لێڕەواردا وێڵ و سەرگەردان لە خۆشەویستەکەی دەگەڕا، بەڵام لەژێر جادووی جادووکەرەکەدا بوو. نەیدەتوانی لە خانەکە دوور بکەوێتەوە. ئەگەر نەختێ دوور بکەوتایەوە، بەبێ دەستی خۆی دەگەڕایەوە لای خانەکە.

رۆژێکیان، کاتێ کە بەناو لێڕدا دەسووڕایەوە، ئافرەتێکی گیاخۆری بینی، زۆر بە سەیری شێوەی لە پیرەژنی جادووکەری دەکرد، بەڵام دڵێکی باشی هەبوو. پیرەژن گازی بازیلی کرد و گوتی:

– وەرە، بازیل! وەرە. فەقیر!! خۆزگە دەتزانی چت لێهاتووە و چت بەسەرهاتووە؟

ئینجا دەستی پێ کرد سەربردەی بازیلی بە دوورو درێژی بۆ بازیل گێڕایەوە و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی یارمەتی بدا و پێی گوت:

– ها، ئەم گیا بچووکە بگرە، لەناو پۆتینی چەپەی خۆتی دانێ و یەکسەر بگەڕێوە بۆ ناو خان. خاوەنی خانەکە دەبێ بە پشیلەو پەلامارت دەدا.

وریا بە، تەنیا بە پێی چەپەت لێیدە و پانی کەوە. ئیتر پیرەژن دەتوێتەوە و دەبێ بە رۆن. ئینجا خێرا کەل و پەلی خۆت کۆکەرەوە و زوو وەرە لام. خەمی شتی ترت نەبێ.

پیرەژن چی پێ گوت، بازیل هەمووی جێ بەجێ کرد. بەغار چوو، کە لە خانەکە نزیک کەوتەوە، پشیلەیەکی زلی دی بەغار بەرەو رووی دەهات. هەر هێندەی زانی پشیلەکە پەلاماری دا و چڕنوکی لێ گیر کرد و ویستی چاوی دەربێنێ. بازیل هێشتا یەک هەنگاو لێی نەچووبووە پێش، پشیلەکە توایەوە و بوو بە رۆن. بازیل کەل وپەلی خۆی هێناو گەڕایەوە لای ژنە باشەکە و پێی گوت:

–ئێستاش، دایکی میهرەبان! بەڵکو یارمەتی ترم بدەی، ئەوەتا لای تۆم!

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

–رۆڵە، تۆ هەقت نەبێ. لەمەودوا هیچ ترسی پیرەژنت نەبێ . ئەو لەوێ لەهۆش خۆی چووە بووە بە رۆن. ئەو رێگا دوورە دەبینی؟ ئەو رێگایە بگرە و بەری مەدە. نە لادە دەستە راست و نە لادە دەستە چەپ. راست و راست برۆ، دەگەیتە چیایەکی رک و تیژ. بە دەربەندێکی باریکدا سەرکەوە. دەبینی سەر تۆقەڵەی چیایەکە گوڵزارە. هەر گوڵێکی بە ئێسکێکی مرۆڤ هەڵواسراوە. دەبێ هەموو ئێسکەکان کۆکەیتەوە و لەناو زەوی بیاننێژی. باش بزانە، ئەگەر وا نەکەی هەموو گوڵی دونیا بە ئێسکتدا شۆڕ دەبێتەوە. کە قۆرتێکت بۆ ناشتنی ئێسکەکان لێدا، یەکێ لەو خێوانەت لێ دەردەکەوێ کە پێشتر لە کۆشکە جادووبەندەکەدا دیبووت. بەڵام ئەمجارەیان، خێوەکە ئەزیەتت نادا. بە پێچەوانەوە، سوپاست دەکا لەسەر ئەو چاکەیەی کردووتە. پێت دەڵێ داوای پاداشتێک بکەی بەرامبەر بەم چاکەیەت. تۆ داوای هیچی لێ مەکە. هەر ئەوەندەی داوا لێ بکە کە رێگای ماڵی ئێستای شازادەخانمت پێشان بدا. خێوەکە ئەمەی پێ دەکرێ، چونکە هەموو چارەوەێکی لەژێر دەسەڵاتدایە.

بازیل هەموو قسەکانی پیرەژنی وەرگرت و پێویستی بەوە نەبوو بۆی دووبارە بکاتەوە. زۆر سوپاسی کرد و خێرا رۆیشت. بەبێ ماندووبوون، گەیشتە ئەو چیایەی ژنەکە بۆی

باس کردبوو. چووە سەر چیا و گەیشتە ناو گوڵزارەکە. کە ئێسکەکانی کۆکردەوە و هەمووی ناشتن. گوڵە سیسەکان لەسەر بنجی خۆیان سەریان قیت کردەوەو گەشانەوە.

لەپڕ بازیل خێوێکی لێ پەیدابوو! لەناو زەوی هاتە دەرەوە و لەبەردەمی بازیل وەستا و زۆر سوپاسی ئەو چاکەیەی کرد، ئینجا پێی گوت:

– بخوازەماڵی دونیایە، هەر پاداشتێکت دەوێ بڵێ!

بازیل گوتی:

– هیچم ناوێ. تەنیا ئەوەندەم دەوێ بزانم ماڵی شازادەخانمە ون بووەکەم لە کوێیە؟

خێوەکە وەڵامی دایەوە:

– برادەر، من خۆم شتی وا نازانم.... بەڵام تۆ نەختێ سەبر بگرە... ئێستا هەموو رەعیەتەکەم، لە هەموو لایەکی دونیا، دەنگ دەدەم بۆ ئەوەی بێن، بزانم بەڵکو یەکێ لە جێگایەک چاوی پێ کەوتبێ.

خێوەکە فووی لە کەڕەنا کرد. زەوی لەگەڵ فیقەی کەڕەنا لەرزی. دەنگی گەیشتە هەموو گیاندارانی سەر رووی زەوی. هەموو بە هەلەداوان هاتنە لای. خێوەکە لە هەموویانی پرسی، بە گەورە و بچووکە، داخۆ کەس شازادەخانمی نەدیوە!

هەموو گوتیان: نەء، نەماندیوە.

خێوەکە بەردەوام بوو، گوتی:

– باشە! شەو ئامۆژگاری بە دەمەوەیە. ئەوە رەعیەتەکەم نەیانزانی، لەوانەیە باڵندە بیزانن. برۆ ناو گوڵزاری تەنیشتمان، باڵندەیەکی لێیە شای هەموو باڵندانە. لەوانەیە ئەو رێی مەبەستت نیشان بدا.

بازیل چووە ناو گوڵزارەکە. لەوێ، دەرحاڵ خێوێکی دیکەی لێ دەرکەوت.

خێوەکە لێی پرسی:

– برادەر! ئەوە بەدوای چیدا دەگەڕێی؟

بازیل وەڵامی دایەوە:

– دەتەوێ بەدوای چیدا بگەڕێم؟ بێگومان بەدوای شازادە خانمەکەمدا دەگەڕێم! پێم بڵێ لە کوێ دەیدۆزمەوە؟

شای باڵندان گوتی:

–دەبێ مرازت حاسڵ بکەم. بە شادوومانییەوە، دیم لەناو گوڵزاری برام چیت کرد. لەوساوە گوڵەکانی منیش سەر لەنوێ پشکووتوون. ئەمەش مایەی شادییە بۆ من. بەڵام

دەبێ نەختێ سەبر و حەوسەڵەت هەبێ.

خێوەکە فووی لە کەڕەنا کرد، سەراپای زەوی هەژا. وا هەژا هەر وەخت بوو بتەقێ. خەڵک وایان زانی چیایە هەرەس دێنێ. لەپڕ هەموو باڵندەی دونیا بە ورشە و هاشەیەکی قایم هاتن، دابەزینە سەر زەوی.

شای باڵندان، ریز بە ریز، یەک بە یەک، لە بچووکەوە تا گەورە، لە هەموو باڵندەکانی پرسی داخۆ کەس شازادەخانمی نەدیوە.

هەموو وەڵامیان دایەوە: نەء ، نەماندیوە.

خێوەکە بۆی دەرکەوت ئەم هەموو باڵندەیەش سوودیان نییە. بەڵام لەپڕ دەنگی ورشەی باڵی باڵندەیەکی کەوتە بەر گوێ لەسەر چیاوە دەهات. باڵندەکە هەڵۆیەکی پیر و کەتە بوو. هەڵۆکە بە ئاسمانی گوڵزارەکەدا سووڕایەوە و بازنەیەکی دروست کرد. ئینجا باڵی لێکدا و نیشت.

شای باڵندان بە هەڕەشە و گوڕەشە هاواری کرد:

– بۆچی ئاوها لە هاوڕێکانت دواکەوتی؟ گوێت لە دەنگی کەڕەناکەم نەبوو؟

هەڵۆ وەڵامی دایەوە، گوتی:

– بەڵێ، بەڵێ، گەورەم! گوێم لێ بوو. بەڵام کچی پاشای دەریای رەشم هەڵگرت و لە دەریا دوورم خستەوە ....و...

بازیل، خۆشییەکی گەورە دایگرت و هاواری کرد:

– توخوا پێم بڵێ وەزعی چۆنە؟ خۆ سەلامەتە؟

هەڵۆ وەڵامی دایەوە:

– باشە، چۆن باش نابێ، بۆخۆی خەریکە زەماوەند دەکا!

– زەماوەند؟ مێرد بە کێ دەکا؟

– بە شای ئەو وڵاتە.

– توخوا، هەڵۆی مەزن! پێش دەستپێکردنی زەماوەند، نەمانگەیەنیتە ئەوێ؟

هەڵۆ گوتی:

– (با) و (نا). من زۆر پیر و زورهانم. وابزانم تاقەتی هەڵگرتنی تۆم تیا نییە. نەوەک بە سووک و ئاسانی بەربینەوە ناو دەریا.

– هاوڕێی ئازیزم! هێزو تاقەتی خۆت تاقی بکەوە، با بۆ یەک جاریش بێ. گوێ مەدەرێ داخۆ چیمان بەسەردێ. لانی کەم هەوڵێک بدە.

– باشە. بەڵام ئەگەر سەرمان تێ چوو، ئەوە سووچی تۆیە.
بازیل بە توندی گوتی:
– بەڵێ! هەموو لێپرسینەوەکە لەملە من.
ئینجا سواری پشتی هەڵۆ بوو. هەڵۆ فڕی و بەسەر دەریادا بردی و بەبێ زەحمەتی لە نزیک ئەو شارەی دانا کە باوکی شازادەخانمی لێ بوو.
بازیل سوپاسی ئەم خزمەتەی هەڵۆی کرد. زۆر داوای لێ کرد کرێی ئەم کارەی وەربگرێ، بەڵام هەڵۆ رازی نەبوو گوتی:
– پاداشتی کاری چاک، کاری چاکە. ئەگەر دەتەوێ ئەو چاکەیەم بدەیتەوە، شیرت هەڵکێشە و سەرم ببڕە.
– هەڵۆی ئازیز، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ من... سەری تۆ ببڕم؟ نا، نا، هەرگیز شتی وا نابێ.
هەڵۆ قیژاندی:
– دەی خێراکە، دەست و بردێک بکە. شمشێرەکەت هەڵکێشە، نەوەک دوا دەکەویت و هەرگیز چاوت بە شازادەخانمەکەت ناکەوێ.
ئێستاش باش گوێم لێ بگرە:
– کە سەرت بڕیم، سنگم شەق بکە و دڵم دەربێنە. وای ببڕە کە بتوانێ پێکەوەی بلکێنیتەوە. هەر کاتێ دڵم بکەیتەوە، دەبینی هەرچی ئارەزوو بکەی تێیدایە. دەی، دەست کە شمشێرەکەت و سەرم ببڕە بۆ ئەوەی منیش ئاخیری بۆ خۆم بحەسێمەوە. خزمەتێکی زۆرم بە هەموو کەس کردووە.
بازیل چاری ناچار بوو بە گوێی بکا. سەری هەڵۆی بڕی و دڵی لەناو سنگی دەرهێنا. کە دڵی دەرهێنا، ویستی لە قسەی هەڵۆ دڵنیا بێ. دڵەکەی کردەوە و داوای سەد درهەمی کرد، یەکسەر سەد درهەمی لەبەردەست حازر بوو. ئەوسا یەکەو راست رووی کردە شار و چووە خانێکی چەپەک و دوورە دەست.
کاتێ خاوەنی خانەکە چاوی پێکەوت، شانی هەڵتەکاند و گاڵتەی بە سەر و سیمای هات، گوتی: بۆچی تۆش وەکوو ئەو خەڵکە ناکەیت؟
بازیل گوتی: چۆن، گەورەم؟!
خاوەنی خانەکە گوتی:
تەنیا ئەوەی کوێر بێ، چاوی نابینێ و ئەوەی کەڕ بێ، نابیسێ، ئەی تۆ گوێت لە بۆقی

کەڕەنا نییە لە سەراپای شارەوە دێ. گوێت لە زایەڵەی ئەو بانگ و جاڕدانە نییە؟
جاڕچی جاڕیان داوە و هەموو کەسیان ئاگادار کردۆتەوە، کە ئاهەنگی زەماوەند لە کۆشکی پاشادا دەکرێ. هەر کەسێ بیەوێ دەتوانێ بچێ، حەزی لە هەرچی هەیە بخوا و بخواتەوە و هەموو سەرە سەعاتێکیش دراوێک وەردەگرێ.
بازیل گوتی:
– بەو سەرەی، گوێم لێتە چ دەڵێی، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە لەناو کۆشکی پاشادا بەم جۆرە بێ، دەبێ لای ئێمەمانان بە دەبدەبە و هەیت و هووتتر بێ.
خاوەنی خانەکە لەسەرسامییان دەمی بەش بووەوە و لەمەندە هۆشییان چاوی زەق بووەوە. لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە دەبێ ئەم گەنجەی بەرامبەری ئەقڵی لەسەردا مابێ. بەڵام کە بازیل درهەم و دینارێکی یەکجار زۆری لەسەر مێز بڵاوکردەوە و ئەوەندەی درهەم و دینار هێنا ژوورەکە نەیدەگرت، خاوەنی خانەکە سەرسامییەکەی رەوییەوە و هاتەوە سەر خۆی. بازیل گوتی:
– ئێستا برۆ گالیسکەیەکی زێڕم بۆ بکڕە و یاوەرێکم بۆ بەکرێ بگرە. چەندیش دەتوانی قاپی خواردن ئامادەکە. باشترین شەراب لەسەر سفرە ریز کە. منیش زەماوەند دەکەم. هەر کەسێ بێتە سەر زەماوەندی من، هەر سەرە سەعاتە و دە دراو وەردەگرێ.
کە ئەم دەنگ و باسە بەناو شاردا بڵاو بووەوە، خەڵکەکە کۆشکیان چۆل کرد، هەر ڕایان کرد بۆ خانەکە و کەوتنە سەر خواردن و خواردنەوە و پارە قۆزتنەوە.
کە پاشا ئەوەی بینی، قاسیدی ناردە دوو بازیل بۆ ئەوەی دەست لەم کارە هەڵگرێ. داوەتی کردە سەر زەماوەندی شاهانە و گوتی:
– بەهاتنی سەربەرز دەبین.
یەکسەر گالیسکەی بازیل رووی کردە کۆشکی پاشا. بازیل و یاوەرەکەی سوار ببوون، بەڵام بازیل خۆی لەسەر کورسی لێخوڕەکە دانیشتبوو، جلی خزمەتکارانی لەبەر کردبوو، چونکە دەیەویست دەزگیرانەکەی تاقی بکاتەوە بزانێ داخۆ دەیناسێتەوە؟ یان نا؟
لەناو کۆشکی پاشادا، خانەدان و گرە گرەکان دەوریان لە یاوەری بازیل دا. باشترین خواردن و دانسقەترین شەرابیان لەبەردەم دانا و پێکیان لەگەڵ هەڵدا. داوایان لێکرد بێتە گەڕا دیلانێ. بەڵام هیچ بایەخیان بە دەزگیرانەکە نەدا. یاوەرەکەی تا مرِ بوو، خواردی و خواردییەوە. بۆ سەمایش، تەوازۆی هێنایەوە بە بیانووی ئەوەی کە دەستووری سەما نازانێ. ئاخر بازیل، هەموو رێنماییەکی لەم بارەوە پێدا بوو. یاوەرەکە پێی راگەیاندن

خزمەتکارێکی هەیە، لە دونیادا لە هەموو کەس باشتر سەما دەزانێ.
لەو کاتەدا، بە رێکەوت دەزگیرانی بازیل بەوێدا تێپەڕی و گوێی لەم قسانە بوو. بە تیلەی چاوی رایگەیاند کە ئامادەیە بە شادییەوە سەما لەگەڵ ئەم سەماکەرە بێ بەڤلە بکا.
راستی، بازیل لە سەمادا لەو ئاستەدا بوو کە باسیان دەکرد. سەماکەرو یاوەرێکی بێ وێنە بوو.
لەگەڵ دەزگیرانەکەی دەستی بە سەما کرد. لە کاتی سووڕانەوەدا بە ئەنقەست ئەو دەسەسرەی بەردایەوە کە کاتی خۆی دەزگیرانەکەی لە کۆشکە جادووبەندەکە پێشکەشی کردبوو. دەزگیرانەکەی دەسەسرەکەی ناسییەوە، یەکسەر هەڵیگرتەوە و هاواری کرد:
-تەواو! مێرد بەو کەسە ناکەم کە بە ناچاری و بەبێ دەستی خۆم گفتم پێدا مێردی پێ بکەم. مێردی راستەقینەی من خاوەنی ئا ئەم دەسەسرەیە.
ئەوسا، بازیل بە قەڵەمبازێک کۆشکەکەی جێ هێشت. چووە دەرەوە بۆ ئەوەی جلی راستەقینەی خۆی لەبەر بکا.
لەناو خەڵکەکە بوو بە هەرا و مقۆ مقۆ. کە بازیل گەڕایەوە، هەموو چاویان تێ بڕی و نەیانتوانی چاو لەسەر ئەم گەنجە قۆزە هەڵگرن.
شازادە خانم یەکسەر ناسییەوە. ئیتر بوو بە بەزم و شایلۆغان. هەموو خەڵکەکە شاد و بەختەوەر بوون. پاش ئەشکەنجە و ئازار و دەردەسەرییەکی زۆر، برادەران بە یەک شاد بوونەوە.

❊ ❊ ❊

# ٢ـ سێوی زێڕ



لەسەردەمێکی زۆر زۆر کۆن، کەس نازانێ کەی بووە،
ژنە جادووکەرێکی جوان و دەوڵەمەند هەبوو. جوانی وەکوو خۆی نەبووەو نابێ. بۆیە هەموو ئەوانەی ژنهێن بوون، لە پاشا و خان و سانەکان، مرخیان لێ خۆش کردبوو، بەڵام ئەو بە کەس رازی نەبوو.
رۆژێ، بڵاوی کردەوە تەنیا مێرد بەو کەسە دەکا کە بتوانێ سێ رۆژ لەسەر یەک خۆی بشارێتەوە و ئەم نەتوانێ حەشارگەکەی ئاشکرا بکا. با ئەو کەسە رووت و رەجاڵترین دەرۆزەکەریش بێ. ژمارەیەکی زۆری گەورە پیاوانی میللەت چوونە داخوازی، بەڵام ژنەی جادووکەر هەموو جارێ یەک لە دوای یەک حەشارگەکەی دەدۆزینەوە. ئەوە بوو هەموو لێی بێزار بوون و وازیان لەم یاری چاوشارکێیە هێنا لەگەڵیا.
رۆژێ لە رۆژان، گەنجێکی قۆز چووە داخوازی. جلێکی خوری لەبەر بوو. لەبەر جلەکانیشی لە هەموو شوێنێ بە (جل خوری) ناسرا بوو. (جل خوری) چووە داخوازی ژنەی جادووکەر و داوای لێکرد داخۆ لەسەر بەڵێنی خۆی ماوە، یان نا. هەر چەندە ژنەی جادووکەر ئەم داخوازیکەرەی بە دڵ نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا رازی بوو ماوەی بدا، بێ خۆی تاقی بکاتەوە، چونکە لەو برِوایەدا بوو ئەمە قەت لە خۆی جادووکەرتر نییە.
بەڵام لە راستیدا، (جل خوری) لە هونەری جادوودا وەستا بوو:
یەکەم جار خۆی کردە ماسی و خۆی لە ئاو نقوم کرد و چووە بنی بنەوەی دەریا.
ژنەی جادووکەر، سبەینێ زوو ویستی حەشارگەکەی بدۆزێتەوە. تازە لە خەو هەستا بوو، چووە ناو باحچە و سەیری ئەم لا و ئەولای خۆی کرد و بە بێ باکی گوتی:
– تۆ لەسەر زەوی نیت. لە ئاسمانیش نیت. ئەی کەواتە لە کوێیت؟
بێگومان تۆ لەناو دەریای. لە بنی بنەوەی دەریای! خۆت کردۆتە ماسی. جا، وەرە دەرەوە.
(جل خوری)، خۆشی بێ و ترشی بێ، ناچار بوو بە قسەی بکا. بەم جۆرە هەوڵی یەکەمی بە هەدەر چوو.
ژنەی جادووکەر دڵی کەوتە قرت و فرت. بیری کردەوە لەوانەیە ئەم داخوازیکەرە نوێیە لە خۆی جادووکەرتر بێ.
سبەینەی رۆژی پاشی، برادەرەکەمان خۆی کرد بە چۆلەکە و فرِی بۆ تەشقی ئاسمان

و خۆی لە پەنا هەور نا.
ژنەی جادووکەر چووە دەرەوە بۆ ناو باخچە و تەماشای دەورووبەری خۆی کرد و گوتی:
- تۆ لەسەر زەوی نیت! لەناو ئاویش نیت! ئەی کەواتە لە کوێیت؟
بێ شک تۆ لە ئاسمانی! خۆت کردۆتە چۆلەکە... جا، وەرە خوارەوە!
(جل خوری) ناچار بوو بێتە خوارەوە. ئەمجارەش جادووەکەی فایدەی نەدا. ئینجا زۆر بە وردی بیری کردەوە بۆ ئەوەی شوێنێک بدۆزێتەوە خۆی لێ بشارێتەوە، بەڵام بێ هوودە بوو. بیرکردنەوە دادی نەدا.
رۆژی سێیەم، کابرا سبەینێ زوو، بۆ سەیران و گەڕان چووە ناو باخچەو داڵغەی رۆیشت، تەنانەت خۆیشی نەیدەزانی بیر لە چ دەکاتەوە. لەپڕ دیتی ژنە جادووکەرەکە لێی نزیک کەوتەوە، رووی کردە دەرگا بۆ ئەوەی بچێ بەدوایدا بگەڕێ. (جل خوری)، دانی بە خۆیدا گرت. لە ناوەڕاستی گۆڕاییەکی بچووکی نزیک رارەوێکی باخچە راوەستا و یەکسەر خۆی کردە گوڵە قەنەفلێک. کە ژنە جادووکەرەکە گەیشتە لایەوە و چاوی بەو گوڵە قەنەفڵە جوانەی نزیک رارەوەکە کەوت، لەبەر خۆیەوە گوتی:
- ئۆی، ئەوە ئەم گوڵە جوانە لە کوێوە هات؟ بێ شک دیارە شەو دەمی کردۆتەوە!.
ئەمەی گوت و گوڵە قەنەفڵەکەی لێکردەوە و بۆنی کرد. لە ناوەندی باخچەکە راوەستا بوو چاوی بە دەورووبەری خۆیدا دەگێڕا، ئینجا گوتی:
- تۆ لەسەر زەوی نیت! لە ئاسمانیش نیت! لەناو ئاویش نیت! نازانم تۆ لە کوێی؟ تۆ خۆت پێم بڵێ.
(جل خوری)-کە ببوو بە قەنەفڵ- گوتی:
-ئەوەتام، خۆشەویستە ناسک و نازدارەکەم!
دەست بە جێ گوڵە قەنەفڵەکە لەناو دەستی ژنەی جادووکەر بەربووەوە و بوو بە گەنجێکی قۆزی لە جاران قۆزتر. ئەوسا گوتی:
- خۆ ئێستا.. دەبی بە هی من؟
ژنەی جادووکەر هاواری کرد و گوتی:
- نەخێر، هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە. من بەو مەرجە دەبم بە هی تۆ، ئەگەر تا سبەینێ ئاردم لە وڵاتی حەفتەم بۆ بێنی بۆ ئەوەی کولیچەی زەماوەندی لێ دروست بکەم.
ئەمەی گوت و رۆیشت. بە راکردن گەڕایەوە ناو کۆشکی خۆی و توند دەرگای لەسەر

خۆی کلیل دا. گەنجەکە نەیتوانی بیگاتێ. بیری کردەوە چۆن ئاردەکە بێنێ. ئیشەکە وا ئاسان نەبوو کە ئێوە بە خەیاڵتان دا دێ، چونکە وڵاتی حەفتەم زۆر زۆر دوور بوو، هێشتا دەغڵ و دانیش نەدوروابووەوە.

(جل خوری)، لە شوێنێکی ئەم دونیایەدا، مامێکی هەبوو، لە جادوودا وەستایەکی گەورە بوو، گالیسکەیەکی دەستیی سەیر و سەمەرەی هەبوو. هەر کوێت بویستایە بە چاو تروکانێک دەیگەیاندیتە ئەوێ. گەنجەی کلۆڵ و بەد بەخت چووە لای ئەو مامەی و گالیسکەکەی بە دەستیا و لێ وەرگرت. هەر هێندە سواری گالیسکەکە بوو، دەست بەجێ خۆی لە وڵاتی حەفتەمدا دۆزییەوە. یەکسەر دەغڵەکەی دورییەوەو کردی بە سوارە و لە گەڕانەوەدا کوتای و لە ئاشی کرد و بۆ سبەینێ گەیشتەوە بەردەم کۆشکی ژنەی جادووکەر. بێگومان ئەو ئاردەی پێ بوو، کە داوای لێ کرا بوو بیهێنێ. ئیتر چووە ناو باخچە و بەسەر ژنەی جادووکەردا نەڕاندی:

–خۆ ئێستا... دەبی بە هی من!

ژنەی جادووکەر وەڵامی دایەوە:

–جارێکی تریش نا... نا... من نابم بە هی تۆ مەگەر تا سبەی سبەینێ ترێی رەزی ئەودیو دەریای رەشم بۆ بگوشی و بۆم بکەیتە شەراب و لە کاتی خۆیدا بۆم بێنی.

ژنەی جادووکەر سەری لە پەنجەرە هەڵکێشا و ئەم قسانەی کرد، چونکە دەرگای کۆشک زۆر توند داخرابوو.

بە سەری خۆم، گەیشتنە دەریای رەش، کارێکی وا ئاسان نەبوو، بەڵام ئەمجارەش گالیسکە ئەفسووناوییەکە یارمەتییەکی گەورەی (جل خوری) دا. کە سواری گالیسکەکە بوو، گالیسکەکە دەم و دەست، بە چاو ترووکانێک گەیاندییە ناو رەزەکە. ئەویش هەموو رەزەکەی رنی و ترێکەی گوشی و شەرابەکەی لە گۆزە و قەڕابان کرد. بۆ سبەینێ، ژنەی جادووکەر هێشتا هەر لە خەودا بوو کە (جل خوری) لە دەرگای دا و هاواری کرد:

– ئەی ئێستا... ئێستاش رازی نی، ببی بە هاوسەری من!؟ ئەو شەرابەی داوات کردبوو، ئەوەتا هێناومە!

بەڵام ژنەی جادووکەر وەڵامی دایەوە:

– نا... و.. هەزار جار نا... خۆ من شێت نیم مێرد بە سواڵکەرێکی وەکوو تۆ بکەم. رەنگە بەو مەرجە رازی بم مێردت پێ بکەم: ئەگەر بچی سێ سێوی زێڕ لە وڵاتی حەفتا و حەفتەمین بێنی و بە قەدەر منیش دەوڵەمەند ببی!

ئیتر دەرگای کۆشکی توند داخست.
(جل خوری) زانی ئەمجارەیان گالیسکە سەیر و سەمەرەکە دادی نادا، چونکە وڵاتی حەفتا و حەفتەمین لەو پەڕی دونیایە.
ئەوەبوو بە پێ رووی کردە ئەو وڵاتە. بە چیا و کێوی سەرکەشدا هەڵگەڕا و خۆی بەردایەوە ناو دۆڵ و گەڵیی قووڵ تا گەیشتە لێڕەوارێکی گەورە. پیاوێکی دی ساڵەهای ساڵ بوو لەوێ دەژیا. لەناو چڕگەنێکا بە شەکەت و ماندووبوون بە دەوری درەختێکدا رای دەکرد.
(جل خوری) بە سەرسامییی لێی پرسی:
-کاکی برا، خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ... ئەوە تۆ خەریکی چی؟ و تاکەی هەر وا رادەکەی؟
کابرا وەڵامی دایەوە و گوتی:
-ئەدی چی بکەم؟ هیچ ئیشی وام دەست ناکەوێ بتوانم بە کەیفی دڵی خۆم رابکەم.
گەنجەکە وەڵامی دایەوە:
-مادام وایە لەگەڵ من وەرە... دەتوانی چۆنت پێ خۆشە و چەندت دەوێ، بۆ خۆت پڕ بە دڵ رابکەی.
کابرا بە قسەی (جل خوری) کرد. هەردووکیان بە گەڵ یەک کەوتن و بە دوو قۆڵی ملی رێیان گرت و رۆیشتن... رۆیشتن تا گەیشتنە کابرایەکی دی. ئەم کابرای دووەمینە نۆ نانی گەورەی لە پێش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، هەر هاواری دەکرد و هاواری دەکرد:
- برسیمە، نانم بدەنێ... برسیمە، نانم بدەنێ.
(جل خوری) سەری لە مەسەلەی ئەم پیاوە سوڕما و گوتی:
- کاکە شتی وا چۆن دەبێ؟ تۆ نووردییە نانێکت لە پێشە، بۆ ئەو نانە ناخۆی؟
کابرا وەڵامی دایەوە:
-ئەو خواردنەی دەیبینی، بایی یەک ددانی کلۆر و رزیو ناکا!
گەنجەکە وەڵامی دایەوە:
باشە، مادام وایە لەگەڵ ئێمە وەرە. دەتوانی بە کەیفی دڵی خۆت چەندت دەوێ خواردن بخۆی.
کابرای دووەمیش بە گەڵیان کەوت. هەرسێکیان ملی رێیان گرت و رۆیشتن... رۆیشتن تا گەیشتنە کابرایەکی دی. ئەم کابرای سێیەمینە نۆ فەروەی لەبەر بوو، لەبەر هاڵاوی ئاگر دانیشتبوو، هەر هاواریشی دەکرد:

–پیاوی چا بن، فریام کەون! لەسەرمان قەسریم، مردم.
سێ پیاوەکە گوتیان:
– شتی وا چۆن دەبێ؟ تۆ لەبەر گوڕیە ئاگر دانیشتووی. ئەوەندە جلی ئەستوور و گەرمت لەبەر کردووە، ساردترین سەرما دەگێڕێتەوە.
کابرای بەدبەخت هیچ وەڵامی پێ نەدرایەوە، تا دەهات زیاتر دانەچۆقەی پێ دەکەوت. دەترسا نەوەک لە سەرمان رەق هەڵێ.
(جل خوری) پێی گوت:
– باشە، مادەم وایە لەگەڵ ئێمە وەرە. دەچینە جێگایەکی وا بە کەیفی تۆ گەرم بێ.
ئەم کابرای سێیەمینە، بەبێ دڵ لە دڵ دان بە گەڵیان کەوت. هەر رۆیشتن... رۆیشتن... تا گەیشتنە پیاوێکی دی. ئەم پیاوی چوارەمینە لەسەر کانیاوێک دانیشتبوو، هەر هاواریشی دەکرد:
–ئاو... ئاو... فریام کەون... کوڕە بمگەنێ خنکام لە تێنوان.
کابرا ئەم هات و هاوارەی بوو، رووباری گەورەی (دانوب)یشی بە پشتدا دەرۆیشت. پێیان گوت:
–ئەوە چۆنە گازاندە لە دەست تینوێتی دەکەی؟ ئەوەتا ئەم هەموو ئاوەت لەبەردەمە.
کابرا گوتی:
–ئەو ئاوەی ئێوە دەیبینن، بۆ من زۆر زۆر کەمە. زمانم ئەوەندە وشک بووە بە ئاسمانی گەروومەوە نووساوە.
–مادام وایە تۆش لەگەڵ ئێمە وەرە بچینە وڵاتی حەفتاو حەفتەمین. لەوێ دەتوانی تا هەنگڵت رەپ دەبێ بۆ خۆت ئاو بخۆیتەوە.
ئەم کابرای چوارەمینەش بە گەڵیان کەوت. زۆری نەبرد، هەر پێنجیان گەیشتنە وڵاتی حەفتا و حەفتەمین. ئەم وڵاتە وڵاتێکی پڕ لێڕ و دارستانی گەورە بوو. کۆشکێکی شاهانەی بەرزی لەناو قیت ببووەوە.
ئەو پێنج پیاوە چوونە خزمەت پاشا و داوای سێ سێوی زێڕیان لێ کرد.
پاشا لێی پرسین:
– جا ئێوە کێن؟ زێدە لە هەموو شتێک و زێدە لە هەموو میوەیەک داوای ئەو سێوانە دەکەن؟
(جل خوری) وەڵامی دایەوە، گوتی:

-ژنە جادووکەرێک منی بۆ ئەو سێوانە ناردووە. ئەمانەش برادەری منن.
ئەوسا سەربردەی خۆی بۆ پاشا گێڕایەوە و بۆی باس کرد چۆن تووشی ئەو برادەرانە هات.
پاشا گوتی:
- باشە، ئەگەر ئێوە برادەری ئەوەندە بە وەفان، پێویستە پێش ئەوەی سێوەکان وەربگرن، شتێکی وا بکەن بە هەقی خۆتان سێوەکانتان بۆ ببێ. من ئەوە چەند رۆژێکە سەرقاڵی رێکخستنی زەماوەندی کوڕەکەمم. چێشتکەر و کولیچەکەرانی کۆشک چەند حەفتەیەکە خەریکی ئامادەکارین. ئێستا هەموو شتێ حازرە. تەنیا خوندیمان کەمە. ئەگەر ئێوە بتوانن تا سبەی سبەینێ خوندی لە نۆ وڵاتی جۆراوجۆر بانگێشت بکەن، سێ سێوە زێڕەکە وەردەگرن، ئەگەر نا... بە زیندووی چاوان کەوڵتان دەکەم.
پیاوەکان هەترەشیان چوو. هەستیان دەکرد کە هەزاران مێروولە رێچکەیان لەسەر پشتیان بەستووە. هەستیان دەکرد هەر بەراستی خەریکە پێستەیان کەوڵ دەکەن. راستیت دەوێ، بڕینی رێگای نۆ وڵات بە یەک شەو، نە کارێکی هێند ئاسانە و نە گەمەی منداڵانیشە. هەموو تۆقا بوون. تەنیا یەکێکیان نەبێ کە هیچ چاوی نەترووکاند، ئەویش (پێ سووک) بوو. ئەوەی (جل خوری) کە یەکەم جار تووشی هات بە دەوری درەختێکدا رای دەکرد.
ئەمەیان داوای لە پاشا کرد ئەمر بکا کارتی داوەتنامە بۆ خوندییەکان بنووسنەوە.
پاشا گوتی: کارتەکان ئامادەن.
ئیدی کارتەکانی دایە.
کارتەکان زۆر بوون. ئەوەندە زۆر بوون، پێیان نەدەژماردرا.
کابرای (پێ سووک) تا ئێوارێ بۆ خۆی لە ناو حەوشە و هەیوان و داڵانی کۆشکەکە گەڕا و سووڕا. هاورێکانی خەمیان بوو نەوەک ئەم ئەرکە قورسەی پێ رانەپەڕێ. تکایان لێکرد زوو بە رێ بکەوێ و بڕوا، بەڵام ئەو وەڵامی دانەوە کە هێشتا زووە و وەختێکی زۆری لەبەردەمە.
هەر هێندە شەوبای شەو هەڵیکرد، (پێ سووک) ملی رێی خۆی گرت بۆ ئەوەی بچێ ئەرکی سەرشانی جێ بەجێ بکا. لەگەڵ کزەبای بەیانی هاتەوە و وەڵامی هەموو کارتەکانی هێنایەوە.
ئەو حەلە بە خۆ و بە برادەرەکانی چوونە خزمەت پاشا و داوای سێ سێوە زێڕەکەیان لێ کرد. پاشا پێی گوتن:

– لەسەرەخۆ... لەسەرەخۆ... چیتان دەوێ بۆتان دەبێ، بەڵام خوندییەکان بۆیان نووسیوم و تەوازۆیان هێناوەتەوە کە پێیان ناکرێ وا زوو، بەم ماوە کەمە، بگەنە سەر زەماوەند. جا ئێوە ئەگەر دەتانەوێ سێ سێوە زێڕەکەتان دەست بکەوێ، دەبێ هەرچی شیوی چێشتکەر لێیان ناوە و هەرچی کولیچەی کولیچەکەر دروستیان کردووە، تا سبەی سبەینێ هەمووی بخۆن... ئەگەرنا... خۆتان بۆ مردن ئامادەکەن.

– بەسەری خۆم، ئەمە رێزێکی گەورە بوو پاشا لێی نان کە بە سەربەرزیی بچنە سەر زیافەتی پاشا و لەزەت لەو خواردنە خۆشانە وەربگرن، بەڵام... کوو بتوانن بە یەک شەو بە بارستایی پڕی هۆڵێکی تەواو نان و کولیچە و گۆشتی برژاو بخۆن؟ ئەمانە هەرگیز لە ژیانی خۆیاندا، ئەوەندە خواردنە زۆرەیان نەخواردبوو. هەر تەنیا بە تەماشاکردنی قاپ و لەنگەرییەکان تێر بوون. لێیان مسۆگەر بوو کە مردنیان نزیک بۆتەوە و گومانی تێدا نییە هەجەلیان هاتووە و سبەینێ مەرگیان دەگاتە سەر. تەنیا کابرای (زۆر خۆر) نەبێ، هیچ موچڕکی پێدا نەهات. تا برادەرەکانی لەسەر سفرە دانیشتن و خۆیان بۆ خواردن ئامادەکرد، ئەم هەموو خواردنەکەی هەڵلووشی. ئیتر ئەو ئێوارەیە هەموویان بە برسێتی مانەوە، تەنیا (زۆرخۆر)ەکەیان نەبێ، کە ئەوەندەی خوارد تا تووشی ئەنتەلا بوو.

بۆ بەیانی، چوونە خزمەت پاشا و داوای سێوە زێڕەکانیان لێ کرد.

پاشا پێی گوتن:

–ئێوە سێوەکانتان دەوێ. شتی وا لەگوینە، بەڵام من سێ رۆژە بە داربەڕوو ئاگرێکم بۆ ئێوە لەم ئاگردانەدا کردۆتەوە. ئەگەر بچن تا بەیانی لەناو ئاگرەکەدا رابکشێن، دەتوانن بە دەستی خۆتان سێوەکان لێ بکەنەوە و بۆ خۆتان ببەن.

ئەم قسەیەی کرد و لێی دا رۆیشت و پیاوەکانی بە حەپەساوی و پەشۆکاویی بەجێهێشت. ئەمجارە تەواو دڵنیا بوون کە لەم وڵاتە دوورە دەمرن، چونکە ئاگرەکە بە جۆرێکی وا جۆشی سەند بوو و گڕی لێ هەڵدەستا کەس نەیدەوێرا هەر لێی نزیک بکەوێتەوە. لە بەینی خۆیانەوە دەستیان بە قسە و بناشت کرد کە بۆچی هاتنە ئەم وڵاتە، چونکە نەیاندەویست وەکوو بارکە لاشەیان بەسەر شیشەوە ببرژێ. تەنیا کابرای (فەروەلەبەر) نەبێ، هیچ خۆی لە گووره نەبرد، لێی پرسین:

– ئێوە، ئەوە چ قرە قرتانە؟ بۆچی بە شەڕ دێن؟ بەم ناکۆکییە وەخت بە فیرۆ مەدەن. لەگەڵم وەرن بچینە حەوشە و گزرەی زیاتر بێنین، نەوەک من ئەمشەو لەناو ئەم کوورخانە نەفرەتییە دەقەسرم.

ئەوانی دی، لەبەر مشت و مڕی بەینی خۆیان، گوێیان لە قسەکانی نەبوو. شەو داهات. پیاوانی دەربار، بە تیز و گاڵتەوە، پیاوەکانیان تووڕ هەڵدایە ناو کوورخان و گوتیان:

– مەترسن... ئەمە تەنیا سەیرانێکی سادەیە لەناو کوورخانی ئەم ئاگردانەدا دەیکەن.

گەرماکە ئەوەندە بەهێز و ئاگرەکە ئەوەندە بەجۆش بوو، هەر لە دوورەوە پێستەیان هەڵقرچا. کەچی (فەروەلەبەر) بازی دایە ناو کونی ئاگردانەکە و هەر نۆ فەروەی داکەند و هەموو گەرماکەی بۆ لای خۆی راکێشا، تا کوورخانەکە ئەوەندە سارد داهات، بوو بە بەستەڵەک. کە هاوڕێکانی دیتیان ئاگر لەناو ئاگردان نەما، ئەوانیش بە شادیی و خۆشی، بە گاڵتە و پێکەنین چوونە ناو ئاگردانەکە. سەیریان کرد مەسەلەکە بەو جۆرە نییە کە ئەوان تێی گەیشتبوون. هەر وەخت بوو هەموویان لەسەرمان رەق ببنەوە. هەر بۆیەش، (فەروەلەبەر) ئاگرێکی بچووکی لە سووچێک کردەوە و بە دیارییەوە هەڵترووشکا و لێنەگەڕا کەس لێی نزیک بکەوێتەوە. هەموو لە سەرمان هاواریان دەکرد و غارە غاریان بوو. کردیان بە هەرا و ژاوە ژاوێکی وا خەویان لە پاشا حەرام کرد.

بۆ سبەینێ، پاشا پرسی ئەو هەراو ژاوە ژاوە لە کوێوە دەهات، شەو خەوی لێ حەرام کردم؟ ئیتر زانی ئەو هەرا و ژاوە ژاوە هی پێنج کابراکەی ناو ئاگردانی گەورە بووە، بەڵام قەت بە خەیاڵی دانەدەهات ئەمانە لە ژیاندا مابن. هەر وایدەزانی ئێستا هەموو بوونەتە بوولی و خۆڵەمێش. تا ئەوە بوو بە چاوی خۆی بینی وا بە ساخ و سەلامەتی بەرەو لای دێن، چواریان هێشتا لەسەرمان هەڵدەلەرزین.

پاشا پێی گوتن:

– وا دیارە من باری ئێوە نابەم و ناتوانم بتانبەزێنم. بڕۆن سێوەکان بۆ خۆتان لێکەنەوە.

ئینجا پاشا، بە پێشیان کەوت و ماوەیەکی زۆر بەناو لێڕەواری چڕی دەوروبەری پایتەختدا رۆیشتن تا گەیشتنە دەریاچەیەک. پاشا پێی گوتن:

–ئەم دەریاچەیە دەشتێکی پان و بەرینی لە ناوەڕاست دایە. دەشتەکە درەختێکی گەورەی لە ناوندە و ئەو سێوانەی ئێوە داوای دەکەن لەسەر چڵەپۆپەی ئەو درەختەن. ئەگەر هەموو ئاوی ئەم دەریاچەیە بخۆنەوە، دەتوانن بگەنە درەختەکە و سێوەکان لێ بکەنەوە، ئەگەرنا... هەرگیزا و هەرگیز دەستتان پێ ڕاناگا، چونکە کەس ناتوانێ بە ناو ئەم دەریاچەیەدا بگاتە دوورگەکە.

چواریان، لە بەینی خۆیانەوە، کردیانە چپە چپ. بە هەناسە ساردی گوتیان:

– ئەم هەموو ئاوە، چۆن بخۆینەوە؟

ئاخر گۆمەکە ئەوەندە گەورە بوو، هیچ کەس تەنانەت درەختەکەی ناوەندی نەشدەدی. ئەو چوارەیان تێما بوون. ئیشەکەیان بە لاوە ئەستەم بوو. بەڵام هاوڕێی پێنجەمیان هاواری کرد:

– ناکۆکیی بەینی خۆتان بنێنە لاوە. وەرن با دەست بە خواردنەوەی ئاوەکە بکەین.

وەڵامیان دایەوە:

– لە ئێمە گەڕێ... تۆ خۆت ئاوەکە بخۆرە. ئەم ئیشە هەر لە خۆت دێ.

کابرا گوتی:

– باشە، دەیخۆمەوە... ئەوەش بزانن، ئێستا بەوپەڕی شادی و خۆشی هەموو ئاوەکە دەخۆمەوە.

ئیتر هەموو ئاوی دەریاچەکەی هەللوشی وەکوو ئەوەی پەرداخە ئاوێکی بچووک بێ. ئەوسا هەستایەوە و دەستی خۆی وشک کردەوە و گوتی:

–ئۆخەی، ئەمە یەکەم جارە تێر ئاو دەخۆمەوە.

ئەوسا بە هەنگاوی سەنگین و پتەو چوونە دەشتەکە. سێ سێوی زێڕ بە چڵە پۆپەی درەختەکەدا شۆڕ ببوونەوە. (جل خوری) چوو، لە بن دارەکە راوەستا و کڵاوی خۆی گرتەوە، ئەوانیش سێ سێوە زێڕەکەیان بەردایەوە ناو کڵاوەکەی.

هەر هێندە کە سێوەکانیان لێ کردەوە، یەکسەر درەخت و چغورد و گیاکەڵە هەمووی بزر بوو. دیمەنێکی جوانی گوڵ و کڵووکیان لەبەردەم پەیدا بوو. ئیدی بە کوێ دا هاتبوون، رێ و رێ، بەوێدا گەڕانەوە.

(جل خوری) دەچووە هەر شوێنێ وەکوو رزگارکەر و پاشا پێشوازییان لێ دەکرد. ئاخیری ژنە جادووکەرەش رازی بوو مێردی پێ بکا و بە درێژایی ژیانی، بە مێردی خۆی قبووڵی کرد.

هەموو لایەک بەم زەماوەندە شادوو کەیفخۆش بوون: لە (پێ سووک)ەوە کە بەوپەڕی بەختەوەری هەر رایدەکرد و رایدەکرد، تا (زۆرخۆر) کە ئەوەندەی خوارد تا تووشی ئەنتەلا بوو و تا (فەروەلەبەر) کە ئیتر سەرما و قەسرینی نەما و تەنانەت تا ئەو پیاوەش کە بۆ خۆی تێر و پڕ ئاوی خواردەوە.

بێگومان (جل خوری) لە هەموویان شادو بە کەیفتر بوو کە ئاخیری بە مرازی دڵی خۆی گەیشت و ئەو ژنە جوان و جحێڵ و دەوڵەمەندەی هێنا.

❊ ❊ ❊

# ٣ـلووتی درێژ



دەگێڕنەوە، دەڵێن:

پاشایەکی بە ساڵاچوو کوڕێکی تاقانەی هەبوو. ماوەیەکی زۆر بوو چووبووە شەڕ و نەگەڕابووەوە. رۆژێکیان کوڕەکە نامەیەکی لە خزم و کەس و کاری بۆ هات. خەبەریان دایە کە باوکی زۆر شڕە. ئەویش بۆ ئەوەی بە زیندوویی بەسەر باوکی رایگا، هەوڵی دا تا پێی دەکرێ زوو بگەڕێتەوە. ئەوەبوو شازادە یەکسەر خۆی هەڵدایە سەر خانەی زینی ئەسپەکەی و تێی تەقاند و رۆیشت. هەر رۆیشت و رۆیشت. شەو هەر رۆیشت،رۆژ هەر رۆیشت تا لە رۆیشتن شەکەت بوو. لە خۆشبەختی خۆیەوە، بە وەختەوە گەیشتە جێ و بە زیندوویی بە دیداری باوکی شاد بووەوە. بەڵام باوکە لەسەرمەرگا بوو. هەستی دەکرد عومری زۆر نەماوە. رۆژ بە رۆژ بێ هێز و تاقەتتر دەبوو تا وای لێهات بە حەستەم هەناسەی دەهات و دەچوو. کوڕەکەی بانگ کردە سەرینگانی خۆی و بە دەنگێکی نزم چرپاندییە گوێی:

– کوڕم، ئەوە خۆت دەبینی وەزعم زۆر شڕە. ئومێدم بە هیچ شتێ نەماوە. دەبێ ماڵاوایی یەکجارەکی لە یەک بکەین. سوپاس بۆ ئەو خودایە، تۆ کوڕێکی زیرەکی و لە روحم و کەرەمی خودای وا پێڕاگەیشتووی و هیچ گومانم نییە بە بێ من دەتوانی بە چاکی وڵات بەڕێوە ببەی. دەمەوێ تەنیا یەک ئامۆژگاریت بکەم ئەویش ئەوەیە: قەت متمانە بە هیچ کەس مەکە: زۆر وریای خۆت بە، نەوەک بە ئاسانی لە خشتەت دەبەن. من موڵکێکی زۆرم لە دوای خۆمەوە بۆ جێ هێشتووی. بە ئاقڵی و زانایی ئەو موڵکە بەڕێوە ببە بۆ ئەوەی ئیش بە دڵی خۆت بڕوا و بەرژەوەندی رەعیەتەکەشت مسۆگەر ببێ. جگە لەمەش من گەنجینەیەکم بۆ جێ هێشتووی، لە هەموو وڵاتەکەمان بە نرخترە، ئەویش لەبن حەوزی ئاوی ناو حەوشەیە. دوای من بۆ خۆت دەری بێنە و بە وریایی بە کاری بێنە. ئینجا موچڕکێکی پێداهات و گیانی سپارد.

پاشای گەنج باوکی خۆی زۆر خۆش دەویست. ویستی بە رێ و رەسمێکی شکۆمەند و بە تەنتەنە بینێژێ. هەر تەنیا خانەدانەکانی وڵاتی بانگ نەکرد، بگرە لە دوو پاشای وڵاتە دراوسێکانیشی نارد. ئیتر داب و رەسمێکی گەورە و ماتەمییەکی شکۆمەندی بۆ کرد.

کە تازیی و خێر هەڵگیرا، پاشای گەنج چوو بە تەنیا خۆی خزاندە ژووری خۆی و

دیتی بەتاڵ و حەتاڵ و پڕ غەمە. لە گەنجینەکەی ژێر حەوزی ئاو هیچی تری بەدەستەوە نەماوە. دەرحاڵ دوازدە گەنجی زۆر بەهێز و تاقەتی هێنا و پێی گوتن حەوزەکە هەڵدڕن. ئەوانیش یەکسەر ملیان لەبەر نا، هەموو ئاوی حەوزەکەیان بەتاڵ کرد. ویستیان زیاتر عەردەکە هەڵکۆڵن، گەیشتنە بەردێکی رەق. کە قازمەیان لێ دەدا، پرووشکی لێ هەڵدەستا و قازمەکە هەلڕدەقۆزییەوە.

پاشا، بە سەری دا نەڕاندن دەست و بردێک بکەن. ئەوانیش دووبارە بە هەموو هێزی خۆیانەوە کەوتنە قازمە وەشاندن، بەڵام بۆیان نەکرا یەک ئینج قووڵتری بکەن. ئەوەندەی پاشا هات و هاواری کرد، هیچ سوودی نەبوو. ئەوەندەی بە پارە و خەڵات هانی دان کەلکی نەبوو. کرێکارەکان بە هەموو توانای خۆیانەوە ئیشیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەرئەوەی بەردەکە زۆر رەق بوو، هیچ ئەنجامێکی باشیان بە دەست نەهێنا. پاشا لە دیارییان بێزار بوو، چونکە کارەکە بێ هوودە بوو. ئەوە بوو وازی لە کرێکارەکان هێنا بۆ خۆیان ئیش بکەن، خۆیشی بە هەناسە ساردی و مێشک بڵاوی گەڕایەوە ژووری خۆی، بێ ئەوەی رێگایەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کرێکارەکان گەنجینەکە بدۆزنەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی:

– بەڕاستی، شتی قۆڕ و بێ مانایە، باوەر بکەین حەوزی ئاو گەنجینەیەکی وای لە بن بێ! کێ تا ئێستا شتی وای بیستووە؟

تا زیاتر بیری دەکردەوە لە مێشکی خۆی دەیهێنا و دەیبرد، زیاتر دەهریی دەبوو. خۆی و باوکی و هەموو خەڵکەکەی لەبەرچاو کەوت. دەتگوت لێی گۆڕاوە. لەناو ژوورەکەی دەهات و دەچوو. بەم لا و بەو لادا رایدەکرد. لەبەر خۆیەوە دەیگوت بە هەر نرخێک بێ دەبێ چارەیەک بدۆزمەوە.

لەپڕ دەرگا کرایەوە و کرێکارەکان هاتنە ژوورەوە، سندووقێکی بچووکیان پێ بوو، گوتیان:

–ئەی پاشای گەورە و مەزن! ئەم شتەمان لەبن بەردەکە دۆزییەوە.

پاشا سندووقەکەی وەرگرت. هەڵگێڕ و وەرگێڕی کرد. بە وردیی سەیری هەموو لایەکی کرد. دیتی لە تەختەی رزیو دروست کراوە. بە عەردی دادا و بە تف و تاڵی گوتی:

– توخوا ئەمەش بوو بە گەنجینە!؟

سندووقەکە، کە بە زەوی کەوت، شکا و هەندێ وردە شتی لێ بە گۆڕێ وەربوو:

کیسەیەکی پارە و شمشاڵێک و کەمەربەندێک و پارچە کاغەزێکی نووسراو.
پاشای گەنج، پارچە کاغەزەکەی هەڵگرتەوە و خوێندییەوە، نووسرابوو:
– ئەوەی ئەم کیسە پارەیە راشەقێنێ، چەندی حەز بکا، پارەی دەست دەکەوێ. پاشا، لێرە، لە خوێندنەوەی کاغەزەکە وەستا. دەستی دایە کیسەکە و رایشەقاند. پڕی سەر مێزەکەی پارە بوو. ئینجا رووی کردە کرێکارەکان و هاواری کرد:
– وەرن، کرێکارینە! وەرن! ئێوە پیاوی باشن، پێویستە پاداشتێکی گەورەتان بدەمێ و خەڵاتێکی شاهانەتان بکەم. وەرن، کڵاوتان لەسەر کەنەوە.
کرێکارەکان یەک یەک بە نۆرە چوونە پێش. پاشا کیسەکەی رادەشەقاند و کڵاوی پڕ پارە دەکەن. کرێکارەکان سوپاسێکی گەرمی پاشایان کرد و چوونە رێی خۆیان.
کە پاشا بە تەنیا لە ژوورێ مایەوە، دەستی بە تەواوکردنی خوێندنەوەی کاغەزەکە کرد. نووسرابوو:
– ئەوەی فوو لەم شمشاڵە بکا، تا دڵی حەز بکا سەربازی لەبەردەم پەیدا دەبێ و ئەوەی ئەم کەمەربەندە لەپشت ببەستێ، یەکسەر دەگاتە ئەو شوێنەی خۆی دەیەوێ و بیری لێ دەکاتەوە.
پاشا زۆری کەیف بە شتەکان هات و هەڵیگرتن.
پاش چەند ساڵێک، پاشای گەنج بیری کردەوە ژن بێنێ. جوانترین و پۆشتەترین جلی کردە بەر. فووی لە شمشاڵەکە کرد سەرباز لەبەر دەمیا ریزیان بەست. سەربازەکانی دایە دوو خۆی و رووی کردە وڵاتی پاشای دراوسێیان بۆ ئەوەی کچی پاشا بۆ خۆی بێنێ.
کاتێ کە پاشای ئەو وڵاتە زانی سەربازێکی زۆر روویان کردۆتە وڵاتەکە و دێن، حەپەسا و واقی وڕما، چونکە قەت بیری لە شەڕ نەدەکردەوە. ئەوە بوو بە راوێژکارەکانی گوت:
– تەگبیر؟ ئێمە بەرگریمان پێ ناکرێ. پێویستە داوای ئاشتییان لێ بکەین. ئەوە بوو خۆی چووە پێشوازی پاشای گەنج و سەربازەکانی و زۆر بە نەرم و هێمنی لێی پرسی داواکاریی چییە؟ پاشای گەنج گوتی:
– هیچ نییە، پاشا. هاتوومەتە هەجبینی کچەکەت.
کە ئەم خەبەرەیان بیست، سەراپای شار بوو بە خۆشی و شادییەکی وا نەبێتەوە.
پاشای ئەو وڵاتە میوانەکانی بردە ناو کۆشک و سەرا و فەرمانی دا سفرەو خواردنێکی

بێ وێنە بەم بۆنەیەوە ئامادە بکەن.

هەموو تێریان خوارد و خواردەوە. تا بڵێی شاد و بە کەیف بوون. پاشای گەنجیش شازادە خانمی نازداری زۆر کەوتە بەر دڵ. ئەوانیش یەکسەر رازی بوون شازادە خانمی بدەنێ. پاشای گەنج لە خۆشییان لە پێستی خۆی نەدەحەجما. کە شازادەخانم خۆی خەملاند و زۆر جوان خۆی رازاندەوە، پاشای گەنج هۆشی لەسەردا نەما. نەیدەزانی چ بکا. هەر ئەوەندەی پێ کرا خۆی لەبەردەم شازادەخانم هەڵکێشا و کیسە پارەکەی نیشان دا و بۆی باس کرد ئەگەر ئەو کیسەیە رابشەقەنێ، هەرچەندەی پارە بوێ، دێتە دەستی. شازادە خانم زۆری کەیف پێ هات.

وردە وردە شەو راشکا. هەر کەسە چوو بۆ ئەوەی پاڵ بداتەوە و بحەسێتەوە. کە شازادەخانمی ئۆینباز زانی دەزگیرانەکەی خەوی لێکەوتووە، دزەی کرد بۆ ناو ژوورەکەی و کیسەکەی لێ دزی و لە باخەڵی خۆی ناو کیسەیەکی تری لە جێی دانا.

بەیانی، پاشای گەنج کە بە ئاگاهات، بە هەلەداوان گەڕایەوە وڵاتی خۆی، بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئاهەنگی زەماوەند ئامادە بکا. جا لەبەر ئەوەی بۆ مەسرەفی ئەو ئاهەنگە پێویستی بە پارە بوو، کیسەکەی دەرهێنا و رایشەقاند، بەڵام بێ هوودە. یەک پوولی لێ نەهاتە خوارێ. جارێکی تر و جارێکی تریش رایشەقاند، بەڵام هیچ پارەی لێ دەرنەهات و دەرنەهات. زۆر بە وردی کیسەکەی پشکنی. سەیری کرد ئەمە کیسەی خۆی نییە. ئیتر شمشاڵەکەی دەرهێنا. ئەوەندە تووڕە بوو، پتت لێ دابا دەتەقی. فووی لە شمشاڵەکە کرد. یەکسەر سەرباز لە بەردەمی ریزیان بەست و گوتیان:

– ئەمر کە پاشای گەورە و مەزن!

پاشای گەنج گوتی:

– دەمەوێ لەگەڵما بێن بچینە ئەو شوێنەی جاری یەکەم چووین.

ئیدی خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی و سوپا هاژوای و رووی کردە وڵاتی پاشای دراوسێ.

خەڵکی ئەو وڵاتە بەلایانەوە سەیر نەبوو کە پاشای گەنج هاتەوە، بگرە هەموو چوونە پێشوازی و بەخێریان هێنا. بەڵام پاشای گەنج هیچ بایەخی بەم پێشوازی و بەخێرهێنانە نەدا. یەکسەر پرسی:

– ئێوە یەکێکتان کیسە پارەی منی دزیوە، پێم بڵێن کێیە؟

هەمووتان وەرن! ئەوەی بردوویەتی با بەخۆشی بۆم بێنێتەوە، نەوەک... دەبێ خۆتان

بۆ مردن ئامادە بکەن و شادە و ئیمانێکی بە هەق بێنن.
شازادە خانم بە دەنگێکی وەکوو چەهچەهە، یان هەر بە چەهچەهە، وەڵامی دایەوە:
– بەڵێ، خۆشەویستەکەم! تۆ هەقتە... بەڵام خۆت کیسەکەت لای من لە بیر کردووە. منیش لەناو سندووقێکی زێڕ بۆم هەڵگرتووی. ئەوەتا فەرموو سەیری کە! تۆ نەدەبوو ئەم هەموو ئەزیەتە بدەیە بەرخۆت. هەرچی لێرە لە بیری بکەی، وەکوو ئەوە وایە لای خۆت بێ. لە شوێنێکی تەقەت بۆت هەڵدەگرم. خۆت دەزانی هیچ شت لای ئێمە نافەوتێ.

شازادەخانم هەر لەبەر پاشای گەنجی خوێند تا ساردی کردەوە. پێک هاتنەوە و بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی تریان گێڕا و تێر شایی و هەڵپەڕکێیان کرد. لە گەرمەی شاییدا، یەکێ شمشاڵەکەی لە گیرفانی پاشا دەرهێنا. کە خەڵکەکە چاویان بە شمشاڵەکە کەوت، گاڵتەیان هاویشتە سەر پاشای گەنج و بە تیز و لاقردێ پێیان گوت داخۆ ئەم شتە پڕوپووچە نافرۆشێ. ئەویش وەڵامی دایەوە:
– ئەم شمشاڵە بەرزە بە پروپووچ دامەنێن. وای دەنا بتانزانیبایە ئەو شتە پڕوپووچەی باسی دەکەن چییە و چی پێ دەکرێ! ئەگەر بمەوێ، دەتوانم هەر ئێستا، بەم شمشاڵە، ئێوە و هەرچی لەم شارەدا هەیە، هەمووتان تار ومار بکەم. ئەگەر یەک فوو لەم شمشاڵە بکەم، یەکسەر ئەوەندە سەربازم لەبەردەم پەیدا دەبێ نایەتە ژمار. چاوتان پێ بکەوێ هەموو هەترەشتان دەچێ و زەندەقتان دەڕژێ. جگە لەمە کەمەربەندێکیشم پێیە. ئەگەر لە پشتی ببەستم، نیازی هەر شوێنێکم هەبێ، یەکسەر دەگەمە ئەو شوێنە.

شازادە خانمی کەلەکباز ئەوەندە قسەیەی بەس بوو. شەو، کە پاشای گەنج چوو نووست، شازادەخانم دزەی کرد بۆ لای جلەکانی پاشای گەنج و شمشاڵەکەی لێ دزی و بۆ باوکی برد. کە پاشا چاوی بە شمشاڵەکە کەوت و ئەم هەموو هێزەی لەبەردەم خۆیدا بینی، فەرمانی بە سەربازەکان کرد یەکسەر پاشای گەنج لە چوارپاکەی ببەستنەوە.

بۆ بەیانی، پاشای گەنجیان لەشار بردە دەرەوە و لە پەڕگەی شار دارکارییان کرد. پاشای گەنج هەر وەخت بوو لە حەژمەتان بمرێ کە بەم جۆرە لەگەڵیا جووڵانەوە.

پاشای گەنج ماوەیەکی زۆر بە وێڵ و سەرگەردانی سووڕایەوە، تا ڕۆژێ بریاری دا بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، بەڵام نەیویست ڕەعیەتەکەی بەم وەزعە شڕ و وڕە ببینن. بۆیە زۆر بە دزی خۆی گەیاندە کۆشکی خۆی و خۆی شاردەوە. جلەکانی داکەند و دەستە بەرگێکی نوێی کردە بەر کە لەگەڵ پایەی خۆی دا دەگونجا. لەو ساوە، ئۆقرە و

هەدادانی نەبوو. زۆر خەمی لە فەوتانی کیسە پارەکە و شمشاڵەکە دەخوارد. کە بیری دەکردەوە چ سووکایەتییەکیان پێ کرد، لە تووڕەییان خوێنی دەهاتە جۆش. شەو و ڕۆژ بیری دەکردەوە چۆن تۆڵەی خۆیان لێ بکاتەوە.

ئێوارەیەکیان، بڕیاری دا بچێتە لای کچی پاشا و ئەگەر ماڵی دزیاری نەدایەوە، بیخنکێنی. کەمەربەندی لە پشت بەست و بە چاو ترووکانێک گەیشتە تەک چوار پای کچە. کچە تازە ڕاکشا بوو بۆ ئەوەی بخەوێ، مۆمەکەی هێشتا هەر دەسووتا. پاسەوانیش لەبەر دەرگا وەستا بوو. شازادەخانم، کە چاوی کردەوە و پاشای گەنجی بینی، قیژاندی و لە ترسان خۆی لەسەر چوار پا فڕێ دایە خوارێ و کەمەربەندەکەی لە پشتی گەنجەکە کردەوە. ئەوسا، پاسەوانەکە پەلاماری دا و گرتی. بردیانە لای پاشا. کە پاشا زانی پاشای گەنج لەسەر چ گیراوە، فەرمانی دا فڕێی دەنە ناخۆشترین و تۆقێنەرترین بەندیخانە. هەڕەشەی لێکرد کە سبەینەی پاشی لەسەری بدا.
پاشای گەنج کە بەرەو بەندیخانە دەچوو، لە ڕێگادا، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:
– ئای تووشی چ کلۆڵی و بەدبەختییەک هاتم! تازە تێ چووم! ئاخ دەنا ئێوە ڕێتان لێ نەگرتبام، هەی دزی پیس و خەلیسینە!
کە گەیشتە بەندیخانە، دەرگایان لەسەر کلیل دا و سەربازێکیان لەسەر کردە پاسەوان. لەولاوەش، پاشا تەتەری ڕەوانەی هەر چوار ئیقلیمی وڵاتەکەی کرد، داوای لە خان و سان و گرەگرەکان کرد بێن، ڕۆژی پاشی لە ڕێ و ڕەسمی لە سێدارەدانی پاشای گەنج ئامادە بن.

پاشای گەنجیش لەناو قەفەسەکەیدا هەر ورتە ورتی بوو. بیری دەکردەوە ڕێگا چارەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لەم دونیا پیسە ڕزگاری ببێ. لە بار و دۆخی خۆی وردبووەوە و گوتی:
– گومانی تێدا نییە تازە من هەر دەمرم، نابێ وا بکەم ئەم بێگانانە بە مردنی من ئۆخە لە خۆیان بکەن.
لەبەر کشایەوە. بەغار چوو قۆچێکی لە دەرگا دا. ویستی بە زەبری کەللە دەرگاکە بکاتەوە. سەربازە پاسەوانەکەی بەر دەرگا گوێی لە دەنگی بوو، هاواری کرد:
– هێواش، کابرا! شتی وا نەکەی. لەوانەیە ڕێگا چارەیەکی تر هەبێ!! کاتی خۆی من لای پاشای باوکت ئیشم دەکرد. زۆر لە گەڵما باش بوو. ئێستا دەمەوێ ئەو چاکەیەی باوکت بدەمەوە تۆ. جا باش گوێم لێ بگرە:

– ئەم دیوارە بگرە و بە لای دەستە راستدا برۆ. بەردێک لە دیوارەکە دەرزۆپیوە. بەردەکە دەربێنە و فڕێی دە، دەرگایەکت لەبەردەمدا دەبێتەوە، بۆ خۆت بەوێدا راکە.

پاشای گەنج بە قسەی سەربازە پاسەوانەکەی کرد و دوای کەمێ خۆی بە ئازادیی لە دەرەوەی بەندیخانەدا دۆزییەوە. رۆژی پاشی تا خان و سان و گرەگرەکان هاتن، پاشای گەنج دەمێ بوو چەند چیایەکی بڕی بوو.

خەڵکەکە چوونە بەندیخانە، دیتیان چۆل و بەتاڵە. پاشا تووڕە بوو. دەیکوشت و نەیدەشاردەوە. رەنگی زەرد هەڵگەڕا. ئینجا شین و مۆر هەڵگەڕا. ئەوانەی هاتبوون، ناچاربوون چۆن هاتن ئەوها بگەڕێنەوە.

پاشای راکردوو رۆیشت تا گەیشتە ناو دارستانێکی چڕ. زۆر شەکەت و ماندوو بوو. لەسەر زەوی دانیشت. راکشا و ماوەیەکی باش نووست. کە بە خەبەر هات، هەستی کرد برسییەتی. چاوی بە دەورووبەری خۆیدا گێڕا بەڵکو شتێکی دەست بکەوێ بیخوا. تەنیا دار فستقێکی دی و هیچی تر. رۆیشت لەناو ئەو دارستانە چڕە وێڵ بوو تا گەیشتە مێرگێکی بچووک چەند سەر مەڕێکی تێدا دەلەوەڕا. لە دوورەوەش کووخێکی شوانانی دی. نییەتی لێ هێناو رووی کردە کووخەکە، چووە ژوورەوە و سڵاوی کرد و گوتی:

–دادە شوان، سڵاو!

دادە شوان سەلامی لێ وەرگرتەوە. پاشای راکردوو داوای لێ کرد داخۆ قەت خواردنێکی نییە سکی پێ تێر بکا!؟ دادە شوان وەڵامی دایەوە:

– هەر ئێستا بۆت دێنم، برا گیان! هەر ئێستا!

یەکسەر پارچە پەنیرێک و نانێک و شیر مەشکێکی پڕ شیری بزنی لەبەردەم دانا. گەنجەکە خۆی پێ نەگیرا تا خانەخوێ فەرمووی لێ دەکا، یەکسەر پەلاماری خواردنەکەی دا و تا مڕ بوو خواردی. کە هەناسەیەکی هاتەوە بەر، سوپاسی دادە شوانی کرد بۆ ئەو چاکەی و ماڵاوایی لێکرد و لە رۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو. لە رێگادا، هەر بیری لە چارەنووسی غەموونی خۆی دەکردەوە. تا زیاتر بیری لێ دەکردەوە، زیاتر مێشکی لەسەر دا نەدەما و هۆشی دەڕۆیشت تا گەیشتە سەر گردێک بەسەر هەڵدێرێکی قووڵدا دەیڕوانی. لە شوێنی خۆی رەق ڕاوەستا و بیری کردەوە. پاش ئەوەی ئەم هەموو شتە بەنرخ و دانسقەیان لێ سەند، بمرێ باشترە نەک بەو دەردەسەرییە بژی.

ئەوەبوو جلی لە خۆی لوول دا و لەو هەڵدێرەوە خۆی هەڵدایە خوارێ بۆ ئەوەی هەموو ئێسک و پڕووسکی بشکێ و لە کۆڵ ئەم دونیایە ببێتەوە، بەڵام لە کاتی

هاتنەخوارەوەدا، جلی فش بووەوە و (با)یەک هات و بردی بردی تا گەیشتە لێڕەوارێکی چڕ و لەوێ بەسەر دار هەنجیرێک دا گیرسایەوە.

دار هەنجیرەکە هەنجیری گەییوی پێدا شۆڕببووەوە. چەند هەنجیرێکی لێ کردەوە و بە کەیفخۆشی خواردی. یەکسەر هەستی کرد لووتی درێژ بووەوە، درێژبووەوە تاوەکوو خەرتوومی لێهات. لە دڵی خۆیدا گوتی:

– بەخوا، لەمەودوا بەم خەرتوومە جوان دەبم!! لە هەموو لایەکەوە دەردوو بەڵام بەسەردا دەبارێ. چ بکەم؟

ویستی لەسەر بنەدارەکە بێتە خوارێ بەڵام لەبەر لووتی پێی نەکرا. لە هەوادا لە مۆڵەق راوەستا. ئاخیری بە بەینی چلەکاندا خۆی گەیاندە سەر زەوی.

لەبەر ئەو چەند هەنجیرەی خواردبووی، زۆر تینوو بوو. ئەوەندە تینوو بوو زمانی بە گەروویەوە نووسابوو. بەختی هەبوو! دەنگی خوڕە خوڕی ئاوی جۆگایەکی لەو نزیکانە کەوتە بەر گوێ. هەر رایکرد بۆ سەر ئاوەکە، بەڵام لەبەر لووتی درێژی دەمی نەگەیشتە ئاوەکە. ناچار بوو لەسەر تەنکێش راکشا و بەمەوە بۆی کرا قومە ئاوێک بخواتەوە. ئینجا گوتی:

– هەست دەکەم ئەو چەند قومە ئاوە کەمە سوودی زۆری پێ گەیاندووم، ئەوەتا لووتم کەمێ بچووک بۆتەوە.

جارێکی تریش هەندێ ئاوی خواردەوە. ئەمجارە هەر بە تەواوی لووتە درێژەکەی نەما. سوپاسی خوای کردو گوتی:

– خوایە، هەر خۆت پشت و پەنای لێقەوماوانی! بەراستی ئەمە دەرمانێکی چاکە بۆ ئەو دزانە. دزینە، بوەستن، بزانن چیتان لێ بکەم.

چوو هەندێ هەنجیری لە دارهەنجیرەکە کردەوە و هەندێ ئاوی لە جۆگاکە هەڵێنجا و گەڕایەوە بۆ کووخی دادەشوان و هەندێ جل و بەرگی لێ وەرگرت و ملی رێی گرت رۆیشت تا بەردەم کۆشکی پاشای تاین رانەوەستا. قەرەواشەکە لێی پرسی:

– پیرەمێردی تڕن، چت دەوێ؟

وەڵامی دایەوە:

– هەنجیری فرۆتەنیم هێناوە.

قەرەواشەکە فرۆشیارەکەی بردە لای شاژن. شاژن نرخی هەنجیرەکانی پرسی.

فرۆشیارەکە گوتی:

– دوازدە درهەم... هەر ئێستایش دەمەوێ.

پارەکەی وەرگرت و لە گیرفانی ناو هەیپەی لێ کرد تا هێزی تێدابوو رایکرد. لەو لاوەش، ئەوانەی ناو کۆشک زۆر بە تامەزرۆیی کەوتنە سەر هەنجیر خواردن، چونکە هەنجیرێکی زۆر خۆش و زەریف بوو. تامێکی تایبەتی هەبوو.

لەپڕ، شازادەخانم تەماشای دایکی کرد و قیژاندی:

– ئۆی دایکە! سەیری دەم و چاوی خۆت بکە، لووتت چەند گەورە بووە!؟

– من؟ نەخێر کچی ئازیزم! ئەوە تۆ خۆتی لوتت درێژبووە، چ درێژبوونێکیش!! ئەوە چمان لێ قەوماوە؟ دەبێ ئەمە ئیشی ئەو هەنجیرە بێ کە خواردوومانە؟

شازادەخانم دەستی هەڵپشاوت و قیژاندی:

– وای لەخۆمێ دایە! چمان بەسەرهات!؟ هەر وەختە لووتم بگاتە عەرزی. قەرەواشەکەش وای بەسەرهات چونکە، کە دەچووە لای خانمەکانی، رێ و رێ، بەدزی چەند هەنجیرێکی خواردبوو.

دایکە گریا، کچەکەشی گریا. ئەوەندەیان خەفەتخوارد نەبێتەوە.

پاشا، کە بەمەی زانی، ناردی هەموو دختۆری دنیایان هێنا. کەس هیچی پێ نەکرا. لووتەکەیان دەبڕی، لووتەکە درێژ دەبووەوە. دووبارە دەیانبڕی، دیسان درێژ دەبووەوە. تا زیاتر دەیانبڕی، گەورەتر و درێژتر دەبوو. ئیدی ئەم خانمانە ناچار بوون بەرگەی تیز و قەشمەریی خەڵک بگرن و لەوە بە دواوە نەیاندەتوانی بچنە دەرەوە بۆ سەر شەقام و تێکەڵ خەڵک ببن.

دوای نزیکەی شەش مانگ، دختۆرێک هات کەس نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە. جلێکی رەشی لەبەر بوو، داردەستێکی بە دەستەوە بوو پێی دەرۆیشت. بەم جۆرە بەناو شاردا دەسووڕایەوە. گەیشتە لای پیرەژنێک زەوی بژار دەکرد، لە دوورەوە هاواری کردە پیرەژنەکە و گوتی:

– ماندوونەبی! ئەرێ دەنگ وباس لەم وڵاتەدا چ هەیە؟

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

– ئاخ، دەنگ وباس چی هەبێ!؟ رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبین. وای لێهاتووە پێکەنین لەناو خەڵک هەڵگیراوە.

– بۆچی؟

- ماڵی پاشا و دەست و پێوەندە دزێوەکانی بە شێوەیەکی زۆر سەیر لووتیان درێژ بۆتەوە. هەر کەسێ پێ بکەنێ، ئەوان وا دەزانن بەخۆیان و بە لووتیان پێدەکەنێ.
- ئەی کەس ناتوانێ یارمەتییەکیان بدا؟

پیرەژن گوتی:

- با برۆن جەهەننەمیان لێ پڕ!! خۆیان و لووتیان! زۆر دختۆر بە سواری گالیسکەی شکۆمەند هاتوون. هەندێکیان بە گالیسکەی چوار ئەسپیش، بەڵام هیچێکیان دەرمانی ئەو دەردەی پێ نەکراوە.

دختۆری نوێ گوتی:

- دیارە من لە وەختێکی باش هاتووم. من هەموویان چاک دەکەمەوە. تۆ برۆ لای پاشا و پێی بڵێ کە من هاتووم و ها ئەمەش دینارێک هەقی چوونەکەت.

یەکسەر دینارێکی دایە پیرەژن و ئەویش بە هەلهەلە هەیپەی لێ کرد، چوو خەبەرەکەی بە پاشا گەیاند. پاشا ئەو دەمە دختۆرێکی لا بوو. خەریکی چارەسەرکردنی شاژن و شازادەخانم بوو. پیرەژن بۆ پاشای روون کردەوە، گوتی:

- ئەو دختۆرەی دەڵێم بە سواری گالیسکە نەهاتووە. لەوە دەکا گەڕیدە بێ. لە داردەستێک زیاتر هیچی پێ نییە. پاشا گوتی:
- ئەمە گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە چارەیەکمان بکا.

پاشا فەرمانی دا هەر ئێستا دختۆرەکە بێنن. کە هات، پاشا داوای لێکرد داخۆ ئامادەیە خۆی تاقی بکاتەوە و هەوڵێک بدا. یان نا؟

دختۆری نوێ وەڵامی دایەوە ئامادەیە بەو مەرجەی تەواو متمانەی پێ بکەن و چی گوت وا بکەن. بۆ ئەوەی بشسەلمێنێ کە دەتوانێ چارەیان بکا. داوای کرد گرتوویەک بێنن و هەنجیرێکی دەرخوارد بدەن.

دزێکیان لەناو بەندیخانە دەرهێنا و هێنایان. کاتێ کابرای گرتوو هەنجیرێکی خوارد، یەکسەر لووتی درێژ بوو. دختۆر گوتی:

- ئەم دزە خوێنی کەمە، بۆیە خوێنەکەی سست و شلە پێویست بە هێورکردنەوە ناکا.

ئیتر قومە ئاوێکی دایە و یەکسەر لوتی کورت بووەوە. هەموویان بەم ئەنجامە شاد و کەیفخۆش بوون، بەتایبەتی شازادە خانم، چونکە هیوای بڕا بوو کە لووتی جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر جوانیی جارانی.

ئینجا دختۆرەکە چووە سەر قەراوەشەکە و گوتی:
– ئەم قەرەواشە خوێنی گەرمتر و چالاکترە، دەبێ خوێنی نەختێ سارد بکرێتەوە، بۆ ئەوەی دەرمانەکە باشتر کاری خۆی بکا. بێنن، قامچییەکم بۆ بێنن!
فەرمانی دا، قەرەواشەکە تا کەمەر خۆی رووت کردەوە. ئینجا دختۆر سێ رۆژ لەسەریەک، بێ پسانەوە، دارکاری کرد. ئەوسا پڕ بە ئەنگوستیلەیەکی دورمانان ئاوی دایە و یەکسەر لووتە درێژەکەی نەما.

شازادەخانم، پەلەی بوو بە زووترین کات لووتە جوانەکەی جارانی بۆ بگەڕێتەوە کە زۆر هەوەسی پێ دەهات، بەڵام دختۆر داوای لێکرد کەمێ چاوەڕێ بکا.

دختۆر چووە سەر شاژن و ئەویشی چارەسەرکرد. ئینجا نۆرەی شازادەخانم هات و دختۆر نۆ رژی رەبەق پێستی تەڕ و تازەی دارکاری کرد، پاش هەر قامچییەکیش کە لێی دەدا، خوێاوکی بەسەر شوێنەکەدا دەکرد. دختۆر شل و شەکەت بوو، شەنگ و تاقەتی لەبەر بڕا. بەڵام گوێی نەدایە، بە بێ روحمی لە لێدانی شازادەخانم بەردەوام بوو.

رۆژی حەفتەم، شازادەخانم ئەوەندە ئەزیەتی خوارد، چارەسەرەکەی رەت کردەوە. گوتی: نەخۆم کا و نە ئەو چارەسەرەم کا! بەڵام دایکی دڵی دایەوە و تکای لێکرد ماوەیەکی تریش خۆی لەبەر ئەم ئەشکەنجەیە رابگرێ و گوتی:
– کە ئەم لووتە درێوەت نەما، برینەکانت زوو سارێژ دەبن.

ئاخیر رۆژ، شازادەخانمی دەردەدار، داوای لە دختۆر کرد بیکا بۆ خاتری خوا دەست لە و ئەشکەنجەدانەی هەڵگرێ و بەڵێنی دا کە مێردی پێ بکا و بە نرخترین گەنجینەی پێ ببەخشێ. دختۆر پرسی:
–ئەو گەنجینەی دەڵێی چ گەنجینەیەکە!؟
وەڵامی دایەوە:
– گەنجینەیەکە، لە هەموو دونیادا شتی وا دەست ناکەوێ.
ئەمەی گوت و سندووقێکی زێڕی بچووکی هێنا، کیسە و پارەکە و شمشاڵەکە و کەمەربەندەکەی بۆ راداشت و گوتی:
– ئەم کیسەیە، هەرچەندی پارە و دینارت بیەوێ، پێت دەبەخشێ.
ئەم شمشاڵەش، هەر کاتێ فووی لێ بکەی، هەر چەندە سەربازت گەرەک بێ بۆت دابین دەکا.

ئەم کەمەربەندەش، هەر هێندە لەپشتت ببەستی، بیر لە هەر شوێنێ بکەیتەوە،

یەکسەر خۆت لەوێ دەدۆزیتەوە.

دختۆر کەمەربەندەکەی لەپشت بەست. سندووقەکەی وەرگرت و کیسە پارەکە و شمشاڵەکەی لەناو ناو لەبەردەم شازادەخانم قیت وەستا و پێی گوت:

– من ئەو پاشایەم کە کاتی خۆی تۆ ئەمرت کرد لەبەر دەروازەی شار دارکاریی بکرێ و بەتەما بووی سەرم ببڕی. من ئەو کابرایەم کە هەنجیرەکەم بە ئێوە فرۆشت. من ئەو دختۆرەم کە دەمتوانی، یەکسەر، بێ ئەم هەموو ئازار و ئەشکەنجەیە چاکت بکەمەوە. بەڵام تۆ شایانی ئەو دارکارییە بوویت. ئەم شتانەش هی خۆمن و هەر بۆ خۆیشم دەبن.

بەڵام تۆ لەبەر ئەوەی ناپاکیت لەگەڵ کردم، لە سزای ئەو ناپاکیە پیسەت، وازت لێ دێنم بە خۆت و بە لووتی درێژتەوە بژی.

ئینجا بیری کردەوە بگەڕێتەوە کۆشک و سەرای خۆی. دەم و دەست خۆی لەناو کۆشکی خۆیدا دۆزییەوە.

لەو کاتەوە ئیتر زانی تامی ژیان چییە و بە شادیی و بەختەوەریی ژیا.

❋ ❋ ❋

# ٤ـ برای ڵێهاتوو



هەبوو نەبوو،

باوکێک هەبوو، سێ کوڕی هەبوو. کوڕەکانی گەورە بوون و پێڕاگەیشتن. دووەکەی گەورەتریێ جلی رێک و پێک و پۆشتە و پەرداخیان لەبەردەکرد و سەرنجی خەڵکیان رادەکێشا، کەچی بچووکەکەیان سست و تەوەزەل و پیس و پلتۆخ بوو، زۆربەی کاتی خۆی لەناو خۆڵەمێشی ئاگردان دەبردەسەر. خۆی لە مشکیی ئاگردانەکە دەگەوزاند، هەر بۆیەش خەڵکەکە ناویان نابوو (ئاشریش) واتە (جل-مشکی).

ئەو باوکە پارچە زەوییەکی هەبوو، جۆی لێ چاندبوو. بەڵام عیفریتێکی دەشتێ، هەموو شەو دەچوو بەناو دەغڵەکە دەکەوت و دەیشکاند و تێکی دەدا. ئەو وەرزێرە کلۆڵە نەیدەزانی ئەو شتە چییە وا لە دەغڵەکەی دەکا. رۆژێکیان لە دڵی خۆیدا، دەمی قسەی کردە ئەو عیفریتە و گوتی:

- هەی لەعنەتی! نەختێ بوەستە! دەچیتە کوێ، هەر دەتگرم. ئەوسا بزانە چت لێدەکەم.

کابرا بانگی کوڕەکانی کرد، داوای لێ کردن نۆبەت لە دەغڵەکە بگرن و گوتی:

- ئەو عیفریتە بگرن. لێنەگەڕێن لە دەستتان دەربچێ. هەر کێ بوو، هەرچی هەبوو، بەبێ رەحمی دارکاریی بکەن، بۆ ئەوەی ئەم رەوشتە خراپەی تەرخ بکا و چیدی زەرەر لە خەڵک نەدا. دیارە، لە ژیانی خۆیا کەس نەبووە پەروەردەیەکی باشی بکا و فێری بکا چۆن لەگەڵ خەڵک بژی.

دوو کوڕە گەورەکە خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی داوای باوکیان جێبەجێ بکەن. دەتگوت سەفەری دوور بۆ ئەوپەڕی دونیا دەکەن:

ئەسپ، سەگ، تۆپز و پێویستیی تریان ئامادەکرد بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواویی ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن. دایکیان کێک و کولیچەی بۆ کردن و گۆشتی بۆ لێنان. ئەوانیش ئەوەندەیان خواردن و ئەوندەیان لە گیرفانیان پەستا هەر وەخت بوو گیرفانیان بتەقێ. دایکە گوتی:

- کوڕم تێر بخۆن. کە چوونە سەر زەویش ئەوەندە لە ورگتان بکەن، تا تێر و پڕ دەبن. نەوەک لە برسان دەمرن!

شیر و شەرابیشیان برد بۆ ئەوەی لە تینوان نەخنکێن. ئیتر هەستان روویان کردە سەر زەوی.

باشه، (ئاشریش) دەبێ لەم ماوەیەدا چی کردبێ؟
(ئاشریش) بە دزیی چەکمەزەیەکی کەوەنتەری مدبەقی راکێشا، چەند پارچە نانێکی رەق و وشکی دەرهێنا و لەناو توێشەبەرەی نا و ئەویش بە دزیی رووی کردە سەر زەوی، چونکە هەر جارەی بچووبایە مدبەق و داوای شتێکی بکردایە، دایکی بە دەسکی گەسکەکەی لێی دەدا و وەدەری دەنا.

دوو برای گەورەترێ، کاتێ کە گەیشتنە سەر زەوی، سنگیان داکوتا و ئەسپیان بەستەوە. ئاگریان کردەوە و بە تاسووقەوە دەستیان بە خواردن و خواردنەوە کرد. تا مڕ بوون خواردیان. تەنانەت سەگەکەشیان، نەک هەر گۆشتیان دایەو بەس، بەڵکو کولیچەشیان بۆ لە شەراب هەڵکێشا و تا تێر و پڕ بوو دایانێ و بە سەگەکەیان گوت:
- بێ شک تۆ پێت خۆشە کە لە گەڵ ئێمەدای! مادام وایە، هەتا دەمری، هەر بخۆ و بخۆرەوە.

ئەو سەگە بەسەزمانە، زۆری نەبرد سەرخۆش بوو. دوو براکەش وردە وردە سەریان قورس بوو. بۆرژان و خەویان لێکەوت. هەموو گەنجینەی دونیایان بدابانێ ئەو بەختەوەرییەیان لەگەڵ برا بچووکەکەیان بەش نەدەکرد. لەولاوەش (ئاشریش) چووە سەر دار سێوێک و دەستی بە خواردنی پارچە نانە رەق و وشکەکەی خۆی کرد. تینوێتی زۆری بۆ هێنا، سێوێکی لێ کردەوە و قەپی لێ گیر کرد.

پێش نیوەشەو، سێ ئەسپ وەکوو باو و باران، بە گرمە و نەعرەتە هاتن. یەکێکیان چووە بن دارسێوەکە و خۆی پێ خوراند. (ئاشریش) بەر بووەوەو کەوتە سەر پشتی ئەسپەکە. توند جلەوی گرت و خۆی بە ناوچەوانییەوە نووساند. ئەسپەکە تێی تەقاند و رایکرد. لەو کەمبازەوە بازی دەدایە سەر ئەو کەمبازە و لەو تارمە کایەوە خۆی هەڵدەدایە سەر ئەو تارمە کایە. لەو سەری زەوییەکەوە دەچووە ئەو سەر وەکوو (با) و (بۆران) بە هەموو لایەکدا غاری دەدا بۆ ئەوەی سوارەی سەر پشتی لەنگەری تێک بچێ و بەربێتەوە، بەڵام ئاشریش توند خۆی بە ئەسپەکەوە قرساند بوو. خۆی پێدا شۆڕ کردبووەوە. ئەسپی کلۆڵ ئەوەندە رەتا تا شل و شەکەت بوو، زانی (ئاشریش)ی پێ نابەزێ... ئیتر رووی کردە (ئاشریش) و پێی گوت:
- بەراستی تۆ گەنجێکی ئازای... ها لغاوەکەم بگرە، لات بێ. هەر کاتێ پێویستت بە من بوو، رایبهەژێنە، چیت بوێ دێم بۆت دێنم.
(ئاشریش)لغاوەکەی لێ وەرگرت و گەڕایەوە ماڵێ.

بۆ سبەینێ، تەبارە جۆکە دیسان هەمووی پێشێل کرابو و، جۆ هەموو بەناو زەویدا بڵاوببووەوە. باوکە زانی چوونی کوڕەکانی بۆ پاسەوانی جۆ بێ سوود بووە. لە (ئاشریش)یان پرسی:

ئایا تۆ هیچ شتت نەدیوە؟

وەڵامی دایەوە:

– شتی چ ببینم؟ بۆ خۆم پڕ بە چاوان نووستم.

کە وای گوت بە نائومێدی لچی هەڵقورچاند.

شەوی دووەم، کە بوو بە نیوە شەو، دوو ئەسپی تیژ وەکوو تیر هاتن. یەکێکیان خۆی گەیاندە دارسێوەکە و خۆی پێ سڕییەوە. (ئاشریش) زۆر بە چوستی خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکە. ئەسپەکە دەرپەڕی و هەڵات. لە کەمبازێکەوە خۆی هەڵدایە سەر کەمبازێکی تر و لە تارمە کایەکەوە خۆی هەڵدایە سەر تارمە کایەکی تر، بەڵام ئاشریش زۆر ئازایانە خۆی بەرامبەر هەڵبەزو دابەزی ئەسپەکە راگرت. ئاخیری ئەسپەکە پێی گوت:

– بەرەڵڵام کە بەڵام لغاوەکەم بگێڕەوە، هەر کاتێ لغاوەکەم رابهەژێنی، هەرچی بتەوێ بۆت جێبەجێ دەبێ.

شەوی سێیەم، براکان دووبارە خۆیان بۆ پاسەوانی ئامادە کرد. دوو برای گەورەترێ خواردنێکی زیاد لە پێویستیان برد. وەکوو قازێ کەوتبێتە سەر خواردن ئاوها تا تووشی ئەنتەلا بوون خواردیان و وەکوو ئیسفنج تا هەڵدەفان شەرابیان نۆشی. زۆری نەبرد خەوێکی قووڵیان لێ کەوت، کەچی (ئاشریش)ی کلۆڵ نانە وشک و رەقەکەی خۆی خوارد و ئاوی سێوی بەسەر داکرد بۆ ئەوەی تینوێتی بشکێ. ئینجا زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی کرد داخۆ لەسەر زەوی چ دەقەومێ.

پێش نیوەشەو، ئەسپێک وەکوو با و بۆران هات، چووە لای دارسێوەکە و خۆی پێ خوراند. (ئاشریش) وەکوو برووسکە دابەزییە سەر پشتی ئەسپەکە و ئەسپەکە لەناو زەوییەکەدا کەوتە غارەغار. بەسەر کەمباز و تەپۆلکان دا بازی دەدا، ئاخیری لغاوی خۆی دایە دەست (ئاشریش) و پێی گوت:

– ها ئەم لغاوە بگرە. رایبهەژێنە، هەرچی حەزبکەی بۆت دەبێ. ئێستا ئازادم بکە.

(ئاشریش) لغاوەکەی وەرگرت و لە جێگایەکی تەقەت شاردییەوە. دوو براکەی تریش بە لەتر بردن گەڕانەوە و بوون بە گاڵتەجاری ماڵی خۆیان و هەموو خەڵکەکەش.

باوکە دڵنیا بوو هەموو هەوڵەکەی بێ هوودە بووە. تەبارە جۆکەی دوورییەوە، بەڵام تەنیا کا و قەسەر بوو.

لەو ماوەیەدا، پاشا لەسەرانسەری وڵاتدا جاڕی دا، کچەکەی بە مێرد دەدا. کچەکەی ئەڵقەیەکی زێڕی بە زریزەیەک بە پەنجەرەی سەرەوە شۆڕکردەوە. هەر کەسێ بتوانێ خۆی هەڵ بدا و ئەو ئەڵقەیە لێ بکاتەوە، پاشا کچی خۆی دەداتێ. ئەو خەبەرە بە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو بووەوە. براکانی (ئاشریش) تەبای خەڵکەکە، چوون خۆیان تاقی بکەنەوە، لەهەمان کاتدا، گاڵتەیان هاویشتە سەر براکەیان و گوتیان:

– ئەی تۆ،ئاشریش! تۆش لەگەڵمان نایەی؟

ئاشریش وەڵامی دانەوە گوتی:

– بەدی، هەڵبەت دێم.

ئەویش بەگەڵیان کەوت.

دوو برای گەورەترێ ئەسپەکانیان تەیار کرد و خۆیشیان پۆشتەترین جلیان کردەبەر. کەچی (ئاشریش) سواری بەرازێکی تەپ و سست بوو. بەم حاڵە بە ئومێدی لێکردنەوەی ئەڵقەکە کەوتە ڕێ. براکانی ئاشریش و خەڵکی ئاوایی، کە ئاشریشیان بەم جۆرە بینی، هەموو قاقا پێی پێکەنین. بەڵام (ئاشریش) هەر هێندە لەناو ئاوایی چووە دەرەوە، لغاوێکی دەرهێنا و رایهەژاند. لغاوەکە یەکسەر لێی پرسی:

– ئەمرت لەسەر چییە، ئەی سەروەری مەزن؟!

ئاشریش پێی گوت:

– دەستە بەرگێک و ئەسپێکی مس!

چی گوت، دەم و دەست بۆی پەیدا بوو. ئەسپێکی مس لەبەردەمی وەستا و دەستە بەرگێکی مسیش لەوێ داندرا. (ئاشریش) دەستە بەرگەکەی کردەبەر و یەکسەر بە سواری ئەسپی مس رووی کردە شوێنی پێشبڕکێ. قەرەباڵغییەکی زۆر، لە پیاوی عەیان و خانەدان، بە جل و بەرگی پۆشتە و پەرداخ، لەبەردەم کۆشکی شاهانەدا کۆببوونەوە. هەموو هەوڵ خۆیان دا بۆ ئەوەی خۆیان هەڵبدەن و ئەڵقەکە رابپسکێنن بەڵام بێ هوودە بوو. دوو براکەی (ئاشریش)یش هەوڵی خۆیان دا و ئەوانیش تێ خرچان. ئەڵقەکە هەر لە جێگای خۆی بوو، بە زریزەکە، لە پەنجەرەی سەرەوە شۆڕ ببووەوە.

لەپڕ گەنجێکی کۆک و کنک دەرکەوت. بە سواری ئەسپێکی مس، دەتگوت لەسەر ئەستێران کەوتۆتە خوارێ، لەسەرڕا پڕی دایە ئەلقەکە و سەرنجێکی لە کچی پاشادا

و چۆن لەپڕ هات، ئاوها لەپڕ بزر بوو، دەتگوت زەوی قووتی داوە. بێگومان خەڵکەکە مەراقیان بوو بزانن ئەم گەنجە نەناسیاوە کێ بوو هات. هەموو شوێنێ گەڕان و قاسیدیان بۆ هەموو لایەک نارد، بەڵام ئەو گەنجەی جلی مسی لەبەر بوو، چۆن بزر بوو، هەر ئەو بزربوونە بوو.

دوای ئەوە دیسان، پاشا جاڕی دا کچەکەی بە مێرد دا. کچە سێوێکی زێڕی لەسەر لێوی پەنجەرەی خۆی دانا. واتە سێوەکە لە ئەلقەکەش بڵندتر بوو. هەر کەسێ بتوانێ خۆی هەڵبدا و ئەو سێوە بڕفێنێ، پاشا کچی خۆی دەداتێ. کە براکانی (ئاشریش) ئەم خەبەرەیان بیست، قەشمەرییان بە (ئاشریش) کرد و گوتیان:

- ئاشریش، تۆش بە سواری بەرازە قێزەونەکەت دێی؟

بەڵام ئەم قسەیە کاری لە (ئاشریش) نەکرد. هەر ئەوەندە بوو بە گاڵتە شانی هەڵتەکاند و بە کورتی وەڵامی دایەوە:

-ئا دەچم، بۆ دێم؟

دووبارە، براکانی گەورەترێ سواری ئەسپ بوون و (ئاشریش)یش بە سواری بەرازە پیسەکەی کەوتە شوێنیانەوە. منداڵ کەوتنە دووی. هاواریان دەکرد. تیزیان پێ دەکرد و پەنجەیان لێ هەڵدەشەقاند. بەڵام (ئاشریش)، کە لە گوند چووە دەرەوە، لغاوێکی لەناو هەگبە دەرهێنا و توند رایهەژاند.

لغاوەکە گوتی:

- ئەمرت لەسەرت چییە، ئەی سەروەری مەزن؟

(ئاشریش)پێی گوت:

- ئەسپێک و دەستەبەرگێکی زیوم دەوێ.

دەست بەجێ، هەموو شتێ حازر بوو. (ئاشریش)، بێ سێ و دوو، جلەکانی کردەبەر و خۆی هەڵدایە سەر خانەی زینی ئەسپەکە و رووی کردە کۆشکی شاهانە. هەموو خانەدان و عەیان لەوێ کۆببوونەوە بە هەموو توانای خۆیانەوە خۆیان هەڵدەدا بۆ ئەوەی بگەنە سێوەکە و بیڕفێنن، بەڵام هەموو هەوڵیان بە هەدەر چوو. لەپڕ گەنجێکی قۆز وەکوو با و باران دەرکەوت. سواری ئەسپێکی زیو ببوو، دەستە بەرگێکی زیوی لەبەر بوو. پڕی دایە سێوەکە و سەرنجێکی لە کچی پاشادا و وەکوو برووسکە بزر بوو. ئەو خەڵکەی ئەوێ، هەموو لە جێی خۆیان تاسان و حەپەسان. نەیانزانی چ قەوما! کەچی کوڕە وەکوو هەڵم لە هەوادا بزر بوو.

پاشا بۆ جاری سێیەم جاڕی دا. هەرکەسێ تەماحی لە کچەکەی دایە، لەبەردەم کۆشکی شاهانەدا کۆببنەوە. کچە دەسرۆکەی زێڕینی خۆی بە بەرزترین پەنجەرەی کۆشکەوە کرد. هەر کەسێ بتوانێ خۆی هەڵبدا و دەسرۆکەکەی کچی پاشا لە پەنجەرە بکاتەوە، پاشا کچی خۆی دەداتێ. شەماتەیەکی زۆر لە گرەگر و خانەدانەکان لەبەردەم کۆشک کۆبوونەوە، ئەوەندە زۆر بوون بە قەدەر دنکە قومی بیابان دەبوون.

دوو براکەی (ئاشریش) چوون خۆیان تاقی بکەنەوە. (ئاشریش)یش خۆی بە گەڵ دان. کە (ئاشریش) بە دوو براکانی داچوو، هەموو خەڵکەکە تیز و قەشمەرییان پێکرد. کە گەیشتە ئەولای دێ، لغاوێکی دەرهێنا و رایهەژاند. لغاوەکە قیت راوەستا و گوتی:

– ئەمرت لەسەر چییە، ئەی سەروەری مەزن؟

ئاشریش وەڵامی دایەوە:

– ئەسپێک و دەستە بەرگێکی زێڕم دەوێ.

چی گوت، دەم و دەست بۆی حازر بوو. جلە زێڕەکەی کردەبەر و وەکوو بڵێسەی بریقەدار دەبریسکایەوە. شەوقی لە رۆژ بڕی بوو. ئینجا سواری ئەسپە زێڕەکە بوو، بە چاو تروکانێک گەیشتە بەردەم کۆشکی پاشا. پیاوی گرەگر و خانەدان خڕ ببوونەوە، بەڵام دڵنیا بوون کە هیچ کەس ناتوانێ تا ئاستی دەسرۆکی کچی پاشا خۆی هەڵاوێ. کەچی لەناکاو گەنجێکی قۆز وەکوو گوللە هات. جلێکی زێڕی لەبەر بوو. سواری ئەسپێکی زێڕ ببوو. خۆی هەڵدا بۆ ئاسمان و پڕی دایە دەسرۆکەی کچی پاشا و چۆن کت و پڕ هات ئاواش کت و پڕ لەچاو بزر بوو.

ئەوسا پاشا فەرمانی دا، ئەو گەنجە نەناسە خۆی لە هەر کوێ شاردبێتەوە، بە هەر جۆرێ بێ، دەبێ بیدۆزنەوە. پیاوەکانی پاشا بۆی دەرچوون. هەموو شار و شارۆچکە و گوندێک گەڕان. سەریان بە کون و کەلەبەری هەموو کۆشک و خانوو تەویلەیەک دا گرت. لەولاوەش (ئاشریش) بۆ خۆی لە ماڵەوە، لەبەر ئاگردان دانیشتبوو. پیس و پۆخڵ و خۆڵاوی، دەتگوت تازە لەناو مشکیدان گەوزیوە. زۆر بە داوەڵی باڵندەترسێن دەچوو. ئەمەش هۆی تایبەتی خۆی هەبوو. (ئاشریش) دەسرۆکە زێڕەکە و سێوە زێڕەکەی لەبن کڵاوی خۆی شاردبووەوە. ئەڵقە زێڕەکەشی بە زریزەوە لەناو خۆڵەمێش راکرد بوو. خۆڵەمێشەکە هێشتا هەر گەرم بوو. سەرێکی زریزە زێڕەکەی لە پەنجەی خۆی بەستبوو. وەکوو منداڵێکی بچکۆڵە، هەندێ جار زریزەکەی رادەکێشا و جاروبار گەمەی بە ئەڵقە زێڕەکە دەکرد.

سەربازەکانی پاشا بۆ پشکنین گەیشتنە ماڵی ئەو سێ برایە. بە وردیی ماڵەکەیان پشکنی. (ئاشریش)یان بینی، بە گاڵتە لێیان پرسی:

- خۆ قاتی تۆ ئەو کەسە نیت کە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین؟

دووەم گوتی:

- ئەوە تۆ نەبووی سواری بەرازەکە ببووی؟

سێیەم گوتی:

- جلی کوڕە پاشایانیشت لەبەر بوو؟

یەکێ لە براکانیشی هاواری کرد:

- ئەم کڵاوەی تۆ زۆر لە شۆڕەسوارێکی گەڕناس دێ کە بچێتە جەنگی ئاشی (با).

لە گەرمەی ئەو گاڵتەجارییەی ئەوانا، (ئاشریش) کڵاوەکەی لەسەرکردەوە و سێوەکە و دەسرۆکەکە بەربوونەوە. کە ویستی کڵاوەکەی لەسەر بنێتەوە، دەستی جوڵاندەوە و ئەڵقە زێڕەکە و زریزەکە لەناو خۆڵەمێشی گەرم هاتنە دەرەوە. هەموو ناسیانەوە، بەڵام پێیان سەیر بوو، چۆن ئەم پیاوە پیسە، بووە بە و شۆڕەسوارە عەگیدە.

(ئاشریش) زانی دەبێ چ بکات. خۆڵەمێشەکەی لادا. لغاوێکی دەرهێنا و رایهەژاند. لغاوەکە قیت وەستا و پرسی:

- ئەمرت لەسەر چییە، ئەی سەروەری مەزن؟

(ئاشریش)گوتی:

- دەستە بەرگێکی زێڕ و ئەسپێکی زێڕم دەوێ.

یەکسەر هەموو شتێکی لەبەردەم پەیدابوو. دەستە بەرگەکەی لەبەر کردو سواری ئەسپەکە بوو. هاژۆای و بە چاوترووکانێک گەیشتە کۆشکی پاشا. بە چەپڵەڕێزان و هەلهەلە و هات و هاوار پێشوازییان لێکرد.

کچی پاشا رازی بوو شووی پێ بکا. بوو بە زەماوەند و شار رازایەوە و بوو بە خۆشیی و شادی.

هەموویان بە ئاسوودەیی و بەختەوەریی ژیان.

* * *

# ٥ـ ئەسپی ڕۆژ[٨٧]



**هەبوو نەبوو،**

لە سەردەمانی زوو، وڵاتێک هەبوو غەمگین وەکوو رۆژی پایز، تاریک وەکوو شەوی ئەنگوستەچاو، چونکە ئەو وڵاتە هەرگیز رۆژی لێ هەڵنەدەهات. بە خەڵکەکە بوایە بار بکەن برۆن و ئەو وڵاتە بۆ کوندەپەپۆ و مشکی دەشتێ جێ بێڵن. بەڵام دڵی خۆیان بەوە دەدایەوە کە پاشا ئەسپێکی هەبوو رۆژێکی لەناوچەوانی بوو وەکوو رۆژی راستەقینە تیشکی بە هەموو لایەکدا بڵاودەکردەوە. ئەو ئەسپەیان بە وڵاتدا دەگێڕا و ئەویش کە دەرۆیشت هەموو شتێکی وەکوو رۆژی نیوەڕۆ روناک دەکردەوە و کە ئەسپەکە لە چیا ئاوادە بوو، دیسان دەبووە تاریکاییەکی ئەنگوستەچاو.

رۆژێ، لەپڕ ئەسپەکە بزر بوو. وڵات بوو بە تاریکستان. کەس نەیدەتوانی لە ماڵی خۆی بێتە دەرەوە و بچێتە سەر شینایی و بژێوێک پەیدا بکا. تووشی بەڵایەکی وا هاتن هەر باس ناکرێ. پاشایش تووشی نیگەرانیی هاتبوو، نەیدەزانی داخۆ چارەنووسی وڵات بە چی دەگا، ئاخر ناکرێ بەم جۆرە بەردەوام بێ.

پاشا لەشکرێکی کۆکردەوە و کەوتە گەڕان بەدوای (ئەسپی رۆژ). زۆر بە زەحمەت گەیشتە سە رسنووری وڵاتەکەی. تا لە وڵاتە دراوسێکەی نزیکتر دەکەوتەوە، وردە وردە روناکی زیاتر دەبوو. روناکی زەردەپەڕ بە کزی دادەکشایە ناو لێڕەواری چڕ کە کۆتاییەکەی دیار نەبوو. ئەو لەشکرە هەر رۆیشت رۆیشت تا گەیشتە خانوویەکی بچکۆلەی لاچەپ. خانووەکە ئەوەندە داڕزابوو هەر ئەوەتە بەسەریەک دا نەدەتەپی. کابرایەک لەناو ئەو خانووە بوو، مێزێکی لەبەردەم بوو، کتێبێکی زلی دەخوێندەوە.

پاشا سڵاوی لێکرد. کابرا هەستایەوە و گوتی:

– تازە شتێکم لەبارەی تۆ خوێندەوە:

تۆ هاتووی لە (ئەسپی رۆژ) دەگەڕێی، بەڵام خۆت پێت نادۆزرێتەوە. متمانەت بە من هەبێ. من پیاوێکی دانام. ئەسپەکەت بۆ دێنمەوە و وڵاتەکەت وەکوو جارانی لێ دێتەوە. بەڵام دەبێ خزمەتکارێکی خۆتم بدەیتێ. خزمەتکارەکە خۆم هەڵیدەبژێرم بۆ ئەوەی لە سەفەرەکەما یارمەتیم بدا. تۆش هەر ئێستا یەکسەر بگەڕێوە وڵاتی خۆت چونکە لەوێ پێویستیان بە تۆیە. وڵات، با لە تاریکیش دا نقووم بێ، هەر دەبێ سەرۆکێکی هەبێ.

پاشا رازی بوو، گوتی:
- بەراستیتە؟ من رازیم. ئەگەر بتوانی قسەی خۆت بێنیتە جێ و رەعیەتەکەم لە تاریکی رزگار بکەی، پاداشتێکی زۆر باشت دەدەمێ.

پاشا، چیتر خۆی تاخیر نەکرد. بە خۆ و بە لەشکرەوە گەڕایەوە وڵاتی خۆی. تەنیا یەک خزمەتکاری لای کابرای دانا مایەوە، ئەویش خۆی دەستنیشانی کردبوو.

کابرای دانا بە خزمەتکارەکەی گوت بۆ خۆی لە کونجێک دابنیشێ. خۆیشی گەڕایەوە سەر خوێندنەوەی کتێبێکی زل تا شەو تەواو راشکا. بۆ بەیانی هەردووکیان کەوتنە رێ و رۆیشتن چونکە شەش وڵاتیان لە پێش بوو بیبڕن. رانەوەستان تا لە وڵاتی حەفتەم گەیشتنە بن شوورەی کۆشکی شاهانە.

سێ برا فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەیان دەکرد. کوڕی ژنێکی جادووکەر بوون. دایکیان سێ خوشکی بۆ خواستبوون. کابرای دانا داوای لە خزمەتکارەکە کرد خۆی لەبن بەردێک بشارێتەوە. خۆیشی بوو بە چۆلەکەیەکی سەوز و فڕی چووە لای خوشکە گەورەکە و لەسەر لێوی پەنجەرەکەی نیشت و بە دەنووک لە پەنجەرەکەی دا و کردییە فڕە فڕ تا کچەکە پەنجەرەی لێ کردەوە. کچەکە زۆری هەوەس پێ دەهات و دەستی بەسەری داهێنا و گوتی:
- هەی چەتوونی بچکۆڵە، ئەوە تۆ چەند جوانی! ئەگەر مێردەکەم لەماڵەوە بوایە بە دیتنی تۆ زۆر شاد و کەیفخۆش دەبوو، بەڵام تا ئێوارێ نایەتەوە، چووە سێیەکی وڵات بەسەر بکاتەوە.

کابرای دانا لەوە زیاتری نەیدەویست، بەڵام لەوکاتەدا ژنەی جادووکەر بە پڕتاوی خۆی کرد بە ژوورێ دا و قیژاندی و ویستی یەکسەر چۆلەکەکە بخنکێنێ و بیانووی خنکاندنی چۆلەکەکەی بەوە بۆ کچەکە هێنایەوە گوتی:
- نەوەک ئەمە دەتکوژێ.

ژنەی جادووکەر ویستی بە نینۆکەکانی، کە وەکوو دانەی شانەی دەشت وابوون، چۆلەکەکە بگرێ، بەڵام چۆلەکەکە بوو بە پیاو. دوو ژنەکە هێشتا لە حەپەساوی نەهاتبوونەوە سەرخۆ کە بە دەرگادا چووە دەرەوە و بزر بوو.

کابرای دانا دووبارە خۆی کرد بە چۆلەکەیەکی سەوز و چوو لەسەر لێوی پەنجەرەی خوشکی دووەم نیشت و دەنووکی لە مینای پەنجەرەدا و پەنجەرە کرایەوە، ئەو کچەش بە بینینی چۆلەکەکە شاد و خۆشحاڵ بوو و دەستی بەسەر داهێنا و گوتی:

– هەی چەتوونی بچکۆڵە! ئەوە تۆ چەند جوانی! ئەگەر مێردەکەم لەماڵەوە بوایە زۆری کەیف بە تۆ دەهات، بەڵام تا سبەی ئێوارێ نایەتەوە، چووە دوو سێیەکی وڵات بەسەر بکاتەوە.

کابرای دانا لەوەندە زیاتری نەدەویست. بەڵام لەو کاتەدا، ژنەی جادووکەر بە هەشتاوی خۆی بە ژوورەوەدا کرد و ویستی چۆلەکەکە بگرێ و بیخنکێنێ. بیانووی خنکاندنی چۆلەکەکەی بەوە بۆ کچە هێنایەوە، گوتی:

– نەوەک دەتکوژێ.

ویستی بە نینۆکەکانی کە وەک دانە شانەی دەشت وابوون چۆلەکەکە بگرێ، بەڵام چۆلەکەکە بوو بە پیاو. دوو ژنەکە تاسان و هێشتا نەهاتبوونەوە سەرخۆ کە ئەو لە دەرگاوە بۆی دەرچوو و بزر بوو.

کابرای دانا دیسان ئەوجارەش خۆی کرد بە چۆلەکەیەکی سەوز و چوو لەسەر لێوی پەنجەرەی خوشکی گچکە نیشت و دەنووکی لە جامی پەنجەرەکەدا و کچە پەنجەرەکەی بۆ کردەوە و وەکوو دوو خوشکەکەی کەیفی بە دیتنی هات و دەستی بەسەر داهێنا و گوتی:

– هەی چەتوونی بچکۆلە! ئەوە تۆ چەند جوانی! ئەگەر مێردەکەم لە ماڵەوە بوایە بە دیتنت زۆر خۆشحاڵ دەبوو. بەڵام تا دوو سبەی ئێوارێ ناگەڕێتەوە. چووە سەراپای وڵات بەسەر بکاتەوە.

کابرای دانا دەیزانی چی دەوێ. ئەمجارەش هەر وەخت بوو هەموو شتێ لە باریەک بچێ، چونکە ژنەی جادووکەر وەکوو شێت پەلاماری ژوورەوەی دا و خەریک بوو بیگرێ، بەڵام ئەو خۆی کرد بە پیاو و بە چاوتروکانێک لە ژوورەوە رۆیشت و دوو ژنەکە تەنانەت ماوەیان نەبوو ببینن کە چۆن رۆیشت و بۆی دەرچوو.

کابرای دانا بە هەلەهەل و پەلەپەل گەڕایەوە لای خزمەتکارەکەی و پێی گوت بچێتە شار و بایی سێ رۆژ خواردن بکڕێ. خۆیشی چووە ناو لێڕەوار چونکە دەیزانی جادووکەرەکە ئەگەر لەو شوێنەی خۆیا بیدۆزێتەوە هیچ رەحمی پێ ناکا. پاش ماوەیەک، خزمەتکارەکە بە هێنکە هێنک و غارەغار هاتەوە. خەبەری دایە کە سەراپای وڵات بە گەرمیی و شلەژاوی بە دوای کابرایەک دا دەگەڕێن و هەر خواکردی نەکەوتە بەردەستیان.

هەردووکیان بە دووقۆڵی رۆیشتن تا گەیشتنە ئەو پردەی کوڕەکانی جادووکەرەکە لە

گەڕانەوەدا بۆ کۆشکی شاهانە بە سەری دا دەپەڕینەوە. کابرای دانا کاریتەیەکی لەسەر پردەکە کردە لەمپەر. تا ئێوارێ چاوەڕێیان کرد.
کە تاریک کەوتە عەردی، لە دوورەوە چرتەی سمی ئەسپێک هات. ئەمە پاشای نۆبەرە بوو دەگەڕایەوە لای کەس و کاری. کە گەیشتە پردەکە، ئەسپەکەی لە کاریتەکە هەڵەنگوت. پاشا، بە تووڕەیی گوتی:
– ئەوچ پیاوێکی توند و بەوەجە ئەم کاریتەی لێرە داناوە؟
کابرای دانا بازی دایە سەر پردەکە و وەڵامی دایەوە:
– ئەوە منم! دەتەوێ زۆرانبازیم لەگەڵ بکەی؟ ئاخر خۆت بە توند و بەوەج وەسفت کردم.
پاشا شیری هەڵکێشا و گوتی:
– ئا. تۆش ژیانی خۆت لەسەر دادەنێی!
بوو بە زۆرانبازی، پاشا تێ خرچا. کابرای دانا پاشای بەزاند و کوشتی و تەرمەکەی لە ئەسپەکەی بارکرد بۆ ئەوەی بیباتەوە کۆشکی شاهانە.
کابرای دانا و خزمەتکارەکەی گەڕانەوە بن پردەکە و تا ئێوارەی پاشی چاوەڕێیان کرد.
کە تاریک کەوتە عەردی، پاشای دووەم هات. ئەسپەکەی ساتمەی لە کاریتەکەکە کرد.
پاشا بە تووڕەیی هاواری کرد:
– ئەوە چ پیاوێکی توند و بەوەجە ئەم کاریتەی لێرە داناوە؟
کابرای دانا یەکسەر خۆی گەیاندە سەر پردەکە و دەمی قسەی کردە پاشا و گوتی:
– ئەوە منم! دەتەوێ زۆرانبازیم لەگەڵ بکەی؟ ئاخر خۆت بە توند و بەوەج وەسفت کردم.
– ئا. نرخەکەی بە خوێنی خۆت دەدەی!
پاشا شمشیری هەڵکێشا و بۆ کابرای دانا چوو. کابرای داناش وەکوو ئەو شمشیری هەڵکێشا و زۆرانبازیی دەستی پێکرد. پاشا شکستی هێنا. کابرای دانا بە خۆ و بە خزمەتکارەوە تەرمەکەیان لەسەر ئەسپەکە بار کرد بۆ ئەوەی بیباتەوە کۆشکی شاهانە.
ئینجا گەڕانەوە حەشارگەی خۆیان لە ژێر پردەکە و چاوەڕێی ئێوارەی سێیەمیان کرد.
ئێوارێ کە تاریک کەوتە عەردی، پاشای هەرە بچووک بە سواری (ئەسپی رۆژ) هات. هیچ ساتمەی نەکرد بەڵام چاوی بە خوێنی رژاوی شاهانە کەوت دەبریسکایەوە، هاواری کرد:

– ئەوە ئەم کفرە چییە؟ ئەم تاوانە چییە؟ کێ زاتی کردووە خوێنی لەسەر ڕێگای من ڕشتووە؟

– ئەم خوێنە، من ڕشتوومە و خوێنی براکانی تۆیە!

کابرای دانا، دەست بە شمشێر هەڵیکوتایە سەر پاشا. بوو بە شەڕ بەڵام هیچ ئەنجامی نەبوو. شمشیریان پارچە پارچە بوو هەر پارچەیەکی فڕییە لایەک.

کابرای دانا گوتی:

– بە شمشیر ناگەینە هیچ ئەنجامێک. پێشنیازێکم هەیە: وەرە خۆمان بکەین بە پێچکە عارەبانە و لەم هەردوو تەلانە بەرە و بنی دۆڵەکە گلۆربینەوە و خۆمان لێک بدەین.

پاشا وەڵامی دایەوە:

– ڕازیم. من دەبم بە پێچکەی عارەبانەی ئاسایی و تۆش ببە بە پێچکەی عارەبانەی دەست.

– نا، نا. تۆ ببە بە پێچکەی عارەبانەی دەست و من دەبم بە پێکەی عارەبانەی ئاسایی.

پاشا ڕازی بوو. هەر کەسە سواری عارەبانەی خۆی بوو، خۆی کرد بە پێچکەی عارەبانە و لەسەر هەردوو گردی بەرامبەر شۆڕبوونەوە بۆ بنی دۆڵ و پێچکەی عارەبانەی ئاسایی بەو قورساییەی خۆی بە پێچکە سووکەکە کەوت. پێچکە سووکەکە بوو بە هەزار پارچە و بە ئاسمان دا بڵاوبووەوە.

کابرای دانا بازی هەڵدا و هاواری کرد:

– ئێستا تەواو! من لێم بردیتەوە.

بەڵام پاشا، لەبەردەم کابرای دانا، قیت وەستا و وەڵامی دایەوە:

– سەبرت هەبێ، جەنابی بەڕێز! ئەمجارە تەنیا پەنجەت شکاندووم. منیش پێشنیازێکم هەیە: وەرە خۆمان بکەین بە بڵێسە ئاگر و هەر یەکە هەوڵ بدا ئەوەی تر بسووتێنێ. من خۆم دەکەم بە بڵێسەی سوور و تۆ خۆت بکە بە بڵێسەی سپی.

کابرای دانا گوتی:

– نا، نا. تۆ خۆت بکە بڵێسەی سپی و من خۆم دەکەم بە بڵێسەی سوور.

پاشا ڕازی بوو. لە نزیک پردەکە هەردووکیان بوون بە بڵێسەو بەبێ بەزەیی کڵپە ئاگریان لەیەک دەگرت و یەکتریان دەسووتاند، بەڵام بێ هوودە بوو. لەو کاتەدا، دەرۆزەکەرێکی گەڕیدە بەوێدا تێپەڕی، کەس نەیزانی لەکوێ دەرکەوت.

بڵێسەی سپی هاواری کرد:
– هۆ پیری شکۆمەند، نەختێ ئاو بەسەر بڵێسەی سووردا بکە، دینارێکت دەدەمێ.
کابرای پیرە رازی بوو. چوو هەندێ ئاوی هێنا و هاتەوە. بڵێسەی سوور خێرا بانگی کرد:
– هۆ پیری شکۆمەند، هۆ! ئەگەر ئەم ئاوە بەسەر بڵێسەی سپی دا بکەی، من یەک لیرە زێڕت دەدەمێ.
پیرەمێرد ئاوەکەی بەسەر بڵێسەی سپی دا کرد چونکە لیرە زێڕێک بۆ ئەو لە دینارێک زیاتر بوو.
پاشا یەکسەر مرد. کابرای دانا هاتەوە و بووەوە بە پیاوەکەی جاران. جلەوی (ئەسپی رۆژ)ی گرت و خۆی هەڵدایە سەر خانەی زینی. سوپاسی دەرۆزەکەرەکەی کرد بۆ ئەو خزمەتەی پێشکەشی کرد و بانگی خزمەتکارەکەی کرد. هەردووکیان ملی رێیان گرت و بەبێ وەستان رۆیشتن.
بەڵام ژنەی جادووکەر لە چالاکیی خۆی نەوەستا. هەر هێندە دوو تەرمەکەی ناشت، کەوتەوە کار. سێ شاژنەکە زۆر بە کوڵ دەگریان، بەڵام ژنەی جادووکەر هیچ گوێی پێ نەدان. پێی لە زەویی کوتا و سواری گەسکێک بوو فەرمانی بە هەر سێ ژنەکە کرد لەگەڵی سواری گەسکەکە بن. بەم شێوەیە هەر چواریان فڕینە ئاسمان. دوو رێبوارەکەشمان، بەبێ خواردن و خواردنەوە، بەناو لێڕ و بیابان دا دەڕۆیشتن، چونکە دەمێک بوو خواردنیان لێ بڕا بوو. خزمەتکارەکە، سەرەتا لە برسان برستی لێ بڕا بوو. ماوەیەکی زۆر رۆیشتن بێ ئەوەی چاویان بە هیچ گیایەک بکەوێ. لەپڕ گەیشتنە دارسێوێکی قەشەنگ. خزمەتکارەکە غاری دا بۆ ئەوەی سێوێک لێ بکاتەوە. سێوەکان لەبەر قورسایی چلەکان بە دارەکەدا شۆڕ ببوونەوە. کابرای دانا تێی راخوڕی:
– کوڕە، توخنی ئەو دارە نەکەوی. ئێستا بە سواری ئەسپ زووتر دەیگەینێ.
لەسەر ئەسپەکەی شیرێکی لە دارسێوەکە دا. دارسێوەکە خوێنێکی سووری لێهات و بەربووەوە. کابرا گوتی:
– دیتت!؟ قەپت لەیەک سێو بدابایە، ئێستا لێرە راکشابووی. ئەمە شاژنی گەورە بوو، جادووکەرەکە لەسەر رێگای ئێمەی دانابوو، تا بە سێوەکە ژەهراویمان بکا، بەڵام ئێستا وا مرد. دەتوانین بە سەلامەتی لە رۆیشتنی خۆمان بەردەوام بین.
نەختێ رۆیشتن، گەیشتنە کانیاوێک. ئاوێکی روون و زوڵاڵی وەکوو گزنگی بەیانی

تێدابوو. خزمەتکارەکە هاواری کرد:
- ئاه! ئێستا بە کەیفی خۆم ئەو ئاوە دەخۆمەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر تینوێتی خۆم دەشکێنم!
کابرای دانا گوتی:
- نەختێ سەبرت هەبێ. خۆم ئاوت بۆ هەڵدێنجم.
تا مشتوو شمشیری لە ئاوەکەدا. ئاوەکە خوێنێکی سووری لێهات.
کابرای دانا گوتی:
- دیتت!؟ ئەو ئاوەت بخواردبایەوە دەمردی! ئەم کانیاوە شاژنی دووەم بوو. ژنەی جادووکەر لەسەر رێگای ئێمە داینا بوو بۆ ئەوەی ژەهراویمان بکا، بەڵام ئێستا ئەوا مرد. دەتوانین بە خێرایی و بە دڵێکی خۆش لە رێگای خۆمان بەردەوام بین.
کەمێکی تر رۆیشتن. گەیشتنە بنەگوڵێک، یەک گوڵی دابوو. خزمەتکارەکە ویستی گوڵەکە بۆن بکا بۆ ئەوەی تەڕاتیی بکەوێتە گیانی، چونکە هیچ خواردن و خواردنەوەی دەست نەدەکەوت. بەڵام کابرای دانا بە چاو ترووکانێک خۆی گەیاندە بنەگوڵەکە و شمشیرێکی لە گوڵەکە دا و بەری دایەوە. خوێن بە هەموو لایەکدا پرژا. کابرای دانا گوتی:
- دیتت!؟ ئەمە شاژنی هەرە بچووک بوو. ئەگەر نەمکوشتبایە، ژەهراوی دەکردین. جادووکەرەکە ئێستا لە هەر کوێ بێ، لە تووڕەییان شەق دەبا. چیتر نابێتە لەمپەر لەسەر رێمان.
خزمەتکارەکە گوتی:
- تێرمان دەردەسەری دی! بە سەربەرزی (ئەسپی رۆژ)مان بۆ خۆمان بە دەست هێنا.
- هێشتا نەبۆتە هی خۆمان. ئیشەکە هێشتا شتێکی تێدا ماوە. هەر هێندە ئەم قسەیەی کرد، پیاوێکی کورتەباڵا بە غار هات و گەیشتە لایان، لغاوێکی بەدەستەوە بوو، کە بە تەنیشت (ئەسپی رۆژ)دا تێپەڕی لغاوەکەی راهەژاند. کابرای دانا هەر هێندەی هەست کرد تێ هەڵدرایە ئاسمان. کابرای کورتە باڵا سواری (ئەسپی رۆژ) بو و تێی تەقاند رۆیشت.
کابرای دانا بە خزمەتکارەکەی گوت:
- پێم نەگوتی هێشتا بە تەواوی گرەوەکەمان نەبردۆتەوە؟

خزمەتکارەکە بە غەمگینی گوت:

- راستە، راستە! بەڵام ئەو گەنجە کێ بوو؟ کێ بڕوای دەکرد ئەم ئیشە شەیتانانەی لە دەست بێ؟! بوەستە، هەر ئێستا خۆی پێ دەگەیەنم.

ئیتر مستی قوچاند و هەڕەشەی لە کابرای کورتەباڵا کرد.

کابرای دانا گوتی:

- دەبێ زوو خۆتی پێ بگەیەنی، بەڵام ئەوەش بزانە هەرچی بکەی ماندووبوونت بە فیڕۆ دەڕوا، چونکە هەرگیز نایگەیتێ. من پێشنیازێکی باشترم هەیە:

تۆ بگەڕێوە ماڵی خۆت. پاش ماوەیەکی تر خواردن و خواردنت دەست دەکەوێ. منیش کە (ئەسپی ڕۆژ)م دەست کەوتەوە، یەکسەر دێمەلات.

لەسەر ئەم بڕیارە لێک جودابوونەوە. کابرای دانا چوو بە دوای جادووکەرە کورتەباڵاکەدا گەڕا. پاش ماوەیەکی کەم، پێی گەیشت و وردە وردە بە دووی دا ڕۆیشت وەکوو ئەوەی ڕێبوارێکی لاشەڕ و ئاسایی بێ.

کابرای کورتەباڵا ئاوڕی لێدایەوە و گوتی:

- پیاوی باش! ئەوە لە کوێوە دێی؟!

کابرای دانا وەڵامی دایەوە:

-لە وڵاتێکی دوور!

- ئەی دەچیتە کوێ؟

- دەچم بەڵکو ئیشێکم دەست بکەوێ.

- پێم بڵی هیچ شارەزاییت لە ئەسپان هەیە.

- بێگومان... چۆن شارەزاییم نییە؟ من کاتی خۆی خاوەن ئەسپ بووم.

جادووکەرە کورتەباڵاکە ئەوەی زۆری پێ خۆش بوو. کابرای دانای بە خزمەتکار لای خۆی گل دایەوە. ڕۆیشتن، گەیشتنە کۆشکی جادووکەرەکە. کابرای دانا ئەسپەکەی بردە تەویلە، وەکوو ئەوەی کە ئەسپی خۆی بێ، زۆر بە دڵ و داو خزمەتی کرد.

جادووکەرە کورتەباڵاکە گوێی بە هیچ شتێ نەدەدا، تەنیا بیری لەوە دەکردەوە، مادەم (ئەسپی ڕۆژ)ی هەیە، چۆن ڕێگایەک بدۆزێتەوە کچی نازداری شای دەریا بێنێ.

لەو بیر و لێکدانەوەدا نقووم ببوو. هەر خەریکی پلانی جادوویی بوو. هیچ ئاگای لە خزمەتکارەکە نەبوو. هەر بەوەندە نەوەستا کە ئەسپەکەی پێ بسپێرێ بەڵکو نهێنی خۆیشی بۆ ئاشکرا کرد. ڕۆژێکیان بانگی کرد و پێی گوت:

– تۆ کابرایەکی شارەزای، وانییە؟ ئەگەر ئەو کچە پاشایەم بۆ نەهێنی کە لە کۆشکێکی ناوەندی دەریا دا دەژی، وا دانێ لەناو چووی!!

بەڵام ئێوە خۆتان دەزانن، کۆشکەکە لەسەر دارچنارێکی بەرز دروست کرابوو کە چلەپۆپەی گەیشتبووە تاقی ئاسمان. کەس نەیدەزانی دەرگای چوونە ناو ئەو کۆشکە لە کوێیە!

کابرای جادووکەر ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبوو داخۆ خزمەتکارەکەی بە چ شێوەیەک و بە چ ڕێگایەک فەرمانەکەی جێبەجێ دەکا. ئەو تەنیا ئەوەندەی دەویست کە بە قسەی بکا و بچێ ئەو کچە شازادە گەنجەی بۆ بێنێ.

خزمەتکارەکە بەلەمێکی پەیداکرد. کەل وپەلی بەنرخی وەکوو چارۆگە و قەیتان و جل وبەرگی بژاردەی لێ بار کرد. شتە هەرە جوانەکانی لە شوێنێکی بەرچاوی بەلەمەکە دانا و چوو لەژێر شوورەی کۆشکەکە لەنگەری گرت. کە شازادەخانم چاوی پێ کەوت، قەرەواشەکەی نارد داخۆ دەکرێ هەموو شتەکانی بەسەریەکەوە لێ بکڕێ؟

کابرای دانا وەڵامی دایەوە، گوتی:

– هەڵبەت. هەموو کەس دەتوانێ بە پێی ئارەزووی خۆی شت هەڵبژێرێ و بیکڕێ. ئەگەر شازادە خانمی نازدار تەشریف بێنێتە خوارەوە، دەتوانێ چی پێ جوانە و حەزی لێ دەکا ئەوە هەڵبژێرێ. زۆر بە هەرزانی دەیدەمێ!

شازادەخانم هاتە خوارێ و چووە ناو بەلەمەکە. بە کەیفی خۆی قوماش و قەیتانەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد. چی دەکەوتە بەر دڵی، دەینایە لاوە. هیچ هەستی پێ نەکرد کە بەلەمەکە زۆر خێرا بەرەو کەناری دەریا دەگەڕایەوە. هەستی پێ نەکرد تا ویستی بڕوا و بگەڕێتەوە ناو کۆشکی خۆی، ئەوسا زانی چ بووە!! گوتی:

– دەزانم تۆ دەمبەیتە کوێ. زۆر لەوێ مەمهێڵەوە، بۆ ئەو پاشایەم ببە کە چاوەڕێی گەڕانەوەی (ئەسپی ڕۆژ) دەکا.

کابرای دانا گوتی:

– بەڵێ منیش بیرم کردۆتەوە ئەو بۆ تۆ باشترە، بەڵام تۆ دەبێ نهێنی هێزی جادوویی جادووکەرەکە پێ بکەوێ.

هەردووکیان قسەی یکتریان بەگەن کرد. کابرای دانا لەسەر کەناری دەریا لەنگەری خست. جادووکەرەکە لەوێ چاوەڕێی دەکردن. لە خەنی خۆشییان هەڵدەبەزی و دەستی هەڵدەهاویشت، چونکە ئیتر شازادەخانمی بۆ بووە.

کچەش، بەش بەحاڵی خۆی، بە پێی توانا هەوڵی دەدا دڵی رابکێشێ. وەکوو باڵندە بۆی دەخوێند. ئاخیری جادووکەرەکە نهێنی خۆی بۆ ئاشکرا کرد، گوتی:
درەختێکی زل لە پشت کۆشکەکەمان هەیە. ئاسکێکی بچووک لەبەر سێبەری درەختەکە دەلەوەڕێ. مراوییەکی لە ورگ دایە. مراوییەکە هێلکەیەکی زێڕی لەناو سکدایە. ئینجا گوتی:
– ئازیز گیان! هێزی جادوویی من لەو هێلکەیەدایە. ئەو هێلکەیە دڵی منە. بێگومان نابێ ئەم نهێنییە لای هیچ کەس ئاشکرا بکەی. هەر شتێکی لای خۆشمان روو بدا، ئاساییە. سواری (ئەسپی رۆژ) دەبین و بە سەیران دەچین بە سەراپای وڵاتدا دەگەڕێین.

بەڵام شازادەخانم، سەیران و سواری (ئەسپی رۆژ)ی لەگەڵ ئەم دزە تاوانبارەدا بەلاوە هیچ نەبوو. کە جادووکەرەکە خەوی لێکەوت، چوو خۆی گەیاندە کابرای دانا و هەموو شتێکی بۆ باس کرد.

کابرای دانا یەکسەر رووی کردە لێڕ و ئاسکەکەی کوشت کە لە بەر سێبەری درەختەکە دەلەوەڕا. مراوییەکەی لە هەناوی دەرهێنا و هێلکە زێڕەکەی لە ورگی مراوییەکە هێنایە دەرێ و قووتی دا. بەمەوە جادووکەرەکە دەسەڵاتی جادوویی نەما، وەکوو منداڵێکی ساوا و بێ تاقەتی لێهات. هەموو توانا و دەسەڵاتی بۆ کابرای دانا چوو. ئەوسا کابرای دانا شازادەخانمی سواری ئەسپی زێڕ کرد و بۆ پاشای وڵاتی تاریکستانی برد.

کە گەیشتە سەر سنووری وڵاتی تاریکستان، دیتیان خزمەتکاری کابرای دانا وا لەوێیە. زاتی نەکردووە رووناکی جێبێڵێ و بگەڕێتەوە تاریکی. جگە لەوەش دەترسا بەبێ مزگێنییەکی خۆش بچێتەوە خزمەت پاشا. بەڵام کە چاوی بەم دووانە کەوت، بە خەنی خۆشیی بە گەڵیان کەوت. کە (ئەسپی رۆژ) تیشکی خۆی بە وڵاتدا بڵاو کردەوە، خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە هاتن و لە خۆشییان کردیانە هات و هاوارو سەما و هەلهەلە. پاشایش زۆر بە شادی و بەختەوەری چووە پێشوازییان. نەیدەزانی ئاخۆ تەماشای (ئەسپی رۆژ) بکا، یان لە روخساری شازادەی نازدار وردبێتەوە کە سواری ئەسپی زێڕ ببوو.

کاروباری وڵات وەکوو جاران ئاسایی بووەوە. هەموو کەوتنە خۆشی و شادومانی، نەک هەر لەبەر ئەوەی کابرای دانا (ئەسپی رۆژ)ی بە دیاریی بۆ پاشا هێنایەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە دەزگیرانێکی جوان و نازداریشی بۆ هێنا.
ئای، لەوە بەدواوە وڵات کەوتە چ خۆشی و شادییەک!!

کابرای دانایان لەسەر شانی خۆیان دانا و پیرۆزباییان لێکرد و سوپاسیان کرد. پاشا ویستی نیوەی وڵاتی خۆی پێشکەش بکا، بەڵام کابرای دانا گوتی:

– من هیچم ناوێ. تەنیا دەمەوێ بگەڕێمەوە ناو خانووە بچکۆلانەکەم و لای کتێیبەکەم. چیم خوێندۆتەوە و چیم بۆ هێناوی، با هەمووی پێشکەشی تۆ بێ.

ئاشتی لە وڵاتدا هەر بەرقەرار بێ و بەختەوەریی لەسەر هەموو بستە خاکێک شەکاوە بێ.

ئینجا گەڕایەوەو لەکوێ هاتبوو، چووەوە ئەوێ.

* * *

# ٦ـ سێ قەلەڕەشی برا



دەگێڕنەوە دەڵێن :

ژنێکی داماو سێ کوڕو کچێکی زۆر ناسک و نازداری هەبوو. کوڕەکان پێڕاگەیشتبوون، بەڵام کچەکە تازە گاگۆڵەی دەکرد و هێشتا فێری قسە نەببوو.

کوڕەکان منداڵی چەتوون و هەڵەپاس و بێ حاڵ بوون، وەکوو زۆر جار گەنجی هەرزەکار وا دەردەچەن. ئەگەر هەر ئەوەندە بایە و تامەزرۆی درزیی و یاخیی نەبوونایە، رەنگە شتەکە ئاسایی بایە، بەڵام ئەم تاوانەیان دایکە بەدبەختەکەی تووشی دەردەسەرییەکی گەورە کردبوو.

هەر شتێ رووی بدایە: وەکوو شەڕ و دەمەقاڵە و کێشمەکێش، بێ شک ئەو سێ کوڕە دەستیان تێدا هەبوو. بە تایبەتی لە ماڵەوە، کە دایکە خواردنی بۆ جەمی ئێوارە هەڵدەگرت، دڵنیابوو کوڕەکانی خواردنەکە دەدۆزنەوە و لرفی دەکەن. بۆ نموونە، گۆشت هیچ رۆژێ بە سەلامەتیی لەناو مەنجەڵ نەدەمایەوە. هەر دەرفەتیان ببایە، خواردنیان دەدزیی و ئەگەر خوادنەکە تەواویش نەکولابایە هەڵیان دەلووشی. دایکی کلۆڵیان نەیدەزانی چییان لێ بکا. ئەوەندەی ئامۆژگاریی دەکردن و لێیان دەپاڕایەوە و سزای دەدان و هەڕەشە و گوڕەشەی لێ دەکردن، سوودی نەبوو. تا بە تەواوی حەوسەڵەی نەما.

جارێکیان، دایکە ویستی بچێتە کەنیسە. خواردنی نایە سەر ئاگر و هەڕەشەی لە کوڕەکانی کرد و گوتی:

– من وا دەچمە کەنیسە و تا دێمەوە نەکەن یەک پشکە گۆشت ببەن. دەستتان بە خواردن بکەوێ، سزایەکی واتان دەدەم، تا ئێستا هیچ دایکێک کوڕی خۆی بەو جۆرە سزا نەدابێ. دە واز لەم رەوشتە پیسەتان بێنن، هەی گەنجی بێ هەست و بێ ویژدانینە!

کوڕەکان، زۆر بە بەدکاری بە قسەی دایکیان پێکەنین.

ژنەکە بە تووڕەیی رووی کردە کەنیسە، بەڵام هەر هێندە پێی لەسەر کۆسپەی دەرگا ئاودیو کرد، کوڕەکان پەلاماری مەنجەڵی سەر ئاگریان دا و گۆشتەکەیان دەرهێنا و هەڵیان لووشی.

دایکە لە کەنیسە هاتەوە. بەهیوا بوو هەڕوگیفەکەی کاری کردبێ و منداڵەکان

دەستیان لە خواردن نەدابێ. چووە لای ئاگردان و سەیری مەنجەڵەکەی کرد. دیتی مەنجەڵ عەشتەبای خوای تێدا نییە. زۆر دەهریی بوو. ئەوەندە دەهریی بوو، باس ناکرێ. نەفرەتی لە کوڕەکانی کرد و قیژاندی:

– بڕۆن ببن بە قەلەڕەش و گۆشتی یەکتر بخۆن!
لەگەڵ ئەم تووک و نەفرەتە، یەکسەر گەنجەکان گۆڕان و بوون بە قەلەڕەشی ڕەش وەکوو شەو. کلکیان لەقاند و پەلاماری یەکتریان دا. ئینجا کردیانە قغە قغ و فڕین و ڕۆیشتن. دایکە هێشتا هەر لەسەر نەفرەتەکەی خۆی گەرم بوو، قەلەرەشەکان بە ئاسمان دا فڕین و ئەویش هەر هاواری دەکرد:
– بفڕن، هەی خوێڕیی و بەدکارینە! لەم دونیایە بزر بن، بڕۆن تا خزمێکی نزیکتان دێ و رزگارتان دەکا.

بەڵام دوای ماوەیەک ، تووڕەییەکەی نیشتەوە و هۆشی هاتەوە سەرخۆ و دڵی گوشراو دەستی هەڵگلۆفت و زۆر بەکوڵ گریا، چونکە بە بیری هاتەوە چ تووک و نەفرەتێکی گەورەی لە کوڕەکانی خۆی کردووە. دەستی بە گریان کرد و تا فرمێسکی لە چاوان وشک بوو هەر گریا.

ساڵ هات و ساڵ چوو، کوڕەکان هیچ خەبەریان نەبوو. کەس نەیدیبوون. کچەش لەو ماوەیەدا گەورەبوو، بوو بە کچێکی عازەب. کچێکی تا بڵێی جوان بوو: سپی وەک بەفر و سوور وەک گوڵە باخ. نە لە نزیک و نە لە دوور، هیچ کچی وەکوو خۆی جوان نەبوو.

ئەو کچە جوانە کچێکی نەرم و حەلیم و ڕووخۆش و گوێڕایەڵ بوو. لە ماڵ و لەسەر زەوی یارمەتیی دایکی دەدا. گۆچانی دەستی دایکی بوو. لەبەرئەوەی هەمیشە شاد و خەندان بوو، دایکی باسی خەم و خەفەتی خۆی بۆ نەدەکرد. هەرگیز پێی نەگوتبوو کاتی خۆی سێ برای هەبووە. بەڵام کچەکە زۆر نیگەران بوو، کە دەیدی ئەوانەی دەورووبەری خوشک و برایان هەیە و ئەم بێ خوشک و برایە. چەند جارێک پرسیاری لە دایکی کرد داخۆ کاتی خۆی هیچ برای نەبووە، دایکە هەموو جارێ بە دڵێکی پڕ خەفەت وەڵامی دەدایەوە: نەخێر هیچ خوشک و برات نەبووە.
کچە پرسیاری لە خەڵک و عالەمی گوندی کرد و پێکەوت کە سێ برای هەبووە و لەپڕ بزربوونە و ئەوە چەند ساڵە کەس دەنگ و باسی نەبیستوون.
کچە چووە لای دایکی و گوتی:

– ئای، دایه ... دایکی ئازیزم. پێیان گوتووم من سێ برام هەبووه. پێم بڵێ، براکانم چییان لێ هاتووه؟

دایکه فرمێسکی بەسەر گۆنادا هاته خوارێ و وەڵامی دایەوه:

– کچی ئازیزم! سەفەریان کردووه بۆ ئەم دونیایه.

– باشه، بۆچی؟ چوونەته کوێ؟ کەی سەفەریان کردووه؟ ئەی ناگەڕێنەوه؟ پێم بڵێ چییان بەسەرهاتووه؟

ئەوسا دایکه هەموو شتێکی بۆ باس کرد: بۆی گێڕایەوه کوڕەکان چییان بەسەرهات و چۆن له گەرمەی تووڕەبوونا نەفرەتی لێ کردن و هەمووی کردن به قەلەڕەش و چۆن ئاوا به دونیادا وێڵ و سەرگەردان دەبن تا خزمێکی نزیکیان فریایان دەکەوێ و رزگاریان دەکا.

که دایکی له قسەکانی بووەوه، کچەکه گوتی:

– دایکه گیان! هێور بەوه. راسته ئەوەی رزگاریان دەکا خزمێکی نزیکی خۆیانه و کەسی تر نا. ئەو خزمه نزیکەشیان منم. دایکه، من دەچم بۆ ئەوەی بیاندۆزمەوه و رزگاریان بکەم، هەر چەنده زەحمەت و ناخۆشیش بێ.

– نا، نا کچم. بیر له شتی وا مەکەرەوه. تکات لێ دەکەم. هەموو هەوڵێکت بێ هوودەیه. به تۆ نادۆزرێنەوه. جگه لەوەش دەبێ زۆر وڵات بگەڕێی. کێ دەزانێ ئێستا چوونەته کوێ؟ ئایا دەتەوێ بەو پیرییه، بەبێ پشت و پەنا بەجێم بێڵی؟!

– دایکه خەمی ئەوەت نەبێ که تەنیا جێت دێڵم. من ئەوەندەم بەسه که براکانم بدۆزمەوه و رزگاریان بکەم. ئەگەر پێویست بکا هەموو وڵاتانی دونیا دەگەڕێم.

کچه زۆر بە بەر دایکی داکەوت تا رازی کرد. دایکی به دڵێکی پڕ غەم رەزامەندی پێشان دا. پاش ماوەیەکی کەم تەدارەکی سەفەری بۆ کچەکەی رێکخست و رێگەی دا بڕوا. کچه چەند چیا و دۆڵی بڕی. له چەند شینایی و مێرگ و مێرغوزار تێپەڕی. لەو رۆژەوه که له ماڵەوه دەرچوو، تووشی هیچ بنیادەمێک نەهات تا ئاخیری گەیشته لای دایکی مانگ. داهاتەوه و سڵاوی لێ کرد و پێی گوت:

– خوا پیرۆزت کا دایکه بچکۆڵانه!

خانەخوێ گوتی:

– خوا تۆش پیرۆز کا، کچەکەم! پێم بڵێ له کوێوه هاتووی؟ ئێره تەنانەت چۆلەکەیەکی بچووکیشی لێ نییه، چ جای بنیادەم و ئەویش کچۆلەیەکی وەکوو تۆ جوان!

- من دونیا دەگەڕێم. هاتووم پرسیارت لێ بکەم داخۆ هیچ لەبارەی رێ و شوێنی سێ قەلەڕەش نازانی. ئەوانە برای جادووبەندی منن.

- سێ قەلەڕەش؟ برای جادووبەندی تۆ؟ من ناتوانم هیچت پێ بڵێم، بەڵام نەختێ سەبر بگرە تا کوڕەکەم دێتەوە. ئەم پرسیارە لەو دەکەم. لەوانەیە ئەو شتێ لەم مەسەلەیە بزانێ. بۆ ئەوەی کوڕەکەم ئەزیەتت نەدا، برۆ خۆت لەژێر ئەم قەرابە بچووکە بشارەوە. چونکە ئەگەر بتبینێ، لەوانەیە هەڵت لووشێ، لە شوێنی خۆت نەجوولێیتەوە!

کچە خۆی لەژێر قەرابە بچووکەکە شاردەوە و چاوەڕێی کرد داخۆ چ دەقەومێ. دوای کەمێ، مانگ لە سەفەری خۆی هاتەوە. کە پێی لەسەر کۆسپەی دەرگا هاویشتە ژوورێ، هاواری کرد:

- دایکە بۆن دێ، بۆنی گۆشتی بنیادەم دێ، دەمەوێ بیخۆم!

دایکی وەڵامی دایەوە:

- کوڕم، گۆشتی بنیادەممان لەکوێ بوو؟! خۆت دەزانی کەس رێی بە نزیک ئێمە ناکەوێ. تۆ بۆیە ئەو بۆنە دەکەی چونکە ماوەیەکی زۆر تریفەت بڵاوکردۆتەوە. وەرە، شیوی خۆت بخۆ و بۆ خۆت پشوو بدە، شەکەت و ماندووی!

مانگ وەڵامەکەی بە گەن کرد و بە شادومانی تێر و پڕی خوارد. کە تێر بوو، لەشی خاو بووەوە و ویستی بخەوێ. جا بۆ ئەوەی زوو خەوی لێ بکەوێ. دایکی دەستی بەسەری دا هێنا. کە بۆرژا، دایکی داوە موویەکی سەری دەرکێشا، مانگ راچڵەکیی و هاواری کرد:

- ئەوە چیم لێدەکەی؟

دایکی وەڵامی دایەوە:

- چ نەبوو کوڕم، بۆرژام، خەونم دی. لەو خەونەدا داوایان لێکردم پرسیارت لێ بکەم داخۆ سێ قەلەڕەشت نەدیوە؟

- من چۆن بیانبینم؟! رۆژ چاوی لە من تیژترە، لەوانەیە ئەو دیبی.

دایکە سەری دانەواند و گوتی:

- باشە، دە ئێستا بۆ خۆت بخەوە.

کە مانگ خەوی لێکەوت، دایکە بە کچە ئاوارەکەی گوت:

- رۆڵە، تۆ لێرە هیچت دەست ناکەوێ. ئەم دۆڵە بگرە و دەم رووبار و دەم روبار برۆ، تا دەگەیتە لای دایکی رۆژ. لەوانەیە کچەکەی ئەو بتوانێ شوێنی براکانت پێشان بدا.

کچە دۆڵ و دۆڵ ڕۆیشت. زۆر چیا و لێڕ و مێرگ و شینایی بڕی. وێڵ و سەرگەردان دەسووڕایەوە تا ئاخیری گەیشتە لای دایکی ڕۆژ. داهاتەوە، سڵاوی لێکرد و پێی گوت:

– خوا پیرۆزت کا، دایکی ئازیز!

– خوا تۆش پیرۆز کا، کچەکەم! پێم بڵێ لە کوێوە هاتووی؟ ئێرە تەنانەت باڵندەیەکی بچووکیشی لێ نییە، چ جای بنیادەم و ئەویش کچۆڵەیەکی وەکوو تۆ!؟

– خانمی خانەدان، هاتووم لە کچەکەت بپرسم داخۆ سۆراغی ئەو سێ قەلە ڕەشە نازانی کە برای جادووبەندی منن!؟

– سۆراغی سێ قەلەڕەش؟ برای جادووبەندی تۆ؟ نازانم. پرسیاری لێ دەکەین، بەڵام دوور نییە ئەگەر بتبینێ، بەڵایەکت بەسەر بێنێ. لەوانەیە، کە هاتەوە بتخوا، چونکە لە هەموو شتێ زیاتر حەزی لە گۆشتی بنیادەمە.

کچە لێی پاڕایەوە و گوتی:

– دایکی ئازیز، مادەم وایە، ڕەحمم پێ بکە، لە شوێنێکی تەقەت بمشارەوە. دایکی ڕۆژ کچەکەی لەبن بەرمیلێکی بچووک شاردەوە. کە کچە چووە حەشارگەکە، ڕۆژ هاتەوەو هاواری کرد:

– بۆن دێ، بۆنی گۆشتی بنیادەم دێ، دەمەوێ بیخۆم!

– ئای، ڕۆڵە، ئێمە گۆشتی بنیادەممان لە کوێ بوو؟ تۆ بۆیە ئەم بۆنە دەکەی، چونکە ماوەیەکی زۆر تیشکت بە دونیادا بڵاوکردۆتەوە. لووتت هێشتا پڕ بۆنی بنیادەمە. فەرموو شێوم بۆ لێناوی، وەرە شێوەکەت بخۆ. تا تێر و پڕ دەبی بخۆو بخۆرەوە. ماندووی!

ڕۆژ شێوی خوارد. دوای نەختێ وەنەوزی دا و چاوی کەوت بۆ ئەوەی زوو بخەوێ. دایکی دەستی بەسەری داهێنا. کە خەوی لێکەوت، دایکە تاڵە قژێکی دەرکێشا. ڕۆژ بە تووڕەیی ڕاچڵەکیی و گوتی:

– دایکە بۆچی قژم دەردەکێشی؟

دایکە وەڵامی دایەوە:

– نەمدەویست قژت رابکێشم بەڵام نەختێ خاوبوومەوە و خەوم لێ کەوت. لەخەودا پێیان گوتم پرسیارت لێ بکەم داخۆ تۆ سێ قەلەڕەشی برات نەدیوە؟

– لەکوێ بیانبینم! من هەموو کون و کەلەبەرێکم پێ روناک ناکرێتەوە، بەڵام بۆی هەیە (با) بزانێ. ئەو لە هەموو کون و کەلەبەرێک هەڵدەکا و سەر بە هەموو شوێنێک دا

دەکا.

رۆژ ئەمەی گوت و تا بەیانی نووست. سبەینێ زوو دەستی بە گەشتی خۆی کردەوە. دایکە کچە ئاوارەکەی بە خەبەر هێنا و پێی گوت:

- کچەکەم هیچی نەگوت، چونکە هیچیان دەرهەق نازانێ، بەڵام دەڵێ تۆ دەبێ ئەم پرسیارە لە (با) بکەی. برۆ لای (با). ئەو چیایە دەبینی؟ ماڵی لە پشت ئەو چیایەیە!

دایکی رۆژ رێگای نیشانی کچەکەدا و زۆر بە میهرەبانیی بەرێی کرد. کچەکە رۆیشت. چەند چیا و دۆڵی بڕی و لە چەند مێرگ و شینایی تێپەڕی تا گەیشتە لای دایکی (با). داهاتەوە و سڵاوی لێکرد و پێی گوت:

- خوا پیرۆزت کا، دایکی ئازیزم!

- خوا تۆش پیرۆز کا، کچەکەم. پێم بڵێ لە کوێوە هاتووی؟ ئێرە تەنانەت باڵندەی بچووکیشی لێ نییە! چ جای بنیادەم و ئەویش کچۆڵەیەکی وەکوو تۆ.

- هاتووم پرسیار لە کچەکەت بکەم داخۆ خەبەری سێ قەلەڕەش نازانێ کە برای جادووبەندی منن.

- سێ قەلەڕەش؟ برای جادووبەندی تۆ؟ باشە، کە هاتەوە لێی دەپرسم. بەڵام نازانم چ لەتۆ بکەم؟! (با) مەراقی گۆشت بنیادەمە، بێتەوە چاوی بە تۆ بکەوێ یەکسەر دەتخوا.

کچەکە پاڕایەوە:

- تۆ دەبێ رزگارم بکەی. لە شوێنێکی وا بمشارەوە کە منی پێ نەدۆزرێتەوە.

دایکە، کچەکەی لەبن بەرمیلێکی بچووک شاردەوە و زۆر بەتوندی داوای لێکرد هیچ دەنگی لێوە نەیە.

(با) بە چوست و چاڵاکیی و بە ئاوساویی هاتەوە. لەبەر دەرگا کردی بە نەڕەنەڕ و گوتی:

- بۆن دێ، بۆنی گۆشتی بنیادەم دێ، دایە دەمەوێ بیخۆم!

دایکی هاتە لایەوە و هێوری کردەوە:

- دیارە بۆنی گۆشتی بنیادەمت هێشتا بە لووتەوە ماوە، چونکە ماوەیەکی زۆر هەڵت کردووە و هۆنە هۆنت بووە. رۆڵە، ئێمە گۆشتی بنیادەممان لە کوێ بوو؟

دایکە یەک (گا)ی ساغی بۆ کوڕەکەی برژاند بوو، یەک بەرمیلە شەرابیشی بۆ

ئامادەکردبوو. خێرا شیوی لەبەردانا بۆ ئەوەی ئارامی بکاتەوە و ئینجا گوتی:
–فەرموو رۆڵە ئەوە شیوەکەت بۆم ئامادەکردووی. تێر و پڕ بخۆ! ئەوسا بۆ خۆت بخەوە و بحەسێوە.
(با) تێر و پڕی خوارد. کە تێر بوو، دایکی پێی گوت:
–رۆڵە، تۆ شەکەت و کەشەنگی. درێژ بە! با دەست بە قژت دابێنم بۆ ئەوەی زوو خەو بتباتەوە.
کە (با) خەوی لێکەوت، دایکی قژی راکێشا. (با) بە توندی لە خەو رابو و. بە نەڕەنەڕ لە دایکی پرسی بۆچی قژی راکێشا. دایکی گوتی:
–خۆت تەنگاو مەکە! رۆڵە! منیش خەوم لێکەوت. خەونم دی. لەو خەونەدا داوایان لێکردم لێت بپرسم داخۆ تۆ هیچ شتێ لە بارەی سێ برای قەلەڕەش نازانی!
–بەدی! بەدی! بە چاوی خۆم دیومن. لەناو کۆشکی شووشەدا دەژین. هەموو رۆژێ دەیانبینم دەفڕن.
ئینجا (با) کەلەکەی وەرگێڕا و نووستەوە. کە تێر نووست، هەستا دەستی بە گەشت و گەڕانی خۆی کردەوە. ئەوسا دایکە چووە لای کچە ئاوارەکە لەناو حەشارگەکەی دەری هێنا و پێی گوت:
– رۆڵە، تۆ ئەرکێکی قورست گرتۆتە ئەستۆ. براکانت لەناو کۆشکی شووشەدان و کۆشکی شووشە لەپشت ئەو چیایەیە. بەڕاستی نازانم چۆن دەتوانی بگەیتە ئەوێ. بەڵام نەختێ چاوەڕێ بکە باڵندەیەکی بچووکت بۆ دەبرژێنم. بۆ تۆیشە لەگەڵ خۆتی بەرە. بۆ خۆت لە رێگا بیخۆ بەڵام زۆر ئاگاداری ئێسکەکانی بە و بیانپارێزە. کە گەیشتیتە بن شوورەی کۆشکی شووشە. پلیکانەیەک بە ئێسکەکان دروست بکە و بڕۆ لەسەر چیاکە بە دوای براکانت دا بگەڕێ.
کچەی جوان و ئاوارە سوپاسی دایکەی کرد بۆ ئەو یارمەتی و ئامۆژگارییە.
باڵندە برژاوەکەی لێ وەرگرت و رووی کردە چیاکە. بەپێی ئەو تەگبیرەی دایکی (با) بۆی کردبوو، چەند شینایی و لێڕەواری چڕی بڕی. هەر رۆیشت رۆیشت. لە رێگادا ئێسکەکانی رێک خست و زۆر بە وردی ئاگاداریی کردن. رۆیشت تا گەیشتە کۆشکی شووشە. کۆشکێکی گەورە و بریقەداری وەکوو ئاوێنە وابوو. هیچ پلیکانە و راڕەوێک نەبوو بۆ ناو کۆشکەکە. کچە پلیکانەیەکی لە ئێسکەکان دروست کرد. بەختی یار بوو توانی لە پەنجەرەوە بچێتە ناو کۆشکەکە. چووە ناو هۆڵێکی گەورە و خۆش. مێزێکی

خواردن بۆ سێ کەس داندرابوو. لە دڵی خۆیدا گوتی:
– ئەمە شیوی براکانمە. هەر بزانە هاتنەوە.
چووە لای مێزەکە، نەختێ شۆربای خوارد و خۆی لەبن چوارپایەک شاردەوە. دوای ماوەیەک، هەر سێ قەلەڕەش هاتن لەسەر لێوی پەنجەرە نیشتن، بوون بە گەنجی قۆز و بازیان دایە ژووریێ. ئەمانە براکانی خۆی بوون. دیار بوو شەڕیان لەگەڵ یەک کردبوو، هەموو لەشی یەکتریان بریندار کردبوو. چوون برینەکانیان بەئاوی سارد شووشت و لەسەر مێز دانیشتن. کە دانیشتن قاپەکان لە خۆیانەوە کەوتنە جوولە جوول و خولانەوە. برای گەورە گوتی:
– بەڕاستی سەیرە! بێ شک یەکێ لە خێزانەکەمان لێرەیە. ئەوەتا هەندێ شۆربای منی خواردووە.
هەروەکوو جاران دەستیان بە خواردن کرد. برای گەورە سوور بوو کە یەکێ هاتۆتە ناو ئەم کۆشکە. ئیتر بڕیاری دا، دوای شیو، بەدوای دا بگەڕێ. بەڵام کە لە خواردن بوونەوە، شتی وای هەر لەبیر نەما.
بۆ سبەینێ تێرو پڕیان خوارد و چوونە سەر لێوی پەنجەرە و بوون بە قەلەڕەش و بە دەنگێکی تۆقێنەر کردیانە قغەقغ و بەڕەنگاری یەکتر بوون و فڕین.
کە ئێوارە داهات، دیسان مێزێک بۆ سێ کەس داندرا و سێ چوار پایش حازر کرا. کچە لە حەشارگەی خۆی هاتە دەرەوە. نەختێکی لە قاپێک خوارد و قومێکی لە بادەیەک خواردەوە و گەڕایەوە ژێر چوار پاکە.
ئێوارێ، براکان هاتنەوە و برینەکانی خۆیان تیمارکرد و لەسەر مێز دانیشتن، قاپەکان کەوتنە جوولە جوول و خولانەوە. برای ناوەنجی گوتی:
– برام! تۆ هەڵە نەبووی کە دوێنێ ئێوارێ گوتت یەکێ لە خێزانەکەمان هاتۆتە ئێرە. سەیر کە ئەمجارە نەختێ شۆربای منی خواردووە و کەمێ شەرابی منی خواردۆتەوە. کە لە خواردن بووینەوە، بە دوای دا دەگەڕێم و هەر کەسێ بێ و لە هەر کوێ خۆی شاردبێتەوە، دەیدۆزمەوە.
برای گچکە هەوڵی دا قەناعەتی پێ بێنێ، کە ئەمە هەمووی خەو و خەیاڵە. کێ دەگاتە ئێرە؟! بەڵام برای ناوەنجیی سوور بوو لەسەر رای خۆی و پێی داگرت. ئەو خزمە لە هەر کوێیەک بێ دەبێ بیدۆزێتەوە. بەڵام دوای شێو، راکشا و تا نەچووە ناو نوین هەر بە بیری نەما چ رووی داوە و لە دڵێ خۆیدا گوتی سبەی بە دوایدا دەگەڕێم. بۆ سبەینێ

مەسەلەکەی هەر لە بیر نەما. بێ ئەوەی لە هیچ شتێ بگەڕێ، فڕی و ڕۆیشت.

بۆ ڕۆژی سێیەم. کچە دیسان هەندێ خواردنی لە قاپێک خوارد و قومە شەرابێکی لە بادەیەک خواردەوە. کە سێ براکە هاتنەوە، برینەکانی خۆیان بە ئاوی سارد تیمار کرد و لەسەر مێزی خواردن دانیشتن. قاپەکان کەوتنە جوولە جوول و خولانەوە. برای هەرە بچووک هاواری کرد:

– ئۆی لەو شتە سەیرە! دیارە ئێوە قسەکەتان راستە. هەموو ئێواران قاپەکان دەکەونە جوولە جوول و خولانەوە و ئەمڕۆ شۆربای من نەختێ لێی خوارەوە و کەم بۆتەوە. تەماشای چوار پاکەی کرد، گوتی:

– چوارپاکەم تێک چووە. ئەوەی وای لێکردووە دەبێ هەر بیدۆزمەوە!

سەیری ژێر چوارپاکەی کرد. دیتی کچێک خۆی لە گۆشەیەک گرمۆڵە کردەوە. هاواری کرد:

– کەواتە، ئەوە تۆی؟ وەرە دەرەوە بزانین چیت لە ئێمە دەوێ: چاکە، یان خراپە؟

کچە، لە حەشارگەکەی هاتە دەرەوە و وەڵامی دایەوە:

– من تەنیا ئیشی چاکە دەکەم. من خوشکی ئێوەم، هاتووم رزگارتان بکەم.

براکانی یەکسەر ناسیانەوە و بەخۆشی خۆشی دەورەیان لێدا. ماوەیەکی زۆر دانیشتن و قسەیان کرد. کچە باسی دایکی بۆ کردن و باسیشی کرد لە ڕێگا تووشی چ دەردەسەرییەک هات و گوتی:

– ئیتر ئەوە گەیشتمە لاتان. ئەوەی بەسەرم هات ئەوە بەسەرم هات. ئێستا چۆن بتوانم رزگارتان بکەم؟ براکانی گوتیان:

– ئاە! خوشکی ئازیز، چا بوو خۆت وات گوت و ئێمە پێمان نەگوتی، چونکە ئەوەی بیەوێ رزگارمان بکا، دەبێ حەفت ساڵ و حەفت مانگ و حەفت حەفتە و حەفت سەعات متەقی لێوە نەیە. جا ئەگەر تۆ یەک قسەت لەدەم بێتە دەرەوە، هەموو شتێ دەبڕێتەوە و ئێمە تا ماوین دەبێ هەر ئاوها جادووبەند بین. کچە وەڵامی دایەوە:

– ئەمە ئیشێکی زۆر زەحمەتە، بەڵام مادام بڕیارێکە و خۆم داومە، چۆن تا ئێستا هەموو شتێکم گرتۆتە ئەستۆ، لەمەو دواش هەموو شتێ دەگرمە ئەستۆ. تا ئێوە رزگار نەکەم ناگەڕێمەوە ماڵێ.

کە براکانی دڵنیا بوون، ئەمە بڕیاڕی خوشکەکەیانە و بە خواستی خۆی ئەم بڕیارەی داوە، ناڕەزاییان پیشان نەدا و بۆ ئەوەی ئەرکەکەی ئاسان بکەن چوون ناو قەدی

درەختێکی گەورەیان کلۆر کرد و ئەوەندە فەراحیان کرد کە کچەکە بتوانێ بۆ خۆی لەوێ پاڵ بداتەوەو ئەوانیش بتوانن بە ئاسانی خواردنی بۆ پێدا رەوانەی ژوورەوە بکەن.

رۆژگار هات و چوو. پاش دوو سێ مانگ. پاشایەکی گەنج بە بەردەمی کۆشکی شووشەدا تێپەڕی سواری عارەبانەیەکی چوار ئەسپی ببوو. رێگای بە تەک درەختەکەدا دەڕۆیشت. کە عارەبانەکە گەیشتە لای درەختەکە، ئەسپەکان لە جێی خۆیان چەقین. دەتگوت بە بزمار لە زەویی داکوتراون. لەو دونیایەدا، هیچ شتێ نەبوو لە شوێنی خۆیان بیانجوولێنێ و یەک هەنگاو بیانباتە پێش. کە عارەبانەچی ویستی بە قەمچی لێیان بدا و بیانهاژوا، هەستانەوە سەر پاشوو. پاشای گەنج نەیتوانی سەفەرەکەی تەواو بکا، رێ و رێ گەڕایەوە.

دوای ماوەیەک، پاشا دووبارە رێی کەوتەوە ئەو ناوە. ئەمجارە ئەسپی تری لەبن عارەبانەکە کرد بۆ ئەوەی بەڵکو ئەمجارە بەختی یار بێ، بەڵام ئەم جارەش هەر وەکوو جاری پێشوو وا بوو. ئەسپەکان بە جۆرێ غاریان دەدا دەتگوت باڵیان گرتووە، بەڵام کە گەیشتنە لای درەختەکە لە شوێنی خۆیان رەق راوەستاون و جووڵەیان نەکرد، دەتگوت رەگیان لە زەوی داکوتاوە. پارچە پارچەشیان کردبان نەدەجوولانەوە.

پاشا بۆ جاری سێیەم ملی ئەو رێیەی گرت. تووڕە بوو کە نەیتوانیوە لەو درەختە زیاتر بڕوا. ئەمجارەش ئەسپی تازەی لەبن عارەبانەکە کرد. ئەو ئەسپانە ئەوەندە خێرا دەبەزین، پڕووشکە ئاگریان بۆ دواوە فڕێ دەدا.

رۆیشتن تا گەیشتنە لای درەختەکە و ئەوانیش لەوێ وەکوو سنگ چەقین و نەجوولانەوە. دەیانحیلاند و هەڵدەستانە سەر پاشوو. هێنکە هێنکیان بوو، سمکۆڵیان لە زەوی دەکرد. یەک هەنگاو زیاتر نەڕۆیشتن. ئەوسا، پاشای گەنج لە سواری عارەبانەکەی دابەزی و چوو بۆ ئەوەی درەختەکە بپشکنێ و لە دڵی خۆیدا گوتی:

– با بچم سەیر کەم، دەبێ بزانم ئەم درەختە چ شتێکی تێدایە لێ ناگەڕێ ئەسپەکانم لێرە زیاتر بڕۆن.

هەموو لایەکی درەختەکەی پشکنی. ئاخیری کولانکەیەکی بچووکی دۆزییەوە. تەماشای ناوەوەی کرد. دەم و چاوی کچێکی بینی. یەکسەر شیری لە کالان دەرکێشا و بە هاوکاری عارەبانچییەکەی درەختەکەی شەق کرد و زۆری زەحمەت پێوە کێشا تا کچەکەی رزگار کرد. کچەکە جلێکی زۆر سادە و دڕا دڕای لەبەر بوو. لەگەڵ ئەمەش دا ئەوەندە جوان بوو، پاشا هەر چاوی پێکەوت ئەشقی بوو بڕیاڕی دا لەخۆی مارە بکات.

بەڵام کە پرسیاری لێکرد: کێیە؟ و لە کوێ هاتووە؟ و لەناو قەدی ئەو درەختە چ دەکا؟ کچە هیچ وەڵامی نەدایەوە. قولْماتی نەکرد. پرسیارەکانی تریش هەر بەسەر لەقاندن وەڵامی دەدایەوە. کە پاشا ئاخیری پرسیاری لێکرد داخۆ حەز دەکا لە گەڵیا بچێ بۆ کۆشکەکەی، کچە چاوی داخست و شانی هەڵتەکاند. پاشا لە خەنی خۆشییان شێت بوو. کچەی سواری عارەبانەکەی کرد و بردییەوە بۆ ناو کۆشک و سەرای خۆی. لەو بڕوایە دابوو کە دوای ماوەیەکی کەم، کچە متمانەی پێدەکا و زمانی دەکرێتەوە و دەست بە قسە دەکا.

کە گەیشتنە کۆشک و سەرای پاشا، پاشا ئەمری کرد جوانترین جلیان بۆ کچەکە هێنا. کە جلەکانی کردە بەر، پاشا سەد هێندەی تر کەوتە بەر دڵی. بۆی شێت و شەیدا بوو. بە مەندەهۆشی سەیری کرد. داوای لێکرد قسە بکا، بەڵام کچەکە تەنیا زەردەخەنەیەکی ناسکی هاتێ و بە سەر ئیشارەتێکی کرد، بەڵام هیچ قسەی نەکرد.

لەو کاتەوە، پاشا و کچەکە وەکوو ژن و مێرد ژیان و زۆر بەختەوەر بوون لە ژیانی خۆیان. بەڵام بەختەوەرییەکەیان زۆر دەوامی نەکرد. پاشا هەندێ دوژمنی هەبوو. ناچار بوو چووە شەڕی دوژمن و ژنەکەی لە ماڵەوە جێهێشت. زۆر بە پەست و غەمباری ئیزنی لە ژنەکەی خواست و ژنەکەی بە پیرەژنێکی ناو کۆشک سپارد، کە چاوی لێ بێ و خزمەتی بکا.

ئەو پیرەژنە جادووکەر بوو. کچێکی زۆر ناشیرینی هەبوو دەیەویست بە مێرد بیدا بە پاشا، بەڵام پاشا پێی رازی نەبوو. ئیتر پیرەژنی جادووکەر خۆی لە پاشا و شاژنی لاڵ مەڵاس دابوو. ئەم رووداوە دەرفەتێکی باش بوو، بۆ ئەوەی ئۆخژنی دڵی خۆی دابمرێنێ.

لەو ماوەی کە پاشا لە جەنگا بوو، شاژن منداڵێکی زۆر جوانی بوو، قژێکی زێڕینی هەبوو ئەستێرەیەکی زێڕی لە تەختی تەوێڵ بوو. جادووکەرەکە ئەم منداڵە جوانەی دزی و گوجیلە سەگێکی تازە زاوی لە جێگا دانا. رای کرد بۆ پەنجەرە و ویستی کۆرپە ساواکە فڕێ بداتە ناو خەندەکی دەوری کۆشک، بەڵام دەق لەو کاتەدا قەلەرەشێک بەوێدا تێپەڕی.

کە جادووکەرەکە چاوی بە قەلەرەشەکە کەوت، کۆرپەکەی بۆ هاویشت و گوتی:

– ها بگرە ئەمە بۆ خۆت!

قەلەرەشەکە کۆرپەکەی قۆستەوە و بردی بەڵام کەس نەیزانی بردییە کوێ! ئەوسا،

جادووکەرەکە بەناو شاردا بڵاوی کردەوە کە شاژن گوجیلە سەگێکی بووە و کاغەزێکیشی بۆ پاشا نووسی و ئەو مەسەلەیەی پێ ڕاگەیاند کە ئەقڵ قبووڵی ناکا.
پاشا بەم خەبەرە زۆر تێکچو و. زۆری خەم خوارد. لەبەر ئەوەی ژنەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست بە جادووکەرەکەی بڕوا نەکرد. وەڵامی دایەوە کە ئەمە گرنگ نییە و شتی وا هەر دەبێ و داوای لێکرد تا دێتەوە چاوی لە گوجیلە سەگەکە بێ و بە باشی بەخێوی بکا.

کە پاشا هاتەوە، لە باتی کۆرپەیەکی ساوا گوجیلە سەگێکیان نیشان دا. دیتی ژنەکەی وەختە لە خەفەتان بمرێ چونکە ئەم ڕووداوە زۆر کاری لێکردبوو نەشیدەتوانی قسە بکا و ئەم شوورەیی و ئەم سووکایەتییە لەسەر خۆی لابەرێ.
بەڵام ئەم ژن و مێردە هەر وەکوو جاران ژیان و پاشا خۆشەویستییەکەی بەرامبەر بە ژنەکەی هیچ کەم نەبووەوە.
پاش ماوەیەکی کەم، پاشا دیسان ناچار بوو بچێتە جەنگ و ژنەکەی بە تەمای ژنە جادووکەرەکە جێ بێڵێ. ئەی ئەمجارە چ بوو؟ ئەمجارە شاژن کۆرپەیەکی زۆر جوانی بوو. قژێکی زێڕینی هەبوو. ئەستێرەیەکی زێڕی لە تەختەی تەوێڵ بوو. ژنەی جادووکەر کۆرپە ساواکەی دزی و پشیلەیەکی لە جێگە دانا. لەو کاتەدا، قەلەرەشێک بە بەر پەنجەرەدا تێپەڕی و ژنەی جادووکەر کۆرپە ساواکەی بۆ هاویشت و ئەویش گرتییەوە و بردی.
خەبەرەکە بەناو شاردا بڵاو بووەوە، خەبەرەکەیان بۆ پاشایش نووسی. ڕاستە خەبەرەکە، ئازارێکی زۆری بە پاشا گەیاند، بەڵام خۆشەویستیی ژنەکەی لەلا کەم نەکردەوە.
کە پاشا گەڕایەوە، هەموو شتێ وەکوو جاری پێشوو بە ئاسایی ڕۆیشت، بەڵام پاشا هەر جارەی چاوی بە گوجیلە سەگەکە و بە پشیلەکە دەکەوت، دڵی هەلا هەلا دەبوو.
دوای ماوەیەک دیسان شەڕێکی تر داکەوت. پاشا ناچار بوو بچێتە شەڕ. ئەو ماوەی ئەو لەوێ نەبوو، شاژن منداڵێکی زۆر جوانی بوو. قژێکی زێڕینی هەبوو. ئەستێرەیەکی زێڕی لە تەختی تەوێڵ بوو.
جادووکەرەکە ئەمجارەش کۆرپەکەی دزی و لە پەنجەرەوە بۆ قەلەرەشێکی هەڵدا و تەختە دارێکی لە جێگا دانا و خەبەرەکەی بۆ پاشا نووسی. پاشا، ئەمجارە، کە نامەی ژنە جادووکەرەکەی پێگەیشت مێشکی لەسەردا نەما و نەڕاندی:
– جام پڕ بوو لەسەری ڕژایەوە. ئەو ژنەی من هەر منداڵی سەیر و سەمەرەی دەبێ و

یەک قسەش ناکا. لە تامێ چووە دەرێ! دەمکا بە گاڵتەجاری خەڵک. لەوە زیاتر خۆم پێناگیرێ.

پاشا بڕیاڕی دا بیکوژێ و کە لە شەڕ هاتەوە، بێ ڕەچاوکردنی هیچ هەق و قانوونێک حوکمی مردنی بەسەردا دا. ژنەی کلۆڵ یەک قسەی نەکرد بۆ ئەوەی پاکانە بۆ خۆی بکا و بەرگری لە خۆی بکا چونکە دەیەویست براکانی ڕزگار بکا.

پاشا فەرمانی دا کچەکە ببەنە گۆڕەپانی هندا و شار و لەوێ سەری ببڕن. کە میرغەزەب شیری قیت کردەوە، لەناکاو قەلەرەشێک هات، کۆرپەیەکی جوانی پێ بوو. قژێکی زێڕینی هەبوو. ئەستێرەیەکی زێڕی لە تەختی تەوێڵ بوو، گوتی:

– هۆ، میر غەزەب هۆ! نەختێ سەبر بگرە. کۆرپەیەکی ساوام بۆ هێناوی، بۆ خۆت گەمەی لەگەڵ بکە.

قەلەرەشەکە کۆرپەکەی دانایە سەر زەوی و میر غەزەب شیرەکەی لەلایەک دانا و لە کۆرپەکە وردبووە و گەمەی لەگەڵ کرد. پاشایش نەختێ گەمەی لەگەڵ کۆرپەکە کرد. بڕینی سەری شاژنیان هەر بە بیر نەما. بەڵام دوای نەختێ، پاشا خۆی ئامادە کرد و گوتی:

– هۆ میر غەزەب، هۆ! ئیشی خۆت جێبەجێ بکە.

میر غەزەب شیری بڵند کرد، خەریک بوو لە ملی شاژنی بدا، قەلەڕەشێکی تر هات، کۆرپەیەکی ساوای پێبوو. کۆرپەکە قژێکی زێڕینی هەبوو. ئەستێرەیەکی زێڕی لە تەختی تەوێڵ بوو. قیژاندی:

– هۆ، میر غەزەب هۆ! نەختێ سەبر بگرە. کۆرپەیەکی ساوا و جوانم بۆ هێناوی، بۆ خۆت گەمەی لەگەڵ بکە.

قەلەڕەشەکە کۆرپەکەی لەسەر زەویی دانا. میر غەزەب شیری فڕێ دا و دەستی بە گەمە کرد لەگەڵ کۆرپەکە و پاشایش هات گەمەی لەگەڵ کرد. دوای نەختێ زۆری لە خۆی کرد و بە میرغەزەبی گوت:

– هۆ میر غەزەب، هۆ! چ ئەمرێکت پێ کراوە جێبەجێی بکە.

میر غەزەب شیری بڵند کرد و لە زگ بوو لە ملی ژنەی بدا، لە نشکەوە قەلەرەشی سێیەم پەیدا بوو، کچێکی بچووکی جوانی پێبوو. قژێکی وەکوو زێی هەبوو. ئەستێرەیەکی زێڕینی لە تەختی تەوێڵ بوو. قیڕاندی:

– هۆ، میر غەزەب، هۆ! ڕاوەستە، دەست نەوەشێنی!

هۆ خوشکی گچکە، تۆش ئێستا دەست بە قسە بکە!
چونکە تا ئەوساتە حەفت ساڵ و حەفت مانگ و حەفت حەفتە و حەفت سەعاتەکە تەواو ببوو. سێ قەلەڕەشەکە بوون بە گەنجی قۆز و شاژنیش زمانی کرایەوە و چی رووی دابوو هەمووی گێڕایەوە.

– ئەی مێردی ئازیزم، مادام توانیم براکانم رزگار بکەم، ئێستا پێت دەڵێم بۆچی من هیچ متەقم لێوە نەدەهات و ئەو جادووکەرە چۆن تۆی تەفرەدا. ئەو کۆرپە جوانانەی دەمبوون لە پەنجەرەوە فڕێی دەدان و گوجیلە سەگ و پشیلە و تەختەداری لە جێگە دادەنان.

ئینجا بەسەرهاتی خۆی، لەسەری هەتا بنی گێڕایەوە. براکانیشی گوتیان ئێمە بووین کۆرپەکانمان برد و تا ئەمڕۆ لە کۆشکی شووشەدا گلمان دانەوە و بەخێومان کردن.
پاشا کە دیتی ژنە جوانەکەی قسە دەکات و کە سەیرێکی منداڵە نازدارەکانی خۆی کرد، فرمێسکی شادیی لە چاوان هات و تکای لە ژنەکەی کرد لێی ببوورێ کە سەبارەت بەو فێڵە پیسەی جادووکەرەکە، بە توندوتیژی لە گەڵی جووڵاوەتەوە و سوپاسیشی کرد بۆ ئەو قوربانییە گەورەی داویەتی.

ئینجا پاشا بە بەزم و هەرا و دەبدەبەیەکی بێ وێنە ژنەکەی بردە کۆشک و یەکسەر فەرمانی دا زیافەتێکی گەورە ساز بدەن و خەڵکێکی زۆری داوەت کرد. پێش خواردن، دانیشتنێکی نهێنی پێک هێنا و بڕیاری کوشتنی جادووکەرەکەی دا. لەسەر خواردنیش، بە لا و نیو مەسەلەکەی هێنایە پێشەوە و بۆ خوندییەکانی باس کرد. باسی چوونە شەڕی خۆی بۆ کردن و پرسیاری لێکردن یەکێ چوار کەسی بێ تاوان لەناو ببا شایەنی چییە؟
ژنەی جادووکەر نەیزانی پاشا بە هەموو شتێکی زانیوە و مەبەستی ئەمە، هاواری کرد:

– شایانی چییە؟ شایەنی ئەوەیە بخرێتە ناو بەرمیلێک هەموو لایەکی نووکە بزماری لێ هاتبێتە دەرێ و لەسەر ترۆپکی چیایەکی بەرز گلۆری بکەنەوە.
پاشا قسەکەی پەسەند کرد و گوتی:
–زۆر چاکە، پیرەژنی جادووکەر! دەزانی ئەوە تۆ بووی دەست درێژیت کردە سەر ژیانی ژنەکەم و سێ منداڵە بێ تاوانەکانم. دەبێ بە پێی پێشنیازی خۆت سزای تاوانی خۆت وەربگری.

بەرمیلێکیان حازر کرد. ژنە جادووکەرەکەیان لەناو نا. لەسەر ترۆپکی چیایەکی بڵند

گلۆریان کردەوە. ژنە هەپڕوون بە هەپڕوون بوو. لەو کاتەوە، پاشا و ژن بە خۆشبەختی ژیان و براکانیش لە بارەگای پاشادا مانەوە.

پاشا ناردی دایکیشیان بێ، بۆ ئەوەی میهرەبانییان لەگەڵ بنوێنێ.

بەم جۆرە سەراپای کۆشک و سەرا کەوتنە خۆشی و شادی.

* * *

# ٧ـ تِيكِنش و تَاكِنش



لە سەردەم و رۆژگاری کۆن،

پیرەمێردێک و پیرەژنێک هەبوون. ژنەکە کچێکی ساوای دزی بوو. ناوی نابوو (ئیکنشن). هەموو جۆرە ئەفسوون و جادوویەکی فێر کردبوو. ئەو کچە کچێکی باش و خێرخوا بوو. لە هەموو بوارێکەوە یارمەتی ئەو دوو ئیختیارەی دەدا.

رۆژێکیان، پیرەژن گاڵتەی خستە سەر مێردەکەی گوایە خۆی کە ژنیشە، کچێکی بچکۆلانەی پەیدا کردووە، کەچی ئەو پیاویشە و هیچ کوڕیشی نییە. کابرا دەماری گیرا، ئەویش چوو کوڕێکی ساوای دزی و ناوی نا (ئاکنشن). ئەو ژن و مێردە زۆر هەوڵیان دا (ئاکنشن) فێرە خوێندەواریی بکەن و زۆر شتی پێ بڵێن، بەلام (ئاکنشن) مێشکی هیچی وەرنەدەگرت. وەکوو نێری کە هیچ شیر نادا، ئەویش ئاوها هیچی نەدەزانی. ئەو کوڕە هیچ لە ئەفسوونی ئیختیارەکان نەدەگەیشت و هیچ جادوویان لێ فێر نەدەبوو. ئیتر پیرەژن هەموو جارێ تانە و تەشەری لە کوڕەکە و پیرەمێردەکە دەدا. کە پیرەژن خۆی لە ئاکنشن تووڕە دەکرد، یان کابرا بە لێدان قسەکانی خۆی تێ دەگەیاند، ئەو بە کوڵ دەگریا و دەناورایەوە.

پیرەژن، گوێی بە مێردەکەی نەدەدا، تا دەهات زیاتر بە خراپی لەگەڵ ئاکنشن دەجوولایەوە.

رۆژێکیان ویستی کوڕەکە رەوانەی سەر ئیش بکات و پێی گوت:

– گوێت لێ بێ گەلحۆ! برۆ لێڕەوار و ئەگەر لە ئێستاوە تا ئێوارێ هەموو درەختەکانی ئەو لێڕەوارە لە رەگ و ریشەوە دەرنەهێنێ، وا دانێ مردووی!

ئاکنشن چووە ناو لێڕ، بەلام نەیتوانی یەک تەڵە گیا هەڵکێشێ. ئیتر دانیشت و گریا. دوای نەختێ، ئیکنشن هات خواردنی بۆ هێنا. کە بەم حاڵەوە بینی، لێی پرسی چی لێقەوماوە. ئاکنشن وەلامی دایەوە:

– ئاخ، گریان بۆ من نەبێ بۆ کێ باشە! پیرەژن داوای لێ کردووم هەموو درەختەکانی ئەم لێڕە لە رەگەوە دەرکێشم. منیش یەک تەڵە گیام پێ هەڵناکێشرێ. نازانم ئێوارێ چۆن بچمە بەردەمی؟ هەر دەمکوژێ!

ئیکنشنی چکۆڵە وەلامی دایەوە:

– ئاکنشن، هیچ مەترسە! ئەگەر بەڵێنم پێ بدەی لە خۆشیی و ناخۆشیدا لەگەڵما بیت،

ئامادەم یارمەتیت بدەم.
- ئاخ، ئەی تیشکی خۆری من! هەرچی دەڵێی من بەڵێنت پێ دەدەم، هەر ئەوەندەیە رزگارم کە.
- مادام وایە، تۆ دانیشە نانی خۆت بخۆ!
گەنجەکە دەستی بە خواردن کرد. کچەش چوو سەراپای درەختەکانی لێڕی ریشەکێش کرد و رۆیشت. ئێوارێ ئاکنشن هاتەوە. پیرەژن بە توندی تێی راخوڕی:
- پێم بڵێ، چەند درەختت هەڵکێشا؟
ئاکنشن بە شانازییەوە وەڵامی دایەوە:
هەمووم بە رەگ و ریشەوە هەڵکێشا.
بەڵام ژنە ئەمەی پێ خۆش نەبوو. وەکوو چەخماخە، بە سووکایەتی کەوتە سەر ئاکنشن. لە ماڵەوە دەهات و دەچوو. هاواری دەکرد و دەیگوت:
دەزانم کێ بەبێ من ئەم ئیشەی کردووە و ئاکنشن و ئیکنشن لە دژی من دەستیان لەگەڵ شەیتان تێکەڵ کردووە. تا ماڵ نووستنان، هەر گارەگار و هات و هاواری بوو.
سبەینەی رۆژی پاشی، ژنە دووبارە (ئاکنشن)ی ناردە ناو لێڕ و فەردەیەکی دایە و داوای لێکرد پڕ مێشی بکا نەوەک دەیکوژێ.
کوڕە چووە ناو لێڕ، بەڵام یەک مێشیشی پێ نەگیرا. دیسان دانیشت و گریا. لەپڕ ئیکنشن هات خواردنی بۆ ئاکنشن هێنابوو. بە سۆز و میهرەبانیی دەستی بە قژی ئاکنشن داهێنا و لێی پرسی داخۆ ئامادەیە لە بارودۆخی هەرە خۆش و هەرە ناخۆش وەفادار بێ بۆی؟
ئەویش گوتی:
- بەڵێ، ئامادەم ئەی تیشکی خۆری من، هەر ئەوەندەیە لێ مەگەڕێ پیرەژن بمکوژێ.
ئیکنشن خواردنەکەی دایە. ئاکنشن دەستی بە خواردن کرد و ئیکنشن چوو فەردەکەی بۆ پڕ مێش کرد. کە ئێوارێ ئاکنشن بە خۆ و بە فەردە مێشەوە هاتەوە، کەوتە بەر چەخماخەی رق و قینی پیرەژن و پیرەژن تا ماڵ نووستنان نەیبرپییەوە هەر هات و هاوار و پرتە و بۆڵەی بوو، دەیگوت:
- ئیکنشن و ئاکنشن لە دژی من دەستیان لەگەڵ شەیتان تێکەڵ کردووە.
رۆژی سێیەم، ژنە ئاکنشنی ناردە ئاش و داوای لێکرد و فەردە مێشەکە ببا و بۆی بهاڕێ و ئێوارێ ئاردەکەی بۆ بێنێتەوە، بەڵام ئاشەوان رازی نەبوو، ئاشی خۆی بە

خوێنی مێش پیس بکا. کوڕە دانیشت و گریا. لەو دەمەی دا، ئیکنشن هات خواردنی بۆ هێنا و گوتی:
– ئێستا، بۆ جاری سێیەم لێت دەپرسم: بەڵێنم پێدەدەی لە خۆشیی و فەرەحنایی و لە ناخۆشیی و تەنگانەدا وازم لێ نەهێنی؟!
– ئا. بەڵێنت پێدەدەم! هەرچی بتەوێ بەڵێنت پێ دەدەم. هەر ئەوەندەیە تۆ رزگارم کە!
کچە خواردنەکەی دایە و گوتی:
– ئەو بەڵێنەی پێت داوم لە بیری نەکەی!
ئاکنشن دەستی بە خواردنی خۆی کرد. ئیکنشن هەموو مێشەکەی لە ئاش کرد و بە گەنجەکەی گوت:
– وانەزانی ئەمجارە بە ئاسانی لە دەست پیرەژن رزگارت دەبێ. پیرەژن، هەرچی رووی داوە، هەمووی دەزانێ. ئێستا دەیەوێ بتبرژێنێ و بتخوا، بەڵام ئەگەر وەفات بۆ من هەبێ و لەگەڵ خۆتم ببەی، من لەم دەرد و بەڵایە نەجاتت دەدەم. ئێوارێ پیرەژنی ئۆینباز دەتنێرێ بخەوی وەکوو ئەوەی هیچ رووی نەدایێ. منیش دوای شیو خواردن هیربارەکان هەڵدەگرم. کە یەکەم جار قاپەکانم لێک دا، تۆ لەخەو هەستە. کە جاری دووەم پێکم دادان، تۆ لەناو جێ وەرە دەرەوە و خۆت ئامادە کە، جاری سێیەم لە پەنجەرەوە بازدە دەرێ و منیش دێم و بە یەکەوە رادەکەین.

ئیکنشن، کە لە قسەکانی بووەوە، خێرا رۆیشتەوە. ئێوارێ ئاکنشن هاتەوە و ئاردەکەی هێنایەوە و دایە پیرەژن، بەڵام وەکوو بی ناو ئاو دەلەرزی. ژنە دیسان قیژاندی و گوتی ئەم دووانە لە دژی من دەستیان لەگەڵ شەیتان تێکەڵ کردووە. بەڵام بۆ ئەوەی مەرامی خۆی جێبەجێ بکا، خواردنی دایە ئاکنشن و رەوانەی کرد بۆ ئەوەی بخەوێ.

مێردەکەی تەندووری داگیرساندبوو. ژنە پێی گوت: کە تەندوور سوور بووەوە، بە ئاگام بێنە. بەڵام ئیکنشن چووە لای کابرا و شەرابێکی زۆری دایە. کابرا خەوێکی قووڵی لێکەوت. داری ناو ئاگر تا دوا سەرە بزۆتی سووتا و ئەو ئاگای لە هیچ نەبوو.
ئیکنشن خەریکی هیربار شووشتن بوو. کە بۆ جاری سێیەم قاپەکانی لێک دا، ئاکنشن لە پەنجەرەوە بازی دایە دەرێ و ئیکنشنیش خێرا تفێکی لە هەموو گۆشەیەکی ماڵەوە کرد و پێڵاوی ژنەی جادووکەری برد و لەگەڵ ئاکنشن هەڵاتن.
سبەینێ زوو، پیرەژن لە خەو هەستا و هاواری کرد:

–ئیکنشن! برۆ بزانە داخۆ تەندوور تەواو سووربۆتەوە ؟!
تفی ئیکنشن لە گۆشەیەکی ماڵەوە وەڵامی دایەوە:
– هەر ئێستا، خانم! با شمەکم لەبەر بکەم.
پاش نەختێ، پیرەژن دەستی بە هات و هاوار کردەوە. دیسان تفی ئیکنشن وەڵامی دایەوە.

پیرەژن زۆر تووڕەبوو، لەناو جێ دەرپەڕی و دیتی ژوور چۆل و هۆلە. پیرەمێرد لەبەر ئاگر خەوی لێ کەوتووە و ئاگر روو مردۆتەوە. زانی چ بووە. بەسەر کابرای دا نەڕاند. هەر بەوەندە نەوەستا، دەستی دایە گەسک و بە دەسکە گەسکان وەری گەڕاپێ و ناردیە دوو ئاکنشن و ئیکنشن!

کابرا کەچە پێڵاوێکی لە کەلک کەوتووی خۆی لە کونجێک دۆزییەوە و لە پێی کرد و تێی تەقاند رۆیشت. دەبوایە هەنگاوی گەورە گەورە باوێ، چونکە هەر هەنگاوێکی بۆ پێشەوە دەهاویشت قۆناغێک دەکشایەوە دواوە. ئیکنشن، کە چاوی بە کابرا کەوت، خۆی کرد بە گوڵ و ئاکنشنی کرد بە دڕکی دەوری گوڵەکە. کابرا نەیتوانی هیچ زەرەریان پێ بگەیەنێ و بە دەست بەتاڵی گەڕایەوە ماڵێ. ژنەکەی بە تووڕەیی پێی گوت:
– هەر ئێستا، زوو دەچی، جارێکی دی بە دوایاندا دەگەڕێی!

ئیتر کابرا، بیەوێ و نەیەوێ، ناچار بوو دووبارە بە دوای منداڵەکان دا بچێ. ئەمجارە پیلاوێکی لەپێ کرد، لەگەڵ هەر هەنگاوێک، دوو قۆناغ دەکشایەوە دواوە. کە دوو برادەرەکەمان زانییان راویان دەنێن، ئاکنشن بوو بە کەنیسە و ئیکنشن بوو بە قەشە. ئەمجارەش کابرا نەیتوانی ئەزیەتیان بدا. زۆر بە تووڕەیی گەڕایەوە ماڵێ و بە ژنەکەی گوت، مادام خۆی وەستای جادووە، با خۆی بچێتە دوویان، ژنەکە گوتی:
– باشە، دەچم! بزانە داخۆ من چ دەکەم!

دەستی دایە گەسکەکەی و کەوتە شوێن منداڵەکان. کە هات بیانگاتێ، ئاکنشن خۆی کرد بە برووسکە و ئیکنشن شێوەی مراوی وەرگرت. پیرەژن ویستی بە فوو برووسکەکە لەناو ببا و بە دەستیش مراوییەکە بگرێ. هەر فووی کرد، فووی کرد، تا، گرم، تەقی!

ئاکنشن و ئیکنشن گەڕانەوە سەر شکلی جارانی خۆیان. بەبێ ترس لە رێی خۆیان بەردەوام بوون. گەیشتنە ئەو شارەی ماڵی دایک و باوکی ئاکنشنی لێ بوو: باوکی پاشا و دایکی شاژن بوو.
ئاکنشن کچەکەی لە دەرەوە راگرت تا دەچێ چی بەسەرهاتووە بۆ دایک و باوکی

دەگێرێتەوە.

ئاکنشن کە چووەوە ماڵێ، ئیکنشنی هاوڕێی هەر لەبیر نەما. ویستی زەماوەند لەگەڵ کچێکی تر بکا. کە خوندی هاتن و گەیشتنە ناو کۆشکی پاشا، دیتیان کچێکی جوان و نازدار لە نزیک حەوزێک، لەسەر درەختێک دانیشتووە. داوەتیان کرد لەگەڵیان بچێتە ناو کۆشک و لەسەر خوانی زەماوەند دابنیشێ.

ئیکنشن، کە دانیشت، سندووقێکی زێڕی بچووکی دەرهێنا، دوو کۆتری تێدا بوو، بەو دەنووکە بچووکانە زۆر بە سۆز و میهرەبانی یەکتریان ماچ دەکرد. گوتی:

– ئای ئێوە کۆتری چەند جوان و باش و وەفادارن! ئێوە وەکوو ئاکنشن و ئیکنشن وان.

ئاکنشن، کە گوێی لەو دوو ناوە بوو، لە خەوی غەفلەت بە ئاگا هات. ئیکنشنی ناسییەوە. زەماوەندی لەگەڵ کردو کچەکەی تری بەڕێ کرد.

بەم جۆرە، ئەم دووانە بە خۆشی و بەختەوەری ژیان.

❊ ❊ ❊

# ۸ـ شای رباریان



**هەبوو نەبوو،**

**پاشایەک هەبوو، کوڕێک و کچێکی گەنجی هەبوو. ئەم دووانە گەنجی زۆر جوان و کۆک بوون: کوڕەکە وەکوو تیشکی خۆر و کچەکە وەکوو گزنگی بەیانی وابوو. پاشا لە هەموو روویەکەوە شاد و بەختەوەر بوو! چەند خۆش بوو کە دەیدی ئەو خوشک و برا گەنج و عازەبە، دەست لەناو دەست، بەناو باخچەدا دەگەڕان.**

**رۆژێکیان، پاشا لەگەڵ کچەکەی بۆ سەیران چووبووە دەر و دەشت.**

**لەپڕ هەڵی کردە (با)یەکی توند و تیژ. با یەکە کچەی برد. پاشا هەرچەندە سەیری دەوروبەری خۆی کرد و بە ئاسۆی دووردا هەڵیڕوانی، هیچ نیشانەی کچەکەی نەبینی! پیاوەکانی خۆی نارد بۆ ئەوەی وڵات هەمووی بگەڕێن بەڵکوو بیدۆزنەوە. پیاوەکان هەر گەڕان و گەڕان بەڵام بێ هوودە بوو. هەموو هەوڵ و ماندوو بوونێکیان بەفیڕۆ چوو. پاشا زۆری خەم بۆ بزربوونی کچەکەی خوارد. کوڕەکەی بە دڵێکی پڕ کەسەر بە باوکی گوت:**

**- باوکە گیان! ئەوەندە خۆت عاجز مەکە. نائومێدیش مەبە. من دەچم بە دوای خوشکم دا دەگەڕێم، بەڵکوو بیدۆزمەوە.**

**باوکە پیرۆزبایی لە کوڕەکەی کرد و هەرچی بۆ ئەو سەفەرە پێی دەویست، بۆی ئامادە کرد و رەوانەی دونیای فراوانی کرد.**

**گەنجەکە ملی رێی گرت و رۆیشت. بە چیایاندا هەڵزنا و بە دۆڵاندا شۆڕبووەوە. بانگی خوشکی دەکرد و هەر کەسێکی دەدی، لێی دەپرسی خوشکی لە کوێیە؟ بەڵام هیچ نیشانەی کچی نەدۆزییەوە. زۆر لێڕ و گەڵی و دۆڵی بڕی. رۆژێکیان گەیشتە قەراخ گۆمێک. کۆمەڵە مراوییەک مەلەوانییان تێدا دەکرد و لەسەر ئاوەکە سەمایان دەکرد. گەنجەکە قۆنداغە تفەنگی لە شانی گیر کرد و رایگرت. نیشانەی لە مراوییە هەرە گەورە گرت. بەڵام مراوییەکە هاواری کرد و گوتی:**

**- راوەستە گەنجۆ، تەقە نەکەی! رۆژێک دێ ئەو چاکەیەت دەدەمەوە! من دەزانم تۆ دەچیتە کوێ. دەزانم ئەو رێیەی تۆ گرتووتتە بەر رێیەکی راستەو خوشکت لەناو کۆشکی (با) دایە.**

**گەنجەکە تفەنگەکەی هێنایە خوارێ و بە سەرسامییی ملی رێی خۆی گرت و**

ڕۆیشت.
دوای نەختێ گەیشتە شارە مێروویەک. شارە مێروویەکی گەورە و قەوغا!! سەر ڕێی گرتبوو. گەنجەکە لە ناوەندی شارە مێرووەکە وەستا و ویستی بە داردەستەکەی تێک و پێکی بدا. کۆمەڵە مێرووەکە شلەژان و بەملا و بەولادا کەوتنە راکەڕاک. مێروویەکی باڵداری گەورە لە گەنجەکە نزیک کەوتەوە و گوتی:
– گەنجۆ... خانووەکەم لێ کاول مەکە. مەیڕمێنە. چ ڕێی تۆی نەگرتووە. بەلای دەستە راستدا بسووڕێوە و ڕێی خۆت بگرە و بڕۆ. دوارۆژ بە کەلکت دێم.
گەنجەکە پێکەنی و شارە مێرووەکەی بە سەلامەتی بەجێهێشت. ڕۆیشت تا گەیشتە ناو چەم و چغوردێک. ڕێی بزر کرد. نەیزانی بە کیهە لادا بڕوا. یەک ڕێی لەبەردەم بوو ئەویش کۆتەرەدارێکی گەورە قەپاتی کردبوو. کۆتەرە دارەکە پڕی سەری هەنگ بوو. گەنجەکە، خەنجەری هەڵکێشا بۆ ئەوەی کۆتەرە دارەکە شەق بکا و فڕێی بداتە لاوە. یەک زەبری لێدا، شاژنی هەنگەکان پەیدا بوو، گوتی:
–کابرا، پیاوی چا بە! ماڵم مەڕووخێنە! چ ڕێی تۆی نەگرتووە. بەلای دەستە ڕاستدا وەرسووڕێوە. جێگایەکی زۆرت هەیە. هەر کاتێ پێویستیشت بە یارمەتیی بوو، من فریات دەکەوم و یارمەتیت دەدەم.
گەنجەکە بە قسەی شاژنی هەنگەکانی کرد. وازی لە کۆتەرە دارەکە هێنا. بە داردەستەکەی ڕێگایەکی بۆ خۆی کردەوە. کە لە لێڕەکە دەرچوو، تیشە شاخێکی ڕەقی بینی کۆشکێکی خۆشی لەسەر کرابوو. ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:
– سوپاس بۆ خوا، ئەوە گەیشتمە جێی مەبەست.
خۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی بەسەر تیشە شاخەکە بکەوێ. تووشی شتێکی زۆر سەیر و سەمەرە هات. لە سەرەوە، بایەکی توند و تیژی هات. بە دەردەسەری ئینجا توانی بگاتە ترۆپکی شاخەکە. وەکوو سەگ لەسەر چوار پەلان دەڕۆیشت. کە گەیشتە کۆشکەکە، لە دەرگای دا، کەس وەڵامی نەدایەوە. چووە ناو هۆڵی یەکەم و لەوێوە چووە ناو هۆڵی دووەم، هیچ نیشانەی ژیانی تێدا نەدی. بەڵام کە چووە ناو هۆڵی سێیەم دیتی کابرایەک لە نزیک پەنجەرە وەستاوە فیکە دەکێشێ. ئەمە شای (با)یان بوو. کە شای (با) چاوی بەو گەنجە کەوت هاتۆتە لایەوە، بەخێرهاتنی کرد و گوتی:
– بەخێربێی پسمامی ئازیز، بە خێر بێی!
گەنجەکە یەکسەر، بێ پێچ و پەنا داوای خوشکە دزراوەکەی خۆی لێ کردەوە. پاشا

وەڵامی دایەوە.
– دەک تووکت لێ بارێ، پسمام! چەند بە پەلەی! نەختێ سەبرت هەبێ. تۆ ئێستا لەناو چنگی منی و لەژێر رەحمەتی مندای.
کە ئەم قسەیەی کرد، گەنجەکەی گرت و بردییە قەراخ دەریاچەیەک. ئەڵقەیەکی لە پەنجەی خۆی دەرهێنا و فرێی دایە ناو ئاوەکە و گوتی:
– ئەگەر تا سبەی سبەینێ ئەم ئەڵقەیەم بۆ بێنیتەوە، خوشکی خۆت وەردەگریتەوە. ئەگەر نا، لە کوێ هاتووی دەبێ بچیتەوە ئەوێ.
گەنجەکە زۆر ترسا. لە ترسان هەموو گیانی دەلەرزی. شای (با)یان لەوێ جێی هێشت و قاقا پێکەنی و رۆیشت. بەڵێنی دا سبەینێ رۆژی پاشی چاوی پێ بکەوێتەوە.
گەنجەکە، هەر ئەوەندەی پێ ما لە قەراخ دەریاچەکە هات و چۆ بکا، نەیدەزانی چ بکا! لەپڕ ئەو مراوییەی کاتی خۆی وەخت بوو بیکوژێ، لەبەردەمی پەیدابوو، گوتی:
– هاوڕێی ئازیز. کاتی خۆی تۆ ژیانی منت نەجات دا. ئێستاش هیچ خەمت نەبێ، من ئەڵقەکەت بۆ دێنمەوە. تۆ برۆ بۆ خۆت بە ئاسوودەیی بخەوە.
لەگەڵ گەزەنگی بەیانی گەنجەکە لەخەو هەستا، دیتی ئەڵقەکە لە پەنجەی خۆی دایە. هەر شاگەشکە بوو کە ئەڵقەکەی وەرگرتۆتەوە.
لەو کاتەدا شای (با)یان بە هاش و هووش و گڤە گڤ هات و گوتی:
– باشە، ئەوەتا ئێستا چت دەکرد؟ کوا ئەڵقەکە؟
گەنجەکە ئاماژەی بۆ ئەڵقەکە کرد و وەڵامی دایەوە:
– سەیرکە، ئەوەتا لە پەنجەمدایە.
پاشا گوتی:
– باشە. بەڵام مەسەلەکە بەوەندە کۆتایی نایە. وەرە دووم پسمام گیان!
گەنجەکەی بردە سەر بڵندترین قوللەی کۆشکەکە. کیسەیەکی بچووکی دەرهێنا پڕ تۆوی خاشخاش بوو. دنکە خاشخاشەکانی بە هەوادا بڵاوکردەوە و (با) هەر دەنکێکی بردە لایەک . گوتی:
– ئەو دنکە خاشخاشانەم بڵاوکردەوە، ئەگەر تا سبەی سبەینێ هەمووی کۆکەیتەوە، ئیزنت دەدەم. بە خۆت و بە خوشکت ئازادن.
گەنجەکە زۆر بە غەمباری سەیری دەوروبەری خۆی کرد. ئاخێکی هەڵکێشا و چاوی لە دنکە خاشخاشەکان گێڕا. لەناکاو مێرووە باڵدارەکە هات و پێی گوت:

- هاوڕێ، خەم مەخۆ. بڕۆ بۆ خۆت بە ئاسوودەیی بخەوە. ئێمە تا سبەی سبەینێ هەموو دنکە خاشخاشەکانت بۆ کۆ دەکەینەوە سەر یەک.

گەنجەکە ئۆخەی لە خۆی کرد. چوو بە دڵێکی پڕ ئومێد نووست.

کاتێ، بەیانی شای (با)یان هاتە لایەوە، دیتی دنکە خاشخاشەکان هەموو کۆکراونەتەوە و لەسەر ترۆپکی قوللەدا کراونەتە قۆپەن.

پاشا کە چاوی پێکەوت، گوتی:

- بەرزە، پسمام، ئیشێکی بەرزە! تۆ مادام ئەوەندە ئازا و بە وەجی، بڕۆ خوشکی خۆت بدۆزەوە. ئەویش هەر ئەوەندەیە دوازدە کچت نیشان دەدەم، خوشکی خۆت لەناو ئەو دوازدە کەسە بناسەوە.

گەنجەکە لە دڵی خۆی دا بیری کردەوە و گوتی:

- بەسەری خۆم، ئەو پیاوەی خوشکی خۆی نەناسێتەوە، پیاو نییە. گەلحۆ و گەلۆرە. با خۆم تاقی بکەمەوە.

کە کچەکان هاتنە بەردەمی، دیتی تا بڵێی بە یەک دەچن. هەمووشیان بەدەم زەردەخەنەوە پێیان گوت:

- برای گچکە، زۆر بەخێر بێی... بەخێربێی...

ئەوسا هەستی کرد بردیانە ژوورێک عەرزەکەی هەمووی ئاوێنەی لووس و ساف بوو. هەموو شتێ لەبەرچاوی دەبریسکایەوە و سەمای دەکرد. لە بیرکردنەوەدا نقووم ببوو. بیری دەکردەوە داخۆ کام لەو کچانە خوشکی خۆیەتی. لەپڕ هەنگەکە هاتە لایەوە و چرپاندییە بنا گوێی:

- هاوڕێی ئازیز. باش گوێم لێ بگرە. ترست نەبێ. ئێستا دەچم لەسەر سەری کام کچ نیشتم، بزانە ئەوە خوشکی تۆیە.

گەنجەکە لە خەنی خۆشییان شێت بوو. تەماشای هەنگەکەی کرد. هەنگەکە چوو لەسەر سەری خوشکی نیشت. گەنجەکە هەر رایکرد بۆ لای خوشکی و گرتییە باوەش و گوتی:

- ئەمە خوشکی خۆمە، نەک ئەوانی دی.

شای (با)یان بۆی سەلماند و گوتی:

- ئێستا ئازادی. خۆت و خوشکت بڕۆن. خواتان لەگەڵ.

ئەو دوو گەنجە رانەوەستان تا پاشا قسەکەی دووپات دەکاتەوە، یەکسەر رۆیشتن و بە

شادومانی گەڕانەوە لای دایک و باوکی خۆیان.

– وای پاشا هەوەسی پێهات، کە دیتی ئەو خوشک و برایە، وەکوو جاران، دەست لەناو دەست، هاتنەوە.

هەموو لایەک بەم دیدارە خۆشە، شاد و بەختەوەر بوون.

❊ ❊ ❊

❊ ❊ ❊

# ۹ـ دوازده برا



**هەبوو نەبوو،**

**پاشایەک هەبوو، دوازدە کوڕی هەبوو. هەموو گەنجی ڕێک و پێک بوون و بەشێوەیەکی بەرز و جوان پەروەردە کرابوون. ئەوەندەش بەیەک دەچوون هەر کەسێ تەماشای کردبان، یەکسەر لەگەڵ یەکەم سەرنج دا دەیزانی ئەمانە بران. ئەمەش سەیر نییە، چونکە تەمەنیان لەیەک نزیک بوو. هەر ساڵە و یەکێکیان لەدایک ببوو. دایک و باوکیان زۆر خۆشیان دەویستن، بەڵام دایکە لە هەموو کوڕەکان زیاتر هەوەسی بەوەی پاشەبەرە دەهات. کە چاوی پێ دەکەوت، لە خۆشییان ڕووی گەش دەبووەوە. ئەو کوڕانە تا گەورەتر دەبوون، زیاتر دەبوون بە مایەی شادیی و بەختەوەریی دایک و باوکیان.**

**ڕۆژێکیان، دایکە لەپڕ پەستی و نیگەرانییەکی بەسەرداهات. کە چاوی بە کوڕە بچووکەکەی دەکەوت ئیتر وەکوو جاران ڕووی نەدەگەشایەوە. برا گەورەکان لە دایکیان پرسی هۆی پەستی و نیگەرانییەکەی چییە؟ خۆ کەس دڵی نەشکاندووە؟**

**بەڵام دایکە هیچ وەڵامی نەدایەوە.**

**ڕۆژێکیان، پاشا و شاژن بۆ گەڕان و سەیران چوونە ناو باخ. زۆریان قسەکرد. دوای ئەو قسانە شاژن غەم و خەفەتی ئەوەندەی تر زیادی کرد. ئەوسا کوڕە بچووکەکەی چووە لایەوە و پرسیاری لێ کرد:**

**- دایکە، پێم بڵێ توخوا ئەوە بۆچی ماوەیەکە پەست و غەمباری؟**

**- ئاە! کوڕی ئازیز و خۆشەویستم. ئەگەر باسی دەکەم شتەکە بەخراپی دەشکێتەوە، ئەگەر بێ دەنگیش دەبم و باسی ناکەم، شتەکە خراپتر دەبێ!!**

**- دایە، پێم بڵێ مەسەلە چییە؟**

**- باشە، پێت دەڵێم. خۆزگە ئەو شتە نەبایە، بەڵام دیارە هەر دەبێ. جا گوێ بگرە:**

**- ئێوە دوازدە بران. هیچ خوشکتان نییە. بەهەر حاڵ ئەمە لە خۆشبەختیی ئێمە و ئێوەدایە، چونکە باوکتان سوێندی خواردووە تەنیا منداڵە نێرینەکان بێڵێتەوە، نایەوێ ئێوە خوشکتان هەبێ تا کوڕەکان فێری ژیانی کچانە نەبن و خوشکەکەش فێری ژیانی براکانی نەبێ.**

**من وا هەست دەکەم لەمەودوا کوڕم نابێ، بەڵکو کچم دەبێ. ئەگەر کچیشم ببێ، ئێوە کۆتاییتان دێ. باوکتان لێناگەڕێ ئێوە هەست بەهیچ شتێ بکەن. ڕەوانەی کۆشکی**

دووەمتان دەکا و لەوێ، ئەو شەوەی خوشکتان لە دایک دەبێ، هەمووتان دەکوژێ. من دڵم بەروەست نادا ئێوە هەمووتان بە یەکەوە بمرن. تکات لێ دەکەم تا لێرەن هیچ شتێ بە براکانت مەڵێ ئەگەر نا منیش لەناو دەچم. کە باوکتان ئێوەی رەوانەی کۆشکی دووەم کرد، بە گوێی بکەن و برۆن و بەڵام تا نەگەنە کۆشکی دووەم تۆ ئەم نهێنییە بۆ براکانت ئاشکرا مەکە. ئەوسا، لەوێ، هەموو شەوێ، لەسەر قوللەی کۆشکی خۆتانەوە چاوەدێری کۆشکی ئێمە بکەن: ئەگەر سێزدە مۆمی داگیرساوتان دی، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی برایەکی ترتان بووە و هیچ خۆتان تێک مەدەن. بەڵام ئەگەر یەک مۆمتان دی، ئەمە نیشانەی ئەوەیە خوشکتان بووە و باوکتان پیاوەکانی ناردووە بۆ ئەوەی بتانکوژن. جا خێرا لەوێ راکەن و خۆتان دەرباز بکەن. ئەو کۆشکەی دەچنە ناوی هەموو پێویستییەکی تێدایە بۆ ئەوەی چیتان دەوێ بیبەن و بە یەکەوە بە دونیادا بکەونە سەفەر.

دایکە زۆر بە کوڵ بۆ کوڕە بچووکەکەی گریا و کوڕە بچووکەکەش هەوڵی دا دڵی دایکی بداتەوە و باری خەم و ئازاری سەر دڵی سووک بکا و ئومێدی خواست کە هەموو شتێ بە خۆشی کۆتایی بێ.

ئەگەر شتەکە وا بخوازێ کوڕەکان لە دەست باوکیان رابکەن، ئەم راکردنەیان بە قازانج بۆ دەشکێتەوە، چونکە دەرفەتیان بۆ دەرەخسێ بۆ ئەوەی دونیا ببینن و دوای مردنی باوکیان بێنەوە سەر موڵک و ماڵی خۆیان.

چەند رۆژێکی پێ چوو، باوکە بانگی هەر دوازدە کوڕەکەی کرد و پێی گوتن:

-کوڕە خۆشەویستەکانم... دیارە دایکتان نەساخە. خۆتان دەبینن ماوەیەکە چەند غەمبارە. جا پێویستی بە حەسانەوە هەیە. لەبەرئەوەی ئێوە زۆرن، دایکتان لەناو ئەو قەرەباڵغییە، لەماڵەوە حەسانەوەی نییە. مادام وایە ئێوە برۆن بۆ کۆشکی دووەممان و ئەوێ هەموو شتێکی خۆشی تێدایە. تا دایکتان چاک دەبێتەوە لەوێ بن، ئەوسا دەتانهێنمەوە.

کوڕەکان بە قسەی باوکیان کرد. زرێیان پۆشی و دەستیان دایە چەک و ماڵاواییان لە دایک و باوکیان کرد و روویان کردە کۆشکی دووەم. لەوێ، برای گچکە بۆ براکانی تری باس کرد مەسەلە چییە؟ و پێویستە چ بکەن! هەر شەوەی دوو برا تا نیوەشەو لەسەر قوللەی کۆشک نۆبەتیان دەگرت و دوای ئەوان دوو برای تر نۆبەتەکەیان دەگەیاندە بەیانی. چاویان دەبڕییە کۆشکی دایک و باوکیان بۆ ئەوەی بزانن چ روو دەدا.

شەوی یەکەم هیچ نەبوو، هەروەها شەوی دووەمیش، بەڵام شەوی سێیەم، دەق لە نیوەی شەودا، دوو برا نۆبەتدارەکە دیتیان یەک مۆم لە پەنجەرەی کۆشکی باوانیان داگیرسا. چاوەڕێیان کرد کۆمی تریش دابگیرسێ بەڵام بێ هوودە بوو. خێرا براکانی تریان بەخەبەر هێنا. هەموو زرێیان پۆشی و پارە و پوولیان هەڵگرت و سواری ئەسپان بوون و رایانکرد. وەکوو (با) بە بێ سەر دەگەڕان و دەسووڕان و چاویان بە هەر لایەک بکەوتایە، دەچوونە ئەوێ. چەند وڵاتی بێگانەیان بڕی. بەڵام لە هیچ وڵاتێک نەگیرسانەوە بۆ ئەوەی نەکەونە بەر چنگی باوکیان. لەو سەفەرە دوور و درێژەدا، هەموو پارە و پووڵەکەیان خەرج کرد، بگرە ناچاربوون ئەسپەکانیان و پاشان زرێکانیشیان بفرۆشن. هەر رۆیشتن رۆیشتن تا گەیشتنە لێڕەوارێکی چڕ. هەموو رەنگ زەرد، لەڕ و لاواز، بەرگ دڕا دڕای، لە برسان لاکەیان لێوە دەهات. بڕیارییان دا لەو وڵاتە بڕۆن و بە زووترین کات خۆیان بگەیەننە لای پاشای دراوسێیان و ببن بە خزمەتکار بۆ ئەوەی باوکیان نەتوانێ بیاندۆزێتەوە.

بەڵام ئەو لێڕەوارە هەر کۆتایی نەدەهات و نەدەهات. سێ شەو و سێ رۆژ لەسەر یەک رۆیشتن. تا زیاتر دادەکشانە ناو جەرگەی لێڕەکە، لێڕەکە چڕتر و ڕێگابڕین زەحمەتتر دەبوو. تا وای لێهات هیچ رێگا و بوارێکیان لەبەردەم دا نەما. کەوتنە ناو چغورد و لانەی دڕندان. لەبەر شەکەتی و ماندوێتی داهێزرابوون. لەبەر کەم خواردن لاکەیان لێوە دەهات و هەر وەختا بوو بەربنەوە. نەیاندەتوانی زیاتر بڕۆن. لەپڕ گەیشتنە مێرگ و سەوزاییەکی هەرا و کۆشکێکی چۆلی لە ناوەڕاست بوو، هەر چوار دەوری چیا و لێڕ بوو.

ماوەیەکی زۆر وەستان بۆ ئەوەی بەڵکو بنیادەمێک ببین و لێی بپرسن داخۆ ئەم کۆشکە ئاوەدانی تێدایە، یان نا. هیچ جووڵە و بزووتنەوەیەکیان نەبینی. هیچ باڵندەیەکیان نەدی لەسەر بانان بخوێنێ. کە شەو داهات، غیرەتیان دایە بەر خۆیان و چوونە ناو کۆشکەکە. دەرگا و پەنجەرەکان کرابوونەوە. کۆشکێکی شوێنێکی چۆل و هۆل بوو. ئەوەی دڵ بێ لەناو ئەو کۆشکە لێی نەدەدا. هۆڵێکی گەورەی تێدا بوو. مێزێکی گەورەی داربەڕووی لە ناوەڕاست بوو، خواردنی دوازدە کەسی لەسەر بوو. هەریەکە و قاپێک و پارچە نانێکی وشکی بۆ داندرابوو. لەبەر ئەوەی زۆر برسی بوون، ئەوەندە برسی بوون خۆیان پێ لەسەر پێ رانەدەگیرا، هەندێکیان ویستیان یەکسەر پەلاماری نانەکە بدەن و هەڵیلووشن، بەڵام برای بچووک پێی گوتن هیچ نەخۆن چونکە هی خۆیان نییە. پێی گوتن چاوەڕێ بکەن تا خاوەنی خوانەکە دەبینن. روخسەتی لێ

بخوازن ئەوجا نانەکە بخۆن.

دەرگایەکیان کردەوە، دیتیان ژوورێکە چوار پایەکی قەسەری لە گۆشەیەک داندراوە و کورسییەکی لە تەنیشتە. دەستە جلێکی کۆن و زرێیەکی یەک بە قالبی برا گەورە بە دیوارەوە کراوە. دوای ئەم ژوورە، ژووری دووەم و سێیەم بوو، بەم جۆرە تا سێزدە ژوور. هەموو ژوورەکان وەکوو ژووری یەکەم هەمان شتیان تێدا بوو: چوار پایەک و کورسییەک و دەستە بەرگێک و زرێیەک. هەموو دەرگایان کرابووەوە. تەنیا ژووری سێزدەمین نەبێ قوفڵ درابوو. لە کونی قوفڵەکەوە تەماشای ژوورەوەیان کرد. دیتیان کورسییەکی زێڕ لە نزیک دەرگایە و چوار پایەکی زێڕی بچووکی لە تەنیشتە و جل و بەرگێکی زێڕی کچۆڵەیەکی بچووکیش بە دیوارەوە هەڵواسراوە. گەڕان بۆ ئەوەی ڕێگایەک بدۆزنەوە پێ بچنە ژوورەوە، بەڵکو خاوەنی کۆشکەکە لەوێ بێ، بەڵام فایدەی نەبوو. نەیانتوانی دەرگاکە بکەنەوە و پێشیان نەشکا. لە دەرگایان دەدا و هاواریان دەکرد بەڵکو وەڵامێکیان بەر گوێ بکەوێ. دونیایەکی کش و مات بوو. هیچ هەست و خوست و جووڵەیەک نەبوو.

بڕیاریان دا لەو کۆشکەدا بمێننەوە و ژوورەکان لە بەینی خۆیان دابەش کرد: برای گەورە ژووری یەکەمی وەرگرت و برای دووەم ژووری دووەم و بەم جۆرە... برای گچکە ژووری دوازدەمینی بەرکەوت.

ئەوسا گەڕانەوە هۆڵی گەورە کە وەکوو هۆڵی ئاهەنگ وابوو. ویستیان نانەکە بە وشکی بخۆن بەڵام دیتیان یەکێ هەر یەکە و هەندێ شۆربای بۆ لە قاپەکان کردن. هەر یەکە چوو لە ژووری خۆی کورسییەکەی هێنا و ئەوەی لە پێشیان بوو خواردیان. دوای شۆربا هەر یەکە لە خۆوە پشکە گۆشتێکی لەبەردەم پەیدابوو. ئینجا هەندێ قاورمەی نۆک. سەریان سوڕما ئەو خواردنە لە کوێوە دێ! چونکە کۆشکەکە هیچ مدبەقی تێدا نەبوو. بەڵام مێشکی خۆیان پێ خەریک نەکرد، چونکە پاش ئەو هەموو برسێتییەی چەشتبوویان بیریان هەر تەنیا لەسەر تێرکردنی ورگیان بوو. هەموو خواردنەکەیان ماشییەوە و هیچیان نەهێشت. دوای شێو، کشانەوە و هەر کەسە چووە ژووری خۆی و ئیسراحەتیان کرد و بە دڵێکی خۆش پاڵیان دایەوە و خەویان لێکەوت.

سبەینەی ڕۆژی پاشی، کە بەخەبەر هاتن، ڕۆژ بڵند بوو. جلە نوێکانیان کردە بەر و زرێکانیان پۆشی و روویان کردە هۆڵەکە. دوازدە نانی وشک و دوازدە پەرداخی پڕ ئاوی زولال لەسەر مێزە داربەڕووەکە بوو. زۆر بە تامەزرۆیی خواردیان. هەر یەکە تەماشای

براکانی تری کرد بە زرێ و چەکەوە زۆر جوان و لێوەشاوە بوون، دڵی پێ کرایەوە و هەستی بە شادومانی کرد. ئیتر چوون خۆیان تاقی بکەنەوە.

حەفتەیەک بەم جۆرە تێپەڕی. رۆژیان دەقەتاند و چاوەڕێیان دەکرد بەڵکو یەکێ ببینن. بەڵام کۆشکەکە هەر وەکوو خۆی چۆل و هۆل بوو. ئیتر هەستیان کرد ئەمە باشترین حەشارگەیە دۆزیویانەتەوە. ئەوەندەیان بەسە کە چەکیان بە دەستەوەیە و لە هیچ شتێکیان کەم نییە. بەڵام لە راستیدا ئەو خواردنە سادەیەی بۆیان دادەندرا لەگەڵ زەوق و ئارەزووی ئەوان نەدەگونجا، چونکە ئەوان کوڕە پاشا بوون و لە خواردنی چەور راهاتبوون. بیریان لە راوکردنی نێچیر کردەوە و لەو باوەڕە دابوون ئەو ناوە دەبێ نێچیری زۆر بێ. ئیتر بڕیاریان دا بچنە راو و خۆیان گۆشت بۆ خۆیان دابین بکەن.

رۆژی یەکەم سەرکەوتوو بوون. هەریەکە نێچیرێکی هێنایەوە. یەکێ تەیرێک و یەکێ کەروێشکێک و یەکێ مامزێک. خۆشی خۆشییان پێ کەوتبوو. بیریان دەکردەوە چەند خۆشە لە باتی قاورمەی نۆک و جۆی زەردکراو گۆشتی برژاو و سوورکراوە بخۆن، بەڵام بۆ رۆژی پاشی نێچیرەکان بزر بوون و کەس نەیزانی چییان لێهات. هیچیان لێ نەهاتە سەر خوان. هەر قاورمەی نۆک و نانە رەقەکەی جاران بوو. رۆژەکانی تریش هەر بەو جۆرە بەردەوام بوو.

ئەو نێچیرانەی دەیانگرت شەو بزر دەبوون و هیچ گۆشتێکی برژاو نەدەگەیشتە سەر خوان.

براکان وردە وردە بەم مەسەلەیە تووشی غەم و دڵەڕاوکێ هاتن. بیریان دەکردەوە داخۆ دەبێ ئەم دەردەسەرییە زۆر دەوام بکا! بۆ ئەوان، کە کوڕە پاشای رەسەن بوون، شتەکە زۆر ناخۆش بوو. وایان دەزانی دەبێ شوێنی دیکە لەو کۆشکە باشتر بێ. بۆیە ویستیان لەو کۆشکە بڕۆن، بەڵام برای گچکە لەگەڵ ئەم رایەدا نەبوو. ئەو دەیەویست براکانی لەو جۆرە ژیانە بەردەوام بن و چەند ساڵێکی تریش دان بە خۆیان دا بگرن، تا باوکیان لە بیریان دەکا و چیدی تاقیبیان ناکا.

بەم جۆرە دوازدە ساڵ لەو کۆشکەدا ژیان. خواردنەکەیان هەر کەم و سادە بوو. نەیاندەتوانی خواردنی خۆیان باشتر بکەن ئەوە نەبێ کە خۆیان جار وبار تەیرێک یان کەروێشکێکیان لەناو لێڕ و دەگرت و هەر لەوێ دەیانبرژاند و دەیانخوارد. بەردەوامیش خەشمانیان لە خوشکیان دەکێشا و بە تاوانباریان دەزانی و هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرد چونکە ئەو دەردەسەرییەیان لە ناوچەوانی ئەو دەزانی.

لەو ماوەیەدا، خوشکەکەیان وردە وردە لە کۆشکی باوانی هەڵیدەدا و گەورە دەبوو، تا بوو بە کچێکی جوان و ناسک و نازدار. دایک و باوکە ئەوەندە هۆگری ئەو کچە بوون، کوڕەکانیان هەر لەبیر کرد. کچەش ئەوەندە روح سووک و قشتیلە بوو، بە قسە خۆشەکانی کۆشکی ئاوەدان کردبووەوە. دایک و باوکە، کە چاویان پێدەکەوت، لە خۆشییان دەگەشانەوە. خەڵکەکەیان تێ گەیاندبوو کەس پێی نەڵێ کاتی خۆی برای هەبووە و کەس بە وشەیەکیش بێ باسی کوڕەکانی بۆ نەکا، بەڵام کچە هەمیشە دەیپرسی داخۆ کاتی خۆی هیچ برای نەبووە! تا دەهات خەفەتی لە تەنیایی و تاقانەیی خۆی دەخوارد کە هیچ خوشک و برای نییە یارییان لەگەڵ بکات. ئەوانیش بە هەموویان هەوڵیان دەدا، ئەو بیرانەی لە مێشک دەربکەن بەڵام کەلکی نەبوو. کچە هەر زوو زوو پرسیاری لە دایکی دەکرد و جەنەی دادەگرت و دەیگوت:

– دایە، دە پێم بڵێ دایکی خۆشەویستم. بە ڕاستی من قەت هیچ برام نەبووە؟ ئایا رۆژێ دانایە منیش برام ببێ؟ ئاخر هەموو کەس خوشک و برایان هەیە.

– کچی ئازیزم، ئەوەندە ئەو پرسیارەم لێ مەکە. تۆ ئەوەندەت بەسە کە تاقانەی ئێمەی.

– بەڵام، خۆ هەمیشە، لە هەوەڵەوە، هەر تاقانە نەبوومە، وا نییە!

– بەهەر حاڵ، کچم، شتەکە گرنگ نییە. مێشکی خۆت بەم شتانە خەریک مەکە!

– ئاخ، دایە، خۆزگە بمزانیایە، دە قسەم بۆ بکە!

ئاخیری دایکی باسی دوازدە براکەی بۆ کرد: چۆن بوون. چییان کرد. بۆچی سەفەریان کرد و رۆیشتن؟ چونکە باوکیان پیاوی ناردووە بۆ ئەوەی تاقیبیان بکەن. کچەکە پرسی:

– بەڕاست، دایە نەیاندۆزینەوە؟ باشە، کەس نازانێ چوونەتە کوێ؟

– کەس نازانێ، کچم، هیچ کەس.

– دەباشە، مادام وایە من خۆم دەچم. سۆراغیان دەکەم و بە هەر نرخێ بێ دەیاندۆزمەوە.

– تۆ بەم قسەیە ئەرکێکی قورس دەگریتە ئەستۆ. وشەی (ئەرک) وشەیەکی گەورەیە. کچم چەند سەرباز چوونە گەڕاون و پێیان نەدۆزراوەتەوە! تۆ کە کچۆڵەیەکی بچکۆڵەی دەچیتە کوێ؟

– نەخێر دایە، من بچکۆڵە نیم. من گەورە و تەمامم! گوند بە گوند و ماڵ بە ماڵ

دەگەڕێم. گەیشتمە هەر جێگایەک دەپرسم داخۆ کەس دوازدە براکان منی نەدیوە! خەڵکی باش ماوە. ئەگەر پێیان بڵێم من خوشکی ئەو برایانەم و دەمەوێ بیاندۆزمەوە، هەر کەسێ شتێکیان لەبارەوە بزانێ، یارمەتیم دەدا و پێم دەڵێ. بە هەر حاڵ، خۆ عەرد قووتی نەداون.

رەنگە کچەکە لەوە زیاتر لەسەری برۆیشتایە، بەڵام لەپڕ پاشا بەسەردا هات. پرسی باسی چ دەکا. کچەکە بە هێمنی و سادەیی گوتی دەچم ئەم دونیایە دەگەڕێم بەڵکو براکانم بدۆزمەوە.

پاشا دەیتوانی هەڕەشەی لێ بکا، یان لێی بپاڕێتەوە، یان ترسی بخاتە بەر، بەڵام نەیدەتوانی پەشیمانی بکاتەوە. شاژن دەیتوانی بگری و لە کچەکەی بپاڕێتەوە واز لەم سەفەرە بێنێ، بەڵام کچەکە بە هیچ شتێ سارد نەدەبووەوە. هەر لەسەر بڕیاری خۆی مایەوە و بە هیچ جۆرێ نەرمیی نەکێشا. بە هەر جۆرێ بێ دەبێ هەر بچێ و تاقیبێکی براکانی بکا.

ئاخیری دایک و باوکی بۆیان سەلماند. هەندێ پارەیان دایە و کۆمەڵە خزمەتکارێکیان بەگەڵ دا و وازیان لێ هێنا بچێ لەم دونیا گەورە و فراوانەدا بەدوای براکانی دا بگەڕێ. کچە گوند بە گوند و شار بە شار رۆیشت. ئەوەندەی پرسیاری کرد کەس دەنگ و باسی براکانی نەدەزانی. وردە وردە پارەکەی هات تەواو ببێ و خزمەتکارەکان یەک یەک لێی تەکانەوە و بەجێیان هێشت چونکە هیچێکیان ئامادەنەبوو نەبوونی و دەردەسەریی لەگەڵ بچێژێ. ئاخیری بە تەنیا گەیشتە ئەو لێڕەی براکانی تیدا بوو.

دوای سێ رۆژ گەیشتە کۆشکە کۆنەکە و بە وریایی چووە ژوورەوە. لە براکانی گەڕا نەیدۆزینەوە، چونکە ئەو کاتە چووبوونە راو. تووشی هیچ کەس نەهات. نیشانەی ژیان و ئاوەدانیی تەنیا لە هۆڵی گەورەی ئاهەنگا بینی، کە مێزێک بوو بۆ دوازدە کەس تەرخان کرابوو، هەریەکە قاپێکی بۆ داندرابوو، پارچە نانێکی رەق و وشکی تێدا بوو.

کچە دەستی دایە پارچە نانێک و خواردی. ئینجا بە هەر دوازدە ژووردا گەڕا. رۆیشت تا گەیشتە ژووری سێزدەمین. دەرگای ژووری سێزدەمین لە خۆڕا لەبەردەمی کرایەوە. لەو دەمەی دا، گوێی لە دەنگە دەنگ بوو لە دەرەوە دەهات. ترسا، لەژێر کورسییەکی زێڕی نزیک دەرگا خۆی شاردەوە. براکانی بوون لە راو دەهاتنەوە. سەرەتا هەستیان بەهیچ نەکرد، بەڵام برای گچکە، کە لەسەر خوان دانیشت، هەستی کرد قاپەکەی نانی تێدا نییە. هاواری کرد:

– یەکێکتان پارچە نانەکەی منی شاردۆتەوە، با بمداتەوە.
برای گەورە وەڵامی دایەوە:
– کێ نانی تۆ دەشارێتەوە؟ وس بە، چیت لە پێشە بۆ خۆت بخۆ و دەنگ مەکە.
برای گچکە، بە ئاخ و کەسەرەوە گوتی:
– دە سەیر کە! سەیر کە هیچ نانم لا نییە و قاپەکەم بەتاڵە. ئەگەر نانەکەتان نەشاردبمەوە، بێ شک دیارە خواردووتانە.
براکانی وەڵامیان دایەوە:
– کێمان نانی تۆ دەخوا؟ وازمان لێ بێنە و تووڕەمان مەکە!
– ئاە، تازە زانیم. ئێوە هەمیشە گازاندە دەکەن کە خواردنەکە کەمە و هەمیشە گلەیی دەکەن کە برسیتانە. گوێتان لەوە نییە کە بەشی منیش وەکوو ئێوە کەمە و هەندێ لە بەشەکەی منیش بۆ خۆتان دەبەن.
قسەیەک لەم و قسەیەک لەوان. بەم جۆرە منداڵەکان لەسەر کەرتە نانێکی وشک و رەق کردیانە شەڕ و هەرا و دەستیان لە بەرۆکی یەکتر نا. خوشکەکەیان لە ژووری سێزدەمین گوێی لە هەموو قسەکانیان بوو. گوێی لێ بوو چوون ئەمیان تاوانبار دەکرد، گوایە تا ئێستا چییان بەسەر هاتووە هەمووی لە ناوچەوانی ئەم بووە. ئەگەر ئەم نەهاتایە دونیا، ئەوان دەگەڕانەوە ناو کۆشکی باوکیان و ئەوەندە برسێتی و دەربەدەرییان نەدەچەشت.

که شەڕ و هەرا و هۆریاکە بڕایەوە، هەموو چوونە لای برا گچکەیان و بە شەرەف سوێندیان بۆ خوارد کە دەستیان بە پارچە نانی ئەم نەکەوتووە و ئەوان نەیانبردووە.
برای گچکە وەڵامی دانەوە:
– کەواتە، ئەمە ئیشی کەسێکە ئێستا لێرەیە. دزەی کردووە بۆ ئێرە و کەرتە نانەکەی خواردووە. دەبێ بیکەینە پەندی زەمانە کە هاتووە پارچە نانەکەی دزیوین و تۆوی دووبەرەکیی لە بەینی ئێمە وەشاندووە.

هەستان، بە پەشۆکاوی و شڵەژاوی بە دوای ئەو کەسە دا گەڕان. هەموو کون و کەلەبەرێکی کۆشکیان پشکنی، هیچیان نەدیتەوە، چونکە ژووری سێزدەمین هێشتا بەروویان داخرابوو. ئەوەندە گەڕان تا بێزار بوون، ئەوسا هەرکەسە چوو لە ژووری پاڵ دایەوە. بەڵام برای گچکە کە ژوورەکەی لەتەک ژووری سێزدەمین بوو، لە ژووری سێزدەمین گوێی لە هەناسەی یەکێک بوو. یەکسەر زانی ئەمە دزەکەیە و تازە کەوتە

بەردەست، چونکە تا ئەو کاتە قەت گوێی لێ نەببوو ئەو ژوورە هیچ دەنگی لێوە بێ. گوێی بەکونی دەرگاوە نا، هەناسەکە زۆر بە روونی و ئاشکرایی دەنگی دەهات.

دەسکی دەرگای بادا، یەکسەر دەرگاکە بووەوە. چووە ژوورەوە، کچێکی زۆر جوان و نازداری بینی. کچە ئەوەندە بە خۆی دەچوو، ئەوەی بیدیبایە هەستی دەکرد وێنەیەکە لەم. یەکسەر بیری کردەوە دەبێ ئەمە خوشکی بێ. بە خەبەری هێنا، لێی پرسی کێیە! و لەکوێوە هاتووە؟

کچە زۆر بە راستگۆیی هەموو شتەکەی بۆ گێڕایەوە. پێشی گوت کە خوشکی ئەمانە و ئەرکی دۆزینەوەی براکانی گرتۆتە ئەستۆ. بۆیشی باس کرد کە گوێی لێ بوو براکانی بەشەڕ هاتن و هەڕەشەیان لەم کرد، بۆیە زۆر ترسا و نەوێرا خۆیان پیشان بدا. دانیشی پێدانا کە پارچە نانەکە ئەو خواردی بۆ ئەوەی لە برسان نەمرێ.

ئاخیری براکەی پێی گوت:

– خوشکم، هیچ مەترسە! لێرە، لە ژووری خۆت بە، تا دێمەوە لات و دەتبەم. دەچمە لای براکانم و رازییان دەکەم ئەزیەتت نەدەن. وا دەکەم سبەی نەختێ درەنگ لە راو بێنەوە تا شۆربا ئامادە دەبێ، ئەوسا تۆ بڕۆ لە هەر پارچە نانێک کەمێ بخۆ و لە هەر قاپە شۆربایەک کەوچکێک بخۆ، بزانین چ دەڵێن.

ئێوارەی رۆژی پاشی، کاتێ کە براکان لە راو هاتنەوە، هەستیان کرد هەر کەرتە نانێک کەمێکی لێ خوراوە و هەر قاپە شۆربایەک کەوچکێکی لێ کەم بۆتەوە. برای گەورە هاواری کرد:

– گومانی تێدا نییە یەکێ لێرەیە! سەیر کەن چون شۆربای هەموومان نەختێ کەم بۆتەوە. وەرن، پێش ئەوەی دەست بە خواردن بکەین، بگەڕێین، ئەو دزە بدۆزینەوە و بیکوژین.

برای گچکە گوتی:

– راتان چییە ئەگەر دزەکە یەکێ بێ لە خێزانی خۆمان، بۆ نموونە ئەگەر خوشکی خۆمان بێ؟!

– خوشکی خۆمان؟! یەکسەر دەیکوژین، چونکە ئەو دەرد و بەڵایەی بەسەر ئێمە هاتووە هەمووی لە ناوچەوانی ئەوەوەیە.

برای گچکە هەوڵێ دا قەناعەتیان پێ بێنێ شتی وا نەکەن و توند و تیژی نەنوێنن. بە بیری هێنانەوە، بەهەر حاڵ، ئەوە خوشکی خۆیانە و بە ئەنقەس وای نەکردووە. ئەو

هەر ئاگایشی لە مەسەلەکە نەبووە، بەڵام کەس گوێی نەدایە.
شیریان هەڵکێشا و دەستیان بە پشکنینی ژوورەکانی کۆشکەکە کرد بۆ ئەوەی بیدۆزنەوە و بیکوژن. کچەی کڵۆڵ و بەدبەخت نەتەی بەردا. خۆی لە ژووری سێزدەمین مات کرد و چاوەڕێی مردنی کرد. بەختی یار بوو، براکان هەر بە خەیاڵیشیان دا نەهات ئەو ژوورە بپشکنن، ئیتر نەچوونە ژووری سێزدەمین. ئەوەندە گەڕان تا شل و شەکەت بوون، بەڵام هیچیان بە هیچ نەکرد، چوون بۆ ئەوەی پشوو بدەن.
سبەینێ ڕۆژی پاشی، زوو بۆ راو دەرچوون. ئێوارێ کە هاتنەوە وەکوو ڕۆژی پێشوو خواردنەکەیان نەختێ کەمی کردبوو. ئەمجارە چوار پاکانیش شێوابوون. دوای شێو هەموو گوتیان:
– لە تام چووە دەرێ، دەبێ هەر چۆنێ بێ ئەم گێرەشێوێنە بدۆزینەوە و بیکوژین. تێر گاڵـەی خۆی پێ کردین. تاکەی هەر بەم حاڵە بین.
برای گچکە هەوڵی دا ساردیان بکاتەوە، دیسان گوتی:
– دوور نییە ئەوە خوشکمان بێ. لە دوو ئێمە بگەڕێ. لەوانەیە ئێستا برچی و تینوو بێ. لەوانەیە هاتبێ پێمان بڵێ باوکمان وازی لە هەڕەشەی کوشتنی ئێمە هێناوە، یان هاتبێ بۆ ئەوەی بمانباتەوە!!
براکان گوتیان:
– باشە، ئەگەر مەسەلەکە وابێ، ئێمە لە دڵەوە لێی خۆش دەبین!
برای گچکە گوتی:
– مادام وایە، وەرن پێشانتان بدەم، وا لێرەیە!
براکانی بردە ژووری سێزدەمین. کە چاویان بە خوشکیان کەوت، هەموو ماچیان کرد و تەوازۆیان بۆ هێنایەوە کە ویستوویانە ئەزیەتی بدەن و سوپاسیان کرد کە هاتووە لەو کڵۆڵی و مەترسییە رزگاریان بکا.
شەوێکی تر لەو کۆشکە مانەوە. بۆ سبەینێ هەندێ زێڕیان لە ژووری خوشکیان بۆ ئەو سەفەرە برد و زرێی ژوورەکانیان لەبەر کرد و کۆشکیان بەجێهێشت، بێ ئەوەی یەک جار ئاوڕی لێ بدەنەوە. بەم جۆرە سێزدە ساڵی تەواو لەو کۆشکە ژیان.
بەڵام کە لە حەوشە بوون دەڕۆیشتن، لەپڕ لە کولانە سەگی بن دیوار دەنگێکیان کەوتە بەر گوێ، گوتی:
– ئەوە دەڕۆن، بێ ئەوەی سوپاسێکم بکەن کە ئەو هەموو ساڵە دوور و درێژە ئەو

هەموو خزمەتەم کردن.
ئاوڕیان دایەوە، پیرەمێردێکی بەساڵاچوویان دی، ردێنی سپی وەک بەفر بوو. گەڕانەوە و داوایان لێ کرد چۆن سوپاسی بکەن. پیرەمێرد گوتی:
– رۆڵە ئازیزەکانم، با پێتان بڵێم: پێش هەموو شتێ بزانن من کێم و ئێوە بۆچی لاتان دایە ئێرە و لێرە مانەوە؟ باش تەماشام بکەن. من برای باوکی ئێوەم. من باوکی ئێوەم بەخێوکرد و بە دڵسۆزیی خزمەتم کرد، بەڵام کە پێڕاگەیشت منی لە وڵاتی خۆیا دەرکرد. ئیتر منیش ناچار بووم وەکوو کابرایەکی دەستکورت، بە ڕەنجی شانی خۆم بژیم تا توانیم ئەو خواردنە کەمە کۆبکەمەوە، کە سێزدە ساڵە دەرخواردی ئێوەی دەدەم. هەر منیش بووم جادووم لە وڵاتـەکەما کرد و کردم بەم لێڕەوارە. نەفرەتیشم لە باوکتان کرد بۆ ئەوەی قەت خێر و خۆشیی لە خۆی نەبینێ، نە خۆی و نە زیچ و تۆرەمەی، تا بە برسێتیی و سەرگەردانی سەدەقەی خراپەکە دەدەنەوە، وەکوو من چۆن کاتی خۆی تووشی برسێتیی و سەرگەردانی هاتم. ئێوە، بەرگەی ئەم هەموو ئازار و تاقیکردنەوەتان گرت. ئێستا دەتوانن بە ئاشتی و دادپەروەری حوکم بکەن. کۆشکەکەم سێزدە ژووری تێدابوو. ئێستا سەرهەڵبڕن تەماشاکەن ئەو سێزدە ژوورە بوونەتە سێزدە قەسر لە وڵاتەکەما. هەر یەکە و کۆشکێکتان لەو کۆشکانە پێشکەش بێ! بەڵام بۆ خۆیشم یەک داوام لە ئێوە هەیە. ئەویش ئەوەیە هەرە بچووکەکەتان بێ سەرم ببڕێ.
برای گچکە ملی بۆ ئەو داوایە نەدا. بەڵام پیرەمێرد ئەمری پێکرد و سووریش بوو لەسەر داواکەی. ئیتر برای گچکە بە گوێی کرد و چوو سەری بڕی. کابرا یەکسەر ورد و خاش بوو، بوو بە تۆز و غوبار و کۆشکە جادووبەندەکەش رووخا. شوێنی ئەو کۆشکە رووخاوە، بوو بە وڵاتێکی رزگارکراو و سێزدە کۆشک لەو ناوچەیە قیت بوونەوە.
هەر برایەک و چووە ناو کۆشکی تایبەتی خۆی. کچە گەنجەکەش چووە ناو کۆشکی خۆی. کە چووە ژوورەوە تووشی دایک و باوکی خۆی هات لەناو کۆشکەکە بوون. دایک و باوکە هەوەسی ئەو دونیایەیان بە دیتنەوەی کچەکەیان هات.
بەم جۆرە هەموویان کەوتنە شادی و بەختەوەری.

* * *

# ١٠- خاتوور ماهوولینار



**هەبوو نەبوو،**

**لە ڕۆژگاری کۆن پاشایەک هەبوو، کوڕێکی تاقانەی هەبوو. دوای ماوەیەک دایکی عەمری خوای کرد و باوکی ژنێکی تری هێنا. دەرکەوت ئەو ژنەی زۆر دڵ پیس و هەناو ڕەشە.**

**کوڕەکە بەردەوام پرسیاری لە باوکی دەکرد: باوکە، ئەرێ ئەو ژنە جوانە کێیە کە وێنەکەی لەسەر ئاگردان بە دیوارەوە هەڵواسراوە؟**

**بەڵام باوکە پێی نەدەگوت و هەموو جارێ وەڵامی دەدایەوە:**

**- راوەستە، کوڕم! کە گەورەبووی دەزانی.**

**شازادە وردە وردە گەورە بوو. هەموو جارێ بە سەعات لە دیار وێنەی ژنە جوانەکە دەوەستا و لێی ورد دەبووەوە. جارێکیان هەستی کرد باوکی میزاجی لەبارە و تەبیعاتی خۆشە، پرسیارەکەی لێ دووبارە کردەوە، گوتی:**

**- باوکە گیان، دە پێم بڵێ ئەو ژنە کێیە وێنەکەی لەسەر ئاگردان بە دیوارەوە هەڵواسراوە؟**

**باوکە وەڵامی دایەوە:**

**- باشە، رۆڵە! با پێت بڵێم ئەمە وێنەی دایکی رەحمەتیتە! بە گەنجی لەبەر جوانی هەموو عالەم پێیان دەگوت (کچی خۆر). لە تەمەنی ئێستای تۆ بووم کە من زەماوەندم لەگەڵ کرد. بۆیەش ئەوم هێنا، چونکە لە هەموو کچی دنیا جوانتر بوو. دەترسام نەوەک وجاغمان کوێر بێتەوە و هیچ میراتگرمان نەبێ. جا تۆش دەبێ چاو لە من بکەی، پێویستە ژن بێنی بۆ ئەوەی وڵات بەبێ میراتگر نەمێنێتەوە.**

**باوەژنی پیر و بەساڵاچوو. گوێی لە قسەی پاشا بوو، یەکسەر بڕیاری دا خۆی دەزگیرانێک بۆ زڕکوڕەکەی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە بەختەوەری بژی. بەڵام شازادەی لاو بە توندی رەتی کردەوە. رازی نەبوو زەماوەند لەگەڵ کچێ بکا کە زڕدایکی بۆی دەدۆزێتەوە.**

**بڵاوی کردەوە ئەگەر کچێکی بە قەد دایکی خۆی جوان نەبێ، نایهێنێ. باوکی زۆری بە بەردا کەوت واز لەو بیرە بێنێ، چونکە هەرگیز کچی وا جوانی دەست ناکەوێ، کەلکی**

نەبوو. باوەژنەکەیشی زۆر هەوڵی لەگەڵ دا رازی بکا، ئەو کچە بێنێ، کە ئەم بۆی دەدۆزێتەوە، بەڵام شازادە زۆر بە توند و رەقی رەتی کردەوە.
ئاخیری پاشا لە دوو راوێژکارەکانی نارد، بۆ ئەوەی بێن لەم بابەتە بکۆڵنەوە، کە بریتی بوو لەم پرسیارە: چۆن و لە کوێ کچێکی وا بدۆزنەوە؟ شازادە پێی رازی بێ و بیهێنێ. راوێژکار لە هەر چوار ئیقلیمی وڵاتەوە هاتن. لە سبەینێ تا ئێوارێ کۆڕیان بەست. بە دوور و درێژی لە مەسەلەکە دوان، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک. دوو سێ رۆژ بەم جۆرە لە ناوەخۆ گفتوگۆیان کرد. ئاخیری بڕیاریان دا قاسیدان رەوانەی هەموو لایەکی دونیا بکەن بۆ ئەوەی کچێک بدۆزنەوە بەو جوانییەی شازادە دەیەوێ.

سبەینەی رۆژی پاشی، قاسیدان بۆی دەرچوون. بۆ ماوەی یەک ساڵی رەبەق بە سەرانسەری وڵات دا گەڕان و هاتنەوە گوتیان لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا کچی وا جوان نییە، چ بکەن؟
پاشا دووبارە راوێژکارەکانی گردکردەوە.

راوێژکاران لە هەموو لایەکی وڵاتەوە هاتن. ئەمجارە لە جاری پێشوو زیاتر لێیان کۆڵییەوە، بەڵام دیسان نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک. ئەنجوومەن لە گەرمەی گفتوگۆدابوو، راوێژکارەکان هەر کەسە پێشنیازی خۆی پێشکەش دەکرد، کە پیرەمێردێکی ردێن سپی هەستایەوە، تا ئەو کاتە متەقی لێوە نەهاتبوو، گوتی:
– وا دیارە ناگەینە هیچ ئەنجامێک. ئەوەش هەیە ئەگەر پاشا نائومێد بکەین لە خەفەتان وەزگ دەدا و وڵاتەکەمان دەکەوێتە ناخۆشییەکی وا وێنەی نەبێ. چونکە ئەگەر بۆمان نەکرێ ژن بۆ دوا شازادەی بنەماڵەی شاهانە بێنین، بەرەبابی پاشا تۆو توخماتیان دەبڕێتەوە. ئەو بەرەبابەی ماوەیەکی دوور و درێژە بە سەربەرزی و شکۆمەندی حوکمی وڵات دەکەن. رۆژێ دێ بە بێ پاشا دەمێنینەوە. من زۆرم بیر لێ کردۆتەوە چۆن بتوانین جوانترین کچی دونیا بۆ شازادەکەمان بێنین، تەنیا یەک چارەسەرم دۆزیوەتەوە:
خۆتان دەزانن وڵاتەکەمان لە دونیادا چەند بەناوبانگە، دەشزانن وڵاتەکەمان بێگانە و غەوارەی وڵاتانی دونیای چەند زۆر تێدایە. با هەموو کانی و سەرچاوەکانی ئاوی وڵات دابخەین و ئەو خەڵکە تێ بگەیەنین کەس یەک دڵۆپە ئاو نەداتە هیچ بێگانەیەک، نەوەک سزایەکی توند دەدرێ. تەنیا کانی و سەرچاوەی ناو کۆشک کراوە بێت و هەموو بێگانەکان بۆ ئاو بێنە ناو کۆشک بۆ لای ئێمە. پاسەوانێکیش لەسەر ئاوەکە دادەنێین هەر کەسێ هات لێی بپرسێ داخۆ هیچ کچی وا جوانی نەدیوە کە شازادەکەمان داوای

دەکا!

پاشا ئەم تەگبیرەی بە گەن کرد. بڕیاری دا یەکسەر قسەی پیرەمێردی شکۆمەند جێبەجێ بکەن.

ماوەیەکی زۆر بەم جۆرە تێپەڕی، زۆر بێگانە هاتنە سەر کانی و سەرچاوەی ناو کۆشکی شاهانە، بەڵام کەس ناوبانگی هیچ کچی جوانی نەژنەوتبوو. سێ ساڵ پێ چوو، ڕێبوارێک هات هەموو گیانی تۆز و خۆڵی سەفەر بوو. هەموو لەشی لەبەر خۆر هەتاو گەستی ببوو. کابرا ئەوەندە تینوو بوو نەبێتەوە. لە پەڕگەی شار گەیشتە یەکەم ماڵ، خۆی پێدا کرد و داوای ئاوی کرد. پێیان گوت شتی وا قەدەغەیە. هەموو کانی و سەرچاوەی ئاوی شار داخراوە. دەتوانێ بۆ خۆی بچێتە کۆشکی شاهانە، لەوێ ئاوی دەست دەکەوێ.

ئەو ڕێبوارە وەخت بوو لە تینوان بخنکێ. تینی دایە خۆی، قاچەکانی لە دوو خۆی ڕاکێشا، بە لاکە لاک خۆی گەیاندە کۆشکی پاشا. کە لە دەروازە چووە ژوورەوە، کانییە ئاوێکی لە ناوەندی حەوشە بینی پاسەوانێکی لە دیار وەستا بوو. لە دوورەوە هاواری کرد: لە ڕێ خوا هەندێ ئاوم بدەنێ، لە تینوان خۆم پێ ڕاناگیرێ. پاسەوانەکە بادییە ئاوێکی دایە و لێی پرسی داخۆ نەیدیوە و نەیبیستووە لەم دونیایەدا چ کچێ لە هەموو کچان جوانترە. کابرای بێگانە وەڵامی دایەوە:

- با بێگومان ناوبانگی کچێکی وام بیستووە. من لەم سەری دونیا تا ئەو سەری دونیا گەڕاوم. هەموو شتێکی ناوازەی ئەم دونیایە دەزانم. بیستوومە کچێ هەیە ئەوەندە جوانە، هەر کەسێ چاوی پێ بکەوێ، لە سەرسامییان لە هۆش خۆی دەچێ.

پاشا زۆر بەم خەبەرە کەیفخۆش بوو، چونکە خەریک بوو ورەی بەردەدا و لە دۆزینەوەی کچی وا جوان نائومێد دەبوو. یەکسەر گازی کوڕەکەی کرد بۆ ئەوەی کابرای بیانی چی بە پاسەوانەکە گوتبوو، بەویشی بڵێ. کابرای بێگانە دەستی بە قسە کرد و گوتی:

شازادەی شکۆمەند، من ئەم سەر و ئەوسەری دونیام کردووە. نەمبیستووە هیچ کچێ لە جوانیدا خۆی لە قەرەی (ماهوولینا) بدا. (ماهوولینا) کچێکی زێڕینە. ئەوەندە جوانە، ئەوەندە جوانە، هەر کەسێ تەماشای بکا، چ گەنج و چ پیر، لە هۆش خۆی دەچێ. من پێم باش نییە شازادەیەکی وەکوو تۆ بچێتە داخوازی ئەو کچە. هەر لەبەرئەوە نا کە ماڵی زۆر لێرە دوورە و لە جێگایەکی وایە بنیادەم لە ڕێگا وێڵ دەبێ، بەڵکو لەبەرئەوەی

دەترسم شتێکی خراپت بەسەر بێ، وەکوو ئەوەی بەسەر زۆر شا و شازادەدا هاتووە. چونکە ئەوەی چاوی بەو کچە بکەوێ، لەبەردەم جوانیدا هەرەس دێنێ و بەردەبێـەوە و تووشی نەخۆشی دەبێ. کچەش لەبەر ئەو بێ ورەییەی، رەفزی دەکاتەوە و رازی نابێ مێردی پێ بکا.

شازادە، کە ئەم خەبەرەی بیست، ئۆقرە و هەدادانی نەما.

رۆژێ ویستی بچێتە ئەو سەفەرە، باوکی پێی گوت:

– نەخێر، کورِم! شتی وا مەکە. نەختێ سەبرت هەبێ. پارەیەکی باش لەگەڵ خۆت ببە و چەند سەربازت دەوێ بیانبە با لەو سەفەرە لەگەڵتا بن و لە مەترسی بتپارێزن. داوا لەم پیرەمێردە دانایەش دەکەین یاوەریت بکات و یارمەتیت بدا بە ئاسانی کچەکە بدۆزێتەوە.

پاشا رووی لە کابرای گەڕیدە نا لەگەڵ کوڕەکەیدا بچێتە ئەو سەفەرە. کابرا یەکەم جار رەتی کردەوە، بەڵام کە پاشا سوور بوو لەسەر داواکەی، کابرا ملی دا و رازی بوو بەو مەرجەی شازادە هیچ کەس لەگەڵ خۆی نەبا و بەڵێن بدا هەرچی ئەم گوتی بە گوێی بکا.

لەسەر ئەمە رێک کەوتن و شازادە و کابرای بیانی ملی رێی خۆیان گرت و ماوەیەکی زۆر بەناو لێڕی چڕ و گەڵیی و دۆڵی کووردا رۆیشتن. هەر رۆیشتن، رۆیشتن تا لەناو لێڕێک شەویان بەسەردا هات. ماوەیەکی زۆر لەناو چغورد و چرگەنێک وێڵ بوون. لەپڕ گەیشتنە ماڵی پیرەمێردێک. کابرا لە سەر مێزێک دانیشتبوو شتێکی لە دەفتەرێک دەنووسی. سەلامیان لێ کرد. کابرا سەلامی لێ وەرنەگرتنەوە. ماوەیەکی زۆر لەبەر کۆسپەی دەرگا راوەستان بەڵکو پیرەمێرد، کە لە نووسینەکەی بووەوە، بیانبینێ و بەخێریان بێنێ، بەڵام شتی وا نەبوو. کابرای پیرەمێرد هەر دەینووسی و دەینووسی. ئەو دوو رێبوارە بێزار بوون. کابرای بێگانەی یاوەری شازادە، گوتی:

– ئەم شەوە، لە کوێ ببەینە سەر؟ پیرەمێرد بە هیچ جۆرێ وەڵاممان ناداتەوە!

شازادە وەڵامی دایەوە:

– گرنگ نییە چ دەبێ و چ نابێ. من وام پێ باشە هەر لێرە پاڵ بدەینەوە و بحەسێینەوە. ئەم پیرەمێردە بێزەڕە بە هیچ جۆرێ ئەزیەتمان نادا.

لەوێ مانەوە. شازادە نووست، بەڵام کابرای بیانی شەو چاوی نەچووە خەو. پیرەمێردەکە سێ کچی هەبوو، بەرۆژ دەبوون بە قەلەڕەش و دەچوون لەو دونیایە دەگەڕان. کچەکان

ماڵ نووستنان هاتنەوە و لە باوکیان پرسی:
– باوکە، ئەم شەو کەس لێرەیە؟
– ئا، کچم! دوو کەس. بەڵام کچەکانم، پێم بڵێن ئەمڕۆ چوونە کوێ؟ و چ فێر بوون؟
– نا، نا! باوکە قسە ناکەین، نەوەک ئەم دوو بێگانەیە گوێیان لە قسەکانمان بێ.
– گوێیان لە قسەتان نابێ. نووستوون! ئەگەر گوێشیان لێ بوو، ئەوەندە بایەخی پێ نادەن. تۆ کچی گەورەم، پێم بڵێ: ئەمڕۆ لە کوێ بوویت و چ فێربوویت؟
کچە نۆبەرەکەی هەستایەوە و گوتی:
– ئەمڕۆ چوومە وڵاتێکی زۆر دوور. لەوێ پێکەوتم کە شازادەیەک هەیە عەودالّی (ماهوولینا)ی زێڕینە، چونکە دایکی خۆی لە سەردەمی گەنجێتی چەند جوان بوو، (ماهوولینا)ش ئەوەندە جوانە.
ئەوەی ئەم خەبەرەش ئاشکرا بکا تا گۆزینگی دەبێ بە بەرد.
باوکە، پرسیاری لە کچی دووەم کرد:
– ئەی تۆ، کچم! تۆ ئەمڕۆ چوویتە کوێ؟ و چ فێربووی؟
کچەکە گوتی:
– لەو دونیا گەورە و فراوانە گەڕام. زانیم ئەو شازادەیەی عەودالّی (ماهوولینا)ی زێڕین بووە، لەو سەفەرەی دا دەگاتە دووڕیانێک:
یەکێ لە ڕێگاکان قوڕ و سەخت و ناخۆشە، ڕێگاکەی تر خۆشە. ئەگەر شازادە بچێتە ڕێگای یەکەم کچەکە دەدۆزێتەوە، بەڵام هەر کەسێ ئەم خەبەرە ئاشکرا بکا، تا ئەژنۆی دەبێ بە بەرد.
باوکە لە کچی سێیەمی پرسی:
– ئەی تۆ کچی بچکۆڵەم! تۆ چوویتە کوێ؟ و چیت پێیە؟
کچە وەڵامی دایەوە:
– منیش ئەو دونیا فراوانە گەڕام و زانیم ئەو شازادەیە، کە یەکەم جار تووشی (ماهوولینا) هات، ئەگەر تەماشای دوڕ چاوی کرد، خاتوو (ماهوولینا)ی زێڕینی بۆ نابێ. بەڵام ئەگەر ڕۆژی یەکەم تا ئەژنۆی تەماشای کرد و ڕۆژی دووەم تا ناوقەدی و بۆ ڕۆژی سێیەم ئەوسا تەماشای ناوچاوی کرد، کچەکەی بۆ دەبێ. هەر کەسێکیش ئەم خەبەرە ئاشکرا بکا، یەکسەر تا ناوقەدی دەبێ بە بەرد.
کچەکان چییان گوت، پیرەمێرد هەمووی لە کتێبەکەیا نووسی، بەڵام کابرای بیانی گوێی

لە هەموو شتێ بوو. بەیانی، کە شازادە خەبەری بووەوە، هەردووکیان هەستان و ملی رێی خۆیان گرتن و رۆیشتن. زۆری پێ نەچوو، گەیشتنە دووڕییانێک. کابرای بیانی گوتی:

– شازادەی خانەدان، با بەم رێیە سەخت و ناخۆشەدا بڕۆین.

شازادە گوتی:

– نەخێر! با بچینە ئەم رێگا خۆشە. بەس نییە ئەوەندە لەناو لێڕی چڕ و رێگای سەخت و ناخۆش شل و شەکەت بووین؟! خوا کردی ئاخیری گەیشتینە ئەم رێگا خۆشە!

شازادە یەکسەر ملی رێگا خۆشەکەی گرت، بەڵام کابرای بیای چووە رێگا سەخت و ناخۆشەکە. پاش نەختێ، شازادە گەڕایەوە و چوو بە گەڵ کابرای بیانی کەوت، چونکە نەیدەویست لە هاوڕێی سەفەری جودا بێتەوە.

ماوەیەکی زۆر بەم جۆرە رۆیشتن. شازادە هەر ئاخ و ئۆفی بوو لە دەست ئەو رێگا سەختە و دەیەویست بگەڕێتەوە، بەڵام هاوڕێکەی هەر دنەی دەدا و ورەی بەرز دەکردەوە و دەیگوت هەر بزانە گەیشتینە لای (ماهوولینا)! گەیشتنە سەرگردێک و لە دوورەوە قوللەکانی شاری خاتوو (ماهوولینا)ی زێڕینیان لێ دەرکەوت. شازادە دڵی کرایەوە و بە شادی و خۆشی ملی رێی گرت.

گەیشتنە ناو شار و شازادە ویستی یەکسەر بچێتە دیدەنی کچەی زێڕین، بەڵام کابرای بیانی بە بیری هێنایەوە کە بەڵێنی داوە لە قسەی دەرنەچێ و ئامۆژگارییەکانی لە گوێ بگرێ. ئیتر راستەوخۆ نەچوونە لای پاشا. یەکەم جار چوونە خانێک و شەو لەوێ نووستن. سبەینەی رۆژی پاشی، کە لە خەو رابوون، کابرای بیانی بە شازادەی گوت:

– ئێستا دەچیتە لای کچی زێڕین، کە چوویتە ناو کۆشکی شاهانە، پاسەوانەکە لێت دەپرسێ: چت دەوێ؟ بە شێنەیی وەڵام بدەوە، بڵێ هاتووم کچەی زێڕین ببینم. یەکسەر دەتبەنە کن کچەکە. بەڵام ئەگەر بە ڕاستی خۆت بە پیاو دەزانی، دەبێ دان بە خۆت دا بگری و یەکسەر تەماشای ناو چاوی کچەکە نەکەی. کچەکە لەسەر سەکۆیەک دانیشتووە. تۆ چاوت لە زەوی ببڕە. هەر هێندە چاوت بەرز کەوە تا خوار چۆکی ببینی. بەوەندە واز بێنە و هەورازتر مەڕ□وانە. ژوورەکە مێزێکی تێدایە قاپە شۆربایەک و بادە شەرابێکی لەسەرە. بێ ئەوەی متەقت لێوە بێ، برۆ لەسەر مێزەکە دانیشە. سێیەکی شۆرباکە بخۆ و سێیەکی شەرابەکە بنۆشە. ئەوجا بەبێ دەنگی هەستە و وەرەوە. چیت پێ دەڵێم وا بکە نەوەک خراپت بە سەر دێ.

شازادە ئەم شتانەی بە لاوە زۆر سەیر بوو، بەڵام نەیدەتوانی  لە قسەی کابرای بیانی دەربچێ. ئەی ڕۆژی خۆی بەڵێنی نەدا کە هەرچی کابرا ویستی و داوای لێکرد جێبەجێی بکا؟

شازادە رووی کردە کۆشکی پاشا. پاسەوانەکە بردییە لای کچی زێڕین. شازادە تا خوار چۆکی تەماشای  کرد. ئینجا نەختێ شۆربای خوارد و کەمێ شەرابی نۆشی و بەبێ ئەوەی متەقی لێوە بێ هەستا و گەڕایەوە لای هاوڕێکەی. کابرای بیانی پیرۆزبایی لێ کرد، کە ئەوەی دەبوو بیکا، بە ئازایی کردی.

سبەینەی ڕۆژی پاشی، کابرای بیانی جارێکی تر شازادەی رەوانەی کۆشکی پاشا کرد و تێی گەیاند وەکوو جاری پێشوو بکا. ئەوەندەشی پێگوت کە ئەمجارە دەتوانێ تا کەمەری تەماشای کچەکە بکا و نیوەی شۆربای قاپەکە بخوا و نیوەی بادە شەرابەکە بنۆشێ.

شازادە چوو. کابرای بیانی چی پێ گوتبوو، وای کرد و بە خۆشی و شادی گەڕایەوە خانەکە.

شازادە هەر خەنی بوو، کە کابرای بیانی پێی گوت لەمەودوا دەتوانێ تەماشای روخساری (ماهوولینا) بکا بەڵام بە وریایی، چونکە دەبێ وردە وردە چاوی بڵند بکا و پاشان بچێ قاپە شۆرباکە و بادە شەرابەکە هەمووی تەواو بکا.

کابرای بیانی زۆر سوور بوو کە شازادە دەبێ ئەمجارە زۆر وریا بێ، چونکە شتەکە هەمووی لەسەر رەفتاری ئەو ڕۆژەی راوەستاوە و هەر تەنیا یەک هەڵە بکا، لەوانەیە سەری تێدا بچێ.

شازادە بە ڕێ کەوت و هاوڕێکەی تا ماوەیەکی زۆر هەر تەماشای کرد. دەترسا نەوەک شازادە لەم تاقی کردنەوە سەختەدا دەرنەچێ.

شازادە چوو گەیشتە کۆشک و بە هێمنی چووە بەردەم کچەکە و وردە وردە چاوی بڵند کرد، ئەوسا تەماشای کرد. خاتوو (ماهوولینا) هەستی بە ئێش و ئازار و ناخۆشی کرد، چونکە وایدەزانی شازادە بەرگەی سەرنجەکانی ناگرێ و ئەمەش شتێکی ناخۆشە بۆ گەنجێکی وا قۆز. بەڵام شازادە بەو پەڕی شێنەیی و وریاییەوە جووڵایەوە: یەکەم جار سەیری قاچەکانی کرد، ئینجا لەشی و کە چاوی بڵند کرد، پەشۆکا و موچڕکی پێدا هات و هەر وەخت بوو بەربێتەوە. تووشی سەرە گێژە هات و لاقی شل بوو. بەڵام دانی بەخۆیدا گرت و بە شاقاوی گران روی کردە مێزەکە. هەموو خواردنی ناو قاپەکەی

خوارد و هەموو شەرابی ناو بادەکەی نۆشی. یەکسەر هەستی کرد ئاسایی بووەوە و پەل و پۆی هێزی تێدا گەڕا. لەولاوەش، شازادە خانم دانی بە خۆیدا گرت و لە پایەکانی سەکۆکە هاتە خوارێ و بە پەلە چوو شازادەی گرتە باوەش. لەو کاتەدا باوکی کچەکە هاتە ژوورەوە. باوکی، شای باڵندان بوو. کە چاوی بەم دیمەنە کەوت، هەر واقی وڕما. شازادە خۆی پێ ناساند و باسی بەرەبابی خۆی و ڕێ و ڕەچەڵەکی خۆی بۆ کرد و پێی گوت بۆچی هاتووە و ئەو ناخۆشی و دەردەسەرییەی تووشی هاتبوو هەمووی بۆ گێڕایەوە، کە کەس باوەڕ ناکا یەکێ هەبێ بەسەر ئەم هەموو دەردەسەرییەدا زاڵ ببێ. ئاخیری بە ئاشکرا پێی گوت کە ئەم هەموو بەڵا و دەردەسەرییەی بۆ ئەوە کێشاوە، تا بتوانێ زەماوەند لەگەڵ شازادە خانم بکا. پاشا ماوەیەک ڕەتی کردەوە، بەڵام ئاخیری ڕازی بوو و گوتی:

– باشە، زەماوەندی لەگەڵ بکە، بەڵام نابێ هەرگیز بگەڕێیتەوە لای خزم و کەس و کاری خۆت.

شازادە، ئەمەی بەلاوە خۆش نەبوو، بەڵام نەیویست شازادە خانمی لە دەست بچێ، بۆیە بە هەموو مەرجێک ڕازی بوو. یەکسەر ئاهەنگی زەماوەندیان گێڕا.

لەو ڕۆژەوە، شازادە لەناو کۆشکی پاشا دەژیا. هاوڕێکەشی بانگ کردە لای خۆی بۆ ئەوەی لێی نزیک بێ، بەڵام کابرای بیانی ڕازی نەبوو بچێ و وای پێ باش بوو دراوسێیان بێ بۆ ئەوەی هەم سەربەخۆ بێت و هەم هەر کاتێ شازادە پێویستی پێ بوو، بتوانێ فریای کەوێ.

مەسەلەکە بەم جۆرە بڕایەوە و کەس بە خەیاڵی دا نەدەهات ڕۆژێ بێ و شازادە بگەڕێتەوە لای باوکی.

ماوەیەک پێ چوو، شازادە بیری کردەوە لەوانەیە خۆش بێ سەردانێکی باوکی بکات و باسی وەزعی خۆی بۆ بکا. شازادە تا زیاتر بیری لەم مەسەلەیە دەکردەوە، زیاتر غەریبی ماڵەوەی هەڵدەستا. ئاخیری بڕیاری دا، ئەگەر پاشا ئامادە بوو گوێی لێ بگرێ، باسی ئەم نیازەی خۆی بۆ دەکا.

ڕۆژێ، شازادە دیتی پاشا گوڕاحی خۆشە، زۆر بە کەیف و شادومانە، هەر کەسێ داوای هەر شتێکی لێ دەکا، بۆی جێبەجێ دەکا. شازادە ئەمەی بە هەڵ زانی و تکای لێکرد ڕێی بدا بگەڕێتەوە بۆ لای کەس و کاری خۆی.

پاشا ماوەیەک قسەکەی ڕەت کردەوە، بەڵام پاشان ڕازی بوو. قبووڵی کرد بڕواتەوە.

شازادە و خاتوو (ماهوولینا) کەوتنە خۆ بۆ ئامادەکردنی پێویستیی سەفەر و هاوڕێ بیانییەکەشیان ئاگادار کردەوە. خاتریان لە پاشا خواست و سواری عارەبانە بوون و بۆی دەرچوون.

ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن. بۆ ئێواریٚ گەیشتنە ئەو کەوێڵە بچووکەی پیرەمێردەکەی تێدا بوو کە بەردەوام شتی لە دەفتەرەکەی دەنووسی. شازادە گوتی:

- ئەمشەو با لانەدەینە ئێرە. دەتوانین بۆ خۆمان هێدی هێدی بەردەوام بین.

کابرای بیانی گوتی:

- نا، نا! دەبیٚ ئەمشەو لێرە بین. زۆری نەماوە شەومان بەسەردا دیٚ.

هەموو چوونە ژوورەوە. پیرەمێرد هێشتا هەر لەسەر مێزەکە دانیشتبوو و شتی دەنووسی. هەر سیٚ ڕێبوار پاڵیان دایەوە بۆ ئەوەی بحەسێنەوە. شازادە و (ماهوولینا) خەوتن، بەڵام کابرای بیانی هەر گوێی قوڵاغ کرد و نەنووست. شەو، ماڵ نوستنان، سیٚ کچەکەی کابرای پیرەمێرد هاتنەوە کە بە ڕۆژ ببوونە قەل و چووبوونە گەشت و گەڕانی دونیا.

کچە هەرە گەورەکە، یەکسەر گوتی:

- ئەوە ئەم شەو، لێرە چ هەیە؟

باوکە وەڵامی دایەوە، گوتی:

- ئەمانە غەریبەن! ئەمشەو لایانداوەتە کن ئێمە. بەڵام ئەتۆ وەرە پێم بڵیٚ: ئەمڕۆ چوویتە کویٚ؟ و چ فێربووی؟

کچە گەورەکە دەستی بە قسە کرد و گوتی:

- ئەمڕۆ کەوتمە ناو ئەم دونیا فراوانە. زۆر دوورکەوتمەوە. لەویٚ زانیم خاتوو (ماهوولینا) ی زێڕین مێردی بە شازادەکە کردووە و ئێستا بەڕێوەن دەچنەوە ماڵیٚ شازادە، بەڵام تا دەگەنەوە جیٚ تووشی زۆر کێشە دەبن، چونکە باوەژنی شازادە جادووکەرێکی بەدکارە. لەشکرێکی گەورە دەنێرێتە پێشوازی و بادە شەرابێک بۆ شازادە ڕەوانە دەکا. هەر کەسیٚ ئەو شەرابە بخواتەوە، یەکسەر پارچە پارچە دەبیٚ. ئەوەی ئەم خەبەرەش ئاشکرا بکا تا سەر دڵیٚ دەبیٚ بە بەرد.

پیرەمێرد لە کچی دووەمی پرسی:

-ئەی تۆ کچم! تۆ چوویتە کویٚ؟ و چ فێربووی؟

کچەکە گوتی:

- منیش بەم دونیا گەورە و فراوانەدا گەڕام و زانیم ئەگەر شازادە بادە شەرابەکە ڕەت

نەکاتەوە، هەرگیز ناگاتەوە ناو ماڵ و کەس و کاری خۆی. لە هەمان کاتدا، باوەژنی ئەسپێکی بۆ دەنێرێ، ئەگەر سواری ببێ ئەسپەکە هەڵیدەداتە ناو دەریا. ئەوەی ئەم خەبەرەش ئاشکرا بکا، تا ئەسکوردی دەبێ بە بەرد.

پاشا لە کچی سێیەمی پرسی:

- ئەی تۆ، ئەمڕۆ کوێوە چووی؟ و چت دی؟

- چوومە ناو ئەم دونیا گەورەیە. زانیم گەورەترین مەترسی کە هەڕەشە لە شازادە و (ماهوولینا) دەکا، لە ماڵەوە چاوەڕێیان دەکا. کە گەیشتنەوە جێ و نووستن، باوەژن عەزیایەکیان دەنێرێتە سەر. نیوە شەو لەناو ئاگران دێتە دەرەوە و پەل پەلیان دەکا. ئەوەی ئەم خەبەرەش ئاشکرا بکا، سەراپای دەبێ بە بەرد.

پیرەمێرد ئەم هەموو قسانەی لەناو دەفتەرەکەی نووسی. بەڵام کابرای بیانی گوێی لە هەموو قسەکان بوو.

بەیانی، هەر سێ برادەرەکەمان لە خەو هەستان و بەڕێ کەوتن. بیابانێکی قاقڕیان بڕی و لە شاری زێدی شازادە نزیک کەوتنەوە. کە نزیک بوونەوە، دیتیان لەشکرێکی گەورە هاتە پێشوازییان. سوارێک لە پێشەوە دەڕۆیشت بادە شەرابێکی بە دەستەوە بوو. کە گەیشتە عارەبانەی شازادە، دابەزی و بادە شەرابەکەی پێشکەشی شازادە کرد و گوتی:

- پاشای باوکت ئەم بادە شەرابەی بۆ ناردووی، چونکە دەزانێ تۆ بیابانێکی قاقڕت بڕیوە و تینوێتی هیلاکی کردووی. ها بگرە بینۆشە و تینوێتی خۆتی پێ بشکێنە.

شازادە ئەوەندە تینوو بوو، خۆی پێ ڕانەگیرا. بادەکەی وەرگرت و ویستی بیخواتەوە، بەڵام هاوڕێکەی پەلاماری دا و هاواری کرد:

- ڕاوەستە، شازادە! بەڵێنت پێداوم هەموو شتێکم بە گوێ بکەی. ئەم بادە شەرابە نەخۆیتەوە. لە دەستی کێت وەرگرتووە، دەرخواردی ئەوی بدە.

- شازادە تکای لێکرد ڕێی بدا شەرابەکە بنۆشێ بۆ ئەوەی لە تینوان ناخنکێ، بەڵام هاوڕێکەی گوێی نەدایە.

بادە شەرابەکەیان دەرخواردی ئەو سوارەدا کە هێنابووی، کابرا یەکسەر قنیاتی لەبەر بڕا.

هاوڕێکەی شازادە گوتی:

- دیتت، بتخواردبایەوە چت لێدەهات!؟

شازادە سوپاسی هاوڕێکەی کرد کە ژیانی نەجات دا.
لە ڕۆیشتنی خۆیان بەردەوام بوون. ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەر شوورەی شار. لەوێ کابرایەک هات ئەسپێکی حدوودی پێ بوو. بە شازادەی گوت:
– ئەم ئەسپە باوکت بۆی ناردووی، پێ بچیتە ناو شار.
شازادە ماوەیەکی زۆر بوو لە سواری عارەبانە وەرس ببوو. حەزی لە سواریی ئەسپ و تەڕاد و مەتروود بوو. ویستی یەکسەر سواری ئەسپەکە ببێ، بەڵام کابرای بیانی لێ نەگەڕا سواری بێ.
شازادە تووڕە بوو. گازاندەی لێ کرد کە دژی ئارەزووەکانی دەوەستێ.
کابرای بیانی لەسەر قسەی خۆی نەهاتە خوارێ، گوتی:
– کێ هێناویەتی، با ئەو سواری بێ.
کابرا سواری ئەسپەکە بوو. ئەسپەکە بە سوارەوە خۆی بە دەریادا دادا. زۆری پێ نەچوو گەیشتنە ناو کۆشکی پاشا. پاشای بە ساڵاچوو بەخێرهاتنەوەی کوڕەکەی کرد و هەر وەخت بوو لە خۆشییان پەڕ دەربکا. باوەژنیش لە سەرەوە وای پێشان دا کە بە هاتنەوەی زڕ کوڕەکەی کەیفخۆش بووە. بە گەڕانەوەی شازادە و هێنانی خانمی (ماهوولینا)ی زێڕین، شار هەمووی خرۆشا و کەوتە خۆشی و شادی.
هەر ئەو ڕۆژە ئاهەنگێکی بە تەنتەنەی زەماوەندیان ساز دا.
خەڵکەکە تێریان خوارد و خواردەوە و لە خۆشییان تێر و پڕ هەڵپەڕین. بەڵام کابرای بیانی پەست و نیگەران بوو. بیری دەکردەوە چۆن شازادە و (ماهوولینا) لەو مەترسییە گەورەیە بپارێزێ.
دوای ئاهەنگی زەماوەند، شازادە و (ماهوولینا) ویستیان بچن پاڵ بدەنەوە. هاوڕێی بیانی داوای لە شازادە کرد شەوی یەکەم لەکن ژنەکەی نەخەوێ، بەڵکو ڕێی بدا ئەو لەباتی بچێ. دڵنیاشی کردەوە کە هەموو شتێ بە ئاسایی دەڕوا. شازادە بەبێ دوو دڵی روخسەتی دا، بەڵام کە باوەژنەکەی لە مەبەستی کابرای بیانی گەیشت، کردی بە قەپ و قیڕ و هات و هاوار. هەڕەشەی کرد چۆن شازادە ڕێگا دەدا کابرایەکی تەڵەکەبازی وا شەو لەگەڵ ژنەکەی بێ؟ بەڵام شازادە وەڵامی دایەوە:
– بۆچی ڕێی نەدەم؟! تا ئێستا هەر تەنیا ئەو بە کەلکم هاتووە و لە تەنگانەدا فریام کەوتووە و زۆر جار ژیانی رزگار کردووم.
بەم جۆرە شازادە چوو بۆ خۆی لە شوێنێکی دی پاڵی دایەوە و کابرای بیانی بە تەنیا

لە ژوورەوە لەگەڵ ژنە جوان و جحێڵەکەی بەجێهێشت. بەڵام باوەژنی کەلەکەوێت دەستە پاچە دانەنیشت. پاسەوانێکی لە ژوورەکەی تەنیشت ژووری (ماهوولیا) دانا و داوای لێکرد لە کونی دەرگاوە بە وردی چاوەدێری هەڵس و کەوتی کابرای بیانی بکا، بزانێ چ دەکا و چ ناکا. بێگومان کابرای بیانی خەوی لێ نەکەوت. شیری رووتی بەدەستەوە بوو. چاوەڕێی رووداوەکەی دەکرد. نیوەشە و، ئاگردان تەقی و بوو بە هەزار پارچە و عەزیایەکی دوازدە سەر بازی دایە ژوورەوە و ویستی پڕ بداتە (ماهوولینا) کە لە شیرین خەودا بوو. کابرای بیانی هەموو هێزو زاتی خۆی کۆکردەوە و بەرە و رووی عەزیاکە بووەوە و هەموو سەرەکانی بڕی و کەلەشی پەل پەل کرد و لە پەنجەرەوە فڕێی دایە دەرەوە بۆ سەر کوێرە رێیەکی باریک. ئینجا پێدا هات هەموو پشکە خوێنەکانی لە دار و دیوار پاک کردەوە و عەرزی ژوورەکەی بە کراسی خۆی سڕییەوە و ئەویشی فڕێ دایە سەر کوێرە رێیەکە. کە لە رێکخستن و پاک کردنەوەی ژوورەکە بووەوە، سەیری دەوروبەری خۆی کرد، روانی داخۆ هیچ پەڵە خوێن بە هیچ شوێنێکەوە نەماوە، دیتی دڵۆپە خوێنێک لەسەر گۆنای (ماهوولینا) دەبریقێتەوە، کە لە شیرین خەودا بوو. چوو بە شێنەیی دڵۆپە خوێنەکەی لستەوە. دەق لەو کاتەدا، پاسەوانەکە لە ژووری تەنیشت بە خەبەر هات. شتەکەی بە چاوی خۆی دیت و کردییە هات و هاوار و گوتی کابرای بیانی ئەو ژنە جوان و جحێڵەی ماچ کرد. هەموو لەگەڵ هات و هاواری پاسەوانەکە دەرپەڕین. باوەژنی پیس و مخەننەتیش هات و فەرمانی دا کابرای بیانی قۆڵبەست بکەن و تا سبەینێ فڕێی بدەنە ناو زیندانێکی تاریک.

رۆژی پاشی، باوەژن کابرای تاوانبار کرد کە شەو ژنەی زێڕینی ماچ کردووە. سەرەتا شازادە هیچ گوێی بە مەسەلەکە نەدا، بەڵام باوەژن دووزمانی دەرهەق کرد و (ماهوولینا) لێی بە گومان کەوت. ئیتر پاشا فەرمانی دا کابرا دادگایی بکەن و دادگا بڕیاری کوشتنی دا.

دەستیان بە ئامادەکاریی کرد بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری کوشتنەکەی. لە زیندان هێنایانە دەرێ و بردیانە بەر داری قەنارە. داوایان لێ کرد دوا ئارەزووی چییە تا بۆی پێک بێنن، گوتی حەزدەکەم قسە لەگەڵ شازادە بکەم.

شازادە هاتە لایەوە و کابرای بیانی دەستی پێ کرد، چی روویدابوو هەمووی بۆ گێڕایەوە و گوتی:

– پێم وایە تازە کەس ناتوانێ یارمەتیم بدا، بەڵام حەزدەکەم لەپاش مەرگم دڵنیا بیت

که من بێ تاوانم. ئەو ڕۆژەت لەبیره که دەچووینه سۆراغی (ماهوولینا) و لامان دایه کووخی پیرەمێردەکه؟ تۆ خەوتی و من هەر به ئاگا بوون. شەو، ماڵ نووستنان سێ کچەکەی پیرەمێرد هاتنەوه، کچه نۆبەرەکەی بۆ باوکی گێڕایەوه و گوتی:

– ئەمڕۆ چوومه وڵاتێکی زۆر دوور. لەوێ پێکەوتم که شازادەیەک هەیه، عەودالّی (ماهوولینا)ی زێڕینه. چونکه دایکی خۆی له سەردەمی گەنجێتی چەند جوان بوو، (ماهوولینا)ش ئەوەنده جوانه. ئەوەی ئەم خەبەرەش ئاشکرا بکا، تا گۆزینگی دەبێ به بەرد.

کاتێ کابرای بیانی قسەکەی تەواو کرد، تا گۆزینگی بوو به بەرد. ئینجا گوتی: کچی ناوەنجی گوتی:

– لەم دونیا گەوره و فراوانه گەڕام. زانیم ئەو شازادەیەی عەودالّی (ماهوولینا)ی زێڕین بوو، لەو سەفەرەی دا دەگاته دووڕییانێک: یەکێ له ڕێگاکان قوڕ و سەخت و ناخۆشه، ڕێگاکەی تر خۆشه. ئەگەر شازاده بچێته ڕێگای یەکەم، کچەکه دەدۆزێتەوه، بەڵام هەر کەسێ ئەم خەبەره ئاشکرا بکا، تا ئەژنۆی دەبێ به بەرد.

کابرای بیانی که دوا وشەی له دەم هاته دەرەوه، تا ئەژنۆی بوو به بەرد.

ئینجا لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و گوتی: کچه گچکەکەش گوتی:

– من لەو دونیا فراوانه گەڕام و زانیم ئەو شازادەیه که یەکەم جار تووشی (ماهوولینا) هات، ئەگەر تەماشای دوڕ چاوی کرد، خاتوو (ماهوولینا)ی زێڕینی بۆ نابێ. بەڵام ئەگەر ڕۆژی یەکەم تا ئەژنۆی تەماشای کرد و ڕۆژی دووەم تا ناو قەدی و بۆ ڕۆژی سێیەم ئەوسا تەماشای ناوچاوی کرد، کچەکەی بۆ دەبێ. هەر کەسێکیش ئەم خەبەره ئاشکرا بکا، تا ناو قەدی دەبێ به بەرد.

کابرای بیانی که له قسەکەی بووەوه، تا ناوقەدی بوو به بەرد.

کابرای بیانی له قسەکانی بەردەوام بوو. گوتی:

شازادەکەم! له بیرته لەگەڕانەوەدا، جارێکی تر هەر لەو ماڵه ماینەوه. تۆ و کچەی زێڕین خەوتان لێ کەوت، بەڵام من نەخەوتم. گوێم قوڵاغ کرد. شەو، ماڵ نووستنان، سێ کچەکەی کابرای پیرەمێرد هاتنەوه، چییان زانی بوو هەموویان بۆ باوکیان گێڕایەوه کچه گەورەکه گوتی:

– ئەمڕۆ کەوتمه ناو ئەم دونیا فراوانه. زۆر دوورکەوتمەوه. لەوێ زانیم خاتوو (ماهوولینا) ی زێڕین مێردی به شازادەکه کردووه و ئێستا بەڕێوەن دەچنەوه ماڵی شازاده، بەڵام

تا دەگەنەوە جێ تووشی زۆر کێشە دەبن، چونکە باوەژنی شازادە جادووکەرێکی بەدکارە. لەشکرێکی گەورە دەنێرێتە پێشوازی و بادە شەرابێک بۆ شازادە رەوانە دەکا. هەر کەسێ ئەو شەرابە بخواتەوە، یەکسەر پارچە پارچە دەبێ. ئەوەی ئەم خەبەرەش ئاشکرا بکا تا سەر دڵی دەبێ بە بەرد.

کابرای بیانی، کە ئەم قسەیەی کرد، تا سەر دڵی بوو بە بەرد.

کاباری بیانی، دیسان لە قسەکانی بەردەوام بوو، باسی کرد کە کچی دووەم گوتی:

- منیش بەم دونیا گەورە و فراوانەدا گەڕام و زانیم ئەگەر شازادە بادە شەرابەکە رەت نەکاتەوە، هەرگیز ناگاتەوە ناو ماڵ و کەس و کاری خۆی. لە هەمان کاتدا، باوەژنی ئەسپێکی بۆ دەنێرێ، ئەگەر سواری ببێ، ئەسپەکە هەڵیدەداتە ناو دەریا. ئەوەی ئەم خەبەرەش ئاشکرا بکا، تا ئەسکوردی دەبێ بە بەرد.

کابرای بیانی، لەگەڵ ئەم قسەیە، تا ئەسکوردی بوو بە بەرد. بەڵام لە قسەکانی بەردەوام بوو. باسی کرد کە کچی سێیەم بە باوکی گوت:

- چوومە ناو ئەم دونیا گەورەیە. زانیم گەورەترین مەترسی کە هەڕەشە لە شازادە (ماهوولینا) دەکا، لە ماڵەوە چاوەڕێیان دەکا. کە گەیشتنەوە جێ و نووستن، باوەژن عەزیایەکیان دەنێرێتە سەر. نیوەشەو، لەناو ئاگردان دێـە دەرەوە و پەل پەلیان دەکا. ئینجا کابرای بیانی گوتی:

- ئێستایش خۆت دەزانی بۆچی نەمتوانیوە باسی هیچ شتێک بکەم. هەر ئەوەندەم پێ کرا پارێزگاری تۆم کرد و دواجار عەزیاکەم کوشت و پەل و پۆم لە پەنجەرەوە فڕێ دایە سەر کوێرە رێیەک. من ژنی تۆم ماچ نەکردووە. دڵۆپە خوێنێکی عەزیاکە کەوتبووە سەر گۆنای ژنەکەت، من ئەو دڵۆپە خوێنەم لستەوە، چونکە خوێنەکە ژەهراوی بوو، بکەوتایە سەر هەر شتێ دایدەڕزاند. لەو کاتەدا پاسەوانەکە بە خەبەر هات و هاتن قۆڵبەستیان کردم. یەک شت ماوە بیڵێم، ئەویش ئەوەیە کچی سێیەمی پیرەمێردەکە دوا قسەی ئەوە بوو گوتی: ئەوەی ئەم خەبەرەش ئاشکرا بکا، سەراپای دەبێ بە بەرد.

کابرای بیانی کە قسەکەی تەواو کرد، بوو بە ستوونێکی بەرد. ئەو کەسانەی گوێیان لەم چیرۆکە بوو، چاویان پڕ فرمێسک بوو. شازادەیش کەوتە سەر پێی ستوونە بەردەکە، زۆر بە کوڵ گریا تا هەڵیان گرت و بردیانەوە کۆشکی خۆی. لەو کاتەوە هەمیشە مەلوول و غەمبار بوو. کەس نەیدەتوانی خەمی سەر دڵی بڕەوێنێتەوە و کەیف

خۆشی بکا. خۆ باوەژنەکەی بە هیچ جۆرێ نەیدەوێرا بێتە بەردەمی، یان خۆی پێشان بدا، چونکە بەوی با بیکوژێ.

ماوەیەک پێ چوو، (ماهوولینا) منداڵێکی بوو. شەوی لەدایک بوونی منداڵەکە، شازادە خەونی دی. لەو خەونەدا پێیان گوت، کە منداڵەکەی بوو، بیبا و بیکاتە دوو لەت و خوێنەکەی لە ستوونەکە بڕشێنێ و بگەڕێتەوە کۆشکی خۆی.


کە منداڵەکە لەدایک بوو، شازادە خەونی خۆی بۆ کەس نەگێڕایەوە. منداڵەکەی بردو چووە لای ستوونە بەردەکە. لەوێ منداڵەکەی کردە دوو لەت و خوێنەکەی لە ستوونەکە ڕشاند و بە هەلەداوان گەڕایەوە کۆشکی خۆی.

لەنشکەوە لەدەرگا درا. شازادە دەرگای کردەوە. دیتی هاوڕێکەیەتی بە زیندوویی لەبەردەمی وەستاوە و منداڵەکەی بە ساخ و سەلامەتی بە دەستەوەیە. پاشا پەلاماری دا و گرتییە باوەش. لە خۆشییان هەردووکیان لە پرمەی گریانیان دا و یەکسەر چوونە لای (ماهوولینا) و چی رووی دابوو هەموویان بۆ گێڕایەوە.

لەو کاتەوە لە کۆشکی پاشادا بوو بە خۆشی و شادی و وڵات هەمووی کەوتە بەختەوەری و سەرفرازی.

❋ ❋ ❋

# ١١- کۆشکی جادووبەند



منداڵ هەمیشە داوا لە گەوران دەکەن هەقایەتیان بۆ بگێڕنەوە و گەورەکانیش بە زۆری بەم جۆرە دەست بە گێڕانەوەی هەقایەت دەکەن:

(هەبوو نەبوو، جوتیارێک هەبوو. ئەو جوتیارە سندووقێکی بچووکی لەناو زەوییەکەی دۆزییەوە. سندووقەکە کەروێشکێکی بچکۆڵەی کلک کورتی تێدا بوو...)

باپیرە یان داپیرە، کە گەیشتە ئێرە ئاماژە بە قلینچکی دەکات، دەینووشتێنێتەوە و وەکوو ئەوەی سەمای پێ بکا دەیجوولێنێتەوە و ئینجا بێ دەنگ دەبێ.

منداڵە بچووکەکان دەکەنە هات و هاوار:

(ئێی، چ بوو؟ باپیرە، ئینجا چ بوو؟)

هەقایەتخوان دەگەڕێتەوە سەر گێڕانەوەی هەقایەتەکە و دەڵێ:

(ئەگەر کەروێشەکە کلکی درێژ بایە، هەقایەتەکە درێژتر دەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی کلکی کورتە، هەر ئەوەند کۆکەیە! —دیسان ئاماژە بە قلینچکی دەکات— هەر دەبێ هەقایەتەکەش کورت بێ.)

بەڵام منداڵەکان دووبارە دەیکەن بە ژاوەژاو، تا باپیرە بە دەم داواکەیان دەچێ و دەست بە گێڕانەوەی هەقایەتێک دەکات، دەڵێ:

(کەواتە، منداڵینە، گوێ بگرن!)

منداڵەکان هەست و خوست لەخۆیان دەبڕن. تا کۆتایی هەقایەتەکە هەناسەیان رادەگرن. باپیرە دەڵێ:

– هەبوو نەبوو، باوکێک هەبوو، سێ کوڕی هەبوو: کوڕی گەورە دارتاش بوو، کوڕی ناوەنجی ئاسنگر بوو، بەڵام کوڕە گچکەکە هیچ پیشەی نەدەزانی.

باوکە هەر سێکی نارد بۆ ئەوەی بەم دونیایەدا بگەڕێن و بژێوی خۆیان پەیدا بکەن. ئەو برایانە شەو لە لێڕێکی چڕ و چەپەک مانەوە. کە برا بچووکەکە خەوت، دوو براکەی تر رێک کەوتن گوتیان: مادام براکەمان هیچ پیشە نازانێ، هەرچی چەک و کەرەستەی پەیداکردنی بژێوی رۆژانەی هەیە لێی دەسێنین. بەم جۆرە هەرچی برای گچکە بۆ ئەم سەفەرە پێی بوو، هەموویان لێ برد و رۆیشتن.

که برا بچووکەکە لەخەو هەستا، دیتی دوو براکەی جێیان هێشتووە و قەت عەشتەبای خوایان پێ نەهێشتووە، هەموویان بردووە. کوڕە وەکوو منداڵی ساوا دەستی بە گریان کرد و بڕیاری دا بگەڕێتەوە ناو کەس و کاری خۆی بۆ ئەوەی لە برسان نەمرێ، بەڵام لەناو لێڕی پان و بەرین وێڵ بوو، ئاخیری گەیشتە کەوێلێک. لە دڵی خۆیدا گوتی:

– چیم لێدێ، با لێم بێ، قیر و سیا، لادەدەمە ئەم کەوێڵە و لێیان دەپرسم نزیکترین رێ بۆ گوندەکەمان کامەیە!

که ئەو بیرەی بە مێشک دا هات، یەکسەر دوو سەگی زلی لێ پەیدا بوو، رێیان لێ گرت و زۆر بە توند و تووڕەیی پێی وەڕین. کە ئەو دەیەویست شەقاو باوێ و بڕواتە پێش، ئەوان پڕکێشییان دەکرد پەلاماری بدەن و پارچە پارچەی بکەن. ناچار بوو لە جێی خۆی دانیشت و هیچ جوولەی نەکرد. دوو سەگەکەش هێور بوونەوە و بە کلکە لەقێ لە دەوری سووڕان. ئەوسا یەکێ لە دوو سەگەکە لە کوڕە بچووکەکە نزیک کەوتەوە و پێی گوت:

– کاکە، تۆ نازانی ئێمە براکانی تۆین... بەڵێ، بەڵێ، پێت سەیر نەبێ! گوێ بگرە بەسەرهاتی خۆمانت بۆ بگێڕمەوە:

– ئێمە لەبەرئەوەی کەل و پەلی تۆمان دزی و بە تەنیا لەناو لێڕ جێمان هێشتی، بووین بەم دوو سەگە. وێڵ بووین، رێمان کەوتە ئێرە. پیرەژنێکی جادووکەری نەفرەتی داردەستێکی بچووکی لێداین و هەردووکی کردین بە سەگ. ئاگاداری خۆت بە لەو پیرەژنە! بە هێمنی برۆ ژوورەوە. پاشان ئێمە دێین رزگارت دەکەین و تۆ برۆ و ئێمە دێینە دوات.

کوڕە بچووکەکە بە زات و ورەیەکی زۆر بەرز چووە ناو کەوێلەکە. ژنە جادووکەرەکە زۆر بە رووخۆشی و میهرەبانی بەخێری هێنا. یەکسەر فەرمووی لێکرد دابنیشێ و نانی لەگەڵ بخوا. کوڕە ئەمەی لە خوای دەویست! پیرەژنی جادووکەر سفرەی داخست و قاپی بۆ دوو کەس دانا و چووە مدبەق بۆ ئەوەی شۆربا لێ بنێ. برای گەورە بە برای گچکەی گوت:

– برام، لەم قاپە مەخۆ. ئەمە نەفرەتی لێکراوە. ئێمە لەم قاپە دەخۆین.

کوڕەکە قاپەکانی گۆڕی. پیرەژنی جادووکەر هەستی پێ نەکرد و لە قاپی دوو سەگەکەی خوارد. پاش نەختێ، کردی بە ورتە ورت و دوعا کردن و ویستی داردەستێک لە کوڕەکە بدا، بەڵام کوڕەکە چاپووک و وریا بوو، خێرا داردەستەکەی گرت و لە دەست

پیرەژنی جادووکەری دەرهێنا و بە داردەستەکەی خۆی لە پیرەژنی دا.
پیرەنی جادووکەر یەکسەر بوو بە پشیلە. گەنجەکە بە سەری نەڕاند و گوتی:
– هەی جادووکەری پیس، ئێستا پێم بڵێ چۆن دەتوانم دوو براکەم بکەمەوە بە مرۆڤ؟
پیرەژن تا ماوەیەکی زۆر هەر سەرپێچی کرد و ملی نەدا، ئاخیری گوتی:
سەرەکەی تری ئەو داردەستە بگرە و بەسەرە ئەستوورەکەی سێ دار لە دوو سەگەکە بدە.
پیرەژن چی گوت، کوڕە وای کرد و دوو براکەی گەڕانەوە سەر شێوەی سروشتی خۆیان.
ئیتر کوڕە پیرەژنی بەو حاڵە بەجێهێشت و لەگەڵ دوو براکەی رۆیشت.
براکان، تا ماوەیەکی زۆر هیچ بنیادەمێکیان نەبینی. سەرەنجام، لەناو لێڕێکی چڕ گەیشتنە کۆشکێکی جادووبەند. دوو براکە رازی نەبوون بچنە ناو کۆشکەکە، ترسان نەوەک شتێکیان بەسەر بێ. کوڕە گچکەکە بە تەنێ چووە ژوورەوە. دیتی بن کۆشکەکە یەک شاری تەواوە، بەڵام هیچ نیشانەی ژیانی پێوە دیار نییە. بەناو شارەکەدا گەڕا تا گەیشتە بەر دەرگای کۆشکەکە. دوو سواری چەکدار پاسەوانی بوون. دەرگای کۆشکەکە لە خۆوە لەبەردەم گەنجەکە کرایەوە. گەنجەکە چووە ژوورەوە. کەسی تێدا نەبوو. بەناو کۆشکەکەدا گەڕا و سووڕا وەکوو ئەوەی خۆی خودان و سەروەریی کۆشکەکە بێ.
ئاخیری گەیشتە ژوورێک. مێزێکی بۆ یەک میوان لە ناوەڕاست داندرابوو. هەرچی خواردنی خۆش و بەتامە لەسەری بوو. لە برسان لاکەی لێوە دەهات. تێر و پڕی خوارد. ئینجا چووە ژووری تەنیشت. دیتی چوار پایەک و دەستە نوینێکی حازری تێدایە لەسەر چوار پاکە راکشا و سەری بەسەر بالیفی تووک کرد و پڕ بە چاوان نووست.
بەیانی زوو، کە بەخەبەر هات چووە ژووری سێیەم. سەیری کرد کەمانچەیەکی زیو لەسەر مێزێکی بچووک داندراوە. هەرچەندە قەت لە ژیانی خۆی مۆسیقای لێنەدا بوو، دەستی دایە کەوانی کەمانچەکە و وەکوو ئەوەی لە خەودا بێ ئاوا گەمەی لەگەڵ ژێیەکانی کەمانچەکە کرد.
بۆ سپێدەی رۆژی پاشی، رووی کردە ژوورێکی دی. تەماشای کرد کەمانچەیەکی زێڕی تێدایە وەکوو زێڕ دەبریقێتەوە و دەتریسکێتەوە. کەوانی بە ژێیەکان دا هێنا. ئاوازێکی وای لێدا زۆر لە ئاوازی کەمانچە زیوەکە خۆشتر و جوانتر بوو. رۆژی سێیەم، گەڕا کەمانچەیەکی تری دۆزییەوە. هەمووی گەوهەر بەند بوو. چاوی لەبەر بریق و باقی

هەڵنەدەهات. دەستی بە لێدانی کەمانچەکە کرد. ئاوازێکی ئەوەندە خۆشی لێدا، مردووی زیندوو دەکردەوە. ژوورەکانی تریش زێڕ و بەردی بەهادار و ناوازەیان تێدا بوو.

کوڕەکە ماوەیەکی زۆر لەناو کۆشکەکە مایەوە. تا ئێوارەی دوور و درێژ و شەوی بێ کۆتایی هات. زۆر لە تاریکیی ئەنگوستە چا و دەترسا. مۆمێکی لە ژووری یەکەم دۆزییەوە. یەک باڵ ئەستوور و دوو بست درێژ بوو. مۆمەکەی داگیرساند. لەو کاتەدا دەنگی ترپەی پێ لەسەر پلیکانەوە هات. دوو پاسەوانی چەکدار بە چەکی برۆنزی هاتنە ژوورەوە و روویان تێ کرد و گوتیان:

– ئەی سەروەری گەورە و مەزن، فەرموو چت دەوێ؟!

کوڕە بچووکەکە ناوی (تاسە) بوو. (تاسە) مۆمەکەی کوژاندەوە. یەکسەر دوو سوارەکە بزر بوون. ئەوسا زانی چ بکا: دووبارە مۆمەکەی داگیرساندەوە، دوو سوارەکە دووبارە دەرکەوتن. چەند پرسیارێکی لێکردن. تێگەیشت ئەوانە جادوویان لێکراوە و ژیانیان بەم مۆمە بەندە. کە ئەم مۆمە دادەگیرسێ، با چەند میلێکیش دوور بێ، ئەم دوو سوارە لەبەر دەمی ئامادە دەبن و چی بوێ بۆی جێبەجێ دەکەن. بۆ سبەینەی رۆژی پاشی، (تاسە) چەندی زێڕ و بەردی بەهاداری پێ هەڵگیرا، بردی و رۆیشت بۆ ئەوەی لە جێگایەکی تر بەختی خۆی تاقی بکاتەوە.

چوو گەیشتە وڵاتێک پاشایەک فەرمانڕەوایی دەکرد. ئەو پاشایە کچێکی جوانی هەیە. ئەوەندە بە جوانی خۆی دەنازی و ئەوەندە لووتبەرز بوو، رازی نەبوو شوو بە کەس بکا. (تاسە) لە دڵی خۆیدا گوتی:

– ئەی کچی بەناز و بوغرا، نەختێ بوەستە! با ئەوەندە جوانیش بیت کە باست دەکەن، هەر دەبێ بتهێنم.

(تاسە) خانوویەکی لە نزیک کۆشکی شاهانە بەکرێ گرت. خانووەکە ژووری گەورە گەورەی تێدا بوو. ئێوارە مۆمەکەی داگیرساند، دوو سوارەکە پەیدا بوون. داوای کرد کەمانچە زیوەکەی بۆ بێنن. سبەینێ دەستی بە کەمانچە لێدان کرد. دەنگی کەمانچەکە زۆر دوور رۆیشت. شازادە خانم زۆری حەز کرد ئەو کەمانچەیە بە دەست بێنێ. کوڕە یەکسەر کەمانچەکەی بۆ نارد. ئێوارەی رۆژی پاشی، دوو سوارەکە کەمانچە زێڕەکەیان بۆ هێنا. کە لەبەر پەنجەرەی خۆیا دەستی بە کەمانچە لێدان کرد، کەمانچەکە تیشکێکی ئەوەندە گەشی لێ دەبریسکایەوە، هەموو عالەم غروویان کەوتێ و روویان کردە ماڵەکەی، وایان زانی ماڵی ئاگری تێ بەر بووە. خەڵکەکە هەموو بە ئاوازی بەرزی

کەمانچەکەیان هەڵگوت و ئافەرینیان لە کوڕەکە کرد. خەڵکەکە بە بیستنی ئاوازی کەمانچەکە موچڕکیان پێدا هات و ئاوازەکە کاری لە ناخی دڵ و دەروونی کردن. کچی پاشا راحەتی لێ هەڵگیرا و تا گەنجەکە کەمانچەکەی بۆ نەنارد ئۆقرەی نەگرت. کچەکە زۆری هەوەس پێ هات. هەر وەکوو زۆری کەیف بە کەمانچە لێدانەکەش هات.

بۆ ئێوارەی سێیەم، (تاسە) داوای کەمانچە گەوهەر بەندەکەی کرد. سبەینێ، کە کوڕە لەبەر پەنجەرە وەستا و کەمانچەی لێدا، خەڵکەکە واقیان لە بریق و باقی کەمانچەکە وڕما. هەموو بەدەم ئاوازی کەمانچەکە دەستیان بە سەما و هەڵپەڕکێ کرد، تەنانەت پیر و پەککەوتەکانیش. شازادە خانم ئەم جارە خۆی چووە لای کەمانچە ژەنەکە و داوای ئەو کەمانە ناوازەی لێکرد و گوتی:

– ئەگەر ئەو کەمانچەیەم نەدەیتێ، لە حەسرەتان وەزگ دەدەم و دەمرم.

(تاسە) پێی گوت:

– بەوپەڕی خۆشیی پێشکەشت دەکەم، بەڵام تۆ بۆچی نایەی مێرد بە من بکەی؟

کچە وەڵامی دایەوە، گوتی:

– بۆ خۆت بڕۆ لای باوکم و داخوازی منی لێ بکە. بزانە چت پێ دەڵێ.

کوڕە کەمانچەکەی دایە. کچە خێرا گەڕایەوە کۆشکی خۆی. (تاسە) چووە لای پاشا و داخوازی شازادە خانمی لێکرد. پاشا وەڵامی دایەوە، گوتی:

– مادام تۆ ئەو سەروەرە گەورە و مەزنەیت و ئەوەندە لێزانی توانیت دڵی کچی من بۆ خۆت رابکێشی، دەبێ ئەوەندە موڵکەت هەبێ بگەیتە ئاستی من و بەقەدەر من سامان و داراییت هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانین زەماوەندتان بۆ بکەین.

گەنجەکە خاتری خواست و گەڕایەوەماڵێ. مۆمەکەی داگیرساند، یەکسەر دوو سوارەکە دەرکەوتن و گوتیان:

– ئەی سەروەری گەورە و مەزن! فەرموو پێمان بڵێ چت دەوێ؟!

گەنجەکە گوتی:

– زۆر باش گوێم لێ بگرن. پاشا داوای لێکردووم وڵاتێکم هەبێ، نەوەک کچی خۆم ناداتێ.

دوو سوارەکە وەڵامیان دایەوە:

– لەمێژە وڵاتی کۆشکی جادووبەند موڵکی تۆیە، بەڵام دەبێ لەو جادووەی لێی کراوە رزگار بکرێ و ئەو تووک و نەفرەتەی دەوری داوە لاببرێ. ئەمەش ئەو کاتە دەبێ کە

مۆمەکە هەمووی بە تەواوەتی بسووتێ. سەرەڕای ئەمەش دەمانەوێ ئامۆگارییەکت بکەین، هەر کاتێ کەوتیتە تەنگانەیەکی سەخت و ناخۆش، یادمان بکەوە و بانگمان بکە. باش بیری لێ بکەوە!

گەنجەکە گوتی:

– ئەمەم بەلاوە گرنگ نییە، بەو مەرجەی تووک و نەفرەتی کۆشکی جادوو نەمێنێ و بتوانم کچی پاشا بێنم.

وازی لە مۆمەکە هێنا تا هەمووی سووتا. کە مۆمەکە کۆتایی هات، شازادە و خانەدانەکانی کۆشکی جادووبەند بە خەبەر هاتن و هەموو هاتن. ڕێز و دڵسۆزیی خۆیان پێشکەش بە (تاسە) کرد. کە مۆمەکە کەمێکی کەمی ما، سەرباز خۆیان ئامادە کرد ئەمر وەربگرن. کە مۆمەکە تەواو سووتا، میللەت هەمووی ڕاپەڕی و (تاسە)یان کرد بە پاشای وڵات.

بەم جۆرە (تاسە) توانی ببێ بە هاوشانی پاشایەکی تر و کچی پاشاکەی هێنا و بوو بە ئاهەنگ و زەماوەند.

دوای زەماوەند، (تاسە) رووی کردە موڵکی خۆی. لەشکر و شازادە لە پێشدا چوون بۆ ئەوەی خۆیان بۆ ئاهەنگی پێشوازی ئامادە بکەن.

بوک و زاوا بە تەنێ چوونە سەفەر. کە گەیشتنە ناو لێرێکی چڕ، دوو دزی بەدکار خۆیان لەناو چغورد شاردبووەوە، لە مەکۆی خۆیان هاتنە دەرەوە و پەلاماریان دان. (تاسە) لەم تەنگانەیەدا دوو سوارەکەی بیرکەوتەوە و بۆ دواجار بانگی کردن. دوو سوارەکە یەکسەر هاتن و پەلاماری دوو دزەکەیان دا. وای بتاندیبا ئەو دوو لایەنە چ شەڕێکیان کرد!! وای دەنا بتاندیبا دوو دزەکە چتۆ شەڕی جوامێرانەیان کرد، چونکە ئەوانیش بەهێز و تاقەت بوون. بە هیچ جۆرێ نەرمیان نەدەنواند و پشتیان نەدەدا. ئاخیری ئەوان سەرکەوتن.

(تاسە) ناسینی، دوو براکەی خۆی بوون. هاواری کرد:

– ئۆی ئەوە ئێوەن؟!

ئەوانیش برای خۆیان ناسییەوە. لەوە بەدواوە هیچ شەڕ و ناکۆکی و ناخۆشییان لە بەین نەما. بەڵێنیان بە برایان دا کە هەرگیز لە قسەی دەرنەچن. ئیتر لەگەڵ برایان چوون.

کە گەیشتنە وڵاتی برا بچووکەکەیان، دیتیان ئەو لێرە چۆلە هەمووی بۆتە گوند و ئاوایی ئاوەدان و میللەت بە جادە وەربوونە. هاوار دەکەن سڵاو بۆ پاشا و شاژن

وەردەگرن. کۆڕە و گەیشتە کۆشکی شاهانە، کۆشکەکە لە جاران جوانتر و باسەفاتر بوو. (تاسە) پاشا شارەزای هەموو هۆڵ و ژوورەکان بوو، بووکی بردە ناو جوانترین ژوور و ئیتر بە ئاسوودەیی و ئارخەیانی ژیان.

* * *

# ۱۲ـ جادوگر



**هەبوو نەبوو،**

**پیرەمێردێک هەبوو، کوڕێکی تاقانەی هەبوو. پیرەمێردەکە ئەوەندە پیر و دەستکورت بوو، کوڕەکەی پێ بەخێو نەدەکرا. ڕۆژێکیان بیری لە کڵۆڵی و بەدبەختی خۆی دەکردەوە و بە کوڕەکەی گوت:**

**– کوڕم، خۆت دەبینی من پیر بوویم و ئیشم پێ ناکرێ. ئەگەر دەرۆزە بکەم، عەیب و شوورەییەکی گەورەیە بۆ هەر دووکمان. ئەوە دەبینی قەت عەشتەبای خوامان نییە. تۆ ئێستا گەورە و تەمامی. لەگەڵت دێم پێکەوە دەچین ئیشێکت بۆ پەیدا دەکەم.**

**کوڕەکە وەڵامی دایەوە:**

**– باوکە، ڕاست دەکەی، منیش بیرم لەم مەسەلەیە کردۆتەوە. تۆ لەگەڵما وەرە، دەچین دەگەڕێین هەر کەسێ بە من ڕازی بوو، من بە دڵسۆزی و دەستپاکیی خزمەتی دەکەم، جا هەر کەسێ بێ.**

**پیرەمێرد دەستی دایە گۆچان و هەگبەکەی و یەک پارچە نانیان لەسەر تەقچکە ما بوو، هەڵیگرت و بە دوو قۆڵی بۆی دەرچوون بۆ ئەوەی ئیشێک بدۆزنەوە. ماوەیەکی زۆر بەناو لێڕدا ڕۆیشتن، گەیشتنە پیاوێکی ڕەش لەسەر بەردێک دانیشتبوو، کتێبێکی دەخوێندەوە. بڕوا بکەن یان بڕوا نەکەن، ئەو کابرایە جادووکەر بوو. بەڵام دوو برادەرەکەمان ئەمەیان نەدەزانی. سڵاویان لێکرد و گوتیان:**

**– بەیانی باش، جەناب!**

**جادووکەرەکە وەڵامی نەدانەوە:**

**– ئێوەش بەیانیتان باش. پیرەمێرد، ئەوە دەچیتە کوێ؟**

**– گەورەم، لەگەڵ کوڕەکەم هاتووم، بەڵکو ئیشێکی بۆ بدۆزمەوە. تۆ خزمەتکارت پێ ناوێ، بیکەی بە خزمەتکاری خۆت!؟**

**– با، دەیکەم بە خزمەتکاری خۆم. من خۆم پێویستم بە خزمەتکارێکە. بە ئەمانەت لای منی بەجێ بێڵە، دەتوانی بۆ خۆی شتیش فێر بی... هەقی فێربوونەکە چ دەدەی؟**

**– منی کڵۆڵ و بەدبەخت چت بدەمێ. خۆم هیچم نییە. بای ئەوەندەم نییە، نییە نانێکی**

پێ بیکرم و بیخۆم.

- مادام وایە، وەرە مامەڵەیەک بکەین. با کوڕەکەت حەفت ساڵ لای من بێ، ئەوسا وەرە بیبەوە. ئەگەر دوای ئەو حەفت ساڵە ناسیتەوە، بۆ خۆت بیبەوە، ئەگەر نا با بە یەکجاری بۆ من بێ.

کابرا سەری لەقاند و گوتی:

- باشە، رازیم، لەوە زیاتر هیچ چارە نییە.

پیرەمێرد کوڕەکەی بە جادووکەرەکە سپارد و گەڕایەوە وڵاتی خۆی. بیری دەکردەوە کوڕەکەی تا حەفتساڵی تر چۆن وا دەگۆڕێ کە نەیناسێتەوە.

جادووکەرەکە لە کوڕەکەی پرسی داخۆ خوێندەواری هەیە، یان نا؟. کوڕەکە خوێندەواری هەبوو، شتی پێ دەخوێندرایەوە، بەڵام بە جرە جڕ، زۆر بە زەحمەت پیتەکانی لێک دەکردەوە. بەڵام هەستی کرد ئەگەر بڵێ خوێندەواریم هەیە، بە خراپی بۆی دەشکێتەوە، بۆیە گوتی: نەء خوێندەواریم نییە. لە کوێ فێری خوێندەواری بم!؟

جادووکەرەکە گوتی:

- ئەگەر خوێندەواریت نەبێ، بۆ من باشترە. من پێویستم بە یەکێکی وەکوو تۆ وایە. وەرە با ئیشەکەت پێشان بدەم.

کوڕەکەی بردە ژوورێک تەنیا گەسکی تێدا بوو. بردییە ژوورێکی تر تەنیا کتێبی تێدا بوو. بردییە ژووری سێیەم، ژووری سێیەم بەتاڵ بوو، لە بنەبانێ دەرگایەکی تێدا بوو دەچووە ناو ژوورێکی تر. بە کوڕەکەی گوت:

- تۆ جێت ئێرە دەبێ. ئیشت ئەوەیە بە گەسک تەپ و تۆز لە کتێبەکان بتەکێنی. ئەگەر بێزاریش بووی، ئەم شیشە بگرە و سێ جار لەم دەرگا داخراوە بدە. چەند هاوڕێیەکی هاوزێ خۆت دێن. تا حەز دەکەی بۆ خۆت یارییان لەگەڵ بکە. ئەگەر برسیش بووی، یەک جار شیشەکە لە دەرگا بدە. یەکسەر خواردنت بۆ دێنن. ئێستا من دەچمە سەفەر، حەفت ساڵم پێ دەچێ. ئیشەکەت بە جۆرێکی وا بکە، کە هاتمەوە بتوانم ئافەرینت لێ بکەم.

کابرای جادووکەر چووە سەفەر و گەنجەکە بە تاقی تەنێ لە ماڵەوە مایەوە. ئیش و کاری بە رێک و پێکی دەڕۆیشت، چونکە هەر کاتێ شیشەیەکی لە دەرگا بدایە خۆشترین خواردنی بۆ دەهات و ئەگەر سێ شیشەی لێ بدایە، رەوە منداڵێک بە خۆ و بە لەیستۆکەوە دەردەکەوتن. بەڵام وردە وردە وەرس بوو ئەوەندەی تۆز لە کتێبەکان

بتەکێنێ. کتێبێکی کردەوە، ئەوەندەی سەر بەسەردا گرت تا خوێندەوارییەکەی بەهێز بوو. ئەوسا، لەو ڕۆژەوە بەبێ وەستان کەوتە سەر خوێندنەوە. ئەوەندەی خوێندەوە تا هەموو فڕ و فێڵە جادووییەکانی ناو کتێبەکە فێر بوو.

پاش حەفت ساڵ، جادووکەرەکە هاتەوە. دیتی هەموو شتێ وەکوو پێویست ڕێک و پێکە. ئافەرینی لە کوڕەکە کرد.

ئەی باوکە بەسەزمانەکە؟ ئەو لەو ماوەیە چی بەسەر هات؟

پیرەمێرد زۆر بە زەحمەت ژیانی خۆی بەڕێوە دەبرد. هەمیشە بیری دەکردەوە داخۆ دەبێ کوڕەکەی بناسێتەوە!؟ لە دڵی خۆی دا دەیگوت: دەبێ ئێستا حاڵی چۆن بێ؟ بێگومان ئێستا گەورە بووە. لە مێشکی خۆیدا لەگەڵ هاوڕێکانی هاوزێ خۆی بەراوردی دەکرد- قەت نابێ بووبێ بە دێو، یان مەخلووقێکی تۆقێنەر.

کە حەفت ساڵەکە تەواو بوو، پیرەمێرد دەستی دایە گۆچان و هەگبەکەی و ڕووی کردە ناو لێڕەوارەکە. کە هات لە ماڵی جادووکەرەکە نزیک بێتەوە، گەنجێک بە ڕاکردن هاتە پێشوازی. جل و بەرگێکی زۆر باش و پۆشتەی لەبەر بوو. باوکە بیری کردەوە: دەبێ ئەمە کوڕی من بێ، سیما و ئادگاری ئاوها گۆڕا بێ؟! بەڵام کوڕی من جلی پۆشتە و پەرداخ نییە.

لە ڕاستیدا گەنجەکە کوڕی پیرەمێردەکە بوو. کە گەیشتنە بەرامبەر یەکتر، گەنجەکە گوتی:

- باوکە، دەمناسیتەوە!؟

باوکی بە وردی تێیڕاما و گوتی:

- وابزانم دەتناسمەوە، هەرچەندە بڕەک گەورەش بووی!

کوڕەکە گوتی:

- باشە، باوکە... کە چووینە لای جادووکەرەکە، تاقیت دەکاتەوە: کۆترێکی زۆرت لەسەر بان پیشان دەدا. داوات لێ دەکا لەناو ئەو کۆترانە کوڕی خۆت بناسیتەوە. تۆ بە وردی تەماشا بکە. من لە ریزی سێیەم دەوەستم و پەڕ و باڵم شۆڕ دەکەمەوە. دەتوانی بەمەوە بمناسیتەوە.

ئینجا خێرا گەڕایەوە. باوکە بە خاترجەمی و دڵنیایی ڕۆیشت، تا گەیشتە ماڵی جادووکەرەکە. پێی گوت:

- ئەوەتا هاتووم کوڕەکەم ببەمەوە.

جادووکەرەکە گوتی:

– راستە، ئەوە بوو بە حەفت ساڵ. ئەگەر کوڕەکەت دەناسیتەوە، بیبەوە. رەوە کۆترێک لەسەر بان نیشتبوون. جادووکەرەکە ئاماژەی بۆ کۆترەکان کرد و گوتی:

– ئەگەر نەیناسیتەوە، لای من دەمێنێتەوە.

پیرەباب خۆی بە سەر گۆچانەکەی دادا و ماوەیەکی زۆر لە کۆترەکان راما. ئاخیری لە ریزی سێیەم کۆترێکی بینی باڵەکانی شۆڕکردبووەوە. بە گۆچانەکەی ئاماژەی بۆ کرد و گوتی:

– ئەو کۆترە باڵ شۆڕەی لە ریزی سێیەم وەستاوە، ئەوە کوڕی منە.

جادووکەرەکە گوتی:

– هەڵت هێنا.

باوکە چاوی بە دیداری کوڕەکەی روون بووەوە، بەڵام کابرای جادووکەر چەندەها بڕ و بیانووی هێنایەوە. گوتی: ناتوانم ئێستا بتدەمەوە، چونکە گێڕانەوەی کوڕەکەت بۆ سەر شکڵی جاران وەکوو مرۆڤ ماوەیەکی زۆری دەوێ و ئێستا دەبێ بە تەنیا بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت و پاش ماوەیەکی کەم کوڕەکەت بۆ دەنێرمەوە.

باوکە رازی بوو. بەبێ کوڕەکەی گەڕایەوە. بەڵام جادووکەرەکە زۆر تووڕە بوو. رۆژێ چوو بوو سیحر بکا، کوڕە ئەمەی بە دەرفەت زانی، کتێبە جادووییەکانی برد و تا هێزی تێدا بوو رایکرد و گەڕایەوە لای باوکی. باوکی پێشوازی لێکرد و گوتی:

– باش بوو توانیت خۆت رزگار بکەی.

گەنجەکە گوتی:

– باوکە، هەر ئەوە نییە، زۆر کتێبیشم هێناوە.

– باشە، خۆ پەشیمان نابیتەوە.

– نا. من ئێستا جادووکەرێکم لە مامۆستای خۆم بەتواناترم. باوکە، شتێکی تریش هەیە: ئێمە بە دەست بەتاڵی هیچ سەر و سامانمان پێ پەیدا نابێ. من خۆم دەکەم بە گیاندارێکی بچکۆڵە. بمبە بازاڕ، بمفرۆشە. بە دە لیرەی زێڕم بدە. بەڵام دەبێ جلەوەکەم بگێڕیتەوە و نەیدەیتە کڕیارەکە. داوا بکە جلەوەکە لای خۆت گل بدەیتەوە. ئەوسا من دێمەوە ماڵێ.

کوڕە چۆنی دانابوو، هەموو شتێ بە و جۆرە بەڕێوە چوو. باوکە، گیاندارە بچووکەکەی بە دە لیرەی زێڕ دا و جلەوەکەی گێڕایەوە. کوڕە پێش باوکی گەیشتەوە ماڵێ. کە لیرە

زێڕەکانیان خەرج کرد، کوڕەکە گوتی:
دیسان هیچمان بە دەستەوە نەما. ئەمجارە خۆم دەکەمە (گا)یەک، بمبە، بمفرۆشە. بە سەد دینار کەمترم نەدەی. وەکوو جاری پێشوو هەوسارەکە بگێڕەوە. هەڵبەت پێش تۆ دێمەوە.

ئەمجارەش کارەکە بە دڵی کوڕەکە ڕۆیشت و کوڕە پێش باوکی گەڕایەوە ماڵێ. جاری سێیەم کوڕە خۆی کرد بە ئەسپێکی جوان. بە باوکی گوت بە سەد بیرە کەمتری نەدا. سوێندی دا جلەوەکەی لەبیر نەکا. باوکە چووە بازاڕ ئەسپێکی پێ بوو. ئەسپی وا جوان و نازدار نەبووە. کڕیار لە هەموو لایەکەوە تێی وەرهاتن. هەموو دەیانەویست ئەو ئەسپە ڕەسەنە بکڕن، بەڵام نرخی زۆر گران بوو. ئاخیری کابرایەکی خانەدان و دەوڵەمەند لە باوکە چووە پێش. ئەمە جادووکەرە مامۆستاکە بوو، لێی پرسی:
– پیرەمێرد، ئەسپەکەت بە چەند دەدەی؟ بە ڕاستی ئەسپەکەت ڕەسەن و جوانە!
– بتەوێ و نەتەوێ لە سەد لیرە کەمتری نادەم.
– هەرزانتر نابێ؟
– نەخێر یەک فلس هەرزانتر نابێ.
– ماوەیەکی زۆرە من لە ئەسپێکی وەکوو ئەم ئەسپە ڕەسەنە دەگەڕێم. باشە، بەو نرخە لێت دەکڕم.

کابرای دەوڵەمەند سەد لیرەی دایە. پیرەمێرد خەریک بوو پارەکەی دەژمارد و دەیپشکنی نەوەک قەڵپ بێ، پێش ئەوەی بیخاتە گیرفانی. کابرای جادووکەر سواری ئەسپەکە بو و جڵەوی گرت و تێی تەقاند ڕۆیشت و بزر بوو. کەس نەیزانی چووە کوێ. لە ڕێگا لە دڵی خۆیدا گوتی:
– ئەوە ئاخیری تۆم کەوتیتە بەردەست. پێشانت دەدەم ئەوەی پیشەی خەڵک بدزێ بەچەند لەسەری دەوەستێ.

ئینجا بە توندی ئاوزەنگی لە ئەسپەکە دا و ڕانەوەستا تا گەیشتە گوندێک و لەبەردەم دوکانی ئاسنگرێک وەستا. ئەسپە جوانەکەی لە سنگێک بەستەوە، چووە ژوورەوە، لە ئاسنگەرەکە گەڕا و پێی گوت:
– کاکەی ئاسنگر، یەک قنتار ناڵە ئەسپ لەناو کوورە بنێ، کە سوور بووەوە ئەسپەکەم ناڵ دەکەین.
یارمەتی ئاسنگرەکەی دا بۆ ئەوەی زوو تەواو ببێ. مندالّی دێ داوەرانە بەردەم دوکانی

ئاسنگر. تەماشای ئەسپەکەیان دەکرد و چاویان بە خاوەنەکەی دا دەگێڕا. یەکێ لە منداڵەکان زاتی دایە بەرخۆی و لە ئەسپەکە نزیک کەوتەوە. ئەسپەکە چرپاندییە گوێی منداڵەکە و گوتی:

– کوڕی باش تکات لێ دەکەم ئەم جڵەوەم لەسەری بکەوە!

کوڕەکە جلەوی لەسەری ئەسپەکە کردەوە. ئەسپەکە یەکسەر بوو بە کۆتر و فڕی. کە کابرای جادووکەر ئەمەی بینی، بوو بە باز و راوی کۆترەکەی نا. ماوەیەکی زۆر بە ئاسماندا فڕین، تا وای لێهات ئەوەندەی نەما بازەکە کۆترەکە بگرێ. گەیشتنە ناو باخچەی کۆشکی پاشا. شازادەخانم بە کاوەخۆ لە ڕێڕەوی چەوی باخچەکەدا پیاسەی دەکرد، بە غەمبارییی داڵغەی ڕۆیشتبوو، بیری لە باوکی دەکردەوە کە لەسەرەمەرگا بوو. هیچ دختۆرێک نەبوو بتوانێ چارەسەری بکا. کچە لەپڕ گەنجێکی قۆزی لەبەردەم خۆیدا بینی. داوای لە کچەکە کرد، ڕێی بدا ببێ بە ئەنگوستیلەیەک و کچە لە پەنجەی خۆی بکا. لەبەرئەوەی کچەکە، کوڕەی بە دڵ بوو، داواکەی بەجێهێنا. گەنجەکە بوو بە ئەنگوستیلە و ئەویش لە پەنجەی خۆی کرد.

پاشا جاڕی دابوو هەرکەسێ بتوانێ چارەسەری بکا، کچی خۆی دەداتێ. زۆر دختۆر چاویان لەو پاداشتە بوو، بەڵام کەس لە خۆی ڕانەدەپەڕموو ئەم ئیشەی پێ بکرێ. ئیتر هیچ دختۆرێک نەچووە پێش.

دوای سێ ڕۆژ، ڕایانگەیاند کە دختۆرێکی تازە هاتووە، دەڵێ من پاشا چاک دەکەمەوە. ئەو دختۆرە جادووکەرە ڕەشە زلەکەی خۆمان بوو. جادووکەرەکە، کە خۆی کردبوو بە دختۆر، پاشای لە نەخۆشیی چاک کردەوە. ویستی ئەنگوستیلە لەگەڵ شازادە خانم بگۆڕێتەوە وەکوو بەڵێنێک لە کچەکەوە کە ڕازییە مێردی پێ بکا، بەڵام کچی پاشا ویستی خۆی لەو جۆرە بەڵێنە بکێشێتەوە و گوتی من هیچ ئەنگوستیلەیەکی وام نییە شیاوی گۆڕینەوە بێ، دەبێ کابرا نەختێ چاوەڕێی بکا، بەڵام کابرای جادووکەر دەیزانی کچەکە بۆچی دەیەوێ خۆی لە بەڵێنەکە بکێشێتەوە. ئیتر ئەوە بوو پێی گوت:

– من بەو ئەنگوستیلەی پەنجە تووتەت ڕازیم.

پاشا فەرمانی دا یەکسەر ئەنگوستیلەکەی بدەنێ، بەڵام شازادە خانم پەشۆکا و کە ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی دەرهێنا، ئەنگوستیلەکەی لە دەست بەربووە و لەسەر زەوی گلۆر بووەوە. ئەنگوستیلەکە لەپڕ شکا و بوو بە چەند دنکە جۆیەک. کە جادووکەرەکە ئەمەی بینی، بوو بە کەڵەشێر و دەستی بە چینەکردنی دنکە جۆکان کرد. یەک تاکە

دنک مایەوە، کەوتبووە ناو قۆرتێک، نەیتوانی دەری بێنن. جادووکەرەکە، وەکوو دوا هەوڵ، خۆی کرد بە مشک و دنکە جۆکە بوو بە پشیلە و مشکەکەی گرت و ئەنجن بە ئەنجنی کرد.

بەم جۆرە جادووکەری گەورە لەناوچوو.

گەنجە قۆزەکە چووە بەردەم پاشا و شازادە خانم. داوای بوردنی کرد کە ئەوەندە ئەزیەتی دان. پاشا هەر واقی وڕما بوو، نەیدەزانی چ قەوما. پاشان هەموو شتەکەیان تێ گەیاند، گوتی:


– باشە، مادەم تۆ سەلماندت کە سەروەری هەموو سەروەرانی و مادەم کچەکەم رای لە تۆیە، ئەوا دەقەبەرم کردی. بیبە، زەماوەندی لەگەڵ بکە، هەتا هەتایە ببێ بە ژنت.

دوای ماوەیەکی کەم، ئاهەنگی زەماوەند سازدرا. گەنجەکە ناردی باوکیشی هات. کە پاشا عەمری خوای کرد، گەنجەکە لە جێی پاشا چووە سەر تەخت و بوو بە پاشا و بە راستی و دادپەروەریی فەرمانڕەوایی وڵاتی کرد.

لە هەموو لایەکەوە بوو بە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی.

❊ ❊ ❊

# ١٣ـ شەیتان و دارکەر



**هەبوو نەبوو،**

**دارکەرێکی نەدار هەبوو. رۆژێ سەیری کرد یەک پارچە نانی ماوە. پارچە نانەکەی لەناو توێشەبەرە ناو بە دوای پەیداکردنی خواردندا رووی کردە لێڕەوار. چونکە بۆ خواردنی ئەو رۆژە، تەنیا ئەو پارچە نانەی ما بوو. کە گەیشتە ناو لێڕ، توێشەبەرەکەی بە لقی درەختێک هەڵواسی و دەستی بە ئیش کرد. دەستی دایە تەور و کەوتە گیانی داربەڕووی زل زل تا شەلاڵی ئارەقە بوو. لەو لاوەش، شەیتانی رەش رەشی وەکوو شەوی ئەنگوستەچاو لەناو دۆزەخ هاتە دەرەوە و بۆ لای توێشەبەرەی دارکەرەکە دزەی کرد و ئەو پارچە نانەی تێیدا بوو، کە دارکەرەکە هەر ئەوەندەی مابوو، بردی و گەڕایەوە.**
**چووە دۆزەخ و لەبەردەم برادەرەکانی خۆی هەڵکێشا و گوتی:**
**– سەیر کەن چم هێناوە؟ ئەمە پارچە نانێکە. ئەمە خواردنی یەک رۆژی تەواوی دارکەرێک بوو، لێم دزی و هێنام.**
**دەرگەوانی دۆزەخ قیڕاندی:**
**– هێ؟! ئەوە چ دەڵێی؟**
**کاتێ کە بە مەسەلەکەی زانی، زۆر زۆر تووڕە بوو کە دڵڕەقیی ئەم دزە بگاتە ئەو رادەیە تاکە پارچە نانێکی دارکەرێکی دەستکورت و نەدار بدزێ. یەکسەر فەرمانی دا شەیتان دەم و دەست بگەڕێتەوە لای دارکەرەکە و یەک ساڵی رەبەق خزمەتی بکا.**
**سبەینەی رۆژی پاشی، دارکەرەکە خەریک بوو خۆی ئامادە کرد بچێ بۆ لێڕ، تەورەکەی لەبن هەنگڵی نابوو، لەپڕ دەرگا کرایەوە و گەنجێکی تۆکمە و پەلەستوور هاتە ژوورەوە. سڵاوی لێ کرد و گوتی:**
**– بەیانی باش، دارکەر! رازی ببم بە خزمەتکارت!**
**دارکەرەکە وەڵامی دایەوە:**
**– رۆڵە، ئەتۆم بۆ چییە؟ چ لە تۆ بکەم؟ من خواردنم بۆ خۆم نییە! جگە لەوەش تەماشای ئەم منداڵە برسییانە بکە لە کونجی ماڵەوە هەڵتووتاون.**
**– خەمت نەبێ. تۆ رازی بە من ببم بە خزمەتکارت، ئیسراحەت دەکەی. من داوای هیچ کرێت لێ ناکەم. هەر زووش بۆت دەردەکەوێ غەلەت نەبووی بە خزمەتکار راتگرتم.**

کابرای دارکەر تەورەکەی دایە دەست گەنجەکە و گوتی:
- باشە... مادام سووری، لەگەڵما وەرە بچینە دارکردن.

سێ رۆژ تێپەڕی، بەو ماوەیە یەک درەخت چییە لە و لێڕەوارە بە پێوە نەما. کابرای دارکەر بە درێژایی یەک ساڵ ئەم هەموو ئیشەی پێ نەدەکرا.

دارکەرەکە زۆر کەیفخۆش بوو کە دیتی ئەم هەموو دارە بڕاوەتەوە و هەمووی بەریز و بە شێوەیەکی رێک و پێک لەسەریەک داندراوە. لەو رۆژەوە، دارکەرەکە ئیشی باش بوو. منداڵەکانی چیتر لە کونجی ماڵەوە گۆشەگیر نەبوون و فرمێسکیان نەدەڕشت. بەڵکو وەکوو ماسی ناو ئاو چوست و چالاک و بەختەوەر بوون. نەیاندەزانی برسێتی چییە؟

رۆژێ، خزمەتکارەکە بە دارکەرەکەی گوت:

-کاکی دارکەر، گوێت لێ بێ! تۆ لێرە بە و بە شێنەیی خەریکی دارکردنی خۆت بە. من دەچم گەنم بۆ ئاغایەک دەکوتم، بایی زستان خواردن و پێویستی ماڵەوە پەیدا دەکەم.

دارکەرەکە وەڵامی دایەوە:

- کوڕم، تۆ بڕۆ. منیش ئەو ماوەیە خەریک دەبم و ئەوەندەی پێم بکرێ دار دەبڕمەوە. دەشتێکی بەپیت و بەرەکەت لە پشت ئەو لێڕە هەبوو. هی ئاغایەکی دەوڵەمەند بوو: سێ سەد جۆخینە گەنم و سێ سەد (گا)ی لە گەوڕ و سێ سەد بەرازی دابەستی هەبوو.

خزمەتکارەکە چوو خۆی پێشکەش ئاغاکە کرد. گوتی هاتووم، ئەگەر دەتەوێ جۆخینە گەنمەکەت بۆ دەکوتم.

ئاغا پێی گوت:

- باشە، بەڵام ئەدی کوا هاوڕێکانت؟
- ئاغا، خەمی شتی وات نەبێ. ئەگەر تۆ رازی بی، من هەموو گەنمەکەت بۆ دەکوتم.
- رازیم. بەڵام پێم بڵێ ئایا بە تەنیا خۆت هەموو گەنمەکە دەکوتی؟
- بە تەنیا بێ یان لەگەڵ هی تر. ئەمە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە. بۆشت دەردەکەوێ.
- بەرامبەر بەم ئیشەتا، چەندت کرێ دەوێ؟!
- شتێکی وا نا ئاغا، تەنیا ئەوەندەم دەوێ کە بتوانم بە یەکجار هەڵیبگرم.
- باشە، دەوری دە قەسناغێک دەکا.

ئاغا رازی بوو. پێش ماڵ نووستنان بوو بە هەرا و هۆریا: شریق! شریق! شریق! ئەم شرقە شرقە دەنگی سێ هەزار قامچی شەیتانان بوو. ئەو شەیتانانە لە دۆزەخەوە هاتبوون بۆ ئەوەی یارمەتی هاوڕێکەیان بدەن. گەنمەکە بکوتن و شەنەبای بکەن و رەوسەی سوور و رەندەی کا لێک جودا بکەنەوە، بۆ ئەوەی تا پێش بەیانی هەموو شتەکە تەواو ببێ.

کە رۆژ هەڵات. خزمەتکارەکە چووە لای ئاغا بۆ ئەوەی بێ، ئیشەکە ببینێ. ئاغا کە دیتی ئەم هەموو ئیشە وا زوو تەواو بووە، هەر واقی وڕما. زۆر کەیفخۆشیش بوو کە ئیشەکە بە پوختەیی و بێ کەم و کورتی کراوە.

خزمەتکارەکە داوای کرێی خۆی کرد. سەپانەکانی ئاغا دە قەسناغ گەنمیان لێ بار کرد و ئاغا گوتی:

– ها، ئەوەندە بەسسە؟

خزمەتکارەکە بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– نەخێر! هێشتام لێ بار کەن! بارم زیاد بکەن! خۆتان دەبینن هێشتا هیچ هەست بە گرانایی بارەکە ناکەم.

هەموو گەنمەکەیان لێ بار کرد. ئاغا لە ترسان و لە رقان مووی لێ بوو بە نەشتەر و پرسی:

– ئەی ئێستا رازی؟

خزمەتکارەکە دەستی بە قاقای پێکەنین کرد، چونکە ئەم هەموو بارەی لەلا هەر هیچ نەبوو. گوتی:

– زیاترم لێ بارکەن، زیاتر! چیتان هەیە، هەموویم بکەنە کۆڵ. نابینن هیچ هەست بە بارەکە ناکەم؟!

سەد بەرازی دابەستی هاتن. سەپانەکانی ئاغا هەموو بەرازەکانیان بە کۆڵێ دادا.

ئاغا هاواری کرد:

– دەک توک و نەفرەتت لێ بارێ!! هەر بەس نەبوو؟!

بەڵام شەیتان پێکەنینی بە قسەکەی دەهات و هەڵدەپەڕی و بازی دەدا وەکوو ئەوەی هیچی لە کۆڵ نەبێ. داوای کرد باری تری لێ بنێن. ئاغا لە تووڕەییان خەریک بوو شەق ببا، بەڵام چارەی نەبوو، قسەی دابوو، دەبوایە قسەکەی بێنێتە دی. هاواری کردە سەپانەکانی، گوتی:

- كوڕە، سەد (گا)ی قەڵەوی بۆ بێنن. لەوە زیاتری پێ هەڵناگیرێ.
شەیتان بەردەوام بوو، هەر بە ئاغا پێدەكەنی. (گا)كانی خستە سەر ملی و خێرا بە راكردن گەڕایەوە لای داركەرەكە. وای دەزانی هەر هیچ باری لێ نییە، گوتی:
- كاكی داركەر، ئەوەتا هاتمەوە!
بارەكەی لە حەوشە داگرت و گوتی:
- وا بزانم لەمەودوا ئەگەر جێشت بێڵم، تازە برسی نابیت. ساڵەكە وا خەریكە تەواو دەبێ. بەڵام ئایا دەزانی من كێم؟ لە بیرتە ئەو رۆژەی لەناو لێڕ یەک پارچە نانت ما بوو، لەناو توێشەرەت نابوو بە لقی دارێكەوە هەڵتواسی بوو، ئەو پارچە نانەیان لێ دزیت؟ من بووم ئەو دزییەم لێ كردی.
داركەرەكە سەری لەقاند و گوتی:
- قەت لەبیرم ناچێ؟
- ئایا دەزانی من شەیتانم و لەبەرئەوەی ئەو پارچە نانەم لە تۆ دزی لەسەریان كردم یەک ساڵی تەواو خزمەتت بكەم؟
ئێستاش من دەڕۆم... هەر سەلامەت بی و بە خۆشی و بەختەوەریی بژی!
ئەوسا لە دەرەوە، بە یەكجار، دەنگی حیلەی هەزاران ئەسپ بەرز بووەوە. ئەمە شەیتانەكان بوون. هاتبوون گاڵتەیان بە هاوڕێكەیان دەكرد كە ناچار كرابوو یەک ساڵ خزمەتی داركەرێكی كڵۆڵ و بەسەزمان بكا.

* * *

# ١٤ـ خوێ لە زێڕ بەنرختره



**هەبوو نەبوو،**

**پاشایەک هەبوو، سێ کچی هەبوو وەکوو بیبیلەی چاوی خۆی بەخێوی دەکردن و خزمەتی دەکردن. کە پیر بوو کەوتە ساڵانەوە و ردێنی وەکوو بەفر سپی بوو، زۆر جار بیری دەکردەوە دوای مردنی، لەهەر سێ کچەکەی کامیان ببێ بە شاژن.**

**دیاریکردنی شاژن ئەرکێکی ناخۆش بوو: هەر سێ کچەکە تا حەزکەی جوان بوون و پاشا بەقەدەر یەک خۆشی دەویستن. بڕیاری دا ئەوەیان بکا بە شاژن کە لەوانی دی باشتر بتوانێ خۆشەویستی خۆی بۆ بسەلمێنێ.**

**رۆژێکیان کچەکانی بانگ کردە لای خۆی و پێی گوتن:**

**- کچە ئازیزەکانم! من کەوتوومەتە ناو ساڵان و کەس نازانێ بۆ ماوەی چەندی تر لەگەڵ ئێوە دەژیم. جا دەمەوێ دیاری بکەم کامەتان دوای مردنی من، ببێ بە شاژن.**

**دەمەوێ پێش هەموو شتێ بزانم ئێوە هەریەکەتان چۆن چۆنی منی خۆش دەوێ.**

**تۆ کچی گەورەم! پێم بڵێ باوکی خۆت چۆن خۆش دەوێ؟**

**کچە، بە لوتفەوە دەستی باوکی ماچ کرد و گوتی:**

**- باوکە، من تۆم لە زێڕ خۆشتر دەوێ!**

**پاشا گوتی:**

**- باشە، ئەی تۆ کچی ناوەنجیم! تۆ باوکی خۆت چۆن خۆش دەوێ؟**

**کچی دووەم باوەشی لە ملی باوکی وەرهینا و وەڵامی دایەوە و گوتی:**

**- باوکە، من تۆم لەو تاجە ئەڵماسەی سەر سەری خۆم خۆشتر دەوێ.**

**پاشا گوتی:**

**- باشە... ئەی تۆ کچە بچکۆلانەکەم، پێم بڵێ تۆ باوکی خۆت چۆن خۆش دەوێ؟**

**(ماری) بە نەرمی و میهرەبانی تەماشای باوکی کرد و وەڵامی دایەوە:**

**- من بە قەدەر خوێ تۆم خۆش دەوێ!**

**دوو خوشکەکەی بە یەک دەنگ هاواریان کرد:**

**-چۆن؟ چۆن؟ دەک خۆرکت لێ کەوی بێ ئەمەک!! هەر تەنیا بەقەدەر خوێ باوکی**

خۆت خۆش دەوێ؟

(ماری) چی گوتبوو بە سەر لەقاندن دووبارەی کردەوە و بەو پەڕی سۆز و خۆشەویستی سەیری باوکی کرد و گوتی:

- بەڵێ، وام گوت. گوتم: وەکوو خوێ باوکی خۆم خۆش دەوێ.

پاشایش ئەم قسەیەی بە دڵ نەبوو. زۆر تووڕەبوو. گوتی: یانی کچم، تۆ باوکی خۆت هەر تەنیا بە قەدەر ئەو خوێیە خۆش دەوێ کە بە هەدەر دەچێ و زیاتر نا؟

ئینجا رکی خۆی لێ کردەوە:

- مادام من لە لای تۆ نرخم لە خوێ زیاتر نییە، بڕۆ لەبەر چاوم بزر بە. کەی دەرکەوت خوێ لە زێڕ بە نرخترە، ئەو کاتە دەتوانی بێیتەوە و ئەوسا بە هەر جۆرێ بێ دەبێ تاجی پاشایەتیت لەسەر بنرێ.

(ماری) زۆری خەم خوارد کە باوکی خۆشەویستییەکەی بە سووکایەتی لێ وەرگرت، بەڵام نەیتوانی یەک قسە بکا. ئەو هەر وا بوو، قەت قسەی لە قسەی باوکی نەدەکرد. زانیشی لەبەر خوشکەکانی ناتوانێ لەمەودوا لەناو کۆشکی باوکیدا بژی. ئیتر دەستی دایە بوخچەکەی و سەری هەڵگرت و رۆیشت. بەبێ ئامانج بە چیا و دۆڵاندا دەگەڕا. ڕێی کەوتە ناو لێڕێکی تاریک. لەپڕ ئافرەتێکی لەبەردەم پەیدا بوو. دەتگوت لە زەوی هاتۆتە دەرێ، گوتی:

- ماری، کچم! پێم بڵێ لە کوێوە دێی؟ بۆچی وا بەکوڵ دەگری؟

–ئاخ، خانمی بەڕێز، چ پێویست دەکا چیرۆکی خۆمت بۆ باس بکەم، خۆ تۆ ناتوانی هیچ یارمەتیم بدەی!

- کچم، پێم بڵێ. هەرچی رووی داوە بە متمانەوە پێم بڵێ بەڵکو بتوانم ئامۆژگارییەکت بکەم بە کەڵکت بێ. ئەی نازانی مرۆڤ تا زیاتر بکەوێتە ناو ساڵانەوە، زانا و داناتر دەبێ.

ئەوسا (ماری) خەمی دڵی خۆی بۆ پیرەژن هەڵڕشت و گوتی:

- هەموو هیوا و ئاواتم ئەوەیە بڕوا بە باوکم بێنم کە من زۆر زۆر خۆشم دەوێ!

پێش ئەوەی (ماری) باسی خۆی بکا، پیرەژن چیرۆکی بەسەرهاتی (ماری) دەزانی، چونکە ژنێکی ژیر و زانا بوو. پیرەژن بەسەر لەقاندن هەموو قسەکانی (ماری) بە گەن کرد و داوای لێکرد لەلای ئەو بمێنێتەوە و ئیشی بۆ بکا.

ماری ئۆخەی لەخۆی کرد کە یەکێکی دەست کەوت گرێی دڵێ خۆی بۆ بکاتەوە و خەمی

خۆی لەلا هەڵڕێژێ. زۆر بە دڵسۆزییەوە کەوتە شوێن پێی پیرەژن، چووە ماڵەکەی کە لە کووخێکی ناوەڕاستی لێڕێکی دارکاژ و دار سنەوبەر دەژیا.
پیرەژن باشترین خواردن و خواردنەوەی خۆی لەبەر دانا. کچە زۆر پێویستی بە جەمێکی وا بوو چونکە زۆر برسی و تینوو بوو. ئەوسا پیرەژن پێی گوت:
- ئێستاش با دەست بە ئیش بکەین. پێم بڵێ، رستن و چنین دەزانی؟ دەزانی مەڕ بلەوەڕێنی و حەیوان بدۆشی؟
کچە وەڵامی دایەوە:
- خانمی بەڕێز، من ئەم شتانە هیچ نازانم. بەڵام زۆرم پێ خۆشە فێرە ئەم ئیشانە بم. هەر تەنیا یەک جار پیشانم بدە چۆنە؟ من فێر دەبم.
- باشە، کە وەختی هات پێشانت دەدەم. ئەوەی لێرە، لای من فێری دەبی زۆر بە کەلکت دێ.
(ماری) یەکسەر وەکوو هەنگ بە دڵ و داو کەوتە سەر ئیش.
خۆی شارەزای ئیش و کاری خەڵکە هەژارەکە نەبوو، بەڵام هەر زوو فێری ئیشەکان بوو. هیچ منەتی بە ئیش کردن نەبوو. مانای ماندوێتی نەدەزانی. قۆڵ و باسکی لێ هەڵکرد و وەکوو کارەکەران بەروانکەیەکی سپی بەست و ملی لەبەر ئیش نا.
لەولاوە، دوو خوشکە لووتبەرزەکەی (ماری) لەناو کۆشک مانەوە. بەردەوام دڵی باوکیان بۆ خۆیان رادەکێشا: گاوێ باوەشیان پێدا دەکرد و جارێ ماچیان دەکرد. ئەگەر بیانتوانیبایە لە خۆشەویستییان قووتیان دەدا. ئەدی ئەوە نییە چی ئارەزوویان هەیە، لە چاویان دەیخوێنێتەوە و بۆیان جێ بەجێ دەکا؟
کچە گەورەکە هەموو رۆژێ خەونی بە جل و بەرگی گرانبەها دەدی و زیاد لە پێویست زێڕی بە خۆیەوە دەکرد. کەچی خوشکی ناوەنجی هەمیشە میوانی بۆ زیافەت و ئاهەنگی سەما و هەڵپەرکێ داوەت دەکرد.
پاشا قەت دەستی بە رووی ئەو دوو کچەوە نەدەنا و داواکانی رەت نەدەکردنەوە. دوای ماوەیەک پاشا هەستی کرد کچی گەورە بۆیە ئەو هەموو زێڕە بە خۆیەوە دەکا تا سەرنجی خەڵک بۆ خۆی رابکێشێ و کچی ناوەنجیش بە ئاشکرا پێی گوت دەیەوێ شوو بکا. پاشا دڵنیا بوو خۆشەویستیی ئەو دوو کچە بۆ باوکیان لەگەڵ ژاکانی تاجە مورتکی سەر سەریان سیس دەبێ و دەژاکێ. زۆر جار (ماری) بە بیر دەهاتەوە و زۆر حەزی دەکرد چاوی پێ بکەوێ بەڵام کەس هیچی دەرهەق نەدەزانی. پاشا، کە ئەم

ئارەزووە زۆرەی لە دڵ دەبزوا، بەوە دڵی خۆی دەدایەوەو هەوڵی دەدا ئەو خەیاڵاتە لە مێشکی خۆی دەربکا، لە دڵیٚ خۆیدا دەیگوت:

- ئاخر، هیچ رۆژیٚ لە خویٚ زیاتر منی خۆش نەویستووە!

رۆژێکیان، بڕیار بوو زیافەتێکی گەورە لە کۆشک بکەن. چاوەڕێیان دەکرد دەزگیرانی کچی ناوەنجی بیٚ، چێشتکەر بە هێنکە هێنک رایکردە لای پاشا و گوتی:

- گەورەم، وای چیمان بەسەر هات!! وای لەو بەڵایە!!

پاشا پرسی:

- چ بووە؟ ئەوە شێت بووی؟

- گەورەم، هێشتا شێت نەبوویم بەڵام وەختە مێشکم بتەقیٚ! چی خوێمان هەبوو، هەمووی لەناو چووە: کەس نازانیٚ بۆتە هەڵم و چووە بە ئاسمانا، یان زەوی قەڵشتووە و قووتی داوە؟ هەر چۆن بیٚ، هیچ خویٚ نەماوە. هەمووی رۆیشتووە و بە یەکجاریش فەوتاوە. باشە، لەمەودوا چ لە خواردن بکەین؟

- بەڕاستی گێل و کەودەنی، ها! برۆ خویٚ لە شوێنێکی تر بێنە!

- چووم گەڕام، بەڵام لە سەرانسەری وڵاتدا، هیچ ماڵێک یەک تۆزقاڵ خوێی تێدا نییە.

- باشە، خواردنەکە بە شتێکی تر سوێر بکە. یان خواردنێکی وا لیٚ بنیٚ پێویستی بە خویٚ نەبیٚ.

چێشتکەرەکە ناچار بوو بە قسەی پاشای کرد. خواردنێکی بیٚ خوێی لێنا. دەبیٚ ئەوە چ زیافەتێک بیٚ خواردنی بیٚ خوێی تیا پێشکەش بکریٚ؟!

میوانەکان یەک لەدوای یەک لە خواردن کشانەوە و کەس نەهات جێیان بگرێتەوە. گوتیان بۆ لێرە بمێنینەوە، مادەم لەم زیافەتەدا، نان و خویٚ و قسەیەکی خۆشمان دەست ناکەویٚ کە لە هەموو ماڵە هەژارێک هەیە.

پاشا تووڕە بوو. بەبیٚ ئۆقرە دەهات و دەچوو. دوو کچەکەش بە کپ و نائومێدی دانیشتبوون: تازە سەردەمی زێڕینیان رۆیشت. چونکە زێڕ لە کۆشک زۆر بوو. بەڵام بە پێچەوانەوە یەک تۆزقاڵ خویٚ نەبوو. یەک تۆزقاڵ خویٚ لە هیچ شوێنیٚ دەست نەدەکەوت. هەر دەتگوت خویٚ لەسەر دونیا رەش بۆتەوە و تازە جارێکی تر دەرناکەوێتەوە.

خەڵکەکە وردە وردە وازیان لە خواردن هێنا. تەنیا داوای خوێیان دەکرد. ماڵات لەبەر بیٚ خوێی دەغەڵ ببوون. مەڕ و مانگاش لەبەر بیٚ خوێی شیریان نەدەدا. عالەمەکە وەکوو سەرخۆش نەتریان دەدا و لنگیان لە دوو خۆیان رادەکێشا.

هەموو تووشی نەخۆشی ببوون. پاشایش ببووە قەرەنتوو. وەکوو ئەنگوستی دەستی لێ هاتبوو. کەس نەیدەناسییەوە. ئەمە دەتگوت پەتایە و بەسەر وڵاتدا هاتووە. ئەگەر یەکێ فەردە خوێیەکی بۆ هێنابان، بە قەدەر کێشی خۆی زێڕیان دەدایێ. ئەو کاتە پاشا زانی خوێ چ نیعمەتێکی گەورەیە! پاشا دەیتوانی زۆر بە ئاسانی بەرگەی ئەم خەم و خەفەتە بگرێ، ئەگەر ئازاری ویژدانی نەبایە بەرامبەر بەو غەدرە گەورەیەی لە (ماری) کرد.

بەڵام (ماری) وەزعی باش بوو. ئیش نەما بوو فێری نەبێ و شارەزایی لێ پەیدا نەکا. ئەو دەردەسەرییەشی نەدی کە هەموو جێگایەکی گرتبووەوە.

ئاگای لێ نەبوو لە کۆشک و لە وڵاتی باوکی چ باسە!بەڵام پیرەژنە ژیر و داناکە دەیزانی میللەت تووشی چ بووە و دەشیزانی کەی دەبێ ئیشی بۆ بکا. ئەوە بوو رۆژێ بانگی (ماری) کرد و پێی گوت:

- کچی ئازیزم، لە بیرتە رۆژێکیان پێم گوتی: حیکمەت و زانایی لەگەڵ هاتنی رۆژگار و سووڕانی زەمانە، دێ؟ ئێستاش وەختی ئەوە هاتووە تۆ بگەڕێیتەوە بۆ لای کەس و کاری خۆت.

(ماری) زۆر بە کوڵ گریا و گوتی:

- خانمی بەڕێز! چۆن بگەڕێمەوە؟ باوکم فڕێی داوم و وەرم ناگرێتەوە.

- کچی ئازیزم، مەگری! هەموو شتێ بە ئاسایی دەڕوا. ئێستا لە وڵاتی ئێوەدا خوێ لە زێڕ بەنرخترە، ئیتر دەتوانی خۆت پێشانی باوکت بدەی.

چی رووی دابوو، هەمووی بۆ کچەکە گێڕایەوە کە ئاگای لە هیچ نەبوو. ئینجا گوتی:

- تۆ ئەو ماوەیە زۆر بە دڵسۆزی و دەستپاکی خزمەتی منت کرد، پێم بڵێ کرێت چەندە و چ پاداشتێکت دەوێ؟

- خانمی بەڕێز و ئازیز، تۆ ئامۆژگاری منت کرد. بە چاکی لەگەڵم جوولایتەوە. هەر ئەوەندەم دەوێ کە سوپاست بکەم. تەنیا یەک چەنگە خوێم بدەرێ وەکوو بەری رەنجی شان و ئارەقەی نێو چەوانم بۆ باوکمی ببەمەوە.

- بەراستیتە، هەر ئەوەندە؟ هیچی ترت ناوێ؟ ئایا دەزانی هەرچی ئارەزوویەکت هەبێ من دەتوانم بۆت بێنمە دی؟

- نەخێر، قەت لەوەی گوتم زیاترم ناوێ. تەنیا نەختێ خوێم دەوێ و بەس!

- مادام خوێت ئەوەندە لەلا بەنرخە، نابێ قەت خوێت لێ ببڕێ.

باشترین شت کە پێشکەشت بکەم ئەم داردەستە بچووکەیە. کە هەستت کرد لەلای باشوورەوە (با)ی هات، پشتت بدە (با) و برۆ. سێ دۆڵ و سێ چیا ببڕە، ئەوسا بوەستە و سێ جار بەو داردەستە لە زەوی بدە. زەوی لەو شوێنە دەقەڵشێ و دەم دەکاتەوە. برۆ ژوورەوە، هەرچی لەوێ هەبوو، هەمووی دیاری منە بۆ تۆ!

(ماری) سوپاسی ئەو هەموو لوتف و چاکەیەی کرد. داردەستەکە و فەردە خوێیەکەی وەرگرت و بە دڵێکی پڕ خەم لەلای پیرەژن رۆیشت. بۆیەش دڵی بەخەم بوو، چونکە لەلای پیرەژن قەت لە هیچی کەم نەبوو. بەڵام دڵی خۆی بەوە دایە کە جیابوونەوەی لەو ژنە زۆر ناخایەنێ. کە لەگەڵ باوکی پێک هاتەوە، دێ و ئەم پیرەژنە لەگەڵ خۆی دەبا. کە باسی ئەم هەست و تەگبیرەی خۆی بۆ پیرەژن کرد، پیرەژن پێکەنی و گوتی:

- کچی ئازیزم، تۆ کچێکی ئاوها باش و خاتوون و میهرەبان بی، بە درێژایی ژیانت هەموو شتێکت بە دڵی خۆت دەبێ. پێویست ناکا بۆ من نیگەران بی.

بەدەم ئەم قسانەوە گەیشتنە پەڕگەی لێڕەکە. (ماری) ویستی سوپاسی بکا، بەڵام وای کرد لە پڕ پیرەژن بزربووە و لە هیچ شوێنێ دیار نییە. (ماری) بە تەنیا و بێ کەسی لەو شوێنە مایەوە. ئاخێکی ساردی هەڵکێشا. لە دڵەوە حەزی کرد چاوی بە باوکی بکەوێ. تا هێزی لە لنگاندا بوو بەرەو کۆشکی باوکی هەڵیکردە غارێ. غاری دا تا گەیشتەوەماڵێ. دانیشتوانی کۆشکی پاشا زۆر لەمێژ بوو نەیاندی بوو. چارۆکەیەکی لەسەر بوو، لچکەکانی لەبن چەناگەی گرێ دا بوو. کەس نەیانناسییەوە. ویستیان رێی نەدەن بچێتە لای پاشا، بەڵام (ماری) پاڕایەوە و گوتی:

- تکاتان لێ دەکەم، بمگەیەننە لای پاشا. دیارییەکی لە زێڕ بەنرخترم بۆ پاشای خۆم هێناوە. بێ شک بۆی دەبێتە دەرمانی دەردی.

خەبەریان دایە پاشا. پاشا گوتی هەر ئێستا بیهێننە ژوورەوە.

(ماری) کە چووە بەردەم باوکی، داوای نانێکی کرد. پاشا ئەمری کرد گوتی نانێکی بۆ بێنن. ئینجا ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

- نان؟ نانمان زۆرە، بەڵام یەک تۆزقاڵ خوێمان نییە.

(ماری) نانەکەی کەرت کرد و گوتی:

- شتێک نەبێ، دەتوانین پەیدای بکەین!

نەختێ خوێی بە کەرتە نانەکە وەرکرد و بۆ پاشای راداشت. پاشا زۆر کەیفخۆش بوو، هاواری کرد:

– ئۆی، ئەوە خوێیە!! ئەوە بە نرخترین دیارییە! ئەو چاکەیەت چۆن بدەمەوە؟ بخوازە ماڵی دونیایێ!

(ماری) بە دەنگی ناسک و میهرەبانی، بەو دەنگەی پێی لەگەڵ پاشا دەدوا، وەڵامی دایەوە:

– هیچم ناوێ، تەنیا دەمەوێ لای تۆ لە خوێ بەنرختر بم.

ئینجا چارۆکەکەی لەسەری کردەوە .پاشا (ماری) کچی ناسییەوە و هەر وەخت بوو لە خەنی خۆشییان ببوورێتەوە. داوای لێ کرد ئەوەی رووی دا لە دڵی نەگرێ.

(ماری) باوەشی لە باوکی وەرهێنا و ماچی کرد. چاوی لەسەر لانەدەبرد. بەم جۆرە هەموو شتێ وەکوو خۆی لێ هاتەوە.

ئەو خەبەرە وەکوو ئاگر و پووش بەناو کۆشکی پاشا و بە سەراپای وڵاتدا بڵاو بووەوە کە کچە بچووکەکەی پاشا هاتۆتەوە و خوێی هێناوە. هەموو عالەمەکە خەریک بوو لە خۆشییان شێت بن! دوو خوشکەکەشی کەیفخۆش بوون، بە هاتنەوەی خوشکیان نا، بەڵکوو بەو خوێیەی هێنابووی. (ماری) یش بەربەرەکانی و سووکایەتی پێ کردنی خوشکەکانی لەبیر کرد. وەکوو دیاریی هاتنەوەی لە وڵاتی بێگانان کەرتە نانێکی پێشکەش کردن. هەر کەسێ دەهاتە لای، هەندێ خوێی پێشکەش دەکرد. پاشا ترسا نەوەک خوێیەکە خلاس ببێ، داوای لە کچەکە کرد، گوتی: لە رێ خوا هەموو خوێیەکە مەچوێنە.

کچە بە نەرمی وەڵامی دایەوە:

– مەترسە باوکە گیان، بای خۆمان دەمێنێ.

لە راستیدا، کچە هەرچەندە خوێی دەبەخشی، جێی پڕ دەبووەوە. فەردە خوێکەی هێنا بووی، نە بەتاڵ دەبوو و نە بنی دەهات. وڵات کەوتە ژیانێکی خۆشی وەکوو گزنگی رۆژی سەرەتای بەهار. پاشا لە نەخۆشییەکەی چاک بووەوە. زۆر بە (ماری) کچی شاد و کەیفخۆش بوو. ئەنجوومەنی باڵای شار و وڵاتی بەست و (ماری) کرد بە شاژنی وڵات و لە کاتێکا کە لەژێر چەتری بەرز تاجیان لەسەر (ماری) دەنا، (با)یەکی فێنک لە دەم و چاوی دا، (با)یەکە لەلای باشوورەوە دەهات. (ماری) قسەی پیرەژنەکەی بیر کەوتەوە. مەسەلەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە و پێی گوت ژنەی ژیر و زانا چی پێ گوتووە و پێویستە چ بکا.

بەم جۆرە (ماری) بۆی دەرچوو. پشتی دایە (با) ی باشوور و سێ دۆڵ و سێ چیای

بڕی. لەوێ ڕاوەستا و داردەستەکەی لە زەوی دا. زەوی شەقی برد و دەمی کردەوە. (ماری) شۆڕبووەوە ناو زەوی. ماوەیەک ڕۆیشت، گەیشتە هۆڵێکی گەورە دەتگوت لە ئاوێنە دروستکراوە. بان و دیوار و عەرزەکەی هەموو دەبریسکایەوە و دەبریقایەوە. تەنیشت هۆڵەکەش هەمووی ڕارەوی لووس و بریقەدار بوو. ئینسانی کورتەباڵا خەریکی ئیش بوون. کە چاویان بە (ماری) کەوت، وەکوو عیفریت یەکتریان پاڵەسوو دا و دەست بە چراوگ خۆیان بۆ پێشوازی و بەخێرهێنانی (ماری) هەڵکوتا. دەیانگوت:

- بەخێر بێی، شاژن! بەخێر بێی! لەمێژە چاوەڕێت دەکەین. خانمی گەورەمان ئەمری پێ کردووین بتبەینە هەموو شوێنێک و هەموو شتێکت نیشان بدەین، چونکە ئەوەی دەیبینی ئێستا هەمووی هی خۆتە.

ئەوانە بە جریوە جریو قسەیان دەکرد، چراوگیان بڵند دەکرد و لە هەوادا بایان دەدا. وەکوو مێش بە دیوارەکاندا هەڵدەگەڕان و دادەگەڕان. دیوارەکان وەکوو بەردی بەهادار و گەوهەر بەند دەبریقانەوە.

(ماری) بەناو کۆشکەکەدا گەڕا. لە دیار کیباریی و شکۆمەندیی ئەم کۆشکە دەمی بەش بووەوە. عیفریتەکان ماریان بردە ناو ڕێڕەوی باخەکان و ناو ڕێڕەوی کۆشکەکە، کە هەزاران ئاوێنە و چل چرایان پێدا شۆڕبووەوە. هەموو وەکوو زیوی خوڕ دەبریسکانەوە. بردیانە ناو باخچە. باخچەکە ئاوێنەی سۆرەگوڵ و وردە مێخەک و گوڵی تری وای تێدا بوو کەس شتی وای نەدی بوو. عیفریتەکان جوانترین گوڵیان چنی و پێشکەشی شاژنی تازەیان کرد. ئەویش بۆنی کردن، بەڵام هیچ بۆنیان نەبوو، پرسی:

- شتی وا چۆن دەبێ؟ من قەت گوڵی وا جوانم نەدیوە، بەڵام بۆنیان نییە!

عیفریتەکان وەڵامیان دایەوە:

- ئەمانە هەموو لە خوێ دروست کراون.

شاژن ئەمەی زۆر بەلاوە سەیر بوو. پێی حەیف بوو پارچەیەکی بچووکیش ببا، گوتی:

- بەراستیتانە؟! چما خوێ لێرە هەیە؟

عیفریتەکان زانییان (ماری) چی لە دڵدایە. هاواریان کرد:

- هەرچی دەتەوێ و هەرچی دڵت دەیگرێ و پێت خۆشە، بۆ خۆت ببە. خوێی ئێرە قەت کەم ناکا و تۆش هەرگیز خوێت لێ نابڕێ.

(ماری) زۆر بە لوتف و میهرەبانی سوپاسی کردن. خاتری لێ خواستن و گەڕایەوە سەر ڕووی زەوی. زەندۆڵەکەی لەپاش دانەخرایەوە.

(ماری)، که گەیشتەوە کۆشکی خۆیان، گوڵەکانی پێشانی باوکی دا و چی دی بوو هەمووی بۆ گێڕایەوە. پاشا دڵنیا بوو کە پیرەژنە ژیر و داناکە، بە راستی دیارییەکی بەنرخی پێشکەش کچەکەی کردووە، چونکە هیچ دیارییەک وەکوو خوێ جوان و بەنرخ نییە.

(ماری) پیرەژنە ژیر و داناکەی ناو کووخی لێڕەواری لە بیر نەکرد. سواری عارەبانە بو و لەگەڵ باوکی چوو بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە و لەمەودوا هەرگیز لێی دانەبڕێ.

کچە بە هەموو رێگاکانی دەزانی و شارەزای هەموو رێچکەکانی ناو لێڕەکە بوو. چەند جارێک لەگەڵ باوکی بەو هەموو رێگا و رێچکانەدا هات و چوو بەڵام کووخەکە لە هیچ کوێ دیار نەبوو. پیرەژنەکەش هیچ دەوسی نەما بوو. وردە وردە قەناعەتیان هێنا کە ئەو ژنە جادووکەرێکی خێرخواز بووە و سوودی نییە بە دوای دا بگەڕێن چونکە نایدۆزنەوە. ئیتر باوک و کچ رێ و رێ گەڕانەوە کۆشک. ئەو خوێیەی خاتوونە میهرەبانەکە بە دیاری پێشکەشی کردبوون، تەواو بوو. بەڵام (ماری) دەیزانی خوێ لە کوێ هەیە. هەر کاتێ پێویستیان بە خوێ بوایە، دەچوونە کانگا و خوێیان دەردەهێنا. کانگایەکی وا بوو قەت بنی نەدەهات.

دوای ئەو جارە، ئیتر هەرگیزا و هەرگیز رووی نەدا تووشی بێ خوێیی ببن.

❊ ❊ ❊

# ١٥ـ مانگەکانی ساڵ



دەگێڕنەوە دەڵێن دایکێک هەبوو، دوو کچی هەبوو. یەکێکیان کچی خۆی بوو، ناوی (هێلانە) بوو. ئەوەی تر زڕ کچی بوو، ناوی (ماریشن) بوو. کچی خۆی زۆر خۆش دەویست، بەڵام زۆر رکی لە کچەکەی تر دەبووەوە. (ماریشن) خۆی نەیدەزانی کچێکی جوانە، نەشیدەزانی باوەژنی بۆچی لەگەڵی باش نییە و بۆچی کە دەچێتە لای بە خراپی لەگەڵیا دەجووڵێتەوە. دڵنیا بوو ناتوانێ هیچ شتێ بکا بۆ ئەوەی زڕ دایکی لێی رازی بێ و ئیشەکەی بە دڵ بێ.

(هێلانە) کاتی خۆی بە رابواردن و لەبەرکردنی جلی جوان بەسەر دەبرد. بۆ خۆی لە ژوورەوە بوو، یان دەچووە حەوشە، یان بۆ سەیران و گەڕان دەچووە دەرەوە، کەچی (ماریشن) هەموو ئیش و کاری ماڵەوەی دەکرد: ماڵی گەسک دەدا، چێشتی لێدەنا، هیربای دەشووشت، جل و بەرگی دەشووشت، خوری دەڕست، قەسەری دەهێنا و مانگای دەدۆشی. هەر ئیشێکی پێویست بوایە دەیکرد. پاداشتی ئەم هەموو کارەشی ئەوە بوو زڕ دایکی سووکایەتی پێ دەکرد و جوێنی پێ دەدا و رۆژێ هەتا ئێوارێ بە کەیفی خۆی دەیڕەتاند. (ماریشن) ئەو هەموو سووکایەتییەی قبووڵ دەکرد. تا دەهات (ماریشن) جوانتر و (هێلانە) ناشیرینتر دەبوو. تا دەهات (هێلانە) زیاتر پاڵی دەدایە و (ماریشن) زیاتر ئیشی دەکرد.

رۆژێکیان دایکە بیری کردەوە و لە دڵێ خۆیدا گوتی:

– تاکەی لەم ماڵە بە دەست (ماریشن) بتلێمەوە و خەمی لێ بخۆم؟ دووریش نییە، ئەگەر گەنج چاویان پێ بکەوێ، حەزی لێ بکەن و ئەشقی ببن و هیچ ئاوڕ لە (هێلانە)ی کچی من نەدەنەوە.

پرسی بە کچەکەی کرد، بە هەردووکیان پیلانێکی وا پیسیان لێ دانایەوە هیچ ئینسانی چاک و بە ویژدان شتی وا ناکا.

رۆژێکیان، ئەوەندەی نەما بوو بۆ سەری ساڵێ نوێ، سەرمایەکی کوشندە بوو. دەرەوە تا بڵێی سارد و سەقەم بوو. هێلانە حەزی کرد بۆنێکی وەنەوشە هەڵمژێ. بە (ماریشن)ی گوت:

– (ماریشن)، برۆ لێڕ و چەپکە وەنەوشەیەکم بۆ بچنە بۆ ئەوەی لەبەر کەمەری خۆمی

رابکەم. بۆنی وەنەوشەم زۆر پێ خۆشە!

(ماریشن)ی هەش بەسەر وەڵامی دایەوە:

- خوشکی بچووک و ئازیزم، ئەوە تۆ چیت بەسەرهاتووە؟ قەت دیوتە گوڵی وەنەوشە لەبن بەفر سەر دەربێنێ؟!

(هێلانە) لێی قیڕاند:

- هەی هیچ و پووچی کەم و چرووک!! تۆ چۆن زات دەکەی قسە لە قسەی من بکەی؟ هەر ئێستا بڕۆ دەرەوە. ئەگەر چەپکە وەنەوشەیەکم بۆ نەهێنی، دەتکوژم.

بەم جۆرە، (هێلانە) هەڕەشە و گوڕەشەی لە (ماریشن) کرد و دایکیشی (ماریشن)ی کردە دەرەوە و دەرگای لە دواوە داخست و گارەی دا.

(ماریشن) بە گریان رووی کردە لێڕەوار. بەفر چەند مەترێک کەوتبوو. هیچ نیشانەی بنیادەم لە هیچ شوێنێ دیار نەبوو. ماوەیەکی زۆر وێڵ و سەرگەردان بوو. لە برسان لاکەی لێوە دەهات و لە سەرمان مۆخی ئێسقانی رزی بوو. لەپڕ، لە دوورەوە ترووسکاییەکی لێ دەرکەوت. بەری خۆی دایە لای ترووسکاییەکە. رۆیشت، گەیشتە سەر ترۆپکی چیایەک. دیتی ئاگرێکی گەورە کراوەتەوە. دوازدە پیاوی لە دەورەیە، هەریەکە لەسەر بەردێک دانیشتووە. سیانیان سەر و ریشیان سپی بوو، سێی دی لەوان گەنجتر بوون، بەم جۆرە هەر سێ سێ لەوانی پێشوو گەنج و لاوتر بوون. هەموو کپ و بێ دەنگ بوون. بە کش و ماتی دانیشتبوون و زۆر بە سەنگینی تەماشای ئاگرەکەیان دەکرد.

ئەو دوازدە پیاوە، دوازدە مانگی ساڵ بوون. مانگی کانوونی دووەمی گەورە و مەزن لەسەر گەورەترین و بەرزترین بەرد دانیشتبوو. بە سەر و ریشی سپی وەک بەفر و داردەستی دەستی زۆر بە شکۆمەندی خۆی دەنواند.

(ماریشن)، کە چاوی پێکەوت، زەندەقی چوو. ئەوەندە ترسا نەبێتەوە. بە حەپەساوی راوەستا. ئینجا زاتی دایە بەر خۆی و لە پیاوەکان چووە پێش و گوتی:

- ئەی خەڵک و عالەمی باشینە، رێم بدەن منیش لەگەڵ ئێوە خۆم لەبەر ئەم ئاگرە گەرم بکەمەوە، نەوەک لەسەرمان دەقەسرم و دەمرم.

کانوونی دووەمی گەورە و مەزن رازی بوو. لە کچەکەی پرسی:

- کچم، ئەوە چۆن گەیشتیتە ئێرە؟ و بە دوای چیدا دەگەڕێی؟

(ماریشن) وەڵامی دایەوە:

- هاتووووم وەنەوشە ببەم.

کانوونی دووەمی گەورە و مەزن گوتی:
- کچی بچکۆڵەم، ئێستا وەرزی وەنەوشە نییە.
کچەکە گوتی:
- بەڵێ... بەڵێ! دەزانم! بەڵام (هێلانە) ی خوشکم و باوەڕنم لەسەریان کردووم چەپکە وەنەوشەیەکیان بۆ بێنم، نەوەک دەمکوژن. توخوا، خەڵکی باشینە، پێم بڵێن وەنەوشەم لە کوێ دەست دەکەوێ؟

کانوونی دووەمی گەورە و مەزن قیت بووەوە. لە کچۆڵەکە نزیک کەوتەوە. ئینجا داردەستەکەی بۆ مانگی ئادار راداشت و پێی گوت:
- ئاداری برا گچکە! تۆ وەرە لەسەر کورسی من دانیشە.
ئادار لەسەر بەردە هەرە گەورەکە دانیشت. داردەستەکەی لەسەر ئاگر بادا. بڵێسەی ئاگر بەرز بووەوە و بەفر دەستی بە توانەوە کرد. دار و درەخت پشکۆژەیان دا و گیای سەوز لەژێر دەوەن شین بوون و غونچە گوڵ لەناو گیا و گوڵ بریسکانەوە. بوو بە بەهار!! (ماریشن) هەر هێندەی زانی پەردەیەکی سەوز سەراپای رووی زەوی داپۆشی.
ئاداری گەنج بە (ماریشن)ی گوت:
- فەرموو (ماریشن)... چەندی حەز دەکەی گوڵە وەنەوشە بۆ خۆت بچنە.
(ماریشن) بە پەلەپرووزێ کەوتە سەر چنینی گوڵە وەنەوشە، بای چەپکێکی گەورە وەنەوشەی لێکردەوە. ئینجا زۆر بە لوتف و میهرەبانی سوپاسی مانگەکانی ساڵی کرد و بە هەلەداوان گەڕایەوە لای کەس و کاری خۆی.
(هێلانە) و دایکی، کە چاویان بە (ماریشن) کەوت هاتەوە، هەر مەپرسە سەیریان چەند سوڕما! لە دڵی خۆیاندا گوتیان: ئەو (ماریشن) چۆن توانی بێتەوەو ئەم چەپکە وەنەوشەیە بێنێ.

دەرگایان لێکردەوە. بۆنی گوڵە وەنەوشە ماڵەوەی پڕ کرد. (هێلانە) بە لووتبەرزی لێی پرسی:
- ئەم گوڵانەت لەکوێ بوو؟ ئەمانەت لە کوێ چنی؟
(ماریشن) زۆر بە خاکەڕایی وەڵامی دایەوە:
لەناو لێڕ، لە جێگایەکی دووری پڕ چغورد چنیم. پڕ لە وەنەوشە بوو!
(هێلانە) چەپکەکەی لە دەست راپسکاند. بەخۆو بە دایکی گوڵەکانیان بۆن کرد، بێ ئەوەی بە خوشکی بڵێ: دە تۆش بۆنێکی ئەم گوڵانە بکە، چەپکە گوڵەکەی لەبەر

کەمەری خۆی راکرد.

سبەینەی رۆژی پاشی، (هێلانە) لەبەر ئاگردان دانیشتبوو حەزی چووە تووی کیوی. هاواری کرد:

- یاڵڵا (ماریشن) برۆ ناو لێڕ و تووی کیویم بۆ بێنە.

(ماریشن)ی بەسەزمان گوتی:

- خوشکی بچووک و خۆشەویستم! ئەوە تۆ چیت بەسەر هاتووە؟ قەت دیوتە تووی کیوی لەژێر بەفر سەر دەربێنێ؟!

(هێلانە) بەسەری دا قیژاند و گوتی:

- هەی هیچ و پووچی کەم و چرووک! تۆ چۆن زات دەکەی قسە لە قسەی من بکەی؟ دەی برۆ دەرەوە، ئەگەر تووی کیویم بۆ نەهێنی، دەتکوژم.

بەم جۆرە (هێلانە) دیسان هەڕ و گیفی لێ کرد و دایکیشی (ماریشن)ی دەرکردە دەرەوە و دەرگای لە دواوە پێوەدا و گارەی دا.

ئەو کچە بچکۆڵەیە بەدەم گریان و فرمێسک رشتنەوە چووە ناو لێڕ. بەفر چەند مەترێک کەوتبوو. نیشانەی ژیان و شتی زیندوو لە هیچ شوێنێ نەدەکەوتە بەرچاو! ماوەیەکی زۆر وێڵ و سەرگەردان بوو. لە برسان هەناوی بەر ببووەوە. مۆخی ئێسقان و خوێنی دەماری وشک هەڵاتبوو.

دیسان رووی کردە ترووسکاییەکە و گەیشتە ئاگرە کڵپەدارەکە. ئەو رۆژە دیسان دوازدە پیاو بە ئەڵقە لە دەوری ئاگرەکە دانیشتبوون. ئەمانە دوازدە مانگی ساڵ بوون. کانوونی دووەم بە سەر و ریشی سپی لەسەر بەرزترین بەرد دانیشتبوو. (ماریشن) لە پیاوەکان چووە پێش و گوتی:

- پیاوی باشینە، رێم بدەن بێم لەگەڵ ئێوە خۆم لەبەر ئەم ئاگرە گەرم بکەمەوە، نەوەک لەسەرمان دەقەسرم.

کانوونی دووەمی گەورە و مەزن داوای کچەی قبووڵ کرد و لێی پرسی:

- کچم، ئەوە بۆچی هاتووی؟ لە چ دەگەڕێی؟

(ماریشن) وەڵامی دایەوە و گوتی:

- بۆ تووی کیوی هاتووم؟

کانوونی دووەمی گەورە و مەزن بە سەرسامی گوتی:

- ئێمە لە وەرزی زستانداین. تووی کیوی قەت لەبن بەفر ناڕوێ!

(ماریشن) زۆر بە پەست و غەمباری گوتی:
- بەڵێ... بەڵێ! دەزانم! بەڵام (هێلانە)ی خوشکم و باوەژنم لەسەریان کردووم تووی کیوییان لە لێڕ بۆ بێنم. هەڕەشەیان لێکردووم ئەگەر تووی کیوییان بۆ نەبەم، دەمکوژن. تکایە بەزەییتان پێمدا بێتەوە، پیاوی باشینە، پێم بڵێن تووی کیویم لەکوێ دەست دەکەوێ.
کانوونی دووەم قیت بووەوە. لە مانگەکەی بەرامبەری چووە پێش، داردەستەکەی بۆ درێژکرد و پێی گوت:
- تەمووزی برا، تۆ وەرە لەسەر کورسیی من دانیشە.
تەمووز چووە سەر بەرزترین بەرد و داردەستەکەی لەسەر ئاگر بادا. ئاگرەکە سێ قات بڵێسەی لێ بەرز بووەوە و بە چاوتروکانێک هەموو بەفری تواندەوە. گەڵای دار پشکووتن و باڵندە دەستیان بە خوێندن و جریوە جریو کرد و گوڵ لە هەموو لایەکەوە بریسکانەوە. دەتگوت ئەستێرەی سپی وردیلەن بەبن دار و دەوەن وەرکراون.
وەرزی هاوین بوو! ئەستێرە بچووکەکان بوون بە دانەتووی کیوی گەییو. (ماریشن) هێشتا سەرسامی بەری نەدابوو، کە سەراپای رووی زەوی بوو بە تووی کێوی. هەر دەتگوت زەوی بە خوێن ئاودراوە. تەمووز هاواری کرد:
- خێرا (ماریشن)، چەندی حەز دەکەی تووی کیوی بۆ خۆت بکە.
(ماریشن) چارۆک بەرامپیلی پڕ تووی کیوی کرد. لە خۆشییان هەر وەخت بوو پەڕ و باڵ دەربکا. بە لوتف و میهرەبانی سوپاسی مانگەکانی کرد و بە هەلەداوان گەڕایەوە ماڵێ. (هێلانە) و دایکی، کە دیتیان (ماریشن) هاتەوە و یەک بەرامپیلی پڕ تووی کیوی هێنا، هەر واقیان ورما. دەرگایان لێکردەوە. بۆن هەموو ژووری پڕ کرد. (هێلانە) بە بوغراییی لە خوشکی پرسی و گوتی:
- ئەم هەموو تووە کیوییەت لەکوێ هێنا؟ لە کوێ چنیوتە؟
(ماریشن) زۆر بە خاکەڕایی وەڵامی دایەوە:
- لە شوێنێکی دووری ناو لێڕ چنیومە.
(هێلانە) و دایکی تێر و پڕیان خوارد، بێ ئەوەی هیچێکیان بەم کچە بەدبەختە بڵێ: دەتۆش، ها، ئەم دنکە بخۆ!
رۆژی سێیەم، هێلانە حەزی چووە سێوی تەڕ و تازە. بانگی (ماریشن)ی کرد و بەسەری دا قیڕاند:

- (ماریشن)، خێرا بڕۆ ناو لێڕ و سێوی سوورم بۆ بێنە.
(ماریشن) گوتی:
- خوشکی بچکۆڵە و خۆشەویستم، ئەوە تۆ چت بەسەر هاتووە؟ قەت کەس بیستوویەتی سێوی سوور بە زستان پێ بگا؟
(هێلانە) خۆی لێ تووڕە کرد و هاواری کرد:
- هەی هیچ و پووچی کەم و چرووک! تۆ چۆن زات دەکەی قسە لە قسەی من بکەی؟ دەی هەر ئێستا بڕۆ دەرەوە بۆ ناو لێڕ. ئەگەر سێوی سوورم بۆ نەهێنی، دەتکوژم... بە راستمە، ها!!
دایکە هات (ماریشن)ی وەدەرنا و دەرگای لە دواوە داخست و قوفڵی دا.
(ماریشن) بە گریان و زاری سەری هەڵگرت بۆ ناو لێڕ. بەفر چەند مەترێک کەوتبوو. لە هیچ شوێنێ نیشانەی ژیان و ئینسان نەدەکەوتە بەرچاو. ماوەیەکی زۆر وێڵ و سەرگەردان بوو. برسێتی چنگی لە بینە قاقای ناو سەرما دەماری لەشی سڕ کرد. دیسان لە دووری دوورەوە ترووسکاییەکی دی و چوو گەیشتە ئاگرە کڵپەدارەکەی جاران. دوازدە پیاوەکە وەکوو بازنە لە دەوری ئاگرەکە دانیشتبوون. بە سەنگینی دانیشتبوون و کەس جوولەی نەدەکرد. کانوونی دووەمی گەورە و مەزن لەسەر بەرزترین بەرد دانیشتبوو. داردەستەکەی بە دەستەوە بوو. (ماریشن) لەبەریان پاڕایەوە و گوتی:
- پیاوی باشینە، لێم گەڕێن، نەختێ خۆم لەبەر ئەم ئاگرە گەرم بکەمەوە. تکاتان لێ دەکەم، نەوەک لەسەرمان رەق هەڵدێم و دەمرم.
کانوونی دووەمی گەورە و مەزن لێی پرسی:
- کچەکە، ئەی ئەم جارە بۆچی هاتووی؟
کچەکە وەڵامی دایەوە:
- هاتووم سێوی سوورم دەوێ.
کانوونی دووەمی گەورە و مەزن گوتی:
- بەڵام لە وەرزی زستاندایین، سێوی سوور لەم وەرزە پێ ناگا.
(ماریشن) بە کز و غەمباری گوتی:
- بەڵێ... بەڵێ! دەزانم! بەڵام (هێلانە)ی خوشکم بەخۆو بە دایکی هەڕەشەیان لێکردووم ئەگەر سێویان بۆ نەبەم، دەمکوژن. تکایە ئەم جارەش یارمەتیم بدەن!
ئەوسا کانوونی دووەم لە جێی خۆی هەستا، لە مانگە هەرە پیرەکە چووە پێش،

داردەستەکەی بۆ راداشت و گوتی:

- چریا ئێکێ، برا، تۆ وەرە لەسەر کورسی من دانیشە!

چریا ئێکێ چوو لەسەر بڵندترین بەرد دانیشت و داردەستەکەی لەسەر ئاگر بادا. بڵێسەی ئاگر بەرزبووەوە ئاسمان و ئەوەی بەفر بوو لەسەر زەوی نەما. بەڵام وەکوو جارەکانی دی گەڵای دار نەپشکووت، گەلاکان زەرد ببوون. وردە وردە هەڵوەرین. وەرزی پایز بوو! (ماریشن) هیچ گوڵی بەهاری نەدی، ئەگەر گوڵی بەهاری هەشبایە، ئەو نەیدەدی، چونکە چاوی هەر لەسەر لکەدارەکان بوو. دارسێوێکی بینی سێوی سووری دابوو. سێوەکان بە لقەکاندا شۆڕببوونەوە. چریا ئێکێ بە (ماریشن)ی گوت:

- (ماریشن) قەدی ئەم درەختە راهەژێنە... خێرا رایهەژێنە!

(ماریشن) درەختەکەی راهەژاند، سێوێک بەربووەوە. دووبارە رایهەژاند، سێوێکی تر بەربووەوە. پایز گوتی:

- ئەوەندە ببە (ماریشن) بەسسە. خێرا بگەڕێوە ماڵێ.

(ماریشن) دوو سێوەکەی هێنا و بە نەرمی سوپاسی مانگەکانی کرد و بە گورگە لۆقە گەڕایەوە ماڵێ.

(هێلانە) و دایکی کە دیتیان (ماریشن) هاتەوە، هەر واقیان وڕما. دەرگایان کردەوە. (ماریشن) دوو سێوەکەی دانێ. (هێلانە) لێی پرسی:

- ئەم دوو سێوەت لە کوێ هێنا؟

لەبەرئەوەی سێوەکانی پێ کەم بوو، تووڕەبوو قیژاندی:

- هەی هیچ و پووچی کەم و چرووک! بۆچی زیاترت سێو بۆ نەهێنام؟ دیارە لە رێگادا خواردووتە.

(ماریشن) بە سەرسامی گوتی:

- ئای، خوشکی ئازیزم! پێم بڕوا بکە هیچم نەخواردووە. کە یەکەم جار دارەکەم راهەژاند، تەنیا یەک سێو بەربووەوە. جارێکی دووەمیش هەریەک سێو بەربووەوە. هەقیشم نەبوو لەوە زیاتر رایهەێنم. ئیتر ئەمریان پێ کردم بگەڕێمەوە ماڵێ.

(هێلانە) ویستی لێی بدا و هاواری کرد:

- هەی تووک لێ باریو! دەک شەیتان بۆ خۆت ببا.

زڕ دایکی پڕی دایە دەسکە گەسک و پەلاماری دا، بەڵام (ماریشن) ویستی خۆی لەبەر لێدان لابدا. رایکرد بۆ مدبەق و خۆی لە پەنا ئاگردان شاردەوە.

(هێلانە)ی شەڕانی وازی لە جوێن و سووکایەتی هێنا، سێوێکی خوارد. دایکیشی سێوەکەی تری خوارد. لە ژیانی خۆیانا سێوی وا خۆش و بەتامیان نەخواردبوو. مەراقیان گرت سێوی تریش بخۆن. (هێلانە) بە دایکی گوت:

- دایکە، فەروەکەم بدەرێ، خۆم دەچمە لێڕ. لەوانەیە ئەم هیچ و پووچە زۆری سێو لە لێڕ هێنابێ، بەڵام لە ڕێگا خواردبێتی. ئەگەر لە دۆزەخیش بێ، مادام ئەوەندە زۆرە، دەبێ جێگای ئەو سێوانە بدۆزمەوە و هەمووی بتەکێنم. شەیتان ناتوانێ ڕێم لێ بگرێ.

دایکە نەیتوانی کچەکەی لەم بڕیارە پاشگەز بکاتەوە.

(هێلانە) فەروەکەی کردە بەر و چارۆکەی لەسەری پێچا و جلی توند لەخۆی لوول دا. ئیتر ملی ڕێی گرت و رووی کردە لێڕ. دایکی لەبەر دەرگا وەستا بوو، دەستی هەڵدەگلۆفت و بە خەم و خەفەتەوە سەیری کچەکەی دەکرد. بەفر چەند مەترێک کەوتبوو. سەراپای لێڕی داپۆشی بوو. هیچ ڕێچکە و رارەوێک دیار نەبوو. (هێلانە) ماوەیەکی زۆر سووڕایەوە. ئیشتیای سێو وەکو و شەیتان دنەی دەدا. لە دوورەوە ترووسکاییەکی دی. رووی کردە ترووسکاییەکە و گەیشتە لای ئاگرە داگیرساوەکە. دوازدە پیاو بە ئەڵقە لە دەوری دانیشتبوون.

بێ ئەوەی سڵاو لە کەس بکا، یان داوای روخسەت بکا بچێتە بەر ئاگرەکە و خۆی گەرم بکاتەوە، وەک ئەوەی ئاگرەکە بۆ ئەم کرابێتەوە، چووە بەر ئاگرەکە و دەستی خۆی دایە بڵێسەی ئاگرەکە.

کانوونی دووەمی گەورە و مەزن، بە تووڕەیی لێی پرسی:

- تۆ کێی؟ بۆچی هاتوویتە ئێرە؟ لە چ دەگەڕێی؟

(هێلانە) بە لووتبەرزی هەڵیدایە و گوتی:

- پیرەمێردی خەرفاوی تڕن، ئەم پرسیارە قۆڕانە چین؟ بە تۆ چی لە کوێوە هاتووم و دەچمە کوێ؟

ئەوسا خێرا تێی تەقاند بۆ ناو لێڕەوار. وای دەزانی سێوی گەییو چاوەڕێی دەکا.

کانوونی دووەمی گەورە و مەزن لە ڕکان برۆی هێنایە یەک. داردەستەکەی لەسەر سەری خۆی بادا. ئاگرەکە کوژایەوە و ئاسمان تاریک داهات. بوو بە بەفرێکی تووش. هەڵیکردە (با) و زریان. دونیا ئەوەندە تاریک داهات، (هێلانە) هەر ئەوەتە دەستەکانی خۆی دەدی. تا زیاتر بەفری تێ دەکرد، ئەو زیاتر پەل و پۆی دەچڕی و گرژ و ڕەق

دەبوو. وای لێهات لاقی لە دوو نەدەهات. لەترێکی برد و بەربووەوە.

لەماڵەوە، دایکی لەسەر ئاو و ئاگر چاوەڕێی دەکرد. دەیگوت کچەکەم بۆچی وا دوا کەوت. لە پەنجەرەوە تەماشای کرد، چووە بەر دەرگا و بە ئاسۆی دووردا هەڵیڕوانی. ماوەیەکی زۆر پێ چوو، هێلانە هەر نەهاتەوە. دایکە دەستی دایە فەروەکەی و گوتی:

– ئەوە نەیدەتوانی واز لەو سێوانە بێنی؟ شتێکیشی بەسەر نەهاتبێ؟! با بە دوویدا بچم.

چارۆکەیەکی لەسەر و گوێلاکی پێچا و چووە تاقیبی کچەکەی. تا دەهات بەفری زیاتر تێ دەکرد و (با) و زریان توند و تیژتر دەبوو. بەفرێکی زۆر کەوتبوو. دایکە بە نیخە نیخ و هێنکە هێنک دەڕۆیشت و بانگی کچەکەی دەکرد، بەڵام... نە دەنگێکی گوێ لێ بوو نە وەڵامێک. وێڵ بوو. خۆیشی نەیزانی لە کوێیە؟ پەل و پۆی هەموو سڕ بوو. لاقی لە دوو نەدەهات. هێزی لەبەر بڕا و بەربووەوە سەر بەفر.

لە ماڵەوە، (ماریشن) شیوی لێنا و ژووری ماڵی و مانگای دۆشی و دانیشت. بە بێ هوودەیی، چاوەڕوانی (هێلانە) و دایکی کرد، بەڵام ئەوان نەگەڕانەوە. (ماریشن)ی حەلیم و میهرەبان بۆیان کەوتە بن بارەکی خەمان. لە دیار خەڕەک دانیشت و لە دڵێ خۆیدا گوتی:

– داخۆ ئەو ماوە دوور و درێژە لە کوێ گیریان خواردووە؟

تا بەترەکی شەو چوو، دانیشت. (هێلانە) و دایکی دەرنەکەوتن. ئۆقرەی لێ هەڵگیرا، کەوتە دالغە و لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەی کرد.

– چتان بەسەرهاتووە؟ چ دەرد و بەڵایەکتان بەسەر هاتووە؟

هیچ شتێ دیار نەبوو. زریان نیشتەوە، ئەستێرەی ئاسمان کەوتنە جریوە جریو! بەفر دەچریسکایەوە، بان لەژێر قورسایی بەفر قرچ و هۆڕی بوو.

(ماریشن) پەنجەرەی داخست. لە خەمان دڵێ دەگوشرا و حەجمانی نەبوو.

بۆ سبەینەی پاشی، تێشتی ئامادە کرد و چاوەڕێی کرد بەڵام دایک و خوشکی نەگەڕانەوە. تومەز لەناو لێڕ، لەسەرمان رەق ببوونەوە و مردبوون.


بەم جۆرە (ماریشن) کووخەکە و مانگاکە و پارچە بێستانەکە و مێرگ و شینایی دەور وبەری ماڵی هەموو بە میرات بۆ مایەوە.

لە سەر وبەندی بەهارا، گەنجێکی قۆز هاتە داخوازی (ماریشن)ی نازدار و زەماوەندی لەگەڵ کرد.

ئەو ژن و مێردە، بۆ خۆیان بە شادی و بەختەوەری ژیان.

* * *

# ١٦- ربيرونارى نازدار



لەپشت حەفت چیا و حەفت دۆڵ و حەفت دەریالووش، لەپشت حەفت لێڕ و حەفت رووباری گەورە، لەو شوێنەی دونیا لەسەر تەختە دارێک قایم کراوە بۆ ئەوەی گۆی زەوی هوورد و هەڕا نەبێ، پاشایەک هەبوو، باخێکی جوانی هەبوو، درەختێکی نازداری تێدا بوو. درەختی وا جوان لە دونیادا نەبووە. کەس نەیدەزانی داخۆ ئەو درەختە بەری هەیە، یان نا؟ یان داخۆ کاتی خۆی بەری هەبووە، یان نا؟

پاشا لە هەموو کەس زیاتر مەراقی بوو ئەمەی بۆ دەربکەوێ. هەر میوانێکی بهاتایە، دەیبردە لای ئەو درەختە بۆ ئەوەی تەماشای بکا و بزانێ بە رای خۆی چ بەرێکی هەیە. بەڵام نە لەو وڵاتە و نە لە وڵاتانی بێگانەش کەس ئەو وەڵامەی پێ نەدرایەوە و نەیزانی ئەو درەختە چ جۆرە درەختێکە!

رۆژێکیان، پاشا هەموو جنگر و فالْچی و زاناکانی وڵاتی کۆکردەوە و داوای لێکردن بزانن ئەو درەختە چ بەرێک دەدا. هەموو هاتن، لە درەختەکە ورد بوونەوە. بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک. ئاخیری پیرەمێردێکی کووڕی بەساڵاچوو، گوتی:

– لەو دونیایەدا هیچ کەس نییە بزانێ ئەم درەختە چ بەرێک دەدا، چونکە لە دونیادا درەختی وا نییە و تا ئێستا کەس بەری ئەم درەختەی بە چاو نەدیوە، بەڵام بۆتان باس دەکەم، کە منداڵ بووم، باپیرەم چۆن باسی ئەم درەختەی بۆ دەکردم کە تا ئێستا کەس نەیزانیوە.

هەموو شەوێ، سەعات یازدە، ئەم درەختە پشکۆژە دەدا. دوای چارەکێک پشکۆژەکان دەبن بە کوڵووک و دوای نیو سەعات بەری تەواو گەییو دەدا. دەق لە نیوەشەوا، ئەو بەرە لێ دەکرێتەوە. کەس نازانێ کێ لێی دەکاتەوە.

کە پیرەمێرد لە قسەکانی بووەوە، پاشا گوتی:

– ئەمە پێویستی بە چاوەدێری و زێرەوانییە بۆ ئەوەی بۆمان دەربکەوێ، کە قسەکەت راستە. ئەگەر قسەکەت راست بێ، دەبێ بەری ئەم دارە لێ بکەنەوە و بۆ منی بێنن، چونکە درەختەکە هی منە و لەناو باخی من رواوە. کامەتان دەتوانێ ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ؟

کوڕە نۆبەرەکەی وەڵامی دایەوە، گوتی:

– باوکە، ئەم ئیشە بە من گەیشت.

ئیتر بڕیار درا، ئەم کوڕە لە شەوی پاشییەوە، چاوەدێری درەختەکە بکا کە بەری وا سەیر و سەمەرە و خێرای دەدا. شەو داهات، کوڕە رووی کردە ناو باخ. بە پێی پێویست شەراب و گۆشتی برژاوی لەگەڵ خۆی برد. بە ئاسوودەیی دانیشت و چاوی بڕییە درەختەکە. بە پەرۆشەوە بوو بزانێ چ روودەدا. ماوەیەکی زۆر پێ چوو، هیچ نەبوو. یەک گەڵای درەختەکە نەجوولایەوە. بەڵام کە زەنگی سەعات یازدە لێی دا، لەپڕ درەختەکە پشکۆژەی دەکرد. دوای چارەکێک پشکۆژەکان بوون بە کوڵووکی جوان و سەعات یازدە و نیو کوڵووکەکان بوون بە جۆرە توویەکی کیوی و وردە وردە گەورە بوون. سەعات دوازدە چارەکێک کەم، بوون بە سێوی زێڕ. ئەو سێوانە وەکوو رۆژ لەسەر ئەو درەختە دەبریقانەوە. شازادە لە سەرسامییان زمانی گیرا. تەماشای دەکرد و نەیدەتوانی لە جێی خۆی بجووڵێتەوە. کە سێوەکان تەواو پێگەیشتن، کوڕەکە هەستا چووە لای درەختەکە بۆ ئەوەی سێوەکان لێ بکاتەوە. کە گەیشتە بن درەختەکە، کردی بە گەرداو و فەرتەنەیەکی وا، نەبێتەوە. ئاسمان بوو بە چەخماخە و هەورە تریشقە. هەور گوێی لە عەردی نا. باران وەکوو کۆتکی دەونخوون دەهاتە خوارێ. (با)یەکی سەیری هات. شازادە بۆرژا و خەوی لێکەوت و تا سبەینێ بە خەبەر نەهات. کە بەخەبەر هات، دیتی دارێکی رووت!! نە چ سێوی زێڕی پێوە بوو، نە ئەو کەسەش دیار بوو کە شەو، لەناو تۆف و فەرتەنەدا، سێوە زێڕەکانی لێکردبووەوە.

شازادە بە پەست و غەمباری چووە لای باوکی و رووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

برای دووەم گوتی:

– ئەوە تۆ بەختت یار نەبوو. ئەمشەو من دەچم هەر کەسێ توخنی ئەو درەختە بکەوێ، دەیگرم.

پاشا روخسەتی دا. کە شەو داهات، شازادە چوو لەبن درەختەکە دانیشت و چاوەدێری کرد. بەدەم چاوەدێری و چاوەڕوانیش بۆ خۆی گۆشت و کولیچە و ئەو شتانەی دەخوارد. تا سەعات یازدە دونیا کش و مات بوو. سەعات یازدە چلەکان چرۆیان دەرکرد و دوای چارەکە سەعاتێک چرۆکان بوون بە کوڵووکی جوان و سەعات یازدە و نیو بوون بە دنکە تووی کیوی بریقەدار و دنکە تووەکان وردە وردە گەورە بوون تا نیو سەعاتی ما بۆ نیوە شەو ئەو دارە هەمووی بوو بە سێوی زێڕی بریقەدار.

شازادە زۆر خۆی تاخیر نەکرد، زۆر بە بوێری و چالاکی بەسەر درەختەکەدا هەڵگەڕا بۆ ئەوەی سێوەکان لێ بکاتەوە. درەختەکە سارد سارد داهات، هەموو شتێ بەستی و

بوو بە تەم و تاریکی، دونیا بوو بە یەک پارچە بەستەڵەک.
شازادە، لەگەڵ یەکەم تەکان پێی هەڵزەڵی و بەربووەوە. ئەوسا (با)یەکی سەیری هات و شازادە لە شوێنی خۆی خەوی لێکەوت. کە سبەینێ بە ئاگا هات، درەختەکە وەکوو جاران رووت و قووت بوو. شازادە شەرمەزار بوو بەرامبەر باوکی، بەڵام ناچار بوو بچێتە لای و رووداوەکەی بۆ بگێرێتەوە.

پاشا سەری سوڕما و زۆر تووڕەش بوو، چونکە بەمە خەریک بوو نائومێد دەبوو لە دۆزینەوەی دزی سێوە زێڕەکان. لەو کاتەدا، کوڕە هەرە بچووکەکەی، بێ ئەوەی کەس هەست پێ بکا، هاتە پێشەوە چونکە ئەو بە پێچەوانەی براکانی هەرگیز لە ریزی پێشەوە نەدەوەستا. زۆربەی کاتی خۆی بە شمشاڵ لێدان بەسەر دەبرد. شمشاڵێکی باشی لێ دەدا.
کوڕە بە باوکی گوت:
- باوکە، رێم بدە منیش وەکوو براکانم شەوێک چاوەدێری ئەو درەختە بکەم، بەڵکو بەختم یار بێ.
باوکە وەڵامی دایەوە:
- کوڕم، تۆ چت پێ دەکرێ؟ ئەوەتا دوو براکەت شەونخوون و چاوەدێری درەختەکەیان کرد، بەڵام بێ هوودە بوو. واز لەم بیرە بێنە و تووڕەم مەکە.

بەڵام کوڕە وازی لە باوکی نەهێنا. هەر داوای کرد و دووبارەی کردەوە تا باوکی رازی بوو. ئێوارێ، کوڕە بەخۆ و بە شمشاڵەوە چووە ناو باخ. لە نزیک درەختەکە دانیشت و دەستی بە شمشاڵ لێدان کرد. زەنگی سەعات یازدە لێیدا، درەختەکە کەوتە چرۆکردن. کوڕە هەر لەسەر شمشاڵ لێدان بەردەوام بوو. دوای چارەکە سەعاتێک چرۆکان بوون بە گوڵ و ئینجا گوڵەکان بوون بە دنکە تۆوی بچووک و دنکە تووەکان وردە وردە گەورە بوون. نیو سەعات مابوو بۆ نیوە شەو، سێوی زێڕی جوان و بریقەدار لەسەر درەختەکە دەرکەوتن، بەڵام کوڕە هیچ گوێی پێ نەدا، ئەو هەر لەسەر لێدانی ئاوازی خۆش بەردەوام بوو.

کە بوو بەنیوە شەو، خشە خشێک لە ئاسمانەوە هات: دوازدە کۆتر هاتن، لەسەر درەختەکە خولانەوە و ئینجا لەسەر زەوی نیشتن و بوون بە دوازدە کچی جوان و نازدار. یەکێکیان لە ناوەڕاست بوو لە هەموویان جوانتر بوو. ئەوە شازادە خانم بوو. شازادەی بچکۆڵە نە شمشاڵەکەی خۆی بە بیر ما و نە سێوە زێڕەکان. لە دیار ئەم دیمەنە، لە

جێی خۆی ڕەق بوو.
کچە هەرە جوانەکە سێوەکانی لێکردەوە و کە لێ بووەوە، لە شازادە چووە پێش و پێی گوت:
- ن بووم تا ئێستا سێوەکانم لێ دەکردەوە، لەمەودوا نۆرەی تۆیە نیوەڕوان سێوەکان لێ بکەیتەوە.
شازادە لێی پرسی:
- تۆ کێی؟ و خەڵکی کوێی؟
کچە وەڵامی دایەوە:
- من (بیرونا)م، خەڵکی شاری ڕەشم.
لەگەڵ ئەم قسەیە، لەبەرچاو بزر بوو. گەنجەکە ماوەیەکی زۆر تەماشای ئەو لایەی کرد کە کچەکەی لێ بوو، ئینجا چاوی بڕییە درەختەکە وەکوو ئەوەی کچەکە لەسەر چلەپۆپەی دانیشتبێ، بەڵام بێ هوودە بوو. کچە جوانەکە تازە بزر ببو و، هیچ نیشانە و دەوسی نەما بوو. کوڕە، دوای ماوەیەکی کەم، هاتەوە سەر خۆی و گەڕایەوە ماڵێ.
کە باوکی بینی، لە خۆشییان لە دوورەوە هاواری کرد:
- باوکە شەونخونی و چاوەدێریم کرد و هەموو شتێکم زانی.
باوکە سەری سوڕما و لە خۆشییان رووی کرایەوە و پرسی:
- ئەگەر وایە؟ ئەی کوا سێوەکان؟
- ئێستا سێوە زێڕەکانم پێ نییە. بەم زووانە بۆت دێنم. چاوەدێریم کرد و بە هەموو شتێ کەوتم.
کچێکی جوان و نازدار هەیە ناوی (بیرونا)یە. هەموو شەوێ لە شاری ڕەشەوە دێ و دەق لە نیوەی شەوا سێوەکان لێ دەکاتەوە. بەڵام لەمڕۆ بەدواوە، من نیوەڕوان سێوەکان لێ دەکەمەوە. (بیرونا) پێی گوتووم.
باوکیان، لە خۆشییان، حەجمانی نەبوو. دەستی لە پشتی کوڕەکەی دا و پیرۆزبایی بوێری و ئازایەتی لێکرد. کەیفخۆشییەکەی زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە بەم زووانە سێوە زێڕەکانی دەست دەکەوێ.
کوڕە چی گوت، هەمووی وا دەرچوو. هەموو ڕۆژێ شازادەی بچکۆڵە دەچووە سێو ڕنین و پاشای بەساڵاچوو لە خۆشییان نەدەحەوایەوە. مەسەلەکە ماوەیەک بەم جۆرە ڕۆیشت، بەڵام گەنجەکە ڕۆژ بە ڕۆژ نیگەرانتر دەبوو. ڕۆژ بە ڕۆژ عادز و غەمبارتر دەبوو.

لەبەر ئەوەی هەموو مێشکی بە (بیرونا)وە خەریک بوو. سەرەتا، کە دەچووە سێو ڕنین، دڵی بەو ئومێدە خۆش بوو، بەڵکو جارێکی تر چاوی بە کچەکە بکەوێ. بەڵام کە کچەکە هیچی تر نەهاتەوە، ئەویش ئارەزووی جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەی نەما. داوای لە باوکی کرد رێی بدا بچێ بۆ خۆی بە دونیادا بگەڕێ.

پاشا ماوەیەک رێگای کوڕەکەی نەدا، بەڵام کە کوڕەکەی لەکەری شەیتان نەهاتە خوارێ، ئیزنی دا بڕوا، بەو هیوایەی پاش ماوەیەکی کەم بە شادی و بەختەوەری بگەڕێتەوە. شازادە، کە روخسەتی وەرگرت، یەکسەر ملی رێی گرت و رۆیشت. خزمەتکارێکی بەگەڵ خۆی دا و چەکی پێویستی هەڵگرت و توێشەیەکی زۆری برد و ماڵاوایی لە دایبابی کرد و سواری ئەسپ بوو رۆیشت. چاوی دەکەوتە سەر هەر لایەک، رووی دەکردە ئەو لایە و دەڕۆیشت.

هەر رۆیشت رۆیشت، چیا و رووبار و مێرگ و میرغوزاری بڕی. لە وڵات و دەریالووشی دوور تێپەڕی. سەراپای دونیا گەڕا بەڵام هیچ خەبەری شاری رەش و (بیرونا)ی دەست نەکەوت.

کوڕە بە خۆ و بە خزمەتکارەوە شل و شەکەت بوون. خواردنیان لێ بڕا. بەڵام هەر بەردەوام بوون بەڵکو شتێ بە شتێ بکەن و بە مەبەستی خۆیان بگەن. ئاخیری گەیشتنە کۆشکی ژنە جادووکەرێک. ئەو ژنە جادووکەرە دایکی (بیرونا)بوو. ژنەی جادووکەر پێشوازی لێکردن و بەخێری هێنان و لێی پرسین عەودالّی چین.

شازادە وەڵامی دایەوە:

- هاتووین دەمانەوێ بزانین داخۆ تۆ ناوی شاری رەش و ناوی خاتوو (بیرونا)ی جوان و زێڕینت نەبیستووە؟!

ژنەی جادووکەر گوتی:

- بەدی کوو؟ رۆڵە ئازیزەکانم! ئێوە پەناتان بۆ جێگایەکی باش هێناوە. هەموو رۆژێ، (بیرونا) دێ خۆی لەناو باخی من دەشوا. ئەگەر بتانەوێ دەتوانن لەوێ چاوتان پێ بکەوێ.

لە راستیدا، ژنەی جادووکەر دەیزانی ئەو گەنجە چاوی لە دوو کچەکەیەتی، بۆیە بە ناسکی و میهرەبانی لەگەڵیان جووڵایەوە، بەڵام هەستی دڵی خۆی بۆ دەرنەبڕین.

بەرە بەری نیوەڕۆ، شازادە چووە ناو باخ. ژنە جادووکەرەکە بانگی خزمەتکارەکەی کرد و بردییە لایەک. قسەی لەگەڵ کرد و ئیقناعی کرد بە دوای ئاغاکەی دا بچێ. هەڕەشەی

لێکرد لە کچەکەی نزیک نەکەوێتەوە. بەڵێنیشی پێدا ئەگەر داواکەی جێ بەجێ بکا پاداشتێکی باشی دەداتێ. ئینجا شمشاڵێکی لە دەست نا و گوتی:

– کە چاوت بە (بیرونا) کەوت، لەم شمشاڵە هەڵتووڕێنە بۆ ئەوەی ئاغاکەت خۆی بۆ لای شازادە خانم هەڵنەکوتێ.

ئەوسا خزمەتکارەکەی نارده شوێن ئاغاکەی.

شازادە خەریک بوو لەناو باخ پیاسەی دەکرد. خزمەتکارەکە چاوەڕێی کرد: نیوەڕۆ، دوازدە کۆتر لەسەر چلەپۆپەی درەختێک دابەزینە خوارێ و بوون بە دوازدە کچی جوان. ئەوەی هەرە جوانەکەیان کە (بیرونا)ی زێڕین بوو، وەکوو تیشکی رۆژ دەبریقایەوە. هەموو چل و گەڵای درەختەکەی لە بریق و باقی خۆی نقووم کرد.

خزمەتکارەکە، لە دیار ئەم دیمەنە جوانە حەپەسا. قسەی ژنەی جادووکەری هەر لە بیر نەما. بەڵام دوای نەختێ هاتەوە هۆش خۆی و زۆر بە توندی دەستی بە شمشاڵ لێدان کرد. شازادەی گەنج لەگەڵ دەنگی شمشاڵەکە خەوێکی قووڵی لێکەوت. خەوێکی وای لێکەوت هێز نەبوو بتوانێ لەو خەوە بە ئاگای بێنێ.

کە شازادە هاتەوە هۆش خۆی، خزمەتکارەکە بۆی گێڕایەوە کە (بیرونا) بە تەنیشتی دا تێپەڕی و بە سۆز و خۆشەویستی تەماشای کرد. شازادە گلەیی لێکرد بۆچی بە ئاگای نەهێنا. خزمەتکارەکە زۆری پێ ناخۆش بوو، بەڵام هیچ باسی شمشاڵەکەی بۆ نەکرد.

بەیانی رۆژی پاشی، کە شازادە دووبارە چووە ناو باخ، ژنەی جادووکەر خزمەتکارەکەی بردە لایەک و شتێکی چرپاندە گوێ و توند دەستی گوشی و شمشاڵەکەی دایێ.

خزمەتکارەکە دەیزانی (بیرونا) لەکام لاوە دێ، یەکەو راست چووە ئەو لای باخەکە. خزمەتکارەکە، کە گوێی لێ بوو کۆترەکان نزیک کەوتنەوە و لە دوورەوە ترووسکاییەکی دی، دەستی بە شمشاڵ لێدان کرد. شازادەی ئاغای خەوێکی قووڵی لێکەوت. (بیرونا) چووە تەک شازادە. داهاتەوە سەری و بە سۆزو کەسەرەوە تەماشای کرد و رۆیشت.

کە شازادە بەخەبەر هات و زانی (بیرونا) بەلایەوە تێپەڕیوە، لە خۆی و لە خزمەتکارەکەی تووڕە بوو: خۆی بۆچی خەوت؟ و کە خەوت، خزمەتکارەکەی بۆچی بە خەبەری نەهێنا؟ بەڵام تازە چی لەدەست دێ. هەموو شتێ رۆیشت و بڕایەوە. بڕیاری دا ئەم جارە هەرچی ببێ، نابێ بخەوێ.

رۆژی پاشی، شازادە هەروەکوو جاران، چووە ناو باغ و بەرە بەری نیوەڕۆ لەناو باغەکە دەستی بە هات و چۆ کرد و چاوی هەڵگلۆفت بۆ ئەوەی خەو نەیباتەوە، بەڵام

فایدەی نەبوو. ژنە جادووکەرەکە، خزمەتکارەکەی دەستەمۆ کردبوو کردبوویە لای خۆی. کە (بیرونا) لەسەر درەختەکە دەرکەوت، خزمەتکارەکە فووی لە شمشاڵەکە کرد و شازادە خەوێکی قووڵی لێکەوت. پارچە پارچەت کردبا بە ئاگا نەدەهات. (بیرونا)ی نازدار، هاتە لایەوە، داهاتەوە سەری و سەرنجێکی پڕ بەزەیی لێدا و گوتی:

– وای چەند بەدبەخت و بەسەزمانی!! بێ خەم و خەیاڵ دەخەوی و نازانی کێ بەختەوەریت لێ تێک دەدا. لە باتی فرمێسک چەند دانە مروارییەکی لەچاو هاتە خوارێ. ئینجا بایدایەوە و لەگەڵ دەستە خوشکەکانی هەندێ گوڵی چنی و بەسەر شازادەی وەرکرد و بە خزمەتکارەکەی گوت:

– بە ئاغات بڵێ ئەگەر دەیەوێ من ببینێ، دەبێ زیاتر وریای خۆی بێ! دوای نەختێ، شازادە لە خەو هەستا. لە خزمەتکارەکەی پرسی داخۆ (بیرونا) هاتووە، یان نا؟ و ئەم گوڵەی بەسەریاندا پرژاندووە مانای چییە؟ خزمەتکارەکە، چی رووی دابوو هەمووی بۆ گێڕایەوە: (بیرونا) چۆن چۆنی سەیری کرد و چۆن گوڵی بەسەر وەرکرد و چۆن ئەمی راسپارد پێی بڵێ ئەگەر دەیەوێ (بیرونا)ی دەست بکەوێ، دەبێ زیاتر وریای خۆی بێ.

شازادە زۆر پەست و غەمبار بوو. کەوتە خەم و خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی قووڵ. لێی مسۆگەر بوو بەم حاڵە بە مەبەستی خۆی ناگا. ئیتر لەکن ژنە جادووکەرەکە رۆیشت. ویستی لە پەیامە رەمزییەکەی (بیرونا) بگا، بەڵام بێ هوودە بوو.
رۆژێ، کە بە دونیادا دەسووڕایەوە، بۆرژا و خەوی لێکەوت. لە خەودا دی (بیرونا) هاتە سەری و گوتی:

– تۆ تا ئەو خزمەتکارەت لەگەڵدا بێ، دەستت بە من ناگا. چونکە خزمەتکارەکەیان تەفرەداوی. خیانەتت لەگەڵ دەکا. تەگەرەت دەخاتە پێش و نایەڵێ بە ئاواتی خۆت بگەی.

شازادە، کە بە خەبەر هات، بیری کردەوە، تاریکی مێشکی رەوییەوە و وردە وردە راستیی بۆ دەرکەوت. زانی ئیتر دەبێ چ بکا. بەڵام نەیدەتوانی سەری خزمەتکارەکەی ببڕێ چونکە هیچ بەڵگەی تاوانەکانی بەدەستەوە نەبوو. ئەوە نەبێ دەیزانی خزمەتکارەکەی بەلاش خیانەتی لێکردووە و تەگەرەی خستۆتە پێش بۆ ئەوەی بەختەوەر نەبێ. جا وای بە باش زانی جارێ هەموو شتێ بە دەقە خۆی لێ بگەڕێ.

بەڵام خزمەتکارەکە، لە پێستی خۆی چووبووە دەرەوە، پێی شەرم بوو فەرمانی

ئاغاکەی جێبەجێ بکا. هەموو هەوڵەکانی دەپووکاندەوە. کە شازادە هەوڵی دەدا بە شێنەیی بیدوێنێ و ویژدانی ببزوێنێ، ئەو زۆر بە توندی وەڵامی دەدایەوە. ئاخیری شازادە لێی دەهری بوو، شیری هەڵکێشا و لە ملی دا. سەری ڤرڕەی هات بەرزبووەوە و وەکوو بازنە لە ئاسمان سووڕایەوە و برینەکەی خوێنێکی ڕەش و پیسی لێهات و دوای نەختێ زەوی لاشە نگریسەکەی قووت دا.

کە خزمەتکارەکە بە سزای خۆی گەیشت و مرد، شازادە بە تەنیا لە ڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت، داکشایە ناو جەرگەی لێڕ و چیا و دۆڵی سەختی بڕی. ڕۆژێ گوێی لە گرمەیەکی توند و تیژ بوو. چیای لەگەڵ هەژا. بۆ لای دەنگەکە چوو، دەنگەکە لەناو مێرگێکی گەورە دەهات. سێ شەیتان شەڕیان بوو. شازادە پرسی:

–ئەوە لەسەر چ شەڕتانە؟

وەڵامیان دایەوە، گوتیان:

– کێشەمانە لەسەر میراتی باوکمان. ئەویش، خۆت دەبینی: فەروەیەکی شوانان و ئەم پێڵاوە و ئەم قامچییەیە.

شازادە بە سەرسامی پرسی:

– ئێوە شێت بوونە چییە؟ لەسەر شتی وا پڕ و پووچ بە شەڕ دێن؟

– تۆ نازانی؟ ئەمانە شتی جادوویین: ئەوەی ئەم فەروەیە لەبەر بکا، لەبەر چاوان بزر دەبێ، تەنانەت شەیتانیش نایبینێ. ئەوەی ئەم پێڵاوە لە پێ بکا، یەکسەر دەفڕێ و بەرز دەبێتەوە ئاسمان و ئەوەی ئەم قامچییە ڕابوەشێنێ، هەر شوێنێکی بیەوێ دەم و دەست دەگاتە ئەوێ. جا هەریەکە لە ئێمە دەیەوێ هەر سێ شتەکە بۆ خۆی بێ، چونکە شتەکان تاک تاک و بێ ئەوانی دی بە کەلک هیچ نایەن.

وەرن، ئەمن بە دادپەروەری بۆتان دابەش دەکەم. شتەکان لای من دابنێن و بڕۆنە سەر ئەو چیایەی ئەوێ. کە ئامازەم پێدان، بە ڕاکردن وەرنەوە لام. هەر کامتان یەکەم جار گەیشتەوە لام، هەر سێ شتەکە بۆ ئەو دەبێ.

شەیتانەکان ڕازی بوون. شتەکانیان لای شازادە جێ هێشت و بە هەلەداوان بە جدچیا هەڵگەڕان. شازادە یەکسەر فەروەکەی کردە بەر و پێڵاوەکەی لەپێ کرد و قامچییەکەی ڕاوەشاند و هیوای خواست بگاتە بن شوورەی شاری ڕەش. یەکسەر چەند وڵات و چەند دەریالووشی بڕی، هەر هێندەی زانی گەیشتە بەر دەروازەی شاری ڕەش.

فەروەکەی داکەند و پێڵاوەکەی لەپێ کردەوە. یەکێ لە دەستە خوشکەکانی (بیرونا) چاوی پێکەوت، هەیپەی لێکرد چوو چی دی بوو بۆ (بیرونا)ی گێڕایەوە. (بیرونا) پێی باوەڕ نەکرد چونکە قەت بە خەیاڵی دا نەدەهات شازادە بتوانێ بگاتە ئەوێ. دەستە خوشکێکی تری نارد بۆ ئەوەی لە خەبەرەکە دڵنیا بێ. ئەو دەستە خوشکەیشی هاتەوە و گوتی راست دەکا. (بیرونا) دەستە خوشکی سێیەمی نارد. ئەویش هەمان دەنگ و باسی هێنایەوە. ئەوسا (بیرونا) خۆی چووە بەر دەروازەی شار. کە گەیشتە بەر دەروازەی شار، چاوی بە خۆشەویستەکەی کەوت، لە خەنی خۆشییان مرواری لە چاوان هات. لەو کاتەدا، سێ شەیتانەکە گەیشتنە ئەوێ. بە نەرە نەڕ و گرمە گرم پاڕانەوە شازادە شتەکانیان بداتەوە:

-شازادە گیان، شتەکانمان بدەوە: فەروە و پێڵاو و قامچییەکەمان بدەوە.

شازادە شتەکانی بۆ تێهەڵدان. شەیتانەکان شتەکانی خۆیان وەرگرتەوە و بۆی دەرچوون.

ئەو دوو خۆشەویستە، کە لە شەڕی جادووکەر و شەیتانەکان رزگار بوون، دوای لێک دابڕانێکی زۆر باوەشیان بە یەکتردا کرد و پاش ماوەیەکی کەم، زەماوەندیان کرد.

شازادە بوو بە پاشا و بە خۆ و بە (بیرونا) بە شادی و بەختەوەری و خۆشگوزەرانی ژیان.

❊ ❊ ❊

# ١٧ـ ئاسنبەزێن



هەبوو نەبوو،

ژنێکی کلۆڵ و چارەڕەش هەبوو، تەنیا یەک کوڕی تاقانەی هەبوو. ئەو ژنە باخچەیەکی بچووکی دارخۆخ و دوو (گا)ی هەبوو. کە زستان داهات، ناچار بوو دارەکان ببڕێتەوە بۆ ئەوەی ئاگری پێ بکاتەوە و ماڵی پێ گەرم بکاتەوە. کە بەهار هات، کوڕە دوو (گا)کەی دابەست و باخەکەی کێڵا و خاشخاشی لێ چاند بەڵکو بژێویێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن. کە خاشخاشەکە پێگەیشت، کوێشکە زەردە هات و بەربووە سەر خاشخاشەکە. ئەگەر کوڕە ئەو کەوانەی نەبایە، کە باوکی لە قوژبنێکی ماڵەوە بۆی جێ هێشتبوو، بەو کەوانە خاشخاشەکەی پاس نەکردایە، مسۆگەر خاشخاشەکە هەمووی لەناو دەچوو.

ڕۆژێکیان، کوڕەکە لە نۆرینگی خۆیەوە دانیشتبوو، پاسەوانی دەکرد، هەڵۆیەک هات لەسەر خاشخاشەکە نیشت. (جۆن)- کوڕەکە ناوی چۆن بوو- دەستی دایە کەوان و تیرێکی تێ گرت و باڵێکی هەڵۆکەی ئەنگاوت. هەڵۆکە هاواری کرد و گوتی:

- کابرای کەواندار، بۆ ئەو تیرەت لە باڵی دام؟

جۆن وەڵامی دایەوە:

-ئەدی تۆ بۆچی خاشخاشی منت خوارد؟

- هەی گەلۆر، دەڵێی بۆچی خواردم؟! بۆیە خواردم چونکە برسی بووم. باش بزانە باوکی من شای هەڵۆیانە، ئەگەر هەر ئێستا باڵم تیمار نەکەیت، هەرچی باڵندەی دونیا هەیە تێت دەڕووکێن و هەموو خاشخاشەکەت لەناو دەبەن.

- بەخوا ئەمە شتێکی زۆر خەتەرە. ڕاوەستە، دەتبەمە لای دایکم.

جۆن هەڵۆی بردە لای دایکی. دایکی زۆر بە زەحمەت و مشەققەت هەندێ گیا دەرمانی بۆ چارەسەری برینی هەڵۆکە پەیدا کرد. چووە لای دارتاشیش بۆ ئەوەی هەندێ پەلووکەداری بۆ خۆش بکا تا باڵی هەڵۆی پێ بگرێتەوە. برینی هەڵۆکە وردە وردە سارێژ بوو، چاک بووەوە. بەڵام دوو (گا)کەیان نەما، چونکە ئەو باڵندە برسی و تامەزرۆیە هەر داوای گۆشتی دەکرد.

لەولاوەش، لەبەرئەوەی جۆن دەرفەتی نەبوو بچێتە پاسەوانی پارچە خاشخاشەکەی، باڵندە هەموو خاشخاشەکەیان خوارد. پیرەژنی بەدبەخت و کوڕەکەی، لەم دونیایەدا، قەت هیچیان نەما.

کە، هەڵۆکە وردە وردە کەوتەوە باڵە فڕە، ڕۆژێکیان گوتی:

– هاوڕێی ئازیز، ئیتر ناتوانین زیاتر بەرگە بگرین.

– بەڵێ... بەڵێ! چ بکەین؟

– دەڵێی چ بکەین؟ گوێ بگرە:

من و تۆ هەردووکمان دەچینە لای باوکم، بۆ ئەوەی هەقی ئەو دوو (گا)یەت بۆ ببژێرێ، کە من خواردوومن. دایکیشت با ئیش و کاری چێشتخانەی پاشا بکا بۆ ئەوەی پێویستی خۆی دابین بکا. من و تۆش دەکەوینە ناو ئەم دونیا گەورە و فراوانە.

بەم جۆرە، دایکە چووە کۆشکی پاشا بۆ ئەوەی لە چێشتخانە ئیش بکات و خۆی بەڕێوە ببا. ئەم دووانەش کەوتنە گەشت و گەڕان. هەڵۆ ڕۆیشت و جۆن کەوتە دوایەوە. ڕۆیشتن تا گەیشتنە دەریایەک. هەڵۆکە بەسەر دەریاکەدا فڕی، جۆن بە نائومێدی و هەناسە ساردی لەسەر کەناری دەریا مایەوە. نەیزانی چ بکا و چۆن لە گەشتەکەی بەردەوام بێ. هەڵۆکە، لە کەناری ئەوبەری دەریا، بانگی کرد و گوتی:

– ورەت نەڕووخێ... نائومێد مەبە! هەر دەبێ چارەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بتوانی لەو ئاوە بپەڕیتەوە و بە یەکەوە بچینە لای باوکم.

هەڵۆکە یەکسەر گەڕایەوە ماڵێ، چارۆکەیەکی سووری هێنا و لەسەر ئاوەکە پانی کردەوە. بەمەوە جۆن توانی بەبێ ماندوو بوون، بە سواری چارۆکە سوورەکە بگاتە کەناری ئەوبەر. ئەوسا هەڵۆکە پێی گوت:

– باشە، برادەر، ئێستا هەموو شتێ بە شێوەی ئاسایی خۆی دەڕوا. جارێ، با لە سەرەتاوە ئەم چارۆکە سوورەت بتدەمێ. دەتوانی بەم چارۆکەیە لە هەموو دەریایەک بپەڕیتەوە. ئێستاش دەتبەمە خزمەت باوکم. باوکم ماڵی لەسەر ئەو چیایەیە. بێ گومان باوکم لێ ناگەڕێ تۆ بە دەست بەتاڵی بڕۆی. دەتباتە ناو سێ هۆڵی ژێر زەوی:

یەکەمیان دراوی سووری تێدایە، دووەمیان دراوی زیوی تێدایە و سێیەمیان دراوی زێڕی تێدایە. ژووری سێیەم دۆڵابێکی ئاسنی تێدایە، لەپشت دەرگایە. باوکم داوات لێ دەکا چت دەوێ بۆ خۆت ببەی، بەڵام تۆ دەست بۆ هیچ شتێ مەبە، تەنیا داوای دۆڵابەکە بکە. کە وەرتگرت، یەکسەر بگەڕێوە لای کەس و کاری خۆت. لەوێ ئیش و کارت بە جۆرێکی وا دەڕوا، لە خەونیش دا شتی وات نەدیوە.

پاشا، زۆر شاد و شوکر بوو بە گەڕانەوەی کوڕەکەی. زۆر سوپاسی جۆنی کرد لەسەر ئەو چاکەیەی لەگەڵی کردووە. یەکسەر بردییە ناو سێ هۆڵەکە و پێی گوت

هەرچی دەیەوێ بۆ خۆی ببیا. بەڵام جۆن هیچی نەویست، تەنیا داوای دۆڵابە کۆن و تۆزاوییەکەی کرد کە لە کونجێکی ژووری سێیەم فرێ درابوو. پاشا گوتی:

– بەڕاستی زیرەک و وریای! برای ئازیز، هەرچیت دەوێ، ببیە، تەنیا ئەم دۆڵابە بۆ من لێگەڕێ.

بەڵام جۆن سوور بوو. گوتی لەم دۆڵابە پێوە قەت هیچم ناوێ. ئاخیری پاشا دۆڵابەکەی دایێ و روخسەتی دا بڕواتەوە.

جۆن بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ. هیچ ترسی نەبوو دەریای بێتـە پێش، چونکە لەمەودوا هەر دەریایەکی بهاتایە پێش، دەیتوانی بە ئاسانی بە چارۆکە سوورەکە بیپەڕێتەوە. کە، لە دەریاکە پەڕییەوە و گەیشتە کەناری ئەم بەر، ویستی نەختێ پشوو بدا، لەناو مێرگێکی گەورە و خۆش راکشا. هەستی بە برسێتی کرد. دەنگێکی لە ناخی ناخەوە هات، ئیلهامی دایە کە لەوانەیە دۆڵابەکە شتێکی تێدا بێ بە کەلک خواردن بێ. چەکمەزەی سەرەوەی دۆڵابەکەی کردەوە. چەند ماڵات و گیاندار و پەڕەوری جیا جیای ماڵی دەرپەڕینە دەرێ. وەکوو گا و ئەسپ و مەڕ و بزن و قاز و مریشک و مراوی. هەمووی بە رەوەو مێگەل، ئەوەندە زۆریش بوون نەدەهاتنە ژماردن. جۆن لە دڵی خۆی دا بیری کردەوە، گوتی:

– نەخێر، شتی وا بۆ من دەست نادا. من خواردنم نییە سکی خۆمی پێ تێر بکەم، ئالیک و دانی ئەم هەموو ران و رەوانە لە کوێ بێنم؟!

چەکمەزەی دووەمی کردەوە. ئەوەندەی سەرباز لێ هاتە دەرەوە لە ژمار نەدەهاتن. هەرچەندە ئەو سەربازانەی هاتبوونە دەرەوە سێیەکی ئەو سەربازانەش نەدەبوون کە لەناو دۆڵابەکە ما بوون، بەڵام دیسان ژمارەیان ئەوەندە زۆر بوو، ترسیان دەخستە دڵی خەڵک.

جۆن بیری کردەوە:

– ئەمانە دەمخەنە سەر ساجی عەلی.

چەکمەزەی سێیەمی کردەوە. پارەی زێڕی تێدا دەبریقایەوە. هەرچەندە لێت دەرهێنابا، هیچ کەمی نەدەکرد، بە پێچەوانەوە، زیادی دەکرد. بەو پارەیە خواردنی بۆ خۆی کڕی و تێر و پڕی خوارد و لە دڵی خۆی دا گوتی:

– کابرا، وەختی رۆیشتنم هاتووە. بەڵام چ لەو هەموو مێگەل و رەوە ماڵات و گیاندار و پەڕەور و لەم هەموو سەربازانە بکەم؟ لێرە جێیان بێڵم؟! لەوە زیاتر هیچ چارەم نییە!

ئاخر نازانم چۆن دووباره جادوویان لێ بکەم و بیانبەمەوە ناو دۆڵابەکە!؟

هیچی پێ بە هیچ نەکرا. دەستەپاچە دانیشت. لە خۆی غەمبار و نائومێدتر نەبوو. داڵغەی لێدا بوو. لەپڕ کابرایەکی کەتەی وەک کەرتە چیایەک و رەشی وەک خەڵووزی لێ پەیدا بوو. ئەم کابرایە (ئاسنبەزێن) بوو. بە جۆنی گوت:

– دەتەوێ ماڵات و رەوە گیاندار و سەربازەکان بخەیتەوە ناو دۆڵابەکە، وانییە؟

– هەڵبەت... هەڵبەت! بەڵام ئایا تۆ دەزانی ئەمانە چۆن دەگەڕێنەوە ناو دۆڵابەکە؟

– ئەی چۆن، بێ شک دەزانم. هەر بۆ ئەوەش هاتووم. من ئەم ئیشەت بۆ دەکەم بەڵام تۆش دەبێ بە ئازیزترین شتت سوێندم بۆ بخۆی، هەرگیز زەماوەند لەگەڵ کچی پاشا نەکەیت.

جۆن پڕ بە دڵ سوێندی بۆ خوارد، چونکە هەر بیریشی لە ژن هێنان نەدەکردەوە. ئەوسا (ئاسنبەزێن) بە راکردن بە ناو مێگەل و رەوە ماڵات و پەڕەوەر و سەربازەکان دا گەڕا و دەنگی دانز هەموو گەڕانەوە ناو دۆڵابەکە.

ئینجا هەریەکەیان چووە رێی خۆی. کابرا لە جۆنی دووبارەکردەوە:

– ئەو بەڵێنەی پێت داوم، هەرگیز لەبیری نەکەی. ئەمڕۆ سوێندت لەسەر خواردووە. ئەگەر بەڵێنەکەت بشکێنێ، لە هەر کوێ بتگەمێ پارچە پارچەت دەکەم.

جۆن گەڕایەوە لای دایکی و دۆڵابەکەی نیشان دا. دایکە گاڵتەی پێ کرد و گوتی من قەت دەست لەو شتە بێ کەلکە نادەم. دۆڵابێکم بۆ چییە نەتوانم شتی تێدا هەڵبگرم. جۆن داوای لە دایکی کرد هەر ئێستا بچێ چەند شوان و گاوان و رەوەوانێک بەکرێ بگرێ، چونکە ئەو دۆڵابە پڕە لە مەڕ و ماڵات و گیاندار و پەڕەوەر. دایکی بە قسەی نەکرد. بەڵام جۆن زۆری بە بەرداکەوت و لێی پاڕایەوە تا رازی کرد. بەڵام خەڵکەکە گاڵتەیان پێ دەکرد، دەیانگوت: کوا، ئەوەندەت پارەت هێناوە کرێی شوان و گاوان و رەوەوانی لێ بدەی؟ جۆن، کە ئەمەی بیست، چەکمەزەی دووەمی کردەوە و باخەڵی دایکی پڕ پارە کرد بۆ ئەوەی کرێی ئەو شتانەی لێ بدا. بەڵام خەڵکەکە زیاتر تیزیان پێ کرد، دەیانگوت: تۆ کە پەز و ئاژەڵ و پەڕەورت نییە، شوان و گاوان و رەوەوانت بۆ چییە؟ دایکە کاتی خۆی دوو (گا)ی هەبوو، هەردووکیان خوران.

دایکە گەڕایەوە لای کوڕەکەی و گوتی هیچم لەدەست نایە، جۆن پێی گوت:

– شتەکە ئەوەندە گرنگ نییە. ئەگەر ناچار نەبوومایە خۆم دەچوومە بەر ئەم مەڕ و ماڵات و گیاندار و پەڕەورە.

ئەوسا مەڕ و مالات و ئاژەڵ و پەڕەوورەکانی لەناو دۆڵابەکە دەرهێنا. هەموو بەو دەشت و ئاقارە وەربوون و دونیایان داگرت. بەڵام پێویستیان بە شوان و گاوان و ڕەوەوانی خەڵک نەبوو. هەر رانەمەڕە و شوانی خۆی و هەر گاڕانەو گاوانی خۆی و هەر ڕەوە ولاغی بەرزە و ڕەوەوانی خۆی و هەر ڕەوە پەڕەوورە و دارەوانی خۆی لەگەڵدا بوو. هەمووشیان بە دڵسۆزییەوە دەیانلەوەڕاندن. دیمەنێکی ئەوەندە جوانیان هەبوو، هەر زێنەت بوو تەماشایان بکەی. ئەو مەڕ و مالات و ئاژەڵ و پەڕەوورە هەموو لە پاوانەکانی پاشا دەلەوەڕان و وردە وردە قەڵەو دەبوون.

ڕۆژێکیان، کە دایکی جۆن چووە کۆشکی پاشا بۆ ئەوەی ئیش و کاری چێشتخانە بکا، پاشا خۆی لێ تووڕە کرد، لێی پرسی داخۆ ئەم مەڕ و مالات و دەوڵەتە، ئەم هەموو ئاژەڵ و پەڕەوورە هی کوڕەکەی ئەوە! ئاخیری گوتی:

- مادام کوڕەکەت ئاغایەکی وا بە دەسەلاتە، دەبێ خۆی ئامادە بکا سبەینێ لەگەڵ حەفت پەل سەربازی من شەڕ بکا.

دایکە بە کز و مەلوولی گەڕایەوە ماڵێ. کوڕەکەی پێی گوت:

- دایکە، نیگەران مەبە! ئەگەر پاشا حەفت پەل سەربازی هەبێ، من حەفتا و حەفتم هەیە.

سبەینێ جۆن داوای لە سەربازەکانی کرد خۆیان بۆ مەیدانی شەڕ ئامادە بکەن و لە یەکێکی پرسی:

- چەندتان بەسە بۆ تێک شکاندنی حەفت پەل سەربازی پاشا؟

سەربازێکی ئازا، کە پشتی کووڕ ببووەوە، بەڵام چوست و چالاک بوو، هاواری کرد و گوتی: من بە تاقی تەنێ دەرەقەتی هەر هەموویان دێم.

ئەو پیرەمێردە پشت کووڕە، لە کاتی شەڕا هەموو سەربازەکانی پاشای بە پەنجە تووتە تار و مار کرد. پاشا زۆر تووڕە بوو. فەرمانی دا حەفت پەل سەربازی تر بێ، بەڵام کابرای پشت کۆم دوو سێ جار پەلی سەرباز هاتن و بەسەریاندا زاڵ بوو تا سوپای پاشا یەک سەربازی تێدا نەما.

جۆن قسەی گۆڕا و هەڵس وکەوتی بوو بە شتێکی تر. خەبەری بۆ پاشا نارد و گوتی:

- ئەگەر کچی خۆتم نەدەیتێ، دەبێ بچێ لەگەڵ دایکی من لە چێشتخانە ئیش بکا.

هەر لەو کاتەدا، کۆشکێکی بۆ خۆی دروست کرد و جل و بەرگێکی پۆشتە و

پەرداخی کرپی. کە پاشا بەمەی زانی، پەیمانی دا کچی خۆی بداتێ و بڕوای هێنا کە باشتر ئەوەیە کچەکەی شوو بەو بکا نەک بچێ لە چێشتخانە ئیش بکا.

جۆن سواری عارەبانەیەکی بە تەنتە بوو بۆ ئەوەی بچێ ئاهەنگی زەماوەند بگێڕێ، بەڵام (ئاسنبەزێن) وەکوو پەنگەستێرە لە ئاسمان داڕژایە خوارێ و پەلاماری دا. جۆن دۆڵابەکەی لەبەر دەست نەبوو بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکا. ئیدی لە سواری عارەبانەکە بازی دایە خوارێ و تا هێزی لە لنگان دابوو قوچاندی و هەڵات. (ئاسنبەزێن) هەر پێی پێدەکەنی و هاواری دەکرد:

- راکە... راکە! من وەختم زۆر بە دەستەوەیە بۆ ئەوەی سەربازەکان لەناو دۆڵابەکە دەربێنم و شازادە خانم ببەمە هەر شوێنێ کە خۆم دەمەوێ. زۆر بە شێنەییش! کە ئەمانەم کرد، ئەوسا دەکەومە شوێن تۆ.

جۆن تا هەناسە بڕکەی پێ کەوت هەر رایکرد. رایکرد تا گەیشتە کووخێک. ژنێکی جادووکەری تێدابوو. لە دەرگای دا و چووە ژوورەوە و سەلامی کرد:

- دایکی باش و میهرەبان، بەیانیت باش!

- بەیانیت باش، کوڕم. دەزانم تۆ رات کردووە، بەڵام گوێ مەدەرێ و هیچ ترست نەبێ. دانیشە ئەم شۆربایە و ئەم گۆشتە بخۆ و ئەم شەرابە بخۆرەوە. ئەمەش سەگە (چاوتیژ) ە کەمە. (ئاسنبەزێن) سێ قۆناغ مابێ بگاتە ئێرە، بۆ جاری یەکەم دەوەڕێ. کە دوو قۆناغ ما بگاتە ئێرە بۆ جاری دووەم دەوەڕێ و کە تەنیا یەک قۆناغ ما بگاتە ئێرە بۆ جاری سێیەم دەوەڕێ. ئەوسا کاتی ئەوەیە کە تۆ لە خەو بە ئاگا بێی.

جۆن دەستی بە خواردن و خواردنەوە کرد و پاشان نووست. کە سەگەکە بۆ جاری سێیەم وەڕی، پیرەژن بە ئاگای هێنا و پارچە پەنیرێکی شیری بزنی لە گیرفانی نا و پێی گوت زوو بڕۆ!

جۆن رایکرد و هەڵات. رانەوەستا تا گەیشتە کووخێکی تر هێنکە بڕ بوو. ئەو کووخەش پیرەژنێکی جادووکەری تێدا بوو. لە دەرگای دا و چووە ژوورەوە و سەلامی کرد:

- بەیانی باش، دایکی ئازیزم!

- بەیانی باش، کوڕم! دەزانم تۆ رات کردووە. بەڵام گوێ مەدەرێ و هیچ ترست نەبێ. دانیشە ئەم شۆربایە و ئەم گۆشتە بخۆ و ئەم شەرابە بخۆوە. ئەمەش سەگە (گوێ سووک)ـەکەمە: (ئاسنبەزێن) سێ قۆناغ مابێ بگاتە ئێرە، بۆ جاری یەکەم دەوەڕێ، کە دوو قۆناغ ما بگاتە ئێرە بۆ جاری دووەم دەوەڕێ و کە تەنیا یەک قۆناغ ما بگاتە ئێرە

بۆ جاری سێیەم دەوەڕێ. ئەوسا کاتی ئەوەیە کە تۆ لە خەو بە ئاگا بێی.

جۆن دەستی بە خواردن و خواردنەوە کرد و پاشان نووست. کە سەگەکە بۆ جاری سێیەم وەڕی، پیرەژن بە ئاگای هێنا و پارچە پەنیرێکی شیری بزنی لە گیرفانی نا و پێی گوت زوو بڕۆ.

جۆن رایکرد و هەڵات تا گەیشتە کووخی سێیەم. ئەو کووخەش پیرەژنێکی جادووکەری تێدا بوو. لە دەرگای دا و سەلامی کرد و گوتی:

– بەیانی باش، دایکی باش و میهرەبان.

– بەیانی باش، کوڕم! دەزانم تۆ رات کردووە. بەڵام گوێ مەدەرێ و هیچ ترست نەبێ. دانیشە، ئەم شۆربایە و ئەم گۆشتە بخۆ و ئەم شەرابە بخۆرەوە. ئەمەش (سوڵتان)ی سەگمە: (ئاسنبەزێن) سێ قۆناغ ما بێ بگاتە ئێرە، بۆ جاری یەکەم دەوەڕێ، کە دوو قۆناغ ما بگاتە ئێرە بۆ جاری دووەم دەوەڕێ و کە تەنیا یەک قۆناغ ما بگاتە ئێرە بۆ جاری سێیەم دەوەڕێ. ئەوسا کاتی ئەوەیە کە تۆ لە خەو بە ئاگا بێی.

جۆن دەستی بە خواردن و خواردنەوە کرد، پاشان نووست. کە سەگەکە بۆ جاری سێیەم وەڕی، پیرەژن بە ئاگای هێنا و پارچە پەنیرێکی شیری بزنی لە گیرفانی نا و پێی گوت زوو بڕوا.

جۆن رایکرد تا گەیشتە دەریالووشێک. (ئاسنبەزێن) بە دوایەوە بوو. هێندەی نەمابوو بیگرێ، بەڵام جۆن بەردەوام چارۆکە سوورەکەی پێ بوو، لە پشتی خۆی بەستبوو. چارۆکەکەی لەپشت کردەوە و لەسەر ئاوی دەریا پانی کردەوە و چووە سەری، چارۆکەکە هەڵیگرت و بردییە کەناری ئەوبەر، بەڵام (ئاسنبەزێن) ئەو توانایەی نەبوو مل بە دەریاوە بنێ و بیگاتێ. لە کەناری دەریا دانیشت و چاوەڕێی کرد.

جۆن کە پەڕییەوە ئەوبەر، شل و شەکەت ببوو. راکشا و سێ شەو و سێ رۆژ لەسەر یەک نووست. رۆژی سێیەم، کە چاوی هەڵێنا، لەزگ بوو لە ترسان زیلکی بڕژێ. سێ سەگی زلی وەک (گا) لە هەردوولاوە پاڵیان پێوە دابوو، بەجۆرێ کە نەیدەتوانی جوولە بکا. ویستی پارچە پەنیرەکان لە گیرفانی دەربێنێ و فڕێیان داتە بەر سەگەکان بۆ ئەوەی لێی بکشێنەوە، بەڵام سەیری کرد پارچە پەنیرەکان نەماون. پارچە پەنیرەکان ورد ببوون و ببوون بەم سەگانە کە: (چاوتیژ) و (گوێ سووک) و (سوڵتان)، ژنە جادووکەرەکە بە گەڵی دابوون بۆ ئەوەی لە رێگا پارێزگاری لێ بکەن.

کە سەگەکان دیتیان جۆن لە خەو هەستا، کلکیان بادا و خۆیان لێ هەڵسوی. ئەوسا

جۆن زانی ئەمانە ئەزیەتی نادەن. جۆن دەستی بە رۆیشتن کردەوە، سەگەکان پێ بە پێ لەگەڵی دەڕۆیشتن و یەک موو لێی جیا نەدەبوونەوە.

دوای ماوەیەکی کەم، جۆن بەخۆ و بە سەگەکان گەیشتە کۆشکێک، تەنیا یەک تاقە کچی تێدا بوو. جۆن بوو بە خزمەتکاری کچەکە، چونکە کچەکە کەسی نەبوو کۆشک و دارستانەکانی دەوروبەری کۆشکی بۆ بپارێزێ.

جۆن هەموو رۆژێ لەگەڵ سەگەکانی دەچووە راو و تا شەو نەدەهاتەوە، ئەویش بۆ پاسەوانی دەهاتەوە. کەچی کچەکە دەچووە سەر کەناری دەریا و لە ئاسۆی دوور رادەما و چاوەڕێی دەکرد ئاسنبەزێن بە سواری چارۆکەی سووربێتەوە و جۆن بگرێ و پارچە پارچەی بکا. ئەمە ئەو شازادە خانمە بوو کە کاتی خۆی جۆن ویستی زەماوەندی لەگەڵ بکا و ئاسنبەزێن لەگەڵ دۆڵابەکە و سەربازەکان هێنابوویە ئەم کۆشکە، بەڵام نە شازادە خانم جۆنی دەناسییەوە و نە جۆنیش شازادە خانمی دەناسییەوە.

ئاخیری، (ئاسنبەزێن) لە کەناری ئەوبەری دەریاوە شازادەخانمی بینی و قسەی لەگەڵ کرد. شازادە خانم ناسییەوە و وەڵامی دایەوە. بەبێ ئەرک و ماندووبوون باسی مەسەلەی جۆنیان کرد و تەگبیرییان کرد چ بکەن. بەڵام جۆن ئاگای لە هیچ نەبوو. ئێوارێ وەکوو جاران هاتەوە. نانی خوارد و بەناو کۆشک دا گەڕا و کە هیچ شتی بەرشکی نەدی، چووە ژووری خۆی و وەکوو جورجە کوێرە خەوی لێ کەوت. ئەوسا کچە، بەبێ هەست و خوست، لەسەر پەنجەی پێ لێی چووە ژوورەوە و زۆر بە وریایی چارۆکە سوورەکەی راکێشا و چارۆکەیەکی وەکوو ئەوی لە جێی دانا. یەکسەر لەناو کۆشک هاتە دەرێ و بە هەلەداوان خۆی گەیاندە کەناری دەریا. بە چارۆکەکە لە دەریا پەڕییەوە کەناری ئەوبەر و ئاسنبەزێنی لەگەڵ خۆی هێنا و هاتەوە ناو کۆشک و ژووری جۆن و شتەکانی پێشان دا کە سەگەکان پاسەوانییان دەکرد بۆ ئەوەی بزانێ چ بکا تا سەگەکان هەستی پێ نەکەن.

ئاسنبەزێن قۆرتێکی لەبن دەرگای ژوورەکە لێدا و خۆی تێدا شاردەوە و چاوەڕێی کرد. ئێوارێ، کە جۆن لە ڕاو هاتەوە، سەگی چاو تیژ هاتە پیشوازی و هەر هێندە بوو ئیتر بزر بوو. جۆن سەری لەم کارە سوڕما. چونکە ئەو سێ سەگە قەت لێی جودا نەدەبوونەوە. پاش نەختێ، دیتی (چاوتیژ) وا لە بن دەرگا راکشاوە. واتە لەسەر ئاسنبەزێن وەر کەوتبوو. کە جۆن وایدەزانی هەر وا لە کەناری ئەوبەری دەریایە.

ئێوارێ، جۆن ئەوەندەی بانگی چاوتیژی کرد بۆ خواردن بێ، نەهات. دوو سەگەکەی

تر مڕ و هۆڕیان بوو له دەوری خواردن بەڵام چاوتیژ، بە درێژایی شەو لە جێی خۆی نەجوولایەوە.

شەوی پاشی، ئاسنبەزێن قۆرتێكی لەبن ئاگردان لێدا و خۆی تێدا شاردەوە. ئەوجارە (گوێ سووك) چوو لەسەر قۆرتەكە وەركەوت. كە جۆن هاتەوە و بانگی گوێ سووكی كرد بۆ خواردن، گوێ سووك بە لێدانیش نەهات. ئەم حەیوانە دڵسۆز و وەفادارە تا سبەینێ لە جێی خۆی نەبزووت. ئاسنبەزێن دڵنیا بوو ئەگەر بیەوێ بە ئامانجی خۆی بگا، دەبێ بە جۆرێكی تر بجوولێتەوە.

بۆ ئەمەش لەگەڵ شازادە خانم تەگبیریان كرد. شازادە خانم جۆنی ئیقناع كرد مادام سەگەكانی خواردن ناخۆن و لە جێی خۆیان ناجوولێنەوە، دیارە نەساخن. پێویستە لەناو كۆشك جێیان بێڵێ، با بۆ رۆژێكیش بێ، بۆ ئەوەی بحەسێنەوە و بەڵێنیشی دا كە زۆر بە باشی چاوەدێرییان بكا. جۆن ئەم فێڵەی بە سەردا تێپەڕی. سەگەكانی بە زنجیر لە ژوورێك بەستەوە و دەرگای ژوورەكەی قوفڵ دا بۆ ئەوەی بە دووی دا نەچن. سەگەكان زۆر كز و غەمبار بوون. ئەو كاتەی كە جۆن بە تاقی تەنێ لەناو لێڕ دەگەڕا، ئاسنبەزێن چوو بۆ ئەوەی سێ قوفڵ لە دەرگای ژوورەكە بدا بۆ ئەوەی سەگەكان نەیەنە دەرێ. جۆن بە درێژایی ئەو رۆژە وێڵ و سەرگەردان بەناو لێڕدا دەسووڕایەوە، هیچ نێچیری پێ راو نەكرا. تەنیا یەك مشكی بچووكی بینی لە بەینی قاچەكانی دەهات و دەچوو. ویستی پێلەقەیەكی لێ بدا و دووری بخاتەوە. مشكەكە پێی گوت:

– هێواش جۆن، وا مەكە... وا مەكە! تۆ نازانی سوێندەكەت بە چەند لەسەرت وەستاوە؟ بەڵێ... ئەگەر وریا نەبیت، بە زیاتریش لەسەر دەوەستێ. سەگەكانی تۆیان لە ژوورەوە بەند كردووە. ئاسنبەزێن خەریكە سێ قوفڵ لە دەرگای ژوورەكە دەدا. كە لە ئیشەكەی بووەوە، بە پڕتاوی بۆت دێ و پەل پەلت دەكا. خێرا بگەڕێوە تا دەرگای ژوورەكەی تەواو قوفڵ نەداوە. ئەگەر درەنگ گەیشتیتەوە جێ، بەسەر ئەو درەختەی نزیك زۆنگاوەكە هەڵگەڕێ. ئەگەر ئاسنبەزێن هات و ویستی بەرەو كۆشك راتبكێشێ، ئەو جلانەی دەتوانی دەستبەرداریان بێ. یەك یەك تێی گرە، ئەوسا بزانە چ دەبێ.

جۆن بە گوێی مشكەكەی كرد. زۆر بە پەلە گەڕایەوە. بەڵام بەرلەوەی بگاتەوە كۆشك، ئاسنبەزێن قوفڵی سێیەمیشی داخست. جۆن بەسەر درەختەكەدا هەڵگەڕا. ئاسنبەزێن لەناو كۆشك هاتە دەرێ و وەكوو شێت نەڕاندی:

– وەرە خوارێ نەوەك پارچە پارچەت دەكەم، بەخۆت و بە درەختەكەش!

جۆن شەپقەکەی لەسەر کردەوە و تێی گرت. ئاسنبەزێن یەکسەر شەپقەکەی جیڕ بە جیڕ کرد. ئاسنبەزێن هەر هاواری دەکرد و ئەویش هەر جلەکانی پارچە لە دوای پارچە تێ دەگرت، تا هیچی لەبەردا نەما. ئاسنبەزێن هەموو جلەکانی جۆنی دڕاند و یەک داو و زیواری نەهێشت.

کە جۆن هیچی نەما تێی بگرێ، ئاسنبەزێن پەلاماری درەختەکەی دا و ویستی سەراوێژی بکا. لەو کاتەدا، سەگی چاوتیژ خۆی لە زنجیر رزگار کرد و دەرگای شکاند و قوفڵەکانی پساند و بە راکردن هات و پەلاماری ئاسنبەزێنی دا، بەڵام ئاسنبەزێن زۆر بە ئاسانی خستی و لەناوی برد.

ئاسنبەزێن کەوتەوە ویزەی درەختەکە. زۆر بە توندی رایهەژاند بۆ ئەوەی جۆن بەربداتەوە. بەڵام سەگی گوێ سووک زنجیری پساند و هات لەگەڵ ئاسنبەزێن کەوتە شەڕە نیخ. ئاسنبەزێن ئەویشی لە عەردی دا و کوشتی.

ئاسنبەزێن بۆ جاری سێیەم کەوتە گیانی درەختەکە، خەریک بوو لە رەگ و ریشەوە دەری بکێشێ، کە (سوڵتان) زنجیری پساند و هات. دانە رۆژێک لەگەڵ ئاسنبەزێن شەڕی کرد. ئاخیری ئاسنبەزێنی بەزاند و کوشتی. ئاسنبەزێن تەنیا قۆپەنە خۆڵێکی لێ مایەوە، بەڵام ئەو قۆپەنە خۆڵە هەر گەورە بوو و گەورە بوو تا بوو بە چیایەک و هەموو ناوەوەی ئاسنی خوڕ و ساف بوو. لەو کاتەوە ئەو چیایە ناوی بوو بە (چیای ئاسن) و ئێستاش لەگەڵ دا بێ خەڵک دەچن ئاسنی لێ دەردێنن.

(سوڵتان)یش لەو نسکۆیە هەستایەوە. دوو براکەی زیندوو کردەوە. هەرسێکیان چوون شازادەخانم بە سزای خۆی بگەیەنن. چونکە خیانەتی لەگەڵ جۆن کردبوو. شازادەخانمیان پارچە پارچە کرد. ئەوسا هەر سێ سەگەکە بوون بە پیاو. جۆنیش دۆڵابەکەی خۆی لەناو کۆشک دیتەوە. مەڕ و ماڵات و ئاژەڵ و پەڕەورەکانی ناوی بەردا و سەربازەکانی ئازاد کرد. هیچ ترسێکی لەبەردەم نەما. چی پارە و پوولی پێ دەویست دەری هێنا و بوو بە یەکێ لە دەوڵەمەندە هەرە گەورەکان.

ئینجا لە دوو دایکی نارد. کچێکی جوانی خواست و گواستییەوە. ئەو دەشت و دارستانە خوێنی تێدا گەڕا و هەموو عالەم کەوتە شادی و خۆشی و وڵات بوو بە هەرزانی و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی.

❊ ❊ ❊

# ١٨ـ سێ کۆتر



دەگێڕنەوە دەڵێن :

کچێکی سێوی و بەدبەخت دایکی عەمری خوای کرد و لە دونیادا تەنیا باوکی بۆ مایەوە . خۆتان دەزانن باوک هەرچەندە باشیش بێ، کچێ دایکی بمرێ بەڕاستی هەتیو دەکەوێ. ئەو کچە کچێکی باش و میهرەبان بوو، جگە لەوەش جوان وەک گزنگی بەیان، شیرین وەک هەنگوینی شاخان، هێمن وەک شەو، ئیشکەر وەک هەنگ وا بوو. هەموو ئیشی ماڵەوەی دەکرد. هەر ئیشێکی پێی بکرایە دەیکرد، باوکی بەردەوام پێی دەگوت:

– کچی ئازیزم... من نامەوێ تۆ بەم جۆرە تەمەنی گەنجیت بە هەدەر بدەی. وا چاکە من ژنێک بێنم بۆ ئەوەی ئێوە لە ماڵەوە ببن بە دوو کەس و تۆش ئەرکی سەرشانت سووک ببێ.

کچە هەرگیز دژی قسەی باوکی نەدەوەستا، چونکە پێی خۆش بوو دایکێکی تری هەبێ. ئەوەبوو باوکە بێوەژنێکی هێنا کچێکی هاوزێی کچێ کابرای هەبوو، بەڵام وەکوو ئەو باش و ئیشکەر نەبوو. باوەژن تەنیا بایەخی بە کچی خۆی دەدا. تا بۆی بکرایە خواستەکانی دەهێنایە دی و نازی هەڵدەگرت، بە پێچەوانەوە لەگەڵ کچە سێوی و بەخت رەشەکە، پیس و دڵڕەش بوو.

ئای لەو کچۆڵە هەتیو و بەدبەختە! تا باوەژن نەهاتە ئەو ماڵە، نەیدەزانی ئیش کردن و رەتانی راستەقینە چییە! بەڵام لەو کاتەوە کە زڕدایکی بۆ پەیدا بوو، دەبوایە نەک هەر هەموو ئیش و کاری ماڵەوە راپەڕێنێ، بەڵکو دەبوایە خزمەتی باوەژن و کچەکەیشی بکا . بە درێژایی رۆژانی حەفتە، تەنانەت رۆژانی یەک شەممەش هەر ئیشی دەکرد. راحەت و هەدادانی نەبوو.

ئەو دایک و کچە زۆر بە رەقی و بە خراپی لەگەڵ ئەو کچۆڵە بەسەزمانە دەجوولانەوە . کچە هەقی نەبوو گوێی لە قسەیەکی خۆش بێ، هەقی نەبوو لەگەڵ ئەوانی دی لەسەر سفرەی خواردن دابنیشێ. دەبوایە بچێ لەبەر ئاگردان دابنیشێ و چاوەڕێ بکا تا ئەوان لە خواردن دەبنەوە، ئەوسا بەرماوەی ئەوان بخوا. لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە کڕ و هێمن و لەسەرخۆ بوو. لە ماڵ و لە سەر شینایی سەختترین و ناخۆشترین ئیشی دەکرد، سەرەڕای ئەمەش بە جلە شڕ و وڕەکانی سەد جار لە کچە نازیمۆکەکەی باوەژنی جوانتر

بوو.

جارێکیان، باوکە ویستی بچێتە بازاڕی بازرگانی وەرزی. ژنەکە داوای لێکرد بێ ژمار شتی بۆ بێنێ، گوتی:

– فلان شت و فلان شتم بۆ بکڕە... کچەکەشم پێڵاو و جلی حەریر و قەیتان و کولیچە بە هەنگوینی دەوێ.

کابرا بە سەبر و حەوسەڵە گوێی لە ژماردنی ئەم هەموو شتانە گرت، ئینجا ئاوڕی لەلای ئاگردان دایەوە، کە کچە بەدبەختەکەی بە جلی شڕ و وڕی، خۆی لەوێ گرمۆڵە کردبوو لێی پرسی:

– کچم، ئەی تۆ چت دەوێ؟ چت بۆ بکڕم.

باوەژن ماوەی نەدا کچەکە وەڵامی بداتەوە. هەڵیدایێ و گوتی: ئەو پێویستی بە هیچ نییە، لە هیچ شتێکی کەم نییە. ئەو هەر لەناو مدبەق و تەویلە ئیش دەکا. پێویستی بە جلی جوان و خۆ خەملاندن نییە.

کابرا راوەستا تا ژنەکەی قسەکەی تەواو کرد، ئەوسا دووبارە بە کچەکەی گوت:

– باشە... کچم! بە باوکی خۆت بڵێ، حەز دەکەی چت بۆ بێنم.

کچە، زۆر بە نەرم و هێمنی، بە چرپە گوتی:

– باوکی ئازیزم، هەرچی دەتەوێ بۆم بێنە. خۆت دەزانی چ شتێکی بێ نرخ لەمن دەوەشێـەوە.

باوکە چووە بازاڕ. ژنەکەی، داوای هەرچییەکی کردبوو، بۆی کڕی بەڵام هیچ شتی بۆ کچەکەی خۆی نەکڕی. هاتەوە، هەر بیری دەکردەوە داخۆ هیچ شتی لەبیر نەکردووە. لە لێڕێکی چڕ، لەناو دۆڵێک، بە باریکەڕێیەکدا دەڕۆیشت، ئەوەندە لە بیرکردنەوەدا نقووم ببوو، ئاگای لە بەردەمی خۆی نەبوو، خۆی بە قۆپەنە فستقێک دادا. لەو قۆپەنە فستقە سێ دنکی هەڵگرت. دنکی زۆر جوان و رێک بوون دەتگوت لە بۆتەی مۆم هەڵکێشراون. لە دڵی خۆیدا گوتی:

– ئۆی، بەخوا شتی چاک بوو! ئەم دنکە فستقانە بۆ کچەکەم دەبەمەوە. کە گەیشتەوە ماڵێ، شتەکانی کڕی بووی دابەشی کردن، بەڵام هیچیان بە قەدەر کچە سێوییەکەی خۆی کەیفی بە دیارییەکەی نەهات. دنکە فستقەکانی وەکوو دانەمرواری هەڵگرت و دەستی بە ئیش و کاری خۆی کردەوە.

رۆژی یەک شەممە داهات... کچە ماڵی هەڵبژارد و لەبەر ئاگردان دانیشت، کە زەنگی

کەنیسە بۆ جاری دووەم لێیدا و بانگی ئیماندارەکانی کرد بچنە کەنیسە، خۆی ڕێکخست بۆ ئەوەی بچێتە کەنیسە. باوەژن بە توند و تیژی پێی گوت:

– هەی تەوەزەلی چەتوون، دەتەوێ ئەم ماڵە بێ چاودێر و بێ خودان جێ بێڵین؟ جگە لەوەش ما تۆ ئیشت نەماوە بیکەی؟

ژنە بە هەڵەداوان چووە دەرەوە. هاتەوە تەبەقێکی پڕ نیسک و نۆکی پێ بوو، نیسک و نۆکەکە تێکەڵ کرابوون، قیژاندی:

– بگرە... ها ئەم نیسک و نۆکە بگرە! تا ئێمە لە کەنیسە دێینەوە دەبێ هەمووی لێک جیا بکەیتەوە.

ئەوان چوونە نوێژ و کچۆڵەی سێوی و بەخت ڕەش بەتاقی تەنێ لە ماڵەوە مایەوە. هەر ئیشی کرد و ئیشی کرد، ئاخیری لە پرمەی گریانی دا و دەستی بە ئاخ و ئۆف و هەنسک دان کرد:

– ئای دایکە گیان! بۆچی بە تەنیا ڕۆیشتیت و منیشت لەگەڵ خۆت نەبرد. بێ شک بارودۆخەکە لە ئاسمان باشترە. ئای لە خۆمی! ئای لە خۆم بەدبەخت و هەش بەسەرێ!! دنکە فستەقەکانی لە گیرفانی پێک کەوتن و دەنگیان لێوەهات. بەم دەنگە فستقەکانی بە بیر هاتەوە. دەری هێنان و لە بەردەمی خۆی دانان. دیمەنی فستقەکانی زۆر پێ جوان بوو، چونکە باوکیان بیر دەخستەوە کە لەو دونیایەدا هەر ئەوەندەی ما بوو. خەریکی ئیش کردن بوو، گوێی لێ بوو یەکێ لە پەنجەرەی دا. بە دڵی پڕ خەم و کەسەر چاوی هەڵبڕی، سێ کۆتری بینی لەسەر لێوی پەنجەرە هەڵنیشتبوون، دەنووکیان لە مینای پەنجەرەکە دەدا. کچەکە گوتی:

– ئای تەیرینە، ئێوە چەند بەسەزمانن! بێگومان دیارە دەتانەوێ بێنە ژوورەوە و دڵێ کچۆڵەیەکی فرێدراوی وەکوو من نەختێ خۆش بکەن.

پەنجەرەکەی کردەوە. کۆترەکان لێیان پرسی:

– کچۆڵەی ئازیز! ئەوە چ دەکەی؟

کچەکە وەڵامی دایەوە:

ئەوان هەموو ڕۆیشتن و هەر من مامەوە. وەڕس بووم لەم ئیشە.

یەکێ لە کۆترەکان پێی گوت:

– وەڕس مەبە! و خەم مەخۆ کچە بچکۆڵەکەم! وەرە واز لەم ئیشە بێنە.

دەنووکی بچووکی لە یەکێ لە فستقەکان دا و کردییەوە. دەستە بەرگێکی حەریری سپی

وەک بەفری لەناو دەرهێنا و گوتی:

– فەرموو ئەم دەستە بەرگە لەبەر کە و بڕۆ کەنیسە. تا دێیتەوە، ئێمە ئیشەکەت لەباتی دەکەین. بەڵام... کە قەشە گوتی (ئامین!) تۆ خۆت تاخیر مەکە، خێرا پێش ئەوانی دی وەرە دەرەوە و یەکسەر وەرەوە ماڵێ و جلت بگۆڕە.

کچەکە لە خەنی خۆشییان هەر وەخت بوو شێت بێ. جلە جوانەکەی کردەبەر، ئەوەندە جوان بوو دەتگوت گوڵە مێلاقەیە... چووە کەنیسە و لەسەر یەکەم کورسی بەتاڵ دانیشت. هەموو خەڵکەکە ئاوڕیان لێدایەوە. تەنانەت شازادەیش، کە لەوێ بوو، هەرگیز چاوی لەسەر لانەدەبرد. کچەی زۆر کەوتە بەر دڵ و بەوی با تا ئێوارێ نوێژ تەواو نەبێ، بەڵام کچە هیچ ئاوڕی لە راستە و چەپەی نەدایەوە. بەوردی گوێی دایە ویرد و ئامۆژگارییەکان تا قەشە لێ بووەوە و بە وشەی (ئامین) کۆتایی پێ هێنا. ئەوسا لەسەر کورسییەکەی هەستا و لە کەنیسە هاتە دەرەوە و بە هەلەداوان گەڕایەوە ماڵێ. لەوێ جلە حەریرە سپییەکەی داکەند و لەناو کیفی فستقەکەی نایەوە و دنکە فستقەکەی هەڵگرت. باوەژن و کچەکەی هاتنەوە. دیتیان نیسک و نۆکەکە زۆر بە وردی لێک جودا کراونەتەوە. پێیان ناخۆش بوو چونکە دەرفەتیان بۆ نەڕەخسا جوێن بە کچەکە بدەن و سووکایەتی پێ بکەن. ئیتر بەو جۆرە لێی گەڕان، بەڵام باوەژن دەستی بە هات و چۆ کرد، هەر ئاخ و ئۆفی بوو:

– ئای چەند پیس و جل شڕی. ئەگەر لەگەڵ ئێمە هاتبای بۆ کەنیسە ئەمڕۆ ئەو کچە جوانەت دەدی، بەڵام تۆ پیس و پڵۆخی، جێگات هەر بەر ئاگردانە.

– منیش ئەو کچە جوانەم دی کە تۆ باسی دەکەی. بە بەر ماڵمان دا تێپەڕی.

– چۆن؟

– چوومە سەر بیرێ ئاو بینم.

– بیر؟ ئێ ئێ باشە! مانای وایە چوویتە ئەوێ و لەوێ بە کەودەنی و بێ چاوڕوویی تەماشای هات و چووی خەڵکت کردووە؟!

ئینجا رووی کردە مێردەکەی:

– تۆ، پیرەمێرد، گوێت لێ بێ. ئەو چەترەی بیر نابێ لەوێ بمێنێ، نەوەک ئەم کچە تەپ و تەوەزەلە دەچێ لەوێ دادەنیشێ و کاتی بە نرخی خۆی بە بێ ئیشی بە هەدەر دەدا.

کابرای بەسەزمان چاری ناچار بوو بە قسەی کرد و چەترەکەی تێک دا، نەوەکوو تووشی بەڵایەکی خراپ دەهات.

لەو کاتەدا، شازادە خەریک بوو بەدوای کچەکەدا دەگەڕا، لە خەڵکەکەی دەپرسی داخۆ نەیاندیوە و نایناسن. پێی سەیر بوو چۆن بەو جۆرە هات و بزر بوو.
یەکێ پێی گوت:
– دیم چووە ئەو ماڵەی بیر و چەترێکی جوانیان لە حەوشەیە.
شازادە یەکێکی نارد ماڵەکە بپشکنێ، بەڵام وەکوو دەزانین چەترەکە تێک درابوو، بۆیە شازادە کچەکەی پێ نەدۆزرایەوە.
بۆ یەکشەممەی پاشی، کچۆڵە باشەکە دیسان لەبەر ئاگردان دانیشتبوو، جلە شڕ و وڕەکانی خۆی لەبەر بوو، ویستی خۆی ئامادە بکا بچێتە کەنیسە، باوەژنی بە توندی بەسەریدا قیژاند:
– هۆ، تۆ!! ئیش لە ماڵەوە نەماوە بیکەی، نۆرەی چوونە کەنیسەیە! دیارە دیتنی کچە لەسەری داوی، وا نییە؟ یەک هەنگاو لەو ماڵە جیا نابیتەوە، تێگەیشتی؟
یەکسەر چووە ژووری تەنیشت و هاتەوە تەبەقێکی بەدەستەوە بوو، گەنم و دنکە خاشخاشی تێکەڵاوی تێدا بوو، گوتی:
– ها، ئەم تەبەقە بگرە. ئەمە ئیشی تۆیە. تا ئێمە لە کەنیسە دێینەوە، گەنمەکە و دنکە خاشخاشەکان لێک جیا نەکەیتەوە، سزایەکی وا توند دەخۆی چاو و گوێت لەگەڵ بڕوا.
ئیتر جێی هێشت و لەگەڵ کچەکەی خۆی لە ماڵەوە دەرچوون. کچە بەخت ڕەشەکەش دەستی بە ئیش کرد. زۆر پەست و غەمبار بوو. جارێ دەینالاند و تاوێ بۆ بەختی ڕەشی خۆی دەگریا. لەپڕ سێ کۆترەکە دیسان هاتن لە مینای پەنجەرەیان دا و گوتیان:
– کچی ئازیزم مەگری! ڕێمان بدە بێینە ژوورەوە. ئێمە ئیشەکەت لە باتی دەکەین. بڕۆ فستقێکی ترمان بۆ بێنە.
کچەکە کۆترەکانی هێنایە ژوورێ و چوو فستقەکەی بۆ هێنان. یەکێ لە کۆترەکان دەستە بەرگێکی زیوی لە کیفی فستقەکە دەرهێنا و بە کچەکەی گوت:
– ها فەرموو، ئەم دەستە بەرگە لەبەر کە و بڕۆ کەنیسە. کە گوێت لە وشەی (ئامین) بوو، یەکسەر بگەڕێوە ماڵێ، تووشی هیچ ئەزیەتێک نابی.
کچەی سێوی و بەخت ڕەش دەستە بەرگە زیوەکەی کردەبەر. لە خەنی خۆشییان هەر وەخت بوو شێت بێ. ڕووی کردە کەنیسە. وەکوو ئەستێرەی ورشەدار دەبریسکایەوە. چوو لەسەر کورسییەک دانیشت. زۆر بە کپ و هێمنی گوێی لە ویرد و ئامۆژگارییەکان

راگرت. هیچ ئاوڕی لە راستە و چەپە نەدایەوە. بەڵام شازادە هەر تەماشای دەکرد. هەستێکی سەیری لا پەیدا ببوو، خۆیشی نەیدەزانی چییە. کە قەشە وشەی (ئامین) ی لە دەم هاتە دەرەوە، کچە لەسەر کورسییەکەی هەستا و بە پەلەپرووزێ گەڕایەوە ماڵێ و جلەکانی داکەند. یەکسەر باوەژن و کچەکەی هاتنەوە. کە، ژنە دیتی ئیشەکە هەمووی بە پوختەیی کراوە هەر واقی وڕما. ئەوەندە تووڕە بوو، نەبێتەوە، هەر وەخت بوو لە ڕکان بتەقێ. سەری بادا و گوتی:

– وای ئەگەر تۆ لەگەڵ ئێمە هاتبای بۆ کەنیسە، کچێکی جوانت دەدی، بەڵام تۆ بێ گومان جێت ناو خۆڵەمێشە و تا ماویشی جێت هەر ئەوێ دەبێ.

کچەی سێوی وەڵامی دایەوە:

– منیش ئەو کچەم بینی کە تۆ دەڵێی. بینیم بێرەدا تێپەڕی. لەسەر دارخۆخەکەی بەرماڵمان بووم. ویستم هەندێ خۆخ بۆ ئێوە لێ بکەمەوە.

ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی ژنە هەڵبچێ و جامی تووڕەیی خۆی بەسەر کچۆڵە بەخت رەشەکەدا بڕێژێ، یەکسەر بەسەریدا قیژاند:

– بلێ ئاوها؟! هەی فەرخە شەیتان! رۆژی یەک شەموان بەسەر درەختان دەکەوی و جلت دەدڕێنی بۆ ئەوەی تەماشای هات و چۆی خەڵک بکەی... نەختێ سەبرت هەبێ، دەبینی!

ئینجا رووی کردە مێردەکەی و گوتی:

– هۆ، پیرەمێرد! نابێ ئەم دارخۆخە لەبەر ماڵەوە بمێنێ. هەڵیکەنە، بۆ ئەوەی لەمەودوا کچەکەت نەچیتە سەری.

کابرای پیرەمێرد، کە ئەم قسەیەی بیست ناچار بوو گوێڕایەڵی فەرمانی ژنەکەی بکا. ئەوەبوو چووە دەرەوە و درەختەکەی بڕییەوە، چونکە دەیزانی ئەگەر وانەکا، دەرگای دۆزەخی لێ دەکرێتەوە.

لەولاوەش شازادە خەریکی گەڕانی خۆی بوو. لە هەموو شوێنێ سۆراغی کچەی دەکرد. گوتیان: چۆتە ئەو ماڵەی دارخۆخێکیان لەبەر ماڵێیە. شازادە و پیاوەکانی لەماڵی بە دارخۆخ گەڕان بەڵام نەیاندۆزییەوە، چونکە دارخۆخەکە، لەو بەینە، ریشەکێش کرابوو. شازادە زۆر خەفەتی خوارد، بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی:

– راوەستە، کچۆڵە! رۆژێ هەر دێ دەتدۆزمەوە.

سبەینەی یەک شەممەی سێیەم، کچۆڵەکە دیسان ماڵی هەڵبژارد و زۆر بە جوانی قژی خۆی داهێنا و چووە ژووری باوەژنی و داوای ئاوێنەی لێکرد. باوەژن خەریک بوو

کچەکەی خۆی دەخەملاند. کچۆڵەی بەخت ڕەش لێی پاڕایەوە لەگەڵ خۆی ببا، بەڵام باوەژن گوتی:

–چ؟ چ؟ تووک لێ باریو! هەر ئەوە مابوو! دەتەوێ لەگەڵ ئێمە بێیتە کەنیسە؟ دەتەوێ ریسوامان بکەیت و تووشی شوورەییەکی وامان بکەی باس نەکرێ؟! نا، هەرگیز شتی وا نابێ! تۆ دەبێ لە ماڵەوە بمێنیتەوە.

کە لە قسەکانی بووەوە، لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، تەبەقێکی هێنا ئارد و خۆڵەمێشی تێکەڵاوی تێدا بوو، ڕووی کردە سەر مێز و گوتی:

– ها، ئەم ئیشە بکە! ئارد و خۆڵەمێشەکە لێک جیا بکەوە! تا لە کەنیسە دێینەوە، دەبێ تەواوت کردبێ، نەوەک خۆت دەزانی چت بەسەردێ.

ئینجا لەگەڵ کچەکەی خۆی قۆڵیان لە قۆڵی یەکتر هەڵکێشا و بە دوو قۆڵی چوونە کەنیسە. کچەی هەژار و سێوی لەماڵەوە مایەوە. بە دڵی پڕ خەم و چاوی پڕ فرمێسک ئیشی دەکرد، هەر ئاخ و ئۆفی بوو، دەیگوت:

–ئاخ! دایکی ئازیز و خۆشەویستم! بۆ دەبێ من لە هەموو کچی دونیا کلۆڵ و بەخت ڕەشتر بم!! داخۆ چیشم بەسەر بێ؟!

سێ کۆترەکە لە پەنجەرەیان دا و گوتیان:

– مەگری، کچۆڵەی نازدار و خۆشەویست مەگری! ڕێمان بدە بێینە ژوورەوە بۆ ئەوەی ئیشەکەت لە باتی بکەین.

کچە پەنجەرەی کردەوە. لە خۆشییان شایی لە دڵدا دەگەڕا. ئینجا یەکێ لە کۆترەکان دەستە بەرگێکی زێڕی لەناو فستقی سێیەم دەرهێنا و ڕووی کردە کچۆڵەکە و گوتی:

– ها، ئەمە پێویستی تۆ! جلت بگۆڕە و بڕۆ کەنیسە. کە قەشە گوتی (ئامین)، بێ ئەوەی چاوەڕێی دەرچوونی ئەوانی دی بکەی، بە پەلە وەرەوە ماڵێ.

کچە ڕووی کردە کەنیسە. وەکوو خۆری نیوەڕۆ دەبریقایەوە. چوو لەسەر کورسییەک دانیشت. هەستی نەکرد هەموو خەڵکەکە چاویان تێ بڕیوە، نەشی دی کە شازادە بۆی دەگرژیتەوە. کاتێ کە قەشە وشەی (ئامین)ی لە دەم هاتە دەرەوە، خێرا هەستا و ویستی بە بێ دەنگی بڕوا. بەڵام نەیتوانی لە شوێنی خۆی بجولێتەوە. دەتگوت لە زەوی داکوتراوە، چونکە شازادە چڕکی لەسەر عەرزی ژێر کورسییەکە دابوو. شڵەژا و ویستی خۆی ڕابپسکێنێ، دوای کەمێ هەوڵ و تەقەلا خۆی لە چڕکەکە ڕزگار کرد. بە هێمنی لە

کەنیسە هاتە دەرەوە. بە هێنکە هێنک گەیشتەوە ماڵێ. هەستی پێ نەکرد لنگە پێڵاوێکی لێ بەجێ ماوە. کە جلی خۆی گۆڕی، گوێی لێ بوو باوەژنی هاتەوە. دەرفەتی نەبوو دەستە بەرگە زێڕەکە بخاتەوە ناو کیفی فستقەکە. بە پەلە لە پەنا دەرگا شاردییەوە.

دایک و کچە هاتنەوە، دیتیان ئارد و خۆڵەمێشەکە لێک جیا کراونەتەوە. باوەژن لە رکان کردی بە هەرا بەڵام نەیتوانی هیچ قسە بکا. دوای نەختێ، ویستی قەشمەری بەو کچە سێوی و بەختەرەشە بکا، گوتی:

– هۆ کارەکەر هۆ! لەگەڵ تۆمە، کە بە کەلک چ نایەی. بۆچی لەگەڵمان نەهاتیتە کەنیسە؟! ئەگەر بهاتبای کچێکی زۆر جوانت دەدی! بەڵام تۆ بەراستی پیس و پرتۆخی و شوێنت بەر ئاگردانی مدبەقە.

کچۆڵەی سێوی وەڵامی دایەوە:

– ئاخ! منیش دیم، دیم بە بەر پەنجەرەدا تێپەڕی، هەموو گیانی دەبریقایەوە. من لەسەر بانی دوو کەڵکێش بووم.

ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی باوەژن لە رکان بتەقێتەوە. لە پێستی خۆی چووە دەرەوە و هاواری کرد:

– هەی تەپ و تەوەزەلی هیچ و پووچ! ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ دیارە بەسەر دووکەڵکێش کەوتووی؟ یاللا برۆ ناو ژووری ئازووقە و بە درێژایی رۆژ لەوێ نەیەیتە دەرەوە. با کچە جل زێڕەکە خواردنت بۆ بێنێ، بەڵام من قەت هیچ خواردنت نادەمێ.

ئینجا رووی کردە مێردەکەی:

– پیرەمێرد! ئەوە تۆ و ئەوەیش دووکەڵکێش! دەبێ هەر ئێستا ئەم دووکەڵکێشە تێک بدەی، نەوەک...

کە دووکەڵکێشەکە نەما، لەولاوە پیاوەکانی شازادە کەوتنە تاقیبی کچە جوانەکە. زانییان چۆتە ماڵێک دووکەڵکێشێکی گەورەیان لەسەر بانە، بەڵام کە تەماشای ماڵی ئەوانیان کرد، هیچ دووکەڵکێشیان نەدی و سەریان سوڕما.

شازادە بەڵگەیەکی تریشی بەدەستەوە بوو، ئەویش لنگە پێڵاوە زێڕەکە بوو. پیاوەکانی خۆی نارد هەموو ماڵەکان بپشکنن بزانن ئەم لنگە پێڵاوە یەک بە پێی چ کچێکە. لێشی توند کردن ئەو لنگە پێڵاوە یەک بە پێی هەر کچێ بوو، بۆی بێنن.

باوەژن بەو خەبەرەی زانی. بەدەم چاوەڕوانی پیاوەکانی شازادەوە، پێی کچەکەی خۆی راگوشی و راگوشی بۆ ئەوەی بچووک بێتەوە، جا هەرچی دەبێ با ببێ.

که پیاوەکان هاتن، کچەکە پێی ئاوسا بوو، بە هیچ جۆرێ پێی بە لنگە پێڵاوەکەوە نەچوو. خزمەتکارەکانی شازادە گوتیان:
– نەخێر! ئەم کچە خۆی نییە! ئایا کچی ترتان نییە؟
باوەژن، بێ لێکدانەوە، گوتی:
– نەخێر...
پیاوەکان ویستیان برۆن، بەڵام کە گەیشتنە حەوشە، کەڵەشێر لەسەربانی ماڵەوە قووقاندی:
قووققوو قووقوو! تەفرەیان داون: کچە جوانەکە لەناو ژووری ئازووقە بەندکراوە.
پیاوەکان گەڕانەوە و گوتیان:
– ئەمە یانی چی؟ ئەو کچە کێیە لەناو ژووری ئازووقە بەند کراوە؟
دایکە ویستی بە هەڵەیان ببا، وەڵامی دایەوە:
– هیچ، هیچ! ئەم کەڵەشێرە هەمیشە هەروا بانگ دەدا.
بەڵام پیاوەکانی شازادە بەم قسەیە دەستەخەرۆ نەبوون. چوون لەناو ژووری ئازووقە گەڕان و کچە جوانەکەیان دۆزییەوە. دیتیان لە فرمێسکدا نقووم بووە. لنگە پێڵاوەکەیان بە پێی جەڕباند. پڕ بە پێی بوو. گەڕانەوە ژوورێ. گەڕان، دەستە بەرگە زێڕەکەیان لە پشت دەرگا دۆزییەوە. کچۆڵەکەیان بردە لای شازادە چونکە دڵنیا بوون ئەمە ئەو کچەیە کە دەمێکە بە دوایدا دەگەڕێن.
کاتێ کە باوەژن دیتی کچە سێوی و بەخت ڕەشەکە سواری عارەبانەی شازادە بو و ماڵاوایی لە خەڵکەکە کرد، لە ڕکان و لە دڵ پیسییان، شەقی برد.
شازادە، لەگەڵ یەکەم سەرنج، یەکسەر کچۆڵەکەی ناسییەوە، گوتی:
– تۆ ئەو کچە نیت کە سێ جار هاتیتە کەنیسە؟
کچۆڵەکە لە شەرمان ڕوومەتی سوور هەڵگەڕا و گوتی:
– بەڵێ، ئەوم!
– باشە تۆ ئەم جل و زێوەرە نایابەت لە کوێ بوو؟
کچە، هەرچی بەسەریهاتبوو هەمووی یەک یەک بۆ گێڕایەوە و باسی هاوکاری سێ کۆترەکەشی بۆ کرد.
شازادە ئەمری کرد دەستە بەرگێکی پۆشتە و پەرداخیان بۆ دەهێنا.
حەفتەیەکی پێ نەچوو، ئەو کچە سێوی و بەدبەختەیان، بە خۆشی و شادی، بە بووک بۆ شازادەی گەنج گواستەوە.

* * *

# ١٩ـ کاکۆل زێڕین



له رۆژگارێکی کۆن :

ئاسنگرێکی دەستکورت هەبوو. پێشتر حاڵ و گوزەرانی خۆش بوو، بەڵام زەمانە پشتی تێکرد و بەخت لێی هەڵگەڕایەوە و گلۆڵەی کەوتە لێژی و تووشی رۆژە رەشی خۆی هات. ژنە و منداڵە بچووکەکانی بێ هوودە داوای خواردنیان لێ دەکرد. بەم جۆرە کابرا کەوتە سەر ساجی عەلی تەنیا حەفت دیناری ما. منداڵەکان لە برسان و لە سەرمان سیق و دیقیان کرد بوو. داوای خواردنیان لێ دەکرد بەڵام نەبوو.

کابرای ئاسنگر لەوە زیاتر تاقەتی نەما. چوو، بڕیاری دا بەو چەند دینارەی ماویەتی پەتێک بکڕێ و لەناو لێڕەوار لە جێگایەک خۆی بخنکێنێ. کە گەیشتە ناو لێڕ، گەڕا شوێنێکی لەبار بدۆزێتەوە بڕیارەکەی جێ بەجێ بکا. پەتەکەی لە چڵێکی هەرە ئەستووری دارێکی گەورە بەست بۆ ئەوەی لەگەڵ قورسایی لەشی نەشکێ. لەپڕ حۆرییەکی رەشی لەبەردەم قیت بووەوە. ویستی لەو بڕیارە پاشگەزی بکاتەوە. گوتی: شتی وا مەکە، خۆکوشتن گوناهێکی گەورەیە. کابرای ئاسنگر بە نائومێدی دەستی لە جێ بەجێ کردنی پلانەکەی هەڵگرت و رۆیشت. چەند هەنگاوێک رۆیشت، کلۆڵی و بەدبەختی خۆی هاتە بەرچاو. دووبارە پەتەکەی لە چڵێک بەست بۆ ئەوەی خۆی بخنکێنێ. ئەم جارەش حوورییەکە بێ پێشەکی و ئاگادارکردنەوە لەبەردەمیا ئامادەبوو. رازی کرد واز لەم بیرە بێنێ. ئاسنگرەکە پەشۆکا و ماوەیەک بیری کردەوە و داڵغەی لێدا، بەڵام کە حورییەکە بزر بوو، دووبارە کلۆڵی و بەدبەختی خۆی بیرکەوتەوە و دیسان پەتەکەی لە چڵێک بەست و ویستی خۆی بخنکێنێ، دیسان حوورییەکە هات و ئەم جارە زۆر لێی نزیک کەوتەوە و پێی گوت:

– کاکی ئاسنگر خۆت مەکوژە! شتی وا مەکە! من وا دەکەم ئەم کلۆڵی و نەبوونی و دەردەسەرییەت نەمێنێ و چەندت پارە و سامان دەوێ دەتدەمێ بەو مەرجەی بەڵێنم پێ بدەی ئەو شتەم بدەیتێ کە لە ماڵەوە هەتە و خۆت پێی نازانی.

کابرای ئاسنگر لە دڵی خۆیدا بیری کردەوەو گوتی:

– جا چ هەیە من لە ماڵەوە هەمبێ و پێی نەزانم؟! ماڵەکەم بەتاڵ و حەتاڵە. گومانی تێدا نییە ئەم حورییە بە سەهوو چووە.

ئاسنگر بە مامەڵەکە رازی بوو. حورییەکە گیرفانی ئاسنگری پڕ لیرە و دینار کرد و

گوتی:

– فەرموو، ئەوەی بەڵێنم دا بۆم جێ بەجێ کردی. پاش حەفت ساڵی دی بۆ قەرزەکەم دێمەوە لات.

حورییەکە ئەم قسەیەی کرد و بزر بوو، دەتگوت زەوی قووتی داوە. کابرای ئاسنگر بە خۆ و بە سەر و سامانەوە گەڕایەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی.

بە شادومانی گەڕایەوە ماڵێ و پارەکەی بەسەر مێز وەرکرد. ئای ئەو ماڵە چەند کەیفخۆش بوون! ژنە باشەکەی داهاتەوە سەر پارەکە و لە سامانەکە وردبووەوە و لە خۆشییان رووی درەوشایەوە. چەند درهەمێکی هەڵگرت و خێرا چووە دەرەوە، کەرەستەی خواردن بکڕێ. منداڵە برسییەکانی لە خۆشییان کەوتنە سەما، لە خۆشی ئەو خواردنەی دایکی بۆی دەهێنان.

ئینجا قسە هاتە سەر ئەوە ئاخۆ ئەو پارە و سامانەی چۆن پەیدا کردووە.

ئاسنگرەکە گوتی:

– شتەکە ئەوەندە بێ مانایە، هی ئەوە نییە هەر باس بکرێ. بەرامبەر بەو هەموو سامانە، تەنیا ئەوەندە بەڵێنەم داوە ئەوە شتەیان بدەمێ کە لە ماڵەوە هەمە و خۆم پێی نازانم.

ژنەکەی، کە ئەم قسەیەی بیست، زراوی چوو، چونکە هەستی کرد منداڵێکی بە سکی کەوتووە و کابرا پێی نازانێ، قیژاندی:

– ئای لەو بەدبەختییە گەورەیە!! من سکم هەیە و پێش ئەوەی منداڵەکەم ببێ تۆ فرۆشتووتە.

کابرای ئاسنگریش ترسا، بەڵام تازە چی لە دەست دێ. تازە بەڵێنی داوە و ناتوانێ لێی پاشگەز بێتەوە.

پاش ماوەیەکی کەم، ژنی ئاسنگرەکە کچێکی زۆر جوانی بوو. قژی زێڕین بوو. ئەستێرەیەکی زێڕی لە تەختی تەوێڵ بوو. ناویان نا (کاکۆڵ زێڕین).

دایبابی وەکوو بیبیلەی چاو بەخێویان دەکرد. بەڵام رۆژ بە رۆژ پەست و غەمگینتر دەبوون، چونکە دڵنیا بوون ئەم کچە هەرچەندە کچی خۆیانە بەڵام بۆ خۆیان نابێ.

کە حەفت ساڵەکە تەواو بوو دەق لە وەختی خۆی، عارەبانەیەکی رەش هات و لەبەر پەنجەرەی ماڵی کابرای ئاسنگر وەستا. حورییە رەشەکەی لێ هاتە دەرەوە. بە ئاسنگرەکەی گوت بۆچی هاتووە.

کچە بچکۆلانەکەی لە تەک خۆی سواری عارەبانەکە کرد. ماڵەوەیان تا پەرگەی ئاوایی، بەدەم فرمێسک و هەنسک و ئاخ و ئۆف، بەڕێیان کرد. دایبابی کچەکە حەزیان دەکرد لەگەڵیا بچن، بەڵام حورییەکە هۆی ماقووڵی هێنایەوە و لێ نەگەڕا شوێنی بکەون. دایبابی کچۆڵەکە، بە چاوی پڕ فرمێسک، گەڕانەوە ماڵێ. زۆریان خەم بوو کە کچۆڵەکەیان لە دەست چوو، وەک ئەوەی هەرگیز چاویان پێ نەکەوێتەوە.

حوورییەکە کچەی سواری عارەبانەکە کرد و بەسەر چەند چیا و دۆڵدا فڕی تا ئاخیری گەیشتە کۆشکێکی گەورە. حوورییەکە کچەی بەناو کۆشکەکەدا گێڕا و نەوەد و نۆ ژووری پێشان دا و گوتی:

– کچی ئازیزم، تۆ لەمەودوا لێرە دەژی. ئەم نەوەد و نۆ ژوورە پاک دەکەیتەوە و ڕێکیان دەخەیت. دەتوانی چۆنت بوێ بەو جۆرە بەکاریان بێن و کام ژوورت پێ خۆشە لەوێ بژی. بەڵام قەدەغەیە یەک سەرنج لە ژووری کۆتایی بدەی، نەوەک خراپت بەسەردێ. من دەڕۆم، دوای حەفت ساڵی دی یەکتر دەبینینەوە. هەر ساخ و بەختەوەر بی، خوا حافیز!!

ئەم قسەیەی کرد و بزر بوو. تا حەفت ساڵ دەرنەکەوتەوە. لەو ماوەیەدا (کاکۆل زێڕین) لەناو کۆشکەکە دەژیا و بەناو نەوەد و نۆ ژوورەکەدا دەگەڕا و دەسووڕا. پاکی دەکردنەوە و ڕێکی دەخستن.

حەفت ساڵەکە تێپەڕی. کچەکە جارێکی تر بە ژوورەکاندا گەڕا. پێی وا بوو حوورییەکە بێتەوە بە پاک و خاوێنی شوێنەکەدا هەڵدەڵێ. لەپڕ دەنگی گۆرانییەکی خۆش لە ژووری کۆتاییەوە هات. (کاکۆڵ زێڕین) وەکوو ئاسک قەڵەمبازی دا و چووە بەر دەرگای ژوورەکە و گوێی ڕاگرت: ئاواز و مۆسیقایەکی خۆشتر و جوانتری کەوتە بەر گوێ. دەسکی دەرگای ژوورەکەی بادا و بە پەلە خۆی بە ژوورەوەدا کرد.

ژوورەکە مێزێکی لە ناوەڕاست بوو. دوازدە پیاو لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون. ئەمانە جادوویان لێکرابوو. لەوەتی جادوویان لێکرا بوو، لە شوێنی خۆیان دانیشتبوون و نەجووڵابوونەوە. قوربانییەکی تریش لە پشت دەرگا وەستا بوو، بە (کاکۆل زێڕین)ی گوت:

– ئای لە خۆت بەختڕەشێ!! ئەوەی لێرە دیوتە نەکەی بۆ هیچ کەسی بگێڕیتەوە!

حوورییەکە هەرچەندە پرسیاری لێکردی، تۆ هەر نکوولی لێ بکە. یەک وشەت لەم بارەیەوە لە دەم بێتــە دەرەوە، هەتا هەتایە تێ دەچی و هەرگیزا و هەرگیز لە نەفرەتی

ئێمەمانان رزگارت نابێ.

ئەوسا دونیا کش و مات داهات. ئەوەی دەنگ بوو نەدەهات. (کاکۆڵ زێڕین) بە پەلە پرووزێ چووە دەرەوە. لە ترسان رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. بێ ئەوەی چاوەڕێ بکا، حووری رەش لە بەردەمی قیت بووەوە. دەیزانی کچە چۆتە ژووری هەرە دواوە. پەنجەی لێ راوەشاند، هەڕەشەی لێکرد و گوتی:

– (کاکۆڵ زێڕین)، ئەوە چت کردووە؟ چوویتە ژووری سەدەمین؟ پێم بڵێ چت دی؟!

کچۆڵەکە نکووڵی لە هەموو شتێ کرد. کە حوورییەکە بە قسەی خۆش هیچی دەست گیر نەبوو، دەستی بە هەڕەشە کرد، بەڵام (کاکۆڵ زێڕین) هەر نکووڵی کرد، ئاخیری، حوورییەکە پێی گوت:

– ئەگەر پێم نەڵێی چت لەو ژوورەدا دیوە، فڕێت دەدەمە ناو بیر و زمانت دەبەسترێ و هەتا هەتایە لەوێ دەمێنیتەوە.

بەم جۆرە کچۆڵەکەی فڕێ دایە ناو بیرێکی قووڵ و جادوویەکی وای لێکرد نەتوانێ قسە بۆ هیچ کەسێ بکا.

کە (کاکۆڵ زێڕین) هاتەوە هۆش خۆی، خۆی لەسەر زیخی بنی بیرەکە دۆزییەوە. زۆری بەلاوە سەیر بوو کە بن عەردەکە رێڕەوێکی تێدا بوو. بە رێڕەوەکەدا چوو، گەیشتە مێرگێکی گەورە و خۆش. لەوێ گیرسایەوە و بە تووی کێوی و رەگ و ریشەی رووەک دەژیا. هەر ناو بە ناویش حوورییەکە خۆی نیشان دەدا و هەموو جارێ پرسیاری لێدەکرد لە ژووری کۆتایی چی دیوە. بەڵام کچە قەت باسی هیچ شتی نەدەکرد.

ئەو مێرگە سەر بە وڵاتێک بوو، پاشایەکی گەنج فەرمانڕەوایی دەکرد. ئەو پاشایە رۆژێ چووە راو و شکار و هات گەیشتە ئەو مێرگە. کچێکی جوانی بینی. ئەو کچە (کاکۆڵ زێڕین) بوو، لەسەر گیا و گوڵ خەوتبوو. پاشا ماوەیەکی زۆر تێی ڕاما. لە دڵی خۆیدا گوتی داخۆ ئەم کچۆڵە جوانە لەکوێ هاتووە! تا زیاتر تێی رادەما، زیاتر دەکەوتە بەر دڵی. بڕیاری دا بە خەبەری بێنێ و بیباتە کۆشکی خۆی و زەماوەندی لەگەڵ بکا، جا خەڵک چ دەڵێ، با بڵێ!

بە وریایی کچۆڵەکەی بە ئاگا هێنا. لێی پرسی کێیە؟ و لە کوێوە هاتووە؟ بەڵام کچۆڵەکە نەیتوانی یەک قسە بکا و وەڵامی بداتەوە. پاشا وایزانی کچەکە لە ترسان تاساوە، قسەی پێ ناکرێ، یان هەر بە تەبیعات شەرمن و بێ زار و دەوە.

ماوەیەک وازی لێ هێنا و چیتر پرسیاری لێ نەکرد. هەر ئەوەندە لێی پرسی داخۆ حەز

دەکا لەگەڵیا بچێتە کۆشکی شاهانە! کچە بە سەر لەقاندن ڕەزامەندی پێشان دا.
پاشای گەنج کچەی بردە کۆشکی خۆی. باشترین جلی کردە بەر و زەماوەندی لەگەڵ کرد.
بەڵام (کاکۆڵ زێڕین) هەر وەکوو جاران نەیدەتوانی قسە بکا، لەگەڵ ئەوەشدا، پاشا خۆشی دەویست. پاشا و شاژن زۆر بە بەختەوەری دەژیان.
دوای سالێک، شاژنی گەنج منداڵێکی بوو. پێشبینی دەکرد بەڵایەک لە کۆشک ڕوویدا، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ دڵی توندتر دەبوو. کوڕەکەی قژێکی زێڕینی جوانی هەبوو. ئەستێرەیەکی زێڕی جوانی لەسەر تەختی تەوێڵ بوو. پاشا ئەوەندە شادمان بوو، کەس لەخۆی شادمانتر نەبوو. زیافەتێکی گەورەی کرد و گرەگرەکانی وڵاتی دراوسێی بانگێشت کرد، بەڵام زۆری نەبرد، ئەو شادییە گەورەیە بوو بە خەمێکی گران. باشە ئەمە چۆن بوو؟ فەرموو گوێ لە چیرۆکەکە بگرن:
شەو، حووری ڕەش چوو خۆی نیشانی (کاکۆڵ زێڕین)دا. هەڕەشەی لێکرد ئەگەر بۆی باس نەکا لە ژووری کۆتایی چی دیوە، کوڕەکەی دەکوژێ. کچە لەرزی و لە ترسان دەمی تێک ئالا. پشتی ئارەقەیەکی ساردی دەردا، بەڵام متەقی لێوە نەهات. حوورییەکە بەردەوام بوو، گوتی:
– تۆش بەڵایەکت بەسەردێ.
کچۆڵەکە، لەسەر بێدەنگی خۆی بەردەوام بوو. حوورییەکە کوڕە جوان و بچکۆڵەکەی کوشت و هەندێ خوێنی لە دەمی دایکی دا و بزر بوو. هەر مەپرسە خەڵکەکە چەند تووڕە و غەمبار بوون، کە زانییان کوڕەکە کوژراوە. پاشا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، لە ترسان و لە خەمان وێک هاتەوە. سەراپای کۆشکیان پشکنی. زۆر بە توندی هەموو دانیشتوانی کۆشکیان ڕاکێشایە ناو لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی تاوانبارەکە بدۆزنەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکەیان بە هیچ دەرچوو. لەبەر ئەوەی (کاکۆڵ زێڕین) دەمی بە خوێن بوو، گوتیان دەبێ دایکە خۆی کوڕەکەی کوشتبێ. بەڵام ژنە نەیتوانی یەک قسە بکا بۆ ئەوەی پاکانە بۆ خۆی بکا. هەندێ پێشنیاریان کرد مستە هەقە لەسەری بدەن، بەڵام پاشا وای پێشان دا کە هیچی نەدیوە و هیچی نەبیستووە. لەگەڵیا هەر وەکوو جاران بوو، چونکە زۆری خۆش دەویست.
دوای سالێک (کاکۆڵ زێڕین) کچێکی جوانی بوو. کەزیی زێڕین بوو ئەستێرەیەکی زێڕینی لەسەر تەختی تەوێڵ بوو. پاشا لە خەنی خۆشییان هەر وەخت بوو شێت ببێ. جا بۆ

ئەوەی دیسان تووشی بەڵایەک نەبن، کۆمەڵێ سواری جێ متمانەی لەبەر دەرگای ژووری (کاکۆڵ زێڕین) دانا بۆ ئەوەی پاسەوانی لە دایک و کچە بکەن بەڵام بێ سوود بوو. چونکە حوورییەکە هات و جادووی لە هەموویان کرد و هەموو کەوتنە خەوێکی قووڵ. ئینجا چووە لای دایکە و هەڕە و گوڕەشەی لێکرد:

– پێم بڵێ، بزانم، چت لە ژووری هەرە دواوە دی، راوەستە، ئێستا لە سەرت دەدەن. چونکە من منداڵەکەت دەکوژم و پاشایش بە ئاگر دەتسووتێنێ.

(کاکۆڵ زێڕین) ئەم جارەش، سەرەڕای هەموو هەڕەشە و گوڕەشەیەک، هەر بێدەنگ بوو. حوورییەکە کچۆڵەکەی کوشت و خوێنەکەی لە دەمی دایکی هەڵسوی و بزر بوو. بۆ سبەینێ دیتیان کچەکە کوژراوە. پاسەوانەکان جەختیان کرد کە هیچ کەس نەچۆتە ژوورەوە. پاشا شێتگیر بوو. فەرمانی دا بە دوای تاوانبارەکەدا بگەڕێن. ئاخر چۆن دەبێ تاوانی وا لەناو کۆشکی شاهانەدا بکرێ؟ بەڵام وەکوو جارەکانی دی هەموو هەوڵێکیان بە فیڕۆ چوو. لە بارەگای پاشادا بوو بە دمگۆ و قسە و قسەڵۆک. وای لێهات بە ئاشکرا گوتیان ژنەکە بە دەستی خۆی کچەکەی کوشتووە، چونکە دەمی بە خوێن بوو نەیدەتوانی پاکانە بۆ خۆی بکا. ئەم قسە و قسەڵۆکە گەیشتەوە پاشا و پاشا بڕیاری دا لەسەری (کاکۆڵ زێڕین) بدەن.

بڕیارەکە وا بوو ئەم بەدبەختە ببەن لەبەر دەروازەی شار بیسووتێنن. بردیانە شوێنی تایبەتی خۆی. لە ستوونێکیان بەستەوە و داریان لەبن پێی دانا و ئاگریان تێ بەردا. میللەت هەمووی هاتە تەماشای دیمەنەکە. دەق لەو کاتەدا عارەبانەیەکی رەش وەکوو هەورە تریشقە بە گرم و هۆڕ هات. دڕی بە خەڵکەکە دا و لە بەردەم (کاکۆڵ زێڕین) وەستا. حوورییە جادووکەرەکەی لێ هاتە خوارەوە و گوتی:

– دیتت، هەموو قسەکانم هاتە دی!؟ نەمگوت دەتسووتێنن؟ ئێستا پێم بڵێ کاتی خۆی چیت لەناو ژووری کۆتایی کۆشکەکەم بینی؟

حوورییەکە هەرچەندە سوور بوو، (کاکۆڵ زێڕین) هیچ متەقی لێوە نەهات. نەیدەتوانی، نە جوولە بکات و نە هیچ قسە بکات.

کە دووکەڵ بەرزبووە و گڕی ئاگر گەیشتە ژنەکە، مۆجیزەیەک رووی دا. حوورییەکە لەپڕ گۆڕا و دەم و چاوی پاک و روون بووەوە. وردە وردە جوانتر بوو. فەرمانی دا ئاگرەکە بکوژێننەوە و رایگەیاند کە (کاکۆڵ زێڕین) بێ تاوانە و پێی گوت:

– تۆ لەبەر ئەوەی بەڵێنی خۆت نەشکاند، بووی بە مایەی بەختەوەری خۆت و منیش،

چونکە من و دوازدە هاوڕێکەی ژووری سەدەمینی منت رزگار کرد. ئەگەر یەک وشەت لە دەم بهاتایە دەرێ، هەتا هەتایە لەناو دەچووین.
ئەم قسانەی کرد و دوو منداڵەکەی هاویشتە کۆشکی دایکیان. ئیتر خۆی هەڵدایەوە ناو عارەبانەکە و وەکوو چەخماخە شریخەی هات و رۆیشت. لەو کاتەوە، (کاکۆڵ زێڕین) زمانی کرایەوە و بەسەرهاتی خۆی بۆ پاشا گێڕایەوە. پاشا بڕوای بە چاو و گوێی خۆی نەدەکرد، بەڵام ئاخیری دڵنیا بوو کە ئەمە هەمووی راستە. لە خەنی خۆشییان نەیدەزانی نە دەست بەسەری منداڵەکانی دابێنێ، نە ژنەکەی ماچ بکا و داوای بوردنی لێ بکا کە تووشی ئەم هەموو ئازار و دەردەسەرییەی کرد.
پاشا لەگەڵ ژن و منداڵەکانی گەڕایەوە ناو کۆشک. هەموو چوون دایبابی (کاکۆڵ زێڕ) یان لەناو کووخە خراپووچکەکەیان هێنا. هەموو بە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی ژیان و لاپەڕەی کلۆڵی و دەردەسەرییان بۆ هەتا هەتایە ئاوا کرد.

* * *

# ٢٠ـ مندالّی جادووبەند



**هەبوو نەبوو**

کابرایەکی دەوڵەمەند، زۆر دەوڵەمەند هەبوو. ئەوەندەی هەبوو، خۆشی نەیدەزانی چەندی هەیە. بەڵام ئەم هەموو سامانە سوودی چییە ئەگەر میراتگرێکی نەبێ، رۆژێ لە رۆژان، ئەو هەموو ماڵ و سامانەی بە میرات بۆ بەجێ بێڵێ؟

دوای ماوەیەکی زۆر، کابرای دەوڵەمەند ترووسکایی هیوایەکی لێ دەرکەوت. ژنەکەی هەستی کرد منداڵێکیان بەڕێوەیە و ئیتر لە کۆتایی ژیانیان بە تەنیا نابن. وردە وردە هیواکەیان بوو بە راستی. ژنە کوڕێکی بوو زۆر بە گەرمی خۆیان بۆ ئاهەنگی ئاوەمۆرکردنی ئامادە کرد. کەمێ پێش لەدایک بوونی منداڵەکە، دایکە خەونی دی، لەو خەونەدا پێیان گوت کە منداڵەکەی بوو، دەبێ تا دوازدە ساڵ زۆر بە توندی ئاگاداری بن و هەرگیز لێ نەگەڕێن بە زەوی بکەوێ، نەوەک لەناو دەچێ.

منداڵەکە لەدایک بوو. منداڵێکی قشت و جوان و خەپەتۆڵە بوو. کابرا نۆ دایەنی گرت بۆ ئەوەی خزمەتی بکەن و زۆر بە توندی داوای لێکردن لێ نەگەڕێن ئەو منداڵە هەرگیز بە عەرز بکەوێ. دەبێ لەم رووەوە زۆر وریا و ئاگادار بن. دایەنەکان بە تەواوی پەیڕەوی فەرمانی کابرایان کرد.

چەند رۆژێکی کەم ما بوو منداڵەکە تەمەنی بگاتە دوازدە ساڵی، تا ئەوسا هەرگیز بە زەوی نەکەوتبوو. دایەنەکان هەمیشە هەڵیاندەگرت و لە باوەشیان دەکرد، یان لەناو چوارپای زێڕیان دەنا و لایلایەیان بۆ دەگوت. کابرا بڕیاری دا، بە بۆنەی رزگار بوونی کوڕەکەی لەم تووک و نەفرە ئاهەنگێکی گەورە بگێڕێ.

لەپڕ لە حەوشە بوو بە قەپ و قیڕ و هەرا و زەنا. ئەو دایەنەی ئەو کاتە منداڵەکەی لە هامێز بوو، ویستی بزانێ چ قەوما، ئەوەی هەر لە بیر نەما کە زۆر بە توندی خۆی و دایەنەکانی تریان راسپاردبوو، قەت ئەو منداڵە لەسەر زەوی دانەنێن. منداڵەکەی لەسەر زەوی دانا و هەر رای کرد بۆ لای پەنجەرە و تەماشای حەوشەی کرد. خزمەتکار بوون بە شەڕ هاتبوون. هەرا و هۆریاکە کپ بووەوە. دایەنەکە گەڕایەوە بۆ ئەوەی منداڵەکە بکاتەوە باوەش، بەڵام منداڵەکە نەما بوو. هیچ دەوسیشی دیار نەبوو. دایەنەکە لە ترسان لە جێی خۆی وشک بوو. هەڕەشە و گوڕەشەی کابرای بیرکەوتەوە، لەپڕمەی گریانی دا. بوو بە قیژە قیژ و گریان و هاوار. کابرای دەوڵەمەند هات بزانێ دایەنەکە

خۆی شتێکی بەسەر هاتووە، یان کوڕەکە. دایەنەکە وەکوو بی ناو ئاو دەلەرزی. دەمی تێک دەئالاَ و قسەی بۆ نەدەهات. پاش پەشۆکان و هێنان و بردنێکی زۆر، رووداوەکەی بۆ باس کردن.

کابرای دەوڵەمەند زۆر غەمبار بوو کە لەپڕ هەموو هیوا و ئاواتی رووخا. یەکسەر خزمەتکارەکانی بە هەر چوار لادا نارد بۆ ئەوەی لە کوڕەکە بگەڕێن. فەرمانی دەرکرد و پاداشتی دانا و پارەی دابەش کرد، وەکوو ئەوەی کوڕەکەی شازادە بێ. زۆر گەڕان بەڵام منداڵەکە هیچ نیشانەیەکی دیار نەبوو. بە تەواوی بزر بوو: دەتگوت زەوی قووتی داوە، یان هەر لەدایک نەبووە.

دوای ماوەیەک، کابرای دەوڵەمەند، کە زۆر سووی لە منداڵەکەی بوو، هەستی کرد هەموو شەوێ دەنگی هەرا و هەنسک و ئاخ و ئۆف لە جوانترین ژوورەوە دێ. چەند رۆژێک سایەد بوو، هەموو جارێ شتەکە بە رێک و پێکی لە کات و شوێنی خۆی دووبارە دەبووەوە. بڕیاری دا هەوڵ بدا بە هەر نرخێک بێ بزانێ ئەمە چی بە دواوەیە.
بیری کردەوە ئاخۆ دەبێ ئەمە کوڕەکەی خۆی نەبێ؟ جاڕی دا هەر کەسێ شەوێک لەو ژوورە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێ ئەو هەرا و هەنسکە چییە، سێ سەد لیرەی زێڕی دەداتێ. ئەم پاداشتە پارەیەکی زۆر بوو، بەتایبەتی بۆ هەژاران سامانێکی تەواو بوو! بۆیە زۆر کەس ویستی بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، بەڵام کە دەهاتن و نیوە شەو گوێیان لە هەرا و هەنسکەکە دەبوو، بیریان دەکردەوە ئەوەندە ناهێنی ژیانی خۆیان بۆ سێ سەد لیرە بخەنە مەترسی. کابرای دەوڵەمەند بۆی ساغ نەبووەوە ئەم هەرا و هەنسکە چییە: ئاخۆ هی کوڕەکەیەتی، یان هی تارماییەکە؟

پیرەژنێکی ئاشەوان هەبوو سێ کچی هەبوو. ماڵیان لە نزیک ماڵی کابرای دەوڵەمەند بوو. ئەمانە زۆر دەستکورت بوون. دەستکەوتیان هەر بای بخۆ و بڕۆی رۆژانە بوو. ئەمانە بیستیان شەو هەرا و هەنسک لە ژوورێکی ماڵی کابرای دەوڵەمەند دێ و زانیان کابرا سێ سەد لیرەی پاداشت داناوە بۆ هەر کەسێ شەوێک لەو ژوورە بمێنێتەوە و بزانێ ئەمە چییە.
کچە نۆبەرەکە بە دایکی بەدبەختی گوت:
– دایکە دەبێ ئەم کلۆڵی و دەردەسەرییەمان کۆتایی نەیێ؟ من دەچم بەختی خۆم تاقی دەکەمەوە و شەوێک لەو ژوورە شەونخوونی دەکەم، بەڵکو شتێ بە شتێ بکەم. سێ سەد لیرە زێڕ کەم نییە. زۆر بە کەلکمان دێ، وانییە؟؟!

دایکە یەکەم جار سەری بادا، پاشان بڕیارەکەی هەڵسەنگاند و ئاخیری روخسەتی کچەکەی دا بچێ هەوڵێک بدا، چونکە نەبوونی و دەردەسەرییەکەیان لەوەدا نەبوو!!
بەم جۆرە کچی نۆبەرەی ئاشەوانەکە چووە ماڵی کابرای دەوڵەمەند و تێی گەیاند بۆچی هاتووە. کابرای دەوڵەمەند لێی پرسی:
- بە تەواوی بڕیارت داوە شەوێک شەونخوونی لەو ژوورە بکەی؟ باشە، مادام وایە، برۆ بەختی خۆت تاقی بکەوە.
کچە بە شادومانی گوتی:
- شەونخوونی دەکەم بەڵام تۆ دەبێ شتێکم بدەیتێ بۆ خۆم چێشت لێ بنێم. لە بەیانییەوە ئەوەی زاد بێ بە زارم نەکەوتووە.
کابرای دەوڵەمەند بانگی چێشتکەری کرد. پێی گوت کەرەستەی خواردن بۆ کچەکە بێنێ بۆ ئەوەی بۆ خۆی چێشت لێ بنێ. چێشتکەر چوو بای سێ جەم کەرەستەی هێنا. کچی ئاشەوانەکە هەرچی نۆک و رۆن و ئارد و هەرچی داری قەڵاشکەری پێویست بوو بردی و رۆیشت.
مۆمێکی داگیرساند و رووی کردە ژوورەکە. ئاگری کردەوە و مەنجەڵی لەسەر ئاگر دانا و سفرەی داخست و چوارپا و نوێنی رێکخست و دەستی بە چێشت لێنان کرد. هەستی کرد وەخت زۆر زوو دەڕوا. زەنگی سەعات دوازدە لێی دا، واتە بوو بە نیوە شەو. لەپڕ دەنگی هەرا و هەنسک لە ژوورەوە هات. کچەکە زۆر ترسا. سەیری ئەم لاو ئەولای خۆی کرد. هەموو کون و قوژبنەکانی ژوورەوەی پشکنی، بەڵام هیچی نەدی. هەرا و هەنسک و سەرساميیش هەر نەبڕایەوە.
لەپڕ دونیا کش و مات بوو. گەنجێکی قۆز لەو گۆڕە پەیدا بوو. لە کچەکە چووە پێش و بە دەنگێکی نەرم پێی گوت:
- ئەم چێشتە بۆ کێ لێ دەنێی؟
کچە وەڵامی دایەوە:
- بۆ خۆم!
گەنجەکە زۆر پەست و غەمگین بوو. بە خەم و خەفەتەوە سەیری کچەکەی کرد. جارێکی تر لێی پرسی:
- ئەی ئەم سفرەت بۆ کێ داخستووە؟
کچە وەڵامی دایەوە:

- ئەویش بۆ خۆم!
گەنجەکە بەمە پەست و غەمگینتر بوو. فرمێسکی لەچاو قەتیس ما و پرسی:
- ئەی ئەم چوارپا و نوێنەت بۆ کێ ڕێک خستووە؟
کچە ئاشەوانەکە بۆ جاری سێیەم وەڵامی دایەوە:
- ئەویشم هەر بۆ خۆم ڕێک خستووە.
گەنجەکە گریاو دەستی هەڵگلۆفت و بزر بوو.
بەیانی، کچە چی دی بوو بۆ کابرای دەوڵەمەندی گێڕایەوە، بەڵام ئەوەی پێ نەگوت کە گەنجەکە بە وەڵامەکانی زۆر پەست و غەمگین بوو. هەقی شەونخوونی ئەو شەوەی، کابرای دەوڵەمەند سێ سەد لیرەی زێڕی دایێ.

ئێوارەی ڕۆژی دووەم، کچی دووەمی ئاشەوانەکە، ملی ڕێگای ماڵی کابرای دەوڵەمەندی گرت. خوشکی گەورە ئامۆژگاری کرد دەبێ چ بکا و چ وەڵام بداتەوە.
کچی دووەم پەیڕەوی ئامۆژگاری خوشکی کرد. لەگەڵ کابرای دەوڵەمەند ڕێک کەوت و تۆک و ڕۆن و خوێی بۆ چێشتی ئێوارە و داری بۆ ئاگرکردنەوە برد. مۆمێکی داگیرساند و ئاگری کردەوە و سفرەی داخست و چوارپا و نوێنی ڕێکخست و چاوەڕێی کرد. گەنجە قۆزەکە پەیدا بوو. پرسیاری لێکرد:
- ئەم چێشتە بۆ کێ لێ دەنێی؟ ئەم سفرەت بۆ کێ داخستووە؟ ئەم چوار پا و نوێنەت بۆ کێ ڕێک خستووە؟
کچە هەموو جارێ وەڵامی دەدایەوە:
- بۆ خۆم.
هەروەکوو شەوی پێشوو. گەنجەکە گریا و دەستی هەڵگلۆفت و بزر بوو.
بۆ سبەینێ، کچە ڕووداوی ئەو شەوەی بۆ کابرای دەوڵەمەند گێڕایەوە، بەڵام باسی گریانی گەنجەکەی نەکرد. کابرای دەوڵەمەند وەکوو خوشکەکەی سێ سەد لیرەی زێڕی لە دەست نا.
ڕۆژی سێیەم کچی هەرە گچکە گوتی:
- خوشکە ئازیزەکانم! مادام هەموو شتێ بە ئاسایی ڕۆیشت و مادام ئێوە هەریەکەتان سێ سەد لیرەتان هێنایەوە، منیش دەچم بەختی خۆم تاقی دەکەمەوە.
لەبەرئەوەی دوو کچەکەی گەورەترێ هیچ بەڵایان نەگەیشتێ و بە سەلامەتی گەڕانەوە، دایکە ڕێگای کچە بچووکەکەی دا بچێتە ماڵی کابرای دەوڵەمەند. ئەگەرچی دایکە ئەو

کچەی لە هەموویان زیاتر خۆش دەویست، بەڵام ڕێی دا بچێ چونکە بەو پاداشتە لەمەودوا چیدی دەردەسەری ناچێژن و دەتوانن هەندێکیش بۆ دوارۆژ پاشەکەوت بکەن.

ئەم کچەش وەکوو دوو خوشکەکەی چووە ماڵی کابرای دەوڵەمەند و داوای لێکرد ڕێی بدا شەوێک لە ژوورەکە شەونخوونی بکا. داوایشی لێکرد کەرەستەی چێشتی ئێوارەی بداتێ. کچە مۆمێکی داگیرساند و کە شەو داهات، چووە ژوورەکە. ئاگری کردەوە و مەنجەڵی وەسەرنا و سفرەی داخست و چوارپا و نوێنی ڕێکخست، لەلایەکەوە بە نیگەرانی و لەلایەکەوە بە ئومێدی هاتنی نیوە شەو، چاوەڕێی کرد.

لەپڕ زەنگی سەعات دوازدە لێیدا، واتە بوو بە نیوەشەو. یەکسەر دەنگی هەرا و هەنسک لە ژوورەوە هات. کچە بە نیگەرانی سەیری دەوروبەری خۆی کرد. هەموو کون و کەلەبەرێک گەڕا بەڵام هیچی نەدۆزییەوە. هەرا و هەنسکەکە هەر زیادی کرد و گەورە بوو. لەپڕ دونیا کش و مات داهات. گەنجێکی کۆک دەرکەوت، لە کچەکە چووە پێش و بە دەنگێکی دۆستانە پرسیاری لێکرد:

– پێم بڵێ ئەم هەموو شتە بۆ کێ ئامادە دەکەی؟

کچە، لە گەنجە قۆزەکە وردبووەوە و هەستێکی جیا لە هەستی دوو خوشکەکەی لەلا پەیدا بوو، وەڵامی دایەوە:

– ئەم خواردنەم بۆ خۆم لێناوە، بەڵام ئەگەر حەز بکەی بای تۆش دەکا.

کوڕەکە رووی کرایەوە و پرسی:

– ئەی ئەم سفرەت بۆ کێ داخستووە؟

– بۆ خۆم دامخستووە، بەڵام ئەگەر حەز دەکەی با بۆ تۆش بێ.

ئەی ئەم چوارپا و نوینەت بۆ کێ ڕێک خستووە؟

– بۆ خۆم ڕێکم خستووە، بەڵام ئەگەر دەتەوێ با بۆ تۆش بێ.

گەنجەکە هەر وەخت بوو لە خۆشییان شێت ببێ، هاواری کرد:

– دەست خۆش کە منت لە بیر نەکرد... بەڵام تکایە نەختێ چاوەڕێ بکە، یەکەم جار دەچم ماڵاوایی لەوانە دەکەم کە بە درێژایی ئەو ماوەیە خزمەتیان کردم.

کزەبایەکی فێنک لە ژوورەوە هەڵیکرد. درزێکی قووڵ لە ناوەندی ژوورێ پەیدا بوو. گەنجەکە بە ئارامی و سووکی شۆڕ بووەوە ناو درزەکە. کچی ئاشەوانیش تەشک ودامەنی هەڵکرد و بە دووی داچوو چونکە دەیەویست بزانێ دەچێتە کوێ.

بنەوە دونیایەکی تر بوو. لەلای دەستەراست جۆگای زێڕ دەڕۆیشت و لەلای دەستە

چەپ چیای زێڕ دەبریقایەوە. لە ناوەڕاستیش مێرگێکی گەورە و هەرا و بوو، تا چاو بڕەکا درێژ ببووەوە، هەزاران گوڵی جۆراوجۆری تێدا بوو. گەنجەکە بە ڕێچکۆڵەیەک دا ڕۆیشت و کچە چەند هەنگاوێک دوور، دوا بەدوای دەڕۆییشت. لەسەر پەنجەی پێ دەڕۆیشت بۆ ئەوەی کەس گوێی لێ نەبێ.

هەردووکیان ماوەیەکی زۆر بەم جۆرە ڕۆیشتن. گەیشتنە دارستانێکی زیو. کە نزیک دارستانەکە بوونەوە، ئاژەڵی ناو دارستانەکە بە غار هاتن و لە دەوری گەنجەکە کردیانە بازبازێن. ئەویش یەک یەک دەستی پێدا هێنان. لەو کاتەدا، کچەکە لقێکی بڕییەوە و بە وردی لەناو چارۆکەی خۆی پێچا.

لەوێ ڕۆیشتن، گەیشتنە دارستانێکی تر هەمووی زێڕی خوڕ و ساف بوو. کە نزیک دارستانەکە بوونەوە، بێ ژمارە ڕەوە باڵندە هاتنە پێشوازییان. بە ئاوازێکی زۆر خۆش دەیانخوێند. لە دەوری گەنجەکە باڵەفڕەیان دەکرد. ئەویش بە میهرەبانی دەستی پێدا دەهێنان. بەمە ڕوخسەتی لێ دەخواستن. کچەکە لقێکی بچووکی لێ کردەوە و لەناو دەسرۆکی پێچا و لە دڵی خۆیدا گوتی:

– کێ دەڵێ خوشکەکانم پێم بڕوا دەکەن، ئەگەر بۆیان بگێڕمەوە چوومەتە کوێ و چیم دیوە؟

– کە گەنجەکە ڕوخسەتی ڕۆیشتنی لە هەموو ئەوانە خواست کە ئەو ماوەیە چاکەیان لەگەڵ کردبوو، بایداوە و ڕێگای گەڕانەوەی گرتە بەر. کچەکە زۆر بە کپ و هێمنی شوێنی کەوت، کچە، کە گەیشتە لای درزەکە، دامەنی کراسی نەختێ هەڵکرد و سەرکەوتەوە بۆ ناو ئەو ژوورەی پێش نەختێ جێیان هێشتبوو. گەنجەکە گوتی:

– ڕوخسەتی ڕۆیشتنم خواست، ئێستا دەتوانین بە شێنەیی خواردنی خۆمان بخۆین.

کچەکە ئەو چێشتەی لێینا بوو لە قاپی کرد و داینا. بە دوو قۆڵی دەستیان بە خواردن کرد. دڵیان زۆر خۆش بوو، گەنجەکە گوتی:

ئێستا با پاڵ بدەینەوە.

لەسەر چوار پا و نوێنە پاک و خاوێنەکە ڕاکشان، بەڵام کچی ئاشەوان دوو لقە زێڕ و زیوەکەی لە بەینی خۆی و گەنجەکە درێژ کرد.

دوای ماوەیەکی کەم، بەدەم خۆشترین خەونەوە خەویان لێکەوت.

ڕۆژی پاشی، ڕۆژ گەیشتە تاقی ئاسمان و کچە وەکوو خوشکەکانی نەچووە لای کابرای دەوڵەمەند. کابرای دەوڵەمەند ئۆقرەی لێ هەڵگیرا، نەختێکی تر چاوەڕێی کرد.

که هیچ هەست و خوست له ژوورەکه نەهات، وایزانی کچه بەڵایەکی بەسەرهاتووە. ویستی بچێته ژوورەوه بزانی مەسەله چییه، بەڵام دەرگا کلیل درابوو.
کابرای دەوڵەمەند بڕیاری خۆی دا. به خەڵکەکەی گوت دەرگا له گرێژنه ببەن. که دەرگا بووەوه و دیتی کوڕه گومبووەکەی له تەک کچی ئاشەوان لەسەر چوار پا راکشاوە، ئەوەنده کەیفخۆش بوو به کەس باس ناکرێ. کوڕ و کچه لەو هەرا و هۆریایه به خەبەر هاتن. باوکه وەخت بوو له خۆشییان پەڕ و باڵ دەربکا. زیافەتێکی گەورەی کرد و هەموو خانەدان و گرەگرەکانی دراوسێی بانگێشت کرد بۆ ئەوەی بەشداری ئەم خۆشییه گەورەیەی بکەن.
گەنجەکە، که دوو لقەکەی له تەنیشت خۆی بینی، واقی وڕما، گوتی:
– مانای وایه تۆش هاتیته دونیای ژێرەوه؟ مادام تۆ ئەوەنده وەفادار بووی بۆ من و منت رزگار کرد، ئەم دوو لقه بۆ خۆمان دەکەم به دوو کۆشک.
گەنجەکه دوو لقەکەی له پەنجەرەوه فڕێ دایه دەرێ، دوو کۆشکی گەورە و باسەفا لەو ناوه قیت بوونەوه: یەکی زێڕ و یەکی زیو.
کچی ئاشەوان و گەنجه ئازاد کراوەکه، بەخۆشی و شادی لەو کۆشکانەدا ژیان.

❊ ❊ ❊

# ٢١ـ ڕاوکەر



هەبوو نەبوو،

رۆژێ لە رۆژان، لە دەشت و دۆڵێکی دوور دوور، راوکەرێک هەبوو تەنیا گۆشتی گیانداری کیوی دەخوارد. گۆمێک لە نزیکماڵەکەیان هەبوو، هەموو جارێ تەختەدارێکی دەکردە بەلەم و بەناو گۆمەکەدا دەگەڕا و هەرچی چاوی پێ بکەوتایە راوی دەکرد.

رۆژێکیان... پۆلە مراوییەکی کیوی لەسەر گۆمەکە نیشتن. کابرای راوکەر ویستی نەک تەنیا مراوییەک بەڵکوو هەموو مراوییەکان راو بکا. بۆ ئەم مەبەستەش نەخشەیەکی تۆکمەی دارِشت. نەخشەکە چ بوو؟:

بیری کردەوە مراوی کە مار قووت دەدا، مارەکە هەمووی دەخزێتە ناو هەناوی و لەو لاوە دەچێتە دەرەوە و کە چووە دەرەوە مراوییەکی تر دەیقۆزێتەوە. کە مارەکە لە هەناوی مراوی دووەم دەرچوو، مراوی سێیەم دەیقۆزێتەوە... بەم جۆرە تا هەموو مراوییەکان بە مارەکەوە هەڵدەواسرێن.

راوکەرەکە پەتێکی درێژی هێنا و بە بەز و دۆن چەوری کرد و سواری تەختە بەلەمەکەی بو و چووە ناو زەل و قامیشی گۆمەکە و پەتە چەورەکەی لەدوای خۆی راکێشا. پەتەکە لەسەر ئاو دەجوولایەوە.

کابرا چاوی بڕییە مراوییەکان. مراوییەکان هاتن، دەنووکیان لە ئاو دەدا و لە خواردن دەگەڕان. یەکێکیان دەنووکی لە سەری پەتەکەدا و قووتی دا. پەتەکە بەناو هەناوی دا رۆیشت و لەو سەری چووە دەرەوە. مراوی دووەم سەرەکەی قۆستەوە و دوای ئەویش مراوی سێیەم بەم جۆرە هەموو مراوییەکان بە پەتەکەوە هەڵواسران. راوکەرەکە سەرەکەی تری پەتەکەی توند لە پشتی خۆی بەستبوو. کە مراوییەکان هەموو پێوە بوون، ئەو سەولە درێژەکەی چەند جارێک لە ئاوەکەدا و بەلەمەکەی بردە ناو گۆمەکە. مراوییەکان لە شڵپەی ئاوەکە ترسان، فڕین و بەرزبوونەوە ئاسمان. لەبەر ئەوەی مراوییەکان گەلێ زۆر بوون، راوکەرەکە پێی بەرزەفت نەکران. راوکەرەکەیان لەگەڵ خۆیان بڵند کرد. کێ دەزانێ؟ لەوانەیە هەجەلی هاتبێ. بەڵام راوکەرەکە بەختی هەبوو، مراوییەکان بەسەر خانووە بچووکەکەی ئەودا فڕین. خانووەکەی دووکەڵکێشێکی گەورەی بەسەرەوە بوو. راوکەرەکە خۆی بە دووکەڵکێشەکەوە گرت و چووە ناوی.

بەم جۆرە مراوییەکانی گرت و سەری بڕین و ئاوەڕووتی کردن و هەناوی پاک کردنەوە

و برژاندنی و هەمووی خوارد، چونکە بەڕاستی خواردنێکی خۆش و بەتام بوو. کە لەم زیافەتە گەورەیە بووەوە، لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە:

– ئەگەر لێرە بمێنمەوە، بێ شک لە برسان دەمرم.

ئەوە بوو بڕیاری دا بە سکی تێر نەک بە سکی برسی بە دونیای گەورە و فراوان دا سەفەر بکا. چەند چیا و دۆڵی بڕی. کە شەو داهات، لەبەر تریفەی مانگ لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو، تا گەیشتە کابرایەک تفەنگی لە مانگ راگرتبوو، دەیەویست گوللەی پێوە بنێ. لە کابرای پرسی:

– برا، ئەوە بۆچی نیشانەت لە مانگ گرتووە و دەتەوێ گوللەی پێوە بنێی؟

کابرا وەڵامی دایەوە:

– وا نەکەم ئەدی چ بکەم؟ ئەو چیایەی سەر مانگ دەبینی؟ کۆلارەیەک هێلانەی لەسەر ئەو چیایە کردووە، دەمەوێ راوی بکەم بەڵام ئەوەندەی دەکەم سەر دەرناهێنێ.

راوکەرەکە گوتی:

– تۆ واز لەوە بێنە. لێگەڕێ ئەو کۆلارەیە بە سەلامەتی فەرخەکانی خۆی بەخێو بکا. وەرە لەگەڵ من بچین لەم دونیایە بگەڕێین.

راوکەرەکە زۆر زەحمەتی کێشا تا کابرای رازی کرد. کابرا بەگەڵی کەوت و بەیەکەوە کەوتنە ڕێ. ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن تا گەیشتنە کابرایەک. کابرا تفەنگی لە لێرێک راگرتبوو دە قۆناغ دوور بوو. سڵاویان لێکرد و گوتیان:

– کابرا، ئەوە تۆ سێرەت لە چ گرتووە؟ ئاوها تەماشا دەکەی؟ وەختە چاوت دەرپەڕێ.

کابرا وەڵامی دایەوە:

– ئەی وا نەکەم چ بکەم؟ من پێویستم بە کەبابە. رەوە مامزێک دێنە ناو ئەو مێرگەی ئەوێ. هەر یەکێکیان لەناو لێڕ بێتە دەرەوە پەلاماری دەدەم و دەیگرم. ئەوها نەبی کەبابم دەست ناکەوێ.

راوکەر و هاوڕێکەی پێیان گوت:

– کاتی خۆت بە گەڕان و چاوەڕوانی، لێرە بە فیڕۆ مەدە. لەگەڵ ئێمە وەرە. ئێمە دەمانەوێ دونیا بگەڕێین و شارەزای دونیا ببین.

زۆری بە بەردا کەوتن تا رازیان کرد لەگەڵیان بچێ. کابرا بە گەڵیان کەوت. بە سێ قۆڵی ملی رێیان گرت و ڕۆیشتن. ڕۆیشتن تا گەیشتنە کابرایەک، بێ ئەژمار زنجیری بە

کۆڵەوە بوو. لێیان پرسی:
– کابرا، ئەوە دەچیتە کوێ و ئەم زنجیرانە دەبەیتە کوێ؟
کابرا وەڵامی دایەوە:
– بچمە کوێ؟ لێڕ لە نزیک ماڵمانەوە نییە. دەچم ئەم زنجیرانە لە دەوری لێڕێکی دوور دەبەستم و رایدەکێشم دەیهێنمە نزیک ماڵەکەم بۆ ئەوەی کە پێویستمان بە گزرە دار بوو، خزمەتکارەکەم ناچار نەبێ ئەوەند دوور بچێ.
راوکەر و دوو هاوڕێکەی یارمەتییان دا و لێڕێکی دووریان هێنایە نزیک ماڵیان. ئەویش داوەتی کردن بۆ ماڵەوە و شیر و نڤیشکی پێشکەش کردن. ئەوانیش ئەم دانیشتنەیان بە هەل زانی بۆ ئەوەی رازی بکەن لەگەڵیان بچێ بە دونیادا بگەڕێ. کابرا بەگەڵیان کەوت و هەر چواریان رۆیشتن.
ماوەیەک رۆیشتن گەیشتنە پیرەمێردێک لەسەر بەردێک دانیشتبوو، کونە لووتێکی خۆی گرتبو و بە کونە لووتەکەی تر فووی دەکرد. لێیان پرسی:
– ئاپۆ، ئەوە بۆچی ئاوها فوو دەکەی؟
کابرا وەڵامی دایەوە:
– چۆن وا فوو نەکەم؟ ها، ئەو ئاشە دەبینن؟ لەوێ لەسەر ئەو بڵندایییە؟ بەو فووە پەڕەکانی دەسووڕێنم. بۆیەش بە هەردوو کونە کەپوو فوو ناکەم چونکە دەترسم ئاشەکە تێک بشکێ.
گوتیان:
– ئاپۆ، کاتی خۆت بە سووڕاندی پەڕی ئەم ئاشە بە فیڕۆ مەدە. لەگەڵ ئێمە وەرە، تۆ ئەوها بکەی خۆت دەفەوتێنی.
پیرەمێرد بە قسەی کردن و بە گەڵیان کەوت.
ئیتر ئەوە بوون بە پێنج کەس! ئەو پێنج کەسە خۆیان بە باشترین پیاوی هەموو دونیا دەزانی. بە دونیادا دەگەڕان و ئیشی وایان دەکرد هەر ناگوترێ. ئاخیری گەیشتنە وڵاتی تورکان. پاڵەوانێتی خۆیان لەبەردەم سوڵتان پێشکەش کرد. ئەویش داوەتی کردن. لەسەر خوان، ئەو پێنج پیاوە زۆر بەتام و چێژی شەرابی وڵاتی (توکای)ان هەڵگوت و گوتیان ئەو شەڕابە نەبوایە، ئێمە ئاوها شارەزا و کارامە نەدەبووین. ژنی سوڵتان کە ئەوەی بیست مەراقی گرت و ویستی، با بۆ جارێکیش بێ، تامی شەرابی وڵاتی (توکای) بچێژێ. راوکەرەکە گوتی:

– باشە، ئێمە وا لەسەر خوان دانیشتووین و قسە دەکەین، هەر ئێستا یەکێ لە پیاوەکانم دەچێ هەندێ لەو شەرابە دێنێ و دێتەوە.
سوڵتان سەری بادا و گوتی:
– دەمەوێ بزانم شتی وا چۆن دەکرێ. هەر موستەحیلە پیاوەکانت بتوانن بەم ماوە کەمە بچنە چیا، بۆ ئەو شوێنەی رەزی (توکای) لێیە و بێنەوە.
کە راوکەرەکە، پێیدا گرت، پاشا گوتی:
– باشە، ئەگەر بتوانن یەک بادە شەرابی (توکای) م بۆ بێنن و بەم زیافەتە رابگا، تا پێتان هەڵدەگیرێ زێڕتان دەدەمێ، بەڵام ئەگەر پێتان نەهات لەسەری هەمووتان دەدەم.
هاوڕێکانمان بە ملیان داهات، بیانەوێ و نەیانەوێ، دەبوایە هەوڵی خۆیان بدەن. راستی، ئەمە بۆ ئەو پیاوەی کاتی خۆی چاوەڕێی مامزەکانی دەکرد لە لێڕ بێنە دەرەوە، هەر هیچ نەبوو. دەیتوانی بە یەک باز بگاتە وڵاتی (توکای) و بادە شەرابەکە بێنێ. بەڵام کابرا چو و نەهاتەوە. ژنی سوڵتان لە نەهاتنەوەی بێزار بوو، ویستی بڕوا و خوان جێ بێڵێ. راوکەرەکە بانگی ئەو پیاوەی کرد کە کاتی خۆی تفەنگی لە مانگ راگرتبوو، گوتی:
– تەماشا کە بزانە هاوڕێکەمان لە کوێ گیر بووە.
کابرا تەماشای کرد دیتی هاوڕێکەیان لەبن دار بەهێیەک، لە دەم رێگا، خەوی لێکەوتووە. تیرێکی لە تیردانی دەرهێنا و لەبەر کەوانی ناو نیشانەی گرت و لە بەهێیەکی سەر دارەکەی دا. بەهێکە بەسەر سەری کابرای نووستوودا بەربووەوە و بە خەبەری هێنا. کابرا بە پڕتاوی گەڕایەوە و بادە شەڕابێکی هەرە نایابی (توکای) هێنا. سوڵتان و ژنەکەی خواردیانەوە. سەریان سووڕا و نەیانتوانی هەستنەوە.
سوڵتان ناچار بوو خەزنەداری لەگەڵ ئەو پێنج کەسە نارد، بۆ ئەوەی دەرگای خەزێنەیان بۆ بکاتەوە و چەند زێڕیان پێ هەڵگیرا بۆ خۆیان ببەن. بەڵام خەزنەدار درەنگی بەسەردا هات و هەر نەهاتەوە. سوڵتان سەربازێکی خۆی بە دوادا نارد. پاش قەیرێ، سەربازەکە هاتەوە، گوتی:
– پاشای گەورە و مەزن! پیاوەکان هەموو خەزێنەیان ماشیوەتەوە و چی تێدا بوو هەموویان بردووە، هیچیان تێدا نەهێشتووە:
کە خەزنەدار پیاوەکانی بردە ناو خەزێنە و دەرگای لەسەر کلیل دان، ئەوان زنجیریان

له دەوری ژوورەکە بەست و رایانکێشا گەیاندیانە کەنار و له کەشتییەکیان بار کرد و رۆیشتن.

سوڵتان له دوای میری دەریای نارد و لەشکرێکی دەریاییان ئامادە کرد و چوون. به سواری خێراترین کەشتی چوون. کەوتنە دوای پیاوەکان، ئەوەندەی نەمابوو بیانگەنێ و بیانگرن، راوکەرەکە رووی کردە ئەو پیرەمێردەی کاتی خۆی دەیەویست پەڕی ئاش بسووڕێنێ و پێی گوت:

– ئاپۆ، ئەوە تۆ له کوێی؟ دەی ئێستا وەختیەتی، پێمان پێشان بدە چەند له ئیشەکەتا شارەزای!

پیرەمێرد چووە سەر دارئاڵای کەشتی و به کونە کەپوویەکی فووی له چارۆکەی کەشتی خۆیان کرد و به کونە کەپووەکەی تر فووی له چارۆکەی ئەو کەشتییە کرد که به دوایانەوە بوو و راوی دەنان، تا ماوەی نێوان دوو کەشتییەکە گەیشتە دەوری دە قۆناغ.

سوڵتان هەر وەخت بوو له رکان شەق بەرێ.

لەولاوەش پیاوەکان به ساغ و سەلامەتی گەیشتنەوە وڵاتی خۆیان. زێڕەکەیان به یەکسانی و دادپەروەری له بەینی خۆیان داش کرد و به بەختەوەری ژیان.

❊ ❊ ❊

# ٢٢- سێ دارەخت



**هەبوو نەبوو،**

کابرایەکی دەستکورت هەبوو، سێ کوڕی هەبوو. دوو برا گەورەکە باش و بە لوتف بوون، کەچی برا بچووکەکە تا بڵێی گێل و کەودەن بوو، بۆیە خەڵک پێیان دەگوت: (گێلەی پیس).

ڕۆژێ، باوکە کوڕەکانی بانگ کردە لای خۆی و پێی گوتن:

- ڕۆڵەکانم، خۆتان دەبینن لە چ ژیانێک داین: هەرچی دەکەین بە مەبەستی خۆمان ناگەین. ئێوە ئێستا پێڕاگەیشتوون، دەتوانن بچن بەختی خۆتان تاقی بکەنەوە. جا خۆتان بپێچنەوە و بڕۆن بکەونە ناو ئەم دونیایە، بزانن چۆن دەبێ؟

کوڕەکان بە قسەی باوکیان کرد. هەر چۆنی بوو، بە پەلەپەل خۆیان کۆکردەوە و بۆ بەیانی بەڕێ کەوتن. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن. چاویان دەکەوتە سەر چ لایەک ڕوویان دەکردە ئەولا. ڕۆیشتن تا گەیشتنە دووڕیانێک. نەختێ وەستان و بەچاو پرسیاریان لەیەک کرد، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند. دوو برا گەورەکە ڕێگای دەستە ڕاستیان گرت، کە ڕێگایەکی ڕاست و خۆش بوو، بە برا گچکەشیان گوت:

- تۆ دەبێ بچیتە ڕێگاکەی تر. ئەو ڕێگایە بۆ گێلێکی وەکوو تۆ باشە.

برای گچکە هیچ چارەی نەبوو. ناچاربوو چووە ئەو ڕێگا سەخت و ناخۆشە. تا ناو قەدی کەوتە ناو گیا و گۆل. ڕێی کەوتە ناو لێڕێکی چڕ. تا زیاتر دادەکشایە ناو قووڵایی لێڕەکە، لێڕەکە چڕتر و تاریکتر دەبوو. بێرە و بەوێ دا گەڕا. بە تەلانی ڕکدا هەڵگەڕا، لە نشێوی سەخت شۆڕ بووەوە. تا بەوەندە شەنگ و تاقەتەی مابووی گەیشتە مێرگێک سێ درەختی تێدا بوو. درەختەکان لە تەنیشت یەک ڕوا بوون. درەختی کەتە و زل بوون و چلەپۆپەیان چڕ و پڕی گەڵا بوو. تا زیاتر لێیان ورد دەبووەوە، زیاتر لێیان دەترسا و دەپەشۆکا، چونکە لە ژیانی خۆی هیچ درەختی وای نە لێرەو نە لە هیچ شوێنێ نەدی بوو. ئاخیری چیتر خۆی پێ سەخڵەت نەکرد. کەیفیشی هات کە هیچ نەبێ گۆشەیەکی چۆل و چەپەکی دەست کەوت کەمێ لێی بحەسێتەوە. ئیتر لە سێبەری درەختەکان پاڵی دایەوە.

ماوەیەک وا بوو، ئینجا هەستا سەیری دەوروبەری خۆی کرد. غەرە بەردێکی گەورەی دی. باش تەماشای کرد، دیتی کنێکی تێدایە دەڕواتە خوارێ بۆ ناو زەوی. بیری کردەوە،

بە وردی ئەو کونە بپشکنێ. هەستا، زۆر بە سەنگینی لە کونەکە نزیک کەوتەوە. چووە ناو کونەکە، دەبوایە خۆی کووڕ بکاتەوە، چونکە کونەکە زۆر تەسک و تریسک بوو. شتی زۆر سەیر و سەمەرەی تێدا بوو. ئەگەر چی دڵی کەوتە کوت کوت، بەڵام گوێی نەدایە و بوێرانە ڕۆیشتە خوارێ. کونەکە هەنگاو بە هەنگاو گەورەتر و فراوانتر دەبوو. تاریکاییەکی ئەنگوستەچاو بوو. تەنیا یەک ترووسکە روناکی تێدا بوو.

بە دڵنیاییەوە، ئازایانە چووە پێش. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا کت و پڕ خۆی لە بەردەم دەرگایەکی شووشە دۆزییەوە. پشتەوەی ژوور بوو. ژوورەکە مێزێکی یەک نەفەری لە ناوەڕاست بوو. چوار پا و نوینێکی تازە و ڕێکیش لەبن دیوار بوو.

گەنجەکە برسی بوو. بێ ئەوەی کەس فەرمووی لێ بکا، خۆی چوو لەسەر مێزەکە دانیشت و ئەوەی پێی خۆش بوو خواردی. ئەوسا بە شێنەیی دەرگایەک لە دیواری پشتەوە کرایەوە و کچێکی جوان و نازدار هاتە ژوورەوە، گوتی:

– بەخێر بێی! بەخێر بێی (جان)، لەمێژە چاوەڕێت دەکەم.

گەنجەکە ئەمەی هەموو بەلاوە زۆر سەیر بوو. بە تایبەتی کە کچەکە بەناوی خۆی بانگی کرد. نەیزانی چۆن وەڵام بداتەوە، بەڵام بەخێرهێنانی گەرم و گوڕی کچەکە وای کرد هەست بکا ئەمە ماڵی خۆیەتی. کاتێ کچەکە پێشنیاری بۆ کرد ئەگەر حەز دەکا دەتوانێ بۆ خۆی پاڵ بداتەوە و بخەوێ، ڕانەوەستا لێی دووبارە بکاتەوە. هەر کچە ڕۆیشت، ئەو هێدی خۆی خزاندە ناو نوێنی گەرم و نەرم و تا بەیانی وەکوو جورجە کوێرە خەوی لێکەوت.

بەیانی کە بەخەبەر هات دیتی گۆشت و نانی تایبەتی بۆ داندراوە. پاش نەختێ، دووبارە دەرگای پشتەوە کرایەوە، کچۆڵەکە هات و گوتی:

– (جان) داوایەکم لەتۆ هەیە. ئەو سێ درەختەی مێرگی سەرەوەم بۆ ببڕەوە. جا ئەگەر دەزانی بە سێ مانگ پێت تەواو دەبێ، هەر ئێستا لێی وەخۆ کەوە، پاداشتێکی باش وەردەگری.

گەنجەکە وەڵامی دایەوە:

– ئەگەر بتەوێ، دەیانبڕمەوە.

یەکسەر دەستی بە ئیش کرد. دەستی دایە تەور و یەک دوو تەوری لێدا، دەتگوت تەور لە بەرد دەدا. هەموو جارێ کە لێێ دەدا، وەک ئەوەی لەبەر دەستێ بدا، تەورەکە هەڵدەقۆزییەوە. بەڵام نەتەی بەر نەدا. هەر بەردەوام بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ ئیشەکە ئاسانتر

دەبوو. هەموو رۆژێکیش کچەکە بە رێک و پێکی خواردنی بۆ دەهێنا. پاش یەک مانگ، درەختی یەکەم بڕایەوە. دەق لەو کاتەدا، سێیەکی لێڕەکە نەما. پاش مانگێکی تر درەختی دووەم بڕایەوە و سێیەکێکی تری لێڕ نەما. لە کۆتایی مانگی سێیەم، درەختی سێیەم بڕایەوە و لەگەڵ بەربوونەوەی ئەم دارە، سەراپای لێڕ بزر بوو نەما.

کە (جان) لەم ئەرکەیا بووەوە و هەناسەی هاتەوە بەر، کچەکە پێی سپارد، بە سێ مانگ سێ درەختە کەوتووە کە شەق شەق بکا و دارەکان بۆ سووتان لەسەر یەک کەلەکە بکا و ئاگریان تێ بەر بدا.

کە ئاگرەکە داگیرسا و گڕی بەرزبووەوە، لە هەموو لایەکە وە خێو دەهاتن و لە دەوری ئاگرەکە دەخوولانەوە. کچەکە قامچییەکی دایە گەنجەکە و داوای لێکرد لە دەوری ئاگرەکە غار بدا و بە قامچی لە خێوەکان بدا. هەر خێوێک قامچی پێ بکەوتایە، خۆی فڕێ دەدایە ناو ئاگرەکە.

ئەم بەزم و رەزمە حەفت شەو و حەفت رۆژ بەردەوام بوو. کە دارەکان هەموو سووتان و ئاگرەکە کوژایەوە، (جان) لەسەر زەوی راکشا. ئەوەندە شەکەت بوو، ئاگای لە عەمری بێزار نەبوو. چەند رۆژێک لەسەر یەک نووست. ئاخیری بە ئاگا هات. کە بە ئاگا هات، خۆی لە هۆڵێکی خۆش و باسەفا دۆزییەوە. جلێکی سپی پۆشتە و پاک و خاوێن و نەخشینی لەبەر بوو. ترسا و لەناو نوێن دەرپەڕی. ئاوێنەیەکی باڵانما لە ژوورەکە بوو. لە ئاوێنەکە سەیری خۆی کرد، ئەوەندە ترسا بوو، خۆی نەناسییەوە. دوای کەمێ، گەنجێک هاتە ژوورەوە و گوتی:

–شازادە پاشا فەرموو ئەمرت لەسەر چییە؟

(جان) ئەوەندە بە حەپەساوی تەماشای کرد، هەر وەخت بوو چاوی دەرپەڕێ، چونکە تا ئێستا نەیدەزانی ئەم هەموو شتە چییە روو دەدا. گەنجەکە ئیکلامی بۆ کێشا و کشایەوە و رۆیشت. دوای نەختێ گەنجێکی تر و ئینجا گەنجێکی تر هات. پەڕ و شاهانەی نایابیان پێوە کرد و گەڕانەوە. ئەوسا سێزدە کچ بە جلی سپی هاتنە ژوورەوە. سوپاسیان کرد کە رزگاری کردوون. ئینجا پێیان گوت لە پاداشتی ئەو کارەیا، دەتوانێ زەماوەند لەگەڵ یەکێکیان بکا. کوڕە نەختێ دوو دڵ بوو. بیری کردەوە ئاخۆ شتێکی رەوایە ئەم پێشنیارە قبووڵ بکا یان نا؟ و ئەگەر قبووڵی بکا، کامەیان هەڵبژێری؟ چونکە کچەکان یەک لەیەک جوانتر بوون. دیماهی، زاتی دایە بەر خۆی و گوتی:

– ئەگەر مەسەلەکە وا بێ و بۆم هەبێ یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوەی دەیکەم بە هاوسەری

خۆم هەر ئەوەیە کە لەوەتی هاتوومەتە ئێرە خزمەتی کردووم و چاکەی لەگەڵ کردووم.

هەر سێزدە کچ بە یەکەوە وەڵامیان دایەوە:

– کەواتە خۆت بیناسە و خۆت هەڵیبژێرە.

کچەکەیان لەگەڵ دا بوو، کوڕە بە پەنجە ئاماژەی بۆ کرد، کچەکە هەر رای کرد بۆ لایەوە و هامێزی تێوەرهێنا و دەستی لە ملی کرد. کچەکانی تریش دووبارە سوپاسی کوڕەکەیان کرد و کشانەوە و رۆیشتن.

(جان) و دەزگیرانەکەی بە تەنیا مانەوە. ئەوسا کچەکە کاکڵەو نهێنی رووداوەکەی بۆ گێڕایەوە:

ئەم کۆشکە لە جێی ئەو سێ درەختە قیت بۆتەوە کە تۆ بڕیتەوە. لێڕەکەش بووە بە وڵاتێکی گەورە و بە پیت و بەرەکەت. ئێرە کاتی خۆی جادووی لێ کرابوو.

پاش ئەم قسانە، کوڕەی کرد بە پاشاو سەرانسەری وڵات بەیەکەوە گەڕان و ئاخیری زەماوەندیان کرد.

مەسەلەکە بەوەندە نەبڕایەوە. شاژن دەیزانی (جان) پەروەردەیەکی پاشایانە نەکراوە. پیاوە هەر زانا و تێگەیشتووەکانی وڵاتی بانگ بۆ ئەوەی چاک فێری رێ و شوێنی پاشایەتی بکەن. پاشای گەنج هەر زوو فێری هەموو رێ و رەسم و داب و نەریتی پاشایەتی بوو.

بەم جۆرە، کاروباری وڵات بە رێک و پێکی دەڕۆیشت. ماوەیەک تێپەڕی، شاژن وای بە باش زانی کابرا سەردانێکی دایک و باوکی بکا.

کوڕە بە خۆ و بە شاژن سواری عارەبانەیەکی شکۆمەند بوون و بە رێ کەوتن، چەند سوارێک لە نواوە و چەند سوارێک لە دواوە دەڕۆیشتن. کوڕە جلە کۆن و شڕەکەی خۆیشی برد ئەوەی کە وەختی خۆی لە ماڵەوە دەرچوو، لەبەری بوو.

کە گەیشتنە هندا و دێ، دیتیان چەند شوانێک لەبەر مێگەلە مەڕێکی گەورەن. پاشای گەنج دوو براکەی خۆی لەناو شوانەکان ناسییەوە. لە عارەبانە بازی دایە خوارێ و جلە کۆنەکەی جارانی کردەوە بەر و هەر رای کرد بۆ لای براکانی. براکانی چاک و چۆنییان لەگەڵ کرد و وەکوو جاران گوتیان:

– سەیر کە... سەیر کە! ئەمە گێلە پیسەکەی خۆمانە. گێلە، پێمان بڵێ لە کوێ بووی؟ و لە کوێوە دێی؟

پاشا وەڵامی دایەوە:
- ئەوەتا دەمبینن!
ئینجا قامچی وەرگرت و رایهەژاند. عارەبانەی شاهانە و دەست و پێوەندەکانی بە هەرا و هۆریا بزووتن. شوانەکان ترسان و هەڵاتن. (جان) گەڕایەوە لای عارەبانەکەی.
لە گوند، ئۆردوویان بۆ سەربازەکان چێ کرد، بەڵام پاشا ویستی لای دایک و باوکی بخەوێ. دایبابی، کە زانییان پاشا میوانیان دەبێ، لە خۆشییان هەر وەخت بوو شێت بن. نەیانزانی چی بۆ بکەن. پێشەکی تەوازۆیان بۆ هێنایەوە نەوەک شتێکی بە دڵ نەبێ. قسە بە قسە، پاشا باسی کوڕەکانی لێ پرسین. دایکە فرمێسکی لە چاو قەتیس ما. باسی (جان)ی کوڕە گچکەی خۆی بۆ کرد کە ماوەیەکی زۆرە لە ماڵەوە دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە. باسی کرد کە (جان)ی لە دوو براکەی دی خۆشتر دەوێ، چونکە لە هەموویان گوێ رایەڵترە.
پاشا پێی گوت:
- مەگری! دڵت فەڕاح کە. هەر دەگەڕێتەوە.
پاشا پارەی دایە دایکی، کەرەستە بۆ چێشتی ئێوارە بکڕێ. دایکە ئاگری کردەوە و دەستی بە شیو لێنان و گۆشت برژاندن کرد. پاشا، کەمێ دوورکەوتەوە و بە جلە کۆنەکەی (جان)ی تاین هاتەوە. دایکە، کە چاوی پێکەوت هەر لەزگ بوو لە خۆشییان باڵ دەربکا. خەریک بوو چێشتەکە لەبیر بکا. (جان) وای پێشان دا سەرمایەتی. کۆدەرە بەرازێک لە شیش درابو و لەسەر ئاگر بوو، (جان) داوای لە دایکی کرد رێی بدا شیشەکە وەربگێڕێ و نەختێ خۆی لەبەر ئاگر گەرم بکاتەوە. دایکە گوتی:
- باشە، کوڕم! شیشەکە وەربگێڕە و باش چاوت لێ بێ تا دێمەوە.
(جان) دەستی دایە چەقۆیەک و لاڕانێکی بەرازە برژاوەکەی لێ کردەوە. کە دایکە هاتەوە و دیتی رانێک نەماوە، هاواری کرد:
- دەک هەزار تووک و نەفرەتت لێدا، ئاوها چاوت لە گۆشت برژان دەبێ!
بەدەم تووک و جوێن لەناو مدبەق دەری کرد.
کاتی شێو خواردن، پاشا بە جلی پاشایەتی لەسەر خوان دانیشت و زۆر بە تامەزرۆیی کەوتە سەر خواردن.
پاش شێو خواردن، نوێنیان بۆ پاشا و شاژن بە جیا راخست، بەڵام دوو برا گەورەکە چوون لەبەر ئاگردان نووستن. پاشا نەختێ دوور کەوتەوە و بە جل و بەرگی شڕ و وڕی

(جان) هاتەوە. دوو براکەی سەر کۆنەیان کرد گوتیان بۆچی دواکەوتی؟ ئەگەر زووتر بهاتیتایەوە بۆ خۆت پاشات دەدی.
ئینجا پێیان گوت:
– دەی برۆ لەبەر ئاگردان پاڵ دەوە.
(جان) ویستی بە ئیسراحەت بخەوێ، کەلەکەی گۆڕی و گوتی ئەم بەرئاگردانە خۆش نییە. خەریک بوو بڕوا، دوو براکەی پەلاماریان دا و بە لێدان هێنایانەوە جێێ خۆی. دوای کەمێکی تر، (جان) هەوڵێکی تری دا و دووبارە کۆڵێ جوێن و قسەی ناشیرینی خوارد. جاری سێیەم، بیرێکی تری لێکردەوە. هەستا لەبەر ئاگردان رۆیشت و خێرا چوو خۆی خزاندە پاڵ شاژن. براکانی رایان کردە لای و بانگی باوکیان کرد. بە هەموویان (جان) یان لەناو نوێنی شاژن راکێشایە دەرێ. لەو پڕکێش پڕکێشە (جان) کراسەکەی دڕا و ئەستێرەی شاهانەی لەسەر سنگ دەرکەوت.
هەموو بۆی چوونە سەر چۆک و داوای بوردنیان لێکرد. پاشا لێیان خۆش بو و گوتی: ئەوەی بوو هەمووی گاڵتە و نوکتە بوو.
بەیانی، پاشا دایک و باوک و هەردوو براکەی لەگەڵ خۆی برد بۆ کۆشکی شاهانە. هەموویان بە یەکەوە، بەخۆشی و شادی و بەختەوەری ژیان.

❊ ❊ ❊

# ٢٣ـ مانگای دار



ڕۆڵەکانم، کاتی خۆی دونیا وەکوو ئێستا نەبوو کە خەڵک ئەوەندەی لە بەیانییەوە تا ئێواریٚ ئیش بکەن، پشتیان کووڕ دەبێتەوە. جاران ئەو ڕەنج و ئەشکەنجە و دەردەسەرییەیان نەدەچێژت کە ئەمڕۆ ئێمە پێوەی دەتلێینەوە. خۆشیان هیلاک نەدەکرد بۆ ئەوەی پارەیەکی زۆر کۆبکەنەوە. هەرچی دەهاتە دەستیان خەرجیان دەکرد و دەیانخوارد و هەڵدەستانە پێوە. پڕ بە دڵ پێدەکەنین و خەمیان بە با دەدا. ئیتر خواردنیان باش بە گیانی دەکەوت. ئەوەی وەڵامێکی گاڵتە و قسەیەکی خۆشی نەزانیبا، هەقی نەبوو بچێتە ناو خەڵک. هەموویان شاد و بە کەیف بوون و هەر خەریکی بەزم و نوکتە و پێکەنین بوون. بە ڕاستی زەمانێکی خۆش بوو. تازە ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە.

لەو سەردەمەدا، لەناو ئەو بەزم و پێکەنین و قەشمەرییەدا، کچە پاشایەک هەبوو قەت پیٚ نەدەکەنی. کە داخوازیشی دەهات، قەت ڕوویەکی خۆشی نەدەدایە داخوازیکەرەکە و بزەیەکی بۆ نەدەکرد. لەبەر ئەوەی جوان و دەوڵەمەند بوو، دەیان داخوازی دەهات. دایک و باوکی نەیاندەزانی چ بکەن. هەر ئەوەندەیان پیٚ کرا لەسەرانسەری وڵات جاڕیان دا: هەر کەسیٚ کچەکەیان بخاتە پێکەنین، چەندی بیەویٚ زێڕی دەدەنیٚ.

زۆر لیبۆک و نوکتەچی و قسەخۆش و زمانزان و ڕوح سووک و قەشمەرجاڕ لە هەموو لایەکەوە هاتن، بەڵام هەموویان بەدەم گاڵتە و تیزی خەڵک، بە نائومێدی گەڕانەوە. وای لیٚ هات کەس نەدەهاتە پێش بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، بەڵام پەندی پێشینانە و دەڵیٚ: (کەنگر و دۆ بە وەعدی خۆ)، یان (سەبر تاڵە، بەری شیرینە). گویٚ بگرن بۆتان باس بکەم شتەکە چۆن کەوتەوە:

پاشا، بە نیگەرانی دانیشتبوو، کچەکەی لە تەک خۆی دانا بوو، بە قسەی خۆش دڵی خۆش دەکرد، لەنشکەوە دەرگا کرایەوە و یەکیٚ سەری هێنایە ژووریٚ و گوتی:

– زەحمەت نەبیٚ، دەتوانم بپرسم داخۆ پاشای گەورەمان لێرەیە؟

پاشا هاواری کرد:

– ئا، لێرەیە! تۆ کێی؟ لێرە چ دەکەی؟ چت دەویٚ؟

– هاتووم، داوا دەکەم، زەحمەت نەبیٚ هەقم بکەی.

– هەقی چی، شەیتان بە لەعنەت بیٚ!! گوندەکەتان چ کێخوا و ردێن سپی تێدا نییە؟

پاشا لەوانە بوو ئەم میوانە ئێسک قورسە دەر بکا، بەڵام کچەکەی، کە هەمیشە گران و سەنگین بوو. سێ ڕۆژیش بوو قسەی نەکردبوو، بۆ یەکەم جار دەمی کردەوە و گوتی:

- باوکە، مەسەلەکە وا سادە نییە. پاشا بۆیە پاشایە تا گوێ لە هەموو کەس بگرێ و دەست بە رووی کەسەوە نەنێ. ئینجا رووی کردە کابرای لایدە و گوتی:

- باشە، کابرا! پێمان بڵێ دەردت چییە؟

کابرا گاوانی گوندی بوو، ناوی (یاقووب) بوو. یاقووب وەڵامی دایەوە:

- منیش هەر بۆ ئەوە هاتووم.

ئینجا شەپقەکەی لەسەر کردەوە و بەسەر داردەستەکەی وەکە کرد و بەتای کراس و شەلواری زبر و قایشی پشت و پێڵاوی بە قەیتان، لە پاشا و کچەکەی چووە پێش. مەسەلەکە چۆن بوو، ئاوا بە ساکاری و بێ پێچ و پەنا باسی کرد. پاشا بە وردی گوێی دایێ، چونکە کچەکەشی، کە هەرچی لەبەردەمیا دەمی لێک بکردایەوە دەری دەکرد، بە وردی گوێی راگرتبوو. دەبا ئێمەش بە وردی گوێ لە مام (یاقووب) بگرین هەقایەتی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە:

لە دێ دا، بە دەهۆڵ کوتان جاڕیان دا، بۆ ئەوەی یەکسانی و دادپەروەری بەرقەرار بێ، هەموو خەڵکی دێ، ئەوەی مانگای هەبێ و ئەوەی مانگای نەبێ، دەبێ کرێی گاوان بدا. جەنابی (کراجیک) لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ئەم جۆرە یەکسانی و ئەم تەرزە دادپەروەرییە با هەر بۆ شەیتان بێ!! بە من چی کە هیچ مانگام نییە و تەنانەت گویرەکەیەکیشم نییە! بۆ دەبێ کرێی گاوان بدەم؟!

گاوان گیان، راوەستە چت لێ بکەم!! من بە تۆ دەسخەرۆ نابم، کۆتری برژاوت دەرخوارد نادەم.

هەستا مانگایەکی لە دار دروست کرد. بە گاوانی گوت بیباتە لەوەڕ و رای سپارد چاوی لێ بێ و ئێوارێ لەگەڵ مانگاکانی تر بیهێنێتەوە. گاوان دەستی بە ئاخ و ئۆف و پرتە و بۆڵە کرد و بنا گوێی خۆی خوراند، بەڵام دەبوایە مانگاکە بباتە لەوەڕ و چاوی لێ بێ، چونکە کرێی خۆی وەرگرتبوو. ئیتر ناچار بوو هەموو بەیانیان مانگا دارەکەی دەکردە کۆڵ و دوا بە دوای گاڕان دا دەکەوتە ڕێ و ئێوارێ بۆ جەنابی (کراجیک)ی دەهێنایەوە.

لە بەدبەختی و چارەڕەشی خۆی، پایز هات و سەرما و بەستەڵەک و خووس و زوقمێکی زۆری هێنا. گاوان دەست و پلی سڕ بوو. هیچ دارگزرەی لەناو گیا و گۆڵ

دەست نەکەوت ئاگری پێ بکاتەوە. دەستی دایە تەور و مانگا دارەکەی شەق شەق کرد و ئاگری کردەوە و خۆی پێ گەرم کردەوە. بەڵام تا ئێوارێ نەگەڕایەوە هەستی بە گەرمای راستەقینە نەکرد.

(کراجیک) سۆراغی مانگاکەی کرد و بە گاوانی گوت:

– ئەی کوا مانگای من؟

– کوا مانگای تۆ؟ لە پاوانان سەرم بڕی.

– باشە! نەختێ بوەستە... ئەمەت بە زۆر لەسەر دەوەستێ!

گاوان تەنیا شانێکی هەڵتەکاند و بەس. ئەوەی قەوما، دەبوایە رۆژێ هەر بقەومێ! بەڵام خاوەن مانگای فێڵباز چووە لای کێخوا و ردێن سپی گوند و گوتی:

– مام کێخوا، من مانگایەکم هەبوو، ئەو کرێیەی بۆم داندرابوو، دام. (یاقووب) گاوان، بە درێژایی هاوین مانگای منی وەکوو مانگای خەڵک دەبردە لەوەڕ، بەڵام دەزانی ئەمڕۆ چی کردووە؟ لە پاوانان سەری مانگاکەی منی بڕیوە و یەک گوێچکە چییە بۆ منی نەهێناوەتەوە. تۆ چ دەڵێی؟

– جەنابی (کراجیک)، من دەڵێم دەبێ لەباتی مانگاکەت، مانگایەکی ترت بداتێ.

ئیتر یەکسەر کەوانداری نارد بۆ ئەوەی مانگاکەی گاوانەکە بێنێتە بارەگای پاشا. گاوان بە قاسیدی پاشای گوت:

– جەناب، مانگاکەم شیاوی ئەوە نییە، بەو سەر و سەکووتە پیسە ببرێـە بارەگای پاشا. هەوڵ بدە مۆڵەتێ وەربگری تا پاکی دەکەمەوە و ئامادەی دەکەم.

ویستی بەرتیلێک بدا بە قاسیدی پاشا، چونکە دەیزانی ئەگەر تووشی سوارێکی کەتە و زل بێ کە ورگی بە گوێرەکەیەک تێر نابێ، خراپی بەسەر دێ. ئەوە بوو بە قاسیدەکەی گوت:

– دابەستوویەکت دەدەمێ.

ئیتر مانگاکەی بردە حەوشە و سەری بڕی. بە سنگولکەی دینگەی ماڵەوەی وەکرد، بۆ ئەوەی رۆژی پاشی گۆشتەکەی بفرۆشێ. پێستەکەشی لەسەر چوار پەلووکە دار هەڵخست، چونکە مانگاکەی (کراجیک) چوار قاچی داری هەبوو. بەڵام دادوەر بڕیاری دەرکرد هەر کەسێ یەک پشکە گۆشت لە گاوان بکڕێ، با بایی درهەمێکیش بێ، دەست بەسەر گۆشتەکە و پارەکەی دادەگیرێ و خۆیشی حەپس دەکرێ. گاوانی بەدبەخت لەو مانگایە هیچی پێ نەبڕا چونکە خەڵکەکە دەترسان سەرپێچی لە فەرمانی دادوەر بکەن.

راستییەکەی، پیاو هەبوو هیچ نەدەترسا وەکوو (ستروبی) و تاقمەکەی کە لە دێرێک

دەژیان. ئەمانە هاتنە ماڵی گاوان و لە حەوشە لەبەردەم دینگەکە وەستان. گۆشتەکەیان هەڵدەشەقاند و کلکەکەیان بادەدا و لیکیان لە دەم دەهات. گاوان گوتی:

– ئێ ئێ! ئەوە دەتانەوێ گۆشت بکڕن و پارەشتان نییە، وانییە؟ کێشە نییە، چەندتان دەوێ بە قەرز دەتاندەمێ. گرنگ ئەوەیە بەڵێن بدەن کەی داوام لێکردن پارەکەم بدەنێ.

پارچە گۆشتێکی لە دینگەکە کردەوە. تاقمە پیاوەکە ددانیان گڕ کردەوە و دەورەیان لێدا. گاوان گوتی:

– دە بڕەک سەبر بگرن! ئێستا دەتاندەمێ. ئێمە مامەڵەمان کردووە و بڕاندوومانەتەوە، وانییە؟

گاوان پارچە گۆشتەکەی بۆ تێ هەڵدان. (ستروبی) بەر لە هەموویان پڕی پیا کرد، ئەوانی تریش یەکسەر دوای ئەو پڕیان دایێ.

بەڵام (یاقووب) چ لە گۆشتەکەی تر بکا؟ مەسەلەکە زۆر ئاسانە، لە دڵی خۆیدا گوتی:

– لێی دەنێم: دەیکوڵێنم یان دەیبرژێنم و هەموو دراوسێکان بانگێشت دەکەم بۆ سەر زیافەت. بێگومان ئەوانیش ئەم چاکەیان لە چاو دەبێ و یەک لە دوای یەک من و ژن و منداڵەکانم داوەت دەکەن، بەم جۆرە زستانەکە دەقەتێنن!

یەکسەر چی بە بیر داهات جێ بە جێی کرد. کە خوندی لەسەر خوان دانیشتن، گاوان زۆر بەخێری هێنان و لە پەستا پێی دەگوتن:

– بخۆن، دراوسێ ئازیزەکانم، بخۆن ماڵی خۆتانە. بە کەیفی خۆتان بخۆن.ئەم گۆشتەم بۆ هاتووە و ئەوەش بەشی ئێوەیە.

دراوسێکان تا تێر و پڕ بوون خواردیان و خواردیانەوە. ئینجا سوپاسی گاوانیان کرد و ڕۆیشتن.

گاوان لێیان ئەمین بوو کە تۆڵەی بۆ دەکەنەوە. بۆیە هیچ خۆی سەخڵەت نەدەکرد. بەڵام لە ماڵەوە، ژنەکەی هەموو ڕۆژێ هەمان چیرۆکەی لەبن گوێ دەخوێند، دەیگوت:

– مادام مانگاکەت کوشتەوە، دە بێنە هەندێک گۆشت لەناو مەنجەڵ بکە، نابینی منداڵ برسییانە؟

ئیتر گاوان کەوتە بن بارەکی خەمان. خەمی ئەوەندە زۆر بوو لە مووی سەری زیاتر بوو. دوای ماوەیەک بە بیری هاتەوە یەکێ لە دێرێ قەرزاریەتی. چووە دێرێ، چاوی گێڕا، بە

وردی بە دوای کابرادا گەڕا وەکوو ئەوەی لەناو رەندەی (کا) لە دەرزی بگەڕێ: حەوشە و خانووی گزرەدار و بەرەم و گەوڕ و تەویلە هەمووی گەڕا. کەلەن و قوژبن نەما نەیپشکنێ، (ستروبی) نەدۆزییەوە. هەر دەتگوت لەسەر رووی زەوی رەش بۆتەوە، گوتی:

– باشە، کابرا ئەگەر هەر خۆم لێ بشاریتەوە، دەچم لای گەورەکەت شکاتت لێ دەکەم.

چوو سەری لە ژووری قەشە هەڵکێشا، دیتی (ستروبی) وا لەوێیە، خۆی لەبن مێز شاردۆتەوە. ستروبی چاوێکی کوێر بوو. گاوان هاواری کرد:

– ئۆی، ئەوە خۆت لێرە شاردۆتەوە؟ سەگە کوێرە! هەر ئێستا دەبێ قەرزەکەم بدەیتەوە.

قەشە لەسەر مێز دانیشتبوو. ئەویش چاوێکی کوێر بوو چاوەکەی تری کز بوو، وایزانی گاوان لەگەڵ ئەویەتی. وەک شێت پەلاماری گاوانی دا و هاواری کرد:

– چی؟ ئەوە بە من دەڵێی سەگی کوێر؟ نازانی من کێم؟ هەی دەرۆزەکەری خوێڕی و بەرەڵڵا، من چ قەرزاری تۆم؟

وای بتاندیتبا، گاوانی بەدبەخت چۆن بە پڕتاوی لە ژووری قەشە چووە دەرەوە و تێی تەقاند هەڵات و (ستروبی) بەجێ هێشت. بەختی هەبوو نەکەوتە بەردەستی قەشە، ئەگەرنا قەشە هەر بەوەندە وازی لێ نەدەهێنا لە ماڵەوە دەری بکا، بەڵکو لە دوو عارەبانەی دەخست، چونکە قسەی پێ گوتبوو. ئیتر قەشە هاواری کرد:

– هەی خوێڕی، راوەستە نەڕۆی! لە دەستم دەرناچی!

یەکسەر چووە دادگا و سکاڵای لە دژی گاوان پێشکەش کرد و دادوەر حوکمی دا سەد جەڵدەی لێ بدەن. گاوان ئاگای لە هیچ نەبوو تا کەواندار بە خۆ و بە شەش یاریدەدەری بەهێز هاتن گەیشتنە بەر دەرگای ماڵی، بۆ ئەوەی لەدیار شایەدان بە سزای خۆی بگەیەنن. گاوان هەر ئەوەندەی پێ ما رایکرد بۆ دەشت و چۆڵەوانی و کەوتنە ناو ئەم دونیا پان و بەرینە.

گوند بە گوند و شار بە شار رۆیشت. لە شارێکا راوەستا و خۆی بەسەر گۆچانەکەی دادا و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد: خانوویەکی ئەوەندە گەورە و بەرزی لەبەردەم بوو، هەرگیز لە ژیانی خۆیا خانووی وا گەورەی نەدیبوو. خانووەکە سەرباری گەورەیی، رەنگیشی سەوز بوو. لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە و سەری بادا:

– (پەککو لەو سەیرە! ئایا بەردی وا سەوز هەیە تا خانووی وا سەوزی لێ دروست بکرێ؟)

خانووەکە پەنجەرەکانی لە دەرگاکان گەورەتر بوو. پەنجەرەکان یەک لەسەر یەک بوون. لە دڵیٚ خۆی دا گوتی:

- (ئەوە، ئەوەندە بڵندە. باشە مریشک چۆن دەگەنە سواندەی سەرەوە بۆ ئەوەی لە سەری هەڵبنیشن؟ ئەی کوا گەوڕی بەراز و رەشەوڵاغان. ئەم خانووە نە دەرگایەکی ئاسایی هەیە و نە حەوشەیەک و نە هیچ جێگایەک!)

خەڵکەکەی لەویٚ کۆببوونەوە، گاڵتەیان پیٚ کرد، چونکە وەکوو مانگا دەمی بەش کردبووەوە و هێل ببوەوە. گوێشیان لە قسەکانی بوو کە بە ورتە ورت دەیکرد. پێیان گوت:

- هەی گێل و لێوە، تۆ نازانی لە کوێی؟ تۆ بەرامبەر کۆشکی پاشا وەستاوی!

- چ؟ چ؟ کۆشکی پاشا؟ دە نەختیٚ باسی پاشام بۆ بکەن!

وای پێی پێکەنین!! ئەوانە بۆ ئەوە خڕ ببوونەوە تا شازادە خانم بخەنە پێکەنین، چونکە منداڵیش دەیانزانی پاشا بەڵێنی داوە، هەرکەسیٚ کچەکەی بخاتە پێکەنین، بە زێڕ پاداشتی دەکا.

ئیتر خەڵکەکە بە حەپەساوی و پەشۆکاوی لەویٚ جێیان هێشت. گاوان لەبەر خۆیەوە گوتی:

- (پاداشتی زێڕ! خراپ نییە، بۆ یەکێکی وەکوو من کە ماڵم چۆڵ و منداڵم برسین! با بچینە ناو ئەم کۆشکە!)

دەرگای کۆشکەکە زۆر گەورە بوو. کابرایەکی لەندەهۆر لەبەر دەرگا دەهات و دەچوو. شیری رووتی بە دەستەوە بوو. دەمی شیرەکە ئەوەندە تیژ بوو وەکوو بڵێسەی ئاگر دەبریسکایەوە. گاوان بیستبووی، هەر ئەوەندەیە ئەم لەندەهۆرە بە شیرەکە بڵیٚ: (پەل دە!) یەکسەر سەران پەل دەدا.

کەواتە نەخێر بە هیچ جۆریٚ ناتوانیٚ بەم دەرگایەدا بچێتە ژوورەوە. خەریک بوو واز لە بیرەکەی بێنیٚ، بەڵام ئەم جارە بیرێکی تری بۆ هات:

- (ئەم لەندەهۆرە هەرچەندە وریا بیٚ، چۆلەیەکی بچووکی وەکوو من دەتوانیٚ خۆی بخزێنێتە هەر شوێنیٚ کە بیەویٚ.)

ئیتر بە دەوری خانووەکەدا سووڕا، بەڵکو حەوشەییٚ یان باخیٚ ببینیٚ و بەسەر دیوارەکەی دا هەڵبگەڕیٚ. لەوانەشە حەوشە سەد سەگی تێدا بیٚ! بەڵام چونکە خۆی گاوانە لە سەگان ناترسیٚ، یەک فیکەیان بۆ بکا، هەموو کلکی بۆ دەلەقێنن!

بەم جۆرە دەگەڕا و تا زیاتر دەڕۆیشت، زیاتر نائومێد دەبوو. هیچ شوورە دیار نەبوو. دەرگا لە دوای دەرگا بوو. دەرگاکانیش لەندەهۆر، دەست بە شیری رووت، پاسەوانیان دەکردن. (یاقووب) ئاخیری، لەدوای پاسەوانی دەیەم، گەیشتە دیوارێکی بێ پاسەوان، لە دڵێ خۆیدا گوتی:

– (گرنگ نییە چۆن دەگەمە بەردەم پاشا)

بە یەک باز چووە سەر دیوار و خۆی هەڵدایە ناو باخچە. بەڵام ئەو باخچەیە دەبێ چ باخچەیەک بێ؟!! تۆ بێنە بەرچاوت، نە مەعدەنووسی تێدا بوو، نە گێزەر کە کابان پێی دەوێ. هەمووی گوڵ و گیا و دار و دەوەن بوو. هەمووی زیخ و قوم بوو، بارتەقای یەک گوند زیخ و قومی تێدا بوو. هەموویان راست و لووس کرد بوو، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. بیری کردەوە:

– ئەمە گاڵتــە نییە! نابێ بە پێڵاوی تۆزاوی بەسەر ئەم زیخ و قومە بکەوم. لە بەینی رێچکۆڵەکان، بەسەر گیادا رۆیشت. سێ گەنجی تا بڵێی بە تاقەت، خزمەتی ئەو شتانەیان دەکرد. گەڵاکانیان لە تۆز و خۆڵی پاک دەکردەوە. کە چاویان بە گاوان کەوت، هەرسێکیان وەکوو سەگ پێی وەڕین:

– هێ، گای بنە! گوڵەکانمان پێ شێل نەکەی!

ویستیان بە تێڵا پەلاماری بدەن، بەڵام یاقووت سێ هێندەی هەر سێکیان کەتە و کەڵەگەت بوو. کە لە دەستە راستەوە بۆی دەهاتن، دەسووڕایەوە لای دەستە چەپ و لە دەستیان هەڵدەهات. ئەگەر لە سێ لا دەوریان بدابایە، لە لای چوارەم خۆی لە دەست دەرباز دەکردن. لەو رێچکۆڵانە ماوەیەکی زۆر مەشقی پێ کردن و هێنانی و بردنی. ئاخیری وازی هێنا. لێیان دوورکەوتەوە و لەبەر چاویان بزر بوو. بە دەرگایەکی بچووک لەناو باخچە چووە دەرەوە. گەیشتە ناو حەوشەی کۆشکی پاشا.

چتۆ حەوشە بوو! ئەوەی زبڵ و شتی پیس بێ تێیدا نەبوو. ئەوە ژنەکەی چۆن ئەو ماڵەی وا پاک راگرتووە؟! ئاخر ماڵی وا گەورە، چۆن بێ تۆز و خۆڵ دەبێ؟ دەبێ زبڵ و خۆڵ لەلایەک هەر هەبێ! خۆ لەبن تۆپە شووشە هەڵیان نەگرتووە! با ئەم پرسیارە بکەم: ریخ؟ ئەی چ لە ریخ دەکەن؟ خۆ دەرزی نییە بیشارنەوە! تا شل و شەکەت بوو هەموو کون و قوژبنێک بە دوای زبڵ و خاشاک دا گەڕا. لەپڕ سێ گەنجی بەوەج تێی وڕوکان، قژیان گرت و نەڕاندیان:

– هەی پیسی بەرەڵڵا، ئەوە لە کۆشکی پاشادا لە چ دەگەڕێی؟ بمرێ هەرچی جاسووس

هەیە! بۆ سێدارە... بیبەن بۆ سێدارە! بەڵام شتی وا چۆن دەبێ، چۆن کابرایەکی بێ تاوان لەسێدارە بدەن؟

گاوان گوتی:

– کوڕی باشینە، گوێ بگرن. لەوە دەکا بەنگتان کێشا بێ و ئاگاتان لە خۆتان نەبێ. چییە وا سەرتان لێ تێک چووە!؟ من گاوانی گوندم. بیرم کردەوە، ئەگەر پیاوێکی گەورە بم وەکوو پاشاکەمان، دەبێ ساغی بکەمەوە پیاوەکانی پاشا چ لە ریخ دەکەن. جگە لەمەش من هاتووم دەمەوێ پاشا ببینم بۆ ئەوەی شازادەی کچی بخەمە پێکەنین. گەنجەکان کە ئەمەیان بیست نەرمیان کێشا، لێی تەکانەوە، تەنیا یەکێکیان نەبێ شان بە شانی دەڕۆیشت. ئەمە لە هەموویان پۆشتە و رێک و پێکتر بوو، پێیان گوت:

– هەزار جار داوای بوردن دەکەین!! پیاوی خاس، کەس یارای نییە دەستت بداتێ.

ئەوەی شان بە شانی دەڕۆیشت گوتی:

– دەتبەمە حزوور پاشا، بەو مەرجەی کە شازادە خانمت بە پێکەنین هێنا، چەندت پاداشت وەرگرت، چارەکێکی بدەی بە من.

گاوان گوتی:

– وەی بەسەرچاو! لێرە چاوەڕێم بکە.

کابرا رێ و شوێنەکەی پێشانی گاوان دا و پێی گوت کە تووشی سێ پاسەوانەکەی تر بوو چ بکا و چ نەکا، ئینجا دانیشت و چاوەڕێی کرد.

گاوان بە دڵێکی خۆش رۆیشت، بەڵام هەر وەخت بوو زراوی بچێ کە لەپڕ پاسەوانێک بە دەنگێکی وەکوو هەورە تریشقە هاواری کرد:

– کوڕە راوەستە، چت دەوێ؟

گاوان تان و تینی دایە بەر خۆی و گوتی:

– دەمەوێ بچمە لای شازادە خانم بۆ ئەوەی بیخەمە پێکەنین.

لەگەڵ هەموو پاسەوانەکان بەم جۆرە بوو. کە گاوان وەڵامی دەدانەوە و مەبەستی خۆی تێدگەیاند، هەموویان نەرم دەبوون و داوایان لێدەکرد کە شازادە خانمی خستە پێکەنین، چارەکێکی پاداشتەکەیان بداتێ. رۆیشت تا گەیشتە لای پاشا و پێی گوت:

– گەورەم، ئەوەتام! من یاقووبی گاوانی گوندم. چیم بەسەر هاتبوو هەمووم وەکوو خۆی بۆ گێڕانەوە. بەختەوەرم کە لە کاتی قسەکانم، شازادە خانم زەردەخەنەیەکی کەوتە سەر لێو.

پاشا دەستی لە شانی دا و گوتی:

– زۆر بەرزە، کوڕم! پێم بڵێ بەرامبەر بە قسەکانت چ پاداشتێکت دەوێ! لە سەرەتاوە پێم گوتی:

– من تەنیا بۆ ئەوە هاتووم تۆ هەقم بکەی و هەقم چییە ئەوەم بدەنێ. ئەو سەد جەلدەی دادگا بڕیاری لەسەر داوە.

پاشا گوتی:

– یاقووب، بەس گاڵتە بکە. مەسەلەکە بە هەند هەڵبگرە. تۆ مادام دڵی کچەکەمت خۆش کرد، دەمەوێ بە زێڕ پاداشتت بدەمەوە.

یاقووب گاوان گوتی:

– بەڵێ جەنابی پاشا، من مەسەلەکەم بە راست وەرگرتووە. لەسەر سەد جەلدەکە بۆم مۆر بکە. ئەمە پاداشتی منە بەرامبەر بەوەی کچەکەتانم خستە پێکەنین. چونکە نامەوێ قەرزاری پاسەوانەکانی بەر دەرگاتان بم. چونکە هەریەکەیان بەڵێنی لێ وەرگرتووم کە چارەکێکی پاداشتەکەی بدەمێ.

کچی پاشا، لە قاقای پێکەنینی دا، دەستی لێکدا و گوتی:

– راست دەکا، باوکە! راست دەکا! بۆی مۆرکە. وەختی ئەوەیە ئەو گەندەڵ و قۆڵبڕانە ئەو پەندەیان پێ بدرێ.

پاشا بڕیارەکەی مۆر کرد کە سەد جەلدە لە گاوان بدرێ بەو مەرجەی هەریەکە لەو چوار پاسەوانەی داوای چارەکێکی پاداشەکەیان کردووە بەرامبەر بەوەی رێ بدەن گاوان بچێـە لای پاشا، بێ و هەقی خۆی وەربگری و جەلدەکان بخوا.

کە بڕیارەکەیان دەرهەق پاسەوانەکان جێ بەجێ کرد، یاقووب قاقا پێکەنی.

بەڵام پاشا لێنەگەڕا یاقووب بە دەست بەتاڵی بچێتەوە. پێی گوت سەرێک لە گەوڕی رەشەوڵاغەکانی بدا کە کەوتبووە قەراخ لێڕ. یاقووب بە سواری عارەبانەیەکی چوار ئەسپی دەشتی بڕی و گەیشتە قەراخ لێڕ. گەوڕەکە سەد مانگای جوانی تێدا بوو. پێیان گوت تۆ لەمەودوا گاوانی گاڕانی پاشایت و دەتوانی ژن و منداڵەکانیشت بێنیتە ئێرە.

لەو کاتەوە یاقووب گاوان بە خۆشی و شادی لەگەڵ ژن و منداڵەکانی ژیا. پاشا کردییە سەر پشک لەناو هەموو مانگاکان، جوانترین و باشترین مانگا بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

کە منداڵەکان چاویان بە مانگاکە کەوت، هەر وەخت بوو لە خەنی خۆشییان شێت بن و ئەو خێزانە کەوتنە خۆشی و بەختەوەری.

* * *

# ٢٤ـ فاڵچی



دەگێڕنەوە دەڵێن:

هەبوو نەبوو، رۆژێ لە رۆژان، جوتیارێکی فێڵباز هەبوو. لەماڵی دونیا تەنیا یەک مانگای مابوو. ئەو جوتیارە ژنێکی گێلۆکە و عولعولی هەبوو. ئەو ژنە بوو وای کردبوو چی لە دونیادا هەیەتی لە دەستی بدا. جوتیارەکە لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە، گوتی:

– ئەم مانگایەم ماوە، ئەویش دەفرۆشم، چونکە هیچ سوودی بۆ من نییە. ژنەکەم لە بێ ئالیکی وای لێکردووە، پێستەکەشم بۆ بمێنێتەوە هەر باشە. بەڵام ئەم مانگایەمان نەمێنێ چ بکەین؟ خەیاڵ و بیرکردنەوە سوودی نییە. دەبێ پیشەیەک بدۆزمەوە بژێوی خۆم لەم دونیا گەورەیە دابین بکەم.

یەکسەر تەگبیرەکەی جێ بەجێ کرد. مانگاکەی دایە پێش خۆی بۆ بازاڕ. کە ژنەکەی ئەمەی دی، هاواری کرد:

– ئەگەر فرۆشتت، کراسێکم بۆ بکڕە. کراسەکەم هەموو دڕاوە.

– باشە... باشە! وابزانم دەبێ هەندێ شتیش بۆ خواردن بکڕم.

جوتیارەکە ئەمەی گوت و چیدی بیری لێ نەکردەوە. مانگاکە هەر زوو لە بازاڕ فرۆشرا. رۆژژمێرێک و قازێکی برژاوی پێ کڕی و لەناو تۆربەی ناو ئەو پارەی مایەوەش، تا رۆژی پاشی، شەرابی پێ خواردەوە.

ژنەکەیشی لەماڵەوە ئاگری لە ئاگردان کردەوە. لەبەر ئاگر دانیشت و خۆی گەرم کردەوە. بیری کردەوە گوتی: ماڵ گەرم داهاتووە، تازە پێویستم بە کراس نییە، ئەگەر پێویستیشم پێ بێ هەر بزانە مێردەکەم هاتەوە، کراسێکی نرت و نووم بۆ دێنێ. کراسەکەی داکەند و هاویشتییە سەر گوڕییە ئاگرەکە. کراسەکە دووکەڵی کرد. ئاگرەکەی ناو ئاگردانی خنکاند و کوژاندییەوە. ژوورەکە سارد داهات. کەچی لەولاوە مێردەکەی لەشار بۆ خۆی هەر خەریکی خواردنەوە بوو. ژنە لەسەرمان هەڵدەلەرزی چونکە لە کۆنە کراسێکی دڕادڕای پێوە هیچی نەما بوو بیکاتە بەر.

ئاخیری مێردی هاتەوە. هەر هێندە پێی لە کۆسپەی دەرگا ئاوا کرد، ژنە قیژاندی:

– پیاویژگە، زوو کراسەکەم بدەرێ.

– کراسی چی؟ کراسم بۆ نەکڕیوی!

- ئاخ، بە نەحلەت بی شەیتان! ئەدی نەمگوت کراسێکم بۆ بکڕە. کراسەکەم هەموو دڕاوە.
- با... بەڵام ئەوەتا قازێکم بۆ کڕیوی. ها ئەمە بەشی تۆیە. بگرە و هیچ دەنگ مەکە.
ژنە قازەکەی وەرگرت. هەر ئەوەندەی پێ کرا لەبەر ئاگردان هەڵکونجێ: نە کەس ببینێ و نە کەس بیبینێ! بەختی هەبوو، مێردەکەی شتێکی بۆ هێنا بوو بیخوا. مێردەکەیشی ئەوەی دەویست. دەیەویست ژنەکەی لە کونجێک دابنیشێ. خۆی خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی سەیر بوو، پڕی ڕەمز و هاوکێشە و زاراوەی نەستەق بوو کە پیاو دەیتوانی هەموو ئیشێکی پێ بکا.

سەرەتا لە گوند جاڕی دا هەرچی بزر بێ، دەتوانێ بیدۆزێتەوە. هەر کەسێ هەرشتێکی بزر کردووە دەتوانێ بچێتە لای ئەوسا دڵنیا دەبێ کە شتەکە راستە. رایگەیاند کە فاڵچی و غەیبگۆیەکی لێزان و شارەزایە. ئینجا دەستی دایە کتێبەکە- کتێبەکەی ئەو رۆژژمێرە بوو کە کڕیبووی- و سەراو بن گرتی، چونکە خوێندەواری نەبوو. لە ناوەڕۆکی کتێبەکە ورد بووەوە وەکوو ئەوەی هەموو کتێبی دونیا لەبەر بزانێ، یان هەموو زانستی زەوی بە کەوچک لرف کردبێ.

سەرەتا، کەس بەلایەوە نەچوو. بەڵام رۆژێ لە رۆژان، بە رێکەوت لەسەر سفرە دانیشتبوو، دراوسێکەی لەپڕ لێی بە ژوورێ کەوت و گوتی:
- هاوسێی ئازیز...
جوتیار زۆر تووڕە بوو، قسەی پێ بڕی و هاواری کرد:
- هەی ولاغ، دراوسێ! خەڵک بەم جۆرە لە پێشبینی و غەیبگۆ بە ژوورێ دەکەوێ. بڕۆ دەرەوە! بە رێزەوە لە دەرگا بدە و کە پێم گوتی: فەرموو، وەرە ژوورەوە، ئەوسا وەرە ژوورەوە. شەپقەکەت بڵندکە و بە رێزەوە قسەم لەگەڵ بکە، وەکوو چۆن پێشبین و غەیبگۆ دەبێ قسەیان لەگەڵ بکرێ، ئاوها.

دراوسێی باش ناچار بوو، چووە دەرەوە و دووبارە هاتەوە، بە رێزەوە سەلامی کرد، ئینجا دەستی بە قسە کرد و گوتی:
- فاڵچی بەڕێز دوو (گا)م بزر کردووە، بەڵکو پێم بڵێی کێ دزیونی، دە دینار و قەسناخە نۆکێکی هەرە باشت دەدەمێ.
فاڵچی گوتی:
- دیتت هەی بێ ئوسوول، دەبوایە بێ ئەوەی من پێت بڵێم، خۆت بزانی چۆن هەڵس و

کەوت دەکەی. ئێستایش برۆ دە دینار و قەسناخە نۆکەکەم بۆ بێنە، ئەوسا دوو (گا) کەت بۆ دەدۆزمەوە.
جوتیارەکە هەر خەنی بوو. وای هەست دەکرد دوو (گا)کەی وەرگرتۆتەوە و وا لەناو گەوڕی خۆیانن. چوو پارەکە و نۆکەکەی هێنا و هاتەوە.
فاڵچییەکە پێی گوت:
– وەرە نزیک کەوە و ئەگەر چاوت لەسەردایە بە چاوی خۆت ببینە. ئەمە دەبینی ئەژنۆی چەماندۆتەوە– ئاماژەی بۆ وێنەیەکی سەر رۆژژمێرەکە کرد– ئەمەیە دوو (گا)کەی تۆی دزیوە. وای لێ دەکەم ئەگەر سبەی سبەینێ گاکانت بۆ نەهێنێتەوە چۆکەکەی تریشی ئیفلیج ببێ. لە دەستمان کوێوە دەچێ؟ وەکوو چۆن ئێستا من وا تۆ دەبینم و تۆ من دەبینی، شتەکە ئاوها دروست و ئاشکرایە.
خەبەرەکە وەکوو (با) بەناو دێ دا بڵاوبووەوە، کە بەم زوانە دوو (گا) دزراوەکان دەدۆزرێنەوە. ئەوەی دزیویەتی چۆکێکی رەق بووەو چۆکەکەی تریشی خراپتر دەبێ. ئەویش (یاقووب) بوو کە ماڵیان لەو سەری دێ بوو. یاقووب بە هێنکە هێنک رایکردە لای فاڵچی. ئەو ئوسوولەکەی دەزانی، ئەوسا چووە ژوورەوە و بەرێزەوە سڵاوی کرد و گوتی:
– فاڵچی بەرێز، غەیبگۆی گەورە و مەزن، لە ماڵەوەی؟
فاڵچی وەڵامی دایەوە:
– ئا، لێرەم! چت دەوێ؟ هەی رۆحی خوار و بەدخوا؟
گەنجەکە گوتی:
– خوار و بەد خوا بێ، خوار و بەد خوا نەبێ! رۆحەو ئەوە وشک هەڵگەڕاوە. گرنگ ئەوەیە لەش ئەزیەت نەخوا. خۆت دەزانی بۆ مەسەلەی دوو (گا)کە هاتووم، چونکە نامەوێ لەوە خراپترم بەسەر بێ.
– ئەمەت بۆ بکەم چیم دەدەیتێ؟
– هەرچی بتەوێ دەتدەمێ! دراوسێ باشەکەت چەندی پێ داوی، منیش ئەوەندەت پێ دەدەم. گرنگ ئەوەیە ئیش وەکوو خۆی لێ بێتەوە.
ئیشەکە بە شێوەی ئاسایی رۆیشت. فاڵچی پارە و نۆکی خۆی وەرگرت و بۆ بەیانی دوو (گا)کە لەناو گەوڕی ماڵی ماخۆی خۆیان بوون.
لە دێ دا، رۆژ بە رۆژ ئەوانەی شتیان دەدزرا، فاڵچی بۆی دەدۆزینەوە و هەقی خۆی

وەردەگرت. ماڵی فالّچی جمەی دەهات لە خەڵک. ژنەکەیشی تەندروستی باش بوو، بەڵام فالّچی کراسی بۆ نەکڕیبوو، چونکە لە دڵی خۆیدا دەیگوت:
- دەبێ بۆ خۆی بە کپ و هێمنی لە بەر ئاگردان دابنیشێ نەوەک... ئیش و کارم لێ تێک دەدا. بەڵام ژنەکەی ئەگەر چی تا ئەو کاتە لەو دیارییەی بۆ فالّچی دەهات قازێک و کۆدەرە بەرازێک و چەند پارچە گۆشتێکی خواردبوو، بەڵام بە هەمان چاو سەیری مەسەلەکەی نەدەکرد.

ڕۆژێکیان، وا هات خانمی کۆشک ئەنگوستیلەی بزر کرد. زۆر گەڕان نەیاندۆزییەوە. کەس نەیدەزانی کەوتۆتە کوێ؟ دەنگ بڵاوبووەوە کە خانمی کۆشک بەڵێنی داوە هەر کەسێ ئەنگوستیلەکەی بۆ بەسەر بگرێتەوە، سەد دینار دەدا بە خۆی و دزەکەش لە فەلاقە دەدا.

ڕۆژێ، یەکێ لە کۆشکەوە بە پەلەپرووزێ هات، خەبەری بزر بوونی ئەنگوستیلەی خانمی بۆ فالّچی هێنا. یەکسەر لە فالّچی چووە ژوورەوە و ڕەپ و ڕاست پێی گوت، کە فالّچی و غەیبگۆیەکی وایە، داخۆ دەزانێ خانمی کۆشک چی بزر کردووە. کابرای فالّچی وەڵامی دایەوە:
- من لە تۆ باشتر دەزانم خانم چی بزر کردووە، بەڵام هەی بێ ئوسوول، نازانی دەبێ چۆن بچیتە حزوور فالّچی و چۆن سەلامی لێ بکەی!

کابرای دەرکردە دەرەوە. کابرا ناچار بوو لە دەرگای دا و ڕوخسەتی وەرگرت و هاتە ژوورەوە، ئەوسا فالّچی پێشوازی لێکرد و پێی گوت:
- بێ شک خانمەکەت ڕەسەنە و لەبەرەبابێکی جسنە، دەزانێ فالّچی و غەیبگۆ خۆیان ناخەنە سەر پێی ئاغا و پاشایان. بە پێی خۆیان ناچنە لایان. من ناچمە لای خانم تا عارەبانەیەک نەنێرێ پێی بچم.

خانم عارەبانەی تایبەتی بۆنەکانی بۆ نارد. فالّچی بە کەش و فش و شانازی و لووتبەرزی چووە ناو کۆشک. ڕۆژژمێرەکەیشی بە کراوەیی بە دەستەوە بوو. داوای کرد ژوورێکی سەربەخۆی بۆ تەرخان بکەن و حەفت ڕۆژ مۆڵەتی بدەن بیر بکاتەوە و خواردن و شەرابیشی لەبڕان بێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنگوستیلەکە بدۆزێتەوە.

خانم ڕازی بوو، چونکە مێردەکەی بۆ حەفت ڕۆژ چووبووە سەفەر و ئەو ماوەیە خانم خۆی کاروباری کۆشکی بەڕێوە دەبرد.

فالّچی ئەوەندە کەیفخۆش بوو نەبێتەوە. وایدەزانی لە ئاسمانی حەفتەمینە. هەر

خەریکی خواردن و خواردنەوە بوو. حەفت رۆژی تەواو هەر بیری کردەوە کەچی ژنەکەی لە ماڵەوە، لە برسان سکی خۆی دەگوشی و لە سەرمان لەبەر ئاگردانی سارد و سڕ هەڵدەلەرزی. تا وای لێهات سەبری نەما. راستە پێویستیی هەموو شتێ بە مرۆڤ دەکا. تا خواردن هەبوو لە ماڵەوە دەرنەدەچوو، بەڵام کە هەموو شتێ تەواو بوو، ناچار بوو بەتای کراسە کۆنەکەی هەیپەی لێکرد بۆ لای مێردی کە لە کۆشکی پاشا بوو. ئەو گەنجەی بۆ خزمەتی فالچی داندرابوو، ژنەکەی بردە لای فالچی. فالچی نەیزانی چی لێ بکا. پێی گوت بە کپ و بێدەنگی بۆ خۆی دابنیشێ و تێر و پڕ بخوا. لەو کاتەدا گوێی لە ترپەی پێی خزمەتکارەکە بوو، بەسەر پلیکانە دەکەوت، خواردنی بۆ دەهێنا، بە ژنەکەی گوت:

– سەیرکە، ئەمە یەکێکیانە!

کە خزمەتکارەکە گوێی لەم قسەیە بوو، وەکوو بی ناو ئاو لەرزی، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو کە ئەنگوستیلەکەی دزی و وا یزانی فالچی مەبەستی ئەوە.

کە خزمەتکاری دووەم گۆشتی برژاوی هێنا، فالچی هاواری کردە ژنەکەی و گوتی:

– حورمێ، ئەمەش دووەمیانە.

ئەم خزمەتکارەش وەکوو خزمەتکاری یەکەم کە گوێی لەم قسەیە بوو، چرک و هۆڕ لەرزی.

کە خزمەتکاری سێیەم هات، کابرا بە ژنەکەی گوت:

– ئەی پێم نەگوتی؟ ئەمەش سێیەمیانە!

خزمەتکارەکە نەیتوانی خواردنەکە لەسەر سفرە دابنێ. لە بەردەم فالچی چۆکی دادا و پاڕایەوە:

– تکایە جەناب، نامانەوێ پێ لەسەر خراپەی خۆمان دابگرین! تازە لێمان ئاشکرا بوو. بەڵێ، گەورەم، ئەنگوستیلەکە لای ئێمەیە، خەتای ئێمە نەبوو، ئەنگوستیلەکە خۆی گلۆر بووەوە گیرفانمان. بۆ خاتری هەرچی خۆشەویستیی لە دونیا دا هەیە، تکات لێ دەکەین مەسەلەکە بە جۆرێ پێک بێنە کە ئێمە رسوا نەبین و ئابڕوومان نەچێ. وا مەکە ئیشەکە زەرەرمان پێ بگەیەنێ. ئامادەین سەد دینارت بدەینێ و خانمەکەشمان بە دیتنەوەی ئەنگوستیلەکەی شاد و کەیفخۆش دەبێ بە تایبەتی کە ئێستا پاشا لەسەر هاتنەوەیە.

– بینیتان!! من کە هاتم یەکسەر گومانم کەوتە سەر ئێوە، بەڵام تا ئەمڕۆ ئێوارێ کە

خواردنتان هێنا، بە تەواوی دڵنیا نەبووم. من خەمی ئێوەم بوو، بۆیە وریام کردنەوە، ویستم خۆتان دان پێدا بنێن، چونکە وا نەبایە سبەی رۆژێ خراپتان بەسەر دەهات. ئەگەر چتان پێ دەڵێم، جێبەجێی نەکەن، ئیشەکە ئاڵۆزتر دەبێ:

دەبێ هەر ئێستا پارەکەم بۆ بێنن و سبەی سبەینێش ئەنگوستیلەکە دەرخواردی قەڵەموونێکی قەڵەو بدەن و ئەوەی تر بۆ من لێ گەڕێن.

دەست بەجێ چوون پارەکەیان بۆ هێنا. لە ترسان دەلەرزین داخۆ سبەینێ چییان بەسەر دێ!؟ بەڵام فالْچی بێ خەم و خەیاڵ نووست.

بەیانی رۆژی پاشی، کە فالْچی بە خانمی گوت ئەنگوستیلەکەی لەناو سیقەتۆرەی قەڵەموونەکە دایە، خانم رازی نەبوو قەڵەموونەکە سەر ببڕێ. باوەڕی نەکرد ئەنگوستیلەکەی لەناو چیکڵدان دا بێ.

فالْچی، جەختی کرد و گوتی:

– من پێت دەڵێم ئەنگوستیلەکەت وا لەناو سیقەتۆرەی ئەم قەلەموونەدایە و لە هیچ شوێنێکی تر دا نییە. بەڵگەی تەواوم بە دەستەوەیە. ئەگەر بە قسەم نەکەی، هەرگیز ئەنگوستیلەکەت دەست ناکەوێتەوە.

خانم غەمگین بوو بۆ قەلەموونەکە، بەڵام ئەنگوستیلەکەیان لە گەرووی دەرهێنا. خانم سەد دینارەکەی بەڵێنی دابوو، دای بە فالْچی و یەکسەر بەرێی کرد. گوتی ئێستا پاشا دێتەوەوە، نابێ لێرە بتبینێ. فالْچی گوتی:

– دەڕۆم، بەڵام ئاخر بۆ یەکێکی وەکوو من زەحمەت و ناخۆشە بە رۆژی نیوەڕۆ لەگەڵ ژنەکەما بەناو ئاوایی دا بڕۆم، کە دوێنێ بە جلی کۆن و دڕادڕای هاتووە.

خانم فەرمانی دا کراسە سوور و جوانەکەی خۆی بدەن بە ژنی فالْچی. فالْچی بە شانازییەوە لەناو کۆشک چووە دەرەوە و ژنەکەی لەویش زیاتر شایی بەخۆی دەهات. کە خەریک بوو بڕۆن پاشا بەسەردا هاتەوە. رایگرتن بۆ ئەوەی بزانێ ئەو ژنە کێیە و چۆن بە کراسی ژنەکەی ئەم لار و لەنجەیە دەکا. ویستیان نکووڵی بکەن، سوودی نەبوو. ناچار بوون هەموو شتێکیان بۆ روون کردەوە. پاشا گوتی:

– مادام تۆ فالْچییەکی وا گەورەی، من تاقیت دەکەمەوە. دوازدە نەجیبزادە خەبەریان ناردبوو کە ئەو رۆژە دێنە سەردانی پاشا. ئیتر پاشا فەرمانی دا زیافەتێکی گەورە بکەن. کە وەختی خواردن داهات، دوازدە سینی پڕ خواردنی جۆراوجۆریان هێنا، لەگەڵ سفرەیەکی زیادەی داپۆشراو. پاشا گوتی ئەمە خواردنێکی تایبەتی تێدایە،

لەم سەفەرەما هێناومە و ئەم ساڵ هیچ جار لێمان نەناوە. فاڵچی، هەڵێنە خواردنەکە چییە؟

فاڵچی دەستی بەربوو، قولماتی لێوە نەهات. پاشا دنەی دا و گوتی:

- دەی... زوو، زوو!

کابرای فاڵچی لە خەم و خەفەتان نەیزانی چ بکا. هیچ دەربازبوونی لەم کێشەیە نەبوو. ئیتر هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و هاواری کرد:

- ئای (سەلتەعوون)ی بەسەزمان. بەراستی بارت خوار و کارت نالەبارە.

فاڵچییەکە خۆی ناوی (سەلتەعوون) بوو، مەبەستی خۆی بوو! بەڵام پاشا هاواری کرد و گوتی:

- بەراستی زانا و لێهاتووی!

سەری سینییەکەیان هەڵدایەوە سەلتەعوونێکی سوورکراوەی گەروەی تێدا بوو. خەڵکەکە بە حەپەساوی و واق و وڕماوی تەماشایان کرد. نازانم لەبەر سەلتەعوونە سوورکراوەکە بوو، یان لەبەر زانایی کابرای فاڵچی!؟

بەهەر حاڵ، دانیشتوان یەکە و سەد دیناریان دایە فاڵچی و بە سواری عارەبانەیەکی بە هەیت و هووتی پڕ گەنجینە گەیاندیانەوە ماڵێ. پێیان عەیب بوو لێ بگەڕێن زانایەکی وا گەورە و سەنگین بە پێ بگەڕێتەوە ماڵێ.

بەم جۆرە برادەرەکەمان توانی ژیانی خۆی مسۆگەر بکا. بەڵام هەر چەندە بەم دواییە کراسێکی جوانی بۆ ژنەکەی کڕی بوو، شەڕە دەنووکیان هەر بەردەوام بوو. ئیتر فاڵچی زۆر دەرزی بە ژنەکەی گوت و مەشقی پێ لەسەر وریایی و نەرمی و زانایی کرد، تا بوون بە ژن و مێردێکی تەبا و تفاق و بێ وەی.

❊ ❊ ❊

# ٢٥- کحێکی بوغرا



ئەمە کەی رووی داوە؟ و لە کوێ رووی داوە؟ کەس نازانێ، بەڵام شتەکە بەراستی رووی داوە.

پیرەژنێکی پیر و بەساڵا چوو، بە خۆ و بە کوڕە تاقانەکەی لەناو کووخێکی بچووک، لە قەراخ لێڕێکی چڕ و سەوز دەژیا. مێردی خوالێخۆشبووی پاسەوانی لێڕەکە بوو. تا مێردەکەی مابوو، کاروباریان باش دەڕۆیشت و نەیاندەزانی بەدبەختی و نەبوونی چییە، بەڵام کە کابرا عەمری خوای کرد هەموو شتێکیان لێ تێک چوو، زۆر خراپیان بەسەر هات.

دایکە، بۆ ئەوەی بژێوی خۆی و کوڕەکەی پەیدا بکا، بە نەساخی و بێ تاقەتی خۆی دەچووە لێڕ. هەندێ جار تووی خۆمانە و تووی کیوی کۆدەکردەوە و برێ جاریش فندقی خڕدەکردەوە و دەیبرد بە هەندێ سەوزەی وشک کراوە و چەنگە ئاردێک و نەختێ رون و شیری دەدا.

کە دایکە دەچووە ناو لێڕ و بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕا، کوڕە بچووکەکەی بە ئارامی بۆ خۆی لە ژوورەوە یاری دەکرد، یان لە حەوشە بۆ خۆی رایدەبوارد.

رۆژێکیان، دایکی داوای لێکرد تا لە لێڕ دێتــەوە، لە ماڵەوە، لەو لیژنە دارەی لە حەوشە هەڵی چنی بوو، هامێزێک جیا بکاتەوە و رێکی بخا بۆ ئەوەی کە هاتەوە ئاگری پێ بکاتەوە.

کوڕەکە هەندێ لکە داری شکاند و هەندێکی هەڵپاچی و رێکی خستن. لەپڕ مارێکی گەورە لەبن لیژنە دارەکە هاتە دەرەوە و خۆی خزاندە ناو درزی بەردێک و بزر بوو. کوڕەکە مارەکەی زۆر پێ جوان بوو. حەزی دەکرد نەختێ گەمەی لەگەڵ بکا. چوو لە دیار بەردەکە هەڵکونجا بۆ ئەوەی بەڵکو مارەکە بێتە دەرەوە. بەڵام مارەکە لەو رۆژەوە چۆن بزر بوو، هەر ئەو بزربوونە بوو. کوڕەکەش هەموو رۆژێ دەهات، دەوروبەری بەردەکەی دەپشکنی و هەموو جارێکیش نەختێکی لە بەشە خواردنی خۆی لەوێ بەجێ دەهێشت.

بەیانییەک، دایکی قاپە شیرێکی دایە. ئەوەندە فێڵباز بوو چوو قاپە شیرەکەی بەرامبەر درزە بەردەکە دانا و کەمێ لەولاوە خۆی شاردەوە. مارەکە بۆنی شیری کرد

و لە حەشارگەکەی هاتە دەرەوە و بە ئەسپایی چووە سەر قاپە شیرەکە و دەمی تێنا و خواردی.

کوڕە بچووکەکە هەر وەخت بوو لە خەنی خۆشییان شێت ببێ. بە چاوی زەق تەماشای مارەکەی دەکرد کە خەرێک بوو شیرەکەی دەلستەوە.

کە قاپەکە شیری تێدا نەما، مارەکە بای داوە و چووەوە ناو درزی بەردەکە. کوڕەکە شاد و کەیفخۆش بوو، کە ئیتر ڕێگایەگی دۆزییەوە مارەکەی پێ ڕابکێشێ. هەموو جارێ کە دایکی شیری دەدایێ، بە هەلەداوان دەچووە لای بەردەکە و شیرەکەی بۆ مارەکە دادەنا، هیچ باکی بە برسێتی خۆی نەبوو.

مارەکە وردە وردە بە بینین و شیرخواردن، دەستەمۆ بو و. وای لێهات بە دەستی کوڕەکە شیری دەخوارد. برادەراتیان چەند ساڵێک بەم جۆرە بەردەوام بوو، تا کوڕەکە گەورە بوو، بوو بە گەنجێکی کۆک و جوان. کەچی مارەکە لەم ماوەیەدا پیر بو و هاتە سەر و بەندی مردن.

ڕۆژێکیان، کە گەنجەکە هات بیبینێ، مارەکە زۆر بە زەحمەت و نیخە نیخ لە درزی بەردەکە هاتە دەرەوە و بە دەنگێکی غەموون گوتی:

– ئازیزەکەم! (جۆن) گیان! زۆرم حەز دەکرد زیاتر لەلات بمێنمەوە، بەڵام سوودی نییە، کۆتاییم نزیک بۆتەوە. جا بۆ ئەوەی یادم بکەی، ئەو چاکەیەت دەدەمەوە کە لەگەڵت کردم. ها، ئەم شەپقە بچووکە و ئەم شمشاڵە و ئەم تەورەت بدەمێ: کە شەپقەکە لەسەر بنێی، قژت دەبێ بە زیو و، کە شمشاڵەکە لێ بدەی، تا لە لێوی نەکەیتەوە هەرچی لە دەوروبەرت هەیە دەست بە سەما دەکا و ڕاناوەستێ و ئەم تەورەش هەر کاتێ داوای لێ بکەی ئیش بکا، ئیشی خۆی دەکا و تا پێی نەڵێی بوەستە، ناوەستێ.

مارەکە، کە قسەکانی تەواو کرد، بەربووەوە و مرد. (جۆن)، ئەوەندەی خەم بۆ ئەم برادەرە لەدەست چووەی خوارد، چاوی پڕ فرمێسک بوو. بەڵام هیچی لە دەست نەدەهات، هەر ئەوەندەی پێ کرا مارەکەی خستەوە ناو درزی بەردەکە و بە بەرد توند قەپاتی کرد.

ئەم ڕووداوە، ئاخیری خەمان نەبوو بۆ گەنجەکە. دوای ماوەیەکی کەم دایکی ئازیزیشی کۆچی دوایی کرد و لە دونیادا بە تەنیا مایەوە.

(جۆن) دڵی بە هیچ شتێ خۆش نەبوو. ئیتر دەستی دایە سێ دیارییەکەی و سەری هەڵگرت و کەوتە ناو ئەم دونیایە بۆ ئەوەی ئیشێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. لێرە و

لەوێ گەڕا. زۆر گوند و شاری بڕی، بێ هوودە بوو. دوای ماوەیەکی زۆر زۆر گەیشتە چیایەک. لە دوورەوە گومەزی زیوی کۆشکێکی بەرزی لەسەر چیایەکە دی، لەبەر ڕۆژ دەبریسکایەوە. زۆر پێ کەیفخۆش بوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لە دڵێ خۆیدا گوتی:

– بەڵکو لەوێ ئیشێکم دەست بکەوێ. ئەو خەم و خەفەتەم لە کۆڵ ببێتەوە! بەڵام ئەو کۆشکە شووم بوو. هەموو دانیشتوانی مرد بوون. هەر کەسێ بچووبایە ناوی بە زیندوویی نەدەهاتە دەرەوە. بەڵام گەنجەکە ئەمەی نەدەزانی، بۆیە بێ خەم و خەیاڵ بە چیاکەدا هەڵگەڕا و کە گەیشتە بەر دەروازەی کۆشکەکە. خەبەری بۆ پاشا نارد گوتی هاتووم ببم بە خزمەتکاری.

پاشا بە ڕوویەکی خۆش و برادەرانە بەخێری هێنا و پێی گوت:

– باشە کوڕم! ئیشم بۆ یەکێکی وەکوو تۆ هەیە. ئەم مەڕانە ببە لەوەڕ. بەڵام پێشەکی پێت دەڵێم ئەم شوانێتییە کارێکی ئاسان نییە. ئەگەر ئازا نیت و مەڕت پێ ناپارێزرێ، ئەگەر دەزانی یەک مەڕت دەفەوتێ، وا چاکە هەر لە ئێستاوە ئیشەکە نەگریتە ئەستۆ.

(جۆن) وەڵامی دایەوە:

– مەڕ چۆن لە دەستی من ڕادەکا؟ مەڕ چۆن لای من دەفەوتێ؟ من دەتوانم هەموو مەڕەکان بە چاکی بپارێزم.

پاشا لەسەر قسەی خۆی بەردەوام بوو:

– هەوڵێکی باش بدە، ئەوە بۆ من باشە. دەتوانی لە سبەینێ بەیانییەوە مەڕەکان ببەیتە لەوەڕ. مەڕەکان هەریەکە زەنگوڵێکی زیوی بچووکی بەملەوەیە. مەڕەکان خۆیان لە مێرگەکە دەچنە ئەو شوێنەی خۆیان دەیانەوێ لێی بلەوەڕێن. تۆ هەر ئەوەندەیە دوا بە دوایان بڕۆ. ئەگەر بتوانی پاسەوانیان بکەیت و بیانپارێزی و بە سەلامەتی بیانبەیت و بیانهێنیتەوە، پاداشتێکی باشت دەدەمێ.

بەم جۆرە (جۆن) ئیشی دەست کەوت. زۆر بەمە شاد و بەختەوەر بوو. ژوورێکیشیان دایێ بۆ ئەوەی بۆ خۆی تێیدا بژی. جەمە خواردنێکی زۆر باشیشیان دایێ.

کە لە خواردن بووەوە، چوو نەختێ بحەسێتەوە، چونکە ئەوەندە ڕۆیشتبوو شل و شەکەت ببوو، زۆری خەو دەهات، بەڵام ئیسراحەتی لە خۆی نەکرد. بە درێژایی شەو، هەر ناو بەناو بە خەبەر دەهات. کە بەیانی دا، هەستا شەپقە بچووکەکەی لەسەر نا و چووە دەرەوە بۆ ئەوەی چاوێک بە شوێنەکاندا بگێڕێ.

ئەوانەی ناو کۆشکەکە هێشتا لە شیرین خەودا بوون. تەنیا کچی پاشا نەبێ، بە ئاگا هاتبوو، لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد. (جۆن)ی بینی، (جۆن) گەنجێکی قۆز بوو، قژێکی زیوینی هەبوو، دەبریقایەوە. کچە برۆای بە چاوی خۆی نەکرد. تا گەنجەکە بزر بوو، ئەو هەر تەماشای کرد. زۆری ئەزیەت خوارد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

- ئاخ! ئەوە تۆ بۆچی رێت کەوتە ئێرە؟ بۆچی بە سمی خۆت، بەرەو مەرگ هاتی؟ ئای لە خۆت بەدبەختێ! وای لە خۆت بەخت رەشێ؟

فرمێسکی چاوی بە دەسرۆکێکی سپی سرپییەوە و لەبەر پەنجەرەکە دوورکەوتەوە.

(جۆن) گەڕایەوە ناو کۆشک. شەپقە بچووکەکەی لەناو گیرفانی ناو بەرگی شوانانی کردەبەر و مەڕەکانی لەناو هۆڕ دەرهێنا و وەکوو پاشا پێی گوتبوو ئاوها بە هێمنی بە پێش خۆی دان.

سەد هەنگاوێک رۆیشت، دەشت و زەوی و زارێکی بینی دەتگوت بە مس داپۆشراوە. بەراستیش پێی دەگوترا (دەشتی مس). مەڕەکان روویان کردە ئەو دەشتە. کە گەیشتنە ئەوێ، دەستیان بە لەوەڕ کرد. (جۆن) خۆی بەسەر گۆچانەکەی دادا. تەماشای مەڕەکانی دەکرد گیای مسیان دەخوارد. لەپڕ هەڵیکردە تۆز و با. وردە وردە بایەکە بەهێزتر بوو. مەڕەکان پاڵیان پێکەوە دا، شلەژان و دەستیان بە باعە باع کرد. لکەدار لەبەر با دا دەچەمانەوە.

(جۆن) بیری کردەوە داخۆ دەبێ ئەمە چی بێ، خۆی لەسەر پێ رانەدەگرت.

لەناکاو، پەڵە هەورێکی گەورە و رەش لەلای رۆژهەڵاتەوە هات. (جۆن) لە دڵی خۆیدا گوتی:

-ئاخ! (با)یەکی چەند توند و تیژە!! حەشارگەیەک لەکوێ بدۆزمەوە پەنای بۆ ببەم؟! بەڵام شتەکە نەپەلە هەور بوو و نە (با) بوو. زۆری پێ نەچوو بوو بە تەق و تۆق و گرمە گرم و هەرا و هۆریا و عەزیایەکی شەش سەر دەرکەوت، باڵی لێکدا و بە دەنگێکی بەرز قیژاندی:

- ئەوە کێ رێی دای مەڕت لەم مێرگەیە بلەوەڕێنی؟! نازانی ئەم دەشت و زەوی و زارە هی منە؟ ئەوەی زەرەر لە زەوی و زاری من بدا، دەبێ ژیانی خۆی لەسەر دابنێ!!

عەزیاکە چڕنۆکی لە گەنجەکە گیر کرد و ویستی پارچە پارچەی بکا، گەنجەکە گوتی:

- هێواش... هێواش... دیارە زۆر پەلەتە. مۆڵەتم بدە بەلانی کەمەوە ئاوازێک بە

شمشاڵەکەم لێ بدەم.
عەزیاکە قیژاندی:
- باشە، لێدە!
(جۆن) دەستی بە شمشاڵ لێدان کرد. کە عەزیاکە گوێی لەم ئاوازە بوو، بەرزبووەوە ئاسمان و هێدی هێدی دەستی بە سەما کرد. تا (جۆن) زیاتر شمشاڵی لێدەدا، عەزیاکە، بە بێ دەستی خۆی، زیاتر دەپەشۆکا. بەڵام چ بکا، هەموو گیانی لەگەڵ ئاوازەکە موچڕکی پێدا دەهات. (جۆن) زۆر بە خۆشی لەسەر شمشاڵ لێدان بەردەوام بوو تا عەزیاکە هێزی داچۆڕا و وای لێهات هەر ئەوەتە هەناسەی دەهات و دەچوو.
قیژاندی:
- بەسسە! بەسسە! خۆت دەبینی جوولەم لێ بڕاوە. ئەگەر فێری شمشاڵ لێدانم بکەی، هیچ ئەزیەتت نادەم.
(جۆن) وەڵامی دایەوە:
- باشە، بەڵام مەسەلەکە پەیوەندی بە منەوە نییە. پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە. تۆ چڕنۆکت بۆ شمشاڵ لێدان بە کەلک نایە، دەبێ بیبڕینەوە. عەزیا رازی بوو، گوتی:
- چیم لێدەکەی، لێم بکە، هەر ئەوەندەیە فێری شمشاڵ لێدانم بکە.
کۆتەرە دارێک لەو نزیکانە بوو. (جۆن) تەورێکی لە کۆتەرە دارەکە دا و درزێکی تێ کرد و بە عەزیاکەی گوت:
- چڕنۆکت بخەرە ناو ئەم درزە.
عەزیا چڕنۆکی بردە ناو درزەکە و (جۆن) تەورەکەی دەرهێنا، درزەکە داخرایەوە و وەکوو ماشە چڕنۆکی عەزیاکەی گرت. عەزیا وروژا و کردی بە هات و هاوار:
- ئای شەیتان!! ئەوە چت لێکردم؟
(جۆن) وەڵامی دایەوە:
- نەختێ بوەستە! جارێ لە پێشا پێم بڵێ ئەگەر فێری شمشاڵ لێدانت بکەم، چیم دەدەیتێ!
عەزیاکە هەڵچوو:
- هەڵبەت ئەم شمشاڵە، شمشاڵی شەیتانە! پێم گوتی چڕنۆکم دەربێنە.
گەنجەکە بە گاڵتەوە گوتی:
- شتەکە وا ئاسان نییە! دەبێ نەختێکی تریش بناڵێنی.

بەڵام عەزیاکە سەبری نەما. چیدی بەرگەی ئازارەکەی نەگرت. ناڵاندی و گوتی:
- ئازادم کە گۆچانێک و سێوێکی مست دەدەمێ. ئەگەر گۆچانەکە لە سێوەکە بدەی، یەکسەر سێوەکە دەبێ بە کۆشکێکی مس. هەرچی دڵت بخوازێ تێیدایە.
(جۆن) پرسی:
- سێوەکە لە کوێیە؟
(جۆن) یەکسەر چوو گۆچانێکی لە سێوەکەدا. دەست بەجێ کۆشکێکی گەورەی مسی لەبەر دەم قیت بووەوە. چووە ناو کۆشکەکە. خزمەتکار بە هەلەداوان هاتنە بەردەمی و گوتیان:
- ئەی گەنجی گەورە و مەزن، فەرموو ئەمرت لەسەر چییە؟
گەنجەکە داوای هیچ شتێکی نەکرد. بە پلیکانەدا سەرکەوت. هەموو ژوورەکان گەڕا. سەیری هەموو شتە بە نرخ و گرانبەهاکانی ناو کۆشکەکەی کرد، بەڵام دەستی لە هیچ شتێ نەدا، تەنیا یەک پەڕی هێنا کە لەناو مەرەکەبدانێکی مس دابوو. لە کۆشکەکە هاتە دەرەوە. گۆچانێکی لە سێوە مسەکەدا و کۆشکەکە بووەوە سێوی جاران. بە عەزیاکەی گوت:
- بە مامەڵەکەت رازیم، بەڵام دەبێ لەوە زیاترم بدەیتێ. تەور، تۆ بکەوە خۆت و دەست بە ئیش بکە.
تەورەکە کەوتە لێدانی عەزیاکە و یەک لە دوای یەک سەرەکانی پەل دا. کە گەیشتە ئاخیر سەر، عەزیاکە هاواری کرد:
- ئەم هەموو زەوی و زارەی دەیبینی، هەمووت پێشکەش دەکەم، هەر ئەوەندەیە ئەم سەرەم بۆ بێڵەوە. بەڵام (جۆن) متمانەی بەم سەرەی کۆتایی نەبوو. تەورەکە هاتە خوارەوە و ئەو سەرەیشی پەل دا و بەمەوە تەورەکە ئیشی خۆی تەواو کرد.
کە عەزیاکە لەناو چوو، (جۆن) گەڕایەوە لای مەڕەکانی. مەڕەکان بە هێمنی و ئارامی بۆ خۆیان دەلەوەڕان.
بەرە بەری ئێوارێ، مەڕەکان لە خۆیانەوە بەرەو ماڵ بوونەوە. (جۆن) ئەو پەڕە سەوزەی لەناو کۆشکەکە هێنا بووی، لەبەر شەپقەکەی راکرد. دونیا هەمووی لە تیشکی پەڕەکە نقووم بوو. (جۆن) بە شادوومانی گەڕایەوە کۆشک و کە نزیک کەوتەوە، پەڕەکە و شەپقەکەی شاردەوە.
لەناو کۆشک، خەڵکەکە نەیاندەزانی مەڕەکان بۆچی درەنگیان بەسەردا هات و هەر

نەهاتنەوە، چونکە هەموو جارێ پێش نیوەڕۆ دەگەڕانەوە. هەموو واقیان وڕما کە دیتیان (جۆن) بە سەلامەتی هاتەوە و مەڕەکانی هێنایەوە. سەریان لێ دەرنەچوو.

پاشا زۆر شاد و کەیفخۆش بوو کە شوانێکی وا ئازا و بوێری دەست کەوت، توانی هەموو مەڕەکان بپارێزێ و قەت یەکێکیان بەڵای نەگاتێ.

کە مەڕەکان چوونە ناو هۆری خۆیان، شازادە خانم چوو (جۆن)ی بینی و گوتی:

– شوانەکە، ئەو پەڕەت لە کوێ شاردەوە کە ئەو رووناکییە جوانەی هەبوو؟

–ئاخ! کوا؟ من هیچ (پەڕ) م نییە! ئەی ئەوە نییە مەڕەکانم لە شوێنێ لەوەڕاندووە یەک تەڵە گیای لێ ناڕوێ؟!

بەڵام کچەکە بڕوای بە قسەی گەنجەکە نەکرد و گوتی:

– ێئای لە خۆتی؟ دەتەوێ لەمن بشاریتەوە! من لە پەنجەرەکەمەوە هەموو شتێکم دیوە. بۆچی نکوولی دەکەی؟ بێنە، پەڕەکەم بدەرێ.

تا پەڕەکەی نەدایێ وازی لێ نەهێنا. کچە، کە پەڕەکەی وەرگرت، وەخت بوو لە خۆشییان باڵ بگرێ.

(جۆن) چوو بە تامەزرۆیی کەوتە سەر خواردن و پاشان راکشا و پاڵی دایەوە، بەڵام نە ماندووی حەسایەوە و نە خەویشی لێکەوت. وێنەی عەزیاکەی هەر لە مێشک بوو.

کە بەیانی دا، لەناو نوێن دەرپەڕی، شەپقەکەی لەسەر نا و چووە دەرەوە. کچە، ئەم جارەش ئەو گەنجە قژ زیوەی بینی. دڵی خۆش بوو کە رۆژی یەکەم هیچ ئازاری نەدی، بەڵام بەوە هەراسان بوو کە کوڕەکە هێشتا گیر وگرفتی تری لەپێش ماوە.

(جۆن) چووە ناو کۆشک و مەڕەکانی لەناو هۆر هێنایە دەرێ. بەوپەڕی شانازییەوە، وردە وردە شوێنیان کەوت، چونکە متمانەی بە توانای شمشاڵەکە و تەورەکەی هەبوو، بەڵام نەختێ نیگەران بوو، داخۆ ئەو رۆژە تووشی چ دەبێ؟ لەپڕ چاوی هەڵبڕی، هەر وەخت بوو چاوی لەبەر بریقەی تیشکێکی گەش کوێر ببێ. تیشکەکە تیشکی ئەو زەوییە زیوە بوو کە ئەو رۆژە مەڕەکان دەچوون تیا بلەوەڕێن.

کە مەڕەکان دەستیان بە لەوەڕکرد، (با)یەکی توند هەڵیکرد، هەموو شتێکی لە رەگەوە دەرکێشا. مەڕە بەسەزمانەکان کردیان بە باعە باع و پاڵیان پێکەوە دا. لەنشکەوە پەڵە هەورێکی گەورە و رەش بە گرمە گرم هات. عەزیایەکی نۆ سەر پەیدا بوو، قیژاندی و گوتی:

– هەی شەیتان! کێ تۆی هێناوەتە ئێرە بۆ ئەوەی ئیسراحەتم لێ هەڵبگری و زەوی و

زارم تێک و پێک بدەی؟ باش بزانە، دەبێ ژیانی خۆتی لەسەر دابنێی.
گەنجەکە، شمشاڵی بۆ لێوی برد و گوتی:
– هێواش! هاورێ، هێواش! هەر چۆنی بێ پێک دێین.
کاتێ کە عەزیاکە گوێی لە یەکەم ئاواز بوو، راچەنی و لەرزی پێداهات. تا ئاوازەکە زیاتر بەردەوام دەبوو، ئەو زیاتر دەشلەژا. بەم لا و بەو لادا دەخولایەوە. تا هێز و تاقەتی لەبەر برا، ئەوسا گوتی:
– بەسسە! بەسسە! ئەگەر فێری شمشاڵ لێدانم بکەی، هیچ ئەزیەتت نادەم. ئەم جارەش هەروەکوو جاری پێشوو، (جۆن) چرنۆکی عەزیاکەی خستە بەر درزی کۆتەرە دارێک و بەرامبەر بە گۆچانێک و سێوێکی زیو ئازادی کرد.
(جۆن) بە پەلە پرووزێ چوو شتەکان ببینێ. گۆچانەکەی لە سێوەکەدا، یەکسەر کۆشکێکی زیوی گەورەی لەبەردەم قیت بووەوە. چوو بەناو سەراپای کۆشکەکەدا گەڕا. تەنیا یەک پەڕی هێنا کە لەسەر مێزێک، لەناو مەرەکبدانێکی زیودا بوو. ئینجا کۆشکەکەی وەکوو جاران کردەوە بە سێو و سێوەکەی برد و بە عەزیاکەی گوت:
– راستت لەگەڵ گوتم، بەڵام دەبێ زیاترم شتم بدەیتێ. تەورەکە، دەی تۆ ئیشی خۆت بکە.
تەورەکە یەکە و راست شەش سەری عەزیاکەی پەل دا. عەزیاکە پاڕایەوە سێ سەرەکەی تری بۆ بێڵێتەوە. ئەم هەموو زەوی و زارو زیوەی دەداتێ. بەڵام (جۆن) بە تەورەکەی گوت، بەردەوام بێ. ئیتر ئەو سێ سەرەی مابوون ئەوانیشی لە لەش جیابووەوە.
لەو ماوەیەدا، مەڕەکان بۆ خۆیان بە ئارامی دەلەوەڕان، تا بەرەبەری ئێوارێ بەرەو ماڵ نەبوونەوە. گەنجەکە پەڕەکەی لەبەر شەپقەکەی راکرد. دونیا لەناو تیشکێکی گەش نقووم بوو.
پاشا، کە دیتی مەڕەکان بە سەلامەتی و بێ هیچ زیانێک هاتنەوە، دیسان شاد و کەیفخۆش بوو. بە شان و باڵی گەنجەکەی هەڵگوت.
ئەم جارەش، کچەکە بە دزی خۆی گەیاندە (جۆن) و داوای پەڕەکەی لێکرد کە هەموو لایەکی رووناک کردبووەوە. (جۆن) نکوولی نەکرد، پەڕەکەی دایێ. کچەکە پەڕەکەی وەرگرت و سوپاسی گەنجەکەی کرد لەسەر ئەم چاکەیەی.
پاش عیشا، (جۆن) چوو بحەسێـەوە، بەڵام بە درێژایی شەو چاوی نەچووە خەو. هەر

لەو خەیاڵەدا بوو کە لەگەڵ عەزیاکە لە کێشمەکێش دایە. بەبێ ئۆقرەیی چاوەڕێی بەیانی کرد. کە ڕۆژ هەڵات، شەپقەکەی لەسەر ناو چووە دەرەوە. کچەکە دیسان چاوی پێکەوت، بەڵام خێرا چاوی لەسەر لابرد، چونکە سووی لێ بوو، دەترسا ئەم جارە، بەهۆی دلێری خۆیەوە بەڵایەکی بەسەر بێ.

(جۆن) چوو بە هێمنی مەڕەکانی لە هۆر دەرهێنا. مەڕەکان هەستیان دەکرد لەژێر چاودێری شوانێکی بەهێزدان. (جۆن) دوا بە دوای مەڕەکان ڕۆیشت. بیری دەکردەوە داخۆ ئەو ڕۆژە کێی لێ دەردەکەوێ. لەپڕ تیشکێکی گەشی وەکوو ڕۆژی بە چاو کەوت. هەموو شتێکی دەورو بەری ڕەنگی زەردی بە خۆیەوە گرت. ئەم زەوییە زەوی زێڕ بوو، دەبوایە ئەمڕۆ مەڕەکان لەوێ بلەوەڕێنێ.

کە مەڕەکان گەیشتنە ئەوێ، بە ئیشتیاوە دەستیان بە خواردنی گیای زێڕ کرد. لەو کاتەدا، بایەکی توند و تیژی هات. هەورێکی گەورە و ڕەش بەری ئاسمانی گرت. بوو بە هەورە تریشقە و شریخەی چەخماخە، عەزیایەکی دوازدە سەر پەیدا بوو. قیژاندی و لەبای غارێ دار بەڕوویەکی وەکوو تەڵەگیایەک لە ڕەگەوە هەڵکێشا و پەلاماری (جۆن) ی دا، ویستی داربەڕوویەکی لە تەپڵی سەری بدا و سەری پان بکاتەوە، گوتی:

– کێ ڕێی دای بێیتە ناو زەوی من و زەرەری پێ بگەیەنی؟

شمشاڵ تووڕەی لێ هەڵسا... عەزیا لوولی خوارد و بەرزبووەوە ئاسمان و داربەڕووەکەی لەگەڵ خۆی برد، بە چرنۆک گرتبووی، بەری دایەوە و قۆرتێکی گەورە لە زەوی هەڵکەند. عەزیاکە ئەوەندەی سەما کرد تا شل و کوت بوو. ئەوسا لەسەر زەوی ڕاکشا و هێنکە بە بڕی قیژاندی:

– بەسسە، بەسسە! هیچ ئەزیەتت نادەم، تەنیا فێری شمشاڵ لێدانم بکە.

– بە شادمانییەوە! بەڵام دەبێ ئەو چرنۆکە تیژانەت لێ بکەیتەوە.

(جۆن) ئەم جارەش، چرنۆکی عەزیاکەی خستە درزی کۆتەرە دارێک و توندی کرد، تا خوێن لە سێ چنگی فیچقەی کرد و نزیکەی شەش مەتر ڕۆیشت.

عەزیاکە لەبەر ئازاری خۆی دەیقیژاند، کەچی (جۆن) لە خۆشییان هەڵدەپەڕی و پێدەکەنی. (جۆن) گوتی:

– هیچ نییە، هیچ نییە! هەر ئێستا ئیشەکە تەواو دەبێ، بەڵام دەمەوێ بزانم ئەگەر فێری شمشاڵ لێدانت بکەم چم دەدەیتێ؟

عەزیا وەڵامی دایەوە:

– ئەم مۆسیقایە بە جەهەننەم! تۆ ئازادم بکە بە گۆچانێک و سێوێکی زێڕت دەدەمێ. ئەگەر بە گۆچانەکە لە سێوەکە بدەی، سێوەکە دەبێ بە کۆشکێکی زێڕ و چی بتەوێ لەو کۆشکەدا دەستت دەکەوێ.

(جۆن) چوو سێوەکەی دۆزییەوە و کردی بە کۆشکێکی زێڕ. چووە ژوورەوە، بەناو هەموو کۆشکەکەدا گەڕا و سەیری هەموو شتێکی کرد. دەستی لە هیچ نەدا، تەنیا یەک پەڕی زێڕی هێنا. لەسەر مێزێک، لەناو مەرەکەبدانێک دابوو. گەڕایەوە لای عەزیاکە و پێی گوت:

– رێک کەوتین! بەڵام دەبێ هێشتا زیاترم بدەیتێ. تەورەکە! دە تۆش دەست بە ئیشی خۆت بکە.

تەورەکە یەکسەر لە هەوادا ورشەی هات و نۆ سەری عەزیاکە بەربوونەوە سەر زەوی. عەزیاکە داوای لێکرد سێ سەرەکەی تری بۆ بێڵێتەوە، هەموو زەوی و زاری زێڕینی خۆی دەداتێ، بەڵام (جۆن) گوێی بەم پاداشتە نەدا. بە تەورەکەی گوت سێ سەرەکەی تریشی پەل بدا. ئینجا گەڕایەوە لای مەڕەکانی کە گیای زێڕیان دەخوارد.

بەرە بەری ئێوارێ، مەڕەکان خۆیان بەرە و ماڵ بوونەوە. (جۆن) پەڕەکەی لەبەر شەپقەی خۆی راکرد. چی لە و دەشت و دەرە هەبوو هەمووی کەوتە ناو تیشکێکی زەردی وەکوو تیشکی رۆژ. لە نزیک کۆشکەکەدا، پەڕەکە و شەپقەکەی شاردەوە. ئیتر کەس پێی نەزانی تەنیا کچەکە نەبێ کە لە پەنجەرەوە تەماشای دەکرد.

پاشا، کە دیتی مەڕەکان بە ساخ و سەلیمی هاتنەوە، بانگی (جۆن) ی کرد و پێی گوت:

– بەڕاستی تۆ گەنجێکی بەوەج و لێهاتووی! تۆ مایەی بەختەوەری منیت. لە ئەرکێکی وا سەرکەوتی، پەنجا پیا و پێیان نەکرا و دۆڕان. جا هەر چەندەی حەز دەکەی لای من بمێنەوە، کرێ و پاداشتێکی وات دەدەمێ تا ئێستا هیچ شوانێک وەری نەگرتبێ.

کە شازادە خانمی کچی پاشا بەم خەبەرەی زانی و زانی کوڕەکە لەناو کۆشکی پاشادا دەمێنێتەوە، زۆر شاد و کەیفخۆش بوو. کە پاشا رۆیشت، ئەو چووە لای کوڕەکە و پێێ گوت:

– بێنە ئەو پەڕەیەم بدەرێ کە دەشت و دەری پڕ روناکی کردبوو.

ئەم جارەش بە جەنە و منجڕی خۆی پەڕەکەی لە گەنجەکە سەند.

بەم جۆرە شازادە خانم پەڕە زێڕەکەشی دەست کەوت و لە تەک پەڕەکانی تر داینا.

لەوە بەدواوە، هیچ شتێ نەما (جۆن) ترسی لێ هەبێ. جارێ مەڕی دەبردە زەوی مس و تاوێ دەیبردە زەوی زیو و گاوێ دەیبردە زەوی زێڕ. بەڵام ئەو نهێنییەی بۆ کەس ئاشکرا نەکرد کە سێ رۆژی یەکەم چی دیت و چی بەسەر هات.

دوای ماوەیەک، شازادە خانم ویستی شوو بکا. بڕیار درا و بورجێکی گەورە و بڵندی بە پەنجەرەیان دروست کرد. شازادە خانم پەڕە مسەکەی بە یەکێ لە پەنجەرەکان هەڵواسی و جاڕیان دا هەر کەسێ بە سواری ئەسپ باز بدا و پەڕە هەڵواسراوەکە لێ بکاتەوە، شووی پێ دەکا. ئەم دەنگ و باسە بە سەراپای وڵاتدا بڵاو بووەوە. لە رۆژی تایبەتی خۆی دا، میر و خانەدان و شۆڕە سوار لە هەر چوار ئیقلیمی وڵاتەوە هاتن و روویان کردە کۆشکی پاشا، بە نیازی ئەوەی زەماوەند لەگەڵ شازادە خانم بکەن چونکە ئەوەندە جوان بوو، لە جوانیدا وێنەی نەبوو.

پاشا و کچەکەی، لە کۆشکەوە سەیری ئەم دیمەنە درامییەی بەرامبەری خۆیان دەکرد. پاشا ئاماژەی دەست پێکردنی پێشبڕکێی دا. هەموو میر و خانەدان و شۆڕەسوارەکان باشترین ئەسپی خۆیان راکێشایە مەیدان، بەڵام کەلکی نەبوو. ئەسپەکان هەموو کەل و کلۆم بوون، دەست و پێ و ئەسکوردیان شکا، بەڵام کەس دەستی نەگەیشتە پەڕەکە.

(جۆن)، هەموو رۆژێ مەڕی دەبردە لەوەڕگا. ئافرەتێک هاتە لەوەڕگا و خەبەری دایە کە لە کۆشک چ باسە. (جۆن) زانی دەبێ چ بکا:

کە ژنەکە رۆیشت، (جۆن) سێوە مسەکەی دەرهێنا. نەختێ گۆچانەکەی پێدا هێنا. کۆشکێکی مسی لەبەردەم پەیدا بوو. چووە ناو کۆشکەکە، فەرمانی دا یەکسەر ئەسپێکی بۆ تەیار بکەن و دەستە بەرگێکی سوارانی بۆ بێنن.

کە قسەکەی تەواو کرد، یەکسەر دیتی ئەسپێکی رەسەنی پێشبڕکێی لەبەردەم پەیدا بوو، دەیحیلاند و سمکۆڵی دەکرد، ئۆقرەی لێ هەڵگیرا بوو. زرێی مسیش ئامادە بوو، خێرا کردییە بەر و خۆی هەڵدایە سەر خانەی زین و رکێبی لێدا و رووی کردە کۆشکی پاشا.

خەڵکەکە، کە چاویان بەم سوارە رێک و پێک و بە کاروبارە کەوت، ئیکلامیان بۆ کێشا و رێزیان بۆ نواند. سوارەکە هیچ تەماشای پاشا و کچۆڵەکەی نەکرد. سێ سەران هات و چوو، ئاوزەنگی لە ئەسپەکەی دا، ئەسپەکەی تا ئاستی پەنجەرەکە بەرزبووەوە. سوارەکە پڕی دایە پەڕە مسەکە و بردی. هەموو کردیانە هەرا و چەپڵە رێزان.

(جۆن) هیچ بایەخی بە چەپڵە رێزانەکە نەدا، رووی کردە کچەکە، لە بەردەمیا داهاتەوە

و پەڕە مسەکەی پێشکەش کرد. بەڵام کچەکە پەڕە مسەکەی سوارەی بە دڵ نەبوو. بە بوغرایی خۆی بەتەمای شتی لەوە باشتر و زیاتر بوو، بۆیە پەڕەکەی لە سوارەکە وەرنەگرت کە دەستی درێژ کردبوو پەڕەکەی بداتێ.

(جۆن) کشایەوە و سواری ئەسپەکەی بوو بۆی دەرچوو.

پاشا ئەم هەڵس و کەوتەی کچەکەی بەدڵ نەبوو، تووڕە بوو، بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو.

چەند مانگێک پێ چوو، کچە داوای لە باوکی کرد جاڕ بدا ئامادەیە مێرد بە هەر کەسێ بکا کە بتوانێ بە سواریی تا ئاستی پەڕە زیوەکە باز بدا و لێێ بکاتەوە. ئەم جارە پەڕە زیوەکەی لە پەنجەرەیەکی بڵندتر هەڵواسی.

دووبارە شەماتە و حەشیمەتێک لە میر و خانەدان و شۆڕەسواران کۆبوونەوە، بە نیازی ئەوەی زەماوەند لەگەڵ کچەکە بکەن، بەڵام هەموو هەوڵ و تەقەلایان بە فیڕۆ چوو. ئەوەندەی ئاوزەنگییان لە ئەسپان دا سوودی نەبوو، کەس نەگەیشتە پەڕە زیوەکە.

(جۆن) لەبەر مەڕی بوو، کە خەبەری کۆشکی پاشایان دایێ. گ وچانێکی لە سێوە زیوەکەدا و دەست بەجێ کۆشکێکی زیوی لەبەردەم قیت بووەوە. فەرمانی دا ئەسپێکی زیوین و دەستە بەرگێکی زیوی بۆ ئامادە بکەن.

بە چاو ترووکانێک، ئەسپێکی زیوین هات، سمکۆڵی لە زەوی دەکرد، ئۆقرەی لێ هەڵگیرا بوو. دەستە بەرگێکی زیویشیان بۆ هێنا. خێرا دەستە بەرگەکەی کردە بەر و سواری ئەسپەکە بوو رکێبی لێدا و هاژوای بۆ کۆشکی پاشا.

ئەوانەی لەوێ گردببوونەوە، کە چاویان بەم سوارە کەوت بەم هەموو تەدارەک و زێوەرە شکۆدارەوە، هەر واقیان وڕما. رێیان بۆ کردەوە. سوارەکە هات و چوو، بە هەردوو رکێبان ئاوزەنگی لێدا. ئەسپەکە بازێکی هەڵدا تا ئاستی پەنجەرەکە بەرز بووەوە. (جۆن) بە تەڕ دەستی پەڕە زیوەکەی لێکردەوە.

پاشا و کچەکەی بە چاوی خۆیان ئەم دیمەنەیان بینی، بەڵام کە (جۆن) پەڕەکەی پێشکەش شازادە خانم کرد، شازادە خانم پەڕەکەی لێ وەرنەگرت چونکە جل و بەرگە زیوەکەی پێ جوان نەبوو. بە لووتبەرزی و بوغرایی خۆی چاوی لە شتی زیاتر بوو.

پاشا لە کچەکەی تووڕە بوو، قسەی لەگەڵ نەکرد،بەڵام کچە وازی نەهێنا لەبەر باوکی پاڕایەوە و لێی ناورایەوە ئەم جارەش دەرفەتی بدا. پاشا رازی بوو.

کچە، ئەم جارە پەڕە زێڕەکەی بە بەرزترین پەنجەرەی بورجەکەوە هەڵواسی و جاڕیان

دا هەر کەسێ بتوانێ بە سواریی باز بدا بۆ ئاستی پەنجەرەکە و پەڕە زێڕەکە بۆ خۆی لێ بکاتەوە، کچە شووی پێ دەکا. ئەمە دوا جارە و پاشگەزبوونەوەی تێدا نییە.
زۆر لەوانەی بەتەمای زەماوەند و بەختەوەری بوون، کە ئەم دەنگ و باسەیان بیست، لە دوور و نزیکەوە هاتن و کۆبوونەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەنجەرەکە زۆر بڵند بوو، هەموو نائومێد بوون و کەس هەر هەوڵیشی نەدا خۆی تاقی بکاتەوە.
ئەوسا (جۆن) بە جل و بەرگێکی زێڕ و بە سواری ئەسپێکی زێڕین هات، خەڵکەکە چاویان لەبەر بریق و باقی سوارەکە هەڵنەدەهات. دەتگوت ئەم سوارە جادووی لێکردوون.
سوارەکە هات و چوو، رکێبی لە ئەسپەکەی دا، ئەسپەکەی بازێکی هەڵدا گەیشتە راست پەنجەرەکە و سوارە پڕی دایە پەڕە زێڕەکە و لێی کردەوە.
پاشا و کچەکەی دانیشتبوون سەیری ئەم دیمەنە بەرزەیان دەکرد. کچەکە شێت و شەیدای ئەم سوارە نازدارە بوو، کە دەبوایە مێردی پێ بکا.
(جۆن) چووە بەردەم کچەکە و پەڕە زێڕەکەی بۆ راداشت، کچە یەکسەر دەستی درێژ کرد بۆ ئەوەی پەڕەکەی لێ وەربگرێ، بەڵام (جۆن) پێشتر لە مێشکی خۆی داینا بوو چ بکا، دەستی خۆی کێشایەوە و پەڕەکەی نەدایێ. زۆر بە رێزەوە لەبەر دەمیا چەمایەوە و پێی گوت:
- کچی جوان، رێم بدە ئەم پەڕە جوانە لای خۆم گل بدەمەوە. ئەگەر بەڵێنم پێ بدەی شووم پێ بکەی، پاش دوو مانگی دی دێم دەتبەم.
پاشا رازی بوو کچەکە بە خۆشی و بەختەوەری بەڵێنی پێدا کە مێردی پێ بکا. (جۆن) خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی و گەڕایەوە کۆشکی زێڕین.
لە کۆشک و سەرای پاشادا، کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ زەماوەند. هەموو لایەک بە پەرۆشەوە بوون ئەم دوو مانگە زوو تەواو ببێ، بەڵام ئەو دوو مانگە زۆر درێژ بووەوە بە تایبەتی بۆ کچەکە کە ئۆقرەی لێ هەڵگیرا بوو. هەموو سبەینە و ئێواران بە پەنجەی دەست دەیژمارد داخۆ چەند شەو ماوە سوارەی زێڕین بێتەوە و لەگەڵ خۆی بیبا.
ئاخیری ئەو رۆژە داهات کە سوارەکە داینا بوو بێتە دوو کچەکە. کچەکە ئەوەندە ورووژا بوو، نەیدەزانی چ بکا و بچێتە کوێ؟ رۆژ بڵند بوو، سوارەکە دیار نەبوو، چاوەڕێیان کرد و لە ئاسۆی دوور رامان، بوو بە نیوەڕۆ کەس دەرنەکەوت. کە رۆژ گەیشتە تاقی ئاسمان و بوو بە شاقووڵی لەسەر سەری خەڵک، دەرۆزەکەرێکی جل شڕ، بە سواری بارگیرێکی لەڕ و لاواز هات و داوای لە دەرگەوانی کۆشک کرد رێی بدا بچێتە ژوورەوە.

بەو جلە شڕ و وڕە بردیانە ناو کۆک، ئەویش یەکسەر چووە ژووری تایبەتی کچەکە و دەستی بۆ درێژ کرد و گوتی:
- خوا پیرۆزی کا، جوانێ! هاتووم بتبەم.
کچەکە بە تووڕەیی قیژاندی و بە قێز و بێزەوە گوتی:
- برۆ دەرەوە! ئێرە جێی تۆ نییە، لێرە هیچت دەست ناکەوێ! من هەر ناتناسم!!
کابرای دەرۆزەکەر بە زەردەخەنە وەڵامی دایەوە:
- بەراست، نامناسی!! دە باش تەماشام بکە. سوارە مسەکە من بووم و سوارە زیوەکەش من بووم کە بە بوغرایی و لووتبەرزی خۆت پەڕەی مس و زیوت لێ وەرنەگرت. سوارە زێڕەکەش هەر من بووم کە پێش دوو مانگ بەڵێنت پێدام شووم پێ بکەی. سوراەکان هەموویان یەک کەس بوون، ئەویش من بووم.
کە لە قسەکانی بووەوە، پەڕە مسەکە و ئینجا پەڕە زیوەکە و ئاخیریش پەڕە زێڕەکەی لەسەر مێز دانا و گوتی:
- فەرموو، ئەمەش پەڕەکان! ئێستا هیچ قسەت ما. چارەت نییە دەبێ لەگەڵم بێی، عارەبانەکەمان لە حەوشە چاوەڕێ دەکا.
کچەکە دەستی بە قیڕە قیڕ و گریان کرد. باوکی گوێی لێ بوو، هات پرسی: چییە؟
کە تێیان گەیاند مەسەلە چییە، زۆر پەست و عادز بوو، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا. رووی کردە کچەکەی و گوتی:
- ئەوها باشە، کچی بوغرا و لووتبەرز!! زۆر دەرفەتی باشت هاتە پێش، رەتت کردەوە. ئێستایش چیت دەویست بۆت هاتە دی. هەستە جلێکی وا بکە بەر لە مێردەکەت بوەشێتەوە و بە گەڵی کەوە و برۆ.
کچەکە دەستی بەر بوو، چاری ناچار بوو، دەستە جلێکی کۆن و شڕی کردە بەر و بەدەم کوڵی گریانەوە ماڵاوایی خواست و لەگەڵ مێردەکەی سواری پیرە بارگیرەکە بوو.
(جۆن) دەزگیرانەکەی بە پێش خۆی دا و رۆیشتن. ماوەیەکی زۆر رۆیشتن. (جۆن) دەزگیرانەکەی بە وڵاتدا دەگێڕا، تا گەیشتە لێڕێک. لەوێ راوەستا و گوتی:
- کچی بوغرا، سەیرکە! ئێمە لێرە دەگیرسێینەوە. ئاغاکەم لەم نزیکانە کۆشکێکی هەیە. دەچین لەو کۆشکەدا خزمەت دەکەین. تۆ لێرە چاوەڕێ بکە، من دە پێش دا دەچم خەبەر دەدەمە ئاغاکەم کە هاتوومەتەوە و دەزگیرانەکەمم هێناوە، داواشی لێ دەکەم بەڵکو تۆش بە کارەکەر قبووڵ بکا. زوو دێمەوە.

کەمێ ڕۆیشت، گۆچانی لە سێوە مسەکەدا، یەکسەر کۆشکێکی مس لە ناوەندی دەشتێکی مس قیت بووەوە. چووە ژوورەوە، فەرمانی بە خزمەتکارەکان کرد جلی ئاغایان بکەنە بەر و بە جۆرێ هەڵس و کەوت بکەن وەکوو ئەوەی بانگێشت کرابن بۆ ئەوەی لەم کۆشکەدا بژین. خۆی و ژنەکەشی خزمەتیان دەکەن.

پاش ئەوەی ئەم ڕاسپاردەی پێ گوتن، گەڕایەوە لای کچە بوغراکە و پێی گوت:

– ئاخ! لە بەدبەختی خۆمان!! ئاغام لەماڵەوە نییە، دوێنێ بە میوانی چۆتە کۆشکێکی تر، بەڵام ئاغا و خانەدانێکی زۆر بانگێشت کراون بۆ کۆشک و دەبێ بچین خزمەتیان بکەین، کە ئاغا هاتەوە دەیبینین و قسەی لەگەڵ دەکەین. فەرموو با بچین.

کچەی بوغرا، بە چاو بەرەژێری کەوتە دوای (جۆن)، چونکە بێجگە لەوە هیچ چارەی نەبوو. کە گەیشتنە ناو کۆشک، (جۆن) بردییە ژوورێکی بچووک. لەوێ جلی کارەکەرانییان کردە بەر. بانگێشتکراوەکان لە هۆڵی گەورە دانیشتبوون. داوایان کرد مێزی خواردن بڕازێننەوە: یەکێ داوای لە (جۆن) کرد شەرابی هەرە باش بێنێ. ئەمە هەرگیز لەگەڵ زەوق و سەلیقەی کچەکە نەدەگونجا، بەڵام ناچار بوو مل ڕابکێشێ و ئیشەکە بکا. بانگێشتکراوەکان بە کەیفخۆشی گۆرانیان دەگوت و نانیان دەخوارد، کەچی گەنجەکە و ژنە بوغراکەی لە کونجێک هەڵتووتابوون، کە خواردن هەڵگیرا، بەرماوەکەیان خوارد.

ئاخیری (جۆن) بە ژنەکەی گوت:

– ئێستایش، ئازیز گیان! با بچینە لای ئاغاکەم لە کۆشکی دووەم.

سواری پیرە بارگیرەکە بوون. شار بە شار ڕۆیشتن تا گەیشتنە دەشت و دۆڵێکی خۆش. لاپاڵ هەمووی لێڕی چڕ و سەوز بوون. (جۆن) کورتانی لە بارگیرەکە کردەوە و بە ژنەکەی گوت:

– کۆشکی دووەمی ئاغام لە پشت ئەم لێڕەیە. دەچم دەپرسم داخۆ ئاغا لەوێیە یان نا؟ تۆ لێرە چاوەڕێ بکە. هەر ئێستا دێمەوە.

(جۆن) ڕۆیشت. کە گەیشتە سەر تۆقەڵەی ئەو چیا پڕ درەختە، گۆچانێکی لە سێوە زیوەکەدا، یەکسەر کۆشکێکی زیوین لەناو مێرگ و مێرغوزارێکی زیو قیت بووەوە. چووە ژوورەوە. کە سەرۆی خزمەتکارانی بینی، داوای لێکرد دەوری ئاغا بگێڕێ بە شێوەیەکی ئاسایی و ڕێک و پێک کاروبار بەڕێوە ببا. خۆی و ژنەکەی دێن داوای ئیش دەکەن، ڕەوانەی کۆشکی سێیەمیان بکا.

(جۆن) شۆڕبووەوە ناو دۆڵ و لە دوورەوە بانگی ژنەکەی کرد و گوتی:
- وەرە، ئازیز گیان! با زوو بچین، ئاغا لەوێیە!
چوون گەیشتنە کۆشکی زیوین. ژنە سەری لە گەورەیی و شکۆداری کۆشکەکە و لەو هەموو ناوماڵە سوڕما. سەرۆک خزمەتکارەکەی جلی ئاغابانی کردبووە بەرو وای پێشان دا خۆی ئاغا و خاوەن بڕیارە لەم کۆشکەدا. زۆر بە رووخۆشی بە پیریانەوە چوو. بە خێری هێنان. بەڵام گوتی بەداخەوە لە کۆشکەکەی ئێمە ئیشمان بۆ ئێوە نییە. کۆشکەکەی دراوسێمان پێویستیان بە کارەکەرێک هەیە. گوتی ناشمەوێ پیاوەکە لای خۆم گل بدەمەوە، بۆ ئەوەی لە هاوسەرەکەی دانەبڕێ.
ژنەی بوغرا بە گریان سورای بارگیرە کەترەکە بوو. زۆر بێزار و غەمگین بوو کە لەم کۆشکە جوانەدا بە کارەکەری رایان نەگرت.
(جۆن) دڵێ دایەوە، پێی گوت نەگری و نائومێد نەبی، لە کۆشکی سێیەم ئیشیان دەست دەکەوێ و کاروباریان بە رێک و پێکی دەڕوا. بەڵام ژنە هەر دەگریا و نەیدەبڕییەوە، تا پاش چەند ساتێکی زۆر گەیشتنە چیایەک، (جۆن) بە ژنەکەی گوت:
دەبێ لێرە بوەستین. کۆشکی سێیەمی ئاغام لەودیو ئەم چیایەیە. دەچم دەپرسم داخۆ کاروبار لەوێ چۆنە؟! تۆ چاوەڕێم بکە، ئێستا دێمەوە.
جۆن، کە لە چیاکە ئاودیو بوو، گۆچانێکی لە سێوە زێڕەکە دا. بە چاوقوچانێک کۆشکێکی زێڕ و زەوی و زارێکی زێڕی لەبەردەم پەیدا بوو.
خزمەتکار لە هەموو لایەکەوە بە راکردن هاتن. (جۆن) فەرمان و رێنمایی پێویستی پێدان و داوای لێکردن زۆر بە وردی جێبەجێیان بکەن. ئینجا خێرا گەڕایەوە لای ژنەکەی و بردییە ناو کۆشکی زێڕین. ژنە ئەوەندە شتی سەیر و جوان و بێ وێنەی بینی دەمی لە دیار بەش بووەوە. (جۆن) پێی گوت:
- ئازیز گیان! ئێمە لێرە، لەناو ئەم کۆشکە خزمەت دەکەین. وەرە دوام.
ژنە وەڵامی نەدایەوە. ئاخ و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا کە چۆن خۆی خانمی ئەم کۆشکە جوانە بوو. بە پلیکانە سەرکەوتن. (جۆن) ژنەکەی بردە ژوورێک و دەرگای داخست. یەکسەر چوار قەرەواش دەوریان دا. باشترین و جوانترین جل و پەڕیان بەدەستەوە بوو، هەمووی لەبەر زێڕ و خشڵی بەهادار دەبریقایەوە.
دەستیان پێکرد جلەکەیان کردە بەر. ئەویش شاش مابوو، حەپەسا بوو نەیدەزانی ئەمە خەونە یان راستە. قەرەواشەکان هیچ گوێیان بە حەپەسان و سەرسامی ئەو نەدا.

به پەلە و بەو پەڕی خێرایی ژنەیان لە تەوقی سەرییەوە تا بنی پێی بە جوانترین خشڵ و زێوەر رازاندەوە.
پاش نەختێ، ژنە خۆی لەناو جوانترین خشڵ و رێکترین دیمەن بینی.
لەو کاتەدا، دەرگا کرایەوە و سوارەی زێڕین هاتە ژوورەوە و بە بێ دوودڵی دەستی کچەی گرت و گوتی:
– خۆشەویستم، تۆ کارەکەری ئەم کۆشکە نیت، تۆ خانمی ئەم کۆشکەیت. ویستم دەرزت بدەم بۆ ئەوەی واز لە بوغرایی و لووتبەرزی بێنی.
ئەوسا سوارەی زێڕین، وەرسووڕایەوە و شەپقە بچووکەکەی لەسەر نا. شەپقە بچووکەکەی هەر سێ پەڕە مس و زیوو زێڕەکەی پێوە بوو. ئەو حەلە ژنە چاوی زەق بووەوە، چونکە بەو شەپقە و بە پەڕەکانەوە ناسییەوە ئەمە (جۆن)ـە کە کاتی خۆی پەڕەکانی پێشکەش کرد.
(جۆن) هەموو شتێکی بۆ ژنەکەی گێڕایەوە: چۆن یەک لە دوای یەک عەزیاکانی لەناو برد! چۆن گەیشتە ئەم کۆشکە و بوو بەم شۆڕە سوارەی دەیبینێ!
ژنە لە سەرسامی و بەختەوەری، لە پڕمەی گریانی دا، داوای بوردنی کرد لە هەرچی دژی ئەو کردوویەتی، ئینجا ماوەیەکی زۆر (جۆن)ی گرتە باوەش و ماچی کرد.
بەم جۆرە کاروبار ئاسایی بووەوە و کچەکە چی دەویست هەمووی بۆ هاتە دی.
دوای ماوەیەکی کەم، هەردووکیان چوونە سەردانی ماڵە باوانی کچە. باوکی کچە زۆر بێ تاقەت بوو کە کچەکەی لەگەڵ (جۆن) چووبو و کەس نەیدەزانی کەوتوونەتە کوێ.
کاتێ کە باوکە کچەکەی لە تەک خۆیا بینی، لە خۆشییان گریا. خۆشیی و بەختەوەرییەکەی بەوە زیاتر بوو کە دیتی یەکێکی وەکوو (جۆن) بووە بە زاوای.
کچە بوو بە ژنێکی چاک و خاتوون و ئەو ژن و مێردەش بە خۆشی و دڵنیایی و شادومانی لە هەر سێ کۆشکەکەدا ژیان.

* * *

# ٢٦- برای بچووک
# دەبێ بە شوور



دەگێڕنەوە دەڵێن :

لە زەمانی دێرین کابرایەک هەبوو، پاسەوانی لێڕەوار بوو. دوو جار ژنی هێنا بوو. دوو منداڵی لە ژنی یەکەم هەبوو: کچێکی بچکۆڵە و کوڕێکی ساوا. ناویان: (ئیفا) و (جانۆ) بوو. زڕدایکێکیان هەبوو زۆر لەگەڵیان خراپ بوو. قەت قسەیەکی خۆشی لەگەڵ نەدەکردن. بە چاوی سۆز و دایکایەتی تەماشای نەدەکردن. ڕۆژ تا ئێوارێ جوێنی پێ دەدان و لێی دەدان. ئەو سەردەمە لەسەرانسەری وڵاتدا نەبوونی و گرانییەکی لە ڕادەبەدەر بوو. بەتایبەتی لە ناوچەی پاسەوانانی لێڕەوارِ. جاری وا هەبوو سێ ڕۆژی خشت پارچە نانێکیان دەست نەدەکەوت.

ڕۆژێکیان، کابرای پاسەوانی لێڕەوارِ بە ژنەکەی گوت:

–چ خواردنێکمان بۆ منداڵان هەیە؟

ژنەکەی وەڵامی دایەوە:

– چۆن رووت دێ داوای شتی وا لە من بکەی؟... ئەوەتا لێڕ، بڕۆ بەڵکو شتێک پەیدا بکەی!

کابرا رووی کردە ناو لێڕ، چووە ئێرە و ئەوێ. تا بووڵێڵ وێڵ و سەرگەردان سووڕایەوە. لە باڵندەیەکی بچووک زیاتر هیچی دەست نەکەوت. هاتەوە بە ژنەکەی گوت:

– ها! ئەم باڵندە بچووکەیە بگرە، بۆمان لێ بنێ.

باڵندەکە ددانێکی کلۆری پڕ نەدەکردەوە.

سبەینەی ڕۆژی پاشی، کابرای پاسەوان هاواری کرد:

– خوایە! ئەی ئەمڕۆ چ بخۆین؟

ژنەکەی بە ڕەقی وەڵامی دایەوە:

– ئەوە چ ئاخ و ئۆفتە!؟ گوێم بەم هاوار و گلەییانە دەتەقێنی! بڕۆ ناو لێڕ و شتێکمان بۆ ڕاو بکە.

کابرا دووبارە ملی ڕێی گرت و چووە ناو لێڕ. دوای ماندووبوونێکی زۆر، کەروێشکێکی بچووکی گرت و بە خەنی خۆشی بۆ ژنەکەی هێنایەوە بۆ ئەوەی بۆ شێو بۆیان لێ بنێ. ئینجا دووبارە گەڕایەوە ناو لێڕ بۆ ئەوەی هەوڵێکی تر بدا. باوەژن کەروێشکەکەی پاک

کردەوە و پێش ئەوەی لەناو مەنجەڵی بنێ، چووە سراوێ ئاو بێنێ. پشیلەیەک بە دزی خۆی خزاندە ژوورەوە و کەروێشکەکەی برد بۆ ئەوەی بیخوا. کە ژنە گەڕایەوە، سەیری کرد کەروێشکەکە نەماوە، وەخت بوو لە رقان و لە هەژمەتان شەق ببا، هاواری کرد:

– لەم برسێتییە تاقەتم چوو! منداڵەکانی مێردەکەم هەر بە کەلک چ نایەن، دەیان خۆم و تێر دەبم.

یەکسەر بڕیاری دا ئەم نیازەی جێ بەجێ بکا. بەڵام (ئیفا) گوێی لە قسەکەی بوو، وەکوو بی ناو ئاو چرک و هۆڕ لەرزی، بەڵام وای نەکرد کەس هەست پێ بکا.

منداڵەکان چوون بە برسێتی نووستن. کە لە خەو رابوون، باوەژنی پیس و بەدکار پێی گوتن:

– منداڵینە، بڕۆنە ناو لێڕ، کۆڵە دارێکم بۆ بێنن، شتێکتان بۆ دەبرژێنم.

(جانۆ) و (ئیفا) چوونە لێڕ. خەریکی کۆکردنەوەی گزرە و بەستنی کۆڵەدار بوون، کچۆڵەکە بە برای گوت:

– برام، دەزانی ئەم کۆڵەدارە بۆ چ کۆدەکەینەوە؟

– ئا... دەزانم. بۆ گۆشت برژاندنە.

– راستە بۆ گۆشت برژاندنە، بەڵام بۆ برژاندنی گۆشتی تۆیە.

ئینجا بۆی باس کرد کە باوەژن نیازی وایە هەردووکیان یەک لە دوای یەک بخنکێنێ و گوتی:

– بەڵام مەترسێ! کە چووینەوە ماڵێ. من داوا لە (دایە) دەکەم قژم شانە بکا. لەو کاتەدا، تۆ وەرە ژوورەوە و پڕ بکە بە تۆقەکەم و راکە. منیش دەکەومە دوات و بەم جۆرە هەردووکمان رادەکەین و دەرباز دەبین.

کە گەیشتنەوە ماڵێ، کۆڵەدارەکەیان لە حەوشە دانا. باوەژن ئافەرینی لێکردن کە ئاوها زوو هاتنەوە. (ئیفا) داوای لێکرد قژی دابێنی.

باوەژن وەڵامی دایەوە:

– هەر ئێستا... هەر ئێستا. بەڵام جارێ بڕۆ مەنجەڵە گەورەکە پڕ ئاو بکە و لەسەر ئاگری دانێ.

(ئیفا) چوو مەنجەڵە گەورەکەی پڕ ئاو کرد و لەسەر ئاگری دانا. ئینجا چووە سەربان. دوو سێوی ترشی بۆ خۆی لەوێ هەڵگرتبوو، سێوەکانی هێنا و هاتەوە لای باوەژنی. چەقۆ لەسەر مێز دەمی دەبریسکایەوە، ئەوەندە تیژ بوو دەتگوت گیزانی بەربەرە.

باوەژن قژی کچەکەی کردەوە و تۆقەکەی لە تەنیشتە خۆی دانا و دەستی بە داهێنانی قژی کرد. دەق لەو کاتەدا، (جانۆ) هات پڕی دایە تەوقەکە و بردی و هەڵات. (ئیفا) خۆی لە دەست باوەژنی راپسکاندو کەوتە دوای (جانۆ) و هاواری کرد:

- تۆقەکەم بدەوە... تۆقەکەم بدەوە!

پاش قەیرێ، ژنەکە چووە حەوشە. پێی سەیر بوو کە منداڵەکان هیچ دەنگیان نییە. تەماشای کرد دیتی لە دوورەوە رادەکەن، هێندەی نەمابوو بگەنە قەراخ لێڕ. ژنە زۆر تووڕە بوو، هاواری کرد:

- دەک بەو ئاوەی تینوێتیتان پێ دەشکێ، ببن بە ئاژەڵ!!

ئەو خوشک و برا بەدبەختە، بەبێ سەر، بە چیا و دۆڵ و دەشت و دەردا دەسووڕانەوە. رۆژ لە تاقی ئاسمان بوو. ئەوەندە گەرم بوو پێستی لەشیان لەبەر دەسووتا. (جانۆ) تینوو بوو. گەیشتنە سەر رێی ورچان. گۆمێکی لێ بوو ئاوی بارانی تێدا کۆببووەوە. (جانۆ) گوتی:

- (ئیفا)، خوچە! تینووم، نەختێ ئاو دەخۆمەوە.

- ئەم ئاوە مەخۆرەوە.... مەخۆرەوە! ئەمە رێی ورچانە، نەوەک دەبی بە ورچ! ها! ئەم سێوە بخۆ بەڵکو تینوێتیت پێ بشکێ.

(جانۆ) قەپی لە سێوە ترشەکەدا و تینوێتی نەختێ شکا.

کەوتنەوە رێ و ماوەیەکی باش رۆیشتن. گەیشتنە سەر رێی گورگان. تینوێتی تەنگی بە (جانۆ) هەڵچنی. گۆماوێک لەوێ بوو. (جانۆ) گوتی:

- خوچە، دەمەوێ هەندێ ئاو لەم گۆماوە بخۆمەوە و مەلەیەکی تێدا بکەم.

- ئەم ئاوە مەخۆرەوە... مەخۆرەوە! ئەمە رێی گورگانە، نەوەک دەبی بە گورگ! ها، بەم سێوە تینوێتیت بشکێنە.

(جانۆ) قەپی لە سێوە ترشەکەدا و یەکسەر هەستی کرد باشتر بوو.

لە رۆیشتنی خۆیان بەردەوام بوون. رێیەکە هەوراز بوو رۆژ تا دەهات دەیجۆشاند. (جانۆ) ئەوەندە تینوو بوو، لە پەل و پۆ کەوت، هاواری کرد:

- (ئیفا)، خوچە! بمدەرێ... سێوێکی ترم بدەرێ.

- ئاخ، برای ئازیزم! هیچ سێوم پێ نەماوە. نەختێ دان بە خۆتدا بگرە. بەم زووانە دەگەینە سەر کانییەک.

گەیشتنە سەر رێی شووران. گۆماوێکی لێ بوو. (جانۆ) گوتی:

- (ئیفا)، خوچە! تاقەتی ڕۆیشتنم نەما. ئەم ئاوە هەر دەخۆمەوە.
- مەیخۆرەوە... برام، مەیخۆرەوە! ئەمە ڕێی شوورانە، نەوەک دەبی بە شوور!

هەر هێندە خوشکە سەری وەرسووڕاند، برای چووە سەر چۆک و دەستی بە خواردنەوەی ئاوی گۆمەکە کرد و یەکەو ڕاست بوو بە شوور. کاتێ کە خوشکی برای بەم شێوەیە بینی، دەستە بچووکەکانی هەڵگلۆفت و زۆر بە کوڵ گریا:

- وای خوایە! ئەی برای بەدبەختم، ئێستا من چ بکەم؟! سەگ بێن دەتخۆن و ڕاوکەر بێن دەتئەنگێون.

شووری بەدبەخت شان بە شانی خوشکی ڕۆیشت. دە هەنگاو ڕۆیشتن گەیشتنە کانیاوێکی زوڵاڵ ئاوێکی ڕوون وەک زەنگوڵی تێدا بوو. کچەکە بەوپەڕی خۆشی ئاوی لە کانییەکە خواردەوە و هەندێ ئاوی بە قژ و دەم و چاوی دا دەکرد، یەکسەر ئەستێرەیەکی زێڕی لە تەختی تەوێڵی دەرکەوت و قژیشی گۆڕا و بوو بە قژێکی زێڕینی جوان.

لەوێ ڕۆیشتن، گەیشتنە گۆڕاییەک تارمە کایەکی لێ بوو، کچەکە گوتی:

- برای شیرینم، شوورە بچکۆلانەکەم. بۆ خۆمان لێرە دەگیرسێینەوە، باوەڕنمان ئێرە پێ نازانێ و ئێمەی پێ نادۆزرێتەوە.

کونێکیان لە تارمە کایەکە کرد. شەو لەبەر (با) و باران چوونە ناوی. کە بەیانی ڕۆژ هەڵهات، (ئیفا) لە خەو هەستا قژی زێڕینی داهێنا و بە دەم فرمێسک ڕشتنەوە گوتی:

-ئای های، دایکی ئازیز و خۆشەویستم. ئێستا بمبینی چون هەڵدەلەرزم و خۆم قژی زێڕینم دادێنم. چەند سووت دەبێتەوە و چەندخەمم بۆ دەخۆی!؟

هەموو ڕۆژێ، شووری بچکۆڵە دەچووە دەرەوە بۆ ئەوەی خواردنێک بۆ خۆی پەیدا بکا و کچەکەش بۆ خۆی تووی کیوی و ڕەگ و ریشاڵی ڕووەکی دەخوارد. ماوەیەکی زۆر بەم جۆرە ژیان.

لەو سەردەمەدا، پاشایەکی گەنج هەبوو، بۆ ڕاووشکار دەهاتە ناو ئەم لێڕە. ڕۆژێکیان، کچەکە دانیشتبوو قژی شانە دەکرد، شوورە چکۆلانەکە بە پرتاوی هاتەوە، تاژییەکی بە دواوە بوو. شوورەکە یەکسەر خۆی کرد بە ناو کونە تارمەکە. تاژییەکە تەماشای کونەکەی کرد و کە چاوی بە کچۆڵەکە کەوت، گەڕایەوە لای ئاغاکەی. ئاغاکەی پارچە گۆشتێکی بۆ هەڵدا، تاژییەکە گۆشتەکەی بە دەمەوە گرت و یەکسەر بە ڕاکردن گەڕایەوە لای کچەکە و پارچە گۆشتەکەی هاویشتە بەرپێی و دووبارە چووەوە لای

ئاغاکەی. جارێکی تریش ئەوەی دووگارکی کردەوە. پاشا نەیزانی تاژییەکەی چ لەم پارچە گۆشتە دەکا. بۆ سێیەمین جار پارچە گۆشتێکی دایەو لەبەرئەوەی تاژییەکە هەموو جارێ دەچووە یەک لا، پاشا بە دووی دا چوو تا گەیشتە لای تارمە (کا)یەکە. (ئیفا)ی بینی و لێی پرسی:

– ئە تۆ لێرە چ دەکەی؟

کچە هەموو سەربردەی خۆی بۆ گێڕایەوە. بۆی باس کرد خۆی و برای چییان بەسەر هاتووە. پاشا پێی گوت:

– حەز دەکەی لەگەڵ من بێی؟

– نەخێر، حەز ناکەم، چونکە تۆ شوورە بچکۆڵانەکەم دەکوژی. پاشا گوتی:

– مەترسە... قەت نایکوژم. تۆ لەگەڵ من وەرە، هەموو شتێ بە دڵێ خۆت دەبێ.

کە، کچەکە ئەم قسە خۆشەی بیست، رازی بوو. خۆی ئامادە کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ پاشا بچێ. سواری عارەبانەی شاهانە بوون و روویان کردە کۆشک و سەرای پاشا.

(ئیفا) هەرچی دەیەویست بۆی جێ بەجێ دەکرا و شوورە بچووکەکەش زۆر خزمەت دەکرا. جوانترین جلیان دایە کچەکە، هەر کەسێ چاوی پێ بکەوتایە، دڵی پێ خۆش دەبوو. هەرچی بۆ شاژنان پێویست بوو بیزانن، فێریان کرد. کە کچەکە گەورەبو و پێڕاگەیشت، پاشا زەماوەندی لەگەڵ کرد و سوێندی بۆ خوارد شوورە بچکۆڵانەکە هیچ بەلای نەگاتێ.

پیرەژنێک لە کۆشکی پاشادا هەبوو، زۆری پێ ناخۆش بوو پاشا زەماوەندی لەگەڵ ئەم کچە کرد، چونکە بە تەما بوو پاشا زەماوەند لەگەڵ کچی ئەم بکا.

رۆژێکیان، وای پێویست کرد پاشا بچێتە شەڕ. پێش ئەوەی بڕوا پیرەژنەکەی راسپارد چاوی لە شاژن بێ و خزمەتی بکا. دوای ماوەیەک، شاژن منداڵێکی زۆر قشت و جوانی بوو. ئەستێرەیەکی زێڕی لە تەختی تەوێڵ بوو. شاژن لەبەر منداڵ بوون زۆر بێ شەنگ و تاقەت بوو، داوای ئاوی کرد. پیرەژن وەڵامی دایەوە، گوتی:

– رووباری دانووب بە بن پەنجەرەدا دەڕوا، خۆت شۆڕ کەوە و ئاو بخۆرەوە.

– وەی خوایە چ بکەم! من شەنگ و تاقەتم لەبەردا نییە، چۆن خۆم شۆڕ بکەمەوە.

پیرەژن بە پرتە و بۆڵە گوتی:

– هەر کەسە و ئیشی خۆی. دووبارە پێت دەڵێم خۆت شۆڕکەوە و بۆ خۆت ئاو بخۆرەوە. ئاو لە دەستی من وەرناگری.

شاژن تینوێتی زۆری بۆ هێنا. لە پەنجەرە خۆی شۆڕکردەوە. پیرەژن پاڵێکی پێوەنا و فڕێی دایە ناو ئاوی رووباری دانووب و کچەکەی خۆی لە جێی ئەو لەناو نوێن درێژ کرد. منداڵە بچووکەکەی ئەستێرەی زێڕ بە تەوێڵی فڕێ نەدا. لەپاڵ کچەکەی خۆی درێژی کرد.

شاژن نەخنکا. بوو بە مراوییەکی زێڕ و لەگەڵ مراوییەکانی دی لە رووباری دانووب دەستی بە مەلە کرد.

کۆرپە ساواکە کە دەنگی دایکی لەبەر گوێ بڕا دەستی بە گریان و قیژە و زریکە کرد و بە هیچ شتێ ژیر نەبووەوە. شوورەکە هەر رایکرد هاتە ژوورەوە. شاخەکانی شۆڕ کردەوە و بە ئاماژە داوای کرد کۆرپەکە لەسەر شاخەکانی دابنێن بۆ ئەوەی ژیری بکاتەوە. پیرەژن لە کۆرپەکە بێزار بوو، ئیتر لەسەر شاخەکانی شوورەکەی دانا و گوتی:

– دەک هەردووکتان ئێسکتان شکێ!!

شوورەکە لە چیا هاتە خوارەوە بۆ دەم رووباری دانووب و کە مراوییەکانی دی دەرۆیشتن، وەستا و بانگی کردن:

– ئەرێ مراوییە ئازیزەکان، پێم بڵێن شاژن لە کوێیە؟

مراوییەکان بە یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە:

– لە رووباری دانووب مەلە دەکا، تەنیا و غەمبارە!

ئەوسا مراوی زێڕین هاتە سەر کەنار و بوو بە ئافرەتێکی جوان. کۆرپەکەی وەرگرت و گوتی:

– کوڕە خۆشەویستەکەم، کوڕە زێڕەکەم! خۆت بشۆ و خواردنت بخۆ و خۆت جوان لەناو قۆنداغەکەت داپۆشە.

ئینجا ماچی کرد و لەسەر شاخەکانی شوورەکەی دانایەوە. خۆیشی بووەوە بە مراوییەکی زێڕین و بەسەر رووباری دانووب دا فڕی. کوڕەکە کوڕێکی خشکۆک و جوان و ناسکۆڵە بوو. وردە وردە گەورە بوو. هەر کەسێ سەیری بکردایە، چاوی پێ روون دەبووەوە.

ماوەیەک پێ چوو، پاشا نامەی هات گوتی بەم زووانە دێمەوە.

پیرەژن بە کچەکەی گوت خۆی لەناو نوێن بنێ و خۆی نەخۆش بکا و کە پاشا هاتەوە تەنیا و تەنیا داوای گۆشتی شوورەکەی لێ بکا.

پاشا هاتەوە و بە دیتنی منداڵە بچووکەکە گەشایەوە، بەڵام پێی سەیر بوو کە ژنەکەی هەر لەناو جێیە و گوتی ئەی کوا ئەستێرەی تەوێڵ و قژە زێڕەکەی؟

پیرەژن گوتی:
– نەخۆشیی کەسی جوان کردووە؟ شاژن ئەستێرە زێڕەکەی هەنیەی و قژە زێڕەکەی داوە بە کۆرپەکەی.
ژنەکە لەناو جێ هەر دەینالآند و دەگریا و هاواری دەکرد:
– ئای، چەندم حەز لە گۆشتی شوورە! دە ئەم شوورەم بۆ سەر ببڕن!
پاشا گوتی:
– چۆن؟ ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ ئەی خۆت سوێندت نەدام نابێ ئەم شوورە هیچ بەڵای بگاتێ؟ کەچی ئێستا داوام لێ دەکەی بۆتی سەر ببڕم؟
ئاخیری پاشا فەرمانی دا هەر ئێستا شوورەکە سەر ببڕن. چەقۆیان سوی و ئاویان وەسەر نا بۆ ئەوەی شوورەکە بکوژنەوە و گۆشتەکەی لێ بنێن.
لەم هەرا و زەنایە منداڵە بچووکەکە بە خەبەر هات. دەستی بە گریە و زاری کرد. شوورەکە گوێی لە گریانی بوو، بە راکردن هاتە لایەوە و شاخەکانی شۆڕ کردەوە. پیرەژن بێ هوودە هەوڵی دا منداڵەکە ژێر بکاتەوە. شوورەکە شاخەکانی زیاتر و زیاتر شۆڕ کردەوە. پاشا ئەمەی بە لاوە شتێکی زۆر سەیر بوو. پرسی ئەم شوورە بۆ وا دەکا؟ پیرەژن وەڵامی دایەوە:
– ئەوە دەیەوێ منداڵەکە ژێر کاتەوە.
پاشا ئەمری دا منداڵەکە لەسەر شاخی شوورەکە دابنێن. شوورەکە بە هەلەداوان چووە دەرەوە. پاشا خێرا چووە دوایانەوە نەوەک منداڵەکە شتێکی بەسەر بێ. دیتی شوورەکە بەرەو کەناری رووبار رایکرد و کە چاوی بە مراوییەکانی کەوت، هاواری کرد:
مراوییە ئازیزەکان، پێم بڵێن شاژن لە کوێیە؟
مراوییەکان بە یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە:
– لە رووباری دانووب مەلە دەکا، تەنیا و غەمبارە!
دایکە بە سەر شەپۆلی رووباری دانووبەوە هاتە لایان. کە هات بوو بە ژنێکی جوان و نازدار. منداڵەکەی گرتە باوەش و گوتی:
– رۆڵە ئازیزەکەم! خۆت بشۆ و خواردنت بخۆ و باش خۆت لەناو قۆنداغە داپۆشە.
منداڵەکەی بە سنگییەوە نووساند و ماچی کرد و گوتی:
– داخۆ باوکی ئازیزت ئێستا چ دەکا؟ ئاخ! دەنا بیزانیایە چییان لە تۆ کردووە؟!! ئۆف! دەنا بیزانیایە چۆن منیان فڕێ دایە ناو رووباری دانووب؟!!

ئەوسا پاشا لەناو بێشە هاتە دەرەوە و ژنەکەی گرتە باوەش، بەڵام ژنەکە یەکسەر بوو بە مراوی و پاشان بوو بە هەموو جۆرە گیاندارێک، بەڵام پاشا توند گرتی و بەری نەدا و گوتی:

– تا نەگەڕێیتەوە سەر شکڵی جارانت، بەرت نادەم!

هەر هێندە ئەم قسەیەی کرد، سەیری کرد دیتی وا قۆڵی لە قۆڵی ژنەکەیدایە و لەباتی شوورەکەش گەنجێکی قۆز لەوێ وەستاوە منداڵەکە ژێر دەکاتەوە.

هەموویان لە خۆشییان هەر وەخت بوو شێت ببن. یەکسەر گەڕانەوە ناو کۆشک و پاشا ژنەکەی و ژنبراکەی و منداڵەکەی بردە ژوورێکی لاپەڕ کەس نەیدەدیتن.

پیرەژن وایزانی منداڵەکە و شوورەکە شتێکی خراپیان بەسەر هاتووە، زۆر شاد و کەیفخۆش بوو.

سبەینەی رۆژی پاشی، پاشا فەرمانی دا زیافەتێکی گەورە بکەن. زۆر مرۆی گەورە و خانەدانی بانگێشت کرد. پیرەژن کە دیتی کچەکەی لە تەک پاشادا لە سەری مەجلیس دانیشتووە، خەریک بوو لەبەر فیز و بایی بوونی خۆی، شەق بەرێ.

لە گەرمەی خواردن و خواردنەوە و بەزم و رابواردن، پاشا هەستایەوە و رووی کردە خەڵکەکە و گوتی:

– پرسیارێکتان لێ دەکەم: پێم بڵێن ئەگەر یەکێ بیەوێ دوو کەسی بێ تاوان بکوژێ و بەختەوەریی یەکێکی تر تێک بدا، چۆن سزا بدرێ باشە؟!

پێش هەموو کەس، پیرەژن هاواری کرد:

– ئەو جۆرە کەسە شایەنی ئەوەیە بە خۆ و بە تەگبیرکەری بخرێنە ناو بەرمیلێکی پڕ باڵتە و لەسەر لوتکەی چیایەکی بڵند غلۆر بکرێنەوە!

لەو کاتەدا، دەرگا کرایەوە و شاژن هاتە ژوورەوە. منداڵەکەی لە باوەش بوو. گەنجێکی قۆزی لە تەک دەڕۆیشت.

هەرچی رووی دابوو، پاشا هەمووی بۆ خەڵکەکە گێڕایەوە.

پیرەژنەکە و کچەکەیان راکێشایە دەرێ و بەو سزایەیان گەیاندن کە پیرەژن خۆی پێشنیاری کردبوو.

ئینجا پاشا ژنەکەی لە لای دەستە راست و ژنبراکەی لە لای دەستە چەپی خۆی دانا. هەموو شاد و دڵخۆش بوون.

لە سەرانسەری وڵات بوو بە شادی و خۆشی و بەختەوەری.

❊ ❊ ❊

# ٢٧۔ سٙں گوٙل



هەبوو نەبوو،

لە زەمانی زوو، بازرگانێکی دەوڵەمەند هەبوو. رۆژگاری بە گەشت و گەڕانی ناو دەریا و وڵاتی بیانی دوور دەبردە سەر. ئەو بازرگانە سێ کچی هەبوو. جارێکیان کە لەسەر سەفەر بوو، بە کچەکانی گوت:

– کچە ئازیزەکانم، چیتان بۆ بێنم؟ هەر یەکەتان حەزی لە چییە با پێم بڵێ.

دوو کچە گەورەکە دەیانزانی چییان دەوێ و بە باوکیان گوت: یەکێکیان داوای جلی دەگمەن و بە نرخی کرد و ئەوەی تر داوای ئەنگوستیلەیەکی زێڕی وای کرد لەو وڵاتەدا نموونەی نەبێ. کەچی تەنیا کچە بچووکەکە بێ دەنگ بوو. ئەو کچە هەمیشە شەرمن و ناسک وەکوو بەرخۆڵە وا بوو.

باوکە لێی دووبارە کردەوە و گوتی:

– ئەی تۆ کچم؟ .. تۆ چت دەوێ؟ پێم بڵێ.

کچەکە گوتی:

–ئاخ باوکە! خۆشی و بەختەوەری هەرە گەورەی من لەوەدایە کە تۆ بە ساغ و سەلامەتی لە سەفەرەکەتا بگەڕێیتەوە.

بەڵام باوکە پێی داگرت و گوتی: تا پێم نەڵێی کە هاتمەوە چت بۆ بێنم، ناچمە ئەم سەفەرە.

دوای کەمێ، کچە بچووکەکە گوتی:

– مادام هەر وایە... تکایە گوێم لێ بگرە:

ئەگەر لە گەشت و گەڕانەکەتا بە وڵاتاندا، سێ گوڵت کەوتە بەرچاو لەسەر یەک لاسک روا بوون، ئەوەم بۆ بێنە، زۆرم هەوەس پێ دێ!

دوو خوشکەکەی پێی پێکەنین کە داوای کردووە شتێکی لە وڵاتان بۆ بێنن، لە شاری خۆی دەست دەکەوێ. بەڵام باوکی بەڵێنی دا چی داوای کردووە بۆی بێنێ. ئەوسا ماڵاوایی لە کچەکانی خواست و بەڕێ کەوت. بەبێ زەحمەت و تەگەرە گەیشتە ئەو شوێنەی بۆی دەچوو. کە هەموو ئیش و کاری خۆی تەواو کرد، رووی کردەوە وڵاتی خۆی.

کەشتییەکانی پڕ کاڵا و کەل و پەل و شت و مەکی بەنرخ بوون. هەمیشە چاوی لەسەر ئەو دیارییە بەنرخانە بوو کە بۆ کچەکانی هێنا بوو، دەترسا نەوەک شتێکیان لێ بێ، بۆ ئەوەی کە گەیشتەوە ماڵێ دڵیان خۆش بکا. بەڵام گرێیەکی لە دڵدا بوو. خەمی ئەوەی بوو کە هیچی بۆ کچە بچووکەکەی نەهێنا بوو. چونکە هەرچەندە لەو وڵاتە دوور و بێگانانەی سەردانی کردن، بەدوای سێ گوڵ گەڕا لەسەر یەک لاسک ڕوا بن، هیچی دەست نەکەوت.

پەندی پێشینانە و دەڵێ: (هەموو شتێ بە سەبر و چاوەڕوانی دێتە دی.) ئەم جارەش هەروا دەرچوو. کە کەشتییەکانی بازرگانەکە لە کەنارەکانی وڵات نزیک کەوتنەوە و خەریک بوون لە بەندەرەکەدا لەنگر بگرن، گەردەلوولێکی توند هەڵیکرد. هەموو کەشتییەکان نقووم بوون و چی کاڵا و شت و مەک هەبوو هەمووی یان نقووم بوو، یان پەرت و بڵاوبووەوە و (با) بردی. بازرگانەکە خۆی بە تەختەدارێکی سەر ئاو گرتەوە و بە مەلەوانی خۆی گەیاندە بەردێکی بەرز و خۆی دەرباز کرد. لە خۆشبەختی خۆی، بایی ئەوەندە شەنگ و تاقەتی لەبەر مابوو کە بتوانێ بەسەر لاپاڵی رووتی کەناری دەریادا هەڵبگەڕێ. ئەگەرنا، شەپۆلی دەریا، یان فڕێی دەدایە بنی دەریا و یان بەتیشە بەردەکانی کەناری دادەدا و ئەنجن بە ئەنجن دەبوو. ماوەیەکی زۆر بەسەر ترۆپکی بەرز و رووتانی چیادا وێڵ و سەرگەردان بوو. تاریکاییەکی ئەنگوستەچاو بوو. ناو بەناو چەخماخەیەک تاریکایی ئاسمانی شەق دەکرد. دوا گوڕ و تینی دایە خۆی و گەیشتە کۆشکێکی چۆل. لە دڵی خۆی دا گوتی:

- نابێ بچمە ژوورەوە... جا بۆچی نەچم؟ نەچم بە هیلاک دەچم!

پاسەوانێک لەبەر دەرگا وەستا بوو. چاوەڕێی دەکرد پاسەوانەکە رێی لێ بگرێ، بەڵام شتی وا نەبوو. نزیکتر کەوتەوە دیتی پاسەوانەکە رەق هەڵاتووە. هەموو شوێنێ تاریک و نووتەک بوو تەنیا یەک ژوور نەبێ رووناکییەکی کزی تێدا بوو. چووە ژوورەوە. دیتی مێزێکی یەک نەفەری داندراوە و لەولاوەش چوار پا و نوێنێکی پاک و رێک و پێک داخراوە. چەند هەنگاوێک چووە پێش، گوێی لە دەنگێ بوو گوێی کاس دەکرد:

- ئەمە هەمووی بۆ تۆ ئامادە کراوە. بخۆ و بخۆرەوە و بۆ خۆت راکشێ و بحەسێوە.

کابرا سەیری دەورووبەری خۆی کرد، هیچی نەدی. هەستێکی راگرت، هیچ دەنگی تر نەهات. زاتی دایە بەر خۆی و دەستی بە خواردن کرد. تێر و پڕی خوارد، ئینجا راکشا و یەکسەر خەوێکی خۆش و شیرینی لێکەوت. کە لە خەو هەستا، گزنگی رۆژ لێی دەدا.

دووباره خواردنی بۆ لەسەر مێز داندرا بوو. تێشتی خوارد و بەناو کۆشکەکەدا گەڕا بەڵکو بنیادەمێک بدۆزێتەوە پێش ئەوەی بڕوا سوپاسی بکا، بەڵام سوودی نەبوو. کۆشکەکە چۆل و هۆل بوو، ئەوەی هەبوو وەکوو شەوی پێشوو هەمووی ڕەق هەڵاتبوو.

باخچەیەکی خۆش و پڕ نەغمە و چەهچەهەی لەبەردەم کۆشکەکەدا دی. جوانترین گوڵی تێدا بوو. چووە ناو باخچەکە بەڵکو ئەو باخچەوانە بدۆزێتەوە کە پەروەردەی دەکا. بەناو ڕێچکۆڵەکانی باخچەکەدا گەڕا، بەڵام تووشی کەس نەهات. بە تەمابوو بگەڕێتەوە، بنە گوڵێکی جوانی بینی لە ناوەڕاستەوە لاسکێکی ئەستووری دەرکردبوو، سێ چلی ناسکی لێ ببووەوە، هەر یەکە غونچە گوڵێکی پێوە بوو، لەسەر پشکووتن بوو. نەختێ بیری کردەوە و لە دڵێ خۆیدا گوتی:

- ئەمە ئەو سێ گوڵەیە کە کچە بچووکەکەم داوای کردبوو. مادام بە بەدبەختی و لێقەوماویش گەڕامەوە، هەر هیچ نەبێ با ئارەزووی یەکێ لە سێ کچەکەم بێتە دی. سێ گوڵەکەی لێکردەوە. یەکسەر دەنگێکی گەورە و قایمی لە پشتەوە هات، زەوی لەگەڵ لەرزییەوە. ئاوڕی دایەوە بۆ ئەوەی بزانێ ئەو دەنگە لە چییەوە هات؟ دیتی گیاندارێکی لەندە هۆری درێوی وەکوو دڕندە لە بەردەمی وەستاوە. هەر وەخت بوو لە ترسان لە هۆش خۆی بچێ. ئەمە ورچێکی کەتە و زل بوو. دەمی گەورەی تا ئەوپەڕی بەش کردبووەوە. ورچەکە دەستی لەسەر شانی بازرگانەکە دانا و پێی گوت:

- چۆن زات دەکەی، شتێک لێ بکەیتەوە کە هی خۆت نەبێ؟ قەت بە زیندوویی لێرە دەرباز نابی!

بازرگانەکە لە ترسان دەمی تێک ئالا... زۆر هەوڵی دا ئینجا توانی تێی بگەیەنێ بۆچی گوڵەکانی لێکردەوە. ورچەکە بە بۆڵە بۆڵ گوتی:

- ئەگەر ڕاست دەکەی و بەراستی کچێکی وات هەیە، ئیزنت دەدەم بە سەلامەتی بچیتەوە بەڵام... دەبێ بەڵێنم پێ بدەی تا حەفتەیەکی تر کچەکەتم بۆ بێنی بۆ ئەوەی زەماوەندی لەگەڵ بکەم.

بازرگانەکە، لەبەرئەوەی نەیدەتوانی بە هیچ جۆرێ خۆی لە دەست ئەم دڕندەیە ڕزگار بکا، ناچار بوو بەڵێنی پێدا داواکەی بێنێتە جێ. ئیتر بە سەلامەتی گەڕایەوە ناو کەس و کاری خۆی.

دوو کچە گەورەکە کە دیتیان باوکیان ئاوا بە لێقەوماوی گەڕایەوە و دیارییەکانی بۆنەهێنان، هەر تەماشاشیان نەکرد. بەڵام کچە بچووکەکە هەر ڕایکرد بۆ پێشوازی

باوکی و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی کرد، بە خۆشی خۆش باوکی ماچ کرد و گوتی:

– ئای چەندم کەیف بەم گوڵانە هاتووە! هەر چ دیارییەکی ترت بۆ هێنابام قەت ئەوەندە پێ کەیفخۆش نەدەبووم. بەڵام بەختەوەریی هەرە گەورەم ئەوەیە کە تۆ بە ساغ و سەلامەتی بۆمان هاتیتەوە. باوکی ئازیز، گرنگ ئەوەیە تۆ بەسەر هەموو تەگەرەکان دا زاڵ بووی، جا گرنگ نییە با لەمەودوا دەست کورت بین!

دوو کچە گەورەکە لە باوکیان لالووت بوون. کە تووشی دەهاتن خۆیان لێ لادەدا. باوکی لە خەفەتی ئەم کچانەی دڵی دەگوشرا. خەمی ئەوەیشی بوو کە چ بەڵێنێکی بە دڕندەکە داوە و دەهاتە بەرچاوی کچە بچووکەکەی بەو هەموو سۆز و میهرەبانییەوە لە دەست دەچێ بەتایبەتی کە تا ئەو خەم و خەفەتی زیاتر دەبوو، کچەکە زیاتر لەگەڵیا نەرم و میهرەبان دەبوو. کچەکە هەمیشە داوای لە باوکی دەکرد پێی بڵێ چ خەم و کەسەرێکی لە دڵدایە، بەڵام باوکە هەمیشە بێ دەنگ دەبوو، چونکە دەترسا نەوەک کچە بەم خەبەرە ناخۆشە کت و پڕ دڵی بوەستێ، کە بزانێ باوکی چ بەڵێنێکی داوە و بەم زووانە دەبێ بە بووک بۆ چ دڕندەیەک بچێ!

ڕۆژ بە خێرایی دەڕۆیشت و نزیک بوو ئەو حەفتەیەی لەسەری ڕێک کەوتبوون بگاتە کۆتایی. باوکە هەر ئەوەندەی لە پێش ما، یان وەزگ بدا و بمرێ، یان نهێنییەکە ئاشکرا بکا و ڕاستییەکە بڵێ. ئیتر ئەوەبوو هەموو شتێکی بە ڕاشکاوی بۆ کچەکەی باس کرد. زۆری پێ سەیر بوو کە کچەکەی هیچ بەم خەبەرە تێک نەچوو. بە پێچەوانەوە پێی گوت:

– بۆ مێردی پێ ناکەم؟! ئەی ئەویش دڵێکی وەکوو دڵی منی نییە؟ جگە لەوەش ئەوەی رووی داوە هەمووی لە سۆنگەی هەڵەی منەوە بووە؟ ئەی من نەبووم داوای گوڵەکانم لە تۆ کرد؟

باوکە بەم قسانە ترسی ڕەوییەوە، بەڵام دوو خوشکەکەی گاڵتەیان پێ کرد و لە بەینی خۆیانەوە گوتیان:

موستەهەقە وای لێ بێ! تاوان تاوانی ئەو گوڵە نەفرەتییانەیە!!

بەڵام خوشکی گچکە گوێی بە هیچ نەدا. خۆی بۆ سەفەر ئامادە کرد. باوکە بردییە کۆشکە جادووبەندەکەو یەک دوو ڕۆژ چاوەڕێی دەرکەوتنی ورچەکەی کرد، بەڵام بێ هوودە بوو. ناچار بوو کچەکەی بە تەنیا لەوێ بەجێ هێشتز خەمیشی نەبوو، چونکە

هەرچی پێویستی پێ بێ و هەرچی ئارەزووی لێ بێ لەو کۆشکەدا هەبوو.

ڕۆژی سێیەم، کچە چووە ناو باخچە و بەنا و بنەگوڵەکان دا گەڕا. لەپڕ گوێی لە شریخەی هەورە تریقەیەک بوو ورچێکی لەبەردەم پەیدا بوو. موچڕکێکی پێدا هات و لە تەوقی سەری تا بنی پێی لەرزی. ورچەکە بە دەنگێکی پڕ سۆز و خۆشەویستی پێی گوت:

– بەخێر بێی ئازیزەکەم... بەخێر بێی! بەراستی دەتەوێ لێرە لەگەڵ من بی؟!

کچەکە گوتی:

– بۆ نامەوێ؟ ... بێ شک تۆش دڵێکی وەکوو دڵی منت هەیە!!

ورچەکە، کە ئەم قسانەی بیست، زۆر نەرم و حەلیم بوو. کچەکەی بەناو هەموو باخچەدا گێڕا و زۆر بە نەرمی و خۆشەویستی قسەی لەگەڵ کرد. دووبارە شریخەی هەورە تریشقەیەک هات و ورچەکە بزر بوو.

لەو کاتەوە، کچەکە هەموو ڕۆژێ لەناو باخچە ورچەکەی دەدی و بێ ئەوەی هەست پێ بکا وردە وردە خووی بە ورچەکە گرت و لێی ڕاهات، تا وای لێ هات بەبێ ئەو نەیدەتوانی.

پاشان شتێکی سەیر ڕووی دا. ورچەکە بە یەکجاری بزر بوو، هیچ دەوسی نەما. کچە بە بێ هوودە هەموو شوێنێکی بە دوادا گەڕا. بانگی دەکرد و تەنیا گوێی لە زایەڵەی دەنگی خۆی بوو. یەک دوو ڕۆژ پێ چوو، کچەکە ترسی لێ پەیدا بوو. ڕۆژی سێیەم وای بە چاک زانی لەناو کۆشکەکەدا بە دوای دا بگەڕێ. لە پەیکەری بەردی ڕەق و تەق زیاتر هیچی نەدی. لەناو باخچە گەڕا، هەموو شوێنێ گوڵی سیس و ژاکاو بوو. ئاخیری چووە ئەو شوێنەی یەکەم جار ورچەکەی لێ دی. گەیشتە لای بنە گوڵەکان، ورچی ئازیز بە بێ هەست و خوست لەسەر زەوی ڕاکشا بوو، هیچ نیشانەی ژیانی تێدا نەما بوو. کچە ناڵەیەکی کزی کرد و ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

– ورچە ئازیزەکەم... ئەوە چت بەسەر هاتووە؟ ئای داخی گرانم... چەندم خۆش دەویستی!!

داهاتەوە سەر ورچەکە و گوڵی بەسەر وەرکرد و ویستی بڕوا، بەڵام گەڕایەوە و لە دڵی خۆی دا گوتی:

– نا... نا... تا بە لانی کەمەوە جارێک ماچی نەکەم ناڕۆم.

ورچەکەی ماچ کرد و یەکسەر دەنگی شریخەی چەخماخەیەک هات و زەوی لەرزی.

کچەکە زەندەقی چوو، نەیزانی چ قەوما. بەڵام کە چاوی کردەوە، گەنجێکی قۆزی لەبەردەم خۆی دا بینیز گەنجێکی جوان و رێک و پێک!! پێی گوت:

– خۆشەویستم، لەمەولا ترسی هیچت نەبێ. تۆ منت رزگار کرد.

ئینجا بۆی گێڕایەوە چی بەسەر هاتبوو، گوتی:

– من کرا بووم بە ورچ و خزمەتکارەکانم بە بت. تەنیا کچێکی گەنج دەیتوانی هەموومان لەم نەفرەتە رزگار بکا، ئەویش تۆ بووی!

بەم جۆرە وەکوو جارانی لێهاتەوە و خزمەتکارەکان لەناو کۆشک هاتنە دەرەوە و بەخێرهاتنی کچەکەیان کرد و سوپاسیان کرد کە ئەو چاکە گەورەیەی لەگەڵ کردن.

بەبێ تاخیر بوون، بووک و زاوا سواری عارەبانەیەکی گەورە و بە دەبدەبە بوون و بە کۆڕەوێکی گەورە و مەزن چوون باوکی کچەکەیان هێنایە ناو کۆشکی ئازادکراو.

باوکە زۆر شاد و دڵخۆش بوو کە بەم ئەنجامە گەیشت! کەچی دوو خوشکە گەورەکە لە رقان و لە ئێرەییان شەقیان برد کە سێ گوڵ خوشکە بچووکەکەی بە زاوایەکی وا قۆز و میرێکی وا مەزن گەیاند.

❊ ❊ ❊

# ٢٨- کچەی زێڕڕێس



له دوور دوور...

لەودیو حەفت چیا و لەلای حەفت دەریا، ئاغایەکی گەنج هەبوو. کە ئەقڵی کامڵ بوو تەمەنی پێڕاگەیشت، بیری کردەوە وا چاکە بچێ بە دونیادا بگەڕێ و بۆ خۆی ژنێکی بە دڵی خۆی بدۆزێتەوە. یەکسەر دەستی بە هێنانەدی ئاواتەکەی کرد و کەوتە ناو دونیای گەورە و فراوانی خودا، بەڵام بەختی باشی نەهێنا، هیچ ژنی وای نەدۆزییەوە بە دڵی خۆی بێ. ئاخیری، گەیشتە لای بێوەژنێک سێ کچی بەربەختی هەبوو. دوو کچە گەورەکە زۆر چالاک و گورج و گۆڵ بوون. وەک هەنگ وا بوون. کەچی کچە بچووکەکە، کە ناوی (هانا) بوو، تەپ و تەوەزەل بوو. زۆر له ئیش و کار دەترسا.

ئاغای گەنج لای دایە کن ئەو بێوەژنە و تەماشای کچەکانی کرد. دوو کچە گەورەکە تا درەنگی شەو ئیشیان لەسەر خەرەک دەکرد، کەچی کچە بچووکەکە لەبەر ئاگردان دانیشتبو و بەبێ ئیش کاتی خۆی بە هەدەر دەدا. دوو کچە گەورەکە بە شێوەیەکی زۆر سەرنجکێش خورییان دەڕست.

گەنجەکە بە دایکی کچەکانی گوت:

- خانم، بۆچی کچە بچووکەکەشت لەسەر خەرەک دانانێی، گەورە و تەمامە. ئەگەر ئیش بکا وەختیشی خێرا دەڕوا.

دایکە وەڵامی دایەوە:

- ئاغای لاو... زۆر بە شادومانییەوە رێی دەدەم لەسەر خەرەک ئیش بکا. هەر خۆیشم ماشەر و ریسی بۆ ئامادە دەکەم، بەڵام... چ بکەم؟ ئەم کچەم خوری ریسێکی ئەوەندە لێهاتووە، بە یەک شەو نەک تەنیا یەک قۆپەنە زێڕ دەڕێسێ و بەس بگرە قەسەری ساپیتە و تا دەگاتە قژی سپی سەری منیش دەڕێسێ و دەیکا بە زێڕ، بۆیە چارەمان نەبوو وازمان لێ هێنا بۆ خۆی بە بێ ئیش و کار دابنیشێ.

لاوەی ژنهێن لەزگ بوو لە خەنی خۆشییان شێت ببێ، وەڵامی دایەوە:

- باشە، مادام ئیشەکە وایە، بیدە بە من ببێ بە هاوسەرم. من زەوی و زارم زۆرە و کەتان و قەنناب و داوم لە بڕانە و پەزەکانیشم خوری باشیان هەیە. کچەکەت دەتوانێ بە کەیفی دڵی خۆی ئەو شتانە بڕێسێ و بیانکا بە زێڕ.

دایکە ئاوی لێ نەخواردەوە. (هانا) کە ئەمەی بیست هەر تاسێک بردییەوە و کە هاتەوە سەر خۆی، لەگەڵ دایکی بە دوو قۆڵی چوون دەسرۆکێکی جوانیان لەناو سندووقی جلان دەرهێنا و پێشکەش داخوازیکەرەکەیان کرد و پەڕێکی سەوزیان لەبەر شەپقەکەی راکرد و هەموویان هەر ئەو ئێوارەیە ئاهەنگی زەماوەندیان گێڕا. دوو خوشکە گەورەکە نەختێ حەسوودیان بە خوشکی بچووکیان برد و دڵی خۆیان بەوە دایەوە گوتیان: مادام ئەم خوشکە تەپ و تەوەزەلەمان زاوایەکی وای دەست کەوت، رۆژێ دێ و ئێمەش یەکە و مێردمان هەر دەست دەکەوێ.

سبەینەی رۆژی پاشی، گەنجەکە ئەسپەکانی لە عارەبانەکەی بەست و دەزگیرانەکەی لە تەک خۆیەوە سواری عارەبانە گەورەکە کرد. دەستی بۆ خەسووی درێژ کرد و خاتری لێ خواست، ماڵاوایی لە کچەکانی خەسوویشی کرد و لە گوند رۆیشت.

(هانا)، بە پەست و غەمباری، بە دوو چاوی پڕ فرمێسک لە تەک دەزگیرانەکەی دانیشتبوو. ئەویش هەر هەوڵی دەدا خەمی لە دڵ دەربکا و تا پێی دەکرا قسەی خۆشی بۆ دەکرد. بەڵام (هانا) وەکوو ماسی هەر بێ دەنگ بوو. رووی مڕ و مۆچ بوو دەتگوت مریشک خواردنیان لەبەردەم رفاندووە.

گەنجەکە پێی گوت:

– ئازیز گیان! تۆ ئەوە چیتە؟ چت بە دڵ نییە، بڵێ! مەترسە، تۆ لەلای من بی نازانی خەم و بێزاری چییە؟ هەرچی بتەوێ پێشکەشت دەکەم. ئەوەندە کەتان و قەنناب و داوەت دەبێ، بە درێژایی زستان بەشت دەکا. هەندێ کرتۆپەشم داناوە بۆ کاتی ناچاری وشکی دەکەینەوە.

بەڵام (هانا) تا دەهات پەست و غەمبارتر دەبوو. پێش رۆژئاوا گەیشتنە کۆشکی ئاغای لاو و لە عارەبانە پیا بوون. شێویان خوارد. ئینجا ئاغا ژنەکەی بردە ناو ژوورێک، لە زەوییەوە تا بنمیچ، پڕ توێکڵە قەناب بوو، گوتی:

– فەرموو ئەمە خەڕەک و تەشی و خڕیلە! بۆ خواردنیش چی زۆرە کرتۆپەی سوور و نۆک زۆرە! ئێستا دەست بە ئیشی خۆت بکە! ئەگەر تا سبەی سبەینێ ئەمەت هەموو رست و کردت بە زێڕ یەکسەر زەماوەند دەکەین، ئەگەر نا ئەمر دەکەم لەسەرت بدەن. ئاغا ئەمەی گوت و رۆیشت و تەشی رێسی بە تەنیا جێ هێشت. کچە هەر بە لای خەڕەکەکەش دا نەچوو، چونکە نەیدەزانی شت بڕێسێ. هەر ئاخ و ئۆفی بوو لە دەست

چارەنووسی خۆی و دەیگوت:
– ئەی خوایە! بڵێ دایکە، تۆ بۆچی وەکوو دوو خوشکەکەم فێری خوری رستنت نەکردم؟ بۆ خۆم بە ئارامی لە ماڵی خۆمان دەژیام. کەچی ئێستا ئەوەتا دەبێ لێرە بمرم!
ئاوها لەبەر خۆیەوە قسە و دەردە دڵی دەکرد، لەنکاوڕا دیوار شەقی برد و لەبەر چاوی تۆقاوی (هانا)، پیاوێکی کورتە باڵا دەرکەوت، بەروانکەیەکی لەبەر و کڵاوێکی سووری بچووکی لەسەر بوو. بە هەردوو دەست عارەبانەیەکی بچووکی زێڕی پاڵ دەدا. لە کچەکە چووە پێش و گوتی:
– ئەوە بۆچی دەگری؟ چت لێقەوماوە؟
کچەکە وەڵامی دایەوە:
– چۆن نەگریم؟ من ئینسانێکی کڵۆڵ و بەخت رەشم... بیر بکەوە، لەسەریان کردووم تا سبەی سبەینێ ئەم هەموو قەننابە بڕێسم و بیکەم بە زێڕ، ئەگەر نا، بێ سێ و دوو، لەسەرم دەدەن. ئێستا نازانم چ بکەم؟ تەنیا و دوورە وڵاتم!
کابرای کورتە باڵا وەڵامی دایەوە و گوتی:
– ئەگەر مەسەلەکە هەر ئەوەندە بێ، مەترسە! من فێرت دەکەم چۆن قەنناب بڕێسی و بیکەی بە زێڕ، بە مەرجێ پاش یەک ساڵی تر هەر لێرە دەتبینمەوە و ئەگەر تا ئەو کاتە نەتزانی من ناوم چییە، دەبێ ببی بە هاوسەری من و بەم عارەبانە زێڕەی دەست دەتبەم. بەڵام ئەگەر ناوی منت زانی، بە سەلامەتی وازت لێ دێنم. ئاگاداری شتێکی تریش بە: لە ماوەی ئەم ساڵەدا بتەوێ لە هەر شوێنێ خۆت بشاریتەوە، ئەگەر لە بنی حەفت دەریایانیش بی، هەر دەتدۆزمەوە و دەرت دێنم... ئێستا چیم گوت بە هەمووی رازی؟
راستی، (هانا) قسەی کابرای بە دڵ نەبوو، بەڵام چاری ناچار بوو. لە دڵی خۆی دا گوتی:
– ئیشەکە وا بێ، یان وا نەبێ، وا چاکە رازی بم.
کە، کچەکە گەیشتە بڕیاری کۆتایی، کابرای کورتە باڵا بە غار سێ بازنەی لە دەوری خۆی کێشا، ئینجا لەبەردەم چەرخی خەڕەک رێسی دانیشت، لە بەر خۆیەوە هەر دەیگوت:
– (هانا)، ئاوها دەڕسرێ... (هانا)، ئاوها دەڕسرێ!

بە دەم گۆرانی گوتنەوە کچە جوانەکەی فێری رستنی داوە زێڕ کرد. ئینجا چۆن هات ئاوها بەناو دیواردا رۆیشت و دوای ئەو دیوارەکە لە خۆیەوە داخرایەوە. (هانا)، کە فێر بوو ئیش بە چەرخی خەرەک رێسی بکا، لەبەر دانیشت، تا سبەینێ هەر زێڕی رست و زێڕ لە دەور و بەریا کەڵەکە بوو. ماوەیەکی کەمی بۆ خەوتن مایەوە.

سبەینێ، ئاغا لەگەڵ گەرد و گۆڵی بەیانی بە خەبەر هات. جل و بەرگی کردە بەر و چووە لای کچەی زێڕ رێس. کە چووە ژوورەوە، چاوی لەبەر بریقەی زێڕ رەشکە و پێشکەی کرد. بڕوای بە چاوی خۆی نەکرد: ئایا ئەوەی دەیبینێ، بە راستی هەمووی زێڕە؟! کە دڵنیا بوو هەمووی زێڕە، ئیتر کچەکەی گرتە باوەش و ماچی کرد و یەکسەر ئاهەنگی زەماوەندیان ساز دا.

ئەم ژن و مێردە بە بەختەوەریی ژیان. ئاغای لاو چیدی لێ نەگەڕا (هانا)ی ژنی تەشی بڕێسێ تەنیا بۆ ئەوە نەبێ کە سەیری لێهاتوویی بکا لە تەشی رستن. هەزار قات لە جاران خۆشتری دەویست، چونکە ساڵێکی پێ نەچوو، کوڕێکی جوانی لێ بوو. بەڵام...

دیارەهەموو شتێ کۆتایی دێ. بەختەوەریی ئەمانەش هەر دەبوایە کۆتایی بێ.

رۆژ هات و رۆژ چوو. هەر زوو زوو ساڵ وەرسووڕایەوە. (هانا) رۆژ بە رۆژ خەم و خەفەتی زیاتر دەبوو. چاوی لەبەر فرمێسک سوور ببو و، دەم و چاوی لەبەر نیگەرانی گرژ ببوو. بە سەرگەردانی لەم ژوورەوە دەچووە ئەو ژوور. ئۆقرە و هەدادانی نەبوو.

لە راستیدا، لە دەست چوونی مێرد و کوڕێک بەیەکەوە شتێکی ئاسان نییە، گاڵتەی لەگەڵ ناکرێ. مێردەکەی نەیدەزانی ئەم نیگەرانی و خەمە گرانەی ژنەکەی بە چ لێک بداتەوە. ئەوەندەی پێی بکرایە دڵی دەدایەوە. بەڵام (هانا) هیچ ئومێدی نەما بوو، کە بیری دەکردەوە لە مەودوا ئیتر بۆ مێردە گەنج و قۆزەکەی نابێ، بەڵکو بۆ کورتە باڵایەکی کۆتی گەنی دەبێ، بەوی با، لە نائومێدیان، هەموو قژی خۆی دەربێنێ.

رۆژێکیان زاتی دایە بەر خۆی و مێردەکەی تێگەیاند کە کاتی خۆی، شەوەکە، چی دیت و چی هاتە لا و چۆن و لەسەر چی رێک کەوتن. مێردەکەی نیوچەوانی گرژ بو و برۆی وێک هاتەوە.

ئاغا لە سەراپای وڵاتدا جاڕی دا، هەر کەسێ پیاوێکی کورتە باڵا لە هەر شوێنێ ببینێ و بزانێ ناوی چییە و بێ خەبەر بدا، پارچە زێڕێکی گەورە پاداشت وەردەگرێ. هەر دراوسێ بوو دەیچرپاندە گوێی دراوسێی کە ئەم پارچە زێڕە بۆ ئەو باشە. هەموو

خەڵکەکە کەوتنە گەڕان و پشکنین. تەنانەت کونە مشکیشیان نەهێشت. خۆیان خزاندە ناوی و پشکنیان. وەکوو دەرزی ناو رەندەی (کا) لە کابرای کورتە باڵا دەگەڕان. بەڵام... سوودی نەبوو. کەس پێی نەدۆزرایەوە و کەس ناوی نەزانی.

بوو بە ئاخیر رۆژ، کابرای کورتە باڵا هیچ شوون و نیشانەی دیار نەبوو. (هانا)، لە تەک مێرد و کوڕەکەیا، لە هەژمەتان، هەر دەستی هەڵدەگلۆفت. مێردەکەشی فرمێسکی گەرمی دەڕشت.

کابرای گەیشتە تینی، چیدی بەرگەی ئازاری ژنەکەی نەگرت. هەستا دەستی دایە تفەنگ و تاژییەکەی لە کولانە هێنایە دەرێ و چووە راو و شکار. بە سەرانسەری لێڕدا گەڕا و سووڕا. کە شەو داهات، کردی بە با و بۆران، ئاسمان لە هەموو لاوە بوو بە چەخماخە و هەورە تریشقە. باران وەک کۆتکی دەونخوون دەهاتە خوارێ. سەرمایەکی ئەوەندە تووش بوو، سەگ لە دەرەوە نەدەحەوایەوە. خزمەتکارەکانی ئاغا داڵدەیەکیان بۆ خۆیان دیتەوە و خۆیان تێدا حەشار دا. ئاغا تەنیا یەک خزمەتکاری لەگەڵ دا مایەوە. تا مۆخی ئێسقان تەڕ ببوون. نەیاندەزانی داڵدەیەک لە کوێ پەیدا بکەن لەم با و بۆرانە تووشە پەنای بۆ ببەن کە جار لە دوای جار توند تری دەکرد؟ جل و بەرگیان چۆن وشک بکەنەوە و ئەو شەوە درێژە لە کوێ بەسەر ببەن؟

چاویان لە دەور و بەری خۆیان گێڕا بەڵکو کووخێک یان کەلاوەیەک بدۆزنەوە، بەڵام هیچیان دەست نەکەوت.

کە بە تەواوی هیوایان بڕا، لەناکاو درەختێکی کلۆریان بینی چرە دووکەڵی لێ بەرز دەبووەوە. ئاغا بە خزمەتکارەکەی گوت:

– کوڕم، بڕۆ بزانە ئەم دووکەڵە لە کوێوە دێ؟ دەبێ ئەو شوێنە ئاوەدانی تێدا بێ! ئەگەر وا بوو داوایان لێ بکە بەڵکو ئەمشە و داڵدەمان بدەن.

کابرای خزمەتکار چو و دوای کەمێ هاتەوە. سوێندی خوارد کە نە دەرگایەک و نە کووخێک و نە پیاوێک و نە هیچ شتێکی نەدیوە.

ئاغا چۆقە چۆقی ددانی بوو، گوتی:

– بەڕاستی گێل و کەودەنی! من خۆم دەچم. سزات ئەوە بێ، لێرە بە، تا لەسەرمان رەق دەبیتەوە.

بەم جۆرە، ئاغا چوو تاقیبی شوێنی چرە دووکەڵە بکا، بەڵام لە خزمەتکارەکەی زیاتری پێ نەکرا، تەنیا ئەوەندەی دی دووکەڵ لە قەدی درەختەکە دەهاتە دەرێ. بە تووڕەیی

هاواری کرد:
– شەیتان بمبا ئەگەر پێنەکەوم ئەم دووکەڵە لە کوێوە دێ!
لە زارکی کلۆرایی درەختەکە نزیک کەوتەوە و چۆکی دادا بۆ ئەوەی بە وردی تەماشا بکا. لە بنی بنەبانێ مدبەقێکی دی خواردنی تێدا بوو. لە گۆشەیەکیشا سفرە بۆ دوو کەس داخرا بوو. ئینجا کابرای کورتە باڵای بینی، کڵاوێکی سووری لەسەر بوو، عارەبانەیەکی دەستیی پڕ زێڕی دەهاژوا. بە دەوری سفرەکەدا رایدەکرد و بە گۆرانی دەیگوت:
[کچەکەم فێر کرد،
فێرم کرد خوری بکا بە زێڕ.
دەبێ تا ئەمشەو
بزانێ من ناوم چییە!
ئەگەر نا بۆ خۆمی دێنم.
کێ هەیە ناوی منی پێ بڵێ،
من ناوم (مارتان نەرگسی)یە. ]
جارێکی تر بە دەوری سفرەکەدا سووڕا و بە دەنگێکی بەرز وەکوو شێت دەستی بە گۆرانی کرد:
[نۆ جەمی زەریفم بۆ ئامادە کردووی،
نوێنی ئاوریشمم بۆ راخستووی،
ئەگەر نەزانی من ناوم چییە،
بۆ خۆمت دێنم.
جا کێ ناوی منت پێ دەڵێ؟
من ناوم (مارتان نەرگسی)یە. ]
ئاغا هەر ئەوەندەی دەویست. تا لنگی لەدوو هات، بە غار رایکرد و گەڕایەوە لای خزمەتکارەکەی. باو و بۆران لێی کردبووەوە. بە هەڵەداوان گەڕانەوە کۆشک.
ئاغا دیتی ژنەکەی بە تەوای رووخاوە. هەموو گیانی بۆتە فرمێسک. ژنە دەترسا مێردی درەنگ بێتەوە. ناچار بێ، بێ ئەوەی خواحافیزی لێ بکا، بڕوا. ئاغا چووە ژوورەوە، یەکسەر گوتی:
– خۆشەویستم، خەنی لە خۆت! خەمت نەبێ! رزگار بووی! کورتە باڵاکە ناوی (مارتان نەرگسی)یە.

ئینجا بۆی گێڕایەوە چۆن لەناو لێڕ بزر بو، چی بەسەر هات و چۆن کابرای کورتە باڵای دۆزییەوە.
(هانا) رووی کرایەوە و گەش بووەوە و مێردی گرتە باوەش. ئەوسا بە دڵنیایی، بێ خەم و خەفەت، چووە ئەو ژوورەی شەوی یەکەم کورتە باڵاکەی تیدا دی. ویستی بۆ دواجار چەند داوە زێڕێک بڕێسێ
کە بوو بە نیوە شەو، دیوار شەقی برد. دەق وەکوو ساڵێک پێشتر، کابرای کورتە باڵا بە کڵاوی سوورەوە غاری دا و بە دەوری دا سووڕا. عارەبانە زێڕەکەی بە دەست دەهاژوا و پڕ بە گەروو دەیقیژاند:
[ئەگەر ناوم هەڵێنی،
گرەو دەبەیتەوە.
ئەگەرنا، بۆ خۆمت دەبەم.
دەی هەڵێنە. (هانا)! هەڵێنە!]
(هانا) وەڵامی دایەوە:
- هەوڵ دەدەم، بەڵکوو بزانم... تۆ ناوت (مارتان نەرگسی)یە!
کە ناوەکەی گوت، کورتە باڵاکە یەکسەر کڵاوەکەی لە عەردی کوتا و چۆن هات، ئاوهاش بزر بوو. عارەبانەکەی دەستی برد و دوای ئەو دیوارەکە داخرایەوە.
(هانا) هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا و لەو رۆژەوە چیدی زێڕی نەڕست. پێویستیان بە زێڕ رستن نەبوو. چونکە زۆر زۆر دەوڵەمەند ببوون.
(هانا) بە شادی و بەختەوەریی لەتەک مێرد و کوڕەکەیا ژیا. کوڕەکەی ئەوەندە قشت و جوان بوو، هەر کەسێ چاوی پێ بکەوتایە، دڵی پێ دەکرایەوە، ئەویش رۆژ بە رۆژ هەڵیدەدا و گەورە دەبوو.

❊ ❊ ❊

# ٢٩ـ رادۆز و لۆدمێللا



هەبوو نەبوو،
پاشایەک هەبوو. سێ کوڕ و سێ کچی هەبوو. ڕۆژێ بە ژنەکەی گوت:
– خۆت دەزانی ئێمە ژمارەمان زۆرە. دەبێ ئیشێ بکەین نەوەک ناژین. دەزانی چییە؟ دەڵێم، با یەکێ لە کوڕەکانمان ڕەوانە بکەین بە دونیادا بگەڕێ بەڵکو بۆ خۆی ئیشێک پەیدا بکا و خۆی بەڕێوە ببا.
ژنەکە لە وەڵام دا، سەری دانەواند و گوتی:
– بەڵێ... بەڵێ! ئەم ئیشەم بە لاوە ئیشێکی ڕاست و دروستە. لە کوڕەکانیش، وام پێ باشە (ڕادۆز) ڕەوانە بکەین.
پاشا گوتی:
– ڕاست دەکەی. منیش بیرم لەو کردۆتەوە. پێویستیی سەفەری بۆ ئامادە بکە، نەوەک لە وڵاتی غەریبیان پێویستی بە شتێ ببێ.
چۆن تەگبیریان کرد، بەو جۆرە ئیشەکەیان ڕایی کرد. (ڕادۆز) ڕوخسەتی لە دایک و باوکی خواست و ڕۆیشت. ماوەیەکی زۆر بەناو چیا و دەشت و دۆڵ دا ڕۆیشت تا گەیشتە لێڕێکی چڕ. ماڵێکی لێ بوو. ماڵەکە سێ کەسی تێدا بوو: ژنە جادووکەرێک و مێردەکەی کە وەستای ئەفسوون و جادوو بوو لەگەڵ کارەکەرێکی بچکۆڵە بەناوی (لۆدمێللا).
(ڕادۆز) لێیان بە ژوورێ کەوت و گوتی:
– سڵاوی خواتان لێ بێ، ئینسانی چاکینە!
ژنە جادووکەرەکە سەلامی لێ وەرگرتەوە و گوتی:
– سڵاوی خوات لێ بێ!! ئەوە لە کوێوە دێی؟ و دەچیتە کوێ؟
– هاتوومەتە لای ئێوە. لە کار و کاسبییەک دەگەڕێم. بە خزمەتکاری ڕامناگرن؟
ژنە جادووکەرەکە گوتی:
– ئاخ! ڕۆڵە! هەموو کەس دەیەوێ نان بخوا و دەبێ نانیش بخوا، بەڵام نان پەیداکردن زەحمەتە. تۆچ ئیشێک دەزانی؟
– هەر ئیشێکی پێم بسپێرن بە هەموو توانای خۆم دەیکەم و هەموو هێزو تاقەتی خۆمی لێ خەرج دەکەم.
ژنەی جادووکەر زۆر حەزی نەدەکرد بە خزمەتکار ڕاییگرێ، بەڵام مێردەکەی ڕازی کرد

و ئەویش قبووڵی کرد.
شەوی یەکەم، (رادۆز) تێر نووست و کفتی لە شەری خۆی دەکرد. بەیانی لە خەو هەستا، چووە لای ژنە جادووکەرەکە و پێی گوت:
- ئەمڕۆ چ ئیشێکم پێ دەسپێری بیکەم؟
ژنەی جادووکەر، لە تەوقی سەرییەوە تا بنی پێی لێی ورد بووەوە، ئینجا بردییە بەر پەنجەرەیەکی بچووک و گوتی:
- تەماشای دەرەوە بکە و پێم بڵێ چ دەبینی.
- چ دەبینم؟ بێشەیەک دەبینم وەکوو دیوار درێژبۆتەوە.
- بەڵێ... خۆیەتی! ها ئەم بێڵە بگرە و برۆ ئەو بێشەیە. زەوی هەڵکەنە و درەختێک بڕوێنە. درەختەکە بەم شەوە دەبێ بڕوێ و پێ بگا و گوڵ دەر بکا و بەر بدا.
بۆ سبەینێ بەری گەییوی درەختەکەم بۆ دێنی. دە ئێستا خێرا دەست بە ئیشی خۆت بکە.
(رادۆز)، رووی کردە بێشەکەو رێ و رێ بیری دەکردەوە:
- کێ شتی وای بیستووە؟ ئیشی وا، بەم ماوە کەمە، چۆن بە کەرەستەیەکی داری وەکوو بێڵ دەکرێ؟
لەگەڵ ئەوەش دا چوو دەستی بە ئیش کرد. دوو سێ بێڵی لە زەوی دا. سەرکی بێڵەکە پارچە پارچە بو و. هەر پارچەیەکی فڕییە لایەک. سەیری کرد بەم جۆرە ئیشەکەی پێ ناکرێ. دەسکی تەورەکەی بە دەستەوە مابوو، ئەویشی تووڕ هەڵدا. لەژێر داربەڕوویەک دانیشت و بە کز و مەلوولی سەیری بەردەمی خۆی کرد.
لەو ماوەیەدا، ژنەی جادووکەر، بۆ فراوین، هەندێ بۆقی بۆ (رادۆز) لێنا و بە (لۆدمێللا) ی گوت بۆی ببا، بەڵام (لۆدمێللا) بە پیلانی ژنەی جادووکەری دەزانی.
(لۆدمێللا)، کە هاتە دەرەوە، داردەستێکی بچووک لەسەر کورسییەکی بچووک داندرا بوو، هەڵیگرت و لەگەڵ خۆی بردی. زۆر باش تەماشای شوێن و چۆنیەتی دانانی داردەستەکەی کرد بۆ ئەوەی کە هاتەوە بتوانێ وەکوو خۆی لە شوێنی خۆی دابنێتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی:
- ئەو گەنجە ئەم بۆقانەی کوو پێ دەخورێ؟ خواردنی خۆمی بۆ دەبەم.
(لۆدمێللا) چووە لای (رادۆز). سەیری کرد بە نیگەرانی هەر وا لەبن دار بەڕووەکە دانیشتووەز پێی گوت:

– خۆت نیگەران مەکە. هەر گوێشت لێ نەبێ! خانم بۆ فراوین بۆقی بۆ لێنابووی، بەڵام من فڕێم دا. زانیم ئەو خواردنە بە کەلک تۆ نایە. لەباتی ئەوە خواردنی خۆمم بۆ هێناوی.
هەڵوێستەیەکی کرد، ئینجا دەستی پێ کردەوە:
– لەبارەی کارەکەشتەوە، هیچ مێشکی خۆتی پێوە خەریک مەکە. ها، سەیری ئەم داردەستە بچووکە بکە: لە زەوی دەدەم هەر درەختێ بتەوێ وەکوو پیرەژنەکە داوای کردبوو، تا سبەینێ دەڕوێ و پێدەگا و گوڵ دەردەکا و بەر دەدا.
(رادۆز) نەیزانی بە چ زمانێک سوپاسی ئەم کچۆڵەیە بکا. (لۆدمێللا) یەکسەر داردەستەکەی لە زەوی دا. دەست بە جێ بە چاو ترووکانێک، چەند درەختێ روان و چرۆیان دا و گوڵیان دەرکرد و بەریان پێوە هات.
(رادۆز) ئۆخژنی لە خۆی کرد و بە تاسووق و ئیشتیاوە کەوتە سەر ئەو خواردنەی (لۆدمێللا) بۆی هاورد بوو.
ئینجا بە دووقۆڵی دانیشتن و دەستیان بە قسە کرد. ئەگەر کچە ناچار نەبوایە زوو بگەڕێتەوە، قسەکردنەکەیان زۆر درێژەی دەکێشا.
بۆ سبەینێ، (رادۆز) چوو بەرهەمی دارەکەی پێشکەش بە ژنەی جادووکەر کرد. ژنەی جادووکەر قەت چاوەڕێی نەدەکرد کوڕەکە ئەم ئیشەی پێ بکرێ، بۆیە هەر ئەوەندەی کرد سەری بادا و بەس!
دوای نەختێ، (رادۆز) لێی پرسی:
– ئەی ئەمڕۆ چ ئیشێکم دەدەیتێ؟
ژنەی جادووکەر دووبارە بردییە بەر پەنجەرەیەکی تر و داوای لێکرد پێی بڵێ چ دەبینێ؟
– چ دەبینم؟ تەنیا لاپاڵێک دەبینم سەراپای بەرد و دڕکە.
– باشە... تەورێک لە پشت دەرگایە. ئەو تەورە ببە، برۆ ئەو لاپاڵە بژارکە و بیکێڵە و مێوی لێ بچێنە و بۆ سبەینێ ترێی تازە داوی مێوەکەم بۆ بێنە.
رادۆز چوو بۆ ئەوەی داوای ژنەی جادووکەر جێ بەجێ بکا، بەڵام چەند تەورێکی وەشاند، تەورەکە پارچە پارچە بو و. پارچەکانی بە ئاسمان دا فڕین. لە دڵی خۆی دا گوتی:
– ئای بەدبەخت خۆم! ئێستا چ بکەم؟!

تەورەکەی توورِ هەڵدا. بە پەست و نیگەرانی لەسەر بەردێک دانیشت. هیچ ئومێدی نەبوو تا سبەینێ ئەم ئیشەی پێ بکرێ. ماوەیەکی زۆر دانیشت. هەر بیری کردەوە و چاوەڕێی کرد داخۆ چ روو دەدا.

لەو لاوە، پیرەژنی جادووکەر ماری لەناو مەنجەڵ کوڵاند و بەرەبەری نیوەڕۆ بانگی (لۆدمێللا)ی کرد و پێی گوت:

– وەرە ئەم خواردنە بۆ خزمەتکارەکە ببە.

(لۆدمێللا) چوو، داردەستە کورتەکە و خورادنی تایبەتی خۆی برد و رۆیشت.

(رادۆز) تەواو نائومێد ببوو، هیچ هیوای بە هاتنی لۆدمێللا نەما بوو. کە دیتی لە دوورەوە هات، دڵی کەوتە سەما. پێی گوت:

– چا بوو هاتی! لە بەیانییەوە بە خەم و خەفەتی لێرە دانیشتووم. ئیشەکەم وەستاوە. تەورەکەم ورد و خاش بووە. فریام نەکەوی تووشی بەڵایەک دەبم.

(لۆدمێللا) گوتی:

– خەم مەخۆ! خانم، بۆ فراوین ماری بۆ لێنا بووی، بەڵام من مارەکەم فرێ دا و خواردنی خۆمم بۆ هێنای. داردەستە بچووکەکەشم هێنا. ئێستا دەست بە مێو چاندن دەکەین و سبەی پێش بەیانی ترێکەی بۆ ژنە دەبەی!

بەم جۆرە خواردنی خۆی دایە (رادۆز). داردەستەکەی لە زەوی دا. زەوییەکە بوو بە یەک پارچە رەزی جوان. مێوەکە رشایەوە و هێشوە ترێی دا.

ئەوسا بە دووقۆڵی دانیشتن و نەختێ قسەیان کرد. (لۆدمێللا) گەڕایەوە ماڵێ و داردەستەکە و قاپی پیسی بردەوە.

(رادۆز)، بەیانی چوو ترێی بۆ ژنەی جادووکەر برد. ژنە بڕوای بە چاوی خۆی نەکرد.

(رادۆز) داوای ئیشێکی تری کرد. ژنە یەکسەر بردییە بەردەم پەنجەرەی سێیەم و پێی گوت تەماشای دەرەوە بکات و پێی بڵێ چ دەبینێ.

(رادۆز) گوتی:

– چ دەبینم؟ زەوییەکی پڕ گیاکەڵە و بەرد دەبینم.

– باشە، سبەینێ دەچی دەغڵ لەو زەوییە دەچینی و ئاردم بۆ دێنی بیکەم بە نان، نەوەک دەبینی چت بەسەر دێ.

(رادۆز) کە گوێی لەم هەڕەشەیە بوو هەترەشی چوو. بەڵام چی لە دەست دێ؟ خۆی پێچایەوە و چووە سەر زەوی.

لەو لاوەش، ژنەی جادووکەر، میوە و ترێکە حەجمانی لێ بڕی بوو. خەو و خواردنی لێ حەرام کردبوو. تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکەی کردبوو. بە مێردی گوت، کە وەستای ئەفسوون و جادوو بوو:

– پیاویژگە! من بڕوام وایە ئەم ماستە موویەکی تێدایە. ئەم ئیشانە تەنیا بە منداڵێکی وا ناکرێن. وا تێ دەگەم کچە بچکۆڵەکەی لای خۆمان دەستی لەم کارەدا هەیە و لەگەڵ ئەو کوڕە پیلانمان لە دژ دەکا. دەبێ ئەم مەسەلەیە ساغ بکەمەوە، ئەوسا تێیان دەگەیەنم ئەمە یانی چی؟ بۆ ئەمەش ئەمڕۆ من خۆم خواردنی بۆ دەبەم.

مێردی وەڵامی دایەوە:

– حورمێ، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ (لۆدمیللا) کچێکی چاکە! لەمێژە تاقیمان کردۆتەوە و بۆمان دەرکەوتووە کە وەفاداە. هیچ گومانی لێ ناکرێ. وازی لێ بێنە! بۆچی جاسووسییان بەسەرەوە دەکەی؟!

– بە هەرحاڵ نەختێ بوەستە ئەوسا بۆت دەردەکەوێ. ئەمە مێشکی منی خەریک کردووە.

مێردەکەی گوتی:

– بەسسە، چیتریان لەگەڵ مەکە! تاقەتم نییە ببینم ئەزیەتیان بدەی.

ژنەی جادووکەر سەری لەم قسە و لەم هەڵوێستە سوڕما. (مارمیلۆکی) بۆ (رادۆن) لێنا. بە (لۆدمیللا)ی کارەکەر بۆی نارد. (لۆدمێللا) پێی ناخۆش بوو کە ژن و مێرد لەسەر ئەم لێیان بوو بە ناکۆکی و ئۆخژنی لە خۆی کرد کە وەستای جادووکەر لای ئەوی گرت و لەسەری کردەوە. ئەو حەڵە، بەو پەڕی وریایی داردەستە بچووکەکەی هەڵگرت و لەبن بەروانکەکەی نا و هیچ خۆی لە گوورە نەبرد. خواردنەکەی بۆ (رادۆن) برد.

لەو ماوەیەدا، (رادۆن) بەردەکانی لەناو زەوییەکە هەڵبژارد، بەڵام چۆن ئارد و نانی لێ بە دەست بێنێ؟ ئیتر دانیشت و بەبێ ئۆقرەیی چاوەڕێی کچەکەی کرد. وەختەک دیتی بە تەنگاوی لە دوور هات. هێشتا دوور بوو، هاواری کرد:

– (مارمیلۆک) یان بۆ لێنابووی. دەبوایە مارمیلۆکت بۆ بێنم، بەڵام من دڵم بەرووەست نەهات ئەو خواردنە پیس و بێزەوەرەت دەرخوارد بدەم، خورادنی تایبەتی خۆمم بۆ هێناوی!

بەدەم زەردەخەنەوە، قاپە خواردنەکەی بۆ راداشت و گوتی:

– خانمی ماڵەوە گومانی لێکردووین کە من یارمەتی تۆ دەدەم. بە تەما بوو خۆی

خواردنت بۆ بێنێ بۆ ئەوەی پێ بکەوێ ئێمە چ دەکەین. ئەگەر وای بکردایە هەردووکمان لەناو دەچووین، بەڵام چا بوو پیرەمێردی جادووکەر لەو گومان و بەد نیازییە پاشگەزی کردەوە.

(رادۆن) گوتی:

– (لۆدمێللا)، تۆ هەموو شتێکی منی! تۆ یارمەتی زۆر گەورەی منت داوە؟ نازانم چۆن ئەو چاکەیەت بدەمەوە؟!

ئەگەر ئێشیان نەبایە، حەزیان دەکرد زیاتر قسە بکەن. (لۆدمێللا) داردەستەکەی لە زەوی دا و بە چاوقوچانێک شێوەی زەوییەکە گۆڕا. ئاشێکیان لەبەردەم پەیدا بوو. بە چەقە چەق ئێشی دەکرد و ئاردی لێ دەهاتە خوارێ و ئاردەکە دەبوو بە هەویری هەڵاتوو. لەولاوەش تەندووری جۆشدرا و ئامادە بوو. (لۆدمێللا) سەیری راستە و چەپەی کرد و خێرا بەرەو ماڵ بووەوە. بەیانی، (رادۆن) نانەکەی بۆ ژنەی جادووکەر هێنا. ژنە لەزگ بوو لە تووڕەییان شەق بەرێ، بەڵام وای نەکرد کەس هەست پێ بکا. بە (رادۆن)ی گوت:

– دەبینم هەر ئێشێکی پێم سپاردی بە چاکی جێ بەجێت کرد، ئێستاش برۆ بۆ خۆت تێر بحەسێوە.

ئێوارێ، پیرەژنی جادووکەر بە خۆ و بە مێردی پیلانێکی پیسیان دژی (رادۆن) دارشت. ژنە داوای لە (رادۆن) کرد، مەنجەڵی گەورە پڕ ئاو بکا و کابرایشی لە دیار مەنجەڵەکە دانا بۆ ئەوەی چاوی لێ بێ تا دەکوڵێ و کە کوڵا بانگی بکا. بەڵام (لۆدمێللا) شەرابێکی زۆری بۆ پیرەمێرد هێنا. ئیتر پیرەمێرد زۆری خواردەوە و خەوێکی قووڵی لێ کەوت. ئەوسا (لۆدمێللا) چووە لای (رادۆن) و پێی گوت:

– وەرە پێت بڵێم کار بە چی گەیشتووە و ئەمانە بە تەمای چین؟ ئەگەر تا سبەینێ لێرە بمێنێ، لەناو ئەم مەنجەڵە ئاوە کوڵاوە دەتکوڵێنن. ئەگەر بەڵێنم پێ بدەی هەرگیز پشتم تێ نەکەی و جێم نەهێڵی، من رزگارت دەکەم و رەدووت دەکەوم.

(رادۆن) سوێندی خوارد کە پڕ بە دڵ بۆی وەفادار بێ ، چونکە ئەگەر هەموو گەنج و سامانی دونیای بدەنێ وازی لێ ناهێنێ.

ئەو حەلە (لۆدمێللا) تفێکی کردە ناو ئاگردان و داردەستە جادووییەکەی برد و هەردووکیان رایان کرد. کابرای جادووکەر، دوای کەمێ، بە خەبەر هات و هاواری کرد:

– خزمەتکار! هۆ خزمەتکار! ئەوە هەر نووستووی؟

تفەکە وەڵامی دایەوە:

– نەخێر، نەنووستووم، خەریکم پشوویەک دەدەم.

پاش قەیرێ، کابرای جادووکەر دووبارە هاواری کرد:

– خزمەتکار! هەستە، پێڵاوەکەم بۆ بێنە.

تفەکە وەڵامی دایەوە:

– هەر ئێستا! هەر ئێستا! تۆزێ سەبر کە، تا پێڵاوەکەم لەپێ دەکەم. ئەوسا ژنەی جادووکەر بە ئاگا هات و بانگی کرد:

– لۆدمێللا! لۆدمێللا! هەستە جل و بەرگم بۆ بێنە.

تفەکە وەڵامی دایەوە:

– هەر ئێستا! هەر ئێستا! خاتوونەکەم! وا جلم لەبەر دەکەم.

ژنەی جادووکەر دووبارە گوتی:

– ئەوە چ بوو؟ بۆ وا لەسەرەخۆ جل لەبەر دەکەی؟

تفەکە وەڵامی دایەوە:

– هەر ئێستا! هەر ئێستا!

ژنەی جادووکەر ئۆقرەی لێ بڕا. سەری بڵند کرد، دیتی نوێن بەتاڵە، بە مێردی گوت:

– دەک شەیتان بیانبا! هەردووکیان ڕۆیشتوون. سەیری نوێنی بەتاڵیان کە! رایانکردووە!

مێردی جادووکەری وەڵامی دایەوە:

– بە جەهەننەم!

ژنە و مێردە هەستان. ژنە جوێن و قسەی ناشیرینی بە مێردی گوت و دووبارەی کردەوە:

– ئەمە بوو بڕوا و متمانەی تۆ بە (لۆدمێللا)! ئەوەتا تەفرەی دایت و دەستخەڕۆی کردی! ئاوها بڕوا بە کچان دەکەی، گەلۆر!!

پیرەمێرد لە شەرمەزارییان بێ دەنگ بوو. ژنەی جادووکەر بەردەوام بوو:

– دەی... چییە وا دانیشتووی! هەستە، خێرا بیانگەیێ و هەر ئێستا بیانگێڕەوە!

کابرای بەدبەخت، بەهەلەداوان بۆی دەرچوو. لەو کاتەدا، (لۆدمێللا) بە (رادۆز)ی گوت:

– روومەتی راستەم گەرم داهاتووە، وەختە بسووتێ! خۆشەویستم، ئاوڕ دەوە، بزانە هیچ

شتێ دەبینی؟

(رادۆن) وەڵامی دایەوە:

– نەخێر، هیچ نابینم. تەنیا پەلە هەورێکی رەش دەبینم بە دوامانەوەیە.

(لۆدمێللا) گوتی:

– ئای لەو بەڵایە!! وای لەو بەڵایە!! ئەوە پیرەمێردەکەیە بە سورای ئەسپە رەشەکەی شوێنمان کەوتووە. نابێ لێرە زیاتر برۆین. دەبێ خۆمانی لێ بپارێزین.

ئەوسا داردەستەکەی لە زەوی دا. خۆی بوو بە تەبارە جۆیەک و داوای لە (رادۆن) کرد دەوری سەپان ببینێ و بزانێ چۆن وەڵامی کابرا دەداتەوە.

پیرەمێرد هات و گەیشتە لای. لەناو پەلە هەورێکی رەش دا بوو. هەورە تریشقە و برووسکە و تەزوووی دابووە پێش خۆی. هەر وەخت بوو تەبارە جۆکە هەمووی بفەوتێ و لەناو بچێ. سەپانەکە گوتی:

– گەورەم، جۆکەم هەموو لێ مەفەوتێنە، هەندێکم بۆ بێڵەوە!

پیرەمێرد، قەڵەمبازێکی بە ئەسپەکەی دا و وەڵامی دایەوە:

– بۆت دێڵمەوە، بەڵام پێم بڵێ نەتدیوە دوو گەنج بێرەدا رابکەن!؟

– نەخێر! لەوەتی من لێرە دروێنە دەکەم، هیچ بنیادەمم نەدیوە، بەڵام ئەوەی جۆکەی چاندووە، لەوانەیە راکردووەکانی دیبێ.

کابرای جادووکەر سەری بادا و پەلە هەورێکی رەشی هەڵکرد و تیا بزر بو و رێ و رێ گەڕایەوە.

(رادۆن) و (لۆدمێللا) ملی رێی خۆیان گرت و رۆیشتن.

لەو لاوەش، ژنەی جادووکەر، کە دیتی مێردەکەی هاتەوە، پێی گوت:

– سەروەر و نۆکەرم! چت کرد وا زوو هاتیتەوە؟!

کابراری جادووکەر وەڵامی دایەوە:

– هەر تەنیا شەیتان دەزانێ خۆیان لە کوێ شاردۆتەوە!! لەو رێیە تووشی هیچ بنیادەمێک نەهاتم، تەنیا سەپانێک و تەبارە جۆیەکی زۆرم دی.

– بەراستی گێل و گەلحۆی! ئەو سەپان و تەبارە جۆیە، ئەوانە بوون کە تۆ تاقیبت دەکردن. تۆ چۆن وا بە سانایی تەفرەت خوارد! لەو تەبارە جۆیە، هەر تەنیا گوڵە جۆیەکت لەگەڵ خۆت هێنا با! هەر ئێستا، چووبوویە کوێ، برۆوە ئەوێ!

پیرەمێرد لە شەرمەزارییان بێ دەنگ بوو. ملی رێی گرت و رۆیشت.

لەولاوە، دوای کەمێ، (لۆدمێللا) بە (رادۆن)ی گوت:
– روومەتم گەرم داهاتووە، وەختە بسووتێ! ئاورِ دەوە، بزانە چ هەیە؟
(رادۆن) وەڵامی دایەوە:
– هیچ دیار نییە، تەنیا پەلە هەورێکی تاری نەبێ، وا دێ و نزیک دەکەوێتەوە.
– ئای لەو بەڵایە! وای لەو بەڵایە! ئەمە پیرەمێردەکەیە بە سواری ئەسپە شێکەی تاقیبمان دەکا. کە هات، مەترسە، بە زانایی وەڵامی بدەوە.
ئینجا داردەستەکەی لە شەپقە بچووکەکەی دا. شەپقەکە بوو بە کەنیسە و خۆی کرد بە مێشێک و چووە ناو رەوە مێشێک. (رادۆن)یش بوو بە قەشە و لەناو کەنیسە ئامۆژگاری مێشەکانی دەکرد.
پەلە هەورە تارەکە هات و گەیشتە جێ. دەوروبەری هەمووی بەفر و زوقم و شەختە و بەستەڵەک بوو. فیکەی دەکێشا. سەرمایەکی وای هێنا بانی کەنیسەی شەق کرد.
کابرای جادووکەر دابەزی و یەکسەر رووی کردە قەشە و گوتی:
قەشەی بەرِێز، دوو رێبوارت نەدیوە بێرەدا رەت بن: کورِێک و کچێک؟
قەشە وەڵامی دایەوە:
– لە کوێوە بیانبینم؟ من لەوەتی لێرەم هەر ئامۆژگاری مێشان دەکەم و کەسم نەدیوە، بەڵام ئەوەی کاتی خۆی کەنیسەی دروست کردووە، لەوانەیە ئەو، ئەو دوو کەسەی دیبێ کە تۆ لێیان دەگەرِێی! ئێستاش، تکات لێ دەکەم لێ مەگەرِێ سەرما و سۆڵە بچێتە ناو کەنیسە، نەوەک گوێگرەکانم رەق هەڵدێن!
– مەترسە!... من وا دەرِۆم، کەلکی نەبوو وا خێرا و بەپەلە هاتمە ئێرە!
کابرای جادووکەر گەرِایەوە لای ژنەکەی. ژنەکەی لە حەوشە چاوەرِێی دەکرد. کە دیتی بە تەنیایە، قیژاندی:
– ئای هیچ و پووچ! تۆ کەلکی هیچت پێوە نییە! ئەوە بۆ نەتهێنانەوە؟ ئەو دوو گەنجەت لە کوێ جێ هێشتن؟!
– لە کوێ جێیان بێڵم؟ لە هیچ شوێنێ چاوم پێ نەکەوتن! تەنیا کەنیسەیەکم دی و قەشەیەک ئامۆژگاری مێشانی دەکرد. ئەوەندە سەرمام بەردانەوە سەر هەموو رچین و رەق هەڵاتن.
– بەراستی گەوجی! ئەوەی دیوتە، ئەو کەسانە بوون کە تۆ لێیان دەگەرِای! ئێسترێکت ببردبا ئامۆژگاریت بکا باشتر نەبوو؟! راوەستە، خۆم لە هەقیان دێم.

ئەوسا پیرەژنی جادووکەر خۆی کۆکردەوە و فڕی و ڕۆیشت.
لەو لاوەش، (لۆدمێللا) دیسان بە (ڕادۆن)ی گوت:
وای ڕوومەتم گەرم داهاتووە، وەختە بسووتێ! (ڕادۆن)، ئاوڕ دەوە، بزانە داخۆ کەس بە دوامانەوە نییە؟!
- بەڵێ... پەلە هەورێکی سوور بە دوامانەوەیە.
- ئەمە پیرەژنە جادووکەرەکەیە بە سواری ڕێوییە سوورەکەی هاتووە. تا ئێستا ئەوەی ڕووی دا، هەمووی گەمەی منداڵان بوو. بەڵام ئەم جارە شتێکی ترە، دەبێ باش خۆمان ڕابگرین بۆ ئەوەی بتوانین بەسەریدا زاڵ بین. سەیرکە، من خۆم دەکەم بە مراوییەکی زێڕین و لەناو ئەم گۆمە مەلەوانی دەکەم، تۆ خۆت نقووم بکە بن ئاو، نەوەک دەتسووتێنێ. کە هات و ویستی لە فڕینەوە پڕ بداتە من و بمگرێ، تۆ خێرا خۆت بگەیەنە ئەسپەکەی و توند جلەوی بگرە، ئەمەی تر خۆی پێک دێ.
پیرەژنی جادووکەر هات، وەکوو (مانگا) دەیبۆڕاند. دەورو بەری گڕ و بڵێسەی ئاگر بوو. لە ڕێگادا هەرچی بهاتبایە پێشی، دەیسووتاند. کە گەیشتە لێوی گۆمەکە، دابەزی و ویستی مراوییەکە بگرێ. مراوییەکە وردە وردە، بە دوای خۆیدا ڕایکێشا بۆ ناو گۆمەکە و دووری خستەوە. کە ژنە تەواو لە ئەسپەکەی دوورکەوتەوە، (ڕادۆن) بە تەڕ دەستی لەناو ئاو هاتە دەرێ و پەلاماری جلەوی ئەسپەکەی داو گرتی. مراوییەکە خۆی گەیاندەوە (ڕادۆن) و یەکسەر بوو بە کچی جاران و هەردووکیان سواری ئەسپەکە بوون و گۆمەکەیان جێ هێشت و ڕۆیشتن.
ژنەی جادووکەر، کە دیتی چی بەسەرهات، تووک و نەفرەتێکی گەورەی لە دوو گەنجەکە کرد.
جادووی لە (ڕادۆن) کرد: ئەگەر تەنیا یەک کەس یەک ماچی لێ بکا، (لۆدمێللا)ی تەواو لەبیر بچێتەوە. هاواریشی کردە (لۆدمێللا):
- ئەی مەخلووقی هیچ و پووچی کێر نەهاتی! تا حەفت ساڵ نابێ (ڕادۆن) ببینی!
ئیتر پیرەژنی جادووکەر ناچار بوو بە پێ بگەڕێتەوە ماڵێ. هێزی جادووکردنی نەما. کە گەیشتەوە جێ، مێردی گاڵتەی پێ کرد کە بەم جۆرە بوو بە قەشمەرجاڕی ئەو کوڕ و کچە ڕاکردووە.
(ڕادۆن) و (لۆدمێللا) بە سواری ئەسپی ژنەی جادووکەر فڕین تا گەیشتنە ئەو شارەی دایبابی (ڕادۆن)ی لێ بوو. (ڕادۆن) لەناو شار، لە جادە لە یەکێکی پرسی، گوتی:

– برا، لێرە چ هەیە؟ چ نییە؟
کابرا وەڵامی دایەوە:
– چ هەبێ؟ پاشا مردووە، کوڕەکان و کچەکەیشی مردوون، تەنیا شاژنی بەساڵاچوو ماوە. ئەویش بەردەوام بۆ کوڕە بچووکەکەی دەگری کە سەری هەڵگرتووە و بە دونیادا دەگەڕێ، کەس نازانێ ئێستا لە کوێیە. ئیتر وڵات هەمووی کەوتۆتە کێشە و ناکۆکی، نازانین لەمەودوا کێ دەبێ بە پاشا.
(رادۆز) گوتی:
– بەراستی خەبەرێکی دڵتەزێنە کە ئەمانە هەموو مردوون!
ئینجا کابرای جێ هێشت و (لۆدمێللا)ی بردە لایەک و پێی گوت:
– دەزانی چ دەکەین؟ تۆ لێرە لەسەر ئەم حەوزە بە! ناکرێ بەم جلە شڕ و دڕاوانە بچیتە حزوور دایکم. خۆت لە پەنا ئەم درەختە بشارەوە. چاوەڕێ بکە تا من دێمەوە. منیش دەچمە ناو کۆشک و کە منیان ناسییەوە، دەمکەن بە پاشا. ئەوسا دێم جل و بەرگی جوانت بۆ دێنم.
(لۆدمێللا) رازی بوو لەوێ بمێنێتەوە و (رادۆز) چووە ناو کۆشک. دایکی یەکسەر ناسییەوە و هەر رایکرد بۆ پێشوازی و باوەشی بۆ کردەوە، بە خۆیەوە نووساند و ویستی ماچی بکا بەڵام (رادۆز) لێ نەگەڕا ماچی بکا. ئەوانی تریش ناسییانەوە و کردیان بە پاشای وڵات. زیافەتێکی گەورە و ئاهەنگێکی مەزنیان بەم بۆنەیەوە سازدا. زۆر لەمێژ بوو وڵات شتی وای بە خۆیەوە نەدی بوو.
(رادۆز) لەو سەفەرە دوور و درێژەیا زۆر کفت و کەشەنگ ببوو، خۆی خزاندە ژوورێک و پاڵی دایەوە بۆ ئەوەی پشوویەک بدا. کە خەوی لێکەوت، دایکی هات، لە خەودا هەردوو لا ڕوومەتی ماچ کرد. لەوساتەوە (رادۆز)، بە تەواوی (لۆدمێللا)ی لە مێشک چووە دەرەوە. پاش ماوەیەک ژنێکی تری بۆ خۆی هێنا.
(لۆدمێللا)ی تەنیاش، ماوەیەکی زۆر لە داخی ئەو رووداوە هەر گریا و کرووزایەوە. نەیدەزانی رووبکاتە کوێ؟ ئاخیری، لە حەوشەی ماڵە جوتیارێکی نزیک کۆشک و سەرای پاشا ئاکنجی بوو. خۆی کرد بە دار ئەسپینداریکی گەورە. سەرنجی هەموو دەربارییانی بۆ لای خۆی راکێشا. تەنیا پاشا نەبێ پێی جوان نەبوو چونکە بەری پەنجەرەکەی گرتبو و، لێ نەدەگەڕا دەرەوە ببینێ. ئاخیری تاقەتی نەما و بڕیاری دا بیبڕنەوە. ئەوەندەی جوتیارەکە پاڕایەوە واز لەو درەختە جوانە بێنێ، سوودی نەبوو.

ئیتر درەختەکەیان بڕییەوە.
پاش ماوەیەکی کەم، دار کرۆسکێک، یەکە و راست لە بەرامبەر کۆشکی شاهانە روا. کرۆسکی زێڕی دەدا. ئێواریێ لێیان دەکردەوە، بۆ سبەینێ دووبارە کرۆسکی زێڕی دەدا. پاشا، ئەو درەختەی زۆر بە دڵ بوو. زۆری خۆش دەویست. هەموو رۆژێ فەرمانی دەدا هەموو کرۆسکەکان لێ بکەنەوە، بەڵام شاژن هەوەسی بەم دار کرۆسکە نەدەهات، بەوی با قەت نەیبینێ! بەردەوام لەبەر پاشای دەخوێند:
– ئەم کرۆسکانە کەی دوایان دەبڕێ؟ ئەم درەختە تەواو بێ تاقەتی کردووم!
پاشا بەردەوام هەوڵی دەدا، وا بکا دایکی ئارەزووی لە بڕینەوەی ئەو درەختە نەمێنێ: تکایە، دایکە، واز لەم درەختە بێنە.
بەڵام شاژنیش بەش بە حاڵی خۆی هەوڵی دەدا قەناعەت بە کوڕەکەی بێنێ. سەرەنجام پاشا بە قسەی دایکی کرد و فەرمانی دا درەختەکە ببڕنەوە.
حەفت ساڵەکە تەواو بوو. (لۆدمێللا) خۆی کرد بە مراوییەکی زێڕین، لە بەرامبەر پەنجەرەی پاشا دەستی بە مەلە کرد: لەسەر ئاو دەهات و دەچو و. پەڕ و باڵی لە ئاو دەدا. پاشا بیری کردەوە ئەم مراوییەی لە شوێنێک دیوە. ئەمری کرد بیگرن. بەڵام کەس مراوییەکەی پێ نەگیرا. پاشا لە دوای هەموو ماسیگر و راوکەری باڵندانی سەرانسەری وڵاتی نارد. دیسان بەختی نەیهێنا و مراوی بە گیر کەس نەکەوت.
پاشا رۆژ بە رۆژ تووڕەتر دەبوو، گوتی:
– مادام ئیش وای لێهات، مادام کەس هیچی پێ نەکرا، من خۆم دەچم هەوڵێک دەدەم.
پاشا چووە دەم گۆمەکە. سواری بەلەمێک بو و. ملی بە ئاوەوە نا و کەوتە دوای مراوییەکە. ئەویش بە مەلە، لەناو گۆمەکە دەگەڕا و دەچووە ئێرە و ئەوێ، تا ئاخیری پاشا گرتی. هەر هێندە کەوتە بەر دەستی (رادۆز)، یەکسەر گۆڕا و بوو بە (لۆدمێللا) جوانەکەی جاران و گوتی:
– ئایا ئەمەیە پاداشتی وەفاداریی من بۆ تۆ؟ ئاوها چاکەم دەدەیتەوە؟ بەڵام قەیدی نییە لێت خۆش دەبم، چونکە ئیشەکە وا داندرا بوو دەبوایە هەر وابێ!
(رادۆز) وەخت بوو لە خەنی خۆشییان شێت ببێ. (لۆدمێللا)ی هێنایەوە ناو کۆشک و یەکسەر بردییە لای شاژنی بە ساڵاچوو و گوتی:
– دایکە، ئا ئەمە بوو ئەم هەموو جارە ژیانی منی رزگار کرد! ئەمە شایانی ئەوەیە ببێ

به هاوسەری من نەک هیچ کەسی تر!

بەم جۆرە، (رادۆز) وازی لە ژنی یەکەمی هێنا و لە ئاهەنگێکی گەورە و شکۆمەندا زەماوەندی لەگەڵ (لۆدمێللا) کرد.

لەوساوە ئیتر کەوتنە خۆشی و یەکتریان خۆش دەویست و دۆستایەتییەکی وایان هەبوو، پچڕانی نەبێ.

* * *

## ٣٠ـ نیشانه شكێنی دەست ڕاست



**هەبوو نەبوو،**

**باوکێک هەبوو، سێ کوڕی هەبوو. دوو کوڕە گەورەکە بە هەموو دەمێ هەر خەریکی سوین و تیژکردنی شیرەکانیان بوون، چونکە پێیان وا بوو بەم شیرانە دەتوانن لە دۆزەخ دەربچن، کەچی کوڕە بچووکەکە تیری بۆ کەوانەکەی دادەتاشی بۆ ئەوەی خودی شەیتان بئەنگێوێ.**

**جارێکیان، کوڕە بچووکەکە خەونێکی دی:**

**وای زانی لە دەرەوە نووستووە، کابرایەکی کورتە باڵا هاتە لایەوە و لە خەو بە خەبەری هێنا و پارچە کاغەزێکی دایە و گوتی: ها، ئەم کاغەزە بگرە. ئەگەر بێت و لە دنیادا لە هیچ شتێ نەترسی و باکت بە هیچ کەس نەبێ، ئەم کاغەزە دڵنیات دەکا کە لە ژیانتا زۆر دوور دەڕۆی.**

**بەیانی خەونەکەی هەڵبرینگا و نەیزانی مانای چییە، بەڵام بەراستی کاغەزەکەی لەناو دەست دابوو. چووە لای باوکی و داوای لێکرد ڕێی بدا بڕوا بە دنیادا بگەڕێ. کە دوو براکەی بەمەیان زانی، شمشێر بەدەست هاتن و گوتیان خۆ ئێمە لە و کەمتر و دەم چەفتر نین، ئەو هەیەتی، نیەتی تیر و کەوانێکی هەیە! ئێمەش دەچین بە دونیادا دەگەڕێین. باوکە نەیویست روخسەتیان بدا بچنە ئەو گەشت و گەڕانە، بەڵام کە هەر پێیان داگرت و لە بڕیاری خۆیان پەشیمان نەبوونەوە، باوکە ڕێی دان و گوتی:**

**- کوڕم، چیتان پێ خۆشە وا بکەن! بە کەیفی خۆتان بکەن!**

**ئەو سێ گەنجە بە دڵی پڕ غەم و خەفەت لە ماڵەوە دەرچوون، بەڵام هەر هێندەی لە گردێک ئاودیو بوون، دڵیان فەراح بو و، کەیفخۆش بوون. گەیشتنە خانێک، موڵکی پاشا بوو، سەرکاری خانەکە بە فەرمانی پاشا ئەنوا و خواردنی بە خۆڕایی بۆ ڕێبواران دابین دەکرد. براکان لایان دایە خانەکە و سەرکارەکە بە پێی پێویست بەخێری هێنان و خزمەتی کردن. ئەوسا بە دڵێکی رەحەت و دەروونێکی ساف کەوتنە رێ و رۆیشتن. هەر رۆیشتن رۆیشتن تا گەیشتنە لێڕێکی گەورەی دار (زان) . ئەو لێڕە نە باڵندەیەکی تێدا بو و، نە گیاندارێک! هەر رۆیشتن و لێڕ هەر تەواو نەبوو، شەویان بەسەر دا هات. ناچار بوون خۆیان ئامادە کرد شەو بەو جۆرە ببەنە سەر کە لە لێڕی وا گەورەدا پێویستە.**

لە بەینی خۆیانا ڕێک کەوتن شەو بە نۆرە نۆبەت ربگرن و ئەوەی نۆبەتی بێ، ئەگەر ژیانی خۆیشی لەسەر دانا بێ، نابێ هەرچی روویدا ئەوانی دی بە خەبەر بێنێ و هەر چی قەوما سبەینێ نابێ بۆ دووەکەی تری بگێڕێتەوە. لە هەمان کاتدا نابێ لێ بگەڕێ ئاگرەکە بکوژێتەوە. ئاگرەکە لە نۆبەتی هەر یەکێ دابمرێتەوە پارچە پارچەی دەکەن.

براکان لەسەر ئەو بڕیارە ڕێک کەوتن و جێ بەجێیان کرد. گزرەیان کۆکردەوە و داریان قەڵشت و ئاگریان کردەوە. بڵێسە و هالاوی ئاگری گەرم بەرزبووەوە ئاسمان. دوو برای گچکەترێ نووستن. برای گەورە لەبەر ئاگر دانیشت و شیرەکەی لە تەنیشت خۆی درێژ کرد. لێرە و لەوێ رادەکشا و ناو بە ناو دەبۆرژا. دوای نەختێ، بوو بە خشەخشی گەڵای داری لێڕەکە و لە کەنارێکا کوندەبۆیەک قیڕاندی. خەوی لێ هەڕما. لەپڕ گوێی لێ بوو دارێک قرچەی هات شکا و رمبەی هات بەربووەوە. ئاوڕی دایەوە، دیتی عەزیایەکی سێ سەر بۆی دەهات. هەرچی لەو لێڕە دەکەوتە پێشی تێک و پێکی دەشکاند. کوڕە لە ترسان زراوی چوو. خەریک بوو دوو براکەی بە خەبەر بێنێ، بەڵام نەختێ بیری کردەوە:

– ئەگەر براکانم بانگ دەکەم، سەری خۆم دەدۆڕێنم، ئەگەر دەنگیش ناکەم، هەموومان دەفەوتێین! بەڵام، نەخێر، وا بە سووک و ئاسانی خۆم بە دەستەوە نادەم.

عەزیاکە فووی لە ئاگرەکە کرد و لیکی بەسەردا رشت، گەنجەکە شیری هەڵکێشا و بە یەک زەبر سەری یەکەمی پەل دا و ئینجا سەری دووەم و ئاخیری سەری سێیەم. زمانەکانی لێکردەوە و لە گیرفانی خۆی نا. ئەوسا کەلەشەکەی گرت و فڕێی دایە ناو چەم و چغوردێک. تا ئەو ئەم کێشمە کێشمەی کرد، ئاگرەکە خەریک بوو بکوژێتەوە، رایکرد خۆی گەیاندێ و ئاگرەکەی خۆش کرد و دوو براکەی بە خەبەر هێنا. لە ئاسۆی روونەوە بەیان ئەنگووت و شەفەق گزنگی دا. دوو براکەی لە خەو هەستان. بە پێی ئەو بڕیارەی لەسەری ڕێک کەوتبوون، نە ئەوان لە برایان پرسی ئەو شەوە چ رووی داوە و نە ئەویش لێی پرسین چۆن نووستن!

خۆیان کۆکردەوە و بەڕێ کەوتن. ماوەیەکی زۆر رۆیشتن، لێڕەواری (زان) هەر کۆتایی نەهات. دووبارە شەویان بەسەر داهات و دووبارە بڕیاری شەوی پێشوویان نوێ کردەوە. ئاگریان کردەوە. دوو برا راکشان بۆ ئەوەی بخەون و برای ناوەنجی نۆبەتی گرت. لەبەر ئاگر دانیشت و شیرەکەی لە تەنیشت خۆی درێژ کرد. برای نۆبەتگر لێرە و لەوێ رادەکشا و جار و بار دەبۆرژا. دوای نەختێ، بوو بە خشە خشی گەڵای دار و لە

کەنارێکا کوندەبۆیەک قیڕاندی. خەوی لێ زڕا. دارێک قرچەی هات شکا و رمبەی هات بەر بووەوە. ئاوڕی دایەوە، دیتی عەزیایەکی شەش سەر بۆی دەهات. هەرچی لەو لێڕە دەکەوتە پێشی تێک و پێکی دەشکاند. کوڕە لە ترسان زراوی چوو. خەریک بوو دوو براکەی بە خەبەر بێنێ، بەڵام لە دڵی خۆی دا لێکی دایەوە:

– ئەگەر براکانم بانگ دەکەم، سەری خۆم دەدۆڕێنم، ئەگەر دەنگیشیان ناکەم هەموومان دەفەوتێین! بەڵام، نەخێر! وا بە سووک و ئاسانی خۆم بە دەستەوە نادەم.

عەزیاکە فووی لە ئاگرەکە کرد و لیکی بەسەردا رشت. گەنجەکە دەستی دایە شیر و بە یەک زەبر دوو سەری عەزیاکەی پەل دا، ئینجا دوو سەری تر و ئاخیری دوو سەرەکەی تریش. زمانەکانی لێکردەوە و لە گیرفانی خۆی نا. ئەوسا کەلەشەکەی گرت و فڕێی دایە ناو چەم و چغوردێک. تا ئەو ئەم کێشمە کێشمەی کرد، ئاگرەکە خەریک بوو بکوژێتەوە. رایکرد خۆی گەیاندێ و ئاگرەکەی خۆش کرد و دوو براکەی بە خەبەر هێنا. لە ئاسۆی روونەوە، بەیان ئەنگوت و شەفەق گزنگی دا. دوو براکەی لە خەو هەستان. نە ئەوان لە برایان پرسی ئەو شەوە چ رووی داوە و نە ئەویش لێی پرسین چۆن نووستن.

دیسان خۆیان پێچایەوە و بەرێ کەوتن. ماوەیەکی زۆر رۆیشتن. لێڕی جادووبەند هەر نەبڕایەوە. دیسان شەویان بەسەردا هات. ئەم لێڕە سێ هێندەی دوو لێڕەکەی پێشوو جادووی لێ کرابوو. زۆر بە توندی بڕیاری شەوانی پێشوویان نوێ کردەوە. ئاگریان کردەوە. کە بڵێسە و هاڵاوی ئاگری گەش بەرز بووەوە ئاسمان، دوو برای گەورەترێ راکشان و برای بچووک نۆبەتی گرت. کەوانەکەی لە تەنیشت خۆی دانا. لێرە و لەوێ رادەکشا و جاروبار دەبۆرژا. دوای نەختێ، بوو بە خشە خشی گەڵای دار و لە کەنارێکا کوندەبۆیەک قیڕاندی. خەوی لێ هەڕما. دارێک قرچەی هات شکا و رمبەی هات بەربووەوە. ئاوڕی دایەوە. دیتی عەزیایەکی دوازدە سەر بۆی دەهات. رانەوەستا تا عەزیاکە دەیگاتێ، پڕی دایە کەوانەکەی و تیری لەبەر نا و هاویشتی. تیرەکە ورشەی هات هەوای بڕی. هەموو سەرەکانی عەزیاکە بەربوونەوە. زمانەکانی لێکردەوە و لە گیرفانی خۆی نا. ئەوسا کەلەشەکەی فڕێ دایە ناو چەم و چغوردێک. تا ئەو ئەم کێشمە کێشمەی کرد، ئاگرەکە دامردەوە و هیچ پشکۆی تێدا نەما. خۆڵەمێشەکەی تێک وەردا، سارد و سڕ بوو. دڵنیا بوو براکانی لە خەو هەڵبستن پارچە پارچەی دەکەن، بەڵام تا ئەوان نووستوون و هێشتا بەخەبەر نەهاتوون، ئەم دەتوانێ بۆ خۆی چارەیەک

بدۆزێتەوە و خۆی نەجات بدا. ئەوە بوو چووە سەر چلەپۆپەی درەختێکی گەورە و بڵند و چاوی بە هەموو لایەک دا گێڕا و سەیری ئاسۆی دووری کرد، بەڵکو لەم لێڕە گەورە و جادووبەندەدا روناکایی ئاگرێک ببینێ. یەکەم جار هیچی نەدی، بەڵام کە بە شێوەیەکی وردتر تەماشای کرد، ترووسکاییەکی دوور دووری لە لای دەستە راست بینی. لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە:

– من ژیانم بە تاڵە موویەکەوە هەڵواسراوە. دەبێ بچمە لای ئەو ترووسکاییە و هەندێ ئاگر بێنم.

لەسەر درەختەکە هاتە خوارێ. رووی کردە لای ترووسکاییەکە و رۆیشت. لە رێگادا، تووشی (شەو) هات، لێی پرسی:

– تۆ کێی؟

(شەو) وەڵامی دایەوە:

– من (شەو)م.

– تا ماوەی چەندی تر بەردەوام دەبی؟

– زۆرم نەماوە، وەختە بەیانی بدا.

گەنجەکە گوتی:

– بەڕاستی دەردێکی گرانە! هەموو شتێ دەبڕێتەوە. تۆ دەبێ لەگەڵ من بێی!

(شەو)، کە ئەمەی بیست، تێی تەقاند هەڵات، بەڵام گەنجەکە یەکسەر دەستی دایە کەوان و تیرێکی لە قاچی (شەو)دا. (شەو) توانای رۆیشتنی نەما. قاچی لە دوو خۆی راکێشا و وەکوو سێبەر گەڕایەوە لای گەنجەکە. دەستی بە گریە و زاری کرد:

– ئاخ و سەد داخ! ئاخ و سەد داخ!

گەنجەکە لێی پرسی:

– ئەوە چیتە؟

(شەو) گوتی:

– ئاخ و سەد داخ! رۆژگار گەیشتە سەرم... دێ دەرم دەکا.

لە راستیدا، ئاسمان خەریک بوو لە بەینی درەختەکانا وردە وردە سپی هەڵدەگەڕا. گەنجەکە تیرێکی لەبەر کەوانەکەی راکرد و هاویشتی. لە قاچی (رۆژگار)ی دا. (رۆژگار) یەکسەر راوەستا. گەنجەکە چووە لای و پێی گوت:

– ئێوارە باش!

(رۆژگار) وەڵامی دایەوە:
– ئەوە خەونت دیوە، چییە؟ نابینی خەریکە بەیانی دەدا!
– رەنگە بەیانی بدایە ئەگەر تۆ لەبەر دەستی من نەبای. ئێستا تۆ و (شەو) لای من دەگیرسێنەوە.
کە لە قسەکانی بووەوە، (شەو) و (رۆژگار)ی هەریەکە لە لایەکی درەختێک بەستەوە بۆ ئەوەی لەوێ بمێننەوە و نەڕۆن، تا ئەم ئیشی خۆی جێ بەجێ دەکا.
ئەوسا گەنجەکە ملی رێی گرت و رۆیشت. زۆری نەما بوو بگاتە ئەو ترووسکاییەی دیبووی. بەڵێ، دوای نەختێ گەیشتە ئەوێ. دیتی ئاگرێک دەسووتا و دوازدە کەس لە دەوری ئاگرەکە دانیشتبوون. تازە لە خواردن ببوونەوە. دوازدەمینیان کووچەڵەی شۆربای بەسەر دەمییەوە کردبوو دوا چۆڕی فڕ دەکرد. کابرای نیشانە شکێن کەوانی راکێشا و گوتی:
– دە بخۆ، دەی!
تیرێکی لە کووچەڵەی کابرای لەندەهۆر دا و لە دەستی فڕێی دا، نەختێ لووتیشی لەگەڵ بڕی. لەندەهۆرەکان یەکسەر قیت بوونەوە سەر پێ و بە سەرسامی سەیری یەکتریان کرد، چونکە ئەم لێرە لە خۆیان زیاتر کەسی تێدا نەبوو. هەر دەیاندۆزییەوە بەڵام ئەم خۆی لێیان چووە پێش و گوتی:
– ئەگەر دەتانەوێ من ببینن، ها، ئەوەتام!
– تۆی ئەو نیشانە شکێنەی ئەم کووچەڵەیەی پێکا!
– من نەبم، شتی وا بە کێ دەکرێ؟ سەیری کەوانەکەم بکەن.
– باشە، مادام تۆ نیشانە شکێنێکی وایت، ئەزیەتت نادەین. زۆر لەمێژە لە یەکێکی وەکوو تۆ دەگەڕێین.
سوێندیان دا دەبێ لای ئەوان بمێنێتەوە. ئینجا نیازی خۆیان بۆ روون کردەوە:
کۆشکێکی جادووبەند لەو نزیکانە هەبوو، یەک چیا زێڕی تێدا بوو. لەندەهۆرەکان ئەگەر پێیان بکرایە خۆیان بگەیەننە ئەو گەنجینە زێڕە، ئامادەبوون ژیانی خۆیانی لەپێناو دا بکەنە قوربانی. سەگێکی بچکۆڵەی رەش لەو کۆشکەدا هەبوو، بەردەوام لەسەر ترۆپکی بورجەکان بە راکردن دەهات و دەچوو. گوێی لە چرپەی دەنگ و خشپەی جوولەیەک ببوایە، هەتا ئەگەر دوور دووریش بوایە، دەیکردە حەپە حەپ و خەڵکەکەی ناو کۆشکی بە خەبە دەهێنا.

مەسەلەکە هەر ئەوەندە نەبوو، چونکە لەندەهۆرەکان دەیانتوانی بە ئاسانی بەسەر هەموو دانیشتوانی کۆشکدا زال بن، بەڵام گرفتی ئەوان ئەوە بوو کۆشکەکە هیچ دەرگا و دەروازەیەکی تێدا نەبوو پێدا بچنە ژوورەوە، تەنیا دەلاقەیەکی کەوانەیی نەبێ کە زبڵ و شتیان پێدا فڕێ دەدا، بۆ لەندەهۆرەکان زەحمەت بوو بەناو ئەو دەلاقەیەدا بچنە ژوورەوە. ئەوە بوو پلانێکیان دارشت و خستیانە بەردەم گەنجەکە و پێیان گوت:

– تۆ دەبێ بەم کەوانەتا تیرێک لە سەگەکە بدەی، ئینجا بەرزت دەکەینەوە بۆ ئاستی ئەو دەلاقەیە و بەناو دەلاقەکەدا شۆڕت دەکەینەوە ژوورێ، چونکە تۆ لاواز و بچووکی و بە دەلاقەکەوە دەچی. خەڵکی کۆشکەکە ئێستا هەموویان لە خەودان چونکە سەگەکە نەماوە بە خەبەریان بێنێ. ئیتر دەتوانی بە کاوەخۆ، بە وردی تەماشای هەموو کون و قوژبنێکی بکەی. چیت دیت وەرە بۆمان بگێڕەوە و یارمەتیمان بدە بۆ ئەوەی یەک لە دوای یەک بە دەلاقەکەدا بچینە ژوورەوە. لەسەر ئەم پلانە ڕێک کەوتن و گەنجەکە وەکوو نیشانە شکێنێکی دەست ڕاست نیشانەی لە سەگە ڕەشەکە گرت کە دەمی کردبووەوە بۆ ئەوەی بحەپێ و تیرێکی لە دوڕ دەمی دا. لەندەهۆری دوازدەمین وەکوو گوێزێک بە سووکی گەنجەکەی تا کەرخی دەلاقەکە بڵند کرد. گەنجەکە بە ئاسانی بە دەلاقەکەدا چووە ژوورەوە چونکە لاواز و بچکۆڵە بوو. بەناو کۆشکەکەدا گەڕا. کۆشکەکە یەک چیا زێڕی تێدا بوو، بەڵام ئەو هیچ دەستی لێ نەدا، چونکە دەیەویست پێ بکەوێ داخۆ کەسی زیندووی تێدایە، یان نا؟ بۆ ئەوەی لەندەهۆرەکانیان لێ بپارێزێ. زۆر گەڕا، کەسی نەکەوتە بەرچاو تا گەیشتە ژوورێک شەش خزمەتکاری تێدا ڕاکشا بوو. بە کپ و ئارامی لەوێ تێپەڕی، چووە ژووری دووەم، شەش قەرەواشی تێدا بوو وەکوو جورجە کوێرە کەوتبوونە خەو. چووە ژووری سێیەم، هۆڵێکی زۆر گەورە و جوان بوو. مێزێکی زێڕی لە ناوەڕاست بوو، بادە شەرابێکی لەسەر بوو. چوار پایەکی زێڕ لە بەرامبەر مێزەکە بوو، شیرێکی زێڕ بە دیوارەوە هەڵواسرا بو و، شۆڕ ببووە سەر چوار پاکە. کچێک لەسەر چوار پاکە ڕاکشا بوو. ئەوەندە جوان بوو، نە بکەی نە بخۆی هەر تەماشای بکەی!!.

شیرە زێڕەکە یەکەم شت بوو سەرنجی گەنجەکەی ڕاکێشا و دڵێ لێ سەند. ویستی لە دیواری بکاتەوە و بیبا، بەڵام پێی نەجوولایەوە. بۆ جاری دووەم هەوڵێ دا، دیسان سوودی نەبوو. لە دڵی خۆی دا گوتی:

– باشە، ئەمە بادەشەرابە، دەیخۆمەوە و هێز و تاقەتم پێ دەبەخشێ!

کە بادە شەرابەی هەڵدا، هەستی کرد هێز و گوڕی سەد گەنجی لێ وەرگرت. گەڕایەوە

شیره زێڕەکەی وەکوو پەڕێکی سووک زۆر بە ئاسانی لە دیوار کردەوە و لە کەمەری خۆی بەست و گوتی:

– ئینجا دەتوانم ئیشی بۆ بکەم!

چۆن بە ئارامی هات، ئاوها تا لای دەلاقەکە بە ئارامی رۆیشت. لەندەهۆرەکان لەوێ چاوەڕێیان دەکرد، پێی گوتن:

– هەموو شتێ ئاسایی بو و، زۆر بە رێک و پێکی رۆیشت. زێڕ لەناو ئەم کۆشکە ئەوەندە زۆرە دەڵێی (کا)یە. هەموو خەڵکەکە وەکوو جورجە کوێرە کەوتوونەتە خەو. بڕۆن چیتان دەوێ، بیهێنن!

لەندەهۆرەکان یەک لە دوای یەک لە دەلاقە کەوانییەکە چوونە ژوورەوە، بەڵام گەنجەکە خۆی لێ دانووساندبوون، هەر یەکە دەگەیشتە لای، زۆر بە ئاسانی شیرێکی لە ملی دەدا و سەری پەل دەدا. ئەی شەرابەکە هێزی سەد گەنجی پێ نەدابوو؟ کە سەری دوا کەسی پەل دا، کۆشکەکە ژیانی تێدا زیندوو بووەوە. دەتگوت هەزار کەس لە یەک کاتدا لە خەو هەستاون. بوو بە ژاوە ژاوو هەرا و هۆریا. هەموو بە یەکەوە دەیانگوت:

– ئەوە کێ هاتۆتە ئێرە؟ کێ شەرابەکەی خواردۆتەوە؟ کێ شیرە زێڕەکەی بردووە؟

گەنجەکە، نەدەبوو هیچ خۆی تاخیر بکا، بۆ ئەوەی سەری تیا نەچێ. خۆیشمان دەزانین دەبوایە بەهۆی ئەو رێکەوتنەی لەگەڵ براکانی بەستبوویان، پەلە بکا و زوو بگەڕێتەوە. ئیتر بە دەلاقە کەوانییەکەدا هەڵات و رایکرد بۆ لای ئەو ئاگرەی لەندەهۆرەکان کردبوویانەوە. لە بای غارێ پری دایە سەرە بزۆتێک و بە پەلە رۆیشت تا گەیشتە ئەو شوێنەی (شەو) و (رۆگار)ی لێ بەستبووەوە. (شەو) و (رۆژگار) بە جوێنان تێی بەربوون. گوتیان: ئەم ماوە دوور و درێژە خۆت لە کوێ شاردبووەوە. ئەی نازانی ئەگەر ئیش وا بڕوا و ئەوان هەر وا بە بەندی بمێننەوە، رەوتی ژیان دەشێوێ و تێک دەچێ!!

ئەویش پێی گوتن:

– ئێوە هەقتان نەبێ. بەم قسانە وڕ و کاسم مەکەن! هەموو شتێ وەکوو خۆی لێ دەکەمەوە.

گەنجەکە (شەو) و (رۆژگار)ی لە درەختەکە کردەوە. (شەو) رووی کردە لایەک و (رۆژگار) رووی کردە لایەکی تر. گەنجەکە هاواری کرد:

– بڕۆن لەبەر چاوم بزر بن، جارێکی تر نەتانبینم!

ئیتر کەوتە شوێن (شەو) کە بە پەلە پرووزێ دەرۆیشت. تا گەیشتەوە لای ئاگردانی

خۆیان هەر وەخت بوو پەڕی ڕۆژ دەربکەوێ. دوو براکەی هێشتا هەر لە خەودا بوون. شەو بایی ئەوە ما بوو ئاگرێک بکاتەوە. هەر زوو ئاگرێکی کردەوە و بڵێسەی ئاگرەکە بەرزبووەوە ئاسمان. ئەوسا براکانی بە خەبەر هێنا. براکانی لە خەودا رابوون و گوتیان:

– پەککو ئەم شەو شەوێکی چەند درێژ بوو!! هەر تەواو نەدەبوو!! زۆر لە شەوی ئاسایی درێژتر بوو.

وەڵامی دانەوە:

– ئێوە ئەم شەوەتان چەند بەلاوە درێژ بوو، بەلای منەوە لەوەش درێژتر بوو.

بەگوێرەی ڕێکەوتنی بەینی خۆیان، لەوە زیاتری نەگوت. دوو براکە گومانیان پەیدا کرد دەبێ شتێکی نائاسایی رووی دابێ چونکە شیرە زێڕەکەیان دی لەبەر کەمەری برایان دەبریقایەوە.

براکان دواجار ڕێگایەکیان دیتەوە بۆ ئەوەی لە لێڕەکە دەربچن. ڕێگای ماڵەوەیان گرتە بەر. برای بچووک هەستی کرد دوو براکەی پەلەیانە بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بەڵگەی توانای خۆیان پێشان بدەن کە زمانی عەزیا بو و، لە گیرفانیان دا بوو. کە گەیشتنەوە ئەو خانەی لە سەرەتای گەشتەکەیان شەوێکی تێدا مانەوە، زۆر شاد و کەیفخۆش بوون. دوو برا گەورەکە گوتیان:

– با ئەم جارەش لابدەینە ئەم خانە.

برای بچووک وەڵامی دانەوە:

– لادەدەین، با لابدەین! ئەم خانە بۆ ڕێبواران کراوە و پاشا هەموو شتێکی بە خۆڕایی بۆ میوانان دابین کردووە.

براکان شەرابیان خواردەوە و مەست بوون. پێش هەموویان برای گەورە زاری کردەوە و گوتی:

– ڕاستی، ئەم سەفەرەی من خۆڕا نەبوو. خۆتان دەزانن شەوی یەکەم من نۆبەتم گرت. کە نۆبەتم گرت لەنشکەوە عەزیایەکی سێ سەرم بۆ هات. بەلای ئێوە چم کردبێ باشە!! کاتی خۆی بۆم باس نەکردن، چونکە بڕیارمان وا بوو ڕووداوی شەو هەرچی هەبێ باس نەکەین! دەستم دایە شیرەکەم و لە عەزیاکە ڕاپەڕیم و کوشتم. ئەوەتاش هەر سێ زمانەکانی. زمانەکانی لە گیرفانی دەرهێنا و لەسەر مێزی دانا.

برای ناوەنجی گوتی:

– چ؟ چ؟ تەنیا سێ زمان؟! من شەش زمانم پێیە.
هەر شەش زمانەکەی لەسەر مێز دانا.
ئاخیری برای گچکە گوتی:
– مادام ئێوە خۆتان بەسەرهاتی خۆتان ئاشکرا کرد، لێتان دەبوورم بەڵام لە ئێستاوە ئەو ڕێکەوتنە هەڵوەشایەوە کە خۆتان بڕیارتان لەسەر دا و هەر خۆشتان بە زمانی خۆتان شکاندتان. مادام وای لێ هات ئێستا گوێ لە بەسەرهاتی من بگرن:
– فەرموون، ئەمە دوازدە زمانی عەزیا.
دوازدە زمانەکەی لەسەر مێز دانا و گوتی:
– فەرموون، ئەمەش شیری زێڕ.
شیرە زێڕەکەی لە هەوادا بادا.
دوو براکەی لێیان پرسی:
– ئەم شیرە زێڕەت چۆن پەیدا کرد؟
– بۆچی بۆتان بگێڕمەوە؟ ئێوە هەریەکەتان باسی بەسەرهاتی خۆتان کرد لەگەڵ عەزیاکە، کە کوشتتان و زمانەکانتان هێنا. منیش بەرامبەر بەمە باسی بەسەرهاتی خۆم بۆ کردن لەگەڵ عەزیاکە. چۆن کوشتم و دوازدە زمانەکەم هێنا. بەڵام مەسەلەی شیرەکە چیرۆکێکی ترە.
ئینجا بۆی گێڕانەوە ئەو شەوە چی بەسەرهات؟ کە بەلای ئەوان و بەلای ئەمیشەوە شەوێکی زۆر درێژ بوو. لە شەوی ئاسایی درێژتر بوو.
کە لە قسەکانی بووەوە، چەند عارەبانەیەکی زێڕی کۆڕەوی شاهانە، بە هەرا و غەڵبە غەڵب لەبەردەم خانەکە راوەستان. پاشا بەخۆ و بە کچەوە لەناو عارەبانەی یەکەم دانیشتبوو. عارەبانەکانی تریش دەست و پێوەندەکانی دەرباریان تێدا بوو.
سێ براکە، کە چاویان بەم بەزم و هەرایە کەوت، پرسیان:
– ئەوە چ بووە؟
خاوەنی خانەکە هیچ دەنگی نەکرد. چونکە رایانسپارد بوو ئەگەر ڕێبوارێک هاتە خانەکە شیرێکی زێڕی پێ بوو، یەکسەر پاشا ئاگادار بکاتەوە. ئەویش وای کرد. کە ئەم سێ برایە لایان دایە خانەکە و دیتی یەکێکیان شیرێکی زێڕی پێیە، خێرا خزمەتکارەکەی رەوانەی کۆشکی پاشا کرد و پاشای ئاگادار کردەوە.
برای بچووک سەرنجێکی خێرای لە شازادە خانم دا، یەکسەر ناسییەوە. ئەو کچە بوو کە

لەسەر چوار پاکە و لەژێر شیرە زێڕەکە راکشا بوو. هەر واقی وڕما، نەیزانی ئەمە بە چ لێک بداتەوە کە ئێستا وا لە تەک پاشا دانیشتووە.

پاشا چووە ناو خانەکە و بە راشکاوی لە برا بچووکەکەی پرسی:

– ئەوە تۆ بووی، نەختێ پێش ئێستا ئەم شیرەت لە هەوا بادا. راستی بڵێ، چونکە لە کۆشک و سەراوە دیمان کە شیرەکە درەوشایەوە.

گەنجەکە زۆر ئازایانە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ من بووم. ئەمەش شیرەکەیە.

پاشا گوتی:

– باشە، تۆ ئەم شیرەت لە کوێ بوو؟

–بە ئاسانی دەستم کەوت.

کوڕە هەموو بەسەرهاتەکەی ورد و باریک بۆ پاشا گێڕایەوە.

پاشا گوتی:

– قسەکەت تەواو لەگەڵ بەسەرهاتەکە یەک دەگرێتەوە. بەڵام دەمەوێ بزانم تۆ خۆت ئەو پیاوەی کە ئەم ئیشەی کردووە، یان بە رێگایەکی گەندەڵ ئەم شیرەت پەیدا کردووە؟ ئێستا بۆمان دەردەکەوێ.

بێ شک تۆ دەبێ نیشانە شکێنێکی دەست راست بیت، چونکە بە شەو، تیرت لە دەمی سەگە رەشەکە داوە. وەرە پێشەوە، قسەی خۆت بسەلمێنە.

ئەو تۆپە زێڕەی سەر کۆشکی من دەبینی، ئەگەر بتوانی تیرێکی لێ بدەیت و بەری دەیتەوە، دیارە تۆ ئەو کەسەی کە ئێمە بە دوایدا دەگەڕێین.

لەناو خانەکە چوونە دەرەوە. هەموو بە پەرۆشی تەماشایان دەکرد. نیشانەشکێنی دەست راست تیر و کەوانی دامەزراند و تیرێکی هاویشت، یەکسەر نیشانەکەی پێکا و تۆپە زێڕەکەی سەر بورجی کۆشکی پاشا بزر بوو.

ئەو حەلە، پاشا دەستی گەنجەکەی گرت و پێی گوت:

– تۆ رزگارکەری کچی منیت و لەمەولا دەبی بە کوڕی خۆم.

ئەوسا دوعای بۆ کوڕە و کچە کرد و نیوەی وڵاتی خۆی پێ بەخشین لەگەڵ ئەو کۆشکەی کە لەوساوە جادووی لەسەر رەوییەوە.

کە پاشا مرد، گەنجە نیشانە شکێنەکە بوو بە پاشای سەرانسەری وڵات. دەیزانی چۆن بە تیر و کەوان و شیرە زێڕە نەبەزیوەکەی بەرگری لە وڵاتی خۆی بکات و لە

دوژمنان بیپارێزێ.

هەموو لایەک کەوتنە خۆشی و بەختەوەری: خزم و کەس و کار و برا و هەموو شۆڕە سوار و پیاوی مێر خاس و خاوەن ویژدانێک.

*　*　*

# ٣١ - مێرە مى ڵێیێن



**هەبوو نەبوو،**

**کابرایەک هەبوو، ژنەکەی عەمری خوای کرد و کچێکی تاقانەی لەپاش بەجێ ما. کچەکە زۆر جار دەچووە ماڵی کچە دراوسێکەیان: خەڕەکی دەڕست و هەر ئیشێکی تری بە کچۆڵەیەکی وەکوو ئەو بکرایە، دەیکرد. کچە دراوسێکە دەستە خوشکێکی زۆر باش و دڵسۆزی بوو. بە خۆ و بە دایکی لە ماڵەوە دەژیان.**

**کچە زۆر گوێی بەو قسانە نەدەدا کە هەموو عالەم بە مسۆگەری دەیانگوت دایکی دەستە خوشکەکەی ژنێکی جادووکەرە. باوەڕی نەدەکرد، چونکە ژنەکە زۆر لەگەڵیا نەرم و میهرەبان بوو. وەکوو کچەکەی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. ئەگەر کولیچە یان شتێکی وای دروست بکردایە، بەشی هەردوو کچەکەی وەکوو یەک دەدا. بۆیە کچۆڵەکەمان ئەو ژنەی وەکوو دایکی خۆی خۆشدەویست.**

**رۆژێکیان، کچەکە هەر وەکوو جاران چووە لای دەستە خوشکەکەی. لەگەڵیا لەسەر چەرخی خەڕەک دانیشت و بە یەکەوە دەستیان بە ئیش کرد. ژنەی جادووکەر هات و بە گاڵتەوە پێی گوتن:**

**- کچەکانم گوێم لێ بگرن! ئایا ئێوە حەز دەکەن بەیەکەوە لە یەک ماڵ دا بژین و هەمیشە وەکوو دوو خوشکی تەبا بە یەکەوە بن!؟ کچە دراوسێی ئازیز! کە چوویتەوە بە باوکت بڵێ لە ماڵەوە، لەچی کەمە و پێشنیاری بۆ بکە ئەو کەم و کورتییەی ماڵەوە پڕ بکاتەوە. با بۆ خۆی ژن بێنێ. ئەمە بۆ هەردووکتان باشترە.**

**کچەی دراوسێ هیچ قسەی نەکرد، بەڵام بیری کردەوە بۆی هەیە ئەمە بەراستی شتی چاک بێ. جا کە چووەوە ماڵێ، بە باوکی گوت:**

**- باوکە، وا چاکە تۆ ژن بێنی، لە ماڵەوە یارمەتیت دەدا و منی هەتیویش بۆ خۆم دایکێکم دەبێ. باوکە، پێم بڕوا بکە زۆر حەز دەکەم باوەژنێکی نەرم و دڵسۆز و میهرەبانم هەبێ. زەماوەند لەگەڵ ژنە دراوسێکەمان بکە. زۆر لەگەڵ من نەرم و باش و میهرەبانە.**

**باوکە وەڵامی دایەوە:**

**- رۆڵە! دەر و دراوسێ بە مسۆگەری دەڵێن ئەمە ژنێکی جادووکەرە. ئایا جادووکەر**

قەت دەبێتە باوەژنی باش؟

– باوکە! تۆ زەماوەندی لەگەڵ بکە، گومانم نییە بە چاکی لەگەڵم دەجووڵێتەوە! ئەی ئەوە نییە ئەو خەڵکە قسە و قسەلۆک هەڵدەبەستن و هیچیش راست نییە؟!

کچە ماوەیەکی زۆر بەبەر باوکی داکەوت و دنەی دا تا ئاخیری باوکە بە قسەی کرد و بێوەژنە دراوسێکەی هێنا.

بەڵام ئەی دوای ئەوە چی بوو؟:

هەر هێندە مارەیی برِا و زەماوەند کرا و هەموو شت تەواو بوو، باوەژن کەوتە خراپە و رکابەریی لەگەڵ زرِ کچەکەی. هەر ناگوترێ چەند بە خراپی و بەرەقی لەگەڵ ئەم کچە بەدبەختە دەجوولایەوە. هەموو ئیشی ماڵەوەی بەو کچە بەسەزمانە دەکرد و لە سبەینێ هەتا ئێوارێ دەیرِەتاند. کەمێکی کەم خواردنی خراپی دەدایێ و بۆ جل و بەرگیش، کۆنە جلی کچی خۆی دەدایێ لەبەری بکا. کەچی ژنەی جادووکەر هیچ بە خراپی لەگەڵ کچەکەی خۆی نەدەجووڵایەوە. کچەکەی بە خشڵ و زێوەر و جلی رەنگا و رەنگەوە وەکوو تاوس بە لەنجە و لار دەهات و دەچوو. هەمیشە هەر خەریکی کولیچە و شیرناتی و خواردن بوو. بە هەموو دەمێ گیرفانی پرِ نوقڵ بوو. نەک هەر ئەوە بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ دەستە خوشکە کۆنەکەیشی گۆرِا بوو. وەکوو جاران لەگەڵیا دۆست و هاورِێی دڵسۆز و وەفادار نەبوو. لەم بارەیەوە هیچی لە دایکی باشتر نەبوو. کاتێ کچە بەخت رەشەکە ئیشی سەخت و ناخۆشی ماڵەوەی دەکرد، ئەم دەهاتە دیاری و گاڵتەی پێ دەکرد. خۆی رادەنا کە جوانترین جلی لەبەرە و باشترین خشڵی بە خۆوە کردووە و تێر و پرِ خواردنی خۆش و بەتامی خواردووە، دەیگوت:

– کچەکە، سەیرکە من جلی چەند جوانم لەبەرە. سەیری خۆشت بکە جلەکانت هەموو کۆن و درِاون. تەماشاکەن نوقڵی چەند خۆش و بەتام دەخۆم. بشمری دنکەکەت نادەمێ!

کچەی کلۆڵ و بەدبەخت هەرگیزا و هەرگیز ئەم جۆرە مامەڵەیەی لە دەستە خوشکەکەی رەچاو نەدەکرد. ئای لەو کچە سێوی و بەخت رەشە!! وەخت بوو دڵی لە خەفەتان بتەقێ. ئیتر هەر ئەوەندەی پێ دەکرا بگری و بناورێتەوە بۆ ئەوەی نەختێ خەمی دڵی بە با بدا. هەموو جارێ دەچووە سەر کانی، دادەنیشت و گلەیی لە بەختی خۆی دەکرد.

رۆژێکیان، لەسەر کانی دانیشتبوو دەگریا، باوکی چاوی پێ کەوت، هات، گوتی:

– رۆڵە دیتت؟ نەمگوت ئەم ژنە قەت نابێ بە باوەژنێکی باش! ئێستا ئەوە بە چاوی خۆت دیتت و دەبێ بەرگەی ئەم هەموو ئەزیەت و بەدکارییەی بگری.
– ئاخ، باوکە! قسەی تۆ بوو! بەڵام من قەت بڕوام نەدەکرد ئیشەکە وای لێ بێ! ئێستا دەمەوێ بە رەنجی شانی خۆم، خۆم بەڕێوە ببەم. سەر هەڵدەگرم و دەکەومە ناو ئەم دونیایە، بۆ ئەوەی ئیشێک لە شوێنێک بدۆزمەوە.
باوکە وەڵامی دایەوە:
– چت دەوێ و چۆنت پێ باشە وا بکە!
کچە داوای لە زڕ دایکی کرد توێشە و پێویستی سەفەری بۆ ئامادە بکا. دایکی بە تووڕەیی پێی گوت: بای خۆت جل و بەرگت لەبەرە، دوو دەستی ساغیشت هەیە، بۆ خۆت ئیش بکە و خۆت بژیێنە! لەوە زیاتر چت دەوێ؟!
باوەژن، تەنیا ئەو جلە کۆن و شڕ و وڕەی دایە کە ئەو کاتە لەبەری بوو، هەندێ کولیچەی سووتاویشی لەناو مشکیی ئاگردان هێنایە دەرێ و دایە.
کچەی بەسەزمان و هەش بەسەر سەری هەڵگرت و رۆیشت. چاوی کەوتە سەر چ لایەک چووە ئەو لایە. هەر رۆیشت رۆیشت تا گەیشتە پردێکی داری بچووک لەسەر جۆگایەک کرابوو. کچە بە پردەکەی گوت:
– بەیانی باش، پردی ئازیز!
– بەیانی باش، کچی ئازیز! پێم بڵێ لە کوێوە دێی؟
– لەماڵەوە دێم. بە دوای ئیشێکدا دەگەڕێم.
پردەکە گوتی:
– تکایە وەرمگێڕە... وەرمگێڕە سەر لاکەی تر. ئەوە چەند ساڵە خەڵک لەسەر یەک لام دەپەڕنەوە. کەس بیری لەوە نەکردۆتەوە وەرمبگێڕێتە سەر لاکەی تر. تکایە تۆ ئەمەم لەگەڵ بکە، ئەم چاکەیەت دەدەمەوە.
کچەکە داوای پردەکەی جێ بەجێ کرد و لە رۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو. دوای ماوەیەک گەیشتە سەگێکی بچکۆڵە هەموو گیانی ئەسپێ بوو. کچەکە پێی گوت:
– بەیانی باش سەگی بچکۆڵە!
– بەیانی باش، کچۆڵەی ئازیز! پێم بڵێ ئەوە دەچیتە کوێ؟
– لە ماڵەوە دێم و بە دوای ئیشێکدا دەگەڕێم.
سەگەکە گوتی:

- ئاخ ئازیزەکەم، ئەسپێ هەموو گیانی داگرتووم. زۆر کەس بێرەدا رابردووە و کەس بیری لەوە نەکردۆتەوە رەحمێکم پێ بکا و لەو ئەسپێیانە رزگارم بکا. تکایە تۆ لەو ئەسپێیانە پاکم بکەوە. رۆژێ دێ و ئەو چاکەیەت دەدەمەوە.
کچەکە زۆر بە وردی سەرکەکەی رۆنی و ئەسپێکانی لێ کوشت و کە تەواو بوو لە رۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو. رۆیشت تا گەیشتە دار کرۆسکێک.
بە دارکرۆسکەکەی گوت:
- بەیانی باش، دار کرۆسکی ئازیز!
- بەیانی باش، کچی ئازیز! پێم بڵێ دەچیتە کوێ؟
- لەماڵەوە هاتووم و بە دوای ئیشێکدا دەگەڕێم.
درەختەکە داوای لێکرد، گوتی:
- تکایە کرۆسکەکانم بتەکێنە... بیانتەکێنە. تاقەتی هەڵگرتنی ئەم کرۆسکانەم نەماوە. تا ئێستا کەس بیری نەکردۆتەوە، لەو بار گرانییە رزگارم بکا. رۆژێ دێ ئەو چاکەیەت دەدەمەوە.
کچە دارکرۆسکەکەی راهەژاند و هەموو چلەکان رووت بوونەوە و هیچ بەریان پێوە نەما.
کچە ملی رێی خۆی گرت و رۆیشت. دیتی جوانەگایەک لەناو مێرگێکی سەوز دەلەوەڕا.
بە جوانەگاکەی گوت:
- رۆژ باش، جوانەگای ئازیز!
- رۆژ باش، کچی ئازیز! پێم بڵێ ئەوە دەچیتە کوێ؟
- لە ماڵەوە دێم و بە دوای ئیشێکدا دەگەڕێم.
جوانەگاکە لێی پاڕایەوە:
- تکایە لەم مێرگە بمبە دەرەوە. چەند ساڵە لێرە دەلەوەڕێم، کەس ئاوڕێکم لێ ناداتەوە. رۆژێ دێ ئەو چاکەیەت دەدەمەوە.
کچە جوانەگاکەی لە مێرگەکە بردە دەرەوە و خێرا ملی رێی خۆی گرت و رۆیشت.
رۆیشت تا گەیشتە ئاگردانێک ئاگری تێدا دەسووتا. پێی گوت:
- بەیانی باش، ئاگردانی ئازیز!
- بەیانی باش، کچی ئازیز! ئەوە دەچیتە کوێ؟
-لە ماڵەوە دێم و بە دوای ئیشێکدا دەگەڕێم.

– تکایە ئەم ئاگرە لە هەناوم دەربێنە. ئەوە چەند ساڵە لەناو هەناوم دەسووتێ و کەس نەبوو رزگارم بکا. رۆژێ دێ ئەو چاکەیەت دەدەمەوە.

ماشەیەک لەبەر ئاگردان بوو. کچە دەستی دایە ماشەکە و ئاگرەکەی پێ لەناو ئاگردانەکە هێنایە دەرەوە. ئەوسا دووبارە کەوتە رێ. پەلەی کرد چونکە کاتێکی زۆری بەم ئیشانە رۆیشت. ئاخیری گەیشتە لێرێکی گەورە. بە رێچکەی و توولە رێی پڕ گیا و گوڵ دا داکشایە ناو جەرگەی لێرەکە. تووشی هیچ بنیادەمێک نەهات. وردە وردە لێرەکە تەنک بو و، کرایەوە. کچە خانوویەکی بچووکی دی. چووە ژوورەوە، تەنیا پیرەژنێکی تێدا بوو دەق لە ژنە جادووکەری دەکرد، پێی گوت:

–رۆژباش، خانم!

– باشتر، کچی ئازیزم! پێم بڵێ لە کوێوە دێی؟ و چۆن وێڵ بووی؟

– لەماڵەوە دێم و بە دوای ئیشێکدا دەگەرێم. حەزدەکەم ئێوە خزمەتێکم پێ بسپێرن!

– هەڵبەت... هەڵبەت! بە خزمەتکار قبووڵت دەکەم. سەیرکە... لە ئێستاوە ئیشت تەنیا ماڵین و پاک کردنەوەی ئەم یازدە ژوورەیە. ئەمەش هەموو رۆژێ بە ئاسانی دەکرێ. بەڵام نابێ بچیتە ناو ژووری دوازدەم.

کچەکە گوتی:

– ئەمر ئەمری تۆیە. هەرچی تۆ بڵێی وا دەبێ.

نەختێ ماندووی خۆی ساندەوە و کفت و شەکەتیی سەفەری لە لەش دەکرد. ئەوجا خۆی لە ئیش هەڵکرد. هەر یازدە ژووری گەسک دا. هەموو رۆژێ ژوورەکانی دەماڵی. بێ ئەوەی هیچ بیر لەوە بکاتەوە سەرنجێک لە ژووری دوازدەم بدا، بەڵام پاش ماوەیەک بیری کردەوە ئەمە چ نهێنییەکی تێدایە و بۆچی روخسەت نییە بچێتە ئەو ژوورە! زۆر بیری کردەوە داخۆ دەبێ چی تێدا بێ، بەڵام نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک. ئاخیری بڕیاری دا سەرێک بە ژوورەکە دا بگرێ.

رۆێکیان، ژنەی جادووکەر چوو گیا بکا. کچە دەرفەتی بۆ رەخسا. دڵنیا بوو ژنەی جادووکەر بۆ ماوەیەکی زۆر دوور کەوتۆتەوە. گەسکەکەی فرێ دایە قوژبنێک و بە وریایی چووە لای دەرگای ژووری دوازدەم. یەک درزی کردەوە و تەنیا سەرنجێکی لە ژوورەوە دا. ژوورەکە سێ بەرمیلی تێدا بوو. بیری کردەوە:

(دەبێ ئەم بەرمیلانە چییان تێدا بێ؟)

نەختێ دەرگای کردەوە، دیتی: بەرمیلی یەکەم قورقوشمی تێدا بوو، بەرمیلی دووەم زیوی تێدا بوو بەرمیلی سێیەم زێڕی تێدا بوو. جلەوی خۆی پێ بەرزەفت نەبوو. دەنگێک لە ناخەوە دنەی دا. خۆی هەڵدایە ناو بەرمیلە زێڕەکە. خۆی تێ وەردا و هاتە دەرەوە. لە تەوقی سەری تا بنی پێی بوو بە زێڕ. گوتی:

– باشە... ئێستا بە لانی کەمەوە یادگارێکم هەیە.

بێ گومان کچە دڵنیا بوو تازە ئیتر ناتوانێ لای ژنەی جادووکەر بمێنێتەوە. هەڵات و تا لنگی لە دوو هات و شەنگی لەبەر دا بوو رایکرد. ژنەی جادووکەر هاتەوە. دیتی ژوورەکان پاک نەکراونەتەوە و دەرگای ژووری دوازدەم واڵایە و زێڕ بەناو هەموو ژوورەکان وەربووە. یەکسەر زانی وەختیەتی بکەوێتە خۆی! دەستی دایە شانەیەکی پۆڵا و بە هەردوو دەستان گەسکێکی گرت و هەیپەی لێکرد کەوتە شوێن کچەکە. خەریک بوو لە نزیک ئاگردانەکە بیگاتێ، بەڵام ئاگردانەکە فریای کچە کەوت. کە هات بیگاتێ و بیگرێ، ئاگردانەکە تەقی و پارچە پارچە بوو. ئاگری بۆ ژنە جادووکەرەکە هاویشت. بەمەوە کچە دەرفەتی راکردنی بۆ رەخسا. ژنەی جادووکەر گەسکەکەی سووتا و بوو بە خۆڵەمێش و خۆیشی لە گەرمان لە هۆش خۆی چوو. هەستی کرد هەموو گیانی بوو بە شەباقە برینی گەورە. ئیتر کچەکە توانی ماوەیەکی باش رێگا ببڕێ.

دوای ئەوە ژنەی جادووکەر ناچار بوو بە سواری ئەسپ کەوتە شوێنی کچەکە، بەڵام کچەکە گەیشتە جوانەگاکە. کە ژنەی جادووکەر کچەی دی لەوێ وەستاوە، لە ئەسپەکەی دابەزی و بە تووڕەیی قیژاندی:

– هەی تووک و نەفرەتت لێ بارێ! نەختێ بوەستە بزانە چۆن بەم شانەیە زێڕ لە لەشت دەپچڕمەوە!

جوانەگاکە فریای کچە کەوت. سەری نەوی کرد و قۆچی بۆ پێشەوە درێژ کرد و پەلاماری ژنەی دا. ژنە رایکرد و نەگەڕایەوە. کچەش هەڵات و ماوەیەکی زۆری بڕی بەڵام ژنەی جادووکەر لە نزیک دار کرۆسکەکە گەیشتە کچە. دار کرۆسکەکە خۆی بەسەر ژنەی جادووکەردا بەردایەوە، وەخت بوو پانی کاتەوە. تا بە نیخە نیخ خۆی لەبن گەڵا و چلی درەختەکە دەرهێنا کچە نزیک بوو بگاتە لای سەگەکە. ژنەی جادووکەر دیسان خۆی گەیاندێ و کچەکە هاواری کرد و گوتی:

– سەگە بچکۆڵەکە فریام کەوە!

هاوارەکە لە کاتی خۆی هات. ژنەی جادووکەر خەریک بوو نزیک دەکەوتەوە سەگەکەش

گورج و گۆڵ و سایەوە بوو. پەلاماری قاچەکانی ژنەی جادووکەری دا و چرپۆکی لێ گیر کرد و قەپی لێ دا. کچەکە دەرفەتی وەرگرت. خێرا هەڵات و گەیشتە لای پردەکە. کە لە پردەوە پەڕییەوە ئەوبەر، ژنەی جادووکەر بە پەلە، بە دووی دا رایکرد، بەڵام هەر هێندە پێی لەسەر پردەکە دانا، پردەکە سەراو ژێر بوو. ژنەی جادووکەر سەرەنگرێ بوو، تا گوێچکەی نوقمی ناو ئاوی رووبارەکە بوو. خەریک بوو بخنکێ. هەر هاواری دەکرد:

– هەی هیچ و پووچ! بەختت هەبوو. ئەم شانەیە دەبینی! ئەگەر بکەوتایە بەردەستم بەم شانەیە زیوار بە زیوارم دەکردی.

بەڵام جوێن و قیژە قیژ دادی نەدا. ئاو بردی و دەنگ و سەدای بڕی. کچە زێڕینەکەی خۆیشمان بە سەلامەتی و بەختەوەری گەیشتەوە ماڵێ. کە چووە ناو باخچە، کەڵەشێر لەسەر بانی کادین دەستی بە بانگ و گۆرانی کرد:

[– قوو ققوو قوو قوو... ئەوەتا مێرەمی زێڕین.

– قوو ققوو قوو قوو... بەراستی جوان بووە!]

کچە، لە ترسی باوەژنی نەیوێرا بچێتەوە ماڵی. چووە سەر ئەو کانییەی کاتی خۆی دەچوو لەوێ دەگریا. ورەی تەواو رووخا بوو. کچی ژنەی جادووکەر چاوی پێکەوت، بە پەلە رایکرد بۆ لای دایکی و پێی گوت:

– دایکە، سەیرکە! مێرەم لە ئیش هاتۆتەوە، هەموو گیانی زێڕی خورڕ و سافە!

– ئەم قسە قۆڕانە چییە دەیکەی؟

– با... با... دایکە. وا لەسەر کانی دانیشتووە.

دایکە یەکسەر چوو. بە دووفاقی خۆی بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی کرد و هێنایەوە ماڵێ. لێی پرسی چووبووە کوێ و چی بەسەر هات؟ بۆ ئەوەی کچەکەی خۆیشی رەوانە بکا و ئەوەندە زێڕە پەیدا بکا.

کە، کچە چووە ژوورەوە، هەموو گیانی لەبەر تیشکی رۆژ دەبریقایەوە. باوەژن ویستی دەسخەڕۆی بکا، لە هەموو لایەکەوە لێی ورد بووەوە. پیرۆزبایی لێ کرد. کەچی سەرکۆنەی کچی خۆی کرد و جوێنی پێدا و گوتی:

– ئیش ئاوها دەبێ، کچم! تۆ هەر ئەوەندە دەزانی بە دەوری ئاگردان دا بگەڕێی و بسووڕێی. تۆ خۆت کچێکی زیرەک و وریای، ئەگەر بتەوێ تۆیش دەتوانی لە ماڵەوە دەربچی و شتی ئاوها پەیدا بکەی!

کچەکە بە ئاخ و ئۆفەوە گوتی:

- بەڵێ... بەڵێ... مسۆگەرت بێ دەچم! بەڵام دەبێ ئەمە رێ و جێیەکەم پێ بڵێ!
کچەکە بە وردی رێگاکەی بۆ باس کرد: بە کوێ دا بچێ و لە رێگا چی دێتە پێش. ئەوسا دایکی تەدارەکی سەفەری بۆ رێک خست، بەڵام نەک وەکوو تەدارەکی کچە سێوی و کلۆڵەکە. خۆشترین کولیچەی بۆ دروست کرد و نوێترین و بە بریق و باقترین جلی کردە بەر و تا ماوەیەکیش لەگەڵیا چو و بەرێی کرد، تەنانەت بوخچەکەشی بۆ هەڵگرت.

کچەکە ملی رێی گرت و رۆیشت. بە سەر قیتی و بە ناز و فیز دەرۆیشت. دەچوو ئیشێک پەیدا بکا و برە زێرێک بێنێتەوە. بەم جۆرە دەرۆیشت، گەیشتە پردە بچووکەکە. هیچی نەگوت و سڵاوی لە پردەکە نەکرد. پردەکە لێی پاڕایەوە وەری بگێڕێتە سەر لاکەی تر، چونکە دەمێکە خەڵک بەسەر ئەم لایەی دا دەڕۆن، کچە بێزاری دەربڕی و گوتی:
- من چیم داوە لە ئیشی وا؟ من شتی وا ناکەم!
دوای ئەوە گەیشتە سەگە بچووکەکە. سەگەکە داوای لێکرد پاکی بکاتەوە و بەرامبەر بەمە رۆژێ دێ ئەو چاکەیەی دەداتەوە. بەڵام کچەکە بێزی نەهات سەگەکە پاک بکاتەوە، گوایە نایەوێ دەست و پلی خۆی بە گیاندارێکی وا پیس و بێزەوەر گلاو بکا. کە گەیشتە لای دارکرۆسکەکەش، هەر خۆی تێ نەگەیاند و ئاوڕی لێ نەدایەوە. کە گەیشتە لای جوانەگاکە، خۆی لێ لادا و دوورکەوتەوە. دوای ئەوە ئاگردانەکەی دی. ئاگردانەکە پڕ بڵێسە ئاگر بوو، لە کچەکە پاڕایەوە لێ نەگەڕێ بە تەواوی بسووتێ، رۆژێ دێ بە کەڵکی دێ و یارمەتی دەدا، بەڵام کچە هیچ لای لێ نەکردەوە، دەتگوت کەڕ و لاڵە. ئاخیری، شوورەیەکی دار و خانوویەکی بچووکی دی. چووە ژوورەوە، ژنە جادووکەرەی دی لەسەر سفرە دانیشتبوو، پێی گوت:
- بەیانی باش، خانم!
- بەیانی باش، کچە بچکۆڵەکەم! پێم بڵێ لە کوێوە هاتی؟
- ئەرێ دەتوانی بە کارەکەری رامبگری؟
- بۆ راتناگرم؟ ئیشت ئەوە بێ، ئەوەتا یازدە ژوور گەسک بدە، بەڵام نزیک ژووری دوازدەم مەکەوە. یەک سەرنج لە ژووری دوازدەم بدەی، خراپت بەسەر دێ.
- باشە، خانم! رازیم، ئەم ئیشە دەکەم!
ئەوسا پاڵی دایەوە وەک ئەوەی لە ماڵی خۆی بێ. ئیشەکەیشی ناو بەناو، هەر چۆن

بوو، دەکرد. ژوورەکانی گەسک دەدا. زۆر بە پەرۆشەوە بوو تا ژنەی جادووکەر ماڵ بە تەمای ئەم جێ دێڵێ و دەڕواتە دەرەوە. بۆ ئەوەی هەلی بۆ هەڵبکەوێ و دەستی خۆی بوەشێنێ و زێڕەکە ببا.

ڕۆژێ، وا ڕێکەوت ژنەی جادووکەر چووە گیا کردن. کچە یەکسەر رایکرد بۆ ژووری دوازدەمین. کە چاوی بە زێڕەکە کەوت، بێ سێ و دوو بازی دایە ناو بەرمیلە زێڕەکە، خۆی لەناو گەوزاند، هەموو گیانی، تا قژ و جلیشی، بوو بە زێڕ.
ئیتر، بەم بریق و باقی زێڕەوە ملی ڕێگای گرت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵێ. کە ژنەی جادووکەر هاتەوە ماڵێ، دیتی زێڕ بەناو هەموو ژوورەکان وەرکراوە، قیژاندی:
– هەی پیسی خەلیسی بەدکار! پەشیمان دەبیتەوە بەڵام پەشیمانی دادت نادا.
دەستی دایە شانە ئاسنەکە و پێڵاوی ئاسنی لەپێ کرد. ئەم پێڵاوە بە یەک هەنگاو سەد فۆناغی دەبڕی.


کە کچە گەیشتە کن ئاگردانەکە، ئاگردانەکە گڕ و بڵێسەی بەسەردا کرد و نیوەی زێڕەکەی تواندەوە. چوو گەیشتە لای جوانەگاکە، ئەویش ڕێی لێگرت و پەلاماری دا. ژنەی جادووکەر گەیشتە سەری و چی زێڕی پێوە مابوو بە شانەکەی لێی پچڕییەوە و وازی لێهێنا بڕوا. کچە ڕۆیشت گەیشتە دار کرۆسکەکە، دارەکە خۆی بەسەردا بەردایەوە، تخێلی زەوی بوو، بە بن چل و گەڵای دار کرۆسکەکە کەوت. ژنەی جادووکەر جارێکی تر هاتەوە و گەیشتە سەری، نزیکەی هەر هەموو جل و بەرگی لەبەر داکەند و بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی یارمەتی دا رابکات. کچەکە بە تەنیا هات و گەیشتەوە لای سەگەکە. سەگەکە پەلاماری دا و چڕنۆکی لێ گیر کرد. ژنەی جادووکەر دیسان هاتەوە، کچەی گرت و بە شانە ئاسنەکە هەموو لەشی شانە کرد و هەمووی کردە برین. کچە هەموو گیانی خوێنی لێ دەهات. ڕۆیشت گەیشتە سەر پردە بچووکەکە. پردەکە خۆی هەژاندەوە و کچەی بەردایەوە ناو ئاوی ڕووبارەکە. ژنە جادووکەرەکە ئەم جارەش خۆی گەیاندێ و جارێکی تریش لەشی شانە کرد، هەر پێشی پێدەکەنی.

کچە نەختێ هێزو تاقەتی خۆی کۆکردەوە و لەناو ئاوەکە هاتە دەرەوە. بە لاکە لاک لنگی لە دوو خۆی ڕاکێشا. هەموو لەشی کوترا بوو، هەموو گیانی برین و خوێن و خوڕ بوو. کە گەیشتەوە ماڵێ، کەڵەبابێک لەسەر کادین بانگی دا:
[– قوو ققوو قوو قوو... ئا ئەوەتا مێرەمی ناو ڕووبار!
قوو ققوو قوو قوو... ئا ئەوەتا لەش کوترا و و بریندار]

کچە رووی نەهات و زاتی نەکرد بەم سەر و سەکووتە بچێتەوە بەردەم دایکی.
چووە سەر کانی و دەستی بە گریان کرد.
- ئای لە خۆم بەدبەختێ! چارە رەشێ! سەر بە هەشێ! هەقی خۆم وەرگرت. بەراستی شتێکی جوانم بەسەرهات. لەمەودوا چۆن رووم بێ بچمە ناو خەڵک؟!
دایکی گوێی لە دەنگی بوو. گومانی نەکرد وای بەسەرهاتووە. بە بێ ئۆقرەیی رایکرد بۆ لایەوە، هاواری کرد:
- کچە ئازیزەکەم، ئەوە هاتیتەوە؟ ئەی بۆچی خۆتم لێ دەشاریتەوە؟ چت هێناوە، بێنە پێشانم دە!
کە تەماشای کچەکەی کرد، تەنیا رووشان و برینی بینی، گوتی:
- بەمە دەڵێن خەڵات و پاداشتی باش!! برۆ لەبەرچاوم بزر بە، دەک لەگەڵ شەیتان بە نەعلەت بی!
دایگرتە بەر جوێن و تووک و نەفرەت! خەڵک گوێیان لێ بوو، هاتن لەبەردەمماڵیان کۆبوونەوە، بزانن مەسەلە چییە.
لەو رۆژەوە، دایکە نەیویست هیچ چاوی بە چارەی کچەکەی بکەوێ. ئاخیر عاجباتی رمووزن و ناشیرینی وا قەت رۆژێ لە رۆژان مێردی دەست ناکەوێ!
بەش بە حاڵی مێرەمی زێڕینیش، بۆ خۆی شووی بە گەنجێکی قۆز کرد، کە لای باوکی داخوازی کردبوو. گەنجەکە ئاهەنگی زەماوەندی گێڕا و مێرەمی گواستەوە.
بەم جۆرە، مێرەم بۆ خۆی بە تەنیا لەگەڵ مێردەکەیا بە بەختەوەری ژیا، بەبێ ئەوەی باوەژن ژیانی بکا بە دۆزەخ!

❊ ❊ ❊

# ٣٢ـ شۆڕە سوارى سەروەرى دونیا



**هەبوو نەبوو،**

پاشایەک هەبوو سێ کوڕی هەبوو. لەبەر ئەوەی پاشا خۆی پیاوێکی باش و چاکەکەر و ڕێک و پێک بوو، دەیەویست کوڕەکانی بە پیاوەتی و جوامێریی پەروەردە بکا بۆ ئەوەی بەراستی ببن بە شۆڕەسواری ڕاستەقینە.

پاشا پیاوە هەرە زانا و ناودارەکانی وڵاتەکەی کۆکردەوە بۆ ئەوەی چی شازادەکان پێویستیان بێ، فێریان بکەن، بەڵام ئەو مامۆستایانە هیچێکیان، تەنانەت هەرە زاناکەشیان، نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک. هەموویان چۆن هاتبوون، ئاوها یەک لە دوای یەک گەڕانەوە. باوکەی کلۆڵ و غەمبار ئەمەی زۆر بەلاوە ناخۆش بوو، چونکە دەترسا نەوەک کوڕەکانی بە کردەوەی خراپ و پشت کردنە زانست و زانیاری وڵات تووشی هەڵدێرێکی سەخت بکەن و هەتا هەتایە لە تێکچوون و کاولکاری نوقمی بکەن.

پاشا لەبەر ئەم بیر و غایەلانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خەو و خواردنی لێ حەرام دەبوو.

ڕۆژێکیان، ئاوها چووبووە ژێری و لەبیر کردنەوەدا نوقم ببوو، لەپڕ گرمەی هەورە تریشقەیەک هات و سەراپای کۆشکی هەژاند. پاشا چووە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانێ ئەوە چ بوو. سوارێکی دی هەموو گیانی چەک بوو. بە سواری ئەسپ لە ناوەندی حەوشە ڕاوەستا بوو. سوارەکە لە سواری ئەسپەکەی دابەزی و لە پاشا چووە پێش. ئەویش پێشوازی لێکرد و بە گەرمی بە خێری هێنا. سوارەکە نەیهێشت وەختی بە فیڕۆ بڕوا، یەکسەر پاشای تێگەیاند بۆچی هاتووە، گوتی:

– بیستوومە تۆ سێ کوڕت هەیە. تا ئێستا کەس نەیتوانیوە پەروەردەیەکی باشیان بکا. ئەگەر پێت خۆشە، یەکێکیان بە من بسپێرە، ئەگەر حەزدەکەی با بچووکەکەیان بێ، بزانین چۆنی پەروەردە دەکەم و چی لێ دروست دەکەم.

پاشا لە خەنی خۆشییان هەر وەخت بوو شێت ببێ. هیوای پەیدا کرد کە لەوانەیە کوڕەکەی شتێ لە سوارێکی وا بە کاروبار فێر ببێ. بەڵام پێی سەیر بوو بۆچی سوارەکە یەکێکی لە دوو برا گەورەکان دەست نیشان نەکرد؟ خۆ لەوانەیە ئەوان لە کوڕە بچووکەکەی بەهرەدارتر و لێوەشاوەتر بن.

بەڵام سوارەکە بە لایەوە گرنگ نەبوو هەر کام یەکێ لە کوڕەکان ببا. ئاخیری کوڕە گەورەکەی دەست نیشان کرد.

بەم جۆرە، سوارەکە و کوڕە گەورەی پاشا خواحافیزییان لە پاشا کرد. سوارەکە دەستی شازادەی گرت و بردییە حەوشە. ئەسپە زلەکەی لەوێ چاوەڕێی دەکردن. سواربوون و سوارەکە رووی کردە پاشا و قیڕاندی:

– پاشا یەک ساڵی تر بۆتی دێنمەوە!

سوارەکە رکێبی لە ئەسپەکەدا. ئەسپەکە بە یەک قەڵەمباز بەرز بووەوە ئاسمان. سەراپای کۆشک و پاشای لەگەڵ هەژا. رۆیشتن تا گەیشتنە کۆشکی سوارەکە. کۆشکەکە هەمووی لە زیوو بەردی بەهادار دروست کرابوو. لە دوور دەبریسکایەوە. سوارەکە شازادەی بردە هەموو ژوورەکان و هەموو شتێکی پێشان دا. ئینجا پێی گوت:

– وا دانێ چی لێرە هەیە هەمووی موڵکی خۆتە، چی لێدەکەی، لێی بکە. ئێرە لە رادە بەدەر هۆی رابواردنی تێدایە بۆ ئەوەی هەرگیز وەڕس نەبی و وەختی خۆتیان پێ راببوێرێ. دەتوانی بەردەوام بۆ خۆت یاری بکەیت و بە خۆشی راببوێری. هیچ ئیشی ترت نییە، بەڵام کە یەک ساڵ تەواو بوو، دەبێ چێشتێکی وام بۆ لێ بنێی، نیو قۆناغ مابێ بگەمەوە ئێرە، بۆنەکەم بۆ بێ. ئێستاش... من دەچمە گەشت و گەڕانی دونیا. تا یەک ساڵی تر چاوت بە من ناکەوێتەوە. کە ساڵەکە تەواو بوو، چاوەڕێم بکە دێمەوە. لە بیر نەکەی! چیم پێ گوتی ئەگەر بە وردی جێ بەجێی بکەی، پاداشتێکی باشت دەکەم. ئێستاش... خواحافیز! خوا بتپارێزێ و لە پەنای خۆت بگرێ!

سوارەکە چووە گەشتی خۆی و شازادە لەناو ئەو کۆشکە شکۆدارە مایەوە. لەم ژوور دەچووە ئەو ژوور. لە شتە جوانەکان ورد دەبووەوە. زۆر یاری و شتی تر هەبوو کاتی خۆی پێ دەبردە سەر.

ساڵەکە زوو تەواو بوو. کە خزمەتکارێک بە بیری هێنایەوە سبەینێ سوارەکە دێتەوە، شازادە هەر هۆیەکی لە خۆی زانی. زۆر درەنگ بوو بۆ چێشت لێنانەکە، بەڵام شازادە هەموو هێز و توانای خۆی کۆکردەوە و چی لە دەستی هات کردی، هیچی لە خۆیدا نەهێشتەوە. لەپڕ گرمەی هەورە تریشقەیەک هات و کۆشکی راتەکاند. سوارەکە بوو. هاتەوە و لە ئەسپەکەی دابەزی. یەکسەر رووی کردە چێشتکەرەکە و پێی گوت:

– تۆ کوڕێکی باشی. ئیشێکی باشت کردووە. هێشتا نیو قۆناغ مابوو بگەمەوە جێ، بە بۆنی خواردنەکەت پژمیم.

سوارەکە چەک و زرێی لە خۆی کردەوە و لەسەر سفرە دانیشت و زۆر بە ئیشتیا کەوتە سەر خواردن. کە خواردنی ناو قاپە زێڕ و زیوەکانی هەموو خوارد، هەستایەوە و ئاوڕی لە شازادە دایەوە و پێی گوت:

– باشە، کوڕم! تۆ فەرمانی منت بە تەواوی جێ بەجێ کرد، تۆ شایانی پاداشتێکی گەورەی. تێ کەوە هەرچی شتی بە نرخ لەمماڵە هەیە و دڵت دەیگرێ بۆ خۆت ببە، ئێستا دەتبەمەوە لای باوکت و لە رێگادا دیارییەکی لەمانە باشتریشت پێشکەش دەکەم .

شازادەی گەنج جوانترین و بە نرخترین شتی هەڵگرت و هەموو کون و قوژبنی گیرفانەکانی لێ پڕ کرد. ئەسپەکە لە حەوشە بوو. بەبێ ئۆقرەیی چاوەڕێی دەکرد و سمکۆڵی لە زەوی دەکرد. سوراەکە بانگی شازادەی کرد:

– وەرە، ئەو شتانەی دەست نیشان کردوون هەر لەوێ لێیان گەڕێ. پێش ئەوەی من و تۆ بگەینەوە لای باوکت، ئەو شتانە دەگەنە ئەوێ.

بە دووپشتەکی سواری ئەسپەکە بوون. ئەسپەکە فڕی تا گەیشتە مێرگێکی خۆش. لەوێ راوەستا. هەردووکیان دابەزین. سوارەکە بە شازادەی گوت:

– چۆک دادە و گوێت بە زەوییەوە بنێ.

شازادە چۆکی دادا و گوێی بە زەوییەوە نا. گوێی رادێرا. سوارەکە لێی پرسی:

– چ دەبینی؟ و چ دەبیسی؟

شازادە بە کەیفخۆشی هەستایەوە و گوتی:

– بە چاوترووکانێک، هەرچی لەسەراپای ئەم دونیایە هەیە و هەرچی لە هەر کوێ روودەدا هەمووم بینی. باوک و براکانی خۆیشم دی بە تاسووقەوە سەیری ئەو شتانەیان دەکرد کە من دەستنیشانم کردبوون بیانبەم.

– مادام وابێ باشە! لەمڕۆ بە دواوە تۆ ئەو سوارەی هەرچی لە دونیادا رووبدا دەیبینی. ئەمە دیاری منە بۆ تۆ. شازادە، ئێستاش بە کورتترین رێگادا دەچینەوە لای باوکت.

سواری ئەسپەکە بوون و ئەسپەکە بەرز بووەوە ئاسمان. ماوەیەکی زۆر فڕی. ئینجا بە دەم گرمەیەکی وەکوو هەورە تریشقە گەیشتە کۆشکی پاشا. پاشا و کوڕەکانی پێشوازی سوارەکە و کوڕەکەیان کرد و باوەشیان پێدا کردن.

پاشا سوپاسی سوارەکەی کرد و هەوڵی دا رازی بکا ماوەیەک لەلای بمێنێتەوە. سوارەکە وەڵامی دایەوە:

– کاتم نییە!! بەڵام ئەگەر حەز دەکەی ئەم جارە کوڕی ناوەنجیتم بۆ ماوەی یەک ساڵ پێ بسپێرە.

پاشا بە شادومانی قبوڵی کرد.

سوارەکە دەستی کوڕی ناوەنجی پاشای گرت. بە دووپشتەکی سواری ئەسپەکە بوون.

ئەسپەکە فڕی و ڕۆیشت تا گەیشتە کۆشکی سوارەکە. لەوێ دابەزین و سوارەکە شازادەی برد بە هەموو ژوورەکاندا گێڕای و هەموو شتە دەگمەن و دانسقەکانی پێشان دا و ڕایسپارد بۆ ماوەی یەک ساڵ چاوی لەم شتانە بێ و بیانپارێزێ. لەو ماوەیەشدا، دەتوانێ کاتی خۆی بە جۆرەها یاری جیا جیا بەسەر ببا بە مەرجێ لە کۆتایی ئەو ساڵە چێشتێکی وای بۆ لێ بنێ، هێشتا یەک قۆناغی مابێ بگاتەوە ماڵێ، بۆنی چێشتەکەی بۆ بێ.

ئەگەر خوا عەمری دا و هاتەوە پاداشتێکی زۆر باشی دەداتێ.

کە لە قسەکەی بووەوە، دەستی شازادەی گوشی و خۆی هەڵدایە سەر خانەی زینی ئەسپەکەی و ئاوزەنگی لێدا. ئەسپ باڵی گرت و فڕی و سوارەکە کەوتە گەشتی ئەم دنیایە.

ئەم شازادەیەش، وەکوو براکەی، هیچی ئیشی نەدەکرد. تەنیا لەو ژوور دەچووە ئەو ژوور. لە شتە دانسقە و ناوازەکان ورد دەبووەوە. کاتی خۆی بە گەمە و وازی جیا جیا ڕادەبوارد. کە ساڵەکە تەواو بوو، دەستی بە چێشت لێنان کرد و سەرکەوتنێکی باشی بە دەست هێنا. بۆنی چێشتەکە تا یەک قۆناغ بە دەوروبەری کۆشکەکەدا بڵاوبووەوە. سوارەکە بە دەم گرمەیەکی وەکوو هەورە تریشقە هاتەوە. چەک و زرێی فڕێ دا و لەسەر سفرە دانیشت. چێشتەکەی زۆر بە دڵ بوو. کە لە خواردن بووەوە، هەستا ئاوڕی لە شازادە دایەوە و پێی گوت:

– باشە، کوڕم! تۆ فەرمانی منت جێ بەجێ کرد. دیارییەکی زۆر باشت پێشکەش دەکەم بە درێژایی ژیانت سوودی لێ دەبینی. سەرەرای ئەوەش هەرچی شتی ناوازە و بەهادارت لەم ماڵە بە دڵە بۆ خۆت دە وست نیشانی بکە. پێش ئەوەی من و تۆ بگەینەوە لای باوکت، من شتەکانی پێ دەگەیەنم.

ئینجا سواری ئەسپەکە بوون و ماوەیەکی زۆر فڕین تا گەیشتنە دەریایەکی گەورە. ئەسپەکە لە کەناری دەریاکە نیشت. هەردووکیان دابەزین و ڕوویان کردە لێواری ئاوەکە. سوارەکە دوو درهەمی لە گیرفانی دەرهێنا و تا تاقەتی تێدا بوو تووڕی هەڵدان بۆ

ناوەندی دەریا. ئینجا بە شازادەی گوت خۆی فڕێ بداتە ناو دەریا و دوو درهەمەکە دەربێنێ. شازادە تەماشای کرد و بە چاو پرسیاری لێکرد داخۆ بە راستییەتی، یان گاڵتەی لەگەڵ دەکا؟! بەڵام سوارە قسەکەی بەراستی بوو!

شازادە سەرپێچی کرد، ئیدی سوارەکە شیری هەڵکێشا و لەسەر سەری شازادە بایدا و گوتی چت پێ دەڵێم وانەکەی لەت و پەتت دەکەم!

شازادە بیەوێ و نەیەوێ، ناچار بوو بە گوێی بکا. خۆی فڕێ دایە ناو دەریا و ئای چەند سەرسام بوو کە دیتی لەسەر لم و زیخی وشک وەستاوە، نەک لەناو شەپۆڵی ئاوی دەریا. پێی لەسەر وشکاتی بوو، بەڵام هەموو دەوروبەری ئاو بوو. زۆر شاد و کەیفخۆش بوو! گەڕا تا دوو درهەمەکەی دۆزییەوە و بۆ سوارەکەی هێنایەوە. سوارەکە پێی گوت:

- دیتت؟ ترسی بۆ چییە؟ لە ئێستاوە تۆ ئەو سوارەی کە بێ ئەوەی پێت تەڕ ببێ لە هەموو دەریایەک دەدەی و دەپەڕیتەوە، جا لە هەر شوێنێ شەڕ بکەیت و هەرچی دوژمنێکت بە دواوە بێ! ئێستاش... با بچینەوە لای باوکت.

کە گەیشتنە کۆشکی پاشا، هەموو بە هەلەداوان خۆیان هەڵکوتا بۆ پێشوازییان. باوکە لە خەنی خۆشییان خەریک بوو شێت ببێ. نەیدەزانی چۆن سوپاسی ئەم سوارە بکا کە ئەو هەموو چاکەیەی لەگەڵ کوڕەکەی کردبوو. سوارەکە گوتی:

- پاشا، شایانی نییە! ئەگەر حەز دەکەی کوڕەکەی تریشم بۆ ماوەی یەک ساڵ پێ بسپێرە.

پاشا وەڵامی دایەوە:

- فەرموو بیبە! بیبە! بەو پەڕی خۆشییەوە، لەناخی دڵەوە پێتی دەسپێرم! بەڵکو بتوانی شتێ بۆ ئەو بوودەڵەیە بکەی کە قەت بە کەلکی هیچ نایە!

سوارەکە بەلایەوە گرنگ نەبوو داخۆ شازادەی بچکۆڵە بە کەلک هیچ دێ، یان نا. گرنگ ئەوە بوو لەگەڵیا بچێ. لە دڵی خۆیدا بیری دەکردەوە:

- لەوانەیە ئەم کوڕە بچکۆڵەیە لە دوو براکەی زیاتر بە کەلک من بێ.

بە دووپشتەکی سواری ئەسپ بوون. سوارەکە دەستی هەڵوەشاند و ماڵاوایی یەکجاری لێکردن. کە گەیشتنە حەوشەی کۆشک دابەزین. سوارەکە کوڕەی بە هەموو ژوورە شکۆدارەکاندا گێڕا کە پڕ بوون لە شتی دانسقە و بەهادار. شازادەی بچکۆڵە لە دیار ئەم هەموو شتە مەندەهۆش و سەرسام بوو. سوارەکە گوتی:

– کوڕم، تۆ بۆ خۆت تەنیا لەم شتە ناوازانە ورد بەرەوە. ئیشت ئەوەیە بۆ خۆت یاری بەم هەموو جۆرە کەرەستانە بکە. تەنیا ئەو داوایەم لێت هەیە، تا یەک ساڵی تر، ئەگەر خوا کردی گەڕامەوە، خواردنێکم بۆ دروست بکە، دوو قۆناغ مابێ بگەمەوە کۆشک بۆنەکەم بۆ بێ. ئەگەر داواکەم بە وردی جێ بەجێ بکەی، دیاری و یادگارییەکی جیا لە هی دوو براکەت پێشکەش دەکەم.

کە قسەکەی تەواو کرد، ماڵاوایی لێ کرد. سواری ئەسپەکەی بوو، چووە گەشت و گەڕانی ئەم دونیایە. رۆژ وەک برووسکە دەهات و تێدەپەڕی. شازادە هەر هەستی بە نزیک بوونەوەی کۆتایی ساڵەکە نەکرد. کە ساڵەکە تەواو بوو، قۆڵ و باسکی لێ هەڵکرد و دەستی بە چێشت لێنان کرد. کاتێ کە سوارە وەکوو هەورە تریشقە گرمەی هات و لە حەوشە پەیدا بوو، هەمووشتێ وەکوو پێویست ئامادە کرابوو. کە سوارەکە چووە ناو کۆشک، پیرۆزبایی لە چێشتکەری لێهاتوو کرد، چونکە دوو قۆناغ و نیو ما بوو بگاتەوە کۆشک، بۆنی خواردنەکەی بۆ هات. یەکسەر لەسەر سفرە دانیشت. هەموو قاپە خواردنەکانی بە تەواوی خوارد و هیچی تێ نەهێشتن. دوای خواردن، هەستا و بە شازادەی گوت:

– تۆ داوای منت بە تەواوی جێ بەجێ کرد. هەرگیز بە بیرم نایە بە درێژایی ژیانم خواردنی وا زەریف و بەتامم خواردبێ، جا دەبێ پاداشتێکی شیاوت پێشکەش بکەم.

ئینجا سواری ئەسپەکە بوون و روویان کردە ئەو لایەی پێش ساڵێک لێیەوە هاتبوون. ماوەیەکی زۆر فڕین تا گەیشتنە ئەو مێرگەی سوارەکە و برا گەورەکانی کاتی خۆی لایاندابووە ئەوێ. ئەسپەکە دیسان وەستا، بەڵام ئەم جارە کز و غەمبار بوو، چونکە دەیزانی ئێستا چ روودەدا. سوارەکە بە نقە نق دابەزی و بە شازادەی گوت ئەویش دابەزێ. شازادە بە چوستی خۆی فڕێ دایە خوارێ. سوارەکە پێی گوت:

– کوڕم من ناتوانم لێرە زیاتر بڕۆم. خەریکە زۆر بە خێرایی هێزو تاقەتم لێ دادەچۆڕێ و پاش کەمێکی تر دەمرم. کەسم نییە کۆشک و گەنجینەی خۆمی پێ بسپێرم، یان ئەسپە حدوود و رامەکەمی دەقەبەر بکەم کە لەگەڵ خۆم گەورە بووە و پیر بووە. بەشداری ئەوەندە مەترسی و کردەوەی قارەمانانەی لەگەڵ من کردووە، نازمێردرێ. ئەمەت هەموو پێشکەش دەکەم. لە ئێستاوە تۆ خۆت خاوەنی ئەم هەموو موڵک وماڵەی.

ئینجا بە دڵێکی پڕ خەم و کەسەر ئاخێکی هەڵکێشا و ئاوڕێکی لە ئەسپەکەی دایەوە. بۆ دواجار دەستی بە بژی و یاڵی دا هێنا و گوتی: ئەوە تەسلیمی ئەو ئاغا نوێیەم

کردی، چۆن بە دڵسۆزی و وەفاداری خزمەتی منت کرد، ئاوهاش خزمەتی ئەو بکە. بە شازادەیشی گوت:

– بە یارمەتی ئەم ئەسپە و ئەم شمشیرە کە هەرگیز نە بەڕۆژ و نە بە شەو لێم جیا نەبۆتەوە، دەبی بە گەورەترین شۆڕەسواری هەموو ئان و زەمانێک. دەتوانی بەم شمشیرە سەر لەبەری دونیا داگیر بکەی، بەڵام دەبێ زۆر وریای خۆت بی و هەرگیز ئەم شمشیرە لەپشت نەکەیتەوە. ئەگەر یەکێ لە پشتت بکاتەوە، یەکسەر دەبی بە بەردێکی کەڕ.

کە لەم قسانە بووەوە، شمشیرەکەی لە دەست شازادە نا. شازادە شمشیرەکەی لە پشت بەست و سوارەکە یەکسەر بەربووەوە و گیانی دەرچوو.

شازادە بیری کردەوە:

– ئێستا چ بکەم؟ چۆن لێرە بەبێ یارمەتی هیچ کەس و هەر بە تەنیا باڵ بینێژم؟ یەکێ لە کوێ پەیدا بکەم هاوکاریم بکا؟ لە ماڵی خۆمان، یان لە کۆشکی سوارەکە؟

لە دڵی خۆیدا گوتی: شیاو نییە لە هەل و مەرجێکی وا غەمبار بگەڕێمەوە ماڵێ و دان پێدا بنێم کە سوارەکە هێشتا نەنێژراوە.

ئیتر خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکە و گەڕایەوە کۆشکی سوارەکە و بە یارمەتی خزمەتکار و نۆکەرانی، سەروەرەکەی لەناو ئەو مێرگە خۆشە، لەژێر درەختێک ناشت. کە لێ بووەوە، نۆکەر و خزمەتکارەکانی رەوانە کردەوە و بەو پێیەی کە لەو کاتەوە کۆشکەکە بە هەموو تەدارەکەوە ببوو بە هی خۆی، پێی گوتن وەکوو جاران یاسا و دەستووری کۆشکەکە بە چاکی بپارێزن تا خۆی دێتەوە.

ئەوسا شازادە سواری ئەسپەکە بوو، بەرەو ماڵ گەڕایەوە. بە گرمە و رمبەیەکی وەکوو هەورە تریشقە لە ناوەندی حەوشەی کۆشکی خۆیان نیشت. ئەو کۆشکە هەمووی هەژا. پاشا و کوڕەکانی دەرپەڕینە دەرێ. یەکەم جار، پیرەمێرد زۆر ترسا و لە دڵی خۆی دا گوتی: ئەوە سوارەکە بە تەنیا هاتۆتەوە، ئەی دەبێ کوڕەکەم لە کوێ بێ و چی بەسەر هاتبێ؟ بەڵام کە لە سوارەکە نزیکتر بووەوە، دیتی ئەمە کوڕی خۆیەتی هاتۆتەوە. یەکەم پرسیاری لە کوڕەکەی کرد، ئەمە بوو گوتی: ئەی سوارەکە بۆچی کۆشکی خۆی جێ نەهێشت و لەگەڵت نەهات؟

کوڕەکە بۆی گێڕایەوە کە لە رێگا چییان بەسەرهات. پاشا و کوڕەکانی زۆریان پێ ناخۆش بوو، بەڵام کە کوڕە بچووکەکە بۆی باس کردن چۆن سوارەکە، پێش ئەوەی

بمرێ، کۆشکەکە و هەموو مولْک و گەنجینەی خۆی پێ بەخشی. هەموو واقیان وڕما و براکانی بەخیلییان پێ برد کە بەختی ئاوا باشی هێناوە. چوونە ناو کۆشک و پاشا بە کوڕەکانی گوت:

– ئێستاش کوڕەکانم، پێم نیشان بدەن بزانم بە ماوەی یەک ساڵ، هەر یەکەتان چی پێ دەکرێ و چ کردەوەیەک دەنوێنێ؟

تا برای بچووک نەگەڕایەوە، دوو برا گەورەکە باسیان نەکرد چ دەزانن و چ فێربوونە. هەرچەندە باوکیان داوای لێ دەکردن لە ماوەی ئەو ساڵە چییان بەسەر هات و چ فێر بوون. بەڵام ئێستا کە کوڕە بچووکەکە هاتەوە و دەبوایە هەر کەسێ باسی بەسەرهاتی خۆی بکا. دوو برا گەورەکە هەوڵیان دەدا خۆیان لەو باسە بدزنەوە، چونکە هیچ یەکێکیان نەیدەویست یەکەم کەس بێ قسە بکا.

دوو برا گەورەکە هەندێ بڕ و بیانوویان هێنایەوە بۆ ئەوەی وا بکەن برا بچووکەکە یەکەم جار قسە بکا، بەڵام برای بچووک وەڵامی دانەوە و گوتی:

– دەبێ بە گوێرەی تەمەن بێ: یەکەم جار دەبێ برای گەورە قسەی خۆی بکا. من لەبەر ئەوەی لە هەردووکیان بچووکترم، دەبی ئاخیری قسە بکەم.

ئیتر برای گەورە، بیەوێ و نەیەوێ، ناچار بوو یەکەم جار دەست بە قسە بکا. دەستی پێ کرد و گوتی:

– من ئەو سوارەم ئەگەر گوێ بە زەوییەوە بنێم، هەر شتێکی لە هەر شوێنێ روو بدا دەیبیسم و دەیبینم.

برای ناوەنجیش باسی کرد و گوتی:

– منیش ئەو سوارەم ئەگەر مل بە ئاوەوە بنێم، شەپۆلی ئاو لەبەر دەمم دەکرێتەوە و دەریا هەرچەندە قووڵ و فراوان بێ، لە بەر دەمم شەق دەبێ و بە پێی وشک بە ناویدا دەڕۆم و دەپەڕمەوە.

برای گچکە هاواری کرد:

– بەخوا ئەمە شتی چاکە! منیش ئەو سوارەم کە دەتوانم بەم شمشیر و بەم ئەسپە هەموو دونیا داگیر بکەم، دەبێ داگیریشی بکەم.

دوو برای گەورەتری کە ئەم خەبەرەیان بیست، زۆر پەست و تووڕە بوون. کێ دەزانێ ئەگەر لە دەستیان هاتبا چییان دەکرد!

ئەو سێ برایە ماوەیەک بەم جۆرە لە کۆشکی خۆیان دا مانەوە، بەڵام دوو برا

گەورەکە چاویان بەرایی نەدەدا باوکیان لەوان زیاتر روو بداتە برا گچکەیان. بڕیاریان دا سەر هەڵبگرن و لە جێگایەکی تر بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە. ئەوە بوو روخسەتی سەفەریان لە باوکیان خواست، بەڵام هەر تەماشای براکەشیان نەکرد. بە هیوای ئەوەی کردەوەیەکی وا بنوێنن دەسەڵاتیان لە براکەیان زیاتر ببێ، ئیتر بەم نیازەماڵیان جێ هێشت و روویان کردە ئەم دونیا گەورە و فراوانە.

لە سەرەتای گەشتەکەیاندا، باس هەر باسی براکەیان بوو! چۆن ئەو موڵک و ماڵەی لە دەست دەربێنن و ئەو بەختەی رووی تێ کردووە، هەڵیبگێڕنەوە. بەم جۆرە، لە گەڕان و سووڕان بەردەوام بوون. تا لە وڵاتی خۆیان بوون، هەر جارەی کە دەگەیشتنە رەعیەتێکی پاشا، کابرا وەکوو دوو منداڵی خۆی باوەشی بۆ دەکردنەوە و بەخێری دەهێنان و هەرچییان بۆ ئەو گەشتە پێویستبایە بۆی دابین دەکردن. کە گەیشتنە سەر سنوور، دوو پیاوی تۆکمە و بەوەجیان بەگەڵ خۆیان دا بۆ ئەوەی بەبێ ترس بچنە دەرەوەی وڵات.

کە گەیشتنە وڵاتێکی بێگانە، هەڵس و کەوتیان گۆڕا، وەکوو ناو وڵاتی خۆیان نەمان. وایان دەزانی هەقی خۆیانە هەرچی بیانەوێ، بیکەن. بۆیە کە دەگەیشتنە هەر شوێنێ، هێمن و بە پارێز بوون، بەڵام هەر کەسێ سەرپێچی فەرمانەکانی کردبان، یان ئەنوا و خواردنی پێ نەدابان، ئەشکەنجەیان دەدا و دەیانکوشت. بەم جۆرە لە شوێنێکەوە دەچوونە شوێنێکی تر. گوندیان تاڵان دەکرد و خەرج و باجیان لە خەڵکەکە دەستاند. زۆر کەسیان کردە دەرۆزەکەر و زۆر ماڵە گەورەیان خستە سەر ساجی عەلی، بەڵام ماوەیەکی زۆر ئەمەیان بۆ نەچووە سەر.

پاشای ئەو وڵاتە دیتی شکات لەو دوو دزە دەکرێ کە غەدر لە خەڵک دەکەن. رەعیەتی کلۆڵ و بەسەزمان داوایان دەکرد ئەو دوو قۆڵبڕ و سەختەچییە دەستگیر بکرێن و لەسەریان بدرێ. پاشا فەرمانی بە لەشکرێک کرد بچن بیانگرن و بە زیندوویی بیانهێنن. کە دوو براکە زانییان پاشا لەشکرێکی گەورەی ناردووە بیانگرن، ئەوەی بچووکترێ زانی دەبێ چ بکا: رایکرد چووە سەر رووبارێکی گەورە و لە کەناری رووبارەکە راوەستا. زۆری پێ نەچوو لەشکری پاشا هات. دوو براکە بیریان کردەوە داخۆ ئەم لەشکرە چییان بەسەر دێنێ، بەڵام دڵیان بەوە خۆش کرد کە رایان بکێشنە ناو ئاو و بیانخنکێنن. کە دەستیان بە شەڕ کرد، هەر دوو برا خۆیان فڕێ دایە ناو ئاو. ئاوەکە لەبەر دەمیانەوە شەقی برد و بە پێی وشک بەناو ئاوەکەدا رۆیشتن. لەشکری پاشایش

کە دیتیان ئاو شەقی برد، کەوتنە دوویان. تا ئەوان گەیشتنە ناوەندی ئاوەکە، دوو براکە بێ ئەوەی هیچ تەڕ ببن گەیشتنە کەناری ئەوبەر و دوای ئەوان ئاوەکە خۆی لێک دا و هەموو لەشکرەکەی پاشا خنکان و یەک سەربازیان نەما. کەچی دوو براکە لە کەنارەکەی ئەوبەر پێیان پێ دەکەنین و چەپڵەیان لێ دەدا. بەڵێ... بەڵام بەخت زۆر بە دەمیانەوە پێنەکەنی.

پاشا یەکسەر لەشکرێکی تری بەدوادا ناردن. دوو براکە خەریکی تاڵان کردنی گوندێک بوون، لەشکر لەپڕ دەوریان گرتن. نەیانتوانی رابکەن. سەربازەکان دوو براکە و یاخییەکانی تریان قۆڵبەست کرد و رایان پێچان بۆ بەردەم پاشا.

پاشا یەکەم جار پرسیاری لێکردن کێن؟ و لە کوێوە هاتوون؟

وەڵامیان دایەوە گوتیان: ئێمە کوڕە پاشاین، هاتووینە ئەم وڵاتە بۆ ئەوەی بەختی خۆمان تاقی بکەینەوە و هەوڵ بدەین دەوڵەمەند ببین.

پاشا بە تووڕەیی بەسەریدا نەڕاندن:

- بیانبەنە زیندان!! کە حوکمتان درا، لەسەرتان دەدرێ!

ئەو شەوە باوکیان خەونێکی ناخۆشی بەم دوو کوڕەیەوە دی. هەرچی بەسەریان هاتبوو، هەمووی بە تەواوەتی لە خەودا دی. لەناو نوێن دەرپەڕی. چووە ژووری کوڕە بچووکەکەی کە لە شیرین خەودا بوو، بۆ ئەوەی خەونی خۆی بۆ بگێڕێتەوە. چووە سەرینگانی و نەختێ سەیری کرد، دیتی کوڕەکە زۆر بە توندی و بە تووڕەیی ددانی لێک دەسوی. باوکە بە خەبەری هێنا و خەونی خۆی بۆ گێڕایەوە. کوڕەکە گوتی:

- منیش ئەم خەونەم دی! بێ شک ئەم خەونە هەندێ راستی تێدایە.

باوکە گیان! دەبێ هەر ئێستا سوار بم و بڕۆم. زوو فریای دوو برا بەدبەختەکەم بکەوم.

باوکە ویستی لێ نەگەڕێ بچێ، نەوەک ئەویش شتێکی خراپی بەسەر بێ، بەڵام کوڕە گوێی بە هیچ مەترسییەک نەدا. داوای کرد ئەسپەکەی بۆ تەیار بکەن و پێویستی سەفەری بۆ ئامادە بکەن. زۆری پێ نەچوو، ئەسپەکەی لە حەوشە بەبێ ئۆقرەیی چاوەڕێی دەکرد و سمکۆڵی لە زەوی دەکرد. کاتێ کوڕە روخسەتی لە باوکی خواست و ماڵاوایی کرد، باوکی چاوی پڕ فرمێسک بوو. کوڕەکە دڵێ دایەوە و گوتی:

- باوکی ئازیز، خەمی منت نەبێ. من تا ئەم شمشیرەم بە کەمەرەوە بێ، کەس ناتوانێ ئەزیەتم بدا.

کوڕە ئەمەی گوت و سواری ئەسپەکەی بوو. ئەسپەکە فڕی. (با) بە تۆزێ پێی نەدەگەیشت. لە هیچ شوێنێکا نەوەستا. یەکسەر رووی کردە کۆشکی ئەو پاشایەی براکانی زیندانی کرد بوو. کە لە شار نزیک کەوتەوە، شەماتە و حەشامەتێکی زۆری دی بە شێوەی بازنە وەستا بوون و پاشا لە ناوەڕاست دانیشتبوو. دوو براکەش لە تەک خەڵکەکە بە کز و مەلوولی چاوەڕێیان دەکرد. حوکمی ئیعدامیان دەرچوو بوو. سێدارەیان چەقاند بوو بۆ ئەوەی لەسەریان بدەن.

کوڕە، کە زانی براکانی وەزعیان شڕە، ئاوزەنگی لە ئەسپەکەی دا و وەک ئەوەی لە ئاسمان هاتبێتە خوارەوە، لەبەردەم پاشادا چەقی. دوو براکەی، کە چاویان پێکەوت، هەر واقیان وڕما. چۆن هات و چۆن پەیدا بوو؟ روویان گەش بووەوە و دڵیان فەراح بوو.

کوڕە، وەکوو پێویست بەڕێزەوە سڵاوی لە پاشا کرد و ئیکلامی کێشا و تکای لێکرد لە دوو براکەی ببورێ و ئەم جارە ئازادیان بکا. خۆی بە پاشا ناساند و پێی گوت ئەم دووانەی حوکمی مەرگیان دراوە، برای ئەون.

پاشا گوتی:

- بەڵێ... ئەمانە ئەگەر وەکوو تۆ، وەکوو کوڕە پاشایان، بە پیاوانە بهاتبانە پێش من بە شێوەیەکی تر پێشوازیم دەکردن. ئەمانە زۆر زەرەریان لە رەعیەتی من داوە، زۆر کەسیان کوشتووە، ئایا هەقەمست نین لەسەریان بدرێ؟

سوارەکە گوتی:

- پاشا، چ زیانێکتان لێکەوتووە سێ قات بۆت دەبژێرین، بەڵام دەبێ دوو براکەم ئازاد بکەی.

پاشا تووڕە بوو. نەڕاندی:

- کەس ناتوانێ ناچارم بکا لەمانە خۆش بم. مادام تۆ قسەی وا رەق دەکەی، هەر ئێستا سەریان پەل دەدەم.

کوڕەکە، کە ئەمەی بیست، گەڕایەوە لای ئەسپەکەی و لەگەڵ سەربازانی پاشا کەوتە جەنگ. سەربازەکان هیچ دەستوەکەریان نەکرد. سوارەکە یەک لەدوای یەک بەری دانەوە. پاشا بە پاڕانەوە هاواری کرد:

- بوەستە، کاکە بوەستە!

یەکسەر دوو براکەی بەردا. بە خۆشی و برایەتی مامەڵەی لەگەڵ سوارە گەنجەکە

کرد. بوون بە برادەر و بەم بۆنەیەوە زیافەتێکی گەورەیان کرد و ئاهەنگێکی بە جۆش و خرۆشیان ساز دا. هەر هەموویان، تا بە دوو برایەکەش رادەگا، تێر و پڕ شایی و هەڵپەڕکێیان کرد.

کە ئاهەنگەکە تەواو بوو، دۆڵ دڕا و تەقەی بڕا، براکان روخسەتیان لە پاشا خواست و لەو شارە رۆیشتن.

لە رێگا، برای بچووک روی کردە دوو براکەی و لێی پرسین داخۆ ئامادەن لە هەموو شتێکا فەرمانبەرداری بن و بە قسەی بکەن، یان نا؟ چونکە دەیەویست لە سەفەرەکەیا بیانکا بە یاوەر و پاسەوانی خۆی.

دوو براکەی، پاش ئەوەی لە ماڵەوە دەرچوون و ئەم بەڵایەیان بەسەر هات، هەست و سۆزیان بەرامبەر براکەیان گۆڕا. جا، کە براکەیان ئەم قسەی پێ گوتن، بۆی چوونە سەر چۆک و سوێندیان خوارد، چۆن رێزی باوکیان دەگرن، ئەوها رێزی ئەو بگرن و بە قسەی بکەن.

برای بچووک گوتی:

- باشە، کەوابێ... هەموو شتێ ئاساییە... ئێستا وەرنە دوام.

بە سێ قۆڵی رۆیشتن. زۆر شار و وڵاتیان بڕی. هەموو خەڵک ناوبانگی بیستبوون و دەیناسین. بە هەر شوێنێ دا تێدەپەڕین، چونکە ئەزیەتی کەسیان نەدەدا و بەوپەڕی توانا یارمەتی هەموو کەسیان دەدا، خەڵک بە شادی و خۆشی پێشوازییان دەکردن. بە تایبەتی برای بچووک بە هەر شوێنێ دا بچووبایە، بە کردەوەی بەرز و پاڵەوانانە، باشترین یادگاری بەجێ دەهێشت.

چەند وڵاتێکی زۆریان بەم جۆرە بڕی و دووبارە گەیشتنە شارێک. ئەو شارە پێتەختی پاشا بوو. کۆشک و سەرای پاشای لێ بوو.

کە چوونە ناو شار، زۆریان بە لاوە سەیر بوو، کە دیتیان شار سەراپای رەشپۆشە. لە خانێک دابەزین و پرسیان هۆی چییە شار هەمووی رەشپۆش و تازیەدارە. خاوەنی خانەکە بۆی باس کردن کە عەزیایەکی سێ سەر لە نزیک ئەو شارە هەیە. خەڵکی شار دەبێ هەموو حەفتەیەک دوو قوربانی بۆ ببەن: کوڕێک و کچێکی گەنج. بەیانی نۆرەی کچی پاشایە. خەڵکەکە شازادەخانمیان زۆر خۆش دەوێ چونکە خۆی ئەوەندە جوانە ناگوترێ و رەوشتیشی ئەوەندە بەرزە وەسف ناکرێ، هۆی خەم و رەشپۆشیی شار ئەوەیە.

سوارەکە گوتی:
– مادام وایە، برۆ خەبەر بدە پاشا پێی بڵێ گەنجێک هاتووە دەتوانێ کچەکەت لەو دڕندەیە رزگار بکا.
یەکێ لەوانەی لە خانەکە بوون گوتی:
– کابرا، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟! زۆر شۆڕەسواری پاڵەوان و مێرخاس هاتن و بەو هیوایەی زەماوەند لەگەڵ شازادە خانم بکەن چوونە شەڕی عەزیاکە، هەموو سەری خۆیان دۆڕاند و کەس بە زیندوویی نەگەڕایەوە.
سوارەکە گوتی:
– دڵنیا بن کچەکە رزگار دەکەم! کابرا، تۆش برۆ بە پاشا بڵێ کابرایەک لێرەیە، ئامادەیە خۆی لە پێناوی شازادە خانم بە کوشتن بدا. پێی بڵێ ئەو کابرایە هیچ لە مردن ناترسێ و زۆر لە سەرکەوتنی خۆی مسۆگەرە.
هەندێ کەس، لە تەماعی پاداشتی چەور، یەکسەر خۆیان گەیاندە کۆشک و سەرا و خەبەریان دایە پاشا. دوای نەختێ هاتنەوە گوتیان: پاشا و شازادە خانم حەز دەکەن ئەو سوارە ئازایە بناسن و دەبێ هەر ئێستا بێتە کۆشکی شاهانە.
سوارەی گەنج خۆی هەڵدایە سەر خانەی زینی ئەسپەکەی و رکێبی لێدا و یەکسەر گەیشتە ناو حەوشەی کۆشکی پاشا. پاشا و شازادە خانم و هەموو دەست و پێوەندەکان هەر رایان کرد بۆ پێشوازی. هەموو سەریان لە جوانی و قۆزی ئەو سوارە سوڕما، تەنانەت پاشا خۆیشی نەیدەتوانی چاو لەسەر روخساری جوان و جلی نایابی ئەو شۆڕە سوارە بە تەدارەکە هەڵبگرێ.
پاشا، یەکسەر سوارەی بردە ناو کۆشک و سەرای خۆی. زۆر بە رێزەوە مامەڵەی لەگەڵ کرد و داوای لێکرد شەو لە کۆشک، لای ئەو، بمێنێتەوە.
سبەینێ، لەگەڵ گزنگی بەیانی، شازادەخانمیان سواری عارەبانەیەک کرد. شازادە خانم لە ترسان لە هۆش خۆی چوو. سوارەکە شان بە شانی کەژاوەی شازادە خانم رۆیشت. پاشا و حەشامەتی خەڵکیش کەوتنە شوێنیانەوە. خەڵکەکە هەموو پەشۆکا بوون. دڵیان توند و خێرا لێی دەدا. عارەبانەکە لەبەردەم کەنیسەیەکی بچووک وەستا. شازادە خانم چووە ژوورەوە. سوارەکە لە دەرەوە مایەوە. بە مەردی و دلێری دەهات و دەچوو. پاشا و حەشامەتی خەڵکیش لە دەرەوە سەیریان دەکرد داخۆ ئێستا چ دەقەومێ؟

لەپڕ دەنگی قیژەیەک هات. عەزیایەک بە بۆڕە بۆڕ هات ئاگری لە دەم دەهاتە دەرەوە. بە دەوری کەنیسەکەدا رایکرد. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، بەڵام هەر تەماشای سوارەکەشی نەکرد. سوارەکە چاوەڕێی کرد بزانێ عەزیاکە چ دەکا. عەزیاکە ماوەیەک سەیری ئەم لا و ئەو لای کرد، لەپڕ بەرزبووەوە ئاسمان و بانی کەنیسەکەی هەڵتەکاند. ئەوسا سوارەکە قیڕاندی و بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

– ئەوە لێرە، لە چ دەگەڕێی؟

عەزیاکە فیشکاندی:

– دەتەوێ لە چ بگەڕێم، کرمە زەوییانە! لە شت□کی خۆم دەگەڕێم ، پەیوەندی بە تۆوە نییە.

سوارەکە وەڵامی دایەوە:

– هیچ شتێ هی تۆ نییە و هیچ شتێ بۆ تۆ نابێ. بەڵام ئەگەر هیچ شتێکت دەوێ، بۆ من وەرە بەرێ، با بە هێزی بازوو یەک لای بکەینەوە.

ئەو حەلە، عەزیاکە سوارەکەی گرت و بە هەموو هێز و تاقەتی خۆی لە عەردی کوتا. سوارەکە تا قوڵە پێی لە زەوی ختم بوو، بەڵام بە ئاسانی تەکانی دایە خۆی و هەستایەوە. شمشیری هەڵکێشا و سەرێکی عەزیاکەی پەل دا. عەزیاکە لە تووڕەییان ئاگری لە دەم دەهاتە دەرێ. سوارەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: رۆژی پێ بچم ئەمڕۆیە. بەڵام بەختی هەبوو، شازادەخانم هەتوانێکی پێ بوو، بۆی راداشت. ئەویش وەری گرت و لەشی خۆی پێ هەنوی. کە عەزیاکە دیتی، ئاگر کاری لێ نەکرد، جارێکی تر سوارەکەی گرت و بە هەموو هێز و تاقەتی خۆی لە عەردی کوتا. سوارەکە تا ئەژنۆی لە عەردی چووە خوارێ. بەڵام سوارەکە تەکانی دایە خۆی و هاتە دەرەوە. شمشیری هەڵکێشا و سەرێکی تری عەزیاکەی بڕی.

جەماوەری خەڵکەکە کردیانە هەرا و هۆریا. هەندێکیان خۆیان خۆش کرد بچنە هانای سوارەی گەنج بۆ ئەوەی بە یەکجاری عەزیاکە لەناو بەرێ، بەڵام سوارەکە بە دەست ئاماژەی بۆ کردن لە جێی خۆیان نەجوولێن. عەزیاکە دیسان قیت بووەوە، بەڵام بە شەکەتی و داهێزراوی. سوارەکە دەمی قسەی کردە عەزیاکە و لەبەر خۆیەوە گوتی:

– نامەوێ، کە هێزت هاتەوە بەر، زەبرێکی ترم لێ بدەی!

شمشیری بادا و سەری سێیەمی عەزیاکەی پەڕاند و بە شمشیر هەموو لەشی ئەنجن بە ئەنجن کرد و بە تەواوی قنیاتی لەبەر بڕی.

پاشا و هەموو خەڵکەکە هەر رایان کرد هاتن. بوو بە هەرا و هۆریا و تێک قژقژان ، ئافەرین و دەست خۆشییان لە سوارەکە کرد. پاشا باوەشی پێدا کرد و بە کوڕی خۆی دانا.  ئینجا شازادە خانم لەناو کەنیسە هاتە دەرەوە. لە کەیفخۆشییان دەدرەوشایەوە و فرمێسکی شادی بەسەر هەردوو لا روومەت دا دەهاتە خوارێ. زۆر سوپاسی رزگارکەرەکەی کرد کە ئەم چاکەیەی لەگەڵ کرد و ئەم نەبەردییەی لە پێناوی ئەودا کرد.

سوارە بەرە و شار گەڕایەوە بەڵام نە شاری رەشپۆشی جاران!! ئەم جارە شار هەمووی بە گوڵی جوان رازابووەوە. لە هەموو کۆڕێکا باس هەر باسی سوارەکە بوو. قەرەپستانەیان دەکرد و قیت دەبوونەوە سەر پەنجەی پێ بۆ ئەوەی بە لانی کەمەوە چاویان بە سیما و روخساری بکەوێ. کە گەیشتنەوە کۆشکی پاشا، پاشا ئەمری کرد زیافەتێکی گەورەیان کرد. خوندی لە هەموو لاوە هاتن و لەسەر سفرەی خواردن دانیشتن. پاشا لەسەری مەجلیس دانیشت. لایەکی سوارەکە بوو، لایەکی کچەکەی بوو بە جلی ئاڵ و واڵا. هەموو بە گەرمی بەخێرهاتنی سوارەکەیان کرد و سوپاسیان کرد. ئەوسا پاشا هەستایەوە و رووی کردە خەڵکەکە و گوتی:

– میوانە ئازیز و خۆشەویستەکان، ئەم شازادەیەی دەیبینن، کردەوەیەکی پاڵەوانانەی وای کردووە لە هەرچی پاداشتی دونیا هەیە گەورەترە. هیچ وشەی وام دەست ناکەوێ بتوانم هەست و سۆزی خۆمی بەرامبەر دەرببڕم و سوپاس و ستایشی بکەم. من هیچ کوڕم نییە دوای مەرگم وڵاتی خۆمی پێشکەش بکەم. گەورەترین ئاواتم ئەوەیە ئەم شۆڕە سوارە، ئەگەر حەز بکا، لە لامان بمێنێتەوە. بۆ ئەوەی ببێ بە جێنشینی من و زەماوەند لەگەڵ کچەکەم بکا و بە شادی و بەختەوەری فەرمانڕەوایی بکا. لێم مسۆگەرە دەتوانێ هەموو مەترسییەک لەسەر وڵات رەت بکاتەوە.

سوارەکە چاوەڕێی ئەم جۆرە شتەی دەکرد، بۆیە پرسی بە ئەسپەکەی کرد چ بکا. لە راستیدا، ئەو دەیەویست زەماوەند لەگەڵ کچێکی وا بکا قەت هیچ کەم و کورتی نەبێ. شازادە خانمیش بە راستی کچێکی جوان و نازدار بوو: دوو چاوی رەشی هەبوو بۆ پیاو پێدەکەنین، دوو گۆنای هەبوو وەکوو دوو گوڵی بچووک لەسەر چلی روخساری پشکووتبوون، بەڵام بە داخەوە دەستی راستەی بالووکەیەکی لێهاتبوو. سوارەکە ئەو بالووکەیەی پێ جوان نەبوو. بیری کردەوە، بۆی هەیە ئەم شازادە خانمە بۆ برا گەورەکەی باش بێ.

کە پاشا لە قسەکانی بووەوە، سوارەکە هەستایە، ئیکلامی کێشا و گوتی:
– پاشای بەڕێز و خۆشەویست، سوپاسی ئەم هەستەت دەکەم. ئەگەر تەمەنم بچووک نەبوایە و ئیشی گەورەترم لەپێش نەبوایە، بە شانازییەوە دیارییەکەتم قبووڵ دەکرد، بەڵام من دوو برای لە خۆم گەورەترم هەیە، لەگەڵ من هاتوونەتە ئەم سەفەرە بۆ ئەوەی بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە. ئەگەر بتانەوێ دەتوانن شازادە خانم بدەن بە یەکێ لەو دوو برایەم و بەختەوەری بکەن. پاشا بە دڵخۆشییەوە رازی بوو. دوو براکەیان هێنا. برای گەورە، وەکوو زاوای پاشا، خۆی رازاندەوە. ئاهەنگێکی زەماوەندی گەورە و بە تەنتەنەیان لە کۆشک سازدا.

دوای ئاهەنگ، سوارەکە برای گەورەی جیا کردەوە لایەک و هەندێ ئامۆژگاری کرد کە لە ئایندەدا چۆن هەڵس و کەوت بکا بۆ ئەوەی بە بەختەوەری بژی. ئەویش بەڵێنی دا ئامۆژگارییەکانی لە گوێ بگرێ و لە قسەی دەرنەچێ. پەیمانیشی دا برای بچووکی تووشی هەر مەترسییەک بوو، زوو فریای بکەوێ و رزگاری بکا.
بەم جۆرە برای گەورە لای پاشا مایەوە و دوو براکەی تر روخسەتیان لە پاشا و شازادە خانم خواست بۆ ئەوەی برۆن. شازادە خانم بە چاوی پڕ فرمێسک و دڵی پڕ کەسەر رزگارکەرەکەی بە رێ کرد.
ئەو دوو برایە سواری ئەسپ بوون و لە شار دەرچوون. خەڵکێکی زۆریان بە گەڵ کەوت و تا ماوەیەکی باش بە رێیان کردن. دوو براکە لەوێ جارێکی تر دەستی برایان گوشی و سوپاسی خەڵکەکەیان کرد و روویان کردە ئەم دونیا فراوانە. هەر رۆیشتن رۆیشتن گەیشتنە وڵاتێکی هاوسێ. لە هیچ شوێنێ لایان نەدا، تا گەیشتنە ئەو شارەی کۆشک و سەرای پاشای تێدا بوو. لە دوورەوە قونگرە و بورجی کۆشکی شاهانەیان لێ دەرکەوت. لێرەش دیتیان هەموو شتێ رەشپۆشە. چوونە ناو شار، هەر ماڵە و پەڕۆیەکی رەشی هەڵواسی بوو. ئەمە یانی چی؟
کە گەیشتنە خانێک و دابەزین، هۆی ئەم رەشپۆشییەیان پرسی، گوتیان:
– ئەم شارە بۆچی سەراپای رەشپۆشە؟ ئەوە ئێوە تووشی چ خەم و بەڵایەکی گەورە هاتوون؟
خاوەنی خانەکە وەڵامی دایەوە:
– هەر لێ گەڕێ، ئەو بەڵایەی بەسەر ئێمە هاتووە، هەر بە سەر ئێمە بێ! عەزیایەکی شەش سەر لەپشت ئەم شارە هەیە. حەفتەی دەبێ گەنجێکی دەرخوارد بدەین: جارێ

کچێک و جارێ کوڕێک. ئەمڕۆ نۆرەی کچی پاشایە، دەبێ سبەی دەرخواردی عەزیاکەی بدەن. ئەمەیە هۆی ئەو خەمە گەورەی هەموو شاری داگرتووە.
برای گچکە وەڵامی دایەوە حەز دەکا خەبەر بدەنە پاشا سوارێک هاتۆتە ئەم خانە بە مسۆگەری دەتوانێ کچەکەی رزگار بکا.
خاوەنی خانەکە بەرپەرچی دایەوە، دەستی بەرز کردەوە و گوتی:
- بە داخەوە، جەنابی دلێر و بەڕێز! حەز دەکەم بزانی زۆر سوار هاتن، لە تەماحی مارەکردنی شازادە خانم چوونە جەنگی ئەم درِندەیە، بەڵام تووشی بەڵای خۆیان هاتن و کەس بە زیندوویی نەگەڕایەوە. ئەگەر تۆ متمانەت بە سەرکەوتنی خۆت هەیە، هەر ئێستا بەو پەڕی شادومانی ئەم خەبەرە بە پاشا دەگەیەنم.
کە پاشا بەو مەسەلەیەی زانی، یەکسەر لەدوو سوارەکەی نارد. وەکوو کوڕی خۆی گرتییە باوەش و داوەتی کرد لەناو کۆشک بمێنێتەوە. شازادە خانمیش نەختێ دڵی کرایەوە، بەتایبەتی کاتێ کە سوارەکە دڵی دایەوە و هانی دا نەترسێ چونکە یەک تاڵە قژی سەری ناکەوێ.
لەگەڵ گەرد و گۆڵی بەیانی، شازادە خانمیان سواری عارەبانەیەک کرد و بردیانە کەنیسەیەکی بچووک. سوارەکە لەبەر دەرگا مایەوە. جەماوەری خەڵکەکەش لە دوورەوە وەستان. چاوەڕێی شەڕەکەیان کرد.
لەنشکەوە عەزیاکە بە قیژە و هاوار هات و لەسەر زەوی نیشت. بە چاوترووکانێک بانی کەنیسەکەی لێکردەوە و فڕێی دایە لایەک. سوارەکە لێی پرسی ئاخۆ چی گەرەکە و بە دوای چیدا دەگەڕێ؟
عەزیاکە لای لێکردەوە و زریکاندی و گوتی:
- لە شتێکی خۆم دەگەڕێم.
سوارەکە وەڵامی دایەوە:
- هیچ شتێ هی تۆ نییە و نابێ بە هی تۆ.
قسەیەک لەم و قسەیەک لە و، لێیان بو بە شەڕ. سوارەکە شمشیری هەڵکێشا و بە یەک زەبر سێ سەری عەزیاکەی پەل دا. عەزیای درِندە زۆر تووڕە بوو، سوارەکەی گرت و لە عەردی کوتا. سوارەکە تا ئەژنۆ لە عەردی چووە خوارێ، بەڵام هەر زوو لەم نسکۆیە هەستایەوە و سێ سەرەکەی تری عەزیاکەشی لێکردەوە. ئای، چ خۆشی و شادییەک کەوتە ناو ئەو خەڵکە!!

سوارە و شازادە خانم، لەناو چریکەی گۆرانی و هات و هاواری سەرکەوتن گەڕانەوە کۆشکی پاشا.

پاشا، کە دیتی سوارەکە و کچەکەی بە ساغ و سەلامەتی گەڕانەوە، هەر وەخت بوو لە خۆشییان شێت ببێ. نەیزانی چۆن سوپاسی ئەو چاکە گەورەیەی سوارەکە بکا. فەرمانی دا یەکسەر زیافەتێکیان ساز دا. زۆر پیاوی گەورە و خانەدانی دراوسێیان بانگێشت کرد. لەسەر خواردن، پاشا هەستایەوە و گوتی:

– میوانە ئازیزەکان! ئەو کردەوە پاڵەوانانەی ئەمڕۆ ئەم شۆڕە سوارە دلێرە کردوویەتی، بە قسە دەرنابڕێ. هەموو خەزینە و گەنجینەی من بای ئەوە ناکا ئەو چاکەیەی بدەمەوە. بەڵام من کەوتوومەتە ناو ساڵان و تەنیا یەک کچی تاقانەم هەیە. هەموو ئاواتم ئەوەیە ئەم شۆڕە سوارە عەگیدە قبووڵ بکا لە جێی من دابنیشێ و زەماوەند لەگەڵ کچەم بکا کە خۆی رزگاری کردووە.

سوارەکە زۆر بە رێزەوە ئیکلامی کێشا و لە بەردەم پاشادا چەمایەوە و تەوازۆی خواستەوە لەبەر ئەوەی هێشتا منداڵە ناتوانێ ئەم پاداشتە گەورەیە قبووڵ بکا. پیاوێکە ئەزموونی نییە و تاقی کردنەوەی کەمە و گەشتێکی دوور و درێژی لەپێشە، بەڵام ئەگەر پاشا رازی بێ، برایەکەی خۆی لەم سەفەرە لەگەڵدایە، بەختەوەرە و شانازی پێوە دەکا، ئەو برایەی لە کۆشکی پاشا بگیرسێتەوە و ئەم پایەبەرزە وەربگرێ. پاشا گوتی:

– ئەگەر شتەکە تەواو بە دڵی منیش نەبێ، هەر باشە ئەگەر ئەوەی دەبێ بە میراتگری وڵاتەکەم، ئەم خوێنەی لە دەمارەکان دا بێ.

پاشا لە دوو برای سوارەکەی نارد و تاجی پاشایەتی و کچەکەی خۆی دەقەبەر کرد.

کە داب و دەستووری تاج لەسەر نان و زەماوەندی ژن گواستنەوە تەواو بوو، سوارەکە روخسەتی لە پاشا و شازادە خانم خواست بۆ ئەوەی بڕوا. هەندێ ئامۆژگاری پێویستیی براکەشی کرد، ئەویش بەڵێنی دا بە پێی ئامۆژگارییەکان هەڵس و کەوت بکا.

ئەوسا سوارەکە خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی و ملی رێی گرت و رۆیشت. گەیشتە وڵاتێکی تر. لەوێ، ئەسپەکەی وەستا و بە سوارەی سەر پشتی گوت زەماوەند لەگەڵ کچی پاشای ئەم وڵاتە بکا، چونکە ئەم کچە جوانترین کچی دونیایە و هیچ کەم و کورتی نییە.

کە گەیشتە ئەو شارەی کۆشکی پاشای تێدا بوو، سوارەکە هەمان دیمەنی دوو شارەکەی پێشووی دی: هەموو شتێ رەشپۆش بوو. پاشان پێ کەوت هۆی ئەم

ڕەشپۆشییە بۆ عەزیایەکی نۆ سەر دەگەڕێتەوە کە لە نزیک ئەو شارەیە و حەفتەی دەبێ گەنجێکی دەرخوارد بدەن و ڕۆژی پاشی نۆرەی کچی پاشایە.

سوارەکە گوتی: لەناو بردنی ئەم عەزیایە بە من گەیشت. ئێوە هەقتان نەبێ.

پاشایان لە هاتنی سوارەکە ئاگادار کردەوە. پاشا لە دووی نارد. سوارەکە هەموو بەسەرهاتی خۆی بۆ پاشا گێڕایەوە و هیوای دەربڕی کە دەتوانێ بەسەر ئەم دڕندەیەشدا زاڵ بێ.

سبەینێ، پێش ڕۆژهەڵات، شازادە خانمیان بردە کەنیسەیەکی بچووک. کچەکە چووە ژوورەوە و سوارەکە لەبەر دەرگا مایەوە. ڕابیتەی دەکرد و دەهات و دەچوو. ئاپۆرەی خەڵکەکەش نەختێ دوورتر وەستا بوون. عەزیاکە بە قیژە و زریکە و هات و هاوار هات و ویستی یەکسەر شازادەخانم بڕفێنێ و بیبا. سوارەکە لێی ڕاپەڕی و بە یەک زەبر شەش سەری پەڕاند. عەزیاکە زۆر تووڕە بوو. پڕی دایە سوارەکەو لە عەردی کوتا. سوارەکە تا پشدێن لە عەردی چووە خوارێ. بەڵام هەر زوو لەم نسکۆیە قیت بووەوە. عەزیاکە بەو سێ سەرەی مابووی، ئاگری بەسەردا کرد. سوارەکە نەیویست کێشمەکێشمی لەگەڵ بکا، بە تەڕدەستی زەبرێکی تری لێدا و هەر سێ سەرەکەی تریشی پەل دا. خەڵک لە هەموو لایەکەوە کردیانە هەرا و زەنا. ئافەرینیان لە شۆڕە سواری سەرکەوتوو کرد. پاشا گرتییە باوەش و ئەوەندە شادومان بوو نەیزانی چۆن چۆنی سوپاسی بکا.

ئاهەنگ سازدرا و زیافەت کرا. لەسەر خواردن، پاشا هەستایەوە گوتی:

– میوانە بەڕێز و خۆشەویستەکان، هیچ پاداشتێک شک نابەم بارتەقای ئەم کارە پاڵەوانانەی ئەم شۆڕە سوارەیە بێ. هەر ئەوەندەم لە دەست دێ، داوای لێ دەکەم لای من بمێنێتەوە. دەیکەم بە کوڕی خۆم و کچی خۆم و سەراپای وڵاتی پێشکەش دەکەم.

ئەمە پڕ بە پێستی سوارەکە بوو. چونکە شازادە خانم هیچ کەم و کورتی تێدا نەبوو. جوانترین کچ بوو تا ئەوسا چاوی پێ کەوتبێ. ئیتر ڕازی بوو لە لایان بمێنێتەوە. ئەوسا پاشا تاجی لەسەر سەری خۆی هەڵگرت و لەسەر سەری سوارەکەی دانا و ئاهەنگێکی زەماوەندی وایان سازدا تا ئەو کاتە کەس شتی وای نەدی بو و، تا ئێستا و لەمەودواش کەس شتی وا نابینێتەوە.

سوارەکە بە شادی و بەختەوەری لەگەڵ شازادەخانم ژیا. بەڵام شادی و بەختەوەرییەکەیان زۆری نەکێشا. جادووکەرێک هەبوو چووبووە پێش و داخوازی شازادە خانمی لە باوکی

کردبوو بەڵام دەستیان بە روویەوە نابوو. ئەو جادووکەرە دوو چاوی پیسی بڕیبووە شازادەخانم و هەر بە تەما بوو، بە هەر جۆرێ بێ، بیبا.

رۆژێکیان، شازادە خانم بە تاقی تەنێ لەناو حەوشە پیاسەی دەکرد. جادووکەرەکە خۆی گەیاندێ، تێی رووهات و رفاندی. لەناو کۆشکی پاشا چاوەڕێیان کرد. شازادەخانم لە پیاسە بێتەوە، بێ هوودە بوو! بانگیان کرد و بە دوای دا گەڕان هیچ نیشانە و دەوسی دیار نەبوو.

سوارەکە، بە پەست و نیگەرانی رووی کردە ئەسپەکە و باسی کەساسی و غەمگینی خۆی بۆ کرد. ئەسپەکە بۆی باس کرد شازادە خانم چی بەسەر هاتووە و گوتی:

– هێشتا هەموو شتێکمان بە تەواوی لە دەست نەچووە، کزە ئومێدێکمان ماوە. دەچینە تاقیبی شازادە خانم بەڵکو خوا بکا بیدۆزینەوە و رزگاری بکەین.

پاش ماوەیەک، سوارەکە نیازی خۆی لە پاشا گەیاند کە بڕیاری داوە، ئەگەر ژیانی خۆیشی لەسەر دانابێ، بچێ لە شازادە خانم بگەڕێ و بە هەر جۆرێ بێ بیدۆزێتەوە، چونکە بەبێ ئەو ناژی.

پاشای بەساڵا چوو، ویستی رێی نەدا، نەوەک ئەویشی وەکوو کچەکەی لە دەست بچێ، چونکە ئەگەر ئەویشی بچێ، لە دونیادا کەسی نامێنێ. بەڵام سوارەکە لە رای خۆی پاشگەز نەبووەوە. پێویستیی سەفەری ئامادەکرد و روخسەتی لە پاشا و دەست و پێوەندەکانی خواست. ئەوەبوو گرتیانە باوەش و دڵی خۆیان بۆ کردەوە. ئیتر کە زانیان دەڕوا، تێر و پڕ بۆی گریان.

ئەو حەلە سوارە جلەوی ئەسپەکەی گرت و پێی لە رکێبی ناو خۆی هەڵدایە سەر خانەی زین و بە پێی ئیلهام و سرووشی ناوەوەی خۆی، سەری هەڵگرت و کەوتە ناو ئەم دونیایە. ماوەیەکی زۆر بە کز و غەمباری، بە کڕ و بێدەنگی رۆیشت، بێ ئەوەی هیچ قوڵماتی لە دەم دەر بێ. دوای ماوەیەک ئەسپەکەی پێێ گوت:

– ئەگەر بە قسەی من بکەی، بەختەوەری لەدەست چووی جارانت بۆ دێتەوە و شازادە خانمی راکێشراوت بۆ دەگەڕێتەوە.

سوارەکە هەنسکێکی هەڵکێشا و گتی:

– ئاخ! هەر ئەوەندەم دەوێ بە زووترین کات بیدۆزمەوە و لەوە زیاترم ناوێ. بۆ ئەمەش ئامادەم قوربانی بە هەموو شتێ بدەم.

ئەسپەکە گوتی:

– باشه، ئەگەر چۆنی دەڵێی وا بێ، ئێستا گوێ لە من بگرە:
پاش کەمێکی تر، دەگەیتە مێرگێک تەنیا یەک دارکرۆسکی تێدایە. نیو قۆناغ بمێنێ بیگەیتێ، بۆن کرۆسکت بۆ دێ. نەکەی دەست لە یەک کرۆسک بدەی. ئەم درەختە، ژنێکی جادووکەرە خۆی کردۆتە دارکرۆسک. ئەگەر یەک تاکە کرۆسکی لێ تام بکەی، لەناوت دەبا. دوای ئەوە دەگەیتە دارسێوێک. نیو قۆناغ بمێنێ بیگەیتێ، بۆنی سێوت بۆ دێ. تامی مەکە! ئەمە ژنە جادووکەرێکی ترە خۆی کردۆتە ئەم دار سێوە. قەپ لە یەک سێو بگری، لەناوت دەبا. نەکەی ئەم میوە ژەهراوییە بخۆی! بۆ خۆت وا باشترە بەرگەی برسێتی بگری. دوای ئەمانە دەگەیتە کانیاوێک. هەرچەندە تینوو بیت ئاوی ئەو کانییە مەخۆرەوە. بە پێچەوانەوە شیرت هەڵکێشە کانییەکە تێک و پێک دە، چونکە ئەمە لە راستیدا کانی نییە، ژنە جادووکەرێکی هەرە گەورەیە خۆی کردۆتە کانی. ئەمە دایکی دوو جارەکەی ترە. ئەگەر چیم پێ گوتی وا بکەی، بە ئامانجی خۆت دەگەیت. ئەگەر نا هەرگیزا و هەرگیز بەختەوەری بە چاوی خۆت نابینی.

سوارەکە رۆیشت، گەیشتە مێرگێک تا چاو برِکا درێژ ببووەوە. بۆن کرۆسکێکی خۆشی بۆ هات. کە بەلای دار کرۆسکەکەدا تێپەڕی، ئەوەندە سووقی بووەوە، لیکی لە دەم هات، بەڵام لەسەر ئەسپەکەی دانەبەزی. دانی بە خۆیدا گرت و دەستی نەدایە هیچ کرۆسکێک.

لەوێ تێپەڕی و رۆیشت. بۆنێکی لە بۆنی کرۆسک خۆشتری بۆ هات. بە تەواوی ئیشتیای بزووت بەری ئەو دارە بخوا، چونکە زۆر برسی بوو، هیچ میوەی وا جوانیشی نەدی بوو. مەراق و برسێتی زۆری بۆ هێنا، خەریک بوو سێوێک لێ بکاتەوە، بەڵام ئامۆژگاری ئەسپەکەی بیرکەوتەوە. جلەوی هەوەس و ئارەزووی خۆی گرت و لە درەختەکە تێپەڕی. ئەسپەکە پێی گوت:
– بەڵێ... زۆرم را لێتە! دەبێ ئاوها بەرگەی دوا ئارەزووش بگری. ئەوسا هەموو شتێ بە ئاسایی دەڕوا.

ئەوەی ما بوو زۆر سەخت و ناخۆش بوو بۆ سوارەکە! سوارەکە ماوەیەک رۆیشت. تینوێتی زۆری بۆ هێنا، کورکە کورکی بوو، دەیگوت هەنکە نا هەنکە لە تینوان دەمرم!

کە گەیشتە سەر کانییەکە، دابەزی و هەر رایکرد بۆ ئەوەی ئاوی کانییەکە بخواتەوە. ئەسپەکە دەرپەڕی و هەڵات و بەجێی هێشت. کە سوارەکە ئەمەی دی، هاتەوە هۆش

خۆی و بانگی ئەسپەکەی کرد. ئەسپەکە گەڕایەوە و سەرزەنشتی کرد بۆچی بە گوێی نەکرد و کانییەکەی بە شمشێرێک تێک و پێک نەدا.

سوارەکە، سواری ئەسپەکەی بووە و بە غەمباری کەوتە ڕێ. نەختێ ڕۆیشت، چاوی بەو ناوەدا گێڕا. نە کانی لێ بوو و نە دارسێو و نە دار کرۆسک. هەموو ببوون بە ژنی جادووکەر. ئەو ژنە جادووکەرانە راوی سوارەکە و ئەسپەکەیان نا. لە دواوە بە چرپە چرپ دەیانگوت:

– ئێمە ژنە جادووکەری گەورەین، بەڵام ئەم سوارە لە ئێمەش بەوەجترە.

ژنە جادووکەرەکان بزر بوون. سوارەکە سوپاسی ئەسپەکەی کرد کە لەم مەترسییە گەورەیە چەپاڵەی دا. بەڵێنی پێدا لەوە بەدواوە باشتر گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگرێ و بە قسەی بکا.

سوارەکە ڕۆیشت گەیشتە مێرگێکی هەرا و بێشەیەکی پڕمیوەی کیوی. کانیاوێکی ڕوونی لێ هەڵدەقوڵا و ئاوێکی وەک زەنگوڵی لەبەر دەڕۆیشت. بەو ئاوو میوەیە بووژایەوە و کەوتەوە ڕێ. ئەو دەشت و دۆڵە قووڵەی دەیبڕی. شوێنەکە ئەوەندە چۆڵ وهۆڵ بوو ترسی دەخستە دڵەوە. ڕۆیشت تا گەیشتە چیایەکی بەرز و سەرکەش. سەیری دەورو بەری خۆی کرد. تەماشای ئەم لاو ئەو لای کرد. بەئاستەم ترۆپکی چیاکەی لێ دیار بوو، کۆشکێکی بەرزی لەسەر بوو. سوارەکە لە دڵی خۆیدا گوتی:

– دەبێ پیاو بتوانێ بێ ترس بگاتە ئەو کۆشکەی سەر ئەم چیایە؟ دەبێ ژنی جادووکەری تێدا نەبێ؟ بە هەرحاڵ، من شیری خۆمم پێیە، کەس خۆی پێ لەبەر راناگیری. مادام وایە هەوڵێک دەدەم و خۆم تاقی دەکەمەوە. سوارەکە چاوی گێڕا تەولەڕێیەکی دۆزییەوە دەچووە بەردەم کۆشکەکە. کە گەیشتە ئەوێ، زۆری پێ سەیر بوو کە دونیایەکی کش و مات بوو. کەس نەهاتە پێشوازی. ئەسپەکە یەکسەر رووی کردە تەویلە. سوارەکە چاوی بە کۆشکەکەدا گێڕا. پلیکانەیەکی دۆزییەوە. بە پلیکانەکەدا سەرکەوت. دەرگای یەکەم و دووەم و سێیەمی کردەوە، هەموو کون و قوژبنێک کپ و بێ دەنگ بوو. دەرگا لە دوای دەرگا کردییەوە تا گەیشتە دەرگای یازدەمین تووشی هیچ بنیادەمێک نەهات. بیری کردەوە گوتی: بێ شک ئەم کۆشکە ژنی جادووکەری تێدا دەژی. ئاخیری پیرەمێردێکی ردێن سپی دی. پیرەمێردەکە زۆر بە روویەکی خۆش و بە شێوەیەکی دۆستانە بەخێری هێنا و گوتی:

– ئاخ، برادەر! چەند بەختەوەرم بە بینینت! چەندم پێ خۆشە بمرم و یەکێکم

لەسەرینگانی بێ.
ئیجا پرسیاری لە سوارەکە کرد لە کوێوە هاتووە و عەودالّی چییە؟
سوارەکە بە دوور و درێژی بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە و هۆی گەڕانی خۆی بە دونیادا بۆ باس کرد.
پیرمێرد گوتی:
– تۆ خۆڕا بە دوای شازادە خانمدا دەگەڕێی. هەوڵ و هیوات بۆ دۆزینەوە و بەسەراگرتنەوەی بەتالّە. بەلاش خۆت ماندوو مەکە! ژنەکەت لە شوێنێکی وایە بە تۆ رزگار ناکرێ. بە گوێی من دەکەی لای من بمێنەوە. ژیانێکی ئارام و بێ وەی دەژی و ئەم کۆشکە دەبی بە هی خۆت. من هەردەم چاوەڕێی پیاوێکی خاسی وەکو تۆم دەکرد بۆ ئەوەی هەموو ماڵ و سامان و خەزێنەی خۆمی دەقەبەر بکەم.
سوارەکە گوتی:
– چۆلاتی!! تەنیایی!! من بەرگەی شتی وا ناگرم. لێرە بە تاقی تەنێ بژیم و بمرم. من دەمەوێ لەناو خەڵک بژیم. نامەوێ دەستبەرداری ئامانجی خۆم بم. تا هێزو تاقەتم تێدا مابێ لە دوای ژنەکەم دەگەڕێم. ئەگەر بیدۆزمەوە بەختەوەر دەبم و ئەگەر نا باکم پێ نییە، هەرچی دەبێ با ببێ. ئەگەر دەتەوێ چاکەم لەگەڵ بکەی پێویستیی سەفەرم بۆ دابین بکە بۆ ئەوەی لە سەفەری خۆم بەردەوام بم و بە زووترین کات بگەمە جێ. بگەمە ئەو شوێنەی ژنەکەمی لێ دەستبەسەر کراوە.
پیرەمێرد گوتی:
–مادام ورەت ئاوها بەرز و ویستت ئاوها پتەوە، یەکەم جار پێت دەڵێم چۆن بە شێوەیەکی غەمبار کۆتایی بە ژیانت دێ:
دەڕۆی دەگەیتە دۆڵێک، دۆڵەکە دەبڕی دەگەیتە مێرگێکی خۆش تەنیا ماری تێدایە و مارێکی زۆر. دوو ماری هەرە گەورە پەلامارت دەدەن و ئەوانی دی دوور بە دووری تەماشا دەکەن. مەترسە! لە رۆیشتن بەردەوام بە و سەری دوو مارەکە پەل دە. خۆت و ئەسپەکەت بە دۆنی مارەکان چەور بکە. بەش بە حاڵی مارەکانی تریش، تەنیا شیریان پێ دابێنە ئەوسا دەبینی چ دەقەومێ. کە لەو مێرگە تێپەڕیت دەگەیتە دۆڵێک. دۆڵەکە ببڕە دەگەیتە زنجیرە چیایەک. لەوێ تووشی هیچ نابیت و هیچت بەسەر نایێ. ئاخیری دەگەیتە کەرتە چیایەک. لەوێ بوەستە و هەوڵ بدە بچیتە ناوی، چونکە ژنەکەت لەناو ئەو کەرتە چیا شاردراوەتەوە. بەڵام دەبێ بزانی تۆ لەوێ دەمری و کۆتایی بە ژیانت

دێ! ئێستا… منیش دەمرم، بەڵام زۆرم پێ خۆشە کە بە ئارامی دەمرم، چونکە هیچ هیوام نەماوە و لە مەودواش هیچ بنیادەمێک نابینم.

کە پیرەمێردەکە لە قسەکانی بووەوە، گیانی دەرچوو. سوارەکە جەنازەکەی هەڵگرت و بردی لە ناوەندی هۆڵی گەورە داینا و مومی بۆ داگیرساند و شمشیرێکی لە تەک جەنازەکە درێژ کرد. کە ئەمانەی کرد و تەواو بوو، هاتە خوارەوە بۆ لای ئەسپەکەی. چییان پێ گوتبوو بۆ ئەسپەکەی گێڕایەوە و بۆیشی باس کرد لەوێ چی کرد و چی نەکرد.

ملی رێی گرت و رۆیشت. هەروەکوو پیرەمێردەکە گوتبووی گەیشتە دۆڵێکی قووڵ و ئینجا گەیشتە مێرگێکی خۆش. کت و پڕ دوو ماری گەورە هێرشیان بۆ هێنا. شمشێری هەڵکێشا هەردوو مارەکەی کوشت. خۆی و ئەسپەکەی بە دۆنی مارەکان چەور کرد. کە ئەمەی کرد، مارەکان بوون بە دوو شازادە و هاواریان کرد:

– ژی شۆڕە سواری سەروەری دونیا.

سوارەکە بەخۆ و بە شازادەکان رۆیشتن. لە هەموو لایەکەوە مار هێرشیان بۆ هێنان. سوارەکە دەگەیشتە هەر مارێک شمشیرێکی پێدا دەهێنا و مارەکە دەبوو بە بنیادەم. بەم جۆرە، سەراپای ئەم وڵاتە جادووبەندە ژیانی هاتەوە بەر. دوو شازادەکە و دەست و پێوەندەکانیان پێش حەشیمەتەکە کەوتن. ئەو دوو شازادەیە بەخۆ و بە هەموو دەستە و دایەرە و رەعیەتەوە خۆیان خستە ژێر فەرمانی سوارەکە و سوێندیان خوارد بە درێژایی ژیان دڵسۆز و وەفادار و گوێڕایەڵی بن.

ئاخیری سوارەکە لە دۆڵی دووەم تێپەڕی و گەیشتە ئەو کەرتە شاخەی ژنەکەی تێدا دەستبەسەر بوو. ماوەیەکی زۆر لە کەرتە شاخەکە وردبووەوە. بە وردی هەموو لایەکی پشکنی. کە دیتی زەحمەت و ئەستەمە بچێتە ناوی، دڵی پڕ خەم بوو. زۆر چاوەڕێی کرد بەڵکو ژنەکەی لە کونێکەوە یان لە درزێکەوە ببینێ بەڵام سوودی نەبوو. ئێوارە داهات و هیچ رووی نەدا. ئەوسا، ئەسپەکە پێی گوت:

– ئەم شەو لە دیار ئەم کەرتە شاخە دەبەینە سەر. کە شەو راشکا من دەچمە چۆڵەوانی و لغاوەکەم لای تۆ جێ دێڵم. ئەگەر پێویستت بە من بوو، لغاوەکەم راهەژێنە یەکسەر دەگەمە لات. ئێستا برۆ بۆ خۆت بخەوە!

بەڵام وریا بە بزانە چ خەونێک دەبینی. خەون دەبینی کە دوو باڵت لە سەر پشت رواوە. کە لە خەو هەستای توند باڵەکان بگرە و بڵێ: دەمەوێ ببم بە مێش و دووباڵم

هەبێ. یەکسەر دەبی بە مێش و دەفڕی بۆ سەر ترۆپکی ئەم کەرتە شاخە. کونێکی بچووکی تێدا دەبینی. بەناو ئەو کونەدا برۆ دەگەیتە ژووری یەکەم... هەر بەم جۆرە دەگەیتە ژووری دووەم... بەڵام زۆر وریای خۆت بە.

ئەسپەکە چی گوت، هەموو شتێ بەو جۆرە رابرد. ئەسپەکە چووە چۆڵەوانی و سوارەکە نووست. بەیانی زوو لە خەو هەستا. خەونی شەوی بیرکەوتەوە. هەستی کرد دوو باڵی پێوە هاتووە. توند باڵەکانی گرت و گوتی:

دەمەوێ ببم بە مێش و دوو باڵم هەبێ. دەم و دەست خۆزگەکەی هاتە دی. فڕی چووە سەر ترۆپکی کەرتە شاخەکە. بە کونەکەدا چوو و گەیشتە دەرگاکە، .لە کونی قوفڵێ دەرگاکە چووە ژوورەوە. زۆر ژنی جادووکەری بینی. بە گزە گز رووی کردە دەرگای دووەم و بە کونی قوفڵی دەرگاکەدا رۆیشت. بەڵام ژنە جادووکەرەکان کە گوێیان لە گزە گزی بوو، قیژاندیان:

- بەراستی ئێمە ژنە جادووکەری گەورەین، بەڵام ئەم شۆڕە سوارە دەسەڵاتی جادووی لە ئێمەش زیاتر و بەهێزترە. دەنگی گزە گزێک دێ، بەڵام ئەم گزە گزە نابێ گزە گزی مێش بێ، چونکە تا ئێستا هیچ دەنگێک لێرە نەهاتووە. خوشکینە، ئەمە نیشانەی شوومییە دەبێ لێرە بڕۆین هەتا بەڵایەکمان بەسەر نەهاتووە.

هەموو بە یەکجار هەستان و هەڵاتن. بەڵام سوارەکە کە چووە ناو ژووری دووەم، لەوێ بووەوە بە بنیادەم و خۆی لەبەردەم ژنەکەی دا بینی. ژنەکەی کۆرپەیەکی ساوای لە باوەش بوو. کاتێ کە ژنە چاوی بە سوارەی مێردی کەوت، شڵەژا و پەشۆکا، بروای بە چاوی خۆی نەکرد. هەردووکیان لە خۆشییان پەڕ و باڵیان دەرکرد. هەر وەخت بوو شێت ببن! بە شادی یەکتریان گرتە باوەش و تێر یەکتریان ماچ کرد.

ئینجا ژنەکە، لە رۆژی راکێشانی تا ئەو لەحزەیە، چی بەسەرهاتبوو هەمووی بۆ مێردی گێڕایەوە و لێی پرسی چۆن گەیشتە ئەو شوێنە چونکە کەس ناتوانێ بگاتە ئەوێ. سوارەکەش لەم گەشتە دوور و درێژەیا چی بەسەرهاتبوو هەمووی بۆ ژنەکەی گێڕایەوە.

کە سوارەکە لە قسەکەی بووەوە، ژنەکە گوتی:

- زۆر باشە... بەڵام ئێستا تۆ مەترسییەکی گەورەت لەپێشە. کابرای جادووکەر بێتەوە لەناوت دەبا.

سوارەکە دڵی دایەوە و گوتی:

– باشە، دەردەکەوێ داخۆ من و ئەو کامەمان بەهێزترین. گرنگ ئەوەیە من تۆم دۆزییەوە. خەمی ئەوەت نەبێ چۆن رزگارت دەکەم.
ئەمە بە قسە خۆش بوو، بەڵام بە کردەوە زەحمەت بوو. سوارەکە دەیتوانی بفڕێ و لەو تەنگانەیە رزگاری بێ، بەڵام دەرهێنانی ژن و منداڵەکەی بە ساغ و سەلامەتی وای دەویست پلیکانەیەک بە قەدی کەرتە شاخەکەدا بتاشێ. بێ دوو دڵی دەستی بە ئیش کرد. لە کاتی داتاشینی پلیکانەدا، کچێکی بینی لە فرمێسک نقووم ببوو. کچە نووزایەوە. گوتی هەتیوم و داوای لێکرد بەڵکو بە کارەکەری رایبگرێ.
سوارەکە بە ژنەکەی گوت و داوای لێکرد بە کارەکەری قبووڵی بکا بۆ ئەوەی منداڵەکەی بۆ بەخێو بکا. ژنەکە گوتی:
– لەوانەیە من پێویستم پێ بێ، بەڵام من وا پێت دەڵێم ئەمە جادووکەرە، دوور نییە لەناوت ببا، برۆ هەنجن بە هەنجنی بکە.
بەڵام سوارەکە بە قسەی ژنەکەی نەکرد. هاتە خوارێ و کچەکەی بۆ ژنەکەی برد. ژنەکەی پێی خۆش نەبوو. مێردەکەی وریا کردەوە: دەبێ ئاگاداری خۆی بێ نەوەک بەڵایەکی بەسەر دێ.
سوارەکە هیچ گوێی بەم ئاگادار کردنەوەیە نەدا. ملی لەبەر ئیشەکەی خۆی نا بەو هیوایەی هەموویان بتوانن بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان، بەڵام ئیش بە پێچەوانەوە رۆیشت. سوارەکە بە شەکەتی و داهێزراوی لەسەر ئیش هاتەوە. راکشا و خەوێکی قووڵی لێ کەوت. بومەلەرزە لێی بدایە بە ئاگا نەدەهات. شەوێکی ئەنگوستە چاو بوو. ژن و منداڵەکەی نووستبوون. تەنیا کچەکە بەخەبەر بوو. ئەویش کە دیتی هەموو نووستوون، بەبێ هەست و خوست خۆی گەیاندە پێخەفی سوارەکە و بە زانایی شمشیرەکەی لەپشت کردەوە. سوارەکە یەکسەر بوو بە بەردێکی کەڕ. کچە، کاتێ لەم فێڵە جادوویيە بووەوە، بە پەلە پرووزێ چووە دەرەوە. دەستە خوشکەکانی دەوریان دا و جادووکەرەکانی تر لە دەوری کردیانە سەما و هەلهەلە. ژنە جادووکەرە هەرە بە ساڵاچووەکەیان گوتی:
– راستە، تا ئاغامان دێتەوە، هەر چیمان بوێ دەتوانین لەو ژنەی ناو ئەم کەرتە شاخەی داوا بکەین، بەڵام دەبێ لەپێشا شۆڕشێ بەرپا بکەین... دەی هەمووتان شوێنم کەون.
هەرە بچووکەکەیان گوتی:
– نەختێ بوەستن! ئەی چ لەم شمشیرە بکەین کە هێناومە؟ وا چاکە لە جێگایەکی وا بشارینەوە کەس پەی پێ نەبا لە کوێیە!

قسەکەیان پێ ماقوڵ بوو، ڕێک کەوتن شیرەکە فڕێ بدەنە ناو دەریا، بۆ ئەوەی هەتا هەتایە لەبەر چاوی بنیادەم بزر ببێ. چوون شمشیرەکەیان تووڕ هەڵدایە ناو دەریا و گەڕانەوە ناو کەرتە شاخەکە، ئیتر سوارەکە مرد کە ئەم هەموو ولاتانە داگیر کرد.
با بێینەوە لای دوو برا گەورەکەی سوارەکە:

ئەم دوو برایە برای خۆیان لەبیر نەکردبوو. برای گەورە هەر ناو بەناو گوێی بە عەردییەوە دەنا بۆ ئەوەی بزانێ براکەی لەکوێیە؟ و خەبەری چییە؟ نەوەک شتێکی خراپی بەسەر هاتبێ.

ئەم جارە دیسان گوێی راگرت و تەماشای کرد. خەمێکی قووڵ دایگرت، چونکە زانی براکەی کوژراوە و وەکوو بەردی کەڕ لەناو کەرتە شاخێک راکشاوە. زانیشی کێ کوشتوویەتی؟ و چۆن کوشتوویەتی؟ و شمشیرەکەی کەوتۆتە کوێ؟ یەکسەر ژنەکەی و هەموو خانەدانەکانی ئاگادار کردەوە و ئەمری دا خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بچن براکەی رزگار بکەن.

لەگەڵ گزنگی بەیانی، هەموو سوار بوون. جلەویان بەردا و وەکوو (با) تێیان تەقاند رۆیشتن. لە رێگادا، برای گەورە بیری کەوتەوە بەبێ یارمەتی برای ناوەنجی هیچی پێ ناکرێ، چونکە لەو بەدەر کەس ناتوانێ بگاتە بنی دەریا و نەشخنکێ. یەکسەر جلەوی وەرسووڕاند و چووە لای براکەی. براکەی بەم خەبەرە ناخۆشە زۆر تێک چوو. بێ ئەوەی یەک چرکە خۆی تاخیر بکا سواری ئەسپ بو و بە گەڵ برای کەوت.

گەیشتنە سەر ئەو دەریایەی شمشیرەکەی تێدا بوو. شمشیرەکە ئەوەندە خوێنی شەڕ و شۆڕەکانی پێشووی لێ چۆڕابووەوە، دەریای هەموو سوور کردبوو. برای ناوەنجی خۆی کۆکردەوە و ملی بە شەپۆلی دەریاوە نا. ئاوی دەریا لەبەر دەمیا شەقی برد. گەیشتە بنی دەریا. ماوەیەکی زۆر بەدوای شمشیرەکەدا گەڕا، سوودی نەبوو چونکە نەیدەزانی دەقا و دەق فڕێ دراوەتە کوێ؟ لەپڕ بریسکەی شمشیرەکەی لێ دەرکەوت. خۆی گەیاندێ و پڕی دایە و هێنایەوە سەر کەناری دەریا. لە خۆشییان هەموو کردیانە هاوار و پێکەنین.
برای گەورە گوتی:
– ئێستا با بچین براکەمان بدۆزینەوە.

چوون گەیشتنە کەرتە شاخەکە. دوو براکە بەسەر کەرتە شاخەکە کەوتن و خانەدانەکانیش کەوتنە شوێنیان. وردە وردە گەیشتنە سەر ترۆپکی کەرتە شاخەکە

و لەبەر دەرگاکە وەستان. تەگبیریان کرد چ بکەن بۆ ئەوەی ژنە جادووکەرەکان لە دەستیان رانەکەن. بێ گومان دەیانزانی چ بووە و چ دەبێ. لەپڕ پەلاماری ژوورەوەیان دا و هەموو جادووکەرەکانیان کوشت. ئینجا چوونە ژووری دووەم، دیتیان براکەیان بووە بە بەردێکی کەڕ و ژنەکەی لە تەنیشتی دانیشتووە.

ئای لەو ژنە سەر شین و بەخت رەشە!! کە دیتی ئەمانە بە ژووردا وەربوون چۆن شاگەشکە بوو، بەتایبەتی کە زانی هاتوون مێردەکەی رزگار بکەن.

برای ناوەنجی شمشیرەکەی لەپشتی سوارەی برای بەست کە ببوو بە بەرد. برای پژمی و بە خەبەر هات. دەتگوت لە خەوێکی ناخۆش هەڵستاوە، گوتی:

– ئای، چەند زۆر نووستم!!

دوو براکەی گوتیان:

– بەڵێ زۆر نوستی و ئەگەر ئێمە نەهاتباین هەتا هەتایە هەر دەنووستی.

سوارەکە باوەشی بە هەردوو براکەی دا کرد و سوپاسی کردن کە لە بیریان نەکردووە. ئینجا لغاوی ئەسپەکەی راهەژاند. ئەسپەکەش ببوو بە بەرد، لەگەڵ راهەژاندنی لغاوەکە زیندوو بووەوە. بە یەک غار هات و لەبەردەم کەرتە شاخەکە وەستا و کە چاوی بە ئاغاکەی کەوت لە خۆشییان حیلاندی و قەڵەمبازێکی هاویشت. سوارەکە بەخۆ و بە ژن و منداڵەکەی بە سێ پشتەکی سواری ئەسپەکە بوون. دوو براکەشی لەگەڵ خانەدانەکان سواری ئەسپی خۆیان بوون و کە هات بەرێ بکەون و بڕۆن، جادووکەرەکە بە غار هات، وەکو هەورە تریشقە دەیگرماند:

– ئەوە کوو وێران بێنە وڵاتی من؟ ئەوە بۆ کوێ دەڕۆن؟ ژنەکەش!!؟

لە سواری ئەسپ خۆی فڕێ دایە خوارێ و سوارەکە وەڵامی دایەوە.

– راوەستە! هەر ئێستا نیشانت دەدەم!

شمشیری هەڵکێشا و بە یەک زەبر سەری جادووکەرەکەی پەل دا. هەموو بەبێ هیچ گیر و گرفت گەڕانەوە کۆشکی خۆیان.

زیافەتێکی گەورەیان سازدا. باوکی سێ کوڕەکەش هات و بەشداری ئەو خۆشییەی کرد. زۆر خۆی بە کوڕەکانی رادەنا و شانازی پێ دەکردن. جگە لە باوکی کوڕەکان، هەموو پاشا و شازادە و شۆڕەسواری دونیاش ئامادەبوون.

هەموو لە چاوی شۆڕەسوارەکە خواردیانەوە و چوونە ژێر فەرمانی. ئەویش سوێندی خوارد بە دادپەروەری و یەکسانی فەرمانڕەواییان بکا. بەراستی شۆڕە سوارەکە، ئەو

**سواره لێوەشاوەیە بوو کە هەموو دونیای داگیر کرد و بە دادپەروەریی فەرمانڕەوایی هەموو دونیای کرد.**

**هەموو خەڵکەکەش، هەتا هەتایە دڵسۆز و گوێڕایەڵی بوون.**

* * *

**تەواو**

**وەرگێڕ**

**عەزیز گەردی**

**بەحرکە ٢٠٠٨**